رۆمان

# مەرگی بێکۆتا

رزگار کەریم

2002 ز



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ناوی کتێب : مەرگی بێکۆتا .

نووسەر : رزگار کەریم .

ساڵی چاپ ( 2002 ) ز .

هێڵکاری: رەجا محەمەد



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# بەشی یەکەم



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## (1)

مـیرزا سـلێمان بـەیانی زوو وەك عـادەتی لـەماڵ چـووە دەرەوە پـاش ئـەوەی نوێـژی بـەیانی لەمزگـەوتی پاشـا كـرد ... تـازە تارمـایی شـەو دەڕەوییـەوەو سـپێدەی بەرەبـەیانیش بـە هێواشـی بـاڵی دەكێـشا بەسـەر هەڵەبجـەدا و خـەڵكی گونـدە نزیكـەكانی دەوری شـار بەسـواری وڵاخ و بەپیادە بەماست و دۆ و بەروبومەوە بەرەوشار لەدامێن و قەراخی شارەوە دەهاتن ، هەریەك كۆڵ و باری خۆی قایم كردبوو و تاك و تەرا ڕێچكەیان بەستبوو...

جموجوڵ هێدی هێدی خەریك بوو ڕووی دەكردەوە جەستەی شار و هێمنـی و ئاسایـشی ئەوشـارەی كـەوەك دوورگەیـەكی بـەرز و بـاڵاوابوو لەناوجەرگەی پانتاییەكی بەرفراوانی بێشوماردا دەخستەوە گەڕ ...

میرزا سلێمان چوست و چالاك دەردەكەوت و، بەتێپەڕبوونی ساڵانی پـڕ لەمەینـەتی ژیـانی و كامـڵ بـوونی پەرێـشان و شـەكەت نـەبووبوو ، هەرلەهەرەتی لاویدا لەگوندەكانی شارباژێڕەوە ڕووی كردبووە هەڵەبجە و سـەرەتا خـەریكی بازرگـانی چـابووبوو لەسـەر سـنوورەكان و ، لەڕێگـەی ئامـشۆو رەوتـی و مانـەوەی لەیـەكێك لەگوندەكانـدا خانـەوادەی سـۆفی سـاڵحی ناسـیبوو ، ئـەوانیش زۆر خۆشـحاڵ بووبـوون بەڕەوشـتی ئـەم پیـاوەو، بێئـەوەی ئەسـڵ و فەسـڵی بخوێننـەوە خوالێخۆشـبووی بـاوكی سـۆفی فـاتمی كـچی خـۆی لێمـارەكردبوو ، لەومێـژە بـەدواوە مـیرزا لەهەڵەبجـە جـێگیر بووبـوو ... بـەڵام نەهامـەتی هـاتبوو بەسـەر بازرگانیەكەیدا و تووشی گیروگرفت بووبوو ، ناچار لەگەڵ هاوڕێیەكیدا چایخانەیەكیان دانابوو ...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

میرزا کاریگەرییەکی زۆری هەبوو لەسەر خانەوادەی سۆفیساڵح و دوای مردنی خەزووری ئەوانیشی لە گوندی سازانەوە هێنابووە هەڵەبجە و ئیدی تاماوەیەك هەموویان لەنزیکدا ژیانیان بردبووە سەر تاوەکو سۆفی لەیەکێك لە قوتابخانەکاندا بەفەراش دامەزرا بوو" ئەوسا ماڵیان جیا کردبوویەوە ...

میرزا وەك کەسێکی بێ نەواو داماو وابوو ، بەتەنها خۆی بوو ، هیچ خێزان و تیرە و هۆزێکی وای نەبوو بەرچاوبێت " لەو دەڤەرەی هەمیشە شانازی کردن بە هۆز و تیرەوە سیمایەکی بەرچاوی نێو کۆڕو دانیشتنەکان بوو " میرزا بەپێچەوانەی خەڵکی ناوچەکەوە ڕووت وقووت لەهەموو نەسەب و ناوداریيەك ، دەت ووت لەکونە دیوارهاتوەتە دەرەوە ، بەلاّم ئەم حاڵ و بارە هیچ کارێکی وایان نەکردبووە سەر خەڵکی دەوری میرزا ، بەڵکو زۆر بەسۆز و بەزەیی بوون بۆ میرزا سلێمان و وەك ڕۆڵەیەکی تیرە و هۆزەکەی خۆیان مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرد و، هەرگیز هەستی بەغەریبی نەدەکرد " بگرە سۆز و میهرەبانی دەوروبەرەکەی وای ل‌ێکردبوو سەرجەم ناسۆرییەکانی ژیانی لەبیربچێتەوە و بکەوێت بەسەر ناز و نیعمەت و شکۆدارییەکدا کەبەهیچ کلۆجێك هەستی پ‌ێنەکردووە لەشارباژێڕدا ...

هێمنی بارودۆخەکە و لەباری ژیانی لەنێو کۆمەڵگەدا وایان لەمیرزا کردبوو خۆشحاڵ بێت بەو ژیانەی خۆی و، لەگەڵ فاتمی خێزانی دا لانەی هاوسەرێتیان پێکەوە بنێن و دەست لەملانی ژیانێکی ئاسودە و مانادارببن ...

میرزا سلێمان سێ منداڵی هەبوو ، ئەرسەلان و ئامینە و نازدار ... ئەرسەلان کوڕە گەورەی بوو، دواتر ئامینەو نازداربووبوون " فاتمی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

خێزانیشی هێشتا تازە جۆشی ژنێتی بوو بۆ ئەوەی منداڵی دیکە بخەنەوە، میرزاش خۆی حەزی لەمنداڵ بوو وەك فاتمی خێزانی دەیگووت:

ـ میرزا خۆی سەری لێی دەخورێ ...!

ئەو بەیانیەش وەك بەیانیەکانی دیکە لەماڵ هاتە دەرەوە و بەرەو چایخانەکەی کەوتە ڕێ ، لەناخەوە هەستی بەخۆشی دەکردو داهاتوو جاربەجارێك دەرگاکانیان لێدەخستە سەر پشت و ، خەونی ئەرخەوانی جوانیان دەهێنایە سەر ئاوێنەی بیری ... زۆرێك لەو ئاواتانەی هەی بوو بەبەرچاوەوەبوون و خەریك بوو وەك گوڵێ دەپشکوا گەش دەبوون ... ئەرسەلان و ئامینە گەورەبوون و هەریەك لەم دووجگەر گۆشەیە کۆڵەکە و پایەیەکی بەرزی ژیانی میرزا بوون ، هەر کاتێکش بەبالأیاندا دەیڕوانی وا هەستی دەکرد هەموو دنیا موڵکی ئەوە و خوای گەورە خەلأتێکی زۆر مەزنی کردووە ...

لەبیری خۆیدا بەبەژن و بالأی هەریەك لەمنداڵەکانیدا دەڕوانی و وایدەبینی پاش ماوەیەکی دی ژن بۆ ئەرسەلان دەهێنێ و ئامینەش دەدات بەشوو و دەیسپێرێت بەماڵ و مێردی خۆی و ، دەمێنێتەوە نازدار، ئیتر خۆی و فاتمیش سەر لەنوێ وەك جاران یان لێدێتەوە و " خۆ هێشتا هەردووکیان بەبەریانەوە ماوە و توانای ئەوەیان هەیە وەچەبخەنەوە ...

میرزا تاساوی دەستی ئەم خەیالأنەبوو بەکۆلأنەکەدا تێدەپەڕی و لەناکاو یەکێك لەدواوە بانگیکرد:

ـ میرزا سلێمان ... میرزا ...

ئاوڕیدایەوە تەماشای کرد ڕەحمانی مینەکۆڵە ، پاش ئەوەی ڕەحمان مەرحەبای کرد ، بەچرپەو وەك ئەوەی چاودێرێ بەسەریانەوە بێت و گوێیان لێبگرێت وتی :



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ـ میرزا دنیا شڵەقاوە...!

ـ چی بووە ؟

ـ ئەی نەت زانیوە ؟

ـ نەوەڵڵا ... چی بووە ؟

ـ لەسلێمانی وەزعەکە شڵەقاوە و دەڵێن زەعیم سدیق قەتڵ وعامی خەڵکی کردووە و سوێندی خواردووە بۆ کودەتاچیەکان کورد لە ناوبەرێت... !!

ـ ئەی هاوار بەماڵم ... خەڵکی داماوچی یان کردووە ...؟!! بۆچی !!

ـ دەڵێن (منع التجول) بووە و خەڵکێکی زۆر دەستگیرکراون و لەحامیەی سلێمانی گولله بارانی کردوون و بەڕێوەن بۆ هەڵەبجەش ...

ـ ئەی هەڵوێستی پێشمەرگەی کوردستان چی بووە ؟

ـ پێشمەرگە لەسەنگەرەکاندا خۆیان قایم کردووە و دەنگیئەوەش هەیە کەهێزێکی زۆر بەرێوەیە ...

ـ بەخوا ئەم بەعسیانە خائین و ناپاکن ... سێمانگە گفتوگۆدەکەن ، تومەس خۆیان بەهێز دەکرد بۆمان ...!

ـ بەوخوایە میرزا ئەو خوێن رێژە بێت ئەوا هەمووومان سەردەبڕێت ...

ـ خوا کەریمە ... ڕەحمان ... خوا کەریمە ...

بەدەم ئەم قسانەوە گەیشتنە بەردوکانەکانی قەیسەریەکەی ناوبازاڕ و خواحافیزیان لەیەك کرد ، ئنجا میرزا خەیاڵ بردیەوە و بەدەم خەیاڵەوە دەستیدایە دەرابەی دوکانەکەی و کردیەوە ... تازە خەڵکی کرێکار و جوتیار دەهاتن و دەچوون ... میرزا وەجاخەکەی گەشاندەوە و لەناخەوە هەستی دەکرد بەنائارامی وشڵەقانی بارەکە ، خوازیاربوو کوردستان ئارام بێت و ژیانێکی خۆش بگوزەرێنێت ، دوور لەکوشتار و بڕین و دەربەدەری، بەلاّم ئاسۆی ژیانی کورد تا دەهات



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لێــــڵ و تاریــــك دەبــــوو ، خــــەڵکی هــــیچ بــــاش بونێکیــــان بــــۆ فەراهــــەم نــــەدەهات لــــە بــــارودۆخی ژیانیــــان و ، زوڵــــم و ستەم زیاتر دەبوو ، ئومێدی میللەت ڕۆژ بەڕۆژ زیادی دەکرد بەهێزی پێشمەرگەو سەرکردایەتی شۆڕش ، لێرەولەوێ چالاکی پێشمەرگە دەبیستراو بەرگوێدەکەوت لەبەرانبەر هێزە حکومیەکان و، ئەوجاشانەی چارەنووسی خۆیانیان لەگەڵدا گرێدابوو، پێشمەرگەش وەك قەلاًیەکی پتەو وابوون و قارەمانێتیان ناوبانگی دەرکردبوو و ڕۆژ بەڕۆژ ئەستێرەی ناوداری یان گەش دەبوویەوە و خەڵکی شانازی یان پێوە دەکردن ...


میرزا کورسی و قەنەفە تەختەکەی هێنایە دەرەوە و بەهێواشی ڕێکیکرد و وردەوردەش خەڵکی دەهاتن و دادەنیشتن و قسەو باسی هەمە لایەن و هەمەچەشن دەکرا و هەموو مەسەلەکانیش یەك ئاراستەیان نەگرتبوو ...دووپیاوی خەڵکی عەبابەیلێ دانیشتبوون و لەنێو خۆیاندا کەوتبونە گفتوگۆ ، میرزا وا پەی دەبرد ئەو دووپیاوە باسی کا دزین بکەن" چونکە گوندەکەیان بێ لەوەڕگابوو ، میرزاش گەر نەیناسیانایە ئەوا پەی دەبرد باسی سیاسەت و ڕێکخستنی خەڵکی بکەن !!

دووانی دیکەش لەسوچێکی چایخانەکەوە دانیشتبوون و بەچرپە و هێواشی لەگەڵ یەکتردا دەدوان و جاربەجارێکیش سەریان لاردەکردەوە ، لەم لایشەوە حاجی دەروێش بەتەنها لەسەر کورسییەك دانیشتبوو تەزبیحێکی درێژی بەدەستەوە گرتبوو ، لەجیهانی دەوروبەری بێئاگابووبوو خەیاڵ بردبویەوە و ڕەق و وشك بووبوویەوە ...

ژیان بەشێوەیەکی ئاسایی لەچایخانەکەی میرزا سلێمان بەڕێوە دەچوو ، جموجووڵی شاریش زۆر ئاسایی بوو ، خەڵکی بەگوێ درێژ وبارە ماست و دۆو پەنیرەوە تێپەڕ دەبوون ، ئەحمەدی شەریکی میرزاش چای بۆ مشتەریەکان دادەناو میرزا لەسەر کورسییەك دانیشتبوو بۆ وەرگرتنی پارەی چاو ماستاو ...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com





PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دەبــوو ڕۆژانــە ئەرســەلانی کــوڕی مــیرزا ســەر بــدات لــە بــاوکی و پێداویــستیەکانی ڕۆژانــە بۆمــاڵ بباتــەوە ، بــەڵام ئــەو ڕۆژە ئەرســەلان دواکــەوت و هــیچ ســۆراخ و دەنگێکــی نــەبوو ... مــیرزا ئــۆقرەی لەبــەر بڕابــوو... هــەرتاوناتاوێ لــەبیری خۆیــدا دەیــوت :(ئــەو هــەتیوە بــۆ وادواکەوت... ؟! تۆبڵێی شتێکیان لێ نەقەومابێت ؟ نانا بڕواناکەم " شەو کەس نەخۆش نەبوو ، هەموویانم بەسەر کردەوە و، شوکر هیچ بەڵاو موســیبەتێك شــوکر ڕووی تێنــەکردبوون ... خــۆ بــەڵاو موســیبەتیش ئەمەندە خێرا بڵاو دەبێتەوە هەروەك پەتا وایە ... !! ) .

لەنێو ئەم خەیاڵانەدا تاسابوو ، لەناکاو ئەرسەلان لەسووچی سەرووی شەقامەکەوە دەرکەوت و باوکیشی دەسبەجێ هەستایە سەرپێ خێرا بەرەو ڕووی ئەرسەلان ڕۆیشت و وتی :

ـ کوڕم بۆ خاتری خوا ... ئەوەتۆ لەکوێبیت بۆ وا دواکەوتیت ...؟!

ـ بابە گیان هەندێك ئیشم هەبوو هیچ ذیـیە مەترسە خۆمن منداڵ نیم...

ـ کوڕم دنیا واخەریکە وێران دەبێت ، چۆن نەترسم ؟ من کێم هەیە لەئێوە زیاتر ...!!

ـ بابە گیان هیچ نەبووە ... شوکر هیچ نەبووە ...

ئەرســەلان ئــەم قــسەیەی کــرد و زەمبیلەکــەی ماڵــەوەی هــەڵگرت و بەباوکی وت :

ـ دەگەڕێمەوە بۆ ماڵەوە ... هیچ خزمەتێکی دیکەت ذیـیە ؟!

ـ نەخێر باوانەکەم ...

* * *



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئەرسەلان هەرکەگەیشتە ماڵەوە خێرا زەمبیلەکەی داناو خۆیکرد بەژوورەکەی خۆیدا و ماوەیەك ون بوو ، پاشان هاتە دەرەوە و وەك بۆ سەفەر بڕوات و خۆی ئامادە بکات وابوو ، گۆرەوی و پێڵاوی توند و تۆڵ و پشتوێنی چەند گەز و ڕەنگ هەڵبزڕکانی ، هەموو ئەم نیشانانە بەدەموچاویدا دەردەکەوتن " ئامینەی خوشکی تاکە کەسێك بوو بەوردی لەهەڵس و کەوتەکانی ئەرسەلان تێدەگەیشت و جار بەجارێکیش وتوێژ و ڕازی دڵی خۆی بۆ دەکردەوە ، بەلاّم ئەمجارەیان ئامینە ڕەفتارەکانی ئەرسەلانی زۆر بەلاوە سەیر بوو ... دوێنێ شەو تادەرنگانێك نەهاتبووەوە، کاتێکیش هاتەوە وەك عادەتی خۆی بەدزی باوکی یەوە دەرگای حەوشەی بۆ هەڵگرت و دەموچاوی هەڵپێچابوو وەك دز و جەردەکان و کەلێشی پرسی بۆچی وا دواکەوتویی ، بەڕەقی وەلاّمی دایەوە و وتی :

ـ کچێ تۆ بۆچی خۆت هەڵدەقورتێنیت لەکاروبارێکدا کە پەیوەندی بەتۆوە نی‌یە ...؟!!

گەرچی پێشتر ئامینە دەیزانی ئەرسەلان لەڕێکخستنەکانی ناوشاردایە و شەوانە جموجووڵ و کۆبونەوەیان هەیە، زۆر جاریش ئەرسەلان باسی کوردایەتی و ئازادکردنی کوردستانی بۆ دەکرد و تا پەناوپشتگیرێك بێت لەماڵەکەدا ، لەوسۆنگەیەشەوە قەناعەتی پێکردبوو شەوان نەخەوێت تا دەگەڕێتەوە و بەدزی باوك و دایکی یەوە دەرگای حەوشەی بۆ بکاتەوە و لەو هەڵوێستە ئەستەنگەدا هاوکاری بکات ...

ئامینە پێش ئەوەی دەست بداتە زەمبیلەکە ڕوویکردە لای ئەرسەلان و وتی :

ـ کاکە گیان دەمەوێت بزانم بۆ کوێ دەچیت ؟



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ـ دەچمە دەرەوە ...

ــ نا بەخوا ... وا دەزانم ئەمجارە بۆ سەفەرێك دەچیت و لێمان دوور دەكەویتەوە ...

كاتێك ئەم قسەیەی كرد خۆشەویستی و هەست و نەستی بۆ برا بالاّ بەرز و جەحێل و لاوەكەی هاتبووە جۆش و خەریك بوو لە قەد و بالاّی وردەبوویەوە...

ئەرسەلان دەیزانی ئامینە هەروا بەئاسانی وازی لیّناهێنێت و دەبێت هیچ نەبێت كەمێك دڵنەوایی بكات و شتێكی لابدركێنێت ، بۆیە بەهێمنیەوە وتی :

ـ بەڵێنم دەدەیتیّ لای كەس باسی نەكەیت ؟

ــ نا بەخوا باسی ناكەم ...

هەناسەیەكی قووڵی هەڵكێشاو ئنجا لەخوشكەكەی نزیك بوویەوە و وتی :

ــ ئامینە دەچم بۆ ناو پێشمەرگە و بریاری چوونە دەرەوەم هاتووە...

ـ چۆن ؟ ... بەلاّم دەڵێن وەزع ئاڵۆزە ...

ــ ئاخر پێویستیان پێمانە و بەڕێوەبردنی ئیش وكاری ئەم ناوەم سپاردووە بەیەكێكیتر و شۆڕشیش ڕازی بووە ...

ـ بەلاّم دەترسم تۆ شتێكت لیّ بێت ...

ئەم قسەیەی كرد و خەیاڵێكی پڕ لەمەرگەسات و خەم و پەژارە هاتە سەر ئاوێنەی بیری ، سەرجەم جەستەی هاتە لەرزە و بەشێوەیەك ئاگای لەخۆی نەما، فرمێسك لەچاوە گەش و ڕەشەكانی هەڵقولاّو باوەشی كرد بەگەردنی براكەیدا و وتی :



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ـ نا...نا... كاكە گيان ... تو خوا مەڕۆ ... ئێمە هەرتۆمان هەیە ... ئاخر زۆر دەترسم ... !

ئەرسەلانیش جار بەجارێك هەوڵی دەدا بەهێمنی دەستی خوشكەكەی لەگەردنی بكاتەوە نەبادا دایكی بیانبینێت و ئاشكرابێت ، لە دڵیشەوە قسەی بەخۆی دەووت بۆ ئەمەندە دڵ سافە و ئاوا ڕەفتار و ئەمری شۆڕشی بۆ ئەم خوشكە بەڕەحم و سۆزەی ئاشكرا كرد ...ئامینە كاكی زۆر خۆش دەویست و هەرگیز نەیدەویست لیَیان دووربكەوێتەوە ، هیچ كات هەستی بەتەنیایی نەكردبوو ، وەك دوو هاوڕیَ وابوون و سەرجەم نهێنی و شاراوەی یەكتریان دەزانی ، تەنانەت ئامینە ئەوینداری كاكی دەزانی لەگەڵ شیرینی كچی حەسەنەفەنی دا، وابەستبوونی خۆی لەدوورەوە بۆ مەحمودی خاڵۆزای باس كردبوو ...!!

لەبەرئەوە لەبیروهۆشیدا نەیتوانی جێگەی ئەوەبكاتەوە كاكی بەپیَی خۆی بڕوات بۆ ناو ئاگر ... هەر كە بیریشی لەشەڕ و تەق وتۆق دەكردەوە لەشی دادەهێزرا و ترس و خەم دەبوون بەبار بەسەریەوە ...

ئەرسەلان هەرچۆنێك بێت خوشكەكەی هێوركردەوە و بەدەنگێكی زبرو ڕەقەوە وتی :

ـ كچیَ بەسە لوشكە لوشك ... چی بووە ؟ ، دەنگ هەڵمەبڕە با دایكم نەزانێت ...

ـ ئاخر چی بەباوكم بڵێین كاتێك هەواڵی پرسیت ؟! ئەی مەكتەبەكەت؟

ـ كەمن ڕۆیشتم دەیانخەمە بەردەم ئەمری واقیع و بواریان نادەم قسەو وتوێژ لەسەر ڕەفتارەكانم بكەن ...

ـ كاكە گیان باوكم زۆر نیگەران دەبێت ... خۆت باش دەزانی ...

نەیهێشت ئامینە قسەكانی تەواو بكات وتی :



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ـ کاتم نیﯾە ... گوێ بگرە ... بەنیازبووم  خۆم ئەم نامەیە هەڵ بدەمە ماڵی شیرین ... ! بەڵام تازە درەنگە لە قەراخی شار چاوەڕێمن ... ئەم نامەیەی بدەرەێ و بڵێ ئەرسەلان سەلامی لێ دەکردیت ... دڵنەوایی دایك و باوکیشم بکە و نازداری بچکۆلانەش بێناز نەکەی ...

ـ کاکە گیان ... ئاخر ...

هـــیچ بـــوارێکی ئامینـــەی نـــەداو خێـــرا لـــەماڵ چـــووەدەرەوە و لەچاوتروکاندنێکدا کۆڵانەکەی بەجێهێشت و دیار نەما ...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## (2)

ئێواره پێش ئاوابوونی تیشکی زێڕینی خۆر و داهاتنی شەوی تاریك و چەتوون میرزا گەڕایەوه ماڵ ، هەر لەدەرگای ماڵەکەی چووه ژوورەوه هەستی بە گۆڕینی دەم و چاوی ئامینە کرد و فاتمی خێزانیشی چاوی هەڵنەبڕی و جار بەجارێك فرمێسکێکی دەسڕی بەچاکی کراسەکەی...

دوای رۆیشتنی ئەرسەلان ئامینە ناچاربووبوو بەدایکی بڵێ و نەبادا سەرجەم ئەم ڕووداوه ئۆباڵی ئەو بگرێتەوه و بەسەریدا بشکێتەوه... فاتمیش چەند قسەیەکی بەرامبەر کیژه خۆشەویستەکەی کردبوو ، بەلاّم زۆر دڵیشی نەهاتبوو زیاد لەحەد نارەحەتی بکات ، ئەم ڕووداوه یەخەی بە هەموویان دەگرت و کەسیان نەبوو غەم و پەژاره و نیگەرانی داینەگرێت، تەنانەت نازداری بچکۆلانەش زوو زوو هەواڵی دەپرسی و ئالودەی کاکی بووبوو دەگریا بۆی و وەك بەدوایدا بگری ئاوەها بوو ...!!

میرزا لەگەڵ پێی نایە ئەودیو دەرگاکەوه فاتم بەدەنگێکی هەڵبزڕکاوی پەشۆکاوەوه ڕووی کرده مێردەکەی و وتی :

ـ میرزا گیان تو خوا ئەرسەلان ... ئەمەندەی وت و ئیتر دەستیکرد بە گریان و لالاّنەوه ...

میرزا سلێمان جەستەی ساردبوویەوه و هێشتا ماندووبوونی دەرنەچووبوو ، بەدەنگێکی هەڵبزڕکاوەوه پرسی :

ـ چی لێ هاتووه ... خۆ لەنیوەڕۆوه ناردوومەتەوه ...

هەریەك لە ئامین و فاتم بێ دەنگ بوون و میرزاش پەیتا پەیتا دەی وت:

ـ چی لێ هاتووه ...؟ ها پێم بڵێن ...؟!!

ئامینە پێی نا بەجەرگی خۆیدا و وتی :



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ـ باوكه گيان ... هيچى وانەبووه ... دايكم تۆزىٚ مەسەلەكەى گەورە كردووه ...!

ـ كچم رەحمم پىٚ بكەن ... چى بووه ؟!

ئامينە تفێكى قوتدا و هەناسەيەكى ساردى هەڵكێشا و وتى :

ـ بابە گيان ... ئەرسەلان چووەتە دەرەوە تابيێت بە پێشمەرگە ...

ميرزا وەك لەسەربانێكى بەرزەوە فرىٚى بدەنە خوارەوە ئاوا بوو ، چەند وەختە شتێكى شك نەبرد بەڵگەبێت لەسەر ئەوەى كوڕەكەى خۆى لەسياسەت هەڵقورتاندبێت.. باشە چۆن و لەڕىٚى كىٚ وە ؟ هەزارەها پرسيارى ديكە لەسەر مێشكى ميرزا ئاڕاستەيان بەستبوو ... تا بە دڵنياييەوە وتى :

ـ گەر ڕێكخستنى خۆيان نەبووبێت ئەوا دەينێرنەوە ...

ئنجا ڕوويكردە فاتم و ئامينە و وتى :

ـ پێم بڵێن لەكەيەوە ئەرسەلان ڕۆيووه ...؟

ئامينە وتى :

ـ لەوكاتەوە زەمبيلەكەى هێناوەتەوە رۆيووه ...

ـ بۆ زوو هەواڵتان نەدامىٚ ...؟!

فاتمى خێزانى تەماشاى ئامينى كرد و هيچى نەوت " ئامينەش ڕەنگى هەڵبزڕكاو بەدەنگێكى لەرزۆكەوە وتى :

ـ بابە گيان ئەرسەلان دەمێكە ئيشى ڕێكخستن دەكات و بڕوا ناكەم بينێرنەوە ...

ـ يانى تۆ زانيوتە پێش وەخت خانم خاس ...؟

ـ بەڵىٚ ...

ـ ئەى بۆچى قسەت نەكردووه ؟ ئاى ... ئاى ...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئنجا ئامینه چەند وتەیەکی کاکی بیرکەوتەوە و غیرەتی دایە بەر خۆی و وتی:

ــ باوکە گیان ... هەموو دەبێت بۆ کوردستان بژین و ڕزگارکردنی کوردستان جێگەی فەخر و شانازی گشت کوردێك بێت ...

ئەم قسانەی ئامینە باوکی ڕاچڵەکاند و هەستی نەتەوایەتی لەناخیدا وەك بروسکەیەك دای لە پەڕەی دڵی ، کەمێك چووە ناو خەیاڵێکی قووڵ و پڕ لەقارەمانێتی ، ئەوجا تەواو تەسلیم بوو بەم قسەیە، بەلاّم چاوی بەرایی نەدەهات ئەو جگەر گۆشەیەی چەند ساڵە بەخێوی دەکات و ئومێدەکانی پێوە وابەستەکردووە ڕووبەڕووی ئەو سوپا درندە و وەحشیەی رژێم بوەستێ ، بۆیە وەك لەخەونێکی قووڵەوە بەئاگا هاتبێتەوە وتی :

ــ ئاخر ئەرسەلان هێشتا کاتی چەك هەڵگرتنی ذیـیە و لەتەمەنیدا ناڕەحەتی نەچەشتووە ...

فاتمی خێزانیشی زیاتر بارەکەی لەسەر میرزا قورس کرد و دەستی کرد بەگریان و هۆن هۆن فرمێسکی گەرم و بەکوڵ بە گۆنایدا دەهاتنە خوارەوە و دەیووت :

ــ دایکت بمرێ ... ئاخۆ ئێستا لەبن کام بەرد هەڵ تروسکابیت و بەسکی برسی و لەژێر چنگی کام زاڵمدابێت ... ؟!!

میرزا زۆر دڵتەنگ بوو بەم قسانە و ئەو دڵ داخورپانەی بەیانی کەوا ئەرسەلان دواکەوتووە بە زەنگی شووم و ناسۆری لێك دایەوە و هەرچەندیشی دەکرد نەیدەزانی چۆن قەناعەت بەخۆی و خەڵکی بکات بەوەی نایەوێت بەشداریەکی ڕاستەوخۆ بکات لەم شۆڕشەدا؟ ، سالأنی لاوێتی خۆی لەبیر بوو چ دەردەسەری یەکی چەشتبوو ، دەیویست کەمێك



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

پـشوو بـدات و ئـەو تاڵیانـەی چەشـتوویەتی منداڵـەکانی نـەیبینن ، بـەڵام وادیارە قەدەر دەستی دەگرت و نەدەبوو کەنارگیر ببێت ...

بۆ دڵنەوایی کردنی خانەوادەکەی وتی :

ـــ سبەینێ جـواب دەنێـرم بـۆ خـوارەحم و داوای لێ دەکـەم ئەرسـەلان بنێرێتەوە و هێشتا منداڵە و توانای ئەرکی پێشمەرگایەتی نی‌یە ...

خێزانەکەشـی دەمێك بـوو خـوارەحمی بـرای نـەدیبوو تەزوویـەك بـەناو جەرگی‌دا هات و کەمێك بێدەنگ بوو ئەوجا بە ئاھ و حەسرەتەوە وتی :

ـ خـوا دەزانێـت خـوارەحم لەکوێیـە و ئەرسـەلانیش ڕووی کردووەتـە کوێ ؟

بۆ دڵنەوایی کردنی ژنەکەی وتی :

ـ دەزانم لەکوێیە ... خەمتان نەبێت ...

*　　*　　*

ئـەو شـەوە زۆر بەناڕەحـەت گـوزەرا لەسـەر دڵـی هەریـەك لەئەنـدامانی خانەوادەی میرزا سلێمان ، بۆبەیانی میرزا زوو چوو بۆ ماڵی شـەریکەکەی و داوای لێکـرد مۆڵـەتی بـدات تـاوەکو مـشوورێکی کوڕەکـەی بخـوات و بزانێت ڕوویکردووەتە کوێ ؟

هاوەڵەکـەی سـەرەتا زۆر لـەخۆی بوویـەوە و خوازیـاربوو بیتوانیایـە لەگەڵیدابێت بەڵام لەبەر دوکان نابێت هەردووکیان چۆڵی بکەن ...

مـیرزا ویـستی سـەرێك بـدات لـەماڵی سـۆفی سـاڵحی ژن بـرای و مەسەلەکەی تێ بگەیەنێت ، بەڵکو وەڵام و سۆراخێکی خوارەحمی دەست



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**بكـــەوێت و لەرێگـــەی ئـــەوەوە زۆر ئاســـانە ئەرســـەلان بدۆزێتـــەوە و بینێرێتەوە..**

**قاچی بەگران لەدووی دەهاتن ، هەر لەخۆیەوە بێزاربوو لەو حاڵەی ئەرسەلان خستویەتیە ناوی‌یەوە ، سەرجەم نەخشە و پلانەكانی لەیەك گیرابوون و هیچی بۆ لەیەك جیا نەدەكرایەوە ، بەلای مزگەوتی جامعدا تێپەڕی تا گەیشتە گەڕەكی كانی عاشقان ، بیری كەوتەوە چۆن ئەم گەڕەكە چووە بەیەكدا و كانی یەكەی سەرنجی ڕاكێشا ، بەڵام لەناكاو سوێیەكی پڕ لەئێش هات بەبەریدا و ئاخێكی قوڵی هەڵكێشا و لەبەر خۆیەوە وتی : (( كوڕم ئەرسەلان من چیم دابوو لەم دەردە سەری‌یە...؟ باوكم ئەوە هەموو كوڕو لاوی‌تر، بۆ دەبێت تۆش لەگەڵ ئەو دەستەیەدابیت ...؟! بۆ ...؟؟؟ )).**

**بەدەم ئەم خەیاڵانەوە گەیشتە بەردەم ماڵی سۆفی ساڵح و هەركە لە دەرگای دا مەحموودی كوڕی سۆفی دەرگاكەی لێكردەوە و بەڕوویەكی گەشەوە وتی :**

**ـ كاكە میرزا ... فەرموو ... فەرموو ...**

**مـیرزا كـەمێك لەمـەحموود وردبوویـەوە و زۆر لاوێكـی قەشـەنگ و جوانكیلە و رۆح سوك بوو ، یەكسەر لەویادا ئەرسەلان هاتە بیری و تاوێك مەستی كرد ئنجا غەم و خەفەتی ناوناخی خواردەوە وتی :**

**ـ مەحموود گیان ... سۆفی لەوێ یە ...؟!**

**مەحموود ڕەنگە زەرد هەڵگەڕاوەكەی میرزا سلێمان سەرسامی‌كرد و تەنها ڕۆژێك بوو سەردانی ماڵی پووری نەكردبوو لەدڵدا وتی : تۆ بڵێی شتێكی خراپیان لێ نەقەومابێت ... نا...نابڕواناكەم ... بەڵام شەرم و ڕەوشتی بەرزی وایان لێكرد زۆردانەمێنێ و بەمیرزای وت :**



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ــ كاكه میرزا گیان ... بەڵێ لەوێیه ... فەرموو ...

میرزا لەگەڵ چاوی بەسۆفی ساڵح کەوت یەکسەر قورگی پڕ بوو لەگریان و دەت وت نەخۆشی و بارێکی گران وا لەئەستۆیدا و مەیسەریش نابێت تا سۆفی نەبینێت ، سۆفیش بۆ میرزا ڕۆڵی برایەکی زۆر دڵسۆزی دەبینی و هەمیشەبەیەکەوە گوزروبەندیەك بوون ، بەو حاڵە پەرێشانەوە مەسەلەکەی لەسۆفی گەیاند و ئەویش دەسبەجێ وتی :

ــ میرزا گیان ... خەمت نەبێت ... هەرتەنها جوابێك بۆ خوارەم بنێرین ئیتر پێویست ناکات خۆمان دوای بکەوین ...

ــ ئاخر نه من و نه فاتم هیچ کاممان خۆمان ڕاناگرین ...

ــ چارنی یه دەبێت ئارام بگرن ... بەڵکو خوای گەورە بەسەلامەتی بیگەڕێنتەوە بۆتان و دڵتان پێی شاد بێتەوە ...

ــ خوا دەست بەباڵتەوە بگرێت سۆفی ... بەوخوایە ئەو قسانە وەك مەرهەمی سارێژ کەری دەروونم وەهایە ... نازانم بەبێ تۆ چیم بکردایە...!!

ــ میرزا ئێمە کەسی یەکین ... ئەرسەلان خوشکەزای منە ... جەرگی تۆ و من هیچ فەرقێکیان نییە ...

سۆفی پیاوێکی دینداری خواناس بوو ، هەمیشە ئامادەی کۆڕی زیکرو یادی مردن دەبوو ، هەرکات قسەی بکردایە بەرانبەر پێی خۆشحاڵ دەبوو ، چونکه لەدیدێکی واقعییەوە دەدوا و تاقەتی قورس کردنی قسه و مەسەلەکانی نەبوو ، هەر زوو دەکەوت بەسەر مەقصەد و مەبەستەکانیدا ...

بەو چەند قسەیە دڵی میرزای خۆش کرد و هەرواش دانەنیشت دەسبەجێ یەکێك لەوسایەقانەی راسپارد کە دەچوون بۆ گوندەکانی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

سـەروو تـاوەکو حـاڵ و مەسـەلەکە لـەخوارەحمی بـرای بگەیـەنن و دڵـی خوشکەکەیان شاد و بەختەوەر بکەنەوە بەگەڕانەوەی کوڕەکەی .



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئامینــه هــەر ئــەو بەیانییەیــە زوو نامەکــەی ئەرســەلانی هــەڵگرت و بــەرەوماڵی شــیرین کەوتــەڕێ " ماڵەکــەیان کــەوتبووە ســەرووی گــەڕەکی پادشا ، هەر کە لەدەرگای‌دا خێرا شیرین بەرەو پیری چوو بەبینینی ئامینـه دڵــی داخورپــا ، شــیرین نەیــدەزانی ئامینــە زۆر بەشــێوەیەکی ئاشــکرا ئاگاداری پەیوەنـدی نێـوان خـۆی و ئەرسـەلانە ، بۆیـە زۆری پـێ سـەیر بـوو کاتێ بینی ئامینە نامەکەی دەرهێنا و وتی :

ــ شیرین گیان ... کاکم ئەم نامەیەی بۆ ناردوویـت و زۆر سەلامیـشی لێ دەکردیت ...

کەمێك ڕاماو بەپەرۆش و تامەزرۆییەوە دەسـتی بـرد بـۆ نامەکـە و هـەر لـەویادا خـۆی پـێ ڕانـەگیرا و دەسـتبەجێ نامەکـەی کـردەوە ، راسـتەوخۆ لەنامەکەدا نوسرابوو :

بەناوی خوای گەورە و مەزن

شیرین گیان ...

پاش سلاوێکی پڕ لەئەوین و خۆشەویستی ... گەرمتر لەسۆزی دایك و فێنکتر لە بەفری کەژی شنروێ ...

گیانەکـەم ... مـن ئەوەنـدە دەرفـەتم نـەبوو لەنزیکـەوە خواحافیزیـت لێ بکەم ، من دەڕۆم بۆ ئەوەی لـەپێناوی نیـشتمانەکەم دا تـێ بکۆشـم و لەگـەڵ هێزی پێشمەرگەدا بەرگری لەم خاك و نیشتمانە بکەین ...

دەزانم نیگەران و دڵتەنگ دەبیت ، بەلاّم حەزدەکەم هەموو ئـەو قسانەی بـۆم کردوویــت بهێنیتــەوە بەرچــاوی خــۆت و بزانیــت گــەر ئێمــە خــاك و نیشتمانمان نەبێت ئەوا بوونیشمان نابێت و تێکۆشانیش ئەرکێکی مـەزنی سەرشانمانە ...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

نامـەوێت خەفـەت بخۆیـت ، ئـەمڕۆ گـەلانی دنیـا هـەموویان لـەپێناوی ئازادیـــدا تێدەکۆشـــن ، بـــامنیش بـــەگیان و ڕۆح تێبکۆشـــم ، ئەگـــەر گەڕامـەوە ئـەوا دەگـەین بەیـەك ئەگـەر نـا ئـەوا لەدنیایـەكی دیكـەدا یـەك دەگرینەوە .

بەنیازی دیدار و یەكتر بینین و بەیەك گەیشتن

خۆشەویستی خۆت

ئەرسەلان

شـیرین بـەدەم نامەكـەوە دەسـتی كـرد بـەگریان و هەرچـەند هەوڵیـدا فرمێسكەكانی لەئامینە بشارێتەوە نـەیتوانی ، دڵـی بـەخێرایی لێـی دەدا ، چاوەكانی فرمێسكیان دەڕشت و گۆناشی سوور هەڵگەڕابوو ... بەگشت توانـای خۆیـەوە دەیویسـت وانـەبێت بـەڵام نەیـدەتوانی و بەناچـاری خـۆی تەسـلیم بـە خۆشەویـستەكەی كـرد و هەسـت و سـۆزی زیـاتر جـوڵاو لەبەرچاوی خوشكەكەیدا وتی :

ــ خوا دەست بەباڵتەوە بگرێت گیانەكەم ...

دیمەنەكـە زۆر كاریگـەربوو لەسـەر ئامینـە و ، بـەدەم كاریگەریـەوە باوەشی كرد بەشیریندا و هەردووكیان توونـد نوسان بەیەكدا، كەوتنـە ژێـر كاریگەرییەكی پڕ لەهەست و نەستی جوان و ناسك ...

ئامینـە زۆر شـادمان بـوو بـەوەی لەگـەڵ شـیرین دا بمێنێتـەوە و چـەند سـاتێك لەگـەڵ یەكـدا بەسـەر بـەرن ، بـەڵام لـەناكاو بـیری كەوتـەوە دەبێـت سـەرێك بـدات لـەماڵی خاڵـە سۆفی و چـاوی بكـەوێت بـە خـەرامان و چـەند سـاتێكیش لەگـەڵ ئـەودا بگوزەرێنێـت ... وەك تـازە بـیری كەوتبێتـەوە هەستایە سەرپێ و وتی:



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ــ شیرین گیان ئارام بگره ... پشت بەخوا کاکم دەگەڕێتەوە و بەم زوانە بەیەکتر شاد دەبن ...

ئەمەی وت و رووەو دەرگای حەوشە چوو ، شیرینیش شوێنی کەوت و تازە سوکنایی بەئامینە دەهات و" بۆنی ئەرسەلانی نابوو بەخوشکەکەیەوە... توند دەستی گوشی و وتی :

ــ خوا بەڕەحمی خۆی بەزەیی پێماندا بێتەوە ...

ئنجا شیرین وەك تازە بیری بکەوێتەوە یاخود دیققەتی دابێت وتی :

ــ ئەی بۆ ئەمەندە بەپەلەیت ؟ جاریٚ زووبوو ...

ــ دەچم سەرێك لەماڵی خاڵە سۆفیم دەدەم " حەزدەکەم کاتێکیش لای خەرامان دابنیشم و چاوم پیٚیان بکەوێت ...

ــ ئامینە گیان توخوا پێم لیٚمەبڕە ... دڵم زۆر بەتۆ دەکرێتەوە ...

ـ پشت بەخوا ... تۆش سەرمان لیٚ بدە ...

ـ گەر هەواڵێك هەبوو هەر زوو پێم ڕابگەیەنە ..

ـ باشە ... بەسەرچاو ...

* * *

ئامینە بەراستەڕیٚیەکی لاتەنیشتدا چووبەرەو گەڕەکی کانی عاشقان و بەنزیك بوونەوەی لەماڵی خاڵە سۆفی دڵی داخورپا و دەت وت بۆ جێگە و شوێنێك دەچێت پڕ لەچاودێرە و لەهەموو لایەکەوە خەڵکی سەیری دەکەن، هەنگاوەکانی هێواش هێواش هەڵدەهێنا و لەناخیشەوە هەستی بەخۆشی دەکرد ، لەڕاستیدا بۆ لای خەرامان نەدەچوو ، بەڵکو دەیویست گەر لابەلاش بێت چاوی بە مەحموود بکەوێت ، گەرچی مەحموود زۆر



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەڕەوشــت بــوو ، هەمیــشە ڕەنگــی ســوور هەڵدەگــەڕاو دەنگــی دەگــۆڕا و بەشەرمەوە بەخێرهاتنی دەکرد ... بەلاّم دەیزانـی لەوتێڕوانینـەوە کە بۆی دەڕوانـی چـاوەکانی چ مانایـەکی لـەخۆگرتووە ... ڕۆژ بـەڕۆژ کەسـایەتی مـەحموود لــەلای هــەموویان گــەورەتر دەبــوو ، بەئاشــکرا هــیچ شــتێکی دەرنەدەبڕی ، بەلاّم لەچاوەکانی یەوە هـەموو شتێکیان دەخوێنـدەوە، سـەر جەم ئەنـدامانی بنەماڵەکـەیان سەرسـام بوون پێی و خۆشـیان دەویـست و زۆر کیژی گەڕەك و ناسیاویش پێی سەرسام بووبوون ...

کاتێـك ئامینـە گەیـشتە بـەردەم مـاڵی سـۆفی سـاڵح لەوکاتـەدا هێـشتا دەسـتی نـەبردبوو بـۆ کلۆمی دەرگاکـە ، عەباکـەی تونـد کـردەوە و ویـستی لـەدەرگا بـدات ، مـەحموود هاتـە دەرەوە ، زۆر لەنزیکـەوە لووتیـان تـەقی بەیەکـدا و، هـەردووکیان بـۆ چـەند سـاتێك چـاوەکانیان کەوتـە سـەریەك ، چاوی ئامینە زۆر گەش و جوان بوو ، پڕ لـەمانای بـەرز و بـالاّی ئەوینـداری بـوو ، تەزوویـەکی تەلیـسماوی هـات بـە سـەر سـنگی‌دا و دڵـی بـەخێرایی کەوتە لێدان ...مەحموودیش چاوەکانی پاش چەند تێڕوانینێك دانەوانـد و بەدەنگێکی شەرم ئامێزەوە وتی :

ـ ئامینە ... فەرموو ... فەرموو وەرە ژوورەوە ..

دەرگاکـــەی والاّکـــرد و پێـــشی کـــەوت ... ئنجـــا لەناوەڕاســـتی حەوشـەکەیاندا بـانگی خـەرامان و دایکـی کـرد و ئاگـاداری کـردن لـەهاتنی ئامینە ... مەحموود حەزی دەکرد ئەو چەند ساتە لەماڵـەوەبێت بـەلاّم بـەچ بیانویەك بمێنێتەوە و ناچار چەند پرسیارێکی دروست کرد و وتی :

ـ ئامینە دەنگ و باسی ئەرسەلان چی‌یە ؟

ئامینەش بەشەرمەوە وتی :



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**ـ باوكم وتی خاڵه سۆفی جواب دەنێرێت بۆ خاڵه خوارەحم و لەوانەیە بەم زووانە بینێرنەوە ...**

**مەحموود بەم وەڵامە تۆزێك ئیحراج بوو بەڵام گوێی نەدایە و وتی :**

**ـ بەڵێ ... وام زانی خۆی جوابێ ...شتێكی بۆ ناردوون ...**

**ـ نەخێر ... هیچ هەواڵێكی نییە ...تەنها دوو ڕۆژە ڕۆیشتووە ...**

**لەم كەین و بەینەدا بوون خەرامان و دایكی هاتن و بەگەرمی پێشوازیان كرد لەئامینە ئیتر مەحموود هیچ بەهانەیەكی بەدەستەوە نەماو ناچار بەجێی هێشتن ...**



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com





PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## (4)

زەعیم سدیق لەژوورێکی حامیەی سلێمانیدا دانیشتبوو ، پێش چەند ساتێك بەرقییەکی لەبەعسییەکانەوە پێ گەیشتبوو ، زۆر گلەیی و سەرزەنشتیان لێدەکرد سەبارەت بەو ڕووداوانەی لەم لاولای حەوزی شارەزوور و هەڵەبجە ڕووی‌دابوو " لەڕفاندنی ئوتومبیلی حکوومی و گرتنی مەخفەرەکانی تەوێڵە و چەند چالاکییەکی دیکەی جیا جیا لەم لاولادا...

توورەیی و خەشم و قین لەخوێنی دا دەگەڕا و لەنێوژوورەکەدا دەهات و دەچوو ، پێش چەند ڕۆژێك (منع التجول)ی کردبوو لەسلێمانی و ژمارەیەکی زۆری لەخەڵکی شار گوللەباران کردبوو ... ئۆقرەی لەبەر بڕابوو ، وەك ئەفسەرێکی شۆفێنیزم کلاوەکەی کردبووە سەری و جار بەجاری شانی هەڵدەتەکاند و لەتوورەیی دا وەخت بوو ناڵەی دەکرد ...

لەناکاو ئەفسەرێك خۆی کرد بەژووردا و وتی :

ــ قوربان هەموو ئامادەین ...

بەتوندی نەڕاندی بەسەر ئەفسەرەکەدا :

ــ ئەو سەگانەی دوێنێتان چی لێکرد ... ؟

ئەفسەرەکەش لەترسا هەمووگیانی دەلەرزی و وتی :

ـ قوربان چاوەڕێی فەرمانی بەرێزتین ...

بێقەید و شەرت وتی :

ــ ئەوانیش وەك سەگ سەریان پان بکەنەوە ... خێرا ... باگوێم لێیان بێت ...!!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

هەرچــەند ســاتێك بــوو " دەنگــی دەســت ڕێــژ هاتــە بــەرگوێی و هەناسەیەکی ئاسوودەیی هەڵکێشا، ئەوجا دەرگای ژوورەکەی کردەوە و سواری جێبەکەی بوو و هاواری کرد:

ـ بەڕێکەون ... خێرا دەی ...

پـێش وەخـت هـەموو هێزەکـانی فیرقـەی (20)یـان خـستبووە گـەڕ و پێشتریش پەیوەنـدییان کردبوویـەوە بـەو جاشـانەی کـە دوای کودەتـای بەعسیەکان و گفتوگـۆی سێمانگەیان لەگـەڵ شۆڕشـدا چـەکیان دانـابوو ، زەعیم سـدیق پەیوەنـدی لەگەڵـدا دروست کردبوونـەوە و لـە(سـەید سـادق) مۆڵگەیان بەستبوو لەگەڵ چەند هێزێکی حکوومیدا .

هێزەکـەی زەعـیم سـدیق بـەفیز وخەشـم و قینـەوە ماوەیـەك دەڕۆیـی و پاشــان دەوەســتاو حەماســی بــەرز دەکردنــەوە ... ! لەنێویانــدا حــەرەس قەومی سەربە حیزبی بەعسی تێدابوو ...

لەپەنجـەرەی جێبەکەیـەوە تەماشـای ئـەو ڕێگەوبانـەی دەکـردو، تـرس وبیم بووبوون بەسێبەر و کشابوون بەسـەر ناوچەکەدا ، زۆر خۆشـحاڵ بـوو ، گەز گەزبالای پێدەکرد و دڵنیـابوو لـەوەی دەیکـرد و پـشت ئەسـتووربوو بەو بەعسیانەی هەواڵیان بۆ دەنارد و زیاتر هانیاندەدا لەسەر تـاوان وڕەش بکوژی کوردان ... !!

تانك و دەبابەکان ئەوجادەوبانەیان هێنـابووە لـەرزە و خـەڵکی عەربـەت و کانی پانکـە و سـەرا و ئـەو دەوروبـەرە خۆیـان لەماڵـەکانیان تونـدکردبوو، یان هـەڵهاتبوون و مـاڵ و منـداڵیان بـەجێ هێـشتبوو ، خـۆڵی مردووکرابـوو بەسەر ناوچەکەدا ... !

زەعیم سدیق پێی وابوو بەزووترین کات ئـەو جموجووڵـەی پێشمەرگە سەرکوت دەکات و بەئاسانی دەست دەگرێت بەسەرناوچەکەدا ...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لەلایەکی‌تریــشەوە هەرکەســێکیان لــەو ڕێگەوبانــە بدیایــە و ســووکە گومانێکیـان لێ بکردایـە ئـەوا هێزەکـە فـەرمانی گوللـەباران کـردن " یـاخود خستنە بەرتایەی تانك و دەبابەکانیان پیێ بوو ... بۆیە خەڵکێکی زۆری تاك و تەرایان بەگیرهێناو پەیتا پەیتا دەیان کوشتن و زیاتر مەعنەویاتی هێزەکەی بەرزدەکردەوە، خەڵکیشیان دەتۆقاند و دەیانویست هیچ کەس زاتـی ئەوەنـەکات لەبەردەمیانـدا بوەسـتێت و خـەڵکی ئەمەکـداری خۆیـان بیێکۆت و بەند ڕابگەیەنن ...!!

دەوروبەری سەعات نۆی سەرلەبەیانی هێزەکە گەیشتە (سەید سادق)، لەلایەن جاش و ئەڵقەلەگوێکانەوە بەگەرمی پێشوازی یان لێکرا ...

دەستەدەســتە خــەڵکی ئــەو ناوچــەیە دەهــاتن و بــە زۆر ملکەچــی خۆیانیـان پیـشان دەدا بـۆ زەعـیم سـدیق و دەسـەلاّتدارانی بەغـدا، ئـەویش بەتووڕەیی یەوە دەینەڕاند بەسەریاندا :

ـــ ... وادەزانــن دەتــوانن یــاخی بــن لێمــان ... ئێمــە هــیچ کەسـێك ناتوانێت ئالاّی یاخی بوونمان لیێهەڵ بکات ... ئەو چەتەو تێکدەرانەش دەبێت دەردێکی‌وایان دابدەم لەهەموو تەمەنیاندا شتی وایان نەدیبیێ ...

خەڵکەداماوو‌بیێنەواکەش بەملکەچی‌یەوە : سەیدی ... سەیدی یان بۆ دەکرد و کەس نەیدەوێرا نزمترین ناڕەزایی دەرببڕێت ، سەرەتا لەسەید سادقدا وەك عادەتی هەموو هێزێکی دڕندە و داگیرکار کەوتنە پشکنینی ماڵــەکان و جاشــەکان پێــشیان کــەوتن ، زیــاتر ئــەو مالأنەشــیان بــۆ دەستنیــشان دەکــردن کــە کــوڕ یــاخود یــەکێکیان لەگــەڵ هێــزی پێشمەرگەدابوو ... پیاوی ریش سپی و بیێ دەستەلاّتیان لەسەر سك کـێش دەکـرد بـۆ لای زەعـیم سـدیق و لاوەکانیـشیان دەکوشـت یـان دەستگیریان دەکردن ...!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دیمەنی شارۆچکەی سەید صادق زۆر ترسناك و تۆقێنەر دەردەکەوت لە ژێر دەستەڵاتی ئەو هێزەی تەڕو وشکیان بەیەکەوە گرێدەداو بۆ لەناوبردنی گشت مۆرکێکی کوردی هاتبوون ... زەعیم سدیق بەپەلە کۆبونەوەیەکی کرد بە سەرکردەی هێزەکەی و بڕیاریاندا بەشێك لەوهێزە جووڵەپێ بکەن بەرەو هەڵەبجە ...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

(5)

خوارەحم بەمەفرەزەیەکەوە لەگەڵ مەفرەزەیەکی دیکە لەسەر بڕیاری سەرکردایەتی پێشمەرگە بەڕێکەوتن و هەریەك لەوپێشمەرگانە دەتوت قەڵایەکی مەزنە و ئامادەیە بۆ هەموو گیان فیدایی یەك ، خەڵکی گوندەکان زۆر بەگەرمی پێشوازییان لێدەکردن و پێشمەرگە ئاوێتەی گیانیان بووبوو، وەك کەسایەتیەکی پیرۆز مامەڵەیان لەگەڵدا دەکردن و هەزارویەك ئومێدیان پێوە بەند کردبوون "هەواڵی بەڕێکەوتنی هێزەکەی زەعیم سدیق تارادەیەك کتوپڕ بوو چونکە سەرەتاوەك شائعەیە وابوو ، بەڵام دوایی بوو بە واقع دەبوو هەر زوو بکەونە ڕێ ...

خوارەحم بەئازایەتی ناسرابوو ، خەڵکی ئەو گوندانە زۆر خۆشیان دەویست و جێگەی ڕێز و تەقدیری هەمووان بوو ، هێزێکی دیکەی پێشمەرگەش هاتبوو جگە لەو دوو مەفرەزەیە لە(لامەرکەزی) هەردوو هێزەکە بەیەك گەیشتن ، هێشتا هێزەکەی زەعیم سدیق نەگەیبووەجێ و پێشمەرگە گوێ قوڵاخ بوون ... ئەمەندەی نەبرد دەنگی دوو فڕۆکە ئاسمانیان شڵەقاند و دەستیان کرد بە بۆردومان بەشێوەیەکی کوێرانە ...

پێشمەرگەکان لەم بەراوبەری جادەکە بوون بە دوو بەشەوە و واڕێکەوتن عەدەد ڕەشاشەکە لەسەر تەپێك بێت و هیچ تەقەنەکەن تا هێزی دوژمن دێتە پێشەوە ... هێزەکەش پێشکەوت و دەنگی زنجیری دەبابەکان بەزەقی دەهاتە بەرگوێ ... دەبابەکان پێشکەوتن و هەر ئەمەندەی نەبرد کەوتە بەر ڕێژنەی گوللەی ڕەشاشەکە و ئیتر لەم بەراوبەرەوە تەقەیان کرد و شەڕ دامەزرا ، زرێپۆشەکان نەیان دەوێرا سەر



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دەربهێنن و شەڕ نزیکەی نیو سەعات بەردەوام بوو و لەئەنجامدا هێزەکە بەشکاوی گەڕایەوە بۆ سەید سادق ...

ئەم سەرکەوتنە زۆر گەورە و مەزن بوو لە دیدی پێشمەرگە و خەڵکی ناوچەکەدا ... خوارەحم بەدەم فرمێسکی خۆشی وشادی یەوە پێشمەرگەکانی بەسەر دەکردەوە و وەك برای دایك وباوکی یەك یەك توند باوەشی پیادەکردن و دەیوت :

ـ رۆڵە نەبەردەکانی میللەتی کورد ، بێگومانم لەوەی ئەم میللەتە رۆڵەی بەشەرەف و ئازاو نەبەردی وەك ئێوەی هەبێت ئەوا هەرگیز شکست ناخوات ...

حەمەئەمینیش بۆ پێشمەرگەکانی هەمان هەڵوێستی هەبوو ، هیچ کات هەست بەوەنەدەکرا ئەو دەستەو پۆلە پێشمەرگەیە لەگەڵ ئەودا جودان ، ئەرسەلانیش لەنێو ئەوهێزەی حەمە ئەمینی تەوێڵەیی‌دا بوو ... زۆر نەیدەویست خۆی دەربخات و ئاگاداربوو خاڵە خوارەحمی نایەوێت چەك هەڵبگرێت ، بەڵام تێکەڵ بوونی هەر دووهێزەکە و دابەش بوونیان بەسەر گوندەکاندا بووە هۆی ئەوەی خاڵی " ناوی ئەرسەلان لە نێوناوی پێشمەرگەکاندا ببینێت ...

سەرەتا ناوی ئەرسەلانی لەلیستی دابەشکردنی پێشمەرگەدا بینی و زۆر سەرنجی ڕاکێشا ، کاتێکیش داوای کرد بیبینێ ئیدی هیچ کون و کەلێنێك نەماو ناچار لەبەردەم خاڵیدا ئامادەبوو ... هەڵوێستێکی زۆر سەخت وگران بوو ، دەمێك بوو ئەرسەلان هەوڵی دەدا نهێنی چوونە ریزی ڕێکسختنەکان و هێزی پێشمەرگەش لەخاڵی بشارێتەوە ، بەڵام ئەمجارە دەستەڵاتی نەبوو ، هەرکە کاك حەمەئەمین ناوی هێنا خێرا تاسەیەکی هات بەسەردا و وتی :



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ـ بەڵێ قوربان ... چ فەرمانێکت هەیە ؟

ـ بەڕێز کاك خوارەحم دەیەوێت چاوی پێت بکەوێت ...!

ـ بۆچی ؟!

ـ نازانم ... بەڵکو بچیت بۆ لای ...

قاچی بەئەستەم هەڵدەهێنا و دەیزانی خاڵی نیگەرانە بەو رەفتارەی و ئەوەشی زیاتر مەسەلەکەی شێواندووە ئەرسەلان بازیداوە بەسەر خاڵیدا و چووەتە ڕیزی هێزێکی دیکەی ناوچەکە و هیچ هاڵ وهەواڵێکی بەخاڵی نەداوە ، ئەم خەیالانە لەبیروهۆشی ئەرسەلاندا دەهاتن و دەچوون و نەیدەزانی چۆن پاساوی ئەم ڕەفتارانەی بکات ، بەلام بەزۆر پێینا بەجەرگی خۆیدا و لەنەفسی خۆیدا وتی :(چی دەبێت با ببێت ، خۆ کارێکی خراپم نەکردووە ... بەرگری لەنیشتمانەکەم دەکەم ... ئەی خۆی بۆچی بووە بەپێشمەرگە و وازی لەژیانی دنیا هێناوە ...؟ )

پەیتا پەیتا وەلام لە بیرو هۆشیدا سەریان دەردەهێنا تاگەییە بەردەم ئەو ماڵەی خاڵی لێ بوو تەواو خۆی یەکلاکردەوە و هیچ گرفت و دوودڵییەك نەما لەنەفسیدا ...

خوارەحمیش زۆر ئەرسەلانی خوشکەزای خۆش دەویست کاتێ دەیبینی هەستی کوردایەتی گەیوەتە ئەو ئاستەی واز لە قوتابخانە وماڵو ژیانی ئیسراحەت بهێنێ و خۆی بخاتە ئەو مەترسیەگەورەیەوە ... پێش گەیشتنی ئەرسەلان بڕیاریدابوو کار لەسەر ئەوەنەکات هەستی کوردایەتی تیایدا لاواز و کزبکات ، لەهەمان کاتیشدا زۆر بە شێوەیەکی بەرپرسانە لێی بپرسێتەوە ...

هەرکە ئەرسەلان خۆی کرد بەوماڵەدا و چاوی کەوت بەخاڵی خێرا باوەشی پیاکرد و وتی:



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ـ خاڵە گیان ... لێم ببوورە بەخوا نەموێرا خۆم ئاشکرابکەم لای تۆ ... دەمزانی رەوانەی هەڵەبجەم دەکەیتەوە ...!

کەمێك بێدەنگ بوو پاش چەند ساتێك ئەوجا هاتە قسە و وتی:

ــ باوکەکەم من دەمەوێت تۆ جارێك تۆزێ کامڵ بیت ئەوجا چەك هەڵبگریت ... هێشتا تۆ ماوتە و نازانم چۆن چۆنی پاساوی ئەم ڕەفتارەت بدەمەوە ...!

ــ خاڵە گیان ... من سوپاس بۆ خوا بەهێزم و هیچ ناتەواوییەکم نییە... ناشترسم و هەڵنایەم و سڵ لەدێویش ناکەمەوە ... !!

ئەم قسەیە خۆشییەکی بێپایانی خستە ناو دڵی خوارەحم و دەیزانی خوێنی لاوێتی لەجەستەیدا دێت و دەچێت و ناتوانێت کۆنترۆڵ بکرێت ، لەدڵیشەوە لۆمەی نەدەکرد ، ڕژێمە یەك لەدوای یەکەکانی بەغداد کارێکی وایان کردبوو هەموو دیاردەیەکی دواکەوتن و ستەملێکردن بەئاشکرا بەدی دەکرا ... وێڕای ستەمی ئابووری و گەمارۆی ڕزق و رۆزیش کەلە شێواز و تابلۆی جۆراوجۆردا خۆی دەبینییەوە ... ئەوەتا لادێییەکی خەڵکی گوندێك لەوگوندانە بۆی نەبوو تەنەکەیەك نەوت زیاتر بکرێت ...! لێی دەپرسنەوە ... یاخود حکومەت هەروەك بڕیاربوو ساڵانە توتن لەخەڵکی وەربگرێت ، کەچی ساڵی وا هەبوو نەك هەر تووتنیان لێوەرنەدەگرتن بەڵکو سەرباری ئەوەش دەبوو تووتنەکەیان بسوتێنن و نابێت هیچ کەس بیبات بۆ ئێران یان هەڵی بگرێت و بیشارێتەوە لەبەرچاوی جاش و پیاوانی حکوومەت " خۆئەگەر حکوومەت بەو بارەشی بزانیایە یەکێك تووتنی شاردووەتەوە ئەوا وەی لەحاڵی و دەبوو خێرا فریای خۆی بکەوێت و دەیەها بەرتیل و پاساو بۆ ئەو کارەی بهێنێتەوە تاوەکو دەستەڵاتداران چاوپۆشی لێبکەن ... !!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئەم ستەمانە کاریگەریەکی قووڵیان هەبوو لەسەر دەروونی لاوان و هەرگیزاوهەرگیز خواڕەحم لۆمە یاخود گلەیی لەئەرسەلان نەدەکرد " چونکە خۆشی هەر لەزووەوە کەوتبووە ژێر ئەو کاریگەریانە و بڕیاریشی دابوو ژیانی تەرخان بکات بۆ کورد و کوردستان هەتا ستەم ڕیشەکێش دەکرێت ...

ئەرسەلان لەچاوەکانی خاڵیدا زۆرمانای بەرز و مەزنی دەخوێندەوە و وایدەبینی خاڵی لەوکەسانە نیە لەسەر کوردایەتی لۆمەی بکات " بۆیە بەدەنگێکی نزمەوە وتی:

ـــ خاڵەگیان ... من دەزانم تۆ زۆر دڵسۆز و ئەمەکداری بۆ وڵات و خەڵکی ئەم وڵاتە ... بڕواناکەم لۆمە و دڵساردکردنەوە لەتۆوە ببیستم... داواکارم لێم نەگریت و ناتوانم وازبێنم و جارێکیتر بگەڕێمەوە بۆ هەڵەبجە...

پاش چەند ساتێك وتی :

ـ باوانەکەم ... من دەزانم ئەم کوردستانە چاوی لەدەستی سەدەها و هەزارەها ڕۆڵەی وەك تۆیە " بەڵام باوك ودایکت زۆر نیگەرانن ، جوابیان بۆ ناردووم و چاوەڕێن تۆ بگەڕێیتەوە لایان ... نازانم چ وەڵامێکیان بدەمەوە... ؟

ـــ پێیان بڵێ ئێوە چۆن دەتانەوێت کوردستان ڕزگاری بێت و ئامادەنین کوڕەکەتان بەخت بکەن لەپێناوی ئەو مەبەستەدا ... بۆیان بنووسە ئێوەش وەك هەزارەها خەڵکی بەشەرەفی دیکەی ئەم وڵاتە ئارام بگرن یاخود کورد ڕزگاری دەبێت یاخود کوڕەکەتان شەهید دەبێت...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئـەم قـسانەی ئەرسـەلان دووفرمێـسکی لەچـاوی خـاڵی بـەدەرکرد ، هەرچەندە خواڕەحم دەیویست فرمێسکەکانی بشارێتەوە بەڵام نەیتوانی و توندباوەشی پیاکرد و وتی :

ــ بەقوربانی ئـەو ڕۆحـەت بم ... باشـە دەوەرەلای خـۆم لەگـەڵ مندابـە ...

ــناتوانم ... لـەوێ هاوەڵـەکانم لەگەڵدایـە و دەمـەوێت تـازە لەگـەڵ کـاك حەمـە ئەمینـدابم ... زۆر پیـاوێکی چـاکە و هەسـت دەکـەم ئازایـەتی و قارەمـانێتی و جـوامێری تیـا بەرجەسـتەیە ، بێگومـان زیـاتر لـەمنیش دەیناسی ...!

ـ باشە ... هەوڵ دەدەم بەڕێگەیەکدا جوابێك بۆ فاتم و میرزا سلێمان بنێرم و دڵنیایان بکەم لەوەی باشیت ... و ئاگاشم لێتە ...

هـەر بـۆ ئێـوارەی ئـەو ڕۆژەش هێـزی پێـشمەرگە سـەنگەریان لـەدەوری چـەمی زەڵمـدا لێـدا و توانیـان پێگەیـەکی مەحکـەم هەڵبـژێرن کـەدوژمن نـەتوانێت لەپردەکـە بپەڕێتـەوە ... ڕەشاشـەکەیان دابەسـت لەسـەر گردیگۆو هەموو ئامادەباشییەکیان وەرگرت ...

هێـزی پێـشمەرگە لەوگوندانـەدا دامـەزرابوون و مەفرەزەیـەکیش ئامادەبـاش بـوو لەسـەنگەردا و ناوبـەناو دەگـۆڕان ، خـەڵکی گونـدەکان خزمـەتێکی زۆر گـەورەی پێـشمەرگەکانیان دەکـرد و هیواکانیـان وابەسـتە بووبوو بەوانەوە ...

*    *    *

ئەرسـەلان لـەنێو هاوەڵەکانیـدا لـەماڵی مـام حەسـەن بـوو زۆر خزمـەتیان کـردن ، ئەوشـەوە ئەرسـەلان خـەو نەدەچـووە چـاوەکانی و بـیری لەوقسەو



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

گفتوگۆیە دەکردەوە کەلەگەڵ خاڵیدا کردبووی ، بەبیریشیدا هات نامەیەك بنووسێت بۆ ماڵەوە ، لەناکاو شیرینی حەسەنە ئەفەنی بیر کەوتەوە و تەزوویەکی پڕ لە خۆشی و ئەوین هات بەسینەیدا و خێرا شیرین هاتە بەرچاوی و بەجل وبەرگی بووکێنیەوە ، گەرمەی هەڵپەڕکێ و شایی بیری مەست و حەیران کردبوو ، بزەی شادی لەسەر لێوەکانی دەبینراو واهەستی دەکرد بەئەزموونێکی گەورەدا تێپەڕیوە و ئەم شەڕەش ئەڵقەیەکی گەورەی ئەو ئەزموونەیە ... توانی لەبەردەم ستەم وزوڵمدا بوەستێت و ئازایانە لەماڵ دووربکەوێتەوە و چەك بکاتە شانی " ئەوچەکەی لای ئەرسەلان بووبوو بەناونیشانی ژیانی و هەمیشە هەر لەمنداڵیەوە ئاشنابوو پێی و ڕووداوی جۆراو جۆر هاتبوو بەسەریدا ... بێئەوچەکە نەدەژیا " چونکە زاڵمەکان سڵ لەچەك نەبێت لەهیچ شتێکی دیکە ناکەنەوە ، ئەوچەکە ڕەمزی هێزە مادام بەرامبەر چەك بەرەمزی ستەم دەزانێت ... !!

لەنێوجێگەکەیدا تەپ و تلی دەدا و یەکێکی تریش هەروەك ئەو خەوی لێنەدەکەوت ، ئەویش شاکری نەجم تەوێڵەیی بوو ، لاوێکی جوانکیلە و گورج و گۆڵ بوو ، هەردوو لاو بەحاڵی یەکیان زانی و شاکر بەدەنگێکی نزمەوە وتی :

ـ ئەرسەلان بۆ ناخەویت ؟

ـــ خەوم نایەت ... نازانم لەدەریایەکی پڕ لەئەندێشەو خەیاڵدا مەلەدەکەم ...

شاکر لەسەر جێگەکەی بەرزبوویەوە و وتی:

ـــــ منیش هەمان دەردی تۆم هەیە ... نازانم بۆچی خەوم لێناکەوێت... هاوڕێکانمان لەگەرمەی خەودان ... !!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ـ پێم بڵێ تۆ بیر لەچی دەکەیتەوە ...؟

ــ بیر لەزۆرشت ... ژیانمان ... باوك و دایکم و خوشك و براکانم...لەگەڵ ...

شاکر ئەمەی وت و بێدەنگ بوو ... ئەرسەلانیش زۆر تامەزرۆبوو قسەکانی تەواو بکات و بەپەرۆشەوە وتی:

ـ کێی تر ؟!

شاکر چەند ساتێك بێدەنگ بوو ئەوجا وتی :

ـ پێت دەڵێم بەلاَم دەبێت بەڵێنم بدەیتێ لای کەس باسی نەکەیت

ـ بەوپەڕی دڵنیایییەوە ...

ــ حەزم لەکچی دەرەبەگی گوندێکە " پێش ئەوەی چەك هەڵبگرم ، زۆر هەوڵمدا بیخوازم بەلاَم نەیان دامێ ... ئای چەند زوڵم و ستەممان لەسەرە... تەنها لەلایەکەوە گیرمان نەخواردووە ...!!

ــ بۆچی نەیان دایتێ ؟

ـ ئاخر ئەوان دەرەبەگن و ئێمەش جووتیارین ... توخوا کەی ئەمە ڕەوای حەقە ...؟!!

ـ خۆ ئەو مەسەلانە تەواو کاڵ بوونەتەوە ...

ــ هێشتا هەر ڕەگی لەنێو دڵی کەسانێکدا ماوە و چاوی بەرایی ناهێنێت کچەکەی بدات بەکوڕە جووتیارێك کە تادوێنێ لەزەوییەکەیدا کاری کردووە ...

ئنجا شاکر لەسەر جێگەکەی قنج دانیشت و وتی :

ــ ئەی تۆ بیر لەچی دەکەیتەوە پاڵەوان ، ناشێ بڵێی من دەنکم نییە و بیر لەشتێکی دیکە دەکەمەوە ...؟!!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئەرسەلان ڕۆح سووکی و هاوەڵایەتی ئەو لاوە چووبووە نێو دڵی و وتی :

ـ منیش گیرۆدەی دەستی یەکێکم ، بەڵام من هیچ کۆسپ و گرفتێك نییە لەرێ بەیەك گەیشتنمان جگە لەوەی پێشمەرگەم ، بەتەمابووم بنێرمە داخوازی ئەگەر داوانەکرایانیە و چەکمان هەڵنەگرتایە ...

ـ ژیانێکی تاڵمان هەیە و دەبێت هەوڵ بدەین ئەو ناسۆری و تاڵییەی بەسەر خۆماندا هات نەیەڵین بەسەر منداڵەکانماندا بێت و وڵاتیان بۆ رزگار بکەین ...

ـ منیش هەر بیر لەوەدەکەمەوە و ئەم چەکەم بۆ ئەو مەبەستە کردووەتە شانم ، نابێت بیڵێن ستەم و زوڵم و زۆرداری سەر دەربهێنێت...دەمێکە گیرۆدەین ... هەر دەمەی بەچەشنێ ...

شاکر هەستی بەخۆشحاڵییەك دەکرد واهاوڕێیەکی نێو مەفرەزەکەی زیاتر لەگەڵیدا نزیکبووەتەوە و واهەستی دەکرد دەستکەوتێکی گەورەی دەست کەوتووە پاش ئەوەی ئەو رۆژە هێزەکانی حکوومەتیان شکاند و رووە و سەید سادق ڕاویان نان ...

لەگەرمەی ئەم بیرکردنەوەیەدابوو هات بەخەیاڵیدا لە ئەرسەلان بپرسێت ئاخۆ کاك خواڕەحم بۆچی بانگی کردووە بەڵام وای بەباش زانی خۆی لەکاروبارەکانیدا هەڵنەقورتێنێت و ئەو چەند دەمەتەقەیە بەس بێت و بێدەنگ بێت باشە ...

هەردوو لاوەکەش بەبێدەنگی پاڵ کەوتنەوە و پاش چەند ساتێك خەویان لێکەوت و شەویش باڵی کێشابوو بەسەر گوندەکەدا و تەنها وەڕینی سەگ و قووقەی کەڵەشێر نەبێت هیچی دیکە نەدەبیسترا ...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

*        *        *



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

(6)

دانیشتوانی شاری هەڵەبجە زۆر بە پەرۆشەوە چاودێری ئەو شەڕوپێکدادانەیان دەکرد کەلەدەوری سەید سادق روی‌دەداو بەگیرهێنانی زەعیم سدیق لەلایەن پێشمەرگەی کوردستانەوە بووبوو بەباسی هەموو کۆڕ و مەجلیسێك .......

وێڕای ئەوەی دانیشتوان لەناخەوە خۆشحاڵی‌یان دەردەبڕی بەرامبەر ئەو سەرکەوتنانەی هێزەکانی پێشمەرگە و سەنگەرلێدانیان لەدەوری پردەکەی زەڵم ، لەهەمان کاتیشدا دەترسان لەوەی دەرەنجامی شەڕ بە پێچەوانەوەبێت و لەکۆتایی‌دا ئەوهێزە بتوانێت بەرەو هەڵەبجە بکشێت ...

لەنێوان ترس و دڵەراوکێ و دڵخۆش بوون بەسەرکەوتنەکاندابوون ، جاربەجارێکیش فڕۆکە قەسفی قەراخی شار وبنکەکانی هێزی پێشمەرگەی دەکرد وهێمنی شاری دەشڵەقاند ... جەماوەریش خۆیان چەکدارکردبوو بەڕۆحێکی پڕ لەبەرگری و بەرەنگاریی ، هەرچەندە ئیدارەی شار بەدەست قائیمقام و بەرپرسانی حکوومەی‌یەوەبوو بەلاَم هێزی سوپا و چەکمەی سەربازی کەوتبووە ئەودیو پردەکەی زەڵم و ، هەڵەبجە وەك ناوچەیەکی ئازاد وابوو ... پێشمەرگە ئازادانە لەنێو شاردابوون و هاتووچۆیان دەکرد ، خەڵکی سەرباری ئەو بارودۆخە ئێواران ڕوویان دەکردە باخەکانی دەوری شار و تیایدا هەناسەیەکی پڕ لەئاسوودەیی‌یان هەڵدەمژی ... باخی پاشا کە کەوتبووە سەرووی گەڕەکی پاشا و پڕبوو لەمیوەو گوڵ وگوڵزار و جێگەی پیرو گەنج و لاوبوو بۆبەسەربردنی کاتێکی خۆش ، ئێوارەیەك لەوئێوارانە میرزا زۆر بێ‌تاقەت بوو ، پێش وەخت چایخانەکەی داخست و بەڕاستە ڕێ‌یەکدا سەرکەوت



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

تاگەیشتە باخچەی پاشا ... لەوێ تەماشای کرد خەڵکی پۆل پۆل ڕوو دەکەنە باخچەکە و هێمنیەك لەپاڵ دارو گوڵ و گوڵزاری باخچەکەدا دروست بووبوو ...

لەنێو ئەو حەشاماتەدا چاوی کەوت بە حەسەنە ئەفەنی و بینی لەسەر سەکۆیەك لەپاڵ دارێکدا دانیشتووە ... سەرەتا دوودڵ بوو لەوەی بچێت بۆ لای چونکە دەیزانی حەسنە ئەفەنی شاعیرە و پێی دەچێت رۆچووبێت لەبەیتێ شیعر و بیەوێت شیعرێك بنووسێت یاخود بیرۆکەی شیعرێك داڕێژێت و گەلاڵەبووبێت لەبیریدا ، بەلاّم خۆی پێ ڕانەگیراو هەستی دەکرد پێویستی بەیەکێکە قسەی لەگەڵدابکات ، بەهێواشی لەپشتەوە هاتە پاڵی و وتی :

ـ سەلامو عەلەیەك ...

حەسنە ئەفەنی کەمێك ڕاماو ئەوجا وتی :

ـــ عەلەیکە سەلام میرزا ... ئەوە لەکوێوە ؟... وادیارە تۆش دەگەڕێیت بەدوای کەشێکی هێمن و پڕ لەئاسایشدا تا باری دەروونت هێمن بکەیتەوە ...

ـــ بەڵێ قوربان ... فەرمایشتە ... زۆر دڵتەنگ بووم و حەزم کرد کەمێك خەم بەبابدەم ...

ــ ناحەقت نیەیە ... گەرچی تائێستا هێزی پێشمەرگە توانیویانە نەیەڵن ئەوهێزە بێت بەرەو هەڵەبجە بەلاّم کەس ناتوانێت گرەنتی بدات بەوەی ئەم بارە تاسەر دەبێت ...

ــ قوربان ئەو خوێن ڕێژانە دەیانەوێت ئەم شارەمان لێ بشێوێنن و هەموومان بکوژن و ژن و کچەکانیشمان فەساد بکەن ...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ــ بێگومان بە لەوە میرزا .... هێزی داگیر کەران دڵیان ناسووتێ بەمیللەتێکی دیکە و وەك غەنیمەیەك تەماشای دەکەن ...

ــ دەڵێن ئەو زاڵمە هەر گوندێکی ئەو رێگەوبانە ملکەچی‌یان بۆ نەنواندبێ ئەوا پیاوەکانی گوللەباران کردووە و دێ کەشی سووتاندووە...!!

ـ بەڵێ ... بەڵێ ...

ــ ئاخۆ گوناهی ئەو خەڵکە چی بێت " هیچ گوناهێکیان نی‌یە لەوەزیاتر کە کوردن ... کوردبوون ئەمڕۆ لەدیدی ئەو زاڵمانەدا ستەمە ...

ــ بەڵێ ... کورد بوون بووە بە ستەمێك و یەخەی هەموو کوردێك دەگرێت و دەبێت هەریەك لەئاستی خۆیەوە بەشداری بکات لەم شۆڕشەدا بەڵکو ڕزگارمان بێت و کەمێك بحەوێینەوە ...

یەکسەر خەیاڵی ڕۆیی بۆ لای ئەرسەلانی کوڕی و خەریك بوو بەشانازیەوە بڵێت منیش ئەرسەلانی کوڕەتاقانە و نێونیگای چاو و جگەر گۆشەم پێشمەرگەیە ... بەڵام هەر زوو پاشگەزبوویەوە و واهاتە بیریەوە نەبادا حەسنە ئەفەنی بەفشەکەر و خۆهەڵکێشی دابنێ ، خواشکردی حەسەنە ئەفەنی خۆی باسی‌کرد و وتی :

ـ میرزا هەواڵی ئەرسەلان چی‌یە ؟

ئەم پرسیارە دەلاقەیەك بوو بەڕووی میرزادا تاوەکو باسی کوڕەکەی بکات ، بەهێواشی وتی :

ــ لەنزیك گردی گۆن  پارێزگاری دەکەن لەپردەکەی زەڵم ...

حەسەنە ئەفەنی پێشتر دەیزانی ئەرسەلان چووەتە دەرەوە و بووە بە پێشمەرگە و تەنها لەشوێن و جێگەی بێ‌خەبەربوو و ، لەڕێگەی شیرینی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**کچی‌یەوە جاربەجارێك هەواڵی دەبیست و ئەویش نەیدەوێرا بەئاشکرا باسی بکات بەڵکو لەدەمی ئامینەوە هەمووشتێکی دەگێڕایەوە ...!!**

**میرزا حەزی دەکرد زیاتر تیشك بخاتە سەر ڕۆڵی پێشمەرگە و دەیویست لەنێوئاخنی ئەوباسەیشدا باسی کوڕەکەی بکات دوای چەند ساتێك بێدەنگی وتی :**

**ــ ئەو خوێن ڕێژە چەند جارێك هێرشی هێناوەتە سەر پێشمەرگەی کوردستان و شکاندویانەتەوە بەدیوی سەید سادق دا ... بەخوا ڕۆڵەی ئەم وڵاتە قارەمانن ...**

**ــ بەڵێ ... ئاخر هەریەك لەوپێشمەرگانە پێشتر تاڵاوی دەستی ئەو زاڵمانەمان چەشتووە و دەزانن مەحاڵە چاکە لەدەستی ئەوانەوە ببینن ... دەبێت سەرجەم کاروباری وڵاتی خۆت لەلایەن خۆتەوە بەڕێوەبڕوات ...**

**ــ بەڵێ وایە ...**

**ــ میرزا هەرگیز نیگەران مەبە بەوەی تاقە کوڕەکەت بووە بە پێشمەرگە، شانازی پێوەبکە ، ئەو لاوە زۆر سەکەوتو دەبێت چونکە غیرەت و شەرەف لەخوێنیدا دەگەڕێ و بەرگری دەکات لەخاك و نیشتمان و پەرێزەکانی وڵاتەکەی ...**

**ــ وەڵڵاهی من نیگەران نیم بەڵام جەرگمە و زۆرم خۆش دەوێت ، خۆشت دەزانیت جەرگ چ زاڵمێکە ...**

**ــ ئەگەر ئێمە هەستی بەرگریمان تیادا دروست ببێت و لەناو خێزانەکانماندا ئەم هەستە پەرەپێ بدەین و لەگشت ناوندێکماندا باسی بکەین ئەوا چارەنووسێکی ڕۆشنمان دەبێت ... نابێت بۆ تەنها ساتێکیش دڵی دوژمنەکەمان خۆش بکەین ... ئێمەش مافی خۆمانە وەك گەلانی‌تر بژین و سەرجەم مافەکانمان دەستەبەر بکەین ...**



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئەم قسانە سارێژکاری برینەکانی میرزا بوو و ، دەیشی زانی حەسەن ئەفەنی پیاوێکی خوێندەوار ورۆشنبیرە و هەر قسە و وتەیەکی ماناو واتایەکی تایبەتی لەخۆگرتووە ، سەرەڕای ئەوەش حەسەن ئەفەنی خۆی لەژێرەوە جار بەجارێ شیعر بۆ شۆڕش دەنووسێ و بەنهێنی بۆیان ڕەوانە دەکات ...

باخچەی پاشا وردە وردە چۆڵ دەبوو لەخەڵکی و تیشکی خۆریش بەهێواشی بەرەو ئاوابوون دەچوو ... بۆنی خۆشی گوڵ و گوڵزاری باخچەکەش ئەو دەرووبانەی پڕکردبوو ، زیاتر نەفسی ئامادەبووانی دەکردەوە و زام و ناسۆرییەکانی بۆ چەند ساتێکی کەم لەبیر دەبردنەوە...

حەسەن ئەفەنی هەستایە سەرپێ و وتی :

ـ میرزا با ئێمەش بکەوینە خۆ بەرەوماڵەوە ...

بێ ئەوەی میرزا هیچ بڵێت شانبەشانی حەسەن ئەفەنی باخچەکەیان بەجێهێشت وبەرەو ماڵەوە گەڕانەوە...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

( 7 )

شکست هێنانی هێزەکانی زەعیم سدیق خەشم وقینی زیاتر پەنگداو وەهای لێکرد زیاتر خەشم ورق هەڵبگرێت لەهێزی پێشمەرگە و ئەمجارە خۆی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی جەللادەکانی بکات ...

شەش ڕۆژ دوای ئەو شکستە هێشتا هێزی پێشمەرگە پشووی نەدابوو ، زەعیم سدیق کەوتە نەخشەو پلان دانان بۆ کۆنترۆڵ کردنی بارودۆخەکە و هاتن بەرەو هەڵەبجە .

بەیانی‌یەك هەر زوو جاش و سەرباز و حەرەس قەومی هێرشیان هێنا... پێشمەرگەکان دابەش بووبوون بەسەر ئەم بەراوبەری جادەکەدا و هەر دەستەیە بەجیا سەنگەرێکی لێدابوو... ئەرسەلان ئازایانە بەچەکەکەی دەستی تەقەی دەکرد و چەند جارێك خوارەحم داوای لێکرد زۆر هەڵنەسێت لەسەنگەرەکەدا و لەجێی خۆیەوە تەقەبکات ، حەماس و هەست و سۆزی بۆ نیشتمانەکەی و بڕوابوونی بەڕەوایی مەسەلەکەی وایان لێکردبوو سڵ لەهیچ نەکاتەوە و هەمیشە لەسەنگەری پێشەوەدابێت...

ئەو ڕۆژەش شەڕێکی قورس ڕویداو هێزەکەی دوژمن توانی‌یان لەشکاندنیاندا دوو پێشمەرگە گەمارۆبدەن و دەستگیریان بکەن ، ئەو دووپێشمەرگەیەش بەردەوام بوون لەتەقە تاوەکو فیشەکیان پێنەما و دوژمن لێیان نزیك بوونەوە و تەوقیاندان .... ڕۆح و هەستی شۆڕش لەنێو خوێنیاندا دەگەڕاو کاکەحەمەیان کە پێشمەرگەیەکی ئازاو چاونەترس و جەربەزە بوو " پەلاماری دەبابەیەکی‌داو ویستی سەرنشینی نێو دەبابەکە بگرێت و نەیتوانی و دەستگیریانکرد هاوەڵەکەشی دوابەدوای ئەو بەدیل گیرا ...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

هەرچــەندە شــەڕەکە ئەمجارەشــیان لەبەرژەوەنــدی پێــشمەرگەکان تــەواوبوو " بـۆ جـاری دووەم دوژمنیـان بەوهـەموو هێـزەوە بەزانـد ، بـەڵام دەســتگیرکردنی ئــەو ڕۆڵــە قارەمانانــە کاریگــەری زۆری هــەبوو لەســەر دەروونــی پێــشمەرگەکان ... دوژمنــیش زۆر دڵڕەقانــە کەوتــە گیانیــان و حەمەو هاوەڵەکەیان بەشێوەیەکی دڕندانە شەهید کرد ...

پـێش ئـەوەی شـەهیدیان بکـەن ئەفسەرەکان ئـەم دوو قارەمانـەیان باڵ بەسـتکردبوو ... دەیـان ویـست زەلیـل و ملکەچـیان بکـەن و ئەوسـا بیـان کـوژن ، ئـەوانیش ئازایانـە ڕووبـەڕووی چارەنووسـی خۆیـان بوونـەوە و بـۆ تـەنها سـاتێکیش سـەریان دانەنوانـد و بەرامبـەری مـەرگ شـاخێکی پتـەو وپۆڵایین بوون ...

دەمەو نیوەڕۆ بوو ، تازە خەریك بوو گەرما جەستەی مرۆڤی پەرێشان دەکـرد ، دەشـتی شـارەزووریش سـوور هەڵگەڕابوویـەوە لەبـەر تیـشکی خــۆردا ... حەمــەیان بەســت بــە پاشــی تانکێکــەوە و ڕایــان کێــشا بەناوشارۆچـکەی سـەید سـادقدا ... خەڵکەکـە لەترسـا تـەواو زنـدەقیان چووبوو ... زەعیم سدیق بەودیمەنە خەریك بوو تووشی گەشکە دەبوو... پێـشمەرگەکەی دیکەشـیان گوللـەباران کـرد و بـەمردوویی ڕایـان کێـشا بـەدوای تـانکێکی دیکـەدا و پـەیتا پـەیتا چـەپڵەیان لێـدەدا و هوتافیـان دەکێــشا ... ! حەمــەو هاوەڵەکــەی چاوەگەشــەکانیان لێــك نــاو و دوا هەناسەیان هەڵکێشاو ، بۆ کوردستان گیانی خۆیان بەخت کرد ...

ئەفسەرانی حەرەس قەومی دڕندانـە دوای مـردنیش وازیـان لێنـەهێنان و جەستەیان لەت وپەت کردن ... !

دوژمنان لەو دیمەنە مەرگەساتاوییەدا تام وچێژیان وەردەگرت و قاقا وپێکـەنینیان دەنوانـد ، بـۆ سـووکایەتیکردن بەجەسـتەکانیش شـەقیان



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

تێهەڵـدەدان و هـەوڵیان دەدا زۆرتـرین جـامی خەشـم و قینـی شكـستیان بەوان بڕێژن ... !

سەربازانی زەعیم سدیق كەپرێكیان بۆ دروستكردبوو ئەویش فەرمانی پیاو كوشتن و جینۆسایدی تیادا دەردەكرد و بەهۆی شكستە یـەك لـەدوای یەكەكانـەوە خـەریك بـوو لـەداخا گیـانی دەسپارد ...  هێرشـی ئـەو هـەموو هێـزەی هێنـابووی شكـستی خـوارد و نـەیتوانی بەسـەر ئـەو ژمارەكەمـەی پێشمەرگەدا زاڵ ببێت ...

ئەفـــسەرانی نـــاو ســـوپاكەش تووشـــی بێـــزاری و مانـــدوبوون و شـەكەتی‌یەكی زۆر هـاتبوون ... خـەریك بـوو ورەیـان دەڕووخـا سـەرەڕای ئـەو هـەموو چـەك و دەبابـەو زریێ پۆشـانە هـیچ ئومێـدێكیان نـەمابوو ... گیریان خواردبوو بەدەست پێشمەرگەوە و نەیان دەزانی چۆن بپەڕێنەوە بـۆ نێو هەڵەبجە و ناوچەی هەورامان ...

ئەرك وباری سوپا و جاشەكان كەوتبووە سەر هاوڵاتیانی سـەید سـادق و گونـدەكانی دەوروبـەری و بـە زۆر ئـاژەڵ و بـەروبوومی خـەڵكیان زەوت دەكـرد، ئەگـەر سـادەترین ڕەخنـە و نكوولیـشیان دەربڕیایـە ئـەوا خۆیـان وماڵ و مناڵیان بەر سوتان و تاڵانی و گوللەباران دەكەوتن ...

هەناسەی خەڵكی سوار بووبوو ... چاویان بەقووڵاچووبوو ، گیانیـان ڕۆژ تـا ئێـواریێ دەلـەرزی و لـەكارو كاسـبی بووبـوون و تـاو تـاو ڕۆڵـەكانیان دەستگیردەكران ، یـاخود دەكـوژران بـیێ هـیچ تۆمـەتێك تـەنها تۆڵەكردنـەوە نـەبێت لەوشكـستی‌یەی دەسـتەو یەخـەیان دەبـوو، هـەركات هێرشـێكیان بكردایە ...

*        *        *



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ڕۆژێـك بەسـەر شكـستەكەی زەعـیم سـدیقدا ڕانـەبورد وجـارێكی تـر هێزەكـانی ڕێكخـستەوە و دانیـشتنێكی بەئەفـسەر و جاشـەكان كـرد ، تووڕەیی لەدەموچاوی دەباری و هەركە دەستیكرد بەقسە ڕووی تێكردن و وتی :

ــ ئێـوە هـیچ كامێكتـان پیـاونین ... ئەگـەر پیاوبوونایـە چـەند ڕۆژە هەوڵی ئەوە دەدەن ... پردێك كەبەبازێك دەچیتە ئەوبەری " دەتـان توانی بیگرن ... نازانم چۆن ناوی خۆتان ناوە پیاو ...! بـەم هـەموو دەبابـە تانك و فڕۆكە و ... كەچی زەلیل وملكەچن پاش چەند سەعاتێك تێكدەشكێن و هەڵدێن ... !

یەكێك لەئەفسەرەكان هەڵیدایە و وتی:

ــ قوربان ئاخر ئەوان دامەزراون و شارەزای ناوچەكەن ... !

حـرس وتـووڕەیی گرتـی وچـاوەكانی سـووربوون و بـەدەنگێكی بـەرز وتی:

ــ گێلـە ... گەمـژە ... ئـاخر ئـەوان نیـوەی ژمـارەی ئێـوە نـابن و بەئەنـدازەی مـسقالێك چـەكی وەك ئێوەیـان پێنییـە ... بـۆ نـاڵێن ئێمـە ترسنۆكین و ئەوان ئازان ... ئەوان لێهاتوون و ئێوە...!!

جاشـەكان لـەم كـەین و بەینـەدا بـێ دەنـگ بـوون ، زەعـیم سـدیق ئەوانیشی بێبەش نەدەكرد لەم سوكایەتییە و رووی تێكردن و وتی:

ــ ئەی ئێوەی ترسنۆكی دۆڕاو ... پێشتر نەتان دەوت ئێمە شارەزای ناوچـەكەین و هیـچمان لێ وون نابێـت ... نـەتان دەوت تـا شـنروێ و سەرجەم سنوورەكان ئەو چەتە و تێكدەرانە ڕاودەنێین ؟! كوا بەڵێنـەكانتان ... دەك بـەخێر نەیەنـەوە و ئێـوە لەنامـەردی و ترسـنۆكیدا وێنـەتان نییـە ... !!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

هــەموو بێــدەنگ بووبــوون و واقیــان وڕمــابوو ، هەنــدێکیان لەترســا گیانیــان دەرلــەرزی و بەئەســتەم تفیــان بــۆ قــووت دەدرا ، دەتــوت بتــێکن و لەشوێنی خۆیاندا وشك بووبوون و بێ جم وجووڵ ڕەق ڕاوەستابوون ...

لەناکاو هەستایە سەرپێ وکێشای بەزەویدا و وتی :

ــ بۆچی بێدەنگ بوون ئەی کوڕی ... ئێوە لە ... سوکترن ... !!

هــــەموو دەترســــان فــــەرمانی گوللــــەبارانیان دەربکــــات و بەناچــــاری ئەفسەرێکی ڕەش و ڕەزاگران هەستا و وتی:

ــ چی دەڵێیت ئێمە لەگەڵتاین و هیچ نکوڵیەکمان نیە لەسەر قسەو گوفتە پیرۆزەکانت ... هەمووی ڕاستن و بوارمان بدە سبەینێ زوو سەریان پان دەکەینەوە ...

تازە خەریك بوو زەعیم سدیق کەف و کوڵی نێودەروونە نەخۆشەکەی دادەمرکایــــەوە و تۆزقاڵێــــك هێمنــــی ڕووی تێــــدەکرد ، بــــەم قــــسانەی ئەفسەرەکە بزەیەك کەوتە سەر لێوەکانی و بۆجارێکیتر حەماس گرتی و حەز وئارەزووی فەرمان دەرکردن باڵیان کێشا بەسەریدا و وتی :

ــ با هەریەك لەئاستی خۆیەوە بزانێت ... ئەگەر سبەینێ ئەو ڕێگەیە نەگرین وبەرەو هەڵەبجە بەڕێ نەکەوین ئەوا مردنی هەمووتان مسۆگەرەو دەتــــان دەم بــــەدادگای ســــەربازی و چ تۆمــــەتێکم بوێــــت دەیخەمــــە ئەستۆتان...تێگەیشتن ...

هەموو بەیەك دەنگ وتیان :

ــ قوربان فەرمایشتە و چی دەفەرموویت ئامادەین ...!

ئنجا نەخشەوپلانی جەنگی بۆ جاری سێهەم خستەوە بەردەمیان و ئەمجارەشیان زۆر بەلێزانانە و ، سەرجەم هێزەکەی خستە جموجووڵ و وتی:




PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ـ هێزەکەمان دەکەین بەسێ بەشەوە ... بەشێکیان لە(قاجرە)وە و بەشێکیان لە(گێڵەکەوە) و بەشێکی دیکەش لەسەرجادەوە ... هەوڵ دەدەین پشتیان لێ بگرین و نەیەڵین تاقیان لێدەربچێت ...

پاشان هەموو ئەفسەرەکان ڕەزامەندی خۆیان دەربڕی بۆ نەخشەو پلانەکەی و ئەویش بەهێزەوە هەستاو سەرجەم ئەفسەر و جاشەکان لەبەریا هەستان و تەحیەی شکۆدارییان بۆ کرد...!!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com





PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## (8)

شەو تاریك بوو ، ئەستێرەكانی ئاسمانیش بەكزی تیشكی خۆیان پەخش دەكرد بەسەرچەمی زەڵمدا... ئەرسەلان لەگەڵ شاكری هاوڕێیدا لەسەنگەرێكدا بوون و لەڕێگەوبان و جموجووڵی ناوچەكە ورد دەبوونەوە...

هاوڕێكانیشیان دابەش بووبوون بەسەر ئەم پەڕاوپەڕی پردەكەدا و لەسەروو هەمووشیانەوە ڕەشاش بەدەستەكەیان دانابوو لەسەر گردەكەیگۆ ... ڕۆژێكی سەخت لەكوشتارو بڕینیان بەڕێكردبوو ، كزەیەكی ساردی ڕەشەبا دەهات بەچەمەكەدا و هەریەك لەپێشمەرگەكانیش خۆیان پێچابوویەوە و دەست بەچەك بوون و گوێ قولاخ بوون بۆ دەنگ و ورتەی ئەو ڕێگەو بانە...

هەردوو هاوڕێ " ئەرسەلان و شاكر لەوشەوەوە كەلەگەڵ یەكدا دوابوون زیاتر لەپێشمەرگەكانی هاوڕێیان تێكەڵ بوون لەگەڵ یەكدا، هەمیشە بەیەكەوە بوون بۆ شەڕ و پشوودان و حەسانەوە ...

واقەواقی بۆق و سیسرك كەش و باری چەمەكەی داگرتبوو ، ئەرسەلان بەدڵنیاییەكی پڕ لەئومێدەوە وتی :

ــ چاك دوژمنمان شكاند و بەڕووی سەید صادقدا ڕاومان نان ...

شاكر هێشتا دیمەنەكانی جەنگ و تەق وتۆق لەسەر بیری دوور نەكەوتبووەوە و بەبێزارییەكەوە وتی :

ــ ئای شەڕ ... چەند خراپ و ناقۆلای ... !!

ئەرسەلان زۆر سەرسام بوو لەم قسەیە و بەلایەوە سەیر بوو ئەم كوڕە ئازاو دلێرە قسەیەكیوا بكات ، تۆبڵێی بێزاربێت لەپێشمەرگایەتی ،



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بڕوای نەدەکرد چونکە هیچ کەس زۆری لەکەس نەکردبوو ببێت بەپێشمەرگە ، هەریەك لەوپێشمەرگانە بەویستی خۆیان هاتبوون ...

شاکریش بەش بەحاڵی خۆی هەستی بەم سەرسامیەی ئەرسەلان کرد و نەیدەویست هاوڕێ گیانی بەگیانیەکەی ویڵی بیرکردنەوە و گومانی خراپ ببێت و وتی :

ـ دەگونجێت وابزانی من لەم ژیانی پێشمەرگایەتیە بێزارم ، بەلاّم وانیە و مەبەستم ئەوەنیە تاقەتم چووبێت ، یا وەڕس بووبم " بگرە ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر ئالوودەی ئەم ژیانە دەبم و ڕادێم لەسەری ...

ئەرسەلان خەریك بوو بپرسێ ئەی بۆچی وا دەڵێیت ، شاکر خۆی پێشی کەوت و وتی :

ـــ شەڕ واتە بارودۆخێکی نالەبار و پڕ لەمەرگەسات ، یاخود وێرانکاری و دەربەدەری و ماڵوێرانی ، بۆ هەردوولای شەڕکەر ، ئاشتیش هێمنی و ئاسایش ودڵنیایی دەخاتەوە لەولاّتدا و خوێنی خەڵك و ڕۆڵەکان نارژێت... ئێمە چەند رۆژە لەم دەرودەشتەین و ئەوهێزەداگیرکەرەش بەهەمان شێوە ... زیاد لەوە بووین بە ئەرك بۆ خەڵکی ...

ئەرسەلان هەناسەیەکی هەڵکێشاو وتی :

ـــ بەلاّم ئێمە پارێزگاری لەبەهاو پێکهاتە مەزن و پیرۆزەکانی ئەو خەڵکە دەکەین ...

ـــ ڕاستدەکەی ... ئێمە هەست کردن بە بەرپرسیاریەتی و زوڵم و ستەم وای لیَکردووین سڵ نەکەینەوە و بەچەکێکی سادەی وەك شەستیر و برنەو و یانزە تیر بەرەو مەرگ هەنگاو هەڵ بگرین ... بەلاّم لەڕاستیدا شەڕ هەر خۆی دیاردەیەکی ناشارستانیی و پڕ لە نەهامەت و ئاشووب و دەردە سەرییە ...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ـــ ئەم زاڵمانەی ئێمە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەین بێگومان بە لەوەی ئەگەر بەزۆر مافی خۆمانیان لێنەسێنین هەرگیز سۆز و ڕەحم و بەزەیییان لەدڵدانییە و لەپێناوی نیازی گلاوویپیسی خۆیاندا گوند و دێهاتەکانمان دەسووتێنن و سووکایەتی بەپیرو پەك کەوتەکانمان دەکەن ولاوەکانیش گوللەباران دەکەن ، یاخود لەزیندانەکاندا دەیان ڕزێنن ... !!

ـ ئەو ئاشتیەشی ئەوان لەگەڵ ئێمە دەیکەن هەمووی بۆ بەهێزکردنی پلەوپایەی خۆیانەو هەرجارە بە قسەوگفت و بەڵێنێك چاوبەستمان لێدەکەن...!

ـــ کەواتە ئێستا لەگەڵمدای بەوەی بەزەبری ئەم چەکە نەبێت مافەکانمان دەست ناکەوێت و ئەم وڵاتە ڕزگاری نابێت ...؟

ـــ تەواو قەناعەتم بەوە نییە " هەرچەندە چەکیشم هەڵگرتووە و لە ڕیزی پێشمەرگەدام ، من دەڵێم دەبێت لەنێو ڕیزەکانی دوژمندا کەسانی عاقڵ بدۆزینەوە و گفتوگۆیان لەگەڵدا بکەین ئەوانەی مەبەستیان هەڵخەڵەتاندن و خۆ تۆکمەکردن نییە لەئاشتی و دانوستان .....!

ئەرسەلان حیرس گرتی و بەپەلە وبێ هیچ پێشەکییەك وتی :

ـــ ئەوان حەرەس قەومی و بەچەکە بەعسییان تێدایە ، ئەوان شۆفێنیزم و زەعیم سدیق و دەیەها زاڵم و خوێن ڕێژی دیکەیان تێدایە.... ئەبەد وا گومان نەبەیت هیچ گەلێك تەنازول بۆ گەلێکی دیکە دەکات ... هەموویان بەخوێنی سەری ئێمە تینوون و دەبێت تا سەریان پان نەکردوینەتەوە و حەیاو شەرەفیان هەتك نەکردووین ئێمە دەستپێشخەری بکەین و لەگۆڕەپانی جەنگدا تەختیان بکەین ... !



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

شــاكر ئــەم حــەماس و ئازایەتیــەی ئەرســەلانی زۆر بــەدڵ بــوو ، خوازیاریش بوو کەمێك لەبازنەی عاتیفەگەری بێتە دەرەوە و تام وچێژی ئاشتی بچێت بەدڵیداو هەستی پێبکات ، بۆیە بەهێمنی وتی :

ــ باشە من پرسیارێك لەتۆ دەکەم " ئایا لەناو خۆماندا پێشمەرگە و جاش نییە ؟

ــ با ...

ــ هەردووکمان ڕۆڵەی یەك میللەت نین ؟

ــ بەڵێ ...

ــ ئیتر بۆچی بەهەمان چاویشەوە تەماشای ئەو گەلە نەکەین و پێوانەکانی خۆمانیان بۆ بەکار نەهێنین ؟!!

کەمێك دیقەتیداو بەعەقڵ بیری کردەوە " ئەم قسەیە زۆر لە واقعەوە نزیکە ، بەلاّم لەناکاو خێرا ڕابوردووی ڕەشی دەسەلاّتدارانی وەبیرهاتەوە و وتی :

ــ ئاخر مێژوو شاهیدە ئەوان هیچ کاتێك نەیان ویستووە ئاشتی بکەن و هەمیشە یا ئێمەیان لەناوخۆدا بەشەڕداوە ، یاخود خۆیان سوپایان هێناوەتە سەر ولاّتمان و تالاّن وبڕۆو قەتڵ وعامیان کردووین...

ئنجا ئەرسەلان سەربوردێکی خێرای مەرگەساتی خەڵکی کوردستانی کرد بەدەستی ئەوهێزە ستەمکار و داگیرکارانە و سەرجەم قسەکانیشی زۆر لەعەقڵەوە نزیك بوون و شاکر قەناعەتی پێی هەبوو ... گەرچی لەدیدو بۆچوونی خۆیدا بەچەشنێکی سەیر بیری دەکردەوە و لەدڵ سافی خۆی و میللەتەکەیەوە بۆ میللەتانی دیکەی دەڕوانی ...

هەرکاتیش بیری ئاه و ناڵەی بریندار و جەرگ سووتانی دایك وباوك و ئەودیمەنە کاریگەرو جەرگ بڕانەی دەکەوتەوە بێ تاقەت دەبوو، لەدڵی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**خۆیدا دەیوت : (( بۆ وابێت ... بۆ ... بۆ...؟؟ )) هەناسەی بەم حاڵەتە توند دەبوو ناچار لەئەستەمی و سەختی بارەکەدا دەگریا و بەچەند دڵۆپە فرمێسکێك هەستی بە بار سووکی دەکرد و قوتار دەبوو لەو حاڵەتە ...!**

*  *  *

**لەسەنگەرێکی دیکەی دەوری پردەکەی زەڵمدا خوارەحم و حەمە ئەمین تەوێڵەیی دانیشتبوون و بەچەشنێکی تر گفتوگۆیان دەکرد و نەخشەیان دەکێشا بۆ ڕوو بەڕوو بوونەوەی هێرشی چاوەڕوانکراوی دوژمن و دەیانزانی سبەینێ تووشی شەڕێکی قورس تر دەبن و ئەمڕۆو ڕۆژانی رابردوو زۆر سووك دەبن لەچاویدا " چونکە دوژمن تەواو پەرێشانەو دڕندانە دەست دەوەشێنێت ...!**

**خوارەحم وەك پێشمەرگەیەکی لێهاتووی داناو جەربەزە دەهاتە پێش چاو ، حەمە ئەمینیش زۆر متمانەی بەقسەو نەخشە و پلانەکانی هەبوو ، سەرجەم بارودۆخی ناوچەکەیان تاوتوێکرد ، سەنگەرەکانیان دابەش کرد... حەمە ئەمین بۆ زیاتر دڵنیابوونی لەهۆشیاری و ئاگاداریی خوارەحم لێی پرسی :**

**ــ کاك خوارەحم پێشبینیت بۆ شەڕی سبەینێ چییە ؟**

**خوارەحم هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و وتی :**

**ــ واگومان دەبەم ئەمجارە زۆر بەخەستی هێرش دەکەن و تووشی شەڕێکی قورس و گران دەبین ... خوادەست بەباڵی ئەم پێشمەرگانەوە بگرێت هەر ئەمانن دەتوانن ئارام بگرن و بەرەنگاری ئەو فشارە ببنەوە...**



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

حەمەئـەمینیش وەك مەترسـیداریی شـەڕی سـبەینیٚ بخاتـە بـەر دەمـی خواڕەحم وتی :

ــ دەگونجیٚت هـەموو هیٚزەکـەیان بخەنـە گـەڕ و فڕۆکـەش لەئاسمانـەوە بۆردومانمان بکات ...

ـ بیٚگومـان بـە لـەوەی دوژمـن هـەر توانایـەکی  هـەبیٚت دریٚغـی ناکـات و بەهـەموو هیٚزیٚکـی خۆیـەوە هـەوڵی ئـەوەدەدات تـەوقی ئـەو بەرگریـیـەی دروستمان کردووە بشکیٚنیٚت و، بەرەو هەڵەبجە بڕوات ...

حەمە ئەمین وەك پیٚشنیاریٚك بخاتە بەردەم خواڕەحم وتی :

ــ شـەڕیٚکی نـا بەرابـەر دەکـەین ، ئـەوان بەتـەنها جاشـەکان حەوسـەد کەسن و ، بیٚجگە لە فیرقەی بیست و ، دەبابە و تانکەکان ...!!

خــواڕەحمیش هەســتی بەشــتیٚك کــرد لــەم قــسانەدا و نەیویــست بەشیٚوەیەکی ڕاستەوخۆ وەڵامی بداتەوە و وتی :

ــ نابیٚـت گۆڕەپانەکـە چـۆڵ وخـاڵی ببیٚـت و دوژمـن هـەروا بەئاسـانی دەسـت بگریٚـت بەسـەر شـارو گوندەکانمانـدا ... دەبیٚـت تـا دوا تنـۆکی خویٚنمان بجەنگین و چقڵی چاوی ئەو بەچکە بەعسیانەبین ...!

ـ بەڵام لەشەڕدا هەموو ئەگـەریٚك دیٚتـە پـیٚش و ، نابیٚـت هـیچ یـەکیٚکیان فەرامۆش بکەین ...

لـەم قسەیەدا حەمەئـەمین مەبەسـتی لەکشانەوە بـوو ، بۆیـە خـواڕەحم وتی:

ــ ڕاسـتەکەی ... بــەڵام گۆڕەپــانی شــەڕ بڕیــاری دوایــی دەدات ... زۆرجـار سـەرکەوتن دیٚـت و دوژمنـیش ژمـارە و چـەك و جبەخانـەی زۆرتـرە لەتۆ ....



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ـــ باشـــه ئەگـــەر ئێمـــە ســـبەینێ توانـــای بـــەرگریمان نـــەبوو، پێشمەرگەکانمان کەوتنە مەترسی‌یەوە " ئایا ئەوە دانانرێت بەشەڕێکی خۆ تڕێن ؟

ـ ڕاستەکەی بەڵام هەرکات هەستمان کرد بەوەی ئیتر هیچ توانایەکمان نی‌یە و زاڵ نابین بەسەر هەڵوێستەکەدا ئەوا ژێرانە دەکشێینەوە ... خۆ نابێت هەر زوو بێ‌ئەوەی بکەوینە بارەکەوە خێرا ئالای تەسلیم بوون هەڵبکەین و ناوچەکەبەجێ بهێڵین ...!!!

ـ بێگومان منیش قەناعەتم وایە شتی وانابێت ... دەبێت هەتا دوا بزاوتی جەستەمان بەرگری بکەین ...

ـ بەڵێ ... بەڵێ ...

ئنجا حەمە ئەمین بیری دووشەهیدەکەی دوێنێی کەوتەوە و وتی :

ـ حەمە و عارف زۆر ئازایانە بەرەنگاری دوژمن بوونەوە و هەندێك لەخەڵکی گوندەکان دیویانە ئەو زاڵمە بەچ فەزاعەتێك شەهیدی کردوون...!

ئنجا خوارەحم ئاهێکی هەڵکێشاو وتی :

ـ پشت بەخوا خوێنیان هەروا بەزایە ناڕوات و تۆڵە لەودژومنە دەکەینەوە ...

پاشان ویستی حەمەئەمین لەتەوقی سۆز و عاتیفە دەربازبکات و وتی:

ـ شەڕ هەمووشتێکی تێدایە ... کوشتن ... دیلکردن ... ئەوەشی مرۆڤ چاوەڕوانی نی‌یە و خۆی بۆ ئامادە نەکردرووە ...

بۆ پشتگیری قسەکەی خوارەحم سەری لەقاند و وتی:

ـ ڕاستە قوربان ... شەڕ هەموو کارەساتێکی هەمە چەشنی لەخۆگرتووە و ، مەردوم نازانێت چی لێ دەقەومێت ...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئنجـا هــەردووكيان دەســتيانكرد بەوتوێــژ لەســەر پێــشمەرگەكان و حەمەئــەمين تــازە زانيبــوى ئەرســەلان خوشــكەزاى خواڕەحمــە و زۆريــش خۆشحاڵ بوو كە لەڕيزى مەفەرزەكەى ئەودابوو ، بەشانازىيەوە وتى :

ــ دوێنــێ ئەرســەلانى خوشــكەزات زۆر قارەمانانــە تەقــەى دەكــرد و ، ئەگەر ئاگادارى تۆ نەبوايە دەگونجێت بريندار ببوايە ...

ـ بەڵێ ... زۆر بەشەوقەوە بـەرەنگارى دوژمـن بووبوويـەوە و بەراسـتى چاوەڕوان نەبووم وابێت ... !!

ــ لاوێكـى خـوێن گەرمـە و سـڵ لـە مـردن ناكاتـەوە ... لەرێكخـستنى ناوشاريشدا زۆر بەجموجووڵ و بەتوانابوو ...

ــ ئومێـدەوارم سـەلامەت بێـت و تووشــى هـيچ گرفـت و ناڕەحەتيـەك نەبێت...!

ئەم دەمە تەقە و قسەو گفتوگۆيـە تـا نزيكـى بەرەبـەيان بـەردەوام بـوو ، ئــەو شــەوە خــەو نەچــووە چــاوى پێــشمەرگەكان و زۆرێكـيش لەخــەڵكى گونــدەكانى ئــەو ناوچــەيە و هــەر بــەئاگابوون و لەترســا خــەويان لێ نەكەوت...!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لەگەڵ دەرکەوتنی گزنگی بەرەبەیاندا جاش و سەربازەکان بەیەکەوە چوون بەرەو پردەکەی زەڵم و پێشمەرگەش سەنگەریان لەم بەراوبەری جادەکە لێدابوو" زۆر بەتوندی بەرگریان دەکرد و ئەو دەرووبانە بەدەنگی تۆپ و فڕۆکە و گوللە ژاکابوو ... مندالآن بەدەنگی تۆپ تووشی حاڵەتێکی نەفسی و قەیرانی ترس و بیم هاتبوون و چاویان وشك نەدەبوو ئەمەندە گریا بوون ... ژنانی دووگیان ئەژنۆیان دەلەرزی و خەریك بوو کۆرپەکەیان لەبار دەچوو ... پیروپەك کەوتەکان بیری بەسەرهاتی سەفەربەلەك و دەربەندی بازیان و داری کەلی و هات هاتەکەی ڕۆم و روس و دەیەها بەسەرهاتی دیکەی کاریگەریان کەوتبووەوە و کاتێك بەراوردیان دەکرد لەگەڵ ئەو ڕووداوانەدا کاریگەری ئەم ڕووداوانە زیاتربوو، ئەو ناوچەیە ڕەش بکوژی ئاوەهای بەخۆوە نەدیبوو ...

ئەرسەلان وشاکر و سێ پێشمەرگەی هاوڕێیان کەوتبوونە دیوی نزیك خورماڵ و لەوێوە بەخەستی تەقەیان لەجاشەکان دەکرد ... پێنج پێشمەرگەی دیکەش لەبەری لای ڕاستی پردەکەی زەڵمەوە بەرگریان دەکرد و وادیاربوو تەواو دڵنیابن لەبەرگری خۆیان و هیچ باکیان نەبێت لەدوژمن ...

زەعیم سدیق لەدوورەوە فەرمانی دەردەکرد و تۆپ بارانی ئەو گوند و ڕێگەوبانە دەکرا و زەوی‌ی بەرپێی خەڵکی دەهات و دەچوو، خواڕەحم چەند جارێك خەریك بوو بکوژرێ و لەم سەنگەر بۆ ئەو سەنگەر خۆی کێش دەکرد ...

هێزی دوژمن یەکجار زۆر بوو ... سەدقاتی پێشمەرگەبوون ، پێشمەرگەش چەندجارێك داوای یارمەتی‌یان کردبوو لەسەرکردایەتی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەلام وەلامیان ئەوەبوو : هەولْ بدەن خۆتان بەفریای خۆتان بکەون و ناتوانین کەس بنێرین ... !!

ئەم وەلامەش تەواو پێشمەرگەکانی نائومێدکردبوو ، شەڕەکەیان بەشەڕێکی نابەرابەر دادەنا و بەمەنتیقی عەقلْ مەزەنە نەدەکرا ، لەونێوانەشدا ئەوەهاتە پێش تازووە بکەونە خۆیان و بکشێنەوە ...

سەرەتا حەمە ئەمین دەیزانی شەڕەکە لەبەرژەوەندی ئەوان نییە و چارەسەریش کشانەوەیە ، لەهەنگاوێکی کتوپڕیشدا دەبابەکان پشتیان لەسەنگەرێکی پێشمەرگە گرت و بیْ ئەوەی بەخۆیان بزانن تەوقیاندان و هەر لەناو سەنگەرەکەدا پانیان کردنەوە ...!!

هاواری فریاکەوتنی پێشمەرگەکان کاری کردە سەر خواڕەحم و حەمەئەمین و لەم بەریشەوە نەیان دەتوانی هیچیان بۆ بکەن ... ئەرسەلان و شاکریش بەخەستی بریندارببووبوون و، هێزی پێشمەرگە تەواو لەنگەری لەدەستدابوو ، هەر ئەوەندەیان پیْکرا چەك و بریندارەکان هەلْ بگرن و لەژێر قەسفی تۆپ و گوللە و فڕۆکەدا بکشێنەوە و ڕێگەی خورمالْ بگرنە بەر ...


هێزی دوژمن پەڕیەوە لەپردەکەی زەلْم و هیچ بەربەستێك نەما لەڕیْی دا بۆ داپلۆسین و تۆلەسەندن لەخەلْکی بیْنەواو زەبوونی ناوچەکە ...!

ئەرسەلان دوو فیشەك بەرشانی کەوتبوو ... شاکریش فیشەکیْ دابووی لە قاچی و تەواو زامەکەی قوولْ و کاریگەربوو ، بەهەر حالْێك بوو گەیاندیاننە خورمالْ و لە بەردەمی مزگەوتەکەدا چەند شەهیدێکیان دانابوو ، خێرا بەپەلە ناشتیانن ... بریندارەکانیشیان لەسەر دارەمەیت گواستەوە بۆ بنکەیەکی شۆڕش لەبیارە...

* * *



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com





PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

سـەرباز و جاشـەكان ناوچـەكەیان تـەواو تەنیـەوە و گونـد لـەدوای گونـدیان تـەیكرد و لەگونـدی واهـەبوو سـی وچـل كەسـیان ڕیـز دەكـرد و گوللەبارانیان دەكـردن ...! زەعـیم سـدیقی خوێنرێـژ بڕیـارێكی دەركردبـوو هەرگوندێك نەیەن بەرەوپیری وئالاَی تەسلیم بوون هەڵنەكـەن دەیـسوتێنێت وێرانـی دەكـات ... خـەڵكی ڕەنگیـان زەرد هەڵگـەڕابوو ، ناوچـەكە تـەواو بەرگی مەرگی كرابوو بەبەرداو لـەزەڵم تـا هەڵەبجـە هەركەسێك بـۆی بكرایـە هەڵدەهات و ناوچەكەی بەجێ دەهێشت ...

ڕەفتـاری تۆڵـە ئـامێزی جـەللادەكانی زەعـیم سـدیق دەنـگ و بـاس و هەرایـەكی زۆری دروسـت كـرد و گونـدی وا هـەبوو بـەپێی پـەتی ڕایـان دەكرد و بەتەنها خۆیان ڕزگار دەكرد لـەو شـەپۆلە بێرەحمـەی خـەریك بـوو دەرگای پێدەگرتن ...!

منـداڵ بەباوەشـی دایكیـەوە دەگریـاو پـیری ڕیـش سـپیش بەهەڵـەداوان ڕێگـەی گرتبـوو ... گونـدەكانیان یـەك لـەدوای یـەك چـۆڵ دەكـرد ... ! ئـەو هێـزەش دڕندەیـەكی برسـی وچاوچـنۆك بـوو دەسـتی لـەهیچ شـتێك نەدەپاراسـت و فـەرمانی كوشـتن و خـاپوور كـردن و جینۆسـایدیان پێبوو...

چـەند گونـدێكیش فریـای ئـەوە نەكـەوتن هـەڵ بـێن و لاوەكانیـان كۆكردنەوە و بەیەك ڕیز دایان گرتنەوە و شـەهیدیان كـردن ، زەعـیم سـدیق بـەبینینی ئـەو دیمەنـە گـەش وشـاد دەبویـەوە و ڕەگـی تۆڵەسـەندن لەنێوچەوانیدا دەردەتۆقی ...!

سـەرباری ئـەو هـەموو زیانـەی لەسـوپاكەی كـەوتبوو سـەركەوتنی پەڕینـەوەی لەپردەكـەی زەڵم تـەواو گـەش وشـادیان كردبـوو دەتـوت نـەبای



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دیــوه و نــەبۆران " جارلــەدوای جــار فــەرمانی تونــدتر و نامرۆییانــەتری دەردەکرد ...!

(10)

هێشتا شاری هەڵەبجە تەواو هەواڵی ئەوشکستەیان نەبیستبوو ، لەم کۆڕ و ئەو کۆڕدا باسی شەڕێکی قورس دەکرا لە نزیك پردەکەی زەڵم و خەڵکی بەگرنگی‌یەوە گوێ بیستی بووبوون ...

خانــەوادەی مــیرزا ســلێمان پەشــۆکاوی‌یان پێوەدیــار بــوو ، فــاتمی خێزانــی مــیرزا ئــەو ڕۆژە هــەر لەگــەڵ دەرکــەوتنی شــەبەقی بەرەبەیانــدا ئامینــەی هەســتان و باسی خــەونێکی سەیر و عــەجایبی بۆ گێڕایــەوە ... ئامینـــەش بـــە ورد و گرنگـــی بـــیری دابوویـــە قـــسەکانی دایکـــی و جاربەجارێکیش دەی وت خوا ڕەحم بکات ...

وردە وردە تــاك و تــەرای خــەڵك شــاریان بــەجێ دەهێــشت و هەریــەك بەلایەکــدا دەڕۆیــی ، مــیرزا ســلێمان لەچایخانەکەی بــوو ، دیققــەتی ئــەو خەڵکەی دەداو بازاڕ بەچەشنی ڕۆژان قەرەباڵغ نەبوو ، هەستی بە مەترسی ڕووداوەکە کرد و ئەحمەدی شەریکی بانگ کردە پەنایەکەوە و وتی :

ـ با ئێمەش دوکان دابخەین و بکەوینە خۆمــان ... وادیــارە وەزع بــاش نی‌یە ...

ئەحمــەد پەشــۆکاوی بــەڕووی مــیرزاوە دەخوێنــدەوە و دەیزانــی خــراپ دەقــەومێ و هەڵەبجــەش بــاجی گــەورەدەدات و هــەروا شــارەکە بــێ مەلامــەت دەرناچێت ، بۆیە بە میرزای وت :

ـ قوربان تۆ چی دەڵێی من ئامادەم و نکوولیم نی‌یە لەسەری ...

ـ دەڵێم هەرئێستە با دوکان دابخەین و بەرەو ماڵ بڕۆینەوە ...

ـ زۆرباشە ...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

چەندساتێکی کەمی برد و میرزا سلێمان و ئەحمەدی شەریکی دەرابەی دووکانەکەیان داخست و هەریەك بەرەو ماڵ بەڕێکەوتنەوە ...

بەتێپەڕبوونی ساتەکانی ئەو ڕۆژە ناوشار زیاتر دەشڵەژاو خەڵکی زیاتر خەم ڕووی تێدەکردن و بەرەو دەرەوەی شار دەچوون ، میرزا سلێمان لەدوولاوە باری دەروونی نائارام بوو ، دەمێك بیری لەچارەنووسی کوڕەتاقانەکەی دەکردەوە ئاخۆ چی لێهاتبێت لەگەڵ خواڕەحمی ژن برایدا... دەمێکیش بیری لەچارەنووسی شار دەکردەوە و زۆر دەترسا ئەو زاڵمە خوێن ڕێژە هەتکی حەیا و شەرەفی خەڵکی بکات و تووشی فەزاحەت و ئاشووب بن بەدەستییەوە ... !!

دەستەوسان مابوو ، دەرگای ماڵەکەی داخستبوو ، ئامین و فاتمی خێزانیشی هەستیان بەم بارە ناهەموارو ئاڵۆزە دەکرد و ئەو خەونەی فاتمیش ڕووداوەکانی زیاتر سامناك و تۆقێنەر کردبوو لایان ، لەناکاو تەقەی دەرگا هات و مەحموود و سۆفی ساڵح خۆیان کرد بە ژووردا ، خانەوادەی میرزا سلێمان دڵیان داخورپا و ڕەنگیان زەرد بوو ، فاتمی خێزانی میرزا دەیەها خەیاڵ و بیری سەیر و سەمەرە هاتن بەمێشکیدا و خێرا خێرا سۆفی ساڵحی سوێند دەدا : تو خوا چی بووە ... ؟ تو خوا چی بووە ... ؟

سۆفیش دڵنیای دەکردەوە و جار لەدوای جار ، بەڵام سوودێکی وای نەبوو و فاتم لێخۆش نەدەبوو ، میرزا توند نەڕاندی بەسەریدا و وتی:

ـ کچێ بێدەنگ بە بابزانین چییە ... بەسە ... !

ئنجا سۆفی ڕوویکردە میرزا و وتی :

ـ میرزا گیان پیاوان شار بەجێ دەهێڵن و ڕووەو دەرەوەی دەچن ، پێم باشە ئێمەش بڕۆین و ماڵ و منداڵ لێرە بمێننەوە ...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئـەم ڕایـەی سـۆفی بـەلاوە پەسـەند نـەبوو " چـونکە نـەدەگونجا سـێ ئافرەت بەتـەنها بـەجێ بهێڵێت و ماڵیشیان نزیکە لـەناو بازاڕەوە ... بۆیـە ڕوویکردە سۆفی و وتی :

ــ سـۆفی گیـان ... نـازانم چـیت عـەرز بکـەم ...! مـن نـاتوانم ئـەم ئافرەتانە بەتەنها بەجێ بهێڵم ...

بەهۆی سەختی بارودۆخەکەوە سۆفی تووڕەبوون گرتی و وتی :

ــ کـورە مـیرزا ... ئـەی ئێمـە دوو ئافرەتمـان نیـە و بـەجێیان ناهێڵین؟!!

ـ ئاخر من ... دەتر ...

سۆفی نەیهێشت قسەکانی تەواو بکات و وتی :

ــ بابـە ئەگـەر هـەر زۆر دەترسـن ئـەوانیش دەبەینـە مـاڵی خۆمـان و بـا لەگەڵ سەکین و خەرامان بەیەکەوەبن ...

لـەم نێوانـەدا ئامینـە بەهێواشـی هاتـە قسەو ڕووی‌کـردە بـاوکی و بـە زمانێکی پاراو و ئەدەبێکی بەرزەوە وتی :

ــ بابـە گیـان ... خـۆ ئێمـە گـورگ نامـان خـوات ، وەك ئـەو هـەموو خەڵکـەی مـاڵ و منـداڵیان بـەجێ هێـشتووە ، خاڵـە سـۆفی ڕاسـت دەفەرموێت... ! بڕۆ لەگەڵیان و گوێ مەدەرە ئێمە ...

مـەحمود لـەم قسانەدا دڵـی زیـاتر چـوو بـە ئامینـەدا و زۆر بـە کـچێکی کامـڵ و عاقـڵ دەهاتـە پـێش چـاوی و هەمیـشە زیـاتر شـیرین دەبـوو ، لەبەرئەوەی زیاتر پشتگیری خۆی بۆ قسەکانی ئامینە دەربڕی و وتی :

ــ کاکـە میرزا ... ئامینـە ڕاسـت دەکـات ... خـۆ شـەوو ڕۆژێـك لەشـار دوور دەکەوینەوە و ئەگەر بارودۆخەکە گونجاو بوو ئـەوا هـەر زوو دێینـەوە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

و بالەم کەف و کوڵەدا لێرە نەبین ئەگەر خراپیش بوو ئەوا بەر لێشاوی ئەو ستەمکارانە ناکەوین ... !

بۆزیاتر شیرین کردنی دەرچوونیان لەشار سۆفی ساڵح باسی ئەرسەلانی کرد و وتی :

ــ بەشکو ئەرسەلان و خوارەحمیش لەوێ ببینین و زیاتر لەحاڵ و وەزعەکە تێدەگەین ... !

فاتم کوڕەکەی کەوتەوە بیر و وتی :

ــ ئەی دایکت بمرێ ...خوا دەزانێت ئێستا چی لێهاتووە و لەکوێیە؟!

خەریك بوو هەموو خەم و پەژارە دایدەگرتن لەم دەستەواژەیەی فاتم و، مەحموود هەڵیدایە و وتی:

ــ خوای گەورە بەڕەحمە و پشتیوانی لەبەندەکانی خۆی دەکات لەهەموو تەنگ و چەڵەمەیەکدا و ، قەت نائومێد مەبن ...!

ئەم قسانەش بۆ ئامینە زۆر گەورەبوون و زیاتر دڵی گەش بوویەوە و مەحموود لەدیدیا ئەو شۆڕە سوارە بوو کە بۆ تەنها ساتێکیش لەخەون و ئومێد و داهاتووی جیانەدەبوویەوە ، لەنێوان شەرم و تەریق بوونەوەشدا بەڕوویەکی گەشەوە وتی :

ــ دایە ... قسەکەی مەحموود ڕاستە و ئێمە با تەنها ئومێدمان بەخوا هەبێت و ئیتر گوێ نەدەین بە گومان و وەسوەسەی شەیتان ...

سۆفی ساڵح وەك لەکاروان دوا کەوتبێ ڕوویکردە میرزا سلێمان و وتی:

ــ میرزا بالەمە زیاتر دوانەکەوین ... خەڵك هەموو ڕۆیشتن و ئێمە ماوینەتەوە ، دەڵێی چی دێیت یان نا ...؟!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

چەند ساتێك داماو ئەوجا بەناچاری وتی :

ـ مادام هەموو پێتان باشە بڕۆین دێم و ئەم ماڵ و منداڵە دەسپێرم بەخوا ...

خێرا ئامینە کۆڵێك پێداویستی لەنان و کەرە و تەماتە بۆ باوکی پێچایەوە و ئەوەندەی چاوتروکاندنێکی نەبرد هەرسێکیان لەڕێگەی عەبابەیلیێوە شاریان بەجێهێشت و رێگەیان گرتەبەر ...

*　　*　　*

خەڵکێکی زۆر ملی ڕێیان گرتبوو " دەڕۆیشتن و شاریان بەجێ دەهێلا... لاوو گەنج و پیر و هەندێکیش خاوخێزانی لەگەڵدا هێنابوو نەبادا ئەو زاڵم و ستەمکارانە زەفەریان پێ بەرن و تووشی گرفت و باری حەیا چوونیان بکەن ...

میرزا سلێمان و سۆفی ساڵح و مەحموود کەمێك لای شەخسەکەی عەبابەیلێ ماندووبوونیان دەرکرد و حەوانەوە ، سۆفی ساڵح لەوماوەیەدا خۆی پێ نەگیرا و بەرەو حەرەمی شەخسەکە چوو ، لەسەر ڕووپای مەرقەدەکە دەستی کرد بەگریان و سکالای حاڵی دەکرد و خەریك بوو حاڵی لێدەهات ، مەحموودیش لەنزیکەوە وەستابوو چاودێری جموجوڵی باوکی دەکرد و جاربەجارێکیش دەیویست بانگی باوکی بکات بەلام دەترسا لەوەی ئەو کەش و بارەی لێتێك بدات کە باوکی بەهەند گرتبووی و هەمیشە کردبووی بەکۆڵەکەیەکی نەپساو لەژیانی ڕۆژانەیدا ، سۆفی ساڵح خولیای دەوری شێخ و ئەولیاکان بوو ، زۆر جار سەردانی بیارەی دەکرد و هەندێك جاریش بەشداری کۆڕ و کۆبوونەوەی زیکر و یادی مردن



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

و پێــشهاتی و مەرارەتــەکانی دەکــرد و دەکەوتــە حــاڵێکی ئیمــانی سەیرەوە...!

مـەحموود حـەزی بـەم شـێوازە بـە پابەنـدبوون نـەدەکرد ، بـەقاڵب و شـێوازێکی کـۆن دەهاتـە پـێش چـاوی ، زۆر جـاریش لەگـەڵ باوکی‌ـدا گفتوگۆی کردبوو بەڵام نەیتوانی بوو قەناعەت بەباوکی بکات و بەناچاری گوزەرانـدبووی و ئـەو مەسـەلانەی هـەروا بەهـەڵ سـپێراوی هێـشتبووەوە " چونکە سۆفی هەرچەندە دڵ ساف و بەغیرەت و پاك و کەم دووبـوو ، بەڵام هەرگیز لەوشێوازە باوەی دینداری لای نەدەدا و هەوڵیشی دەدا ڕۆژ بەڕۆژ زیـاتر ئەمـەك داری خـۆی بـۆ شـێخ و مەشـایخەکان دەربـبڕێ و هـەرکاتیش دەرفەتێکی بـۆ بڕەخسایە و دەست بـەتاڵ ببوایـە لـەئیش و کـار ئـەوا یـان ڕووی لەخانـەقای شـێخ دەکـرد یـاخود لـە نزرگـای شـێخێك بەملکەچی‌یەوە خــۆی زەلیــل دەکــردو داوای ســەرفرازی‌و خۆشــحاڵی هــەردوو دنیــای لێ‌دەکرد...

سۆفی ساڵح بەهێواشی لەو مەراسیمەی خۆی بویـەوە و لـەپاڵ نزرگـای شەخسەکە هاتە دەرەوە و بەمیرزا و مەحموودی وت :

ـــ دڵنیـابن پـشت بـەخوا ناوچـەکەمان سـەلامەت دەبـێ و ئـەو زاڵـم و ستەمکارانە بەهەلاکەت دەچن و سەرکەوتن بەدەست ناهێنن ...

میرزاش سۆفی دەناسی و حەزی نەدەکرد لێی بپرسـێ چۆن ؟ چونکە دڵی ناسك بـوو و هـەر زوو هەڵدەچوو" یـا عـاجز دەبـوو ، بۆیـە بە ناچاری سەری بۆ لەقاند و وتی :

ــ خێر دەبێت ... ئیشەڵڵا...

ئنجـا ملـی ڕێیـان گـرت و تـازە خـەریك بـوو بـانگی عەسـری دەدا و لەڕێگەش خەڵکی هەواڵی سوپاکەی زەعیم سدیقیان دەگێڕایـەوە و هەریـەك



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەچەشـنێك باسـی دەكـرد ... یـەكێك دەیـوت تەڕووشـكیان بەیەكـەوە سـووتاندووە و بـەزەیییان نەهاتۆتـەوە بەمنـداڵ و ڕیـش سـپی و ئافرەتیـشدا...! هەریەكـەش بـەبار و شـێوازێك باسـی دەكـرد و خەڵكەكـە مێـشكی پـڕ بووبـوو، نەیانـدەزانی چارەنووسـی مـاڵ و منـداڵیان بەچـی دەگات... !!؟

*     *     *



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

( 11 )

هەر بۆ دەوروبەری ئێوارەی ئەو ڕۆژە سوپاکەی زەعیم سدیق لەشاری هەڵەبجــە نزیــك بوویــەوە و بــۆ بــەیانی پێــشینەی ســوپاکەی هاتــە ناوشارەوە... خەڵکێکی زۆر شاریان بەجێ هێشتبوو ... بەتەنها ئافرەت و پــیر و پەککەوتــە و منــداڵان بــەجێمابوون ... لەپیرمحەممــەدەوە تــا گەڕەکی پاشاو لەوێشەوە بۆ خوارەوە لای کانی قوڵکەو هیچ سروەیەك نەدەهات و دەت وت ئەوشارە جوان و خنجیلانەیە خۆڵی مردووی بەسەرا کراوە و ، خەڵکەکەی تیاچوون و کەسی تێدا نەماوە... بەتەنها ئەوەی جموجووڵ و بزاوتێکی هەبوو پەلەوەر و گیانداران بوون ، خەڵکی لەتاوا وازیان لە ماڵ و منداڵ و هەمووشتێکیان هێنابوو ، سەریان نەدەپەرژا ئاوڕێك بدەنەوە بەلای ئاژەڵ و گیاندارەکانیاندا ...!

دوکانەکانی شار هەموو قوفڵی لێدرابوو ، ناوبازاڕ کە سەنتەری شــاربوو جــاران جموجــووڵ و هاتووچــۆی تێدابــەدی دەکــراو گیــانێکی زیندبوو و سەرجەم شار لەوێوە دەکەوتە بەرچاو " خامۆش و بێجووڵە مابوویــەوە و وادەهاتــە بەرچــاو چــەندەها ســاڵە چــۆڵکراوە و بــەجێیان هێشتووە ...!!

زەعیم سدیق دڵی ئاوی نەخواردەوە و فەرمانی دا بەتۆپ باران کردنی کێوەکـانی دەوروبـەری شـار و بەمـەش زیـاتر تـرس و بیمـی خستە دڵـی خــەڵکی " ئەوانــەی مابوونــەوە لــەژن و منــداڵ و پــیر و پەککەوتــە بــەدەر نەبوو... هێزەکەی زۆر و بێشومار بوو ، سەرجەم شەقامەکانی شاریان گرتبــوو لــەدەرەوەی شــارەوە تــەوقی شــاریان دابــوو ، تــۆپ و دەبابــە کۆڵانەکانی شاریان داپۆشیبوو ئەگەر یەکێکی غەریبە و نەناس بهاتایە ئەوا وایدەزانی شار مۆڵگە و بنکەیەکی سەربازییە ...!!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

زەعیم سدیق دڵی ئاوی نەخواردەوە و بەموکەبەرە جاڕی بەشاری چۆڵکراوو خامۆشدا هەڵخست و ئاگاداری کردن بەوەی هیچ کەس لەماڵی خۆی نەیەتەدەرەوە ...!

فاتم و ئامینە زۆر ترسیان لیٚنیشت و ماڵیان لەناوجەرگەی شارەوە نزیك بوو ، گەڕەکەکەیان تەواو چۆڵ بووبوو... کەش و باری شار ترس و تۆقاندنی هەڵگرتبوو ، ئامینە چەند بەیاننامە و نووسراوێکی ئەرسەلانی هێناو خێرا گڕی تێبەردا و سووتاندی ... دایکیشی بەوردی تەماشای نێو جل و بەرگەکانی کرد و شتێکی وای نەدۆزیەوە جێگەی سەرنج ڕاکێشان بێت و لیٚی دابچڵەکێن ... نازداری بچووك لەژوورەوە نەیدەوێرا بچێتە دەرەوە بەتایبەت پاش ئەو زرمە و ناڵانەی هەمووشاری بەئاگاهێناو باڵاپۆشی کرد بەبەرگی ترس ، ئەو بەستەزمان و خنجیلانەیە واقی وڕمابوو نەیدەزانی چ باسە و چی ڕوویداوە ؟! تەنها وەك منداڵێك هەستی بەوەدەکرد شتێك لەئارادایە ، بۆیە دایەو دادەی بیٚدەنگ بوون و بەهێواشی و چرپە گفتوگۆدەکەن و ماڵەکە دەپشکنن ...

ئەم منداڵە چوارساڵانەیەش بەسادەیی خۆی چوو بەرەو لای دایکی ووتی:

ـ دایە ... ئەوە چی دەکەن ...؟!

ئەم پرسیارە دایکی ڕاچڵەکاند و زیاتر هۆشیاری کردەوە تاکو کەشێکی وابسازێنێت منداڵەکەی نەترسیٚ و، وتی:

ـ هیچ نیٖیە ...! ئەوە میوانمان دێت ... ماڵەکەمان ڕێك دەخەین...

ـ ئەی کاکەش دێتەوە ؟!

دڵی داخورپا و تەزوویەکی سارد بەگیانیدا هات کاتیٚ نازدار پرسیاری ئەرسەلانی لێکرد و لەدڵی خۆیدا وتی :



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ـ ((خوایه گیان بەزەییت پێماندا بێتەوە ، ئەرسەلان لەم ئاگر بارانەدا سەلامەت بکەی ،بەخوا دەڵێن قسە یا لەمندالْ یا لەشێت ،خوایە گیان بێئافات بێت ئەم گەردەلوولەی داباریوە بەسەرماندا ...!!)).

ئامینەش وەستابوو چاودێریی خوشکە بچکۆلانەکەی دەکرد و پاش تێڕامانێکی قوولْ ، باوەشی میهرەبانی بۆ کردەوە و وتی:

ـ نازی گیان ... وەرە لای دادە .. وەرە بایاریيە خۆشەکە بکەین ...

ئەویش وەك نەیەوێت هەنگاوێك هەلْ بنێ تا وەلاْمێکی وای دەست دەکەوێت سەبارەت بەکاکی وابوو، لەچەقی دەرگای ژوورەکەدا وەستابوو بەسەر دایکیيەوە و دایکیشی بۆی بەڕێ نەدەکراو ناچار بەدەم قوڵپی گریانەوە وتی :

ـــ ئامینە باوکەکەم وەرە بزانە بەڵکو شتێکی لەگەڵدا بکەیت و ئەرسەلانی لەبیر بەریتەوە ...!

ئەمەی وت و بەپرتاو خۆیکرد بەهەیوانەکەدا و ویستی دووربکەوێتەوە و دیمەنی کەساسی نازی نەبینێ...

وەنەبێ ئامینە بێڕەحم بێت بەڵکو لەدایکی سۆزدارتربوو ، بەلاْم هەرکات بگریایە و نەیویستایە بەرامبەرەکەی پێی بزانێت ئەوا بەبێدەنگ خەفەتەکەی دەخواردەوە و بەفرمێسکی گەرم و بەتین سویێی ناخی دەردەبڕی ... ئەم جارەش وەك جارانی دی لەناخەوە خەفەتی دەخواردو بەکوڵیش فرمێسك بەچاوە گەورە و گەشەکانیدا دەهاتنە خوارەوە و توند نازداریشی نووساندبوو بە سنگیيەوە و پێی دەوت :

ـــ نازی جوان ... دادەخان ... ئێستا حیکایەتی منداڵە عاقلْ و ژیرەکەت بۆ دەگێڕمەوە ...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئـەو حیکایەتــەش پێکهـاتبوو لەچـیرۆکی منـداڵێك کـە هــەموو ڕۆژێ دایکـی دەینـارد بـۆ مـاڵی باپیرەی تـا چـەند کولێرەیـەك ببـات بـۆ باپیرەو داپــیرەی پەككەوتــەی و ، چــەند ســاتێك لایــان بمێنێتــەوە ، ئەوســا بــە گورزەیەك گوڵی نێرگز ولالـەی جوان و بۆنخۆشـەوە دەگەڕایـەوە و لەگـەڕەك لــەنێو هاوەڵانیــدا گوڵەکــەی دەبەخــشیەوە ، ئــەوانیش زیــاتر خۆشــیان دەویــست ،هــەرکاتێك ئامینــە ئــەم چــیرۆکەی بــۆ نــازداری خنجیلانــە دەیگێڕایــەوە ئــیتر خــەیاڵ دەیــبردەوە و کەســایەتی خــۆی دەنوانــدەوە لەکەســایەتی نــەشمیلی عاقــڵ و ژیکەڵــە و چــاوی دەبڕییــە ئاسمــان و بەبیریش وەك ئەو منداڵەی نێو چیرۆکەکە دەجووڵایەوە ...!

ئەمجارەش بەچەشنی جارانی پێشوو نازدار گوێبیستی دادە بوو ، لەباوەشــیا پــاڵ کــەوت و لەگــەڵ یــەك بەیــەکی دیمەنــەکانی چــیرۆکەکەدا دەڕۆیشت و تـەواو ڕۆچووبوو ، لەناکاو بەتونـدی تەقـەی دەرگـای حەوشـە هـات و فـاتم هـەر ئەوەنـدەی پێکـرا قیژانـدی ...! دەسـبەجێ دەسـتەیەك سەرباز خۆیان کرد بـەژوورا و ئەفسەرێکیان لەگەڵدابوو ، نازدار بەدەنگی قیژەی دایکی لەخەیاڵی چیرۆکەکە هاتە دەرەوە و ڕەنگی هـەڵبزڕکاو چاوی بەقووڵا چوو و توند باوەشی کرد بەملی ئامینەدا ...!!

شەڕ لەچاوی سەرباز و ئەفسەرەکە دەباری و، بێهیچ گوێ دانـە داب و نـەریتێك هـەڵیان کـرد بـەژووردا و دەسـتیان کـرد بـە گـەڕان و پـشکنین ...! فاتم جار بەجارێك فەرموو فەرمووی لێدەکردن و هەنـدێك جاریش لەترسا بێــدەنگ دەبــوو و جەســتەی دەهاتــە لــەرزە و بەئەســتەم ئــارامی بــۆ دەگیرا...ئامینەش نازداری بە باوەشـەوە گرتبوو یـەگجار بەوێنـەی دایکی نەدەترســـا و تونــــد باوەشــــی کردبــــوو بەخوشــــکە بــــچکۆلانەکەیدا و دەیلاوانـدەوە بەباوەشـیەوە و بێتوانـاو بـەرگری خانەوادەکـەی سـپاردبوو



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەخودا و لەدڵیشەوە هەر دوعای دەکرد و تەنها ساتێکیش بێئاگانەبوو لەپەروەردگار ...!

زۆر دەترسا ئەم ئەفسەر و سەربازانە بەوەوە ڕانەوەستن و دەست درێژی بکەن بۆ حەیا و شەرەفیان " چیرۆك و سەرگوزشتەی زۆر باوبوو خەڵکی دەماو دەم دەیان گێڕایەوەو ، هەیش بوو زیاتر ترش و خوێی پێوەدەکرد و بەرامبەری پێدە تۆقاند...!

نزیکەی نیوسەعات بەناوماڵ و دەرو ژوورەکاندا هاتن و چوون و دوایی بێئەوەی هیچ وتەیەك لەزاری سەرباز و ئەفسەرەکە بێتە دەرەوە ماڵەکەیان بەجێهێشت و دەرگای حەوشەش بەکراوەیی مایەوە ...

خێرا ئامینە بەنازدارەوە ڕۆیشت و دەرگاکەی داخست ، دایکی تۆقی بوو هێشتا نەهاتبووەوە سەر خۆ و لەشوێنی خۆی نەیدەتوانی بجووڵێ و زمانی گۆی نەدەکرد و گیانیشی لەلەرزین نەکەوتبوو ...

زۆر ترسا لەوەی دایکی تووشی حاڵەتێکی نەفسی ببێت و، لەدایکی نزیك بوویەوە و وتی:

ــ دایە ... !دایە ...! ڕۆشتن ... ئەوەچیتە ؟!! مەترسە ...! هیچ نەبوو هەر پشکنینێکی ماڵەکەیان کردین و ڕۆشتن ...!!

دایکیشی ئاوڕێکی دایەوە بەم لاولای ماڵەکەدا و دەتوت کتومت لەگۆڕ دەرهاتووە " ئەوەندە ڕەنگی گۆڕابوو ، بە هەموو توانای خۆی هەوڵی دەدا قسە بکات دەنگی دەرنەدەهات و لەتاوا دەگریا و لوورەیەکی لێوە دەهات و ئامینە لێی تێ نەدەگەیشت ...!!

نازداریش دەستی لەگەردنی ئامینە توندکردبوو و لێی نەدەبوویەوە و وشك بووبوو پێوەی ...!!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

هـەر چـۆنێك بـوو ئامینـە بەدەسـتێكی جـامیٚ ئـاوی تێكـرد و كـردی بەدەمی نازدارەوە و ، ئنجا لەدایكیشی نزیك بوویـەوە و هەندێكیشی كرد بـەدەمی ئـەوەوە و تۆزێكیـشی پرژانـد بەدەموچـاویدا و ویـستی بێـداری بكاتەوە ...!!

گەرچـی فـاتم ئافرەتێـك بـوو تاڕادەیـەك سـوێری و تـاڵی ژیـانی چەشـتبوو، بـەلاٚم هـەموو كـات لـەپۆلیس و سـەرباز و دیـاردەی چـەكداری دەترسا و گـەربێت و ئـەو دیمەنـە سـەربازییانەی بدیایـە ئـەوا تووشـی ئـەو حاڵەتـە دەبـوو ، لەلایەكیـشەوە ناحـەقی نـەبوو ، دیمـەنی سـەرباز و ئەفـسەرەكە زۆر ترسـناك بـوو، مەگـەر دڵێكـی وەك دڵـی ئامینـە بیتوانیایـە بەوچەشنە مامەڵە لەگەڵ ئەو ڕووداوانـەدا بكـات و ترسەكەشـی بشارێتەوە و ئاشكرای نەكات...!!

ئـەو ئێوارەیـەش شـار هەرچـەندە بەدیمەنـە سـەوز و جوانـەكانی ڕەنگین بـوو بـەلاٚم لێوبـەبار و خـامۆش بـوو، بەتـەنها دیمـەنی سـەرباز و جاشـەكان زیـاتر دەبینـراو ئـەو شـارەی دەچـوێنرا بـە دوورگەیـەكی بـەرزی هەمیـشە سـەوز و جـوان ، مـەلول و غـەمبار دەهاتـە پـێش چـاوو ، دوژمـن تـەواو كۆستی خستبوو" هەر دوو دەروازەكەی بەمۆركی سەربازی ژیـانی سـادە و ئاسـایی شـار و گونـدەكانی دەوروبـەری ژاكانـدبوو و نـاوازەیی و نـامۆبوون ببوون بەبار بەسەر خەڵكەوە و ئازادی تیا پاوان و كۆت كردبوو...!!

شەویش بەچەتوونی برایە سەر و ئامینەی كلۆڵ و داماویش دووقاتی ڕۆژ لەشـەودا ئـەركی زیـادی كـردو دایكـی هـەر نـەهاتبووەوە سـەر خـۆ و نـازداریش تووشـی حاڵـەتێك هـاتبوو شـەو لـەناكاو بەخەبـەر دەهـات و هاواری دەكرد و توند دەستی لەملی ئامینە گیر دەكرد...!!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ماڵی میرزا سلێمان ئەوشەوە تابەیانی بەوچەشنە گوزەراندیان و هیچ کامیان تامی خەوی نەچەشت و چێژی لەداهاتنی شەو نەبینی و هەریەك بەچەشنێ گیرۆدەبوو...!!

*  *  *

هێزەکە بەرەو زەردەهاڵ ڕۆیشت و ویستی بگاتە بیارە بەلاّم پێشمەرگە قارەمانانە لێیان هاتنە دەست و شکاندیان ، ئنجا هاتەوە هەڵەبجە و سەربازگەیەکیان لەدەرەوەی شار کردەوە و بەشێکی زۆری هێزەکەیان مۆڵ کرد ... هەر بۆ دوای چەند ڕۆژێکیش زەعیم سدیق خۆی گەڕایەوە سلێمانی و شاری هەڵەبجەی بەجێ هێشت...

ماڵی میرزا چەند ڕۆژێك بوو لەماڵ نەهاتبوونە دەرەوە و گۆشەگیری ماڵ و حەوشەی خۆیان بووبوون ، ئامینە حەزی دەکرد هەواڵی ماڵی خاڵە سۆفی بزانێت ، بۆ دڵنیا بوون عەباکەی دابەسەریدا و جوان خۆی داپۆشی و هەرچەند دایکیشی دوو دڵ بوو لەوەی کچەکەی بچێتە دەرەوە بەلاّم سووربوو لەسەر چوونە دەرەوە و وتی:

ــ بەخوا دەچم ، دڵم دەتەقێ نەزانم خاڵۆژن و خەرامان چ‌یان لێهاتووە ، بەڵکو سۆراخێکی ئەرسەلان یان باوکم و خاڵیشم وەربگرین و بزانین ڕوویان کردووەتە کوێ ...؟

ئەمەی وت و دەرگای ماڵی کردەوە و بەدەرکەوت ،وردە وردە دیاردەی ئاوەدانی کەوتبووەوە نێو شار و خەڵکی هاتوچۆیان دەکرد و دیاردە سەربازییەکەی شاریش کزبووبوو بەکشانەوەی بەشێك لەوسوپایە و ، مۆڵ بوونی بەشەکەی تریشی لە سەربازگەکەدا ...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

کاتێـك ئامینــه لــەدەرگای مـاڵی خاڵیـدا زۆر ســەریان ســوڕما وهێـشتا ئەوان دەرگایان نەکردبوویەوە ، ئنجا هەریـەك دانیـشت سەرگوزشـتەی ئـەو رۆژەی خۆیـانی گێڕایــەوە ، لــەدوای ئــەم قـسەوباسانە ئامینــە بــاوکی و ئەرســەلان و خــاڵی و مــەحمودی بـیر کەوتــەوە و، لــەدایکی مــەحموودی پرسی:

ــ خاڵۆژن هیچ هەواڵێکی باوکم و ئەوان نی‌یە ؟

خەرامان پێش ئەوەی دایکی وەڵام بداتەوە وتـی :

ـ بەو خوایـە ئێمـەش وەك ئێـوە دەزانـین ، دەگونجێـت ڕوویـان کردبێتـە تاوێرە و لەویٚ لەماڵە ناسیاوو دۆستان بن ...

پاش چەند ساتێك لەو قسانەش ئیتر سەکینی خێزانـی سۆفی هـەردوو کچەکەی بەجیٚهێشت و چووە موبەقەکەیان و خـۆی خـەریك کـرد بەچێشت لێنانەوە ...

ئنجا خەرامان چرنووقێکی لەئامینە گرت و وتـی:

ــ هــەواڵی کامیــان دەپرســیت ...؟ کــچیٚ ئــەوە لەبــەر دایکـم هیــچم نەوت...!!

ڕەنگی سوور هەڵگەڕاو وتـی:

ـ کچیٚ خەرامان مەبەستم هەموویانە ... تـۆ سـەیری لـەم ڕۆژە ڕەشـەدا بیری لەچی کردووەتەوە ...!!

خەرامان بیٚپێچ وپەنا یەکسەر وتـی:

ــ دەباشە یانی ئێستا دڵت لای مەحموود نی‌یە ؟! پێم بڵیٚ دەی ؟

ئامینە زیاتر شەرم گرتی و وتـی:

ـ ئەی خۆت ... بۆ ئەکرەمی عەلی بایز وانیت ...؟!!

ـ بەرەوەڵلاٚ... دڵم لایەتی ... بەڵام ئاخ ...!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئــەم ئاخــە ســەرنجی ئامینــەی ڕاکێــشاو بــەدەم زەردەخەنەیــەکی مانادارەوە پرسی:

ـ بۆچی ئاخ ... زۆر زان ؟!

خەرامان پێکەنینێکی دروستکراوی کرد و ئنجا وتی:

ـ کـچێ ئامینـە... چـۆن خەفـەت نـەخۆم " بـاوکم نایـەوێت بمـدات بـە ئەکرەم و دەیەوێت دڵم بشکێنێ و هەتا هەتایە هەر بە بەدبەختی بژیم...!

ئامینەش دەیزانی هۆی چیە خاڵە سۆفی ڕازی نیە خـەرامان بـدات بەئەکرەم ، بەلاّم بۆ دڵنەوایی خەرامان وتی:

ـــ کــچێ زۆر لێکــی مــەدەرەوە " کــێ دەڵێ دڵــی نــەرم نابێــت و ڕازی نابێت...

ـ نە بە خـوا ئامینـە مـن بـاوکی خۆمـە وبـاش دەیناسـم ، ئەوەنـدە کەللـە ڕەقــە قــسەی کــەس ناچــێت بەمێــشکیدا ... مــەحموودیش بــێ قــەزابێ قسەیەکی خێری نەکرد و هەموو هەرپشتیان تێکردم ...

ئامینە وەك بەرگری بکات لەمەحموود وتی:

ـــ کــچێ ئــاخر کــێ دەوێــرێ قــسەبکات ، ئــەکرەم بێبــەلاّبێ شــوێن شیوعیەکان کەوتووە و خاڵە سۆفیش هەرکە ناوی شیوعی دەبرێ شێت دەبێــت وبــیری ئــەوەی دەکەوێتــەوە زوو لەخــشتەیان بــردووە ، وایــان تێگەیانـدووە شـیوعیەت و دینـداری گرێـدراوی یـەکن ، لەبـەختی تـۆش خـاڵم هەرچـەند هـەوڵی لەگـەڵ بـدرێت ئـەو ڕووداوانـەی پێـشووی لـەبیر ناچێتەوە....!!

خەرامان ئاهێکی هەڵکێشاو وتی:

ـ باشـە گونـاهی ئێمـە چیە ؟ مـن و ئـەکرەم یـەکمان خـۆش دەوێـت نابێت قسەیەکی خێربکرێت بۆ باوکم ...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئامینه کێشای به ڕوومەتی خۆیدا و وتی:

ـ کچیٚ خەرامان ئامان شتی وا نەڵێی... کەسمان بەئاشکرا ناوێرین هیچ بڵێین ...کێزاتی ئەوە دەکات شتی ئاوەها بدرکێنیٚ...بەخوا شیرینی حەسەنە ئەفەنی کە چەند ساڵە لەگەڵ ئەرسەلاندا دڵیان بەیەکەوەیە تا ئێستا نەیوێراوە دووراو دووریش باسی بکات ، ئیتر چۆن تۆشتی وا دەڵێیت"خاڵ و باوکی من و تۆ لەکویٚ و حەسەنە ئەفەنی لەکویٚ ؟!

ـ ئاخر دەترسم باوکم بەزۆر بمدات بەشوو ... بەیەکیٚ من دڵم پێوەی نەبێت ...! شتی واکەی ڕەوایە ...؟! بەخوا زوڵم و ستەمە ...!

ـ بڕواناکەم خاڵە سۆفی شتی وابکات و، مەحموودیش ساڵێکی تر دەبێت بەمامۆستاو پشتگیریت لیٚدەکات ...

خەرامان بەدەم خەفەتی خۆیەوە هەناسەیەکی هەڵکێشاو وتی:

ـ دوو ڕۆژیتر مەحموود ژن بهێنیٚ سەرقاڵی ماڵ ومنداڵی خۆی دەبێت و حەزدەکات ڕۆژێك زووتر من بڕۆم و لەکۆڵی ببمەوە...!

ناچار ئامینە بەرگری لەمەحموود کرد ووتی:

ـــ بەلاٚم مەحموود وانیيە ، هەرگیز ڕازی نابێت بەکارێکی وا تۆ نیگەران بکات و بەرەو بەدبەختتیت بەرێت ...!

خەرامان وەختەبوو لەنائومێدی خۆیدا بڵیٚ تۆچووزانی من برای خۆمە و باش دەیناسم ، بەلاٚم شەرم گرتی و بەناچاری قسەکانی خواردەوە و هیچی نەوت...!

ئامینەش زۆر لەخۆ بوویەوە و دڵخۆشی‌یەکی یەکجار زۆری کرد و بەڵێنی دایە پشتگیری بکات و هەموو توانایەکی بخاتە گەڕ بۆ یارمەتی‌دانی ، گەرچی زۆر بڕواشی بەخۆشەویستی نێوان ئەکرەم و



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

خەرامان نەبوو ... بەهۆی کەسایەتی ئەکرەم وخانەوادەکەیەوە و دەیەها گومان و شتیتر لەدەوریان کۆبووبوونەوە ...!

خەرامانیش دووساڵ بوو لەگەڵ ئەکرەمدا پەیوەندییەکی دروست کردبوو ، ئەکرەم کوڕێکی گورج وگۆڵ ولێهاتوو بوو وخوێندەواربوو بەڵام لای سۆفی ساڵح جێگەی خۆشحاڵی نەبوو ، یەك دووجاریش خەڵکی ناردبوو بۆ داوای خەرامان و سۆفی دەستی نابوو بەڕوویەوە و، هەمیشە بەکافر و زندیقی دادەنا و دەیوت:

ــ (( با تەوبەبکات و لەڕیزی ئەو بێباوەڕانە بێتە دەرەوە ، ئەوسا منیش بیرێکی لێدەکەمەوە کچی بدەمێ یان نا ...؟! )).

ئەکرەمیش بەمە دەهری دەبوو و سۆفی بەمێشك پووچ و دواکەوتوو دەدا لەقەڵەم و ڕازی نەبوونیشی بەستەمێکی کۆمەڵایەتیدادەناو لەناو هاوەڵەکانیدا دەیوت:

-(( ئاخ ... ئەگەر دەزانن من گیرۆدەی دەستی چیم ...؟! بەزەییتان بەحاڵمدا دەهاتەوە " گیرۆدەی دەستی کۆنەپەرستێکم ، دەیەوێت واز لەخەبات و ڕێبازەکەم بهێنم ئەوسا کچم دەداتێ ... چاك گیرم خواردووە...!)).

هاوەڵەکانیشی بەلاقرتێوە پێیان دەوت :

ــ (( تۆ دەبێت لەگەڵ سۆفی ڕێ بکەویت و سەنگەر یەك بخەیت و ئاڵای تەسلیم بوون هەڵ بکەیت ... !)).



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئەرسەلان ئەو ڕۆژەی کە بریندار‌بوو زۆر خوێنی لەبەر ڕۆیشت و خاڵە خواڕەحمی تاگەیاندی‌یە بیارە و پزیشکی بۆ هێنا تام و چێژی پشوودانی نەچەشت " زۆر ترسا خوشکەزاکەی تیابچێت ، ئاگای بەسەر حاڵی خۆیەوە نەمابوو، تەواو شەکەت و پەرێشان بوو ، دەستەوسان بوو ، فریا گوزارانیش زۆر سنووردار‌بوون و هەموو کەس دەستگیری نەدەبوو گەر بریندار بکرایە ، زۆرێکیش لەوبریندارانە لەم کەین و بەینی گواستنەوەیەدا گیانیان لەدەست دەدا و نەدەگەیشتن چارەسەربکرێن ...!

شاکری هاوڕێی ئەرسەلانیش بەخەستی بریندار‌بووبوو... ڕۆژ بەڕۆژ حاڵی پەرێشان و خراپتر دەبوو، جار بەجارێکیش فڕۆکە دەهات و ئەو مەڵبەندانەی بۆردوومان دەکرد و ئاسایشی نەخۆشەکانی تێك دەدا ... !

شاکر زۆر پەرێشان بوو، ئازار تەنگی پێهەڵچنی‌بوو ، چاوی بەئەستەم بۆ دەکرایەوە و زمانیشی زۆر بەگران دەهاتە گۆ ...! لەتەنیشتیشیا ئەرسەلان پاڵ کەوتبوو، گەرچی ئەرسەلان دوو گوللەی بەرکەوتبوو ، بەڵام زۆر لەشاکر باشتربوو ئەو بەستەزمانە هەرچەند چارەسەردەکرا کەڵکی نەبوو ، باری تەندروستی ڕۆژ بەڕۆژ بەرەو داڕوخان و خراپ بوون دەچوو ...

بەیانی‌یەکیان زوو ئەرسەلان لەدەنگی شاکر بەئاگا هات و هیچ کات ئاوا چاوی پێنەکەوتبوو، تەواو ڕەنگە سپی وسوورەکەی هەڵبزڕکابوو، چاوەکانی ژێر و ژووریان دەکرد و زمانیشی پیتەکانی دەگلمان و تا دەستەواژەیەکی دەردەبڕی خەریك بوو ڕۆحی دەردەچوو ... خێرا ئەرسەلان هەرچۆنێك بوو لەسەر قەرەوێڵەکەی سەری لارکردەوە و کەمێك سەری درێژکرد بەئاراستەی شاکر و وتی:



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ـ شاكر گيان چيته ...؟! دكتۆر بانگ بكەم ...؟!

ئەو داماوەش دەيزانى تازە كار لەدكتۆردا نەماوە و سووديّكى ذىيە بەدەستى ئامازەى (نەخيّر )ى بۆ كرد و ئنجا هەرچۆنيّك بوو وتى:

ـ ئەرسەلان ... هاورِیّ خۆشەويستەكەم ... ! تكام وايە سەردانى دايك و باوكم بكەيت و دلّنەوايىيان بكەيت ...

دلّى ئەرسەلان گوشراو هەناسە برِكىّى پيّكەوت و چاوى هۆن هۆن فرميّسكى پيادا هاتە خوارەوە و بەدەم قولّپى گريانەوە وتى:

ـ تو خوا بەسە ...! ئيشەللاّ هيچت ایّنايەت ... ئەم قسانە...

سووربوو لەسەر ئەوەى قسەكانى تەواو بكات و خۆى باشتر ئاگادارى جەستەوحالّى بوو " بەتورِەييەوە توند دانى جيرِكردەوە ووتى:

ـ دەلّيّم گويّم ایّبگرە... قسەكانم پیّمەبرِە ... نازيم ... من نازيم...دەمرم...!

ئنجا هەناسەيەكى دەرداو وتى:

ـ سەردانى مالّى سەعيد بەگ بكە لەرِيّگەى شاهۆى برامەوە و هەولّ بدە ئەم دوو قسەيەى من بگەيەنيتە ساجدە ...! بلّىّ شاكر زۆر تۆى خۆش دەويست و دەيگوت هەرگيز لەبيرىناكەم ...! توخوا گەردنم ئازاد بكات... گەردنم ئازا...!!

قسەكانى بۆ تەواو نەكراو يەكسەر چاوى زەق بوو ، جەستەى شل بوو لەسەر جيّگەكەى ... هاورِيّكەشى زۆر هەولّىدا و هاواريكرد بەلاّم هيّشتا پزيشكى بەرپرس نەهاتبوو، ئەو يەك دوو پەرستيارەش رِۆلّيّكى وايان نەبينى و شاكر بەدەم ئازارەوە گيانى دا بەدەستەوە ...!!

ئەو رِۆژە ئەرسەلان زۆر گريا و تووشى حالّەتيّكى نەفسى واهات پزيشكى بەرپرس گومانى نەبوو لەوەى ئەرسەلانيش دەمريّت ...!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

خـــوارەحمی خاڵیـــشی دیـــاردەی بێتاقـــەتی و پـــەژارەیی پێوەدیـــاربوو ...خـــۆی لەســـەر پێنـــەدەگرت و دەســـتی خـــستبووە نـــاو قـــەفی پشتوێنەکەیەوە و ئەژنۆی شکابوو، لە قورسی و گرانی ئەوحاڵە کارەکانی لەبـــەر نـــەدەهات...زۆر هەوڵی‌ـــدەدا لاواز دەرنەکـــەوێت لـــەنێو پێشمەرگەکانی‌دا بەلاَم سۆز و بەزەیی وڕەحم زاڵ بوون بەسەریدا و هەرکە ئەرسەلانی بەوحاڵەوە دەبینی زیاتر تێك دەچوو ...!

دیمـەنی شـاکر بـەمردوێتی لەبیروهۆشـی ئەرسـەلاندا زۆرکاریگـەربوو، وای لێهاتبوو گەر مردن بەکڕین بوایە ئەوا دەیکڕی و دەست بەرداری ئەو هاوڕێ خۆشەویستەی نەدەبوو، بەلاَم ئەو مردنـەی سنور و جۆر و کات و شـــوێنی بۆنی‌یـــە والەپڕێکـــدا پـــەلی شـــاکری گـــرت و لـــەهاوڕێ گیـــانی بەگیانی‌یەکەی کرد و بۆ هەتا هەتا لەخاکی توند کرد...!

ئـەو لاوە خـوێن گەرمـەی ئازایانـە جـەنگاو سـڵی لەتیاچـوون و مـەرگ نـەدەکردەوە ، جەسـتەی بـالاَ بـەرز و سـپی و سـووری شـل بـوو و بەسـێ و چوار پێشمەرگە هەڵیان گرت و بردیان ...

چـەند جارێـك ئەرسـەلان بوورایـەوە و لـەهۆش خـۆی چـوو ، خاڵـە خـوارەحمی لـەو پەرێـشان تربـوو ... هـەر ئەوەنـدەیان بـەین بـوو خـاڵی بـە ڕۆح زیندوو بوو ئەگینا بەپێوە گیانی سپاردبوو ...!پزیشکەکە بە ئاشکرا و بێ گرێو گۆ بەخوارەحمی وت:

ـــ مردنـی شـاکر کـارێکی ڕاسـتەوخۆی کردووەتـە سـەری و ئـەوەی لەتوانامانـدابێت کردوومانـە " ئـیتر نـازانین چـی بڵـێین ...؟! بـەڵکو خـوا ڕەحمی پێبکات ...!

لەوێدا بروسکەیەك هاتـە سەر بیری خوارەحم تا جوابێك بنێرێت بۆ هەڵەبجە و فاتم و میرزا و سۆفی برای بێن ...بەلاَم خێرا پێچەوانەی ئەوە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

هاتــه ســەر گۆشــەنیگای بــیری و ترســا لــەوەی دڵیــان بکەوێتــە مەترسییەوە...! لەلایەکیتریشەوە دەیزانی هەڵەبجە چۆڵ بووە و هێشتا خەڵکی تەواو نەگەڕاونەتەوە " کێ دەزانێت میرزاو ئەوان ڕوویان کردووەتە کوێ ...؟!

زۆریـش دەترسا جوابیـان بـۆ نـەنێرێت و سـبەینێ ئەرسـەلانیش وەك شـاکر بمـرێ و تەرمەکـەی بنێرێتـەوە بۆیـان " ئەوسـا لۆمـەی دەکـەن و سەرزەنـشتێکی زۆر دەکـرێ و هـەتا مـاوە دەبێـت ڕووی نەیـەت لای مـیرزا و فاتمی خوشکی سەر بەرزبکاتەوە ...!

هەڵوێستەکە زۆر سەخت بوو ، ڕۆژانە فڕۆکەش بۆردومانی بارەگاکـانی پێـشمەرگەی دەکـرد لـەبیارە و ، جـاش و سـوپایش لـەهێرش و پـەلاماردان نەکــەوتبوون ، حەمەئــەمین تەوێڵــەیی هەمیــشە هەوڵیــدەدا خــوارەحم دڵنیابکـات و تەسـلیم بەقـەزا و قـەدەری خودابێـت و،بـەڕووداوێکی ئاسـایی تەماشای بکات ...

لەهـەمان کاتیـشدا حەمەئـەمین دەیویـست هەرچـۆنێك بێـت جوابێـك بـۆ خانــەوادەی ئەرســەلان بنێرێــت و بــاوك و دایکــی ئاگــادار بکــەن لــەحاڵی کوڕەکەیان .

خـوارەحم پێـی خـۆش نـەبوو جـواب بنێرێـت بـۆ مـیرزا و فـاتم ، بـەلاّم لەژێر فشاری باری دەروون و پێـشنیاری حەمـە ئـەمین دا خـۆی ڕانـەگرت و بڕیاریدا نامەیـەك بنێرێـت بەیـەکێك لـە پێـشمەرگەکاندا و هەرچـۆنێك بێـت هەواڵێکیان هەبێت لەبارەی ئەرسەلانەوە ...!

بۆ ئـەم مەبەسـتەش ئیرادەی لەسـەر نووسـینی نامەکـە جـەم بـوو بـەلاّم کـۆت بـوو بـەچ دەسـتەواژەیەك و چـۆن بینووسـێ، بنووسـێ کوڕەکـەتان برینــدارە ئــەوا بێگومــان دەبێــت بەشــیوەن و گریــان و واتێدەگــەن



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

کوژراوه...! خۆ ئەگەر بڵێ وەرن سەردانی بکەن ئەوا تا دەگەنە بیارە تووشی هەزار و یەك دڵە ڕاوکە و گومان دەبن و مردن بەئاوات دەخوازن...!!

بەهەر حاڵ خوارەحم بڕیاریدا بەناوی ئەرسەلانەوە نامەکە بنووسێ و داوا لەمیرزا و فاتم بکات سەردانی بکەن ...

نامەکەی نووسی و دایە دەستی پێشمەرگەیەك و وتی:

ـ ئەم نامەیەم بۆ بگەیەنە دەستی شەریفی حەسەن بڕنەو ، پێی بڵێ هەر ئەمشەو بیگەیەنێت بەهەڵەبجە وبیبات بۆ ماڵی سۆفی برام ...

پێشمەرگەکەش هەر زوو فەرمانەکەی جێبەجێکرد و گەڕایەوە بارەگاکەی .

*           *           *

شەو تازە خەریك بوو تاریکایی دادەهات و هێشتا شوێنەواری سوپاکەی زەعیم سدیق لەناوشاردا مابوو ... بەڵام خەڵکی زۆربەیان گەڕابوونەوە و ئاوەدانی بەئەندازەیەك ڕووی لەشار کردبوویەوە ...

میرزا و سۆفی ساڵح ومەحموودیش پاش ئەوەی چەند شەوێك لەتاوێرە مابوونەوە و دوای هێوربوونەوەی بارودۆخەکە گەڕابوونەوە و هەرکەس لەماڵی خۆیدا جێنشین بووبوویەوە ...

سەرەتا ماڵی میرزا سلێمان وایان زانی بوو ئەرسەلانیان بینیوە ، بەڵام نەك هەر نەیان دیبوو بەڵکو سۆراخێکیشیان دەست نەکەوتبوو و ، میرزاش زۆر نیگەران بوو ، دەیزانی ئەرسەلان لەوشەڕەدا بەشدار بووە و



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دەنـگ و باسـی کوشـتنی پێـشمەرگە زۆر بـەربلاّو بـوو ، خـەڵکی دەیـان گێڕایەوە و هەریەك بەجۆرێك باسی دەکرد ...

خانەوادەی میرزاش لەخەوبینین نەدەکەوتن و هەمیشە لەماڵی میرزادا باس باسی خەوبینین بوو بەئەرسەلان و خواڕەحم وهەڵەبجەوە ...! ژیانی ئـەو دوو ئافرەتـە یـەك پارچـە بووبـوو بـە خـەو و ئێـواران بـۆ میرزایـان دەگێڕایەوە ، ئەویش گوێی بۆ ڕادەگرتن و دەیوت :

ـ دوعـای خێـری بـۆ بکـەن ... ئومێـد دەکـەم بـەم زووانـە سـۆراخێکمان دەست بکەوێت ...

ئـەو ئێوارەیـەش زوو گەڕایـەوە ماڵـەوە و تـازە چایخانەکەی کـەوتبووە گـەڕ و زۆر تاقـەتی ئیـشی نـەمابوو، ئـاگری جـەرگ دەیگەڕانـد و خـۆی نەدەگرت ، دوای ئەوەی شەو داهات ، لەسـەرجێگەکەی تـەپاوتلی دەکـرد و خەونەدەچووە چاوەکانی ... بیری دەکردەوە چۆن هەوڵ بدات سـۆراخێکی کورە تاقانەکەی بکات ... مەستی دەریای خـەیاڵ بووبوو، دەمێك دەهـات بەبیریـدا لەرێگـەی ئـەو قاچاخـچیانەوە کـە ئامـشۆ و ڕەوتیـان هەیـە بەسـەر چیاکانی سـەر سـنوورەوە و شـارەزای بارەگـاو بنکـەکانی پێـشمەرگەن ... زۆریـــش گـــورج وگـــۆڵ بوویـــەوە بـــەهاتنی ئـــەم ڕێگەیـــە بەبیریـــدا و لەسـەرجێگەکەی چوارمـشقی دانیـشت و تەماشـای کـرد هێـشتا فـاتم و دووکیژەکەی نەخەوتوون و خەریکی قسەوباسن ...

واهـات بەبیریـدا هەسـتێت وکـەمێك دڵخۆشـیيان بداتـەوە ،بـەلاّم وای پێبـاش بـوو جـاریٚ نەیـدرکێنیٚ " نـەوەك کەسـی وای دەسـت نەکـەوێت و دوایی مێشکی کون بکەن ئەوەندە پرسیاری لێبکەن ...!!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لــەم خەیالأنــەدا بــوو لــەدەرگای ماڵەکــەیان دراو خێــرا راچــڵەکی و دەسبەجیٚ هەستایە سەرپیٚ، چەند هەنگاوێك ڕۆیشت و لەدەمی هەیوانی ماڵەکەیاندا ڕاوەستا و وتی:

ـ کیٚیە... ؟!!

دەنگـی سـۆفی بـەنزمی هاتـە بـەرگویٚی و ئـیتر دوو دڵ نـەبوو لـەوەی دەرگاکە بکاتەوە ، لەگەڵ کردنەوەی دەرگاکەدا و بینینـی سـۆفی هـەزارەها خەیاڵی خراپ هاتن بەبیری فاتم و میرازادا و بیریان شڵەژاو پەشۆکان...!

سۆفی بەتەنها خۆی هاتبوو ، دوای ئەوەی شـەریفی حەسـەن نامەکـەی ئەرســەلانی گەیانــدبووە دەســتی هەربەوشــەوە بڕیاریــدابوو ئــەو نامەیــە بگەیەنێتە دەستی میرزا سلێمان و فاتم " مادام شـەریف وتبـووی : نامەکە هـی ئەرسـەلانە ئـەوا دڵنیـابوو لـەوەی ئەرسـەلان سـەلامەتە و تووشـی بـەلأو موسیبەتێك نەهاتووە ، سۆفی لەگەڵ هەڵیکرد بەژووردا وتی:

ــ فــاتم ...مــیرزا ... مــژدەم بــدەنیٚ ...کاغــەزێکی ئەرســەلانم بــۆ هێناون...!!

ئــەوانیش لەخۆشــیٚیاندا هــەموو بــەرەوپیری چــوون و دەوریانــدا و، لەخۆشیٚیدا قاچیان ئەو زەویٚیەی بەرپیٚیانی بـەخۆ نـەدەگرت و زمانیـان بەسـترابوو ، سـۆفیش بەسەرسـامیٚیەوە تەماشـای دەکـردن و هـەموویان لەژێر پەردەی هەواڵێکی خۆشدا چەند ساتێکیان دەبردە سەر ...!

کاغەزەکەی ئەرسەلانیان وەرگرت و ئامینـە بەوخوێندەواریٚیـە کـەم و سادەیەی فێر بووبوو بۆی خوێندنەوە :

(( سەلامتا لیٚبێت

باوکــە ...دایکــە ... ســڵأوێکی گــەرم وبــیٚ پایــانم هەیــە بۆتــان ، و دەسـتتان ماچ دەکـەم و چاوی ئامینـە و نـازە گیـان مـاچ دەکـەم و هیـوادارم



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لەخۆشـیدابن ... سلاویـشم هەیـە بـۆ مـاڵی خاڵـە سـۆفی و مـەحموود و خەرامان و خاڵۆژنە سەکین ...

باوکە گیان ...

لەگەڵ دایکم دا سەردانێکم بکەن لە بیارە و خۆتان دەزانن بارودۆخەکە چۆنە من ناتوانم بێمە ناوشار ...!

لەکۆتایدا هیوام خۆشحاڵیتانە ...!!

**کوڕی خۆتـان**

**(( ئەرسەلان**

ئـەم چـەند دێـڕە مـیرزاو خاوخێزانەکـەی دڵنیـاکرد و هـەر ئـەو شـەوە تەکبیری ئەوەیان رێکخست " چۆن سـبەینێ بەڕێکـەون و چـی بـەرن لەگـەڵ خۆیاندا...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لەگەڵ شەبەقی بەرەبەیاندا میرزاو فاتم بەڕێکەوتن " پریاسکەیەك جل و بەرگ و زەمبیلەیەك خواردنیان ئامادەکردبوو ، لەدڵەوە شادمان بوون لە چوونیان بۆ بینینی کوڕەکەیان و ئەزموونێکی تازەبوو بۆیان ...

حەزیان دەکرد سۆفی سالح بێت لەگەڵیان بەلاّم سۆفی وای بەباش زانی لەهەڵەبجە بمێنێتەوە و ناکریّ ماڵ و منداڵی هەردوولایان بیّ سەروبنە بێت ، خۆ مەحموودیش ماشەڵلاّ پیاوە بەلاّم کاتی ئەوەی نەهاتبوو جێگەی باوکی بگرێتەوە ... میرزاش ئامینە و نازداری بەماڵی سۆفی سپاردو دەبوو وەك چاویان پارێزگاریان لیّ بکەن ...

هەردووکیان سواری جێبێك بوون و پێش نیوەڕۆ گەیشتنە جیّ، یەکسەر میرزا چاوی کەوت بەخواڕەحم ... لەتاوا بانگی هەڵدا و چاوی گێڕا بەنێو پێشمەرگەکاندا و ئەرسەلانی بەدی نەکرد ، دڵی خورپەیەکی کرد و فاتمیش دوای ئەوەی باوەشی کرد بە براکەیدا خێرا خێرا لیّی دەپرسی :

ـ کوا ئەرسەلان...؟!

خواڕەحم دوو دڵ بوو لەوەی راستەوخۆ پیّیان بڵیّ یان نا ؟! دەترسا تووشی خەفەتێکی زۆریان بکات و دوایی بارودۆخەکەی بۆ کۆنترۆڵ نەکرێت و یەکێکیان ژیان لەدەست بدەن... !

زۆر هێمن و لەسەر خۆ ڕووی تێکردن و وتی:

ـ جاریّ با ماندوێتیتان بحەوێتەوە ئەوسا ئەرسەلانیش دەبینن و کاتێکی خۆش لەگەڵ یەکدا بەسەر دەبەین...

فاتم زۆر بیری کوڕەکەی دەکرد وتی:



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ـ کاکە گیان ... بەخوا من بینینی ئەرسەلان بۆمن هەمووشتێکە ... تۆ بۆمان بانگ بکە با بیبینین...

ناچار لەژێر ئەم فشارانەدا پێی وتن:

ــ گوێ بگرن...ئێوە هەردووکتان موسڵمانن ودەزانن مردن و ژیان بەدەستی خودایە...!!

ئەم قسانە دایك وباوکی ئەرسەلانی راچڵەکاند و بەسەر سامیەوە وتیان:

- بۆچی...؟!! چی ڕوویداوە...؟!!

دڵیان فڕی بۆ ڕووداوێکی خراپ و، تەواو پەشۆکاوی بە جەستەو ڕوویاندا دەرکەوت، خوارەحمیش پەیتا پەیتا هەوڵیدەدا هێوریان بکاتەوە، بەڵام کەڵکی نەبوو، لەبەرئەوە ناچار بەدەنگێکی بەرز ویستی بێدەنگیان بکات و وتی:

ـ گوێ بگرن...گوێ بگرن... ئەرسەلان برینداره و تەنها بۆ ئەوە بانگم کردوون تالەنزیکەوە چاوتان پێی بکەوێت و ئەویش شادمان بێت بەبینینتان...

بەبیستنی ئەم قسەیە وەك ئاو بکرێ بەسەر ئاگردا ئاوابوو، هەردووکیان بێدەنگ بوون و لەگریان زیاتر پەنایەکیان نەما ڕووی تێ بکەن...!

فاتم بەتوندی دەگریا و جاربەجارێکیش قژی سەری دەڕنییەوە و میرزاش هەوڵیدەدا فرمێسکەکانی بشارێتەوە و خۆڕاگر و بەتوانا دەربکەوێت ، هەرچی هەوڵێکیدەدا سەرکەوتوو نەدەبوو بەسەر هەست و نەستیدا و لەغەم و پەژارەدا لێوی خۆی دەگەزی...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دیمەنی ئەم ژن ومێردە جێگەی بەزەیی بوو ، ڕەش بینی ومەرگەساتی لەخۆگرتبوو ، حەمە ئەمین و خواڕەحم و چەند پێشمەرگەیەك وەستابوون و ئەوانیش کەوتبوونە ژێر کاریگەری دیمەنەکەوە و قسەو هەڵکڕوزانیان بەردی دەکرد بەئاو...!

هەموو کەوتنە گریان و هەرکەس لەلای خۆیەوە هەستی جووڵا بۆیان و بەئامان و دامان دابین نەدەکران و بەچەشنێکی لائیرادی هاواریان دەکردو لەخۆیان دەدا ... ئەرسەلان ... ئەرسەلانیان بوو...

ئنجا خواڕەحم زانی چارەیەك نیە بۆ دامرکاندنەوەیان جگە لەوەی راستەوخۆ بیانبات بۆ نەخۆشخانە و بەچاوی خۆیان کوڕەکەیان ببینن... لەویا خواڕەحم باوەشی کرد بەخوشکەکەیدا و وتی:

ـــ فاتم باوکەکەم... بەسە ... وەرن ئێستا دەتانبەم بۆ لای ئەرسەلان...ئەی هاوار دنیاتان ورووژاند...!!

هاوڕێکەشی دەستی خستە سەرشانی میرزا و بە هێمنی پێی وت:

ـــ کاکە میرزا گیان... شوکر ئەرسەلان سەلامەتە و هیچی لێنەهاتووە...وەرن بابتانبەین بۆ لای ...

بەدەم دڵنەوایەوە بردنیان بۆ خەستەخانەکە و ئەرسەلان لەسەر قەرەوێڵەیەك پاڵ خرابوو ، دایکی کە چاوی پێکەوت لەهۆشی خۆی چوو ، بڕوای نەدەکرد ئەرسەلان زیندووبێت ، باوکیشی دەستەوەستان مابوویەوە بەدەست ژنەکەیەوە ...؟ ، تا چەند ساتێك وامایەوە و ، ئەو دوو دیمەنەی بۆ لێك نەدەخرا ، هەریەك بەجیا لەبیروهۆشیدا کاریگەرییەکی تایبەتی هەبوو ، ئەرسەلان هۆشی هاتبوویەوە و ئەو بەیانیە حاڵی باشتر بوو لەڕۆژانی پێشوو، بەڕوویەکی گەش و کراوەوە چاوی بڕیبە دایك وباوکی بە قووڵی تەماشای دەکردن و لەناکاو وتی :



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ـ دایە گیان ... باوکە ...مەگرین ...شوکر باشم ...

دایکی لەنزیکیەوە پاڵ خرابوو و باوکیشی سەری گرتبوو بەسەر ڕووی کورەکەیدا و خۆش خۆش ماچی دەکرد و دەیوت:

ـ سەد جار سوپاس بۆ خوا ... کە تۆ بەسەلامەتی ڕزگارت بووە...

جاربەجارێکیش ملی لاردەکردەوە بەلای فاتمی خێزانیدا و دەیوت:

ـ کچێ فاتم هەستە... شوکر ئەرسەلان حاڵی زۆرباشە .. دەهەستە با کوڕەکە دڵی تەنگ نەبێت و خەفەت نەخوات...!

دوای ئەوەی فاتم ئەو حاڵە بەریدا ئەویش بەپەرۆشەوە ڕۆڵەکەی لەئامێزگرت و لەمیرزا زیاتر دەورو خولیدا و هەستی بە سوکنایی و ئارامی دەکرد هەر کە لێوەکانی دەبردە سەر کولْم و سەری کوڕەکەی...

ئنجا هۆشیان کردەوە و چییان بەسەرهاتووە و ، هەستیان بەشەرمەزاری کرد ، لەنێو ئەو ژوورەشدا چەند برینداریکی دیکەی لێ بوو بەچەشنێ بریندار بووبوون و هەندێکیان برینەکەیان سەخت بووهەشیان بوو سووك بوو تەنها بۆ چارەسەر وەرگرتن مابوونەوە...

چەند ڕۆژێك لای ئەرسەلان مانەوە و ئەویش بەدرێژی باسی شەڕەکەی پردەکەی زەلْم و خۆراگری پێشمەرگەکانی بۆدەکردن ، لەنێو ئەوباس و خواسانەشدا ئەرسەلان شاکری لەبیر نەچووبوویەوە و بەچاوی پڕ لەفرمێسك و دەم بە هەنسکەوە باسی ئەو قارەمانەی دەکرد و وەسیەتنامەکەشی جێگەیەکی تایبەتی گرتبوو لەدڵیدا ، هەمیشە ڕووی گەشی شاکر و ئاواتە بەرزەکانی دەهاتنە پێش چاو... دەیویست هەرچۆنێك بۆی بلوێت سەردانی ساجدە بکات و ئەو ئەمانەتە لەئەستۆی خۆی دابماڵێ و، پێی بڵێ ...شاکر گیانی سپارد و چاوی لەوخۆشەویستییە بوو کە پێشتر لەگەڵ تۆدا گرێ بەستی کردبوو...!!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەبیستنی چیرۆکی شاکریش دایك و باوکی دڵیان هاتە کوڵ و شانیان کرد بە گریاندا و بەکوڵ دەگریان بۆ ئەو لاوە جوانەمەرگەی ئاوا هیوا و ئاواتەکانی لەگەڵ خۆیدا بردە ژێر گڵەوە...!

ماوەی هەفتەیەك دایك وباوکی ئەرسەلان مانەوە لای و وردە وردە تەندروستیشی ڕوو لە چاك بوون بوو... شوێنەواری مردنی شاکر زۆر لەسەر ئەرسەلان کاریگەربوو ، هەمیشە دیمەنی سەرەمەرگ و ڕۆژگارەکانی دەوری پردەکەی زەڵم لەبیری ئەرسەلاندا دەهات و دەچوو ، ناوبەناوێکیش بیری شیرینی دەکەوتەوە و شەرم ڕێگری بوو لەوەی باوك ودایکی بهێنێتە گیر و هەواڵی ماڵی حەسەنە ئەفەنی یان لێ بپرسێ...

زۆرجاریش واهەستی دەکرد خوای گەورە سەرلەنوێ عومری بۆ نوسیوەتەوە و ، لەمردنێکی بەڵگەنەویست و دڵنیا ڕزگاری کردووە... ئەوەتا نزیکترین هاوەڵی ... شاکر ...ئەو لاوە جوان و قەشەنگە... ژیانی لەدەست داو جەرگی باوك ودایك و دڵدارەکەشی بڕی و بووبە کۆست و سوێیەکی گەورە لەدڵی هاوەڵ و دۆستانیدا...!

هەستکردنی بەم ڕووداوانە تام وچێژی تایبەتی دەدا بە ژیانی و واهەستی دەکرد پتەوتربووە و جەستە و ڕۆحی بوون بەهێزێکی پۆڵاینی نەپساو و، لەجاران باشتر دەتوانێت خزمەت بەگەل و نیشتمانەکەی بکات و لەسەنگەردا دژ بە دوژمنی بەدڕەفتار بوەستێت...!!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## (14)

ماڵی حەسەنە ئەفەنی پەیڕە و پرۆگرامێکی جیاواز و نەوازەیان هەبوو لەخـەڵکیتر ، بـەحوکمی ئـەوەی حەسـەنە ئەفـەنی شـاعیر و مامۆسـتا و خوێندەواربوو ژیان لەچوارچێوەی سنووری ماڵەکەیدا بەچەشنێکیکراوە و ڕوو لەپێشتر دەچوو بەڕێوە... حەسەنە ئەفەنی دوو کچی هەبوو شیرین و شـەن... هەریـەك لـەم دووکیـژەش بـەهۆی پـەروەردەی باوکیانـەوە ڕەوشـتێکی جیایـان هـەبوو لەخـەڵکی شـار و هەڵسوکەوتیان زوو دەکەوتـە ژێر کاریگەری عاتیفیيەوە ...

شـیرین هـۆگری ئەرسـەلانی مـیرزا بووبـوو... شـەنیش دووراو دوور لەگـەڵ لاوی جـەحێل و تازەپێگەیـشتوودا تەماشـای یـەکیان دەکـرد بـەلاَم هێـشتا دڵـی بەلایەکـدا نەخـستبوو... چـەند شـەوێك بـوو مـیرزا و فـاتم گەڕابونەوە و دانیشتوانی گەڕەك زانیبوویان ئەرسـەلان بریندارە... شیرین بێتاقـەتی و ئـاڵۆزی بـاری دەروون رووی تێکردبـوو... دایکیـشی ئاگاداربوو کـچەکەی دڵبەنـدی ئەرسـەلانە و هەمیـشە بەدرێـژایی دووساڵی رابـوردوو پەیوەندیيـەکی ئەوینـداریيان بەیەکـەوە گرێـداوە... دایکـی ئـافرەتێکی عاقـڵ و ژیربـوو ، حـەزی نـەدەکرد کـچەکەی تووشـی تاقیکردنەوەیەکی لەوجۆرە ببێت و دەترسا سومعەیان بشکێنێ و خـەڵکی قـسەو بوختانیـان دوابخـەن و...! ناویـان بـزرێ لەگـەرەك وشـاردا... لەناخەوە لۆمەی خۆی دەکرد دەبوو زوو لەگەڵ کچە گەورەکەیدا قسەبکات و بەرچاو ڕۆشنی بکـات لـە چەند ڕاستیيەك " چونکە ژیانی هـەرزەکاری ئافە و بەلاَی زۆری لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە و مرۆڤ هۆشیاروديندار نـەبێت ناتوانێـت بەسـەلامەتی ئـەو قۆناغـە بگوزەرێنێـت ...! ئـەو بـێ تاقـەتی و نیگەرانیـە شـیرین بـوو بـە ئامۆژگـاری بـۆ دایکـی و هـەلێکی بـاش بـوو تـا



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بتوانێت بڕبنج و گرێ بدات لەناوجەرگەی مەسەلەکە و بتوانێت مۆچیاری کچە ژیکەڵەکەی بکات ...

ئەو شەوە شیرین خۆی نەدەگرت و قژە ئاڵ و خاوەکەی بەردابوویەوەو جاربەجارێکیش بەنهێنی چەند فرمێسکێکی گەرم بەگۆنایدا دەهاتە خوار و بەسەری قامەی دەیسڕی و نەیدەهێشت کەس بیبینێ، بەڵام شوێنەواری غەم و پەژارە و گریان بەچاوەکانیدا دیاربوو... لەمیعەی دایکی نزیکترین کەسێك بوو بۆ شیرین و بەلێزانانە لێی هاتە پێشەوە و وتی:

ـ کچە خۆشەویستەکەم ... باش نایەیتە بەرچاوم... ؟!

شیرین وایدەزانی توانیویەتی ئاسایی بێت و ڕەفتارەکانی لەقاڵب و سنووری پێویستدا نمایش بکات ، بەڵام ئەم قسانەی دایکی پێچەوانەی بۆچوونی گوزارشت کرد و وتی:

ـ دایە گیان... هیچم نییە... کەمێك ماندووم و پێویستم بە پشوودان هەیە...

دایکی ئاگاداری هەمووشتێك بوو ، بۆیە ئەم قسانە هیچ قەناعەتی پێنەکرد و وتی:

ـ باوکەکەم... من دەزانم بۆ بێتاقەتی...؟

ئەم دەستەواژەیە شیرینی هەژاند ، تۆبڵێی چی بزانێ ؟! پەیوەندی لەگەڵ ئەرسەلان ، کەی پێی زانیوە و، ئەی تا ئێستا بۆ لە ڕووی نەداوە؟!

پرسیارەکان بەنێو بیری شیریندا دەهاتن و دەچوون و بەردەوام دایکی درێژەی دا بەقسەکانی و وتی:

ـ ئەرسەلان کوڕێکی چاکە و کەس گلەیی لەڕەوشت و هەڵس و کەوتی نییە ... خێزانەکەشی لەبەڕێزترین خانەوادەی هەڵەبجەن... هەموو دایکێکیش حەز دەکات کچەکەی بەختێکی باش بهێنێت و، لاری



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لەوەنی‌یە کچەکەی شوو بکات... بەلاّم ئەوەی من دەمەوێت بەکچی خۆمی بڵێم ئەوەیە ...لەم تەمەنەدا نامەوێت تووشی هەڵەی هەرزەکاری ببیت ، چەند وەختیشە دەمەوێت لەگەڵتدا دوو بەدوو ئەو مەسەلەیە باس بکەم... بۆ دەرفەتێك دەگەڕام و وەبەرهاتنی ئەم دەرفەتەشم بە فرسەت زانی ، دەزانم ئارەزووی هەرزەیی پاڵت پێوە دەنێ ، بەلاّم کچە خۆشەویستەکەم باوکت خاوەنی سومعەیەکی باشە و ئامان لەکەداری نەکەیت ، خەڵکیش ڕەحم بەکەس ناکەن و زۆر نابەجێ قسە فڕێ دەدەن و گوێ نادەن بەکەس ...!!

شیرین کەوتبووە بەردەم حاڵەتێکی پێشبینی‌کراوو توانای نەبوو دەربازببێت و ، هەوڵ و تەقەلاشی نەدا بۆ دەربازبوون ، ناچار مەرامی خۆی و ئەرسەلانی باس کرد و وتی:

- دایە گیان... من و ئەرسەلان دەمانەوێت بچینە ماڵی خۆمان و ژیانی هاوسەرداریەتی بەیەکەوە بنیات بنێیین.. وابزانم ئەم کارەش لای کەس نکووڵی لێ‌نەکراوە ...؟!

ـــ ئاخر شتێك رووی‌نەداوە " کورد واتەنی بووك لەسەر زین دەگەڕێتەوە...

ـ ڕاستەکەی ...بەلاّم ئەرسەلان بەهاتنەوەی هەموو شتێك دەخات بەلایەکدا و گرفتێکی وانامێنێت شایەنی باسکردن بێت ... وابزانم کارێکی واشمان نەکردووە کەس هەستمان پێ بکات ...خۆشت باشم دەناسی من لەو جۆرە کچانە نیم تێکەڵ بەپەیوەندی‌یەکی وابم پێش دەست نیشان کردن و مارە بڕین هەتکی حەیای خۆم بکەم ...

لەمیعەی دایکی تۆزێ لەکیژە عاقڵەکەی ورد بوویەوە و ئنجا وتی:



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ــ ئازیزەكەم... من ڕەفتاری تۆ و ئەرسەلانیش شارەزام و هیچ كات شتێكی وا ڕوونادات لەنێوانتانـدا ... بـەڵام حـەزیش ناكـەم لەئێستاوە خەمۆكی و بێزاری رووت تێبكات و ئاوا كز و مات و مەلوول بتبینم ... من دەمەوێ هەمیشە ڕووگەش و دووربین و ئومێدەواری خێر بیت ... و كاریگەری عاتیفی ئەوەندە بەهەند نەگریت بەچاوێكی گەش و ڕووناكەوە بۆ داهاتوو بڕوانی ، ئەگەرەكانیش بدەیتە دەست قەدەر و بزانین چارەنووسمان بەچی دەگەیەنێت ... خۆشت باوكت دەناسیت چەندڕێز لە بیروبۆچوونتان دەگرێت ، با كارێكی وانەكەین نیگەرانی بكەین ...

خەریك بوو بڵێ : ئاخر ناتوانم واز لە ئەرسەلان بهێنم دایكی پێشی كەوت و وتی:

ـ من ناڵێم واز لە ئەرسەلان بهێنەو،خێرا گۆڕانكارییەكی وا بەرپابكە لەشەو و ڕۆژێكدا ، ناشمەوێت بەندی چوارچێوەی غەم و خەفەت بیت و لەگەڕەك و نێو خزم و هاوەڵاندا ئابڕووی خۆت وئێمەش بەریت ... چاوەڕێ بە سا بەڵكو بارودۆخەكە بەلایەكدا بكەوێت و زیاتر ڕووداوەكان ڕۆشن ببنەوە بزانین بەچی دەگات " ئەوسا ئەرسەلانیش دەگەڕێتەوە و دەنێرێتە خوازبێنیت ...

ئنجا لەمیعەی دایكی هەستاو دەستی هێنا بەقژە خاوەكەیدا و توند نووساندی بەسنگی خۆیەوە و چەند ساتێك بەیەكەوە مانەوە ، دواتر یەكتریان بەرداو بێدەنگ دایكی بەجێی هێشت ...

ئەم قسانەش بۆ خۆی جێگەی هیوا و دڵخۆشییەكی زۆر بوون لای شیرین و دڵی داخراوی گەش بوویەوە و، خەیاڵی بەلای داهاتوودا ڕۆیشت وخێرا خۆی لەماڵی هاوسەریدا بینییەوە و لەژوورێكدا بەتەنها دانیشتبوو لەگەڵ ئەرسەلان دا و ڕاز ونیازی ئەویندار یان ئاڵوگۆڕ




PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دەکرد ، پەردەی نێوانیان والأبووبوو، لەو بیرۆکەیەدا ئەرسەلان شاسواری گۆرەپانەکە بوو ، چاوی شیرین جگە لەو کەسێکی دی نەدەبینی ...
خۆشی بووبوو بە بووکی ئەو شاسوارە و لەژێر پەردەی هاوسەریدا یەکیان گرتبوو ، خزم و کەسوکاری هەردوولاش پیرۆزبایی یان لیّ دەکردن و خوازیاری ژیانێکی پڕ لەئاسوودە و شادی بوون بۆیان ...

خەیاڵی دیکەش بەدوای یەکدا لەبیرو هۆشی شیرین دا ئەو شەوە دەهاتن و دەچوون ، تا نیوەشەو خەوی لیّنەکەوت و چەند جارێك دیمەنەکەی لەبیریدا هێناو برد و نەیتوانی دەست بەرداری ئەو خەیالّ و ئەندێشانە ببێت تا خەوی لیّکەوت ...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com





PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## (15)

بەعسییەکان وەك باڵێك لەکودەتاکەی 1963دا لەنێو حکوومەتدا بەشداربوون و تەواو سەرۆکایەتی هەموو جینۆسایدو ڕەشە کوژیەکی کوردستانیان دەکرد و هەر جارە بەبیانوویەك پەلاماری کوردیان دەدا و رەگەز پەرستی وشۆفێنیزم لەخوێنیاندا دەگەڕا ...!!

رەوشی نامرۆییانەیان کارێکی وای کردبووە سەر ژیانی ڕۆژانەی ناوچەی هەڵەبجە بەردەوام پێکدادان و بۆردومان و کوشتن و تۆقاندن نەدەبڕا ... شاری جوان و هەمیشە ڕازاوە جاربەجارێك دەبوو بە پێگەیەکی مەترسیدار و نائارام و شانۆیەك بۆ نواندنی هەموو جۆرێك لەستەم و زوڵم ...

پێکهاتەی شار وا رێکخرابوو بەچەند گەڕەکێك دەستی پێدەکرد و هەر گەڕەکەش بۆ خۆی خەڵکێکی هەمەچەشن و ئاسایی جێنشینی بوبوون... چوار دەوری شار بە باغی خۆش و سەوز گیرابوو... هەریەك لەچیاکانی بالامبۆ و شنروێ و هەورامان قەلایەکی پتەو بوون بۆ پێشمەرگەی ناوچەکە و زیاتریش تاجی سەری هەڵەبجەیان بالاپۆش دەکرد... ئاوی سیروانیش شاری کردبوو بە نیمچە دوورگەیەك و ئەوەندەیتر نەخشی جوانی سەر رووی هەڵەبجەی کێشابوو... بەلام دەستێکی ڕەش لەپشت پەردەوە دەجوولاو نۆبە نۆبەیەك بەدوای یەکدا ئەو بەرگە سروشتییە رازاوەیەی دەشێواند ، هەرجارەی بەبیانوویەك ، بەبیانووی یاخی بوون " یان سەقامگیر کردنی سنوور " جاری واش هەبوو بیانوو نەدەما و ئەوەی لەژێر بەڕەیە دەهاتە سەر بەڕە و بەئاشکرا و بێهۆ دوژمن دەستی دەوەشاند...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

زۆرجاریش پێشمەرگە دادەبەزینە ناوشار و چالاکی‌یان ئەنجام دەدا و دەکشانەوە، ئەوەشی باجی چالاکیەکانی دەدا خەڵکی شاربوو ، دەبوو تالآوی دەستی دەستەلآتدارانی حکوومەت بچێژن و ببن بە قوربانی بۆ ئەو چەشن و جۆرە لە چالاکی...!!

دوومانگ تێپەڕیبوو بەسەر ئەو ڕووداوە گەرمانەی دەوروبەری چەمی زەڵم دا ، سەکینی خێزانی سۆفی بەیاذی‌یەك زوو هەستا و خەرامانیشی بەئاگاهێناو داوای لێکرد خۆی ئامادەبکات بچن بۆ سەر کانی ولەوێ جل و بەرگەکانیان بشۆن... مەحموودیش لەژوورەکەی خۆیدا بوو" کتێبێکی دەخوێندەوە و بیرو هۆشی لەسەر کتێبەکە جەم کردبوو... سەکین تەشتێکی گەورەی پڕ کرد لە جل و نای بەسەریەوە ...خەرامانیش بەدوو زەمبیلە جلەوە دوای دایکی کەوت بۆ سەرکاذی‌یەکە ، لەپێش ئەواندا پڕ بوو لەژن و کچ ومناڵ" هەریەك لەسووچێکی کانیەکەوە خەریك بوو ، هەندێك خەریکی جل شتن بوون ، هەندێکی تریشیان قاپ وقاچاغی ئێوارەیان دەشت و بەدەم ئیش کردنیشەوە باسی پیاوەکانیان دەکرد و کچانی تازە پێگەیشتووش بەوردی گوێ قولآغی قسەکانیان بووبوون و بە سەر سوڕمانەوە بۆ ئەو ژنانەیان دەڕوانی ...! دەنگی ژنەکەی مارف مامەند لەنێو هەموویاندا دیار بوو ، هەمیشە دوعای لەمێردەکەی دەکرد و سنگی لێدەکوتا ، ژنانیش زۆرجار دەیان جوولآند و بۆ کات بەسەر بردن و خۆشکردنی مەجلیسی سەرکانی ...!

شێوازی شتنی جل و بەرگیش شێوازێکی یەکجار سەیر و سەمەرەی هەبوو... ئەو جل شتنە سابوونی تێدا بەکار نەدەهێنراو جلەکانیان نوقمی نێو ئاو دەکرد و ماوەیەك لەسەری دەوەستان تا دەخوسا ، پاشان هەڵیان دەگرت و دەیان بردە سەر بەردێکی پان کە لەسەر کاذی‌یەکە بۆ



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئەو مەبەستە دانرابوو... ئنجا بە بان کوت دەیان کێشا بە جلەکاندا و ئەمدیو ئەو دیویان پێدەکرد ، ئەمەش ماوەیەکی دەخایاند ، ئەوجا دیسان هەڵیان دەکێشایەوە لەئاوەکە و دوایین قۆناغیش لەسەر پەرژینێك هەڵیان دەخست ، بەمەش لەجل شتن دەبوونەوە و سەرگەرمی کارێکی تر دەبوون...

خەرامان بۆماوەی مانگێك دەچوو هیچ هەواڵێکی ئەکرەمی نەدەزانی وبیرو حەزی هەرزەکاریش ختووکەیان دەدا و وایان لێدەکرد چاوبگێڕێت بەدوای خوشکەکەی ئەکرەمدا ... سەکینی دایکیشی هەستی دەکرد هەوڵ و تەقەلای شتێکیەتی  بەلاَم بەسادەیی و ساویلکەیی خۆی پەی بەو تەقەلایە نەدەبرد و گوێی پێنەدەدا...!

ژنێکی زۆر لەسەرکانیەکە کۆبووبوونەوە و، خەرامان چاوی گێڕا بەنێویاندا و بەهاری خوشکی ئەکرەمی بینی لەگۆشەیەکدا لەگەڵ دووکچی تردا خەریکی قسەوباسن بەدەم حاجەت شتنەوە ...بەبیانوویەك لەدایکی دابڕا و گەیشتە لای ئەوان و پاش سلاَوێکی گەرم و گوڕ بەبەهاری وت:

ـ دەنگ و باسی ئەکرەم ؟

ئەویش ئاگاداری نێوانیان بوو بەدەم خەم و خەفەتەوە وتی:

ــ خوشکی بمرێ ...! چەند هەفتەیەکە هەواڵی نیيە... ئەم پێشمەرگە تازانە تەنگیان پێ هەڵچنیون و وا گومان دەبرێت دەستەویەخەی شەڕێکی قورس بن ...!

هەواڵەکە لای خەرامان جەرگ بڕ بوو ، گەر پێی عەیب نەبوایە تێر دەگریا و هاواری لێ بەرزدەبوویەوە ، بەلاَم دانی بەخۆدا گرت و بەئاه و مەرارەتێکەوە وتی:



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

- ئاخ ... کەی بێت لەم شەڕ و شۆڕ و بارە ڕزگارمان ببوایە ...؟!!

ــ جاکەی ڕزگارمان دەبێت ...؟! بەخوا قەد ڕزگارمان نابێت ...تا ئەوان خەڵکیان لەدژی دەرەبەگ و ستەم هان دەدا کێ لەئارادابوو ...؟!!

قسەکانی بەهار ئاماژەیەك بوو بۆ ئایدۆلۆژیای خێزانەکەیان و ئەو بە شان وباڵ هەڵدانەی شیوعیەکان دەیان کرد و مێشکی خەڵکیان پێوە خەریك دەکرد ، بەلاّم بوونی بزوتنەوەیەکی کوردی بەو تەرزە و سەرکردایەتیەکی مێژوویی ئەو خەونانەی تاراندبوون... هەموو ڕیسەکەی پێشووی کردبوونەوە بەخوری و ڕەنجی سالاّنی پێشوویان بەبا چووبوو ...

هیچ کام لەم قسەو فەلسەفە لێدانە نەچوونە مێشکی خەرامان و بەتەنها عاشقی ئەکرەم بوو " چ کاری هەیە بەسەر ئەوەی کێ کردی و کێ بردی ...؟! یان ئەو خەشم وقینەی بەهار هەڵی گرتبوو بەرامبەر بەپێشمەرگەکانی کوردستان ...؟! خوا دەکات لەگەڵ ئەکرەم بەیەك دەگەن یالّلای دەکرد ئیتر دنیا وێران دەبوو ، بۆیە قسەکانی بەهار زۆر جێگەی سەرنج نەبوو ئەوەندەی خەیاڵ وبیری لای ئەوەبوو ئاخۆ ئەکرەم هەواڵ وجوابێکی بۆ ناردووە یان نا...؟! لە بەهار نزیك بوویەوە و وتی:

- کچێ تۆ پێم بڵێ ... یانی هیچ هەواڵێکی نییە ...؟!

بەهار لەمەرامی گەیشت و وتی:

- من دەڵێم چەند هەفتەیەکە هەواڵیان نییە بارەگاکانیان گەمارۆدراوە و دەگونجێت تەفر وتونایان بکەن...!! تۆش لەبەزمی خۆت ناکەویت...؟!!

تۆزێك خەرامان بەخۆیدا چوویەوە و شەرم و تەریق بوونەوە گرتی و، سەری داخست و هیچی نە وت . لەلایەکی تریشەوە بەهار خۆشیی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لەخـەرامان نـەدەهات و لـە دڵـەوە زۆر نیگـەران بـوو بـەوەی براکـەی ئـەوی دەست نیشان کردبوو ، نەشی دەتوانی بێگوێیی ئەکرەم بکات " چونکە ئـەکرەم بیرمەنـدی خێزانەکـەیان بـوو ، قـسەی بریقـەداری بـۆ دەکـردن و دەیخـستنە جیهـانی خـەیاڵ و دوور لـەواقیع ، ئـەوانیش بـەداماوی و نـەزانینی خۆیـان تەسـلیمی بووبـوون و بـەنج و سـەرگەردان بـوون بـەدەم خەیاڵ و ئومێدی بەجێ نەهاتووەوە ...!

لەبەرامبەری ئەویشدا خەرامانیش هەمان بێزاریی هەبوو لەمامەڵـەکردن لەگەڵ ئەوکیژە لەخۆبایی بووەدا و قسەکانی ڕەق و تیژ بوون لەسـەر دڵـی ، بـەڵام ناچـاربوو مامەڵـەی لەگەڵـدا بکـات چـونکە لەڕێگـەی ئـەوەوە ئـەکرەم جوابی بۆ دەنێرێت و پەیامنێری نێوانیانە ...!

بەهار بەش بەحاڵی خۆی خاڵی لاوازی خـەرامانی گرتبـوو ، دەیویـست بەمـەکر دەسـتی لـەبینی تونـد بکـات و بەخەفەتـەوە بیتاسـێنێت... زۆرجاریش بۆ لەکەدارکردنی لەنێو ئەو کچانەی هاوڕێیدا دەیوت:

ــ ئەمـە خوشـکەکەی مامۆسـتا مـەحموودە ، کـچی سـۆفی سـاڵحی خواناس...!!

کـچانیش هەریـەك قـسەیەکیان دەکـرد و بەوبارەشـدا دەیـان جەڕانـد بگونجایـە لەگـەڵ نەفسیاندا " کەمیـشیان تێـدا بـوو بـەزەیی بەخەرامانـدا بێتەوە ، گەرچی پەیوەندی خـەرامان و ئەکرەم لەسنوورێکی دیـاریکراودا گیرسـابوویەوە ، هـیچ کـات تووشـی تێکـەڵ بـوون و لەیـەك نزیـك بوونـەوە نەهاتبوون ، بەڵام ڕق وقینی بەهار وێنەیـەکی دەستبازی وشـەوباخەڵی بـۆ پەیوەندیـیەکـــە داتاشـــی بـــوو ، خـــەریك بـــوو دەچـــووە قـــاڵبی ئابڕووبردنەوە...!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لەخولقانــدنی ئــەم بــارەدا خــەرامان لــەژێر کاریگــەری کوێرانــەی دڵداری‌یـەکی شکـست خـواردوودا دەتلایـەوە ، بەتـەنها ئامینـە لـەم بەزمـە ئاگـاداربوو " پێـشتریش پـەیمانی دابوویـە یارمـەتی بـدات ، لـەم لاولاشـەوە بیـستبووی بـەهار چـی دەکـات و چـی دەڵێـت ؟ خـەرامانیش بـەدڵ سـافی و ساویلکەی‌یەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکات ...

بەم قسانە خـەرامان دڵـی گـیرا و هـەر زوو لەبـەهار جیابوویـەوە و پـێش دایکی گەڕایەوە ماڵەوە ...

***



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com





PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دوای ئـــەو گفتوگۆیـــەی ســـەرکاذی‌یەکە بـــۆ عەســـرەکەی ئامینـــە سـەردانێکی مـاڵی خـاڵی کـرد ککـچێکی نزیـك لەبـەهار هەمووشـتێکی بـۆ باسکردبوو ، بەونیازەی ئامۆژگاری‌یەکی خەرامان بکات تاوەکو کار لـەکار نەترازاوە ، هەڵیکرد بە ماڵدا و بەخێرهاتنیان کرد و عادەت بوو لەوماڵـەدا ئامینــە و خــەرامان بەیەکــەوە چــەند ســاتێك دابنیــشن... ئامینــە بــەو کەسایەتی‌یەی هەیبوو سام و هەیبەتێکی تایبـەتی هـەبوو لەسـەر خـەرامان گەرچـی زۆرجـار خـەرامان دەیویـست بەگاڵتـە و پێکـەنین ئـەو هەیبەتـە کـەم بکاتــەوە و بەدڵــدا چــوونی مەحمووديــشی بــەخاڵێکی گــرنگ گرتبــوو لەمامەڵـەکردنی لەگـەڵ ئامینـە " بـەڵام ئامینـە بەوکەسایەتی‌یە هاوسـەنگ و هێمن و دوور لەهەڵەشەیی‌یە پێش هاوەڵەکانی دابوویـەوە و هـەرگیز کـەس لــەهاوەڵانی نەدەچــوون بەپەرێزی‌ــدا" هــەر لەبــەر ئــەوەش بــوو بــەخاوەن عەقڵێکی ژیر و کەسایەتی‌یەکی بەهێز و بلیمەتیان دەدا لەقەڵەم ...

کـات دەمـە و عەسـر بـوو کـە ئامینـە هـات بـۆ مـاڵی خـاڵی ، ئـەو ڕۆژە خـەرامان زۆر دڵتـەنگ بـوو بـەو هەڵوێستەی بـەهار بەرانبـەری نوانـدبووی، واهەستی دەکرد نەفسی بریندار بووە و سووکایەتی پێ‌کراوە ...

هەریـــەك لەئامینـــە و خـــەرامان لەچـــاوی یـــەکتردا زۆر نهێنییـــان دەخوێندەوە و بەتایبەت خەرامان بووبوو بەجەستەیەکی بێ‌ڕۆح و گیـان ، دەت وت ئـەو ڕەفتـار و قسە ڕەقانـەی بـەهار بـەنجیان کـردووە ؟! ئامینـە بەڕوویەکی گەش و زمانێکی شیرینەوە پێ‌ی وت :

ــ دەمــەوێت چــەند قــسەیەکت بەئاشــکرا و بــێ پــێچ و پــەنا لەگەڵــدا بکەم...!

کـەمێك بـەئاگاهات و تـەواو دەسـتەمۆ بووبـوو ، لەناخیـشەوە هەسـتی بەبرینداری دەکرد وبەدەم حەپەساوی وقوڕگی پڕ لەگریانەوە وتی:



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ـ بڵێ ... ئامینه ... بزانم چی دەڵێیت ...

ئامینەش تەواو بەم حاڵە هەلێكی باشی وەرگرت و كەوتە قسەكردن :

ــ بێگومـان دەزانم ئـەم بەیانییـە لەكاتییەكـە بـەهار چـی پێوتیـت ، بـەهار دەیـەوێت تـۆ و هـەموو خێزانەكـەت لەكـەدار بكـات... بۆیـە وەك خوشـكێك یـان بـا بڵـێن هـاوڕێ یـەك هـاتووم داوای ئـەوەت لێبكـەم ئـیتر بەتەواوی واز لەئەكرەم بهێنە و با كەس باست نەكات...!!

خـەرامان سنگی گـیرا بـوو قسەی بـۆ نـەدەهات و هێشتا بەحەپەساوی گـوێ بیـستی قـسەكانی ئامینـە بـوو ، ئـەویش بـەردەوام درێـژەی دا بەقسەكانی و وتی:

ـ من ناڵێم زۆر لـەخۆت بكـە و خێـرا دەست بەرداری ئـەو پەیوەندییـە ببە ، بەڵام دەڵێم هـەوڵ بـدە لـەو كـۆت و بەنـدە خـۆت داماڵـە و وردە وردە و مەبە بە ئەسیری دەستی كەسێك ئاوابوو بێت بەهۆی حەیا چوونت... بەناو بانگەشەی ڕێزداری و چەندەها شتی تریش دەكەن ...!!

خەرامان گیان ... حەزدەكەم زۆر شت هەیـە دەربارەی خێزانـی ئـەكرەم باسی بكەم ، بەهار هەمیشە كچان هـان دەدات بـۆ خـۆداماڵین لەهـەموو داب و نەریتێك و زۆرجاریش بینراوە شەوان هاتۆتە دەرەوە و لـەم گـوێ حەسـار و ئەو ماڵدا لەگەڵ كوڕان دا دەسـتی تێكـەڵ كـردووە ...! گـەر وازنـەهێنیت ئـەوا دەبیـت بـە قـۆچـی قوربـانی كەسـێكی نـەخۆش و بێباكانـە تۆمـەتبار و گوناهبارت دەكات ...!

كاریگــەری قــسەكانی ئامینــە لەســەر خــەرامان دیارییانــدا و بــەكوڵ دەگریــا و بــەخوڕ فرمێــسك هاتــە خــوارەوە بەچــاوەكانیدا ... لــەناكاو ئامینەش توند نووساندی بەخۆیەوە وبەدەنگێكی نزم وتی:



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ـ نابێـت لاوازببیـت ... بـۆ وەك مـەحموود نابیـت ... ئێمـە هـەموو کەسایەتی ئـەومان کـردووە بەنموونەیـەك و پەنـدی ئیرادە بـەرزی و هێـزی لێوەردەگرین ...

بەدەم هەنسکەوە زۆری لەخۆکرد و وتی:

ـ خۆشم لەبەیاذیـیەوە زۆر دڵتـەنگم ... واهەست دەکەم برینـدارکراوم و کەرامەتم ڕووشێنراوە ... دەبێت چارەسەری خۆم بکەم ...

ـ بەڵام پەیوەندییەکەی تـۆ زۆر لارو لـەوێرە و خـۆتی لێ بکێشەرەوە و مەبە بە کۆیلەی پەیوەندییەك کەسایەتیت بدۆڕێنیت تیایدا ...!

لەم کەین وبەینـەدا بوون خـەرامان دیمـەنی بچڕاندنی پەیوەنـدی خـۆی بەئەکرەمـەوە لەبیریـدا هێنایـە ڕوو ، قـورس بـوو بەلایـەوە و لـەپاڵ ئـەو دیمەنەشـــدا هەڵوێـــستی بـــەهاری بیذیـیـــەوە و پـــشت ئەســـتووربوو بەدڵنیاییـەوە وتی:

ـ ئامینە...! گەر بزانم بەوداخەوە سەردەنێمەوە ئەوا ئامادەنیم لەسەر کەسایەتی سەوداگەری بکـەم و بدۆڕێم " بریـار دەدەم لەئـەمڕۆ بـەدواوە واز لـەو پەیوەندییـە بهێـنم و بەبەشـێك لەئـەزموونی تەمـەنی پێـشووی دابنێم...!

خۆشـحاڵی ڕوویکـردە ئامینـە و بەگۆڕانکارییـەکی گـەورەی دادەنـا لەژیانی خاڵۆزاکەیدا ، وازهێنانیش لەو پەیوەندییە بۆ کـچێکی سـۆزداری دڵپاك ئەستەم بوو ، لەم لایشەوە هەست کـردن بە سووکی و ئابڕوو بـردن دەرەنجامێـك بـوو سـەوداگەری بەسـەرەوە نـەدەکراو پەیوەندییەکـەش بێگومان دەرەنجامێکی ئاوەهای لێ بەرپا دەبوو ...

تانە و تەشەر و سووکایەتی پێکردنی بەهار بە خەرامان بوو بەمایەی خێـر و ئـیتر لـەو ڕۆژە بـەدواوە پەیوەنـدی بەئەکرەمـەوە کـاڵ بوویـەوە و



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

هەرکاتیش جوابی بۆ بناردایە ئەوا دەیوت من وازم لیٚهیٚناوەو با ئەویش ئیتر وازم لیٚ بهیٚنیٚ ... !!

لەسەرەتاشەوە هەڵویٚست گرتن بەو ڕەقیەیە قورس بوو بەلاٚم بەیارمەتی ئامینە و سەرقاڵکردنی بەئیشی ماڵەوە زیاتر ئەو پەیوەندییەی لەبەر یەك هەڵوەشاند و بوو بە یادەوەرییەك و مەگەر هەر لە چەند ساتیٚکی کەمدا خەرامان بیری بکەوتایەتەوە .



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

مەترسی بەعسی‌یەکان زیادی کرد و عەبدول سەلام عارفیش دەرکی بەمە کردبوو ، لەنێو سوپادا گەرایان دادەناو هێز و دەستەڵاتی خۆیان پتەوو تۆکمە دەکرد ، لەڕێگەی حەرەس قەومی‌یەوە پانتای‌یەکی فراوانیان داگیرکردبوو، بووبوون بەمایەی وەڕس بوون بۆ سەرجەم دانیشتوانی عێراق و ئاژاوەو گێرەشێوێنی یان نابوویەوە لەناوچەکاندا ...

توندوتیژی و تۆقاندنیش هۆکارێك بوو بۆ دامرکاندنی شۆڕش و خاپوورکردنی ناڕەزایی لەملاولای ولأتدا بەتایبەت کوردستان...!

دوابەدوای کودەتاکەی ساڵی63و پاشگەزبوونەوەی بەعسی‌یەکان لەبەڵێن و گفتەکانیان کەدابوویان بەکورد لەچەند قۆڵ و لایەکەوە بەربەرەکانی بەردەوام بوو ، رۆژانە پێشمەرگەی کوردستان خاکی زیاتریان ڕزگار دەکرد و بەعسی‌یەکانیش شکست و دۆڕاندن دەبوو بەنسیبیان ، لەهەنگاوێکی کتوپڕ و سەیردا عەبدول سەلام کودەتایەکی بەرپاکرد بەسەر بەعسی‌یەکاندا و بەمەش بەعسی‌یەکان خرانە پەراوێزەوە، بەلأم عەبدول سەلام شۆفێنیزمێکی نەتەوەیی بوو ، هاوچەشنی بەعسی‌یەکان بوو، ڕق وقینی بەرامبەر میللەتی کورد پەڕەی دڵیان داپۆشی‌بوو...!

ڕۆژێکی هێمن و ئاسایی باڵی بەسەر بەغادا کێشابوو ، ماندووبوون و بێزاری بەسەر ڕووی عەبدولسەلامەوە دەردەکەوت " هێز و دەستەڵاتی بەخیانەت و داپڵۆسین و خیانەت و ناپاکی دەهاتە پێش چاو و ... شریتی ڕووداوەکان لەبەرچاویدا دەهاتن و دەچوون ، سەرەتا بەشداری کردبوو لەکودەتای بەعسیەکاندا و عەبدول کەریمیان لەسێدارەدابوو،



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دوای دادگای‌یـــەکی چـــەند خولـــەکی و بەدیارچـــاوی‌یەوە هاوەڵەکـــەی گوللـــەباران کرابـــوو ...!! توندوتیـــژی لـــە تیڕوانینـــی چـــاوەکانیدا بەدی‌ـدەکراو ژیـــانێکی ئـــاوا زبـــر و دڵڕەقـــی کردبـــوو بەبەریـــدا و تـــازە بەبارهاتبوو لەسەر کوشتن وبڕین و پیلان گێڕان ...!!

لەودانیـــشتنەدا ســـەرجەم ئەفـــسەرانی ســـەر بـــە دەســـتەلاتی خـــۆی ئامـادەبوون ، هـەموو چاوەڕێ بـوون و کـەس زاتـی ئـەوەی نـەدەکرد ورتـە لەزاری بێتە دەرەوە ...

عەبدولسەلام بەگرژی‌یەوە دەستی‌کرد بەقسەکردن و وتی:

ـــ بەعـــسیەکان پێـــیـــان ڕاکێـــشابوو ، وایـــان دەزانـــی بێـــدەنگ دەبم لێیـــان...ئەگـــەر دام نەمرکاندنایەتـــەوە هـــەموومانیان قـــووت دەداو دەکەوتینە بەرشالأوی دڕندانەیان... !

ئەفـــسەر و بەرپرســـانی ئـــەمن و هـــەواڵنێریش بتێـــك بـــوون و لـــە ســـەرلەقاندن زیـــاتر هیـــچی دیکـــەیان لـــەزار نەدەهاتـــە دەرەوە... عەبـــدول سەلام درێژەی دا بەقسەکانی و وتی:

ـ گوێ بگرن ... مەترسی زۆر دەوری‌داوین و هەریەك بەچەشنی خۆی خەریکـە گرفتمـان بـۆ دروســت دەکـات... کوردەکـان بـوون بەبەلأیـەك و لـەملمان نابنـەوە ...دەمـەوێت هەرچـی جموجـوولێکی ئـەو ناپاکانـە هەیـە خاپووربکرێت...! نامەوێت ناویـان ببیستم ...نامـەوێت لـەم ولأتـەدا جگـە لەعەرەب کەسی‌تر هەبێت...!!

قسەکان ئاوێتـەی تـووڕەیی بـوون ، لەگەڵیـشیدا جاربـەجارێك ووشـەو دەســـتەواژەی ســـووك و ناشـــیرین دەهاتنـــە دەرەوە ، ئەوانەشـــی لـــەدەوری بوون هاوبیری‌بوون و چەپڵەیان بۆ لێدەدا... حەماسیان زیاتر هەڵدەستان ، لەکەسایەتی عەبدول سەلامدا عەبدول ناصریان دەخوێنـدەوە و لەوپـەڕی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

حەماسدا یەکێك لەئەفسەرەکان هەستاو هوتافێکی کێشا بەگیانی عەبدول سەلام ، ئنجا سەرجەم ئەفسەران دووبارەیان کردەوە و تادەهات زیاتر کەش وباری کۆبوونەوەکە گەرم دەبوو ...!!

ئنجا دەستیان کرد بە جنێوو قسەی ناشیرین وتن بە سەرکردایەتی شۆڕش و تۆمەتبارکردنی، یەکێك لەوانە کە سەربەبەعس بوو خۆی دەرنەدەخست هەستا و بەدەنگێکی بەرز هاواریکرد:

ـ قوربان ... کورد هەر ناپاك بوون...!

خەریك بوو بڵێ زوڵم و ستەمی بەعسیان بەس بوو ، بەلاّم خێرا قسەکانی گەڕاندەوە و وتی:

- بەفەزڵی یەکێتی ڕیزەکانی عەرەب و لەژێر سەرکردایەتی شکۆمەندی تۆدا ئەو زندیق و یاخی بووانە دادەمرکێنینەوە ...!!

یەکێکیتریش هەر لەودەستەو تاقمە کە خۆیان شاردبووەوە لەژێریشەوە پەیوەندییان هەبوو لەگەڵ بەعسییەکاندا ڕەزا قورسێکی ڕوو گرژبوو هەستا و وتی:

ـ ئێمە هەموومان لەژێر فەرمانی بەرێزتاین و چ فەرمانێك دەربکەیت بەجێیە ...! گەر ژیانیشمان لەرێیدا لەدەست بدەین ... !!

هێشتا حەماسی ئەفسەر و سەرکردەکانی سوپا دانەمرکابوویەوە یەکێك هاواریکرد :

ـ بژی سەرۆك عەبدول سەلام ... ! بژی سەرۆك عەبدول سەلام ...

دەنگی هوتاف و چەپڵە کۆڕەکەی گەرم کرد و عەبدول سەلامیش بێدەنگ بوو ، تەماشای ئەو پشتگیری و کۆمەکییەی دەکرد و زۆرجاریش گومانی هەبوو ئەفسەرەکانی لەگەڵیدا ڕاست بکەن ، بەلاّم زۆر



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

خۆی خەریك نەكرد بەبیركردنەوە لەومەسەلەیە و بیری لەسەر ئەوە توند كرد چۆن شۆرشی كورد دابمركێنێتەوە ...!

لەناكاو جووڵەیەكی كرد و هەموو بەئاماژەیەك تێگەیشتن و بێدەنگ بوون لەماوەیەكی كورتدا و كەس ورتەی لێوەنەهات ...!

عەبدول سەلام خۆشی سەرسام بوو لەو ئەفسەرانە چۆن ئاوا بەچەشنی ئامێریان لێهاتووە و بێئەوەی هیچ بڵێ هەموو لەترسا بێدەنگ دەبن و گوێ بیستی قسەكانی دەبن ؟، پاش كەمێك بێدەنگی رووی تێكردن و ئەمجارە دەموچاوی خۆشحاڵیەكی كەمی پێوە دیاربوو ، هەر ئەوەش جێگەی دڵخۆشی ئەفسەر و سەركردەكانی بوو ، بەهێمنی وتی:

ـ فڕۆكە بەبەردەوامی بۆردومانی بارەگاوحەشارگای یاخی بووان بكات... جاشەكان تەواو زیندووبكەنەوە... سەرجەم چەشن و شێوازی ئابلۆقەی ئابووری دروست بكەن و دەمەوێت شەرێكی نەفسی درێژ خایەن بەرپابكەم لەگەڵیان ... بیان تۆقێنن...! بیان گرن ...بەڵێ هەر كوردبوونیان جێگەی خۆیەتی دەستگیربكرێن لەسەری ... بابزانم چی دەكەن ...؟!!

سەركردەی فەیلەقەكەی كوردستانیش بەشانازییەوە وتی:

ـ بارەگاكانیان هەمیشە لەژێر بۆردوماندایە ... ئەوانەشی گومانمان لێیان بووبێت دەستگیرمان كردوون و لەزیندانەدا مەرارەت و ئەشكەنجە و ئازاریان دەكەین بەگەروودا...!!

لەناكاو عەبدول سەلام قسەكانی پێ بڕی و وتی:

ـــ هێشتا لەسنوری هەڵەبجە و شاخەكانی بوونیان هەیە و هێزێكیشیان لە قەرەداغ مۆڵكردووە و دەستیش دەوەشێنن...!!

سەركردەی فەیلەق ناچار قسەكانی بەبارێكیدیكەدا بادا و وتی:



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ـ هێزەکانمان لەوپەڕی ئامادەباشیدان ...!

تەماشایەکی کرد و وتی:

ــ دنیایــان لێ بــشێوێنن بــا هــەموو بتــۆقێن ژن ، منــداڵ ، گــەورە و بچووکیان...!!

ئنجــا بــەدوور و درێــژی باســی جموجــوولّی هێزەکانیــانی کــرد و لەودانیشتنەش بەدواوە هاوکاری نێوان جاش و حکومەت زیادی کرد و بوون بەگورگێکی هار و بەکوردستاندا بڵاوبوونەوە ...!!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

شاری هەڵەبجە چەند ڕۆژێك بوو جموجووڵێکی سەیری تێکەوتبووە و هێزەکانی ڕژێم چاودێری هەڵس وکەوتی لاوەکانیان دەکرد و چاویان خستبووە سەر ئەوکەسانەی بەئەمەکداری ناسرابوون بۆ پێشمەرگە شۆڕش...

چەکدارانی جاش بووبوون بە ملۆزم و بەربووبوون لەگیانی خەڵك و پێش هێزەکانی ڕژێم کەوتبوون لەسەرجەم خاڵە سنوورییەکاندا و ئاژاوە و شەڕوپێکدادانیان نابوویەوە...

ئەرسەلان چاك بووبوویەوە و زۆر حەزیدەکرد سەردانێکی شار بکات و بەنهێنی شەوێك بمێنێتەوە ، بەلاّم خاڵە خوارەحمی هەمیشە دژی ئەو فیکرەیە بوو... مەترسی گرتن و زۆرجاریش تەقەلێکردنی تێدابوو ، ئەرسەلان بەتایبەت بێتاقەتی شیرین بوو ، ئەوەندە تامەزرۆی بینینی شیرین بوو واپەی دەبرد لەزووەوە نەیدیوە و ڕوخساری خەریکە لەبەرچاوی کاڵ دەبێتەوە ...

ئێوارەیەك لەبنکەی پێشمەرگە دانیشتبوون و ئەرسەلان بەخاڵی وت:

ـ دەمەوێت لەم شەوانەدا خۆم بکەمەوە بەشاردا ...

خوارەحم تەماشایەکی کرد و وتی:

ـ ئەو مەسەلەیەمان باسکرد و ئیتر پێویست ناکات بیری لێبکەیتەوە و باسی بکەیت ...!

ــ ئاخر... ناتوانم خۆم ڕابگرم و دەبێت بۆ چەند ساتێکیش بێت بچمەوە ناو شار ... ناچمەماڵی خۆمان هەر لەکانی عاشقان لەماڵی خاڵە سۆفی دەبم و لەوێ باوکم و دایکم و خوشکەکانم دەبینم ...

خوارەحم بەترسەوە باسی لەڕێگەی هەڵەبجە کرد و وتی:



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ــ کوڕم هەریەك لەوڕێگایانە بگریت بەشی خۆی مەترسی تێدایە... دەترسم بکەویتە کەمینی جاشەکان ، یان بەردەستی ئەو هەموو چەکدارو سەربازەی دوژمن بکەویت ... باوکم ئەرسەلان گەڕانەوە ئاسان نی‌یە...ڕێگەیەکی پڕ لەمەترسی‌یە و دان بەخۆتا بگرە بەشکو خوا دەروویەکمان لێبکاتەوە و بەئازادی بگەڕێیینەوە...!

پاش چەند ساتێکی کەم ئەرسەلان بەدەنگێکی نزم و هێواشەوە کە زیاتر پاڕانەوەی لێ دەخوێندرایەوە و وتی:

ـ خاڵە ... ناتوانم ئارام بگرم... تکاتان لێدەکەم ڕێگەم بدەن... تەنها یەك شەو زیاتر لەوێ نابم .... ڕێگەش ئاسان دەبێت ... خۆم دەکەم بەخەڵکی گوندێك لەوگوندانەی دەوروبەر، لەگەڵ چاوساغێکی سەربەخۆماندا بەچەشنی بازرگان یان گوندنشینێك لەیەکێك لەدەروازەکانی شارەوە دەچینە ناو شار ...!

خاڵی بۆی دەرکەوت گفتوگۆکردن بێکەڵکە لەگەڵیدا و ئەرسەلان کەللەی ڕەقە و شتێك بکەوێتە مێشکی‌یەوە دەبێت هەرجێبەجێی بکات " ناچار ویستی ئەو چوونە دوابخات و ئومێدێکیش بخاتە بەری بەڵکو لافاوی شەڕ و بەربەرەکانی وشوێن پێهەڵگرتنی ڕژێم و جاشەکان کۆتایی پێبێت بۆیە وتی:

ـ باشە وا من و کاك حەمەئەمین ڕێگەمان پێدایت ... خۆ ئێستا ئێمە لەسەنگەرداین و هەموو ڕۆژێك چاوەڕێین دوژمن بێتە سەرمان و لەم کاتەدا چۆن بەجێمان دەهێڵیت ...؟!

زەق کردنەوەی ئەم خاڵەش کاریگەربوو لەسەر نەفسی ئەرسەلان، بەلاَم هەر نەبووە هۆی ساردکردنەوەی و وتی:



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ـ شەوێك هیچ لەحاڵی ئێوە ناگۆڕێت و منیش زوو ئەو شەوە مەرامی خۆم حاصڵ دەکەم و زۆرم پێناچێت دەگەڕێمەوە ...!

خوارەحم هیچ وەڵامێکی نەدایەوە و تەماشایەکی حەمەئەمینی کرد و ویستی ئەویش وەکو بەرپرسێك " مەترسی و یاساغ بوونی ئەو حاڵەتەی لاباس بکات ، بەڵام حەمە ئەمین قسەی نەکرد و سەریداخستبوو...ئەم هەڵوێستەش زیاتر خوارەحمی بێتاقەت کرد و ناچاری کرد خۆی درێژە بەقسەکانی بدات :

ــ کاکە گیان لەلایەکیتریشەوە شۆڕش ڕێگە نادات و سوورە لەسەر پاراستنی گیانی پێشمەرگەکانی ...

ئەم قسەوباسەش تا نیوە شەوی خایاند و کەڵکی نەبوو ، ئەرسەلان هەر وازی نەهێنا و ناچار خوارەحم تەسلیم بوو ، بەڵام پێی وت :

ـ خۆت بەرپرسی لەهەرشتێك بەسەرت بێت ... ئێمە ڕازی نین و تۆش سووریت لەسەر قسەی خۆت ، ناچارین سەرپشکت بکەین و ئەوسا گوناهی خۆت ئۆباڵی خۆت ...!

ئەرسەلانیش باکی نەبوو لەو مەترسیدارکردنەی ڕێگە لەلایەن خالێیەوە و گوێی لێنەبوو ، دەمێك بوو دیمەنەکانی گەڕانەوەی لەبیروهۆشیدا گرێبەن دەکرد و حاڵی خۆی و شیرینی لێکدەدایەوە " چ ساتێك بێت ؟! قسەوگوفتەی نێوانیان " ئاخۆ چ تەرزێك بەخۆوە بگرێت ؟! ئەوشەوە تانیوەشەو بەدەم خەیاڵ و دیمەنی جیاواز جیاوازەوە خەوی لێنەکەوت و چەند جارێك ساتی بەیەك گەیشتنی دووبارە لێدایەوە وکەم کەمەش فرمێسکی دەڕشت لەکاریگەری ئەو دڵدارییەی زاڵ بووبوو بەسەر هەموو لاشەیدا و دڵی تەواو داپۆشی بوو ... ! ساتی ژوانیش شای نێو دیمەنەکان بوو و کاریگەریەکەی لەدڵی ئەرسەلاندا یەکجار زۆر بوو ... !



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بۆشەوی دوایی ئەرسەلان لەگەڵ یەکێك لە ڕێکخستنەکانی ناوشاردا چوونە پریس و لەوێشەوە لەگەڵ بانگی بەیانیدا لەدەرگای ماڵی سۆفی ساڵحیدا ... خانەوادەی سۆفی هەموو بەئاگاهاتن و هیچ کات کەس لەو وەختەدا لەدەرگای نەدابوون " یەکەم کەس بەئاگاهات مەحموود بوو ، گەرچی ئەوشەوە تا درەنگ خەریکی خوێندنەوەبوو بەڵام خەوی سووك بوو هەر زوو لەسەرجێگەکەی هەستاو دەرگای ژوورەکەی کردەوە ، بیری بەلای ئەوەدا نەدەچوو ئەرسەلان شتی وابکات ... بۆیە زۆر بەلایەوە سەیر بوو کاتێ بینی ئەرسەلان دەموچاوی هەڵبەستووە " خێرا دەرگاکەی والاکرد و وتی:

ـ ئەرسەلان ... تۆیت ... شتیوانابێت ...!!

چەند ساتێکی کەمی خایاند و خۆیکرد بەژووردا وتی:

ـ هاتووم سەردانێکتان بکەم ...

لەوکاتەدا سۆفی و سەکینە و خەرامانیش هەریەك بەچاوی خەواڵووەوە هاتبوونە بەرهەیوانەکە و سەرسام بووبوون ، چۆن ئەرسەلان توانیویەتی ئەو هەموو بۆسە و خەتەر و سامناکییە بترازێنێت و بگاتەوە هەڵەبجە...؟!هەموو زۆر بەلایانەوە عەجایب بوو ، لەڕاستیشدا کارێکی ئاسان نەبوو بەناو ئەو هێزەی ڕژێمدا بتوانێت بگاتە هەڵەبجە ...ئەمەش دەرهەق بەحاڵی ئەرسەلان ئازایییەکی کەم وێنەبوو ...بەڵام وەك دەڵێن عاشق گوێنادات بەهیچ کۆسپ و گرفت و ڕێگرێك و لەپێناوی عیشقەکەیدا هەموو قوربانییەك دەدات ...!

سۆفی خوشکەزاکەی خۆش دەویست ...توند باوەشی پیاداکرد وبەدەم ئەو حاڵەوە وتی:

ـ مەحموود سەرێ بکێشە دەرەوە بزانە وەزعی کۆڵان لەچیدایە ...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئنجا سەكین و خەرامانیش بەگەرمی بەخێرهاتنیان كرد و بردیان بۆ ژوورەكەی مەحموود ... هەموو خۆشحالْ بوون بەبینینی و وا بۆ سالْێك دەچوو بووبوو بە پێشمەرگە و هەلْەبجەی بەجێ هێشتبوو ... ئەو بەیانییە كەس خەوی پیانەكەوتەوە و لەدەوری ئەرسەلان گیر بوون ، یادەوەری منداڵی و ڕووداوەكانی ژیانیان بەسەر دەكردەوە ...

ئەرسەلان زۆر شادمان بوو ، دابەزینە نێو شاری بەكارێكی مەزن دەهاتە پێش چاو ، وایدەبینی بووە بەیەكێك لەوانەی خەلْكی بەچاوی ڕێز و شكۆمەندییەوە تەماشای دەكەن ، پێشمەرگە دلْی زیندووی گەل بوو ، میللەت هەموو خەونیان پێوە دەبینین و تەنانەت جل و بەرگیان بەتەبەرك تەماشا دەكردن " چونكە كارێكی هەروا ئاسان نەبوو كەسێك لەمالْ و حالْ و ژیانی ئاسایی خۆی ببووریْ و ژیانی پڕ لەمەترسی كوشتن و گرتن و شاخ و داخ و كوڵْ بەكۆڵی و سەرمای زستان و گەرمای هاوین و ڕەش و ڕووتی قبوولْ بكات ... !!

بۆیە پێشمەرگە جێگەی خەون و ئومێدی میللەت بوو ... خەلْكی گوند و شار بە پەرۆشەوە باوەشیان بۆ كردبوونەوە و پێشوازی گەرم و گوڕیان لێدەكردن ، گوندنشینی وا هەبوو گەر بیزانیایە مەفرەزەیەكی پێشمەرگە لەسەنگەردان لەناوچەیەكدا ئەوا بەكۆڵیْ نان و پێداویستییەوە بەڕێدەكەوت و بێئەوەی كەس پێی بلْیْ ، باكیشی نەبوو ڕژێم چی دەكات بەرامبەر خۆی و مالْ و منداڵی ...! چونكە ئومێدی هەموو گەل وابەستەی ئەو دەستە ئەستێرە ئاسایە بووبوون كە كێووچیاكانیان كردبوو بە مالْ و دوژمنیان هەراسان كردبوو ...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لەبەرئەوە ئەرسەلان لەناخەوە شانازی بەخۆیەوە دەکرد و بەچاوێکی مەزنەوە پیشەو کارەکەی دەهاتە پێش چاو ، گوێی نەدەدایە مەترسی و ئاستەنگەکانی بەردەم ئەو کارە ...

هێشتا خۆری ئەو ڕۆژە نەکەوتبوو سۆفی چوو بۆ ماڵی میرزا سلێمان و لەگەڵ خۆیدا هەموویانی هێنا ... ئەوانیش بەو ڕووداوە کتوپڕە سەرسام بووبوون ، وێڕای ئەوەی دەترسان لەچارەنووسی کوڕەکەیان بەلاّم خۆشحاڵ بوون بەوەی لەنزیکەوە بەدیداری جەرگ و نێونەمامی دڵیان شادببنەوە ... دیمەنەکانی بەیەك گەیشتن و شادبوون بەیەك کاریگەربوون، کەسێك نەبوو لەوماڵەدا نەگری و " حاڵەتێکی لەدڵ ناسکی بۆ دروست نەبووبێت ...!

ئامینە لەهەموویان زیاتر هەست ناسك بوو ، چەند تاسەیەك هات بەسەریدا و خەریك بوو ببوورێتەوە ، ئەوەندە تامەزرۆی بینینی کاکی بوو ، سەرتاپای جەستەی دەلەرزی و فرمێسکە گەرم و گوڕەکانیشی ڕیزیان بەستبوو بەدوای یەکدا و ئارامی لەبەر هەڵگیرابوو ، چەند جارێك لەسەر یەك براکەی توند گرت و ماچی کرد ، ئەویش زۆر ئامینەی خۆش دەویست و دەرکی کردبوو بە رەحم و سۆزی ئامینە بۆی ...

دوای هێوربوونەوەی هەستی جۆشاوی هەموویان میرزا ڕوویکردە کوڕەکەی و وتی:

- یاخوا بەخێربێیتەوە ... زۆر تامەزرۆی دیدارت بووین ...بەلاّم چۆن توانیت لەنێو چەکمەی ئەو جاش و سەربازانەوە خۆت بگەیەنیتە شار...

ئەم پرسیارە لای ئەرسەلان زۆر گرنگ بوو چونکە پەیوەست بوو بەباسی ئازایەتی و لێهاتوویی پێشمەرگە و دەشیتوانی ناوکێشی باسی خۆشی بکات ... پاش کەمێك بێدەنگی ئەوجا وتی:



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ـ دەمێك بوو دەمویست بگەڕێمەوە ... دڵم دەكولا وەك مەنجەڵ بۆ شار و خەڵكەكەی ... بیرم دەكردن ... پێشمەرگە وێنەی پۆڵان و بەربەستێكی مەزنن ... جاشەكان جار لەدوای جار شكست دەخۆن ... ڕژێم گلۆڵەی كەوتۆتە لێژی و بەفرۆكە و تانك و زرێ پۆش ناتوانێت زاڵ ببێت بەسەرماندا ... خاڵم زۆر ویستی ڕێگەم لێبگرێت تاوەكو دانەبەزمە ناوشار... بەڵام دڵم پاڵی پێوەنام و گەڕامەوە ...!!

بەووردی گوێ قولاخی قسەكانی بووبوون تەنانەت نازداریش كەلەباوەشی كاكیدا بوو ، بێدەنگ واقی وڕمابوو ، سەرنج ڕاكێشانی گەورەكان بۆ قسەكانی كاكی هەستكردن بە مەزنی گفتوگۆ و كاكی بۆ دەردەخست ...

ئەو ڕۆژە تا ئێوارە هەموو لەدەوری ئەرسەلان بوون و ، بەتەنهاش ئامینە ئاگاداری خواس و ڕازی نێو دڵی ئەرسەلان بوو ... بواریان نەدا تا لەكاتێ دەست شتنی نان خواردنی نیوەڕۆدا ئەرسەلان چرپاندی بەگوێی ئامینەدا :

ـ ئامینە دەمەوێت شیرین ببینم ...!

داوایەكی زۆر ئەستەم بوو " چونكە هەموو لەژێركاریگەری ڕووداوەكەدا بوون و دەوری ئەرسەلانیان بەرنەدەدا و دەتوت تازە لەگۆڕ هاتووەتە دەرەوە ، بۆیە ئامینە بەدەنگێكی هێواش و لەسەرخۆ وتی:

ـ شتی وا مەحاڵە ... چۆن ..؟!! ڕێگەیەكم نیشان بدە با پیایدا بڕۆم و مەرامەكەت بهێنمە دی ...

ئەرسەلان تۆزێ ڕاوەستا و وتی:

ـ گوێ بگرە ... من ئەمشەو لێرەدەبم ... شەو ...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

خەریك بوو بڵێ شەوبیبینم " بەلآم بیری کردەوە ئەو داوایە هەر زۆر مەحاڵە هەرگیز کچێکی وەك شیرین ناتوانێت بەوشەوە بگاتە ماڵی سۆفی... غەم دایگرت و هەستی بەدڵەڕاوکەیێەکی زۆرکرد و وتی:

ـ نا... شەونا... باشە هەوڵ بدە ئەم عەسرە بەبیانوویەك بیهێنەرە دەرەوە و بیکە بەئێرەدا ...!!

ئامینە ویستی بپرسێت ئەی چی بکەین لە باوکم و خاڵم " ئەرسەلان پێشی کەوت و وتی:

ـ زۆر ئاسانە ... دەڵێین بۆ لای خەرامان هاتووە و ئیشی هەیە ... منیش دەچمە ژووری ئەودیوو ...

نوتقی بەسترابوو و لەوەزیاتر قسەی پێنەبوو ئنجا ناچار وتی :

ـ دەتۆ وابکە ... چی دەبێت بابێت ... !

ئەرسەلان پەشۆکابوو ، ئەوینی نێو دڵی هەراسانی کردبوو ، لەشیرین زیاتر کەسێکی دیکەی نەدەبینی و لەدڵی خۆشیدا بڕیاری‌دابوو بەمیرزای باوکی بڵێ ، بەڵکو بچێتە داخوازی شیرین و هەرچۆنێك بێت دەست نیشانی بکات ...

ئامینەش دڵی نەدەهات تاقەبراکەی زویر بکات و لەبیریشیدا ئەوەی لێك دەدایەوە چۆن شیرین بانگ بکات ... ئیشێکی وائاسان نەبوو ، پێویستی بە جورئەت و پێ بەجەرگان هەبوو ... پێش ئەوەی شیرینیش بانگ بکات کەش و باری ماڵەکەی تاڕادەیەك ساز کرد و دایکی و خاڵۆژنە سەکینی تێگەیاند ...

بەئاشکرا چەندقسەو گوتەیەکی بەدایکی و خاڵۆژنە سەکین وت و ئەوانیش خۆشحاڵی‌یان بەنیازپاکی ئەرسەلان دەربڕی و بێدەنگ بوون و بڕیاریاندا بۆ چەند ساتێکی کەمیش بێت دوودڵدارەکە یەك ببینن ...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

کـاتێکی زۆر کـەمی بـرد و ئامینـە و شـیرین خۆیـان کـرد بەماڵـدا و ئەوسـاتەی ئەرسـەلان چاوەڕێی بـوو وا خـەریك بـوو بەرجەسـتە دەبـوو ، شیرین یەکجار هۆگری ئەرسەلان بوو هەر ئامینـە پێی وت خێـرا عەباکـەی هەڵگرت و بێ قەید و شەرت لەگەڵی بەڕێکەوت ...

عـادەت و داب و نـەریت وابـوو کـچان جێگـەی دانیـشتنی خۆیـان جیادەکردەوە لـەو جۆرە سـەردانانەندا و ، لـەژوورێکیتردا سـەریان دەکـرد بەیەکدا ، ئەمەش بۆ ئەرسەلان هۆکارێکی باش بوو ، هەرسێ کیژەکەش لـە ژوورەکـەی مـەحموود دانیـشتن ، لەلایـەکی تریـشەوە سـۆفی ومـیرزا هـاتنی شـیرینیان پـێ سـەیر بـوو بـەڵام خێزانـەکانیان هـەر زوو بێـدەنگیان کـردن و هیچیان نەوت ...

ئەرسـەلان بـەبیانووی چـوونە سـەرئاو دەرگـای ژوورەکـەی کـردەوە و چـووە دەرەوە ، ئەوەنـدەی نـەبرد تەقەیـەك لـەدەرگای ژوورەکـەی دراو فـەرمووی لێکـرا ، ئامینـە و خـەرامان بـێ ئـەوەی هـیچ بڵـێن جگـە لەزەردەخەنەیـەك کەلەسـەر لێوەکانیـان دەبینـرا بەدەرکـەتن و شـیرین و ئەرسـەلان بەتـەنها مانـەوە ، سـاتێکی زۆر کاریگـەربوو لەسـەر هەسـتی هـەردوو دڵدار و بەنیازێکی پاکەوە ڕوو بـەڕووی یـەك بوونـەوە ، ئەرسـەلان ڕەوشـتی بـەرزی وای لێکردبـوو هـەرگیز لێـی نزیـك نەبێتـەوە و خۆشەویستییەکەیان لەسنووری ڕێز و قەدر و بێگەردیدا بمێنێتـەوە ... شـیرینیش پەروەردەیـەکی بـەرزکرابوو بەتـەنها چـاویان لەیـەك بـڕی و هەردووکیان چەند ساتێك ڕامان ...

شـیرین لەناخـەوە دەیگـوت : نـا ... نـا ... بڕواناکـەم ... تـۆ بڵێـی ئەوە ئەرسەلان بێت ... !!

ئەویش بەدەنگێکی نزم پەردەی بێدەنگی شکاند و وتی:



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ــ شیرین گیان ... هەمیشە لەبیرم دابووی ... ئەم هەموو کۆسپ و مەترسییانەم لەبەر تۆ بڕی ... دەمێك بوو نەم بینیبووی ... وەختە بوو سوێم دەبویەوە ...!

لەم قسانە واقی وڕمابوو زۆر عەودالی بینینی ئەرسەلان بوو بەدەنگێکی ناسك وتی :

ـ ئەرسەلان ... ئای چەند بیرم دەکردیت ... لەوساتەوە تۆ هەڵەبجەت بەجێهێشتووە من ئیسراحەتم لەبەر هەڵگیراوە و شەوانیش بەدەم گریانەوە خەوم لێدەکەوێت ...

قسەو باس زۆر بوو ئەرسەلان بیکات و هەرگیز تێری نەدەخوارد لەدیداری شیرین بەلام دەترسا خالە سۆفی و باوکی دەرگاکەیان لێبکەنەوە و کەسێتی هەردووکیان بشێوێت لایان ، بەمەش شیرین سووك بکات و تووشی ئیحراج بوونی بکات ... بەخێرایی و لەهەلوێستێکی کتوپڕدا وتی:

ــ شیرین .... منیش هەروەك تۆ وابووم و لەژێر ئەو هەموو نارەحەتییەدا هەر بیرم لەتۆ دەکردەوە ، شیرین .. دەمەوێت ... دەمەوێت هەر ئەمشەو بنێرمە داخوازیت و دەست نیشانت بکەم ... پێت خۆشە...ها ... ؟!!

بەم هەواڵە خۆشە ڕووی گەش بوویەوە و سوور هەڵگەڕا و بەدەنگێکی شەرم ئامێزەوە وتی:

ـ باشترین چارەسەرە بۆ ئەم حاڵەی کەتێی کەوتووین ...

ئنجا بەخێرایی ئەرسەلان دەرگاکەی کردەوە و سەرێکی لارکردەوە بۆ دەرەوە و دواتر سەری کێشایەوە ناوە و وتی:



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ـــ دەترسـم هـەردووكمان لەكـەدار بـبین تـەنها ئـەم چـەند سـاتەم بەسـە...بەنیازی سـەرگرتنی مـەرامی هـەردووكمان ... گیانەكـەم بـەخوات دەسپێرم...

ئەمـەی وت و چـووە دەرەوە و شـیرین حەپەسـابوو ، چـاودێری ئەرسـەلانی دەكـرد و چـاوی لیٚ نەدەتروكانـد ... گیانیـشی لەخۆشـیدا دەلـەرزی و تونـد عەباكـەی ئالاندبوو لەخۆیـەوە و دەت وت گـەردەلوول و زریـانێكی بیٚوچـان هەسـتاوە ، كـاتیٚ ئامینـە و خـەرامان هـەلیانكردەوە بـەژووردا و بەوحالـەوە بینیـان زۆر سەرسـام بـوون ، خـەیالی ئامینـە ڕەوی پـیٚ نـەكردە دووریـانێكی خـراپ ، چـونكە شـارەزابوو لەڕەوشـتی براكـەی ، بـەلام خـەرامان بەربەسـتی دانـا لەبەردەمیـدا و وێنـای ئەرسـەلانی هێنایـە پێش چاو كە دوورە لەهەموو گومـان و ڕەوشـتێكی نابـەجیٚ ، بۆیـە ئـەویش قوتار بوو لەخـەیالیٚ و بیری نابـەجیٚ و هـەردوو كچەكە بـەرەو ڕووی شیرین چوون و ئەملاولایان گرت...ئەویش تازە خەریك بوو دەهاتـەوە سـەرخۆ و جـاریٚ قـسەی بـۆ نـەدەكرا ، هەرچـۆنێك بـوو حـالی كـردن و دوای چـەند ساتێك شیرین گەڕایەوە مالی خۆیان ...

هەر ئەو شەوەیش میرزا و سۆفی سالح چوون بۆ مالی حەسـەن ئەفەنی و داوای دەسـتی كـچەكەیان لێكـرد ، ئـەویش ئەرسـەلانی زۆر خـۆش دەویـست و بـە لاوێكـی ڕەوشـت بـەرز و بیٚتـەنگ و چـەلەمەی دادەنـا ... بەخۆشـحالیٚیەوە ڕازی بـوو بەمـەرجێك شـیرین و دایكـی ڕازی بـن ... بێگومان شیرین و دایكیشی نكوولیان نەبوو دەم و دامانیـان تـاقی كرایـەوە و لەبەر وەزعی ئەرسەلان كارەكەیان دوانەخست و ئەو شـەوە ریٚـو ڕەسمـی بەیـەك گەیـشتنی هـەردوو لاویـان دانـاو، بـەپیرۆزبایی هـەموو لایـەك گریٚوبەنـدی هاوسـەرایەتیان بەیەكـەوە بەسـتن ، بـەلام بڕیاریـان دا جـاریٚ



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

کەس نەزانیٚ تاوەکو هەلیٚکی باش دەڕەخسیٚت بۆیان ئەوسا لای خەڵکی ئاشکرای دەکەن ...

بەم ڕیٚوڕەسمەش هەردوولا بەخۆشحاڵییەوە سەریان خستە سەر سەرین و شەویٚکی شادیان ڕۆژکردەوە .

*        *        *



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ڕووداوەکانی گۆڕەپانی عێراق تادەهات زیاتر گرژ دەبوو ، هێزی پێشمەرگە توانا و دەستەڵاتی بەسەر ڕووبەرێکی فراواندا دەڕۆیشت و هێزەکانی ڕژێمیش شکست و تێکشاندن ڕووی تێدەکردن ، پێشمەرگە بەتەنها خاوەنی شەستیر و بڕنەوو ڕەشاش و لەهەندێك ناوچەشدا تۆپێکیان جێگیر کردبوو ، ڕژێمیش توانای چەکداری و مرۆیی سەر ژمێر نەدەکرا و سوپایەکی تۆکمە و زۆر بێشوماری هەبوو ، بەڵام گیانفیدایی پێشمەرگە و قوربانی دانیان کارێکی وایکردبوو ، ئەفسەر و سەرباز و جاشەکان تۆقیبوون و گیریان خواردبوو بەدەست پێشمەرگەوە ...

عەبدول سەلام سەردانێکی قەرەداغی کرد و تیایدا وتارێکی شۆفێنیزمەیدا و بانگەشەی ناسیونالیزمی عەرەبی کرد و زاڵیکرد بەسەر کورد و کەمایەتیەکانی عێراقدا ...! ، مافی کوردیش کەوتە ژێرەوە و هاوبەشی کردنی کوردیش لەعێراقدا بوو بەجێی مشت و مڕو هەزار ویەك قسە و گوتە ...!

پێشمەرگەی کوردستانیش بوون بەئاگر و بەربوونە گیانی هێزەکانی ڕژێم و لەهەڵەبجە و پێنجوێن و قەڵادزێ و قەرەداغ و سەرجەم ناوچەکان بەرزبوویەوە و توانای دەست وەشاندنی پێشمەرگە گەییەیە ڕادەیەك ڕژێم پەی بێنەدەبرد و ، عەبدول سەلام تووشی هستریا هات ... لە ڕۆژنامەی (بلد)ەوە هەڕەشەو تۆمەتی کافربوونی بۆ کورد دەهۆنییەوە و هەوڵی ئەوەی دەدا ڕای عەرەبی لەدەوری شۆفێنیزمی کۆبکاتەوە ، بەڵام بەتەنها دەستەیەك ئەفسەر و ئەڵقە لەگوێ زیاتر، کەسی تر وەڵامی داواکەیان نەدایەوە و ناچار بڕیاریدا گفتوگۆیەك لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕشدا بکات ...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

پێشمەرگەکانی کوردستان نیگەران بوون بە گفتوگۆ و بە چاوبەست و هەڵخەڵەتاندیان دەدا لەقەڵەم " چونکە هەرکات ڕژێم تووشی شکست و لاوازی ببوایە ئەوا ڕووی دەکردە گفتوگۆ و دانوستان و وەکوتریش مەسەلەی مافەکانی کوردیان خستبووە پەراوێزەوە و ئاوڕیان نەدەدایەوە بەلایدا ...

ئەمەش وایکردبوو بەرپرسان و پێشمەرگە بێزاربن لەهەڵسوکەوتی سەرکردایەتی ، هەر لەو ڕۆژانەشدا تاقمی مەکتەبی سیاسی و مەلا مستەفا مقۆ مقۆ لە نێوانیاندا دروست بووبوو ، ئەمەش جێگەی نیگەرانی خەڵکی کوردستان بوو ، دەترسان ڕژێم ئەو جیاوازی ڕاوبۆچوونە بقۆزێتەوە و دووبەرەکی بەرپا بکات لەنێوانیاندا ...

تازە پێشمەرگە کەوتبوونە سەر باری جەنگ و شەڕی درێژخایەن ، هەریەك لەوپێشمەرگانە واهەستی دەکرد کەرامەت و ڕێزی میللەت دراوەتە دەستی ئەو و دەبێت بەرگری لێ بکات ... بەڵام هەواڵی ئاگربەست گەیشت بەسەرجەم هێزەکان و تووشی بێزاری و ڕق وقین بوون ، خواڕەحم بارەکەی بۆ پاساو نەدەکراو پێشتر لەگەڵ عەبدول کەریم ، ئنجا لەگەڵ بەعسی‌یەکان و عەبدول سەلام ، ئەمجارەش لەگەڵ عەبدول سەلام گفتوگۆ و دانوستان سەری هەڵداوە ، هەمووشی بۆ سوودوەرگرتن بووە لەکات و بەهێزکردنی هێزەکانیان ...!!

پێشمەرگەکانیش هەستیان کردبوو جموجووڵێك لەئارادایە و کەسیان نەیان دەوێرا پرسیاربکەن ، ئەرسەلان گوێی نەدا بەهیچ پەرێزێك و بێباکانە وتی:

- خاڵە چی لەئارادایە ؟!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

خواڕەحم لەتووڕەیی‌دا فرمێسکێك قەتیس وەستابوو لەچاوەکانی‌دا و وتی:

ـ دیسان گفتوگۆ ... ئەو گفتوگۆیەی کە هەمووجارێ بەزیانی ئێمە تەواو دەبێت ...!!

ئەرسەلانیش بەداخەوە وتی:

ـ باشە سەرکردایەتی خۆی نازانێت ڕژێم دەیەوێت هەڵمان بخەڵەتێنێت ؟! خۆیان ئەوە نازانن ...؟!! بەخوا سەیرە ...!!

ـ نازانین چی بڵێین بەو پێشمەرگانە ...؟!! هەموو جارێ سەرکردایەتی ئێمە ئاوامان لێدەکات ... ! ئاشتی لەگەڵ ئەو کەسایەتیانە دەرەنجامەکەی دیارە ... پێویست ناکات بچینە کایەوە لەگەڵیان ...!

ئنجا خواڕەحم هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشا و وتی:

ـ با ئەمجارە بزانین حاڵمان بەرەو کوێ دەچێت ، عەبدول سەلام ودارودەستەکەی نیازیان باش نی‌یە ... شۆڕشیش بەساویلکەیی خۆی بڕوایان پێدەکات و فریو دەخوات ...!!

یەکێك لەپێشمەرگەکان وتی:

ـ پاش ئەو هەموو فیداکاری و قوربانی دانە دەبێت جارێکی‌تر لەسفرەوە دەست پێبکەینەوە ...!

خواڕەحم هەستی‌کرد پێشمەرگەکانیشی بێتاقەتن و ترسا لەوەی تووشی نائومێدی ببن وتی:

ـ ئاشتی باشە بەلاّم لەگەڵ کێدا ئاشتی بکەین ؟ ئومێدەوارین ئەمجارە شتێکی لێ هەڵبکرێنین ...!

*　　*　　*



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەڕاگەیاندنی  ئاگر بەستی نێوان ڕژێم و پێشمەرگە ناوچەکە چەشنێك لەهێمنی و ئاسایشی بەخۆوە بینی ، پێشمەرگەش هاتوچۆی ناوشاریان دەکرد و شەوانە لە نێوشاردا دەمانەوە ...

ئەرسەلان و خاڵە خواڕەحمی بەسەردانێك گەڕانەوە بۆ هەڵەبجە و خزم و کەس وکار بەگەرم و گوڕی پێشوازیٖیان لیٚکردن ، خواڕەحم هێشتا ژنی نەهێنابوو ، هەر لەماڵی سۆفیٚی برای بوو ، زۆرجاریش پیٚیان دەوت ژن بهێنە ، بەلاٌم دەیووت: تاکوردستان ڕزگاری نەبێت ژن ناهێنم ...

ئەو بارە هەلێك بوو بۆ ئەرسەلان و توانی ئیش وکاری هاوسەرگیریەکەی پێش بخات و لای خەڵکیش ببێت بەکارێکی ئاسایی و بەرچاو ، میرزا سلێمانی باوکیشی زۆر پەلەی بوو لەگواستنەوەی بووکەکەیدا و هەمیشە دەیوت : با زوو چاومان بەماڵ و منداڵیان بکەوێت...

حەسەنە ئەفەنی باوکی شیرین شاعیرێکی نیشتمان پەروەربوو ، کچەکانیشی لەسەر مانا بەرزەکانی نیشتمانیٖیەت پەروەردەکردبوو ، حەزی نەدەکرد زوو کچەکانی بەریٚ بکات بۆ ماڵی خۆیان بەلاٌم لاوێکی ڕەوشت بەرز و کەسایەتیٖیەکی پتەوی وەك ئەرسەلانیش دەگمەن بوو ... خانەوادەکەشی جێگەی ڕێز و تەقدیری خەڵکی بوون ، بۆیە ڕانەماو هەرزوو ڕازی بوو لەسەر بەشوودانی کچەکەی ...

ماڵی میرزا خۆیان ئامادەکرد بۆ ئاهەنگ گێڕان و خزم و کەس و کار لەگوندی سازان و عەبابەیلیٚ و مۆردین و ...هاتن و خەڵکێکی زۆر کۆبوونەوە ...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

شیرین له ماڵی خۆیاندا ڕازاندبویانەوه و چاوەڕێ بوون ماڵی زاوا بێن بەشوێنیدا ... ئەرسەلان شادمانی بەدەموچاوو هەموو گیانیدا دیاری دابوو و لەخۆشحاڵیدا دەشنایەوه ...

بەگەیشتنی بووك بۆ بەردەرکی ماڵی میرزا ئەو خەڵکەی ئامادەی زەماوەندەکە بوون هەژان و دەستیان کرد بە تەقەکردن بەسەر بووك و زاوادا... ئەرسەلان دەستی بووکی گرت و لەسەر دووکورسی هەردووکیان دانیشتن و خەڵکی دەستیان کرد بە هەڵپەڕکێ و ڕەش بەڵەك ، خەڵکی بەدڵێکی ساف و بێگەردەوه هەڵدەپەڕین و تەعبیریان لەخۆشحاڵی خۆیان دەکرد بە بۆنەی بەیەك گەیشتنی ئەو دوو لاوەی دەمێ بوو دڵیان بەیەکەوەبوو ، مەحموود و ئامینەش جاربەجارێك تەماشای یەکتریان دەکرد و ئامینە زۆر جوان و نەشمیلە دەردەکەوت و، شۆخی ئەو زەماوەندەبوو... جێگەی سەرنج و نیگای کوڕوکاڵ بوو ، بالاّی بەرز و دەموچاوی پان و سپی و ئەبرۆی ڕەش و کەوانی و کراسەکەتانەکەی بەری و قژی ئاڵ و درێژیشی بووبوونە تاجێکی جوانی سەری ئاهەنگەکە و ئامادەبووان سەرسام بوون بەو کیژە ، ئەویش بەتەنها لەدەوری شۆڕەسوارەکەی خۆی دەسووڕایەوە ...

چێشت و نانێکی زۆر ئامادەکرابوو، سێمەڕ سەربڕابوو ، خەڵکی زۆر دڵخۆش بوون و تا ئێوارە دەوری بووك و زاوایان چۆڵ نەکرد " ئنجا لەگەڵ ئاوابوونی تیشکی خۆر و ڕەوانەوەی ڕووناکی وداهاتنی شەو وردە وردە خەڵکی ماڵی میرزا سلێمانیان بەجێهێشت و بەتەنها بووك و زاوا لەگەڵ یەك مانەوە ، ئەرسەلان دەمێك بوو چاوەڕێی ئەوساتە وەختەبوو ، تا لەگەڵ دڵدارەکەیدا بەیەك بگەن و زیاتر لەیەکتر نزیك بوونەوە ، شیرینیش لەشەرما کوڵمەکانی سوور بووبوونەوە و دەنگیشی گۆڕابوو ...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئەرسەلان بەشەرمێکەوە دەستی توند گوشی و پێی وت:

ــ خۆشەویــستی دڵ ... وابــەموورادی خۆمــان گەیــشتین ، دەترســام لـەوەی ژیـانی پێـشمەرگایەتی درێـژە بکێـشێ و هـەلێکی وام بـۆ نەڕەخـسێ تابەیەك بگەین ...

شیرینیش بەتەریقیەکەوە وتی:

ـ ئەو خەونـەی هەمیشە لەبیرمدا لێکم دەدایـەوە و شـەوانە دەبووم بـە تاساو و کۆیلەی ، وا ئێستا هاتەدی ...

ئنجا ئەرسەلان توند گوشی بەخۆیەوە وتی:

ـ تـەواو نابێـت ئـیتر چـاو لـەدوابین و چـاوەڕێی ئـەم سـاتە بـین ... ژیانمـان ئەوەنـدەی بەبـەرەوە نـەماوە تاکـات بـەفیڕۆ بـدەین ...ئـیتر بەسـە دووری ...


شـیرین هەسـتی بـە جۆرێـك لەتێکـەڵ بـوون کـرد پێـشتر ئـەزمونی وای نەدیبوو تەنها ئەوەندەی بۆهات و وتی :

ـ گیانەکەم ...

ئیتر هـەردووکیان سەرمەسـتی یـەك بـوون و دوای چاوەڕوانییەکی زۆر شــەوی دیــدار و بەیــەك گەیــشتن داهــات و لــەژێر پــەردەی هاوســەریدا درەختی خۆشەویستییان ناشت .



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com





PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## (19)

چەند مانگێك بەسەر ڕێكەوتنی ڕژێم و پێشمەرگەدا ڕابورد ، بەڵام وەك جارەكانی تر رژێم پابەند نەبوو بە بەڵێن و گفتەكانی خۆیەوە و كەم و زۆر شەڕ لەملاولای ناوچەی هەڵەبجەدا سەری هەڵدایەوە ...

ڕۆژێك لەو ڕۆژانەی مانگی نۆ لەچەمی خەزینی نزیك زەمەقی مەفرەزەیەكی جاش كەوتە كەمینی پێشمەرگە و زۆربەیان كوژران ، ئەرسەلان ماڵی خۆیانی بەجێهێشت و ڕوویكردە ماڵی سۆفی ساڵح ... خوارەحمیش مانگێك بوو چووبووەوە بیارە و چالاكییان دەنواند دژ بە رژێم ... بارودۆخەكە زۆر ئاڵۆز بوو ... شیرین و ئامینە و سەرجەم ئەندامانی خانەوادەكە ڕۆحیان سپاردبوو ، زۆر دەترسان لەوەی ئەرسەلان تووشی بەڵایەك ببێت ... سەربازەكانی رژێم سەری كۆڵانەكانیان گرتبوو... ئەو دەڤەرە جمەی دەهات لەجاش و سەرباز ... لەناوبردنی ئەو مەفرەزەیەی جاشەكان كاریگەرییەكی تەواوی كردبووە سەریان " لەلایەك كاریگەری لەسەر ڕژێم و لەلایەكیتریشەوە بۆ ئەو عەشیرەتانەی سەنگەریان یەك خستبوو لەگەڵ ڕژێمدا ...

هەندێك لەخزمی ئەو جاشانەی تیاچوون بۆ تۆڵەسەندنەوە لەكەس وكاری ئەو پێشمەرگانەی هەڵەبجە هەڵیان كوتایە سەر ماڵیان و چەند كەسێكی بێ دیفاع لەو ئاژاوە و ڕقی تۆڵەسەندنەدا تیاچوون، ماڵی میرزاش لەخۆیان دەترسان گەرچی ئەرسەلان بەشداری نەكردبوو لەو دەست وەشاندنەی پێشمەرگەدا ، لەلایەكی تریشەوە سۆفی ساڵح زنۆقی چوو بوو ، بەڵام گەڕەكی كانی عاشقان سەنگەریك بوو بۆ پێشمەرگە و ڕژێم و جاشەكان بەدیققەت و وریاییەوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەكرد ...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئەرسەلان لەماڵی سۆفی چەند شەوێك مایەوە ، خوارەحم جوابی ناردبوو بۆی کەلەویٚ بێت تا دەستەیەك لەپێشمەرگە دێنە ناوشار و لەگەڵ ئەواندا خۆی ڕێك بخات و بگەڕێتەوە ...

بەتەنها لەماڵی میرزادا فاتم و میرزا و نازدار مابوونەوە ، شیرین و ئامینە لەماڵی سۆفی بوون ، هەموو دڵسۆزانە سەریان کردبوو بەیەکدا و غەم و پەژارەی دروست بوونەوەی شەڕ و پێکدادان بزەی شادی و خۆشییانی تاراندبوو ... شیرین لەوان زیاتر دەترسا و بەتایبەت پاش ئەوەی نیشانەی دووگیانی بوونی لێدەرکەوت بوو ، دووقاتی جاران ئەرسەلانی خۆش دەویست و شەو و ڕۆژ چاوی لەسەری بوو و دەوری بەرنەدەدا ... !

ئەو دەستە پێشمەگەریەی بەڕێکەوتبوون لەهەڵمەتێکی چاوەڕوان نەکراودا دابەزینە ناوشار و تەقەیان لەهێزەکانی ڕژێم کرد و پێکدادانێکی بچڕ بچڕ ڕوویدا ... هەر دەنگی تەقەو دەستڕێژیش هات ئەرسەلان خۆی پێچایەوە و ئامادەبوو ، سەرچاوەی دەستڕێژ و تەقەکەی نەدەزانی بەلاٌم نیشانەکانی تەقەکەی کتومت بۆدەرکەوت هاوچەشنی بەرچاوڕۆشنیەکەی خاڵی بوو ، خانەوادەی سۆفیش هەموو بەپێوە وەستابوون و بە ژن و پیاویانەوە ڕەنگیان زەرد هەڵگەڕابوو ، لێویان وشك بووبوو بەئەستەم هەناسەیان بۆ دەدرا ... !

پاش هێوربوونەوەی دەنگی تەق وتۆق لەناکاو لەدەرگای ماڵی سۆفیدرا و هەموو ڕاچڵەکین و شیرین بەپێی پەتی ڕایکرد بەرەو پیری ئەرسەلان بێئەوەی دیققەتی دەوروبەری بدات باوەشی کرد بە ئەرسەلاندا و وتی :

ـ نەچیتە دەرەوە ...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

مەحمود هەنگاوەکانی هەڵنا و چوو بەرەو دەرگای حەوشە ، سەکین و خەرامانیش ترسیان لێنیشتبوو ، خەریك بوو هاواری لێبکەن تا ئەو دەرگا نەکاتەوە بەلاَم بێدەنگ بوون و مەحموودیش بەهێواشی دەرگاکەی کردەوە، دوو پێشمەرگە دەم و چاویان هەڵبەستبوو وتیان :

ــ کوا ئەرسەلان ...؟ ئێمە لەلایەن کاك خوارەحمەوە نێردراوین ... خێرا با ئامادەبێت لەسەری کۆلاَنەکە چاوەڕێ دەکەین ...

هەر چەند ساتێکی کەمی برد و ئەرسەلان ئامادەبوو و بەپەلە خواحافیزی لێکردن و لەگەڵ پێشمەرگەکان ڕۆیشت ...

دیمەنەکە زۆر کاریگەربوو لەسەریان ، دەگریان و هەریەکەشیان دەیویست فرمێسکەکانی بشارێتەوە ، ئامینە دڵی زۆر بە برا و براژنەکەی دەسووتا و سۆز و ڕەحمێکی سەیر ڕوویان تێکردبوو ، ماڵی سۆفیش لەژێر کاریگەری دیمەنەکەدا واقیان وڕمابوو ، سەرسام بوون ، دڵیان گوشرابوو، چاویان فرمێسکێ تێیدا قەتیس وەستابوو ، بێزاربوون لەوەی تاکەی ئەم بارە هەروا بەردەوام دەبێت ؟! ڕۆڵەکانیان بەدەم خەتەر و ئەستەنگی مەرگەوە دەڕۆن و هەمیشە دڵەڕاوکە و ترس و بیم باردەبێت بەسەریانەوە...!

ئەرسەلان لەگەڵ پێشمەرگەکان بەخێرایی سواری جێبێك بوون و لەدەروازەی شاردا تووشی تەقو تۆق بوون و چەندجارێك وەختەبوو بەربکەون ، دوایی توانرا بەسەلامەتی دەبازبن و بگەنەوە بنکەکانیان لەبیارە ...

خوارەحمیش هەر خەمی بوو ، بۆیە ئەو ڕۆژە تا نیوەڕۆ ئاگای لەخۆی نەبوو ، وەزعەکە زۆر ئاڵۆز بوو ، دەرچوون لەشار کارێکی هەروا ئاسان نەبوو ، کاتێکیش ئەرسەلانی بینی لەگەڵ مەفرەزەکەدا زۆر خۆشحاڵ بوو



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

و لەتاوا باوەشی پێاکرد و توند گرتی بەسنگیەوە ، ئەویش شارەزای دڵ و دەروونی خاڵیبوو بەدەم دڵنەواییەوە وتی:

ـ بابە شوکر بەسەلامەتی قوتار بووین لەدەستیان ......

ئنجا یەکێك لەپێشمەرگەکان وتی :

ـ کورە هەر خوا ڕزگاری کردین ، باوەڕم پێ بکە چەند جارێك گوللە بەلای سەرماندا ویزەی کرد تا لەو بۆسەیە دەرچووین ...!

خوارەحمیش هەڵیدایە و وتی:

ـ دوای ئیبادەکردنی ئەو مەفرەزەیە شەڕێکی دەستەویەخەمان هەر تووش دەبوو ، ئێوەشم نارد تاوەکو زیاتر تەنگیان پێ هەڵ بچنین و شوێنمان نەکەون ...

لەم کەین و بەینەشدا ئەرسەلان وەك دابڕابێت لەسەرجەم هەواڵی پێشمەرگەی کوردستان بە شەوقەوە پرسی :

ـ دەنگ و باسی هێزەکانمان لەچیدایە ؟

ـ وەڵلا ئەوەی ئێمە ئاگادارین سەرجەم سەنگەر و بەرەکان تووشی پەلاماردان هاتوون و ئەمجارەش عەبدول سەلام کلاوی لەسەر کردین ...!!

ددانەکانی لەتاوا جیڕکردەوە و بەڕقەوە وتی:

ـ دەبوو زوو بێدارببین لەم شۆفێنیزمە گەندەڵە ...

خوارەحمیش وتی:

ـ جا کوڕم کورد دەڵێت : مانگە شەو سەر لەئێوارە دیارە ... پێشتر دەمانزانی چ ماڵێکە ، ئێمە دەبوو گوێڕایەڵی فەرمانی سەرکردایەتی بین و هەرگیز نەمان دەتوانی قسە لەو ئاستەدا بکەین ... باوەڕم پێ بکەن هەر پێشمەرگەیەکت بگرتایە بەم چاوبەستەی دەزانی و هەڵوێستی شیاوی لەبەرچاوبوو لەم حاڵەدا ... بەڵام ...؟!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

قسەکانی خۆی خواردەوە و هیچی نەوت ، ئنجا ئەرسەلانیش بیری ئەو ڕووداوانەی نێو بەغدادی کەوتەوە " و کەوا عەبدول سەلام گشت پیاوانی ئایینی بانگ کردبوو بۆ بەغداد و لەویٚ هەوڵی دابوو فتوایەکیان پیٚ دەربکات دژ بە شۆڕشی کورد و هەر ڕۆژێك دوای بەستنی کۆنگرەکە لە ڕۆژنامەی (بلد) دا بەمانشێتێکی گەورە نوسرابوو: زانایانی ئایینی دان دەنێن بە بیٚباوەڕی یاخی بووانی کورددا ....!!

ئەم هەوالأنەی بۆ خاڵی باسکرد و ئەویش بەگرنگی‌یەوە گویٚی بۆ هەڵخستبوو ، دوای تەواو بوونی لەگێڕانەوە خوارەحم لیٚی پرسی :

ـ کیٚ بۆی باسکردیت ؟ شتی وا بووە ؟!

بەدڵنیایی‌یەوە وتی :

ـ مەلاکانی هەڵەبجە دەعوەت کرابوون و بەشدار بوون ... هەر زووش چەند لایەنێکی دیکە مەلاکانیان ئاگادارکردووە نەوەك هەڵ بخەڵەتێن بە فیتی عەبدول سەلام ... ئەوانیش بەوردی و وریایی‌یەوە بەشداربوون ، دوایی بۆیان دەرکەوتووە چ نیازێکی گلأوی هەیە ... !!

خوارەحم لەتوڕەیی‌دا لێوی گەزی و وتی :

ـــ کورد دوژمنی زۆرە ، نابێت هەروا ساویلکەبین ... میللەتێکی داماوین...! دۆستمان زۆر کەمە و هەمیشە دەکەوینە بەر غەدر و ناپاکی دوژمن ...

ئەم قسەیە دوایی بە گفتوگۆکەیان هێنا و خوارەحم وتی :

ـــ دەزانم ئێوە ماندوون ، بڕۆن پشوو بدەن ڕۆژێکی سەخت و چەتوونتان بەسەر بردوە و ، ئومێددەکەم کەمێك بحەوێنەوە و ئەوسا باسێکی ناوچەکە و گۆڕانکارییە سەربازییەکانی ئەم دەڤەرە بکەین ...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

پێشمەرگەکانیش بەدڵێکی گەرم و سافەوە بەگوێیان کرد و هەریەك روویکردە سەر جێگەکەی و هەیان بوو خەریکی رێکخستنی جل و بەرگ و یاتاخەکەی بوو ، هەشیان بوو ئەوەندە ماندوو بوو لەسەر جێگەکەی پاڵ دەکەوت و گوێی نەدەدا بە هیچ شتێك ...

ئەرسەلانیش زۆر ماندوبووبوو مردنی بەچاوی خۆی دیبوو ، ئەوەندە مەترسی دەرچوونەکەیان زۆر بوو ... هێشتا تەواو نەهاتبووەوە سەر خۆی و هێوری رووی تێنەکردبوو ... زۆر دڵی دەسووتا بە شیرین و ماڵی باوکی ... شەوانی پێکەوە ژیانیان لەبیرو هۆشیدا جێگەیەکی تایبەتی هەبوو ، هەرکات ئەرسەلان دیمەنی شیرین لە بیریدا بەرجەستە بوایە خۆی بۆ رانەدەگیرا و هەموو گیانی ئاوێزانی ئەو دیمەنە دەبوو ، بەرۆح وگیان گفتوگۆی دەکرد لەگەڵیدا و ئاگا و بیروهۆشی بەدەوروبەریەوە نەدەما و تێکەڵ بەجیهانی ئەویندارى دەبوو ، زۆر قسەوگفتوگۆی دەکرد و ئالوودەی دەبوو ، زۆر قسەو گوفتەی بەتەماشاکردن و تێرامان دەبوو ، واتە رۆڵێکی وای نەدەما و هەست لەرێگەی چاو و تێروانینەوە دەردەبڕا ...ئەمەش جۆرێك بوو لە دەربڕین و حاڵی بوون و ، دڵداریەکەیان بەبەرز رادەگرت و پلەوپایەیەکی مەعنەویان دەکرد بەبەریدا ، زۆر نزیك بوو لەشێوازی کلاسیکی شاعیر و نووسەر و ناوداران ...!

ئەرسەلان گوێی داخستبوو لە گفتوگۆی نێوان هاوەڵەکانی و شادمان بوو بە جیهانی پڕ لەئەوین و دڵداری و ورتەی لێوە نەدەهات ... سات بەسات دەرۆیی و زیاتر رۆدەچوو ، رۆحی تا دەهات پەیوەندی لەگەڵ دەوروبەردا دەبچڕاند و ئاوێتەوبالاّ رێزی شیرین دەبوو ، جار لەدوای جاریش چەندەها واتا و مانای جوانی لەو جیهانەدا بۆ دەستەبەردەکرا...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

هەمیشە لەو دیمەنانەشدا خۆی و شیرینی دەبینی و داهاتووی بەڕوون و ئاشکرا دەهاتە پێش چاو ، ئومێدی هەبوو داهاتنی ڕۆژێکی باشتر لەو ڕۆژە بێتە پێش و ، بەیەك گەیشتنی لەگەڵ شیرینیش دەستکەوتێکی مەزن بوو " چونکە زۆربەی ئەو چیرۆکانەی خوێندبوویەوە و بیستبوونی... دڵداران بەیەك نەدەگەیشتن و ڕەقیبی ناحەز و بەد کۆتەڵ و ڕێگریان دانابوو بۆیان "مەم و زین نالی و حەبیبە ، فەرهاد و شیرین و... جگە لەو داستانانەی زوو دایە گەورە بۆی گێڕابوونەوە و هەمووشی بریتیبوون لە زنجیرەیەك لەدابڕان و بەیەك نەگەیشتن ...! کاتێ بیری لەم چیرۆکانە دەکردەوە هەستی بە سەرکەوتنی خۆیدەکرد و وایدەزانی ئەویندارییەکەیان جۆرێکیترە و واپێویست دەکات چەند لاپەڕەیەك بنووسێ بۆ یادەوەری ... ڕای هاتە سەر ئەوە قەڵەمێك دەربهێنێ و لە دەفتەرە بچووکەکەی بەر باخەڵیدا بنووسێ ، بەڵام خێرا شاکری بیر کەوتەوە و گیانی داهێزرا و بەرچاوی ڕەش بوو ، سوێیەکی تاڵ و پڕ لەناسۆری بەناخیدا هات ... ! چۆن شاکر بوو بە قوربانی گەل و نیشتمان و ساجدەی دڵداری بەتەنها بەجێهێشت ...! ئای لە مەرگ ... !! چەند زاڵمی ...! ڕەحم ناکەیت ...!

ئنجا بیری وەسیەتەکەی شاکری کەوتەوە " چۆن سەرقاڵی وایلێکردووە نەیپەرژێ و سەردانی باوك و دایکی بکات ... ئەی ئەودڵدارەی چاولەدووی دواهەمین نامەی خۆشەویستەکەیەتی " پێشهاتی مەرگ ...! تۆبڵێ ئەو کیژە داماوە ئێستا چی بەسەرهاتبێت ...؟! بێگومان بە مردنی شاکر کۆستی کەوتووە و شادی و بزەی سەر لێوەکانی تۆراندوە ...! گەر شوی کردبێت هەر دڵی لای شاکرە چونکە خۆشەویستی یەکەم جار ڕەگ و ڕیشەیەکی بەهێزی هەیە و هەروا



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەئاسانی ڕیشە کێش ناکرێت ...! سەد مەخابن ... چۆن شاکر گیانی سپارد و نەگەشت بە مورادی ...!!

ئنجا هەستی بەکەمتەرخەمی‌یەکی زۆر کرد بەرامبەر هاوەڵەکەی و بڕیاری‌دا هەر فرسەتێکی بۆ بڕەخسێت سەردانی ساجدە بکات بەدزییەوە و دواهەمین وتەوقسەی شاکری بۆ بگێڕێتەوە ، بەشکو کەمێك سوکنایی بەدڵیابێت و ئۆقرە بگرێت ...!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

( 20 )

لەڕووداوێکی کتوپڕدا عەبدول سەلام بەفڕۆکەیەکەوە سووتا و پشێوی و پاشاگەردانی ڕووی‌کردە سیستەمی حوکمڕانی لەعێراقدا ، بەعسی‌یەکان هێشتا بەهۆی چەند کەناڵێکی گرنگی سوپاوە مابوونەوە و لەژێرەوە گەرایان دانابوو ، خزمایەتی و پاساوهێنانەوە بۆ ڕەفتار و جموجووڵە گومانداره‌کانی پێشوویان بوارێکی پێدابوون بچنە سووڕی مت بوون و لەچنگی عەبدول سەلام دەربازبن ... ئەحمەد حەسەن بەکر و حەردان تکریتی و دەیانی‌تر بە مردنی عەبدول سەلام چالاکیان ڕوو لەزیادبوون بوو...

نەرم و نیانی عەبدولرەحمانی برای عەبدول سەلامیش هۆکارێکی یارمەتی دەربوو بۆ بواردان بە بەعسی‌یەکان تا لەسووڕی مت بوون بێنە دەرەوە و خەریکی ڕێکخستنی ڕیزەکانیان بن ...

شۆڕشی کوردیش بەمردنی عەبدول سەلام سوودی وەرنەگرت ، بەڵکو شۆڕش بوو بە دووبەشەوە و هەریەك لەوی بەرامبەری دەخوێند ، تا لەئەنجامدا دەستەیەکیان لەگەڵ ڕژێم ڕێکەوت و کەوتە وێزەی ئەوپێشمەرگانەی بەرەی ڕزگاری خوازی کورد ، تا دەهات بارودۆخەکە زیاتر ئاڵۆزتر دەبوو ، ژمارەیەکی زۆر لەوانەی لەگەڵ حکومەت ڕێکەوتن روویان کردە ناوچەی هەڵەبجە ...

خەڵکی زۆر سەرسام بوون ، چۆن ئەمانە ئاوا خۆیان فرۆشت بەڕژێم و شقڵیان کردە دیواری تۆکمە و سافی کوردایەتی ...؟! ، بەچ بەهایەك خۆیان فرۆشتووە ...؟! ئەوانەی تا دوێنێ شۆڕشگێڕبوون و گیان لەسەر دەستی میللەت بوون و چەکیان دژ بە حکوومەت هەڵگرتبوو ئەمڕۆ بوون بەجاش و خۆفرۆشی‌یان ڕاگەیاندوە بێ شەرم و حەیا ...!!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بارودۆخی شاری هەڵەبجەش ئاڵۆز بووبوو ، ئەو تاقمەی بووبوون بەجاش تەنگیان بەکەسوکاری پێشمەرگە هەڵچنی بوو ، زۆرجار دەچوونە سەریان و سووکایەتی و فەزاحەتیان پێدەکردن ...!

سۆفی ساڵح و میرزاش بەر ئەو لێشاوە کەوتن و ڕۆژێکیان دەستەیەك جاش هەڵیان کوتایە سەر ماڵی سۆفی و لەبەر چاوی ماڵ و منداڵەکەیدا دایان گرتەوە ، ئەوپیاوەی بەشداری چالاکی سیاسی نەدەکرد و هەمیشە گۆشەگیری مزگەوتبوو ، سەری خۆی کزکردبوو یا زیکری دەکرد یاخود گوێی بۆ ئامۆژگاری شێخ و مامۆستایەك ڕادەگرت ، مەحموود لەوێنەبوو" لەگوندێکی نزیك هەڵەبجە مامۆستابوو ، خەرامان خەریك بوو شێت دەبوو ، چۆن ئاوا لەباوکی دەکەن ؟ بەڕق و قینەوە قیژاندی بەسەریاندا و وتی :

ـ ناپاکانە ... دڕندە و هیچ و پووچانە ... ئەوە باوکم چی کردووە ئاوای لێدەکەن ... خەڵکینە ... ئەی هاوار فریامان کەون ...!!

ئەوانیش بەتوندی پاڵێکیان پێوەناو وتیان :

ـ کچی... بۆچی نازانین خوارەحمی ... چیتانە ... دەبێت لەت و پەتتان بکەین ... ئەی ...!!

قسەی ناشیرین و بۆگەن زۆربوو ، خەڵکی گەڕەك تەواو نیگەران و دڵتەنگ بوون ، کۆمەڵێ ڕیش سپی هاتن وتکایان لێکردن واز لەسۆفی بهێنن ، بەلاّم ئەوانیش کەوتنە بەر لێزمەی جنێوو و قسەی نابەجێ ...!

ئەمەش کارێکی وایکرد خەڵکەکە تف و نەعلەتی دەکردن و لەدڵی خۆیاندا بەجاش و قسەی ناشیرین دایان دەگرتنەوە ، سۆفی ساڵح بەدەست جاشەکانەوە زەلالەتی بوو ، هەرتا و ناتاوێك دەیوت :



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ــ لاحـول ولا قـوة الا بـالله ...**كـوره ئـاخر مـن گونـاهم چـىيه بـرام پێشمەرگەيە ...؟!!**

**ئەوانيش بەلاقرتێ و گاڵتە پێكردنەوە دەيان وت :**

**ـ بەتەنها گوناهى تۆ هەر ئەوەيە ...!**

**بـەباڵ بەسـتراوى سـۆفى يـان بـرد و سـەكێن و خـەرامانيش بەقيـژەو هـاواركردن گـەڕەكيان هێنايـە سـەر خۆيـان ... ڕەفتـارێكى زۆر قـورس بـوو لاى خـەڵكى و بەعـەجايب و دڕندانـە لـەم كـۆڕ و لەومالْـدا باسـيان دەكـرد ، سـۆفى يـەقينى بـەخوا هـەبوو فريـاى دەكـەوێت و لەدەسـتى ئەوجاشـە سەرشـێت و خۆفرۆشـانە ڕزگـارى دەبێـت ، بۆيـە زۆر كـەم دوا و گوفتـەيان لەزارى نەدەبيست ...!**

**برديانە ژوورێكى تاريكەوە و ئەويش بەهێمنى دەستى كرد بە زيكر و دروستكردنى رابيطـە لەگەڵ شێخدا ... حاڵـەتێكى ئيمـانى زۆر بـەهێزى بـۆ دروسـت بووبـوو لـەژيانى نەدەترسا و هـەر بـەدەم زيكـرەوە جـار بـەجارێك دەيوت : خوايە سەلبى ئيمانم نەكەيت ...!!**

**لەگەڵ ڕۆژ هەڵهات و دنيا ڕووناك بوويەوە بەرپرسى بنكەكە وتى:**

**ـ ئەو سۆفى ساڵحەى براى خوارەحمم بۆ بهێنن ...!**

**بەچەشـنێكى نامرۆييانـە سـۆفىيان كـێش كـرد و بـە تونـدى پاڵيـان پێوەنـاو هێنايانـە بـەردەمى بەرپرسـەكە ... سـۆفى هـيچ خـۆى تێـك نـەدا و وەك پيـاوێكى كامـڵ و بـاوەڕدار دەركـەوت و بەبێ‌دەنگى لەشـوێنى خۆيـدا چـــەقى بەســـت ، ئـــەوپياوەى بـــەرپرس بـــوو نـــاوى عـــادلى حەمـــە شارەزوورىبوو، بەداوێن پيسى و دزى و زوڵم ناسـرابوو ، هـەموو خـەڵكى شـار دەيانناسـى و رەفتـارى چەپـەڵى ديـاربوو ، عـادل بـە فيزێكـەوە لەسـەر كورسـىيەك دانيـشتبوو ، دووجاشـيش لەملاولايـدا وەسـتابوون و بەچـاو**



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لەسۆفی مۆڕدەبوونەوە ، عادل پێشتر سۆفی دەناسی دووراو دوور و هەرکەبینی هەستایە سەرپێ و وتی:

ـ کاکە سۆفی فەرموو دابنیشە ...!!

دوو جاشەکەی دەوری زۆریان پێ سەیربوو " چۆن ئاوا ڕێزی لێدەگرێت کەچی ئاگایشی لێبووە چۆن بەسووکی مامەڵەیان لەگەڵداکردووە و گوێی نەداوەتێ ، ئەم ڕەفتارەی عادل سەرسامی کردن و حەپەسان ...!

سۆفی بەهێواشی دانیشت و عادل ئەمری کرد بەسەر یەکێك لەجاشەکاندا و وتی :

ـ تۆزێك ئاوبۆ خاڵە سۆفی بهێنن ...

سۆفیش بزەیەك گرتی ، لەناخەوە نەفرەتی لێدەکرد ، چەند درۆزنە ، لەدوێنێوە لەژوورێکدا حەپسیان کردووە و نە نان و نە ئاویان پێنەداوە کەچی ئێستا لەبەرگێکی پاکدا دەیەوێت دەربکەوێت ...! لێوی جیڕکردەوە و چاوی لەحرس و ڕووپامایی عادلدا چەند جارێك لێك نا ...

ئەویش بە لەخۆڕازی بوونەوە وتی :

ـ خاڵە سۆفی ... دڵت گەرد نەگرێت لەو مامەڵەیەی ئەم پێشمەرگانە لەگەڵیان کردوویت ...! بەخوا ئەگەر بزانی خواڕەحمی برات چیمان پێدەکات قەت ناحەقمان ناگریت ... پێشمەرگەکانمان دەکوژێت و جەستەیان لەت و پەت دەکات ... بێڕەحمانە هەرچییەك خوا پێی ناخۆش بێت لەگەڵمان دەیکات ... باشە شتی وا توو ئەو خوایەی دەیپەرستی لەئایین و شەرعی چ ئوممەتێکدا واردە ... ؟! برا بەخوا ناحەقمان نییە ...!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

سـۆفی بێـدەنگ بـوو ورتـەی لێوەنـەدەهات ، عـادلیش درێـژەی دا بەقسەکانی و وتی:

ـ ئێمەش لەگیانی خۆمان دەترسین ... هەیتێکمان شەڕی جەبهەیە و هەیتێکیشمان ئەو چەتەو یاخی بووانەی دەوری مەلایە ، دەیەڵێن هەروا بەئاسانی بیخۆن...؟!! دەبێت فشار بخەینە سەر کەسوکاریان و بزانن ئێمەش زەبر و زەنگمان هەیە ... ! بابە خۆ دانانیشین گورگ بمانخوات و دەنگ نەکەین ...!

چاوەڕێ بوو ڕایەك دەربـبڕێ و قسەیەکی لێ ببیستێ ، بەڵام بەردەوام تەسبیحەکەی بەدەستەوە گرتبوو زمانی بەزیکری خوا دەجووڵاند...

گەر سۆفی نەناسیایە ئەوا دەیووت ئەو کابرایە لەترسا شێت بووە و تووشـی تـرس هـاتووە و قـسەی بـۆ نایـەت ، بـەڵام تەبیعـەتی سـۆفی شارەزابوو کەپیاوێکی دەم بەزیکر و فکرە و دەبێت غەرقی دەریای عیرفان بووبێت و بەتەنها جەستەی لەوێ بێت ...

دیسان عادل دەستیکردەوە بەقسە و وتی:

ـ من نازانم تاکەی ئەو سەرشێتانە عاقڵ نابن ...؟! بابە هەمووشتێ لەگەڵ حکوومەت دوایی پێهاتووە و ڕێکەوتووین لەسەر ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان ... سبەینێ دەبینن بەچاوی خۆیان چ مافێکمان دەستگیردەبێت و چۆن ئەوانیش وەك بەفری بەهار دەتوێنەوە و ئەو (چریك)انەی هاوپەمانیشیان نایەن بەهانایانەوە ...

بزەیەك لەم قسانە هاتە سەرلێوەکانی سۆفی و وتی :

ــ باشە من گوناهم چیـیە ... ؟! حەز دەکەم ئەوەم بۆ شیبکەیتەوە...خواڕەحم پێشمەرگەیە من گوناهم چییە ؟! بۆچی ئاوا سوکایەتی بەخۆم و ماڵ و منداڵم بکرێت لەپای چیدا ...؟!!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ــ عـەرزم كرديـت تـۆ بـراى خـواڕەحمى ، ئـەويش سـەرپەليْكە لـەم ناوچەيەدا و ڕۆژانە پيْشمەرگەى ئيْمە دەكوژێ ، بۆيە فشاردەخەينە سەر كەسوكارى تادەست لەم كارانە هەڵبگريْت و گوێ بيستى دەنگى عەقڵ و ژيرى ببيْت ... سۆفى گيان ئالەبەر ئەوە ... تيْگەيشتيت ...؟

تازە خەريك بوو بيرى لەحاڵى خۆى دەكردەوە و چۆن لەناوماڵ و منداڵدا پەلكيْشيان كردووە و شەويْك لەو ژوورەدا بەتەنها حەپسيان كردووە ، بۆيە بەحرسەوە وتى:

ـ ئاخر ئەمە زوڵميْكى گەورەيە ... خوا قبوڵى ناكات ... هەركەس بەپێى خۆى ... گورگ بەپێى خۆى و مەڕ بەپێى خۆى ... من بەرپرسيارنيم لەوەى خواڕەحمى برام دەيكات ...

عادل بەهيْمنىيەوە وتى:

ــ ڕاست دەكەى خاڵە سۆفى " ئيْمەش حەقى خۆمانە ئەمن و ئاسايشى پيْشمەگەر ڕۆڵەى ئەو خەڵكە بپاريْزين ... دوور لە تۆ خەڵكى وا هەيە ماڵەكەى بووە بە بنكەى كارى تيرۆر و تۆقاندن و ئاژاوە و دەست وەشاندن... خۆ زەمانى محەممەدى مەهدى نييە گورگ و مەڕ بەيەكەوە ئاوبخۆنەوە ...! برا لەگەڵ براى خۆى پاك نييە ...!

سۆفى هەستيكرد عادل گفتوگۆكە دريْژە پێدەدات و دەيبەستيْتەوە بە بەيانكردنى ڕەوتى جاشەكان و پاساوهيْنانەوە بۆكارى ناپاكى و خيانەتيان... بۆيە بەكورتى ويستى بگاتە دەرەنجاميْك و لەسەر كورسىيەكە هەستا و وتى :

ـ ئيْستا من بەچ گوناهيْك گيراوم ...؟! حوكمەكەم چىيە پيْم بڵێ و با ئيتر پشتى ليْبكەمەوە ...!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بـەڵام عـادل لەسـەر ڕەوتـی بـەردەوام بـوو ڕێزێکـی بێپایـانی نوانـد و وتی:

ـ خاڵەگیان ... تۆ ئەمشەو میوان بوویت لامان و حەزمان کرد جەنابت لەنزیکەوە حاڵی بیت لێمان ...

ئێمە جاش نین وەك ئەو یاخی بوانە دەیڵێن ... ئـەوان خۆیـان جـاش و چـریك و خۆفرۆشـن ... ئێمـە وڵات پـارێزی راسـتەقینەین ... کـەس ناتوانێت ڕەخنـەمان لێبگرێـت ...! ئەوکەف و کوڵەی ئەو ناپاکانـە دوایـی دێت ...

ئـەم قـسانە لـە دروشـم و هوتـاف کێـشان دەچـوو ، سـۆفی وەڵامـی نەدایەوە و چاوەڕێ بوو تا عادل لەکۆتاییدا وتی :

ــ خاڵـە سـۆفی دەتوانیـت بڕۆیتـەوە و ئەگـەر نامـەتان نووسـی بـۆ خواڕەحم ئامۆژگاری بکە و ئەم قسانە بنووسن کە بۆم کردیت ...!

ئنجا عادل هەستاو توند دەستی سۆفی گوشی و وتی:

ـ دووبارە ببوورە ...خوات لەگەڵ ...!

بـەدەم حـاڵێکی سـەیرەوە سـۆفی لەبنکـەی جاشـەکان هاتـە دەرەوە و یەکـسەر چـاوی کـەوت بـە مـەحموود و مـیرزا سـلێمان کـە هـاتبوون بەهانایـەوە، مـیرزا درەنگانێـك بیـستبووی ، مـەحموودیش جوابیـان بـۆ ناردبوو لەگوندەکە زوو گەڕابوویـەوە ، فریا نەکـەوتبوو شـەوبێت و بـەیانی زوو بە یاوەری میرزا هاتبوون ، هەرکە سۆفیـیان بینـی باوەشـیان پێداکرد و ئەویش دڵنیای کردن و وتی :

ـ کەش و فشی جاشە تازەکانە ...گوێ مەدەنێ ...

میرزاش بەغەم و خەفەتێکەوە وتی:



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

- بەخوا جێی ئەسەفە ...! ئێمە بەدرێژایی مێژوو کوشتەی دەستی دووبەرەکی و جاشایەتی ئەم ولاَت و ئەو ولاَت بووین ... سەد حەیف ...!

مەحموودیش نەزعەی لاوێتی و حەماسی جۆشاو وتی:

ـــ ئەمانـــە جاشـــن پەیماننامـــەی جاشـــێتیان لەبەغـــدا مـــۆرکردووە و بەئاشکرا یارمەتی ڕژێم دەدەن و کۆمەکی دەکەن لە کوژاندنەوەی شۆڕشی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان دا ...

میرزا بەهێواشی وتی:

- پێریێ حەمەی عەزەلەتکە و نوری باوە موراد سەریان کردبوو بەیەکدا و باسی ئەوەیان دەکرد هێرشێکی گەورەی جاشەکان دەکرێت بۆ شنرویێ و لەوانەیە لەم ڕۆژانەدا گرژی و ئاڵۆزی دەست پێبکات ...!

مەحموود وتی:

ـ لەدەرەشـیش بـەزم گـەرم بـووە دوێنـێ ، ئـەم جاشـانە کۆڵوانەیـەکی سـووریان لـەکۆڵ کـردووە بـۆ ئـەوەی فڕۆکـەکانی حکوومـەت بۆردومـانی ئەوان نەکات و جاش لەپێشمەرگە جیابکاتەوە ...

سۆفی ئاهێکی هەڵکێشا و وتی:

ـــ ئـاخ ...داخـی بەجـەرگم ... چـاك گیرمـان خـواردووە بەدەسـتی هەموویانەوە ... مەرارەتی ئەم حاڵەش دەبێت ئێمە باجەکەی بدەین...!

ئـەم دەسـتەواژەیەی دوایـی سـۆفی کـاری لـەمیرزاکرد ، بـەلاَم دەری نەخست و هەوڵی‌دا بیشارێتەوە و لەدڵەوە نیگـەران بـوو ، چاك و خـراپ پێکـەوە گـرێ بـدرێت " ئەرسـەلان و خـواڕەحم و دەیـان کەسـی تـریش نموونەی بەرزی پێشمەرگە وولاَت پارێزن گوناهیان چی‌یە حاڵیان تێکەڵ بە حاڵی جاش و خۆفرۆشان بکرێت ، ناچار بەدەم ڕێگەوە وتی:



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ــ ئـەم جاشـانە دنيايـان تێکـداوە ... لـەماڵی خۆتـا دانيـشتوويت و سـەری خـۆت کزکـردووە کەچـی وازت لێنـاهێنن و سـووکايەتی و تەعـدات لێدەکــەن لــەژێر نــاوی جــۆراو جــۆر و بــەبيانووی هەمــە چەشــن ... پێشمەرگەی داماويش بەسکێ تێر و بەدە برسیيە و ئەم شـاخ و ئەوشـاخ دەکات بەسەرمای زستان و بەفر و بەسـتەڵان کـۆڵ نـادەن و بـەرگری دەکـەن و گشت بەرژەوەندييـەکيان وەلانـاوە ، بەتـەنها بەبـەژن و بـاڵای کوردسـتاندا هەڵدەدەن...

سـۆفی لـەم قسانەدا ئـەوەی خوێنـدەوە مـيرزا نيگەرانـە بەقـسەکانی و نايەوێت شێوەی پێشمەرگە لەگـەڵ جاشـە خۆفرۆشـەکاندا تێکـەڵ بکرێـت ، ئەو مافەشـی پێـدا چ خـوارەحم يـان ئەرسـەلان لـەژيانی تايبـەتی بـووراون و کـۆڵ بـەکۆڵ و دەربـەدەری ئـەم گونـد و ئـەو گونـدبوون و باکيـشيان نييـە ، مادام بۆ کورد و کوردستانە ... بۆدڵنەوايی ميرزا وتی :

ــ وەڵــلاّ راســتەکەی ... پێــشمەرگە لــەکوێ و ئــەو خۆفرۆشــانە لەکوێ...؟!بابە ئەرز و عاسمانيان بەينە ...!

رووی ميرزا گەشايەوە و وتی :

ـ سۆفی حسابی رێکخستنی ناوشاريان بۆ نەکردبی ...؟!

مەحموود هەڵيدايە و وتی:

ـ کاکە ميرزا بەخوا باوکم لەبەزمی خۆی زياتر مەيلی بۆ کەس نييە...!

رەنگی سۆفی گۆڕا و تووڕەبوون و گرژی پيا دەرکەوت و وتی:

ـ تۆ تەماشای ئەم هەتيوەکە ...!

مــەحموود ســووربوويەوە و ترســا بــاوکی قــسەيەکی نابــەجێ بکــات بەهێواشی وتی :

ـ بابە گيان بەخوا مەبەستم نەبوو ...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

میرزاش فریای کەوت و وتی:

ـ بابە سۆفی مەحموود بەخراپ باسی ڕێبازی تۆی نەکردووە ... تۆ خەریکی زوهد و دینداری و نەفس پاکیت ... سیاسەت و شۆڕشگێڕان کارێکیترن ...

بزەیەك هاتە سەر لێوەکانی سۆفی و وتی:

ـ ئاخ ... ئەگەر ئێوە لەمن تێدەگەیشتن هەموو وازتان لەم قسانە دەهێنا و گۆشەگیری خانەقا و مزگەوت دەبوون و دەکەوتن بەسەر بەزمی زیکر و فیکردا...لەزەت لەزەتی عیرفانییە ...!

ئنجا سۆفی بەیتێکی شێخی لەبەرکردبوو و هەمیشە لەبەر خۆیەوە دەیوتەوە و وتی:

بەمیعراجی سلوکی سالیکاندا تانەچی ڕۆژێ

لەناو جەهلی مورەکەبدا دەمێنی هەروەکو ماوی !

مەحمودیش وتی:

ـ بابە دەزانی ئەو بەیتە هی کێیە ؟

ـ هی شێخە ...

ـ نەخێر ... هی شاعیرێکی کوردە ... ئەویش سەرمەستی جیهانی عیرفان و خواناسی بووە ، دوای ئەوەی لە ئەزمونی دڵداریدا شکستی خواردووە ، قەصیدەکەشی زۆر دوورودرێژە و لۆمەی نەفسی تێدایە ...

بەوچەشنە سۆفی لەمەسەلەکان نەگەیشتبوو وتی:

ـ کوڕم تۆ ئەو زانیاریانە هەڵگرە بۆ خۆت من زانینی خۆمم بەسە و ئیتر نامەوێت بچمە بواری خوێندەواری ، عەوامیەتی خۆم بۆخۆم و خوێندەواری و زانیاری خۆشت بۆ خۆت ...!

میرزا و مەحموود دەستیان کرد بەپێکەنین و ومیرزا وتی:



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ـــ ئێمــەش ئــەو نوێــژ و ڕۆژووەی دەیکــەین بەسمانــە و وەك تۆمــان پێناکرێت ...

دیــسان پێکەنینــەوە و بــەدەم ئــەم حاڵــەوە گەیــشتنەوە بــەردەم مــاڵی ســۆفی و ســەکینۆ و خــەرامان و ئامینــە و فــاتمی دایکیــشی لــەوێ بــوون و چاوەڕێی گەڕانەوەی سۆفییان دەکرد ...

هەرلەگەڵ سۆفییان بینـی هـەموو هەستانە ســەرپێ و خێرا خـەرامان باوەشی کرد بەباوکیدا و بەدەم هەنسك و گریانەوە وتی:

ـ بابـە گیـان ... چـەند ناپاکانـە پەلکێـشیان کردیـت ... زۆر ترسـام وەختەبوو شێت بم ...!

فاتمیش وتی:

ـ خواماڵیان کاول کات ئاوا بوون بە فیتنە و ئاشووبی ئەم ناوچەیە... بـەخوا ئێمـەش زنۆقمـان چـوبوو ، شـیرینمان لـەتاوا ڕەوانـەی مـاڵی بـاوکی کردەوە و جەرگ و هەناومان بەربوەتەوە ...!

سەکینی خێزانی سۆفی خۆیانی بیر کەوتەوە و وتی:

ـــ ئەگـــەر دەزانـــن چـــیمان لێهـــات بڕواناکـــەن ئـــەو ڕۆژە بـــڕواو نەگەڕێتەوە...!

بەیەکجار هەموو دەستیان کـرد بەپێکـەنین و هەوڵیانـدا تـەوژمی خـەم و خەفەت سووك بکەن و بەزۆریش بێت شادی بخەنە سەر لێوەکانیان ...!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

شیرین لەماڵی باوکی بوو ، وادەی منداڵ بوونی نزیك بووبوویەوە و میرزا و فاتمیش ڕۆژ ناڕۆژێك سەردانیان دەكرد ، شەرمی دەكرد لەماڵی باوكی منداڵی ببێت ، ماڵی میرزاش دەترسان بێنەسەریان و تووشی حاڵەتێكی نەفسی ببێت " بەوێنەی چەندین ژنی دیكە كەوا لە ڕووداوێكی ئالەوجۆرەوە گیرۆدەی نەخۆشیە نەفسیەكان بووبوون ...

حەسەن ئەفەنی و خێزانەكەشی هەستی ناسكی شیرینیان ڕادەگرت و قسەیەكی وایان نەدەكرد جێگەی برینداركردنی كچەكەیان بێت ، گەرچی خەڵكی زۆرجار لۆمەیان دەكردن و كۆڕ و مەجلیسی ژنانیان پێ گەرم دەكرد بەلاَم ئەمان بەدەر لەخەڵكی دەرودراوسێ و تاڕادەیەكیش خزمەكانیشیان بیریان دەكردەوە و هەمیشە هەوڵی ئەوەیان دەدا مۆركی خێڵەكی و عەشایری و داب و نەریتی گوند لەنێو بەرن و شێوازێكی نوێ بهێننەكایەوە ، بۆیە بە چاوی عەجایب و پڕ لەپرسیار و شەرمەوە تەماشایان دەكردن ...!

خۆئەگەر باوی گرتن و ڕاپێچ كردن لەئارادا نەبوایە ئەوا هەرگیز میرزاش ڕازی نەدەبوو بووكەكەی بنێرێتەوە ماڵی باوكی ... هەر خزم و كەسوكاری خۆیان بە لۆمە و سەرزەنشت مێشكیان كون كردبوون ، ئەمانیش باشتر لەهەر كەسێك شارەزابوون لەحاڵیان و نەدەكرا بۆ هەمووكەس ئەو ڕوونكردنەوەیە بدەن ...

عەسرێك ئامینە سەردانی ماڵی باوكی شیرینی كرد و وادەی منداڵ بوونی ئەویش لەئان و سەعاتدابوو ، شیرین زۆر لەئامینە پاڕایەوە ئەوشەوە لای بمێنێتەوە ... ئەویش بەزەیی پێدا هاتەوە و گەڕایەوە ماڵی خۆیان و حاڵ و بارەكەی بۆ باسكردن و ئیزنی لێخواستن ...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئەو ڕۆژەش دیاردەی چەکداری لەشاردا زۆر زیادی کردبوو ، دەنگ و باسی تۆپ بارانی شار بەخەستی باس دەکرا و ، خەڵکی شپرزە و سەرگەردان بووبوون ، لەبەرەبەیاندا دەنگ و زرمەی تۆپ دەهاتە بەرگوێ و ، بەشێوەیەکی کوێرانە پێشمەرگە ناوشاریان تۆپ باران دەکرد ...!

جاشەکان زۆریان بۆ هێنابوون ، ئەوانیش گوێیان نەدەدا بەخەڵکی و تۆپ باران ئاسمانی هێمن و جوانی شاری شڵەقاندبوو ... خەڵکی لەکاروکاسبی بووبوون و بەترس و لەرزەوە دەهاتنە بەردەرگا ، ژن و منداڵ لەتاو تەقەو زرمەی تۆپ هەراسان بووبوون ... دەشتی حەمەوغان بەڕیز لاشەی تێداکەوتبوو ، لەگەڵ تەنگ پێ هەڵچنینیان پێشمەرگە کۆنترۆڵیان لەدەست دا و تۆپێکی زۆر کەوتە نێومالأنەوە ...ماڵی حەمە ڕەشید یەکێك بوو لەومالأنەی بەتەنها خۆی دەرچوو ، ماڵ و منداڵی لەکاتی چێشتەنگاودا لەسەر سفرە گوللە تۆپێك دای لێیان و کەسیان دەرنەچوون ...!

ئەوشەوە شیرین دیاردەی منداڵ بوونی بەژان دەستی پێکرد و ڕۆژەکەی زیاتر پەرەیسەند و ئامینە زوو چوو بەدوای حەبێخانی ماماندا لەگەڕەکی کانی قوڵکە ... بەهەڵەداوان چوو و، هەرچۆنێك بوو هێنای لەگەڵ خۆیدا... دەنگی تۆپ و کەش وباری ترس ڕەنگی سوور و ئاڵی ئامینەیان ڕەواندبویەوە و زۆریش لەچارەنووسی ئەرسەلان و خواڕەحم تۆقیبوو...!

لەدەوروبەری عەسردا شیرین منداڵەکەی بوو کچێکی جوانی سپی و سۆڵ ... وێڕای ئەو فەرتەنە و شەڕو ئاشووبە خۆشحاڵ بوون بەو بەچکە بچکۆلانەیە و میرزا و فاتم لەخۆشیدا هەر هەڵدەسووڕان و خزمەتی بووکەکەیان دەکرد ...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بـۆنی ئەرسـەلانیان نـابوو بـە جگەرگۆشـەو ژنەکەیـەوە ، واهەسـتیان دەکـرد ئەرسـەلان گەڕاوەتـەوە ، حەسـەن ئەفـەنی خـاوەن هەسـتێکی زۆر قووڵ و ناسك بـوو گریـانی دەهـات و ، چەند بـەیتێك شیعری نووسـی کـە تـەعبیر بـوو لەپێـشوازی کـردن لـەو میوانـە بچکۆلانەیەی هاتـە بـوون بـێ ئامـادەبوونی بـاوکی و لەکـەش و بـارێکی ئـاوا پـڕ لەتـەق و تـۆق و زرمـە و بەزمدا...!

فرمێـسکك لەچـاوەکانی شـیرینەوە دەهاتنـە خـوارەوە ، بـیری لـەلای ئەرسەلان بوو ، هەرچەندە ئێش و ژان هەراسانیان کردبوو ، بەڵام بـۆ تـەنها ساتێکیش غافڵ نـەبوو لەئەرسـەلان و ڕۆحـی ئاوێتـەی ڕۆحـی بووبـوو ... تەماشای منداڵەکەی دەکرد و زیـاتر دڵـی پـڕ دەبوو ، میرزاش پـەیتا پـەیتا دڵخۆشی دەدایەوە و دەیوت :

ــ منـیش وەك بـاوکی وام ...! ئـەی مـن چـیم ... شـوکر بەسـەلامەتی نەجاتت بوو ... خواشوکر ...

فاتمیش خۆش خۆش سەری بووکەکەی ماچ دەکرد ودەیوت :

ــ شـیرین گیـان ...هـەموو دڵ برینـدارین بـەوەی ئەرسـەلان لەناومانـدا نییە لەم کاتەدا ، بەڵام با بەرە و ڕووی خراپە نەچین ... دڵمان خـۆش بێـت ئیشەڵڵا سبەینێ بەدیداری شاد دەبین و دەگەڕێتەوە ناومان ...

لەنێو دڵسۆزانی دەوری شیریندا بەتـەنها ئامینـە حـاڵی بـوو لەشیرین و ئەو ئەوینەی لەنێو دوو تویێی دڵیدا هەڵی گرتبـوو بـۆ ئەرسـەلان زۆر مـەزن و گــەورەبوو ، بەقــسەی هــیچ کەسـێك دڵــی ئـۆقرەی نــەدەگرت چـونکە خۆشەویــستی و هۆگربــوونی بەئەرســەلانەوە لــە ســنووری ئاســایی دەرچـووبوو و، گەیـشتبووە ئاسـتی ئـالوودەو خولیـابوون بـۆ مەعـشوق... ئەو جۆرەش لەخۆشەویستی ژن و مێـرد بۆیـەکتر کـەم بـوو ... لای خـەڵکی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

خۆشەویستی لەماوەی پێش بەیەك گەیشتندا دەبزواو لەگەڵ بەیەك گەیشتنی جووتە دڵدار وەك ئاوبکرێ بەئاگردا ئاوای لێدەهات ، بەلاّم ئەرسەلان و شیرین هێشتا تازە خۆشەویستیەکەیان چەکەرەی دەکرد و گەش دەبوویەوە ...

بەدەم ماچ کردنی منداڵەکەو و نوساندنی بەخۆیەوە شیرین وتی:

ـــ دڵەکەم ... بابەگیان بەم زووانە دەگەڕێتەوە لامان ...ئەوسا بەیەکەوە دەست لەملان دەبین و تاڵی و ناسۆری ئەم ڕۆژانە وەك یادەوەرییەك دەگێڕینەوە ...!

ئەم قسانەش هەلێکی باش بوو بۆ ئامینە تاوەکو چەند قسەیەك بکات بۆشیرین ، دەمی لە گوێی شیرین نزیك کردەوە و وتی:

ـ دوای تەنگانە فەرەحی دێت ... بەڵکو بەم زووانە کاکە بگەڕێتەوە... شیرین گەش بین بە ... با نائومێدی و خەمۆك بوون تارمایی ڕەشی زاڵ نەکات بەسەرتا ... ئێمە ئەگەر بێهیوابین ئەوا ژیانمان یەکپارچە ڕەش و ناخۆش دەبێت و هەمیشە بێزار و بەرچاو ڕەش دەبین ...

هەموو گوێیان بۆقسەکانی ئامینە گرتبوو، حەسەن ئەفەنی زۆر بەلایەوە جوان بوو لەدڵی خۆیدا دەیوت : (( بەخوا کچێکی ژیکەڵە ...ئاخ کچەکانی منیش ئاوا بیریان بکردایەتەوە و ئاواگەشبین و زرنگ بوونایە...! )) .

لەگەرمەی ئەم قسەوباسەدا دەنگی تۆپ نزیك بوویەوە و لە نزیكماڵیان تۆپێك دای بەئەرزدا و هەموو داچڵەکین ... میرزا بەگاڵتە و لاقرتێوە وتی:

ـ مەترسن هی خۆمانە ...!!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

حەســەن ئەفــەنیش بارەکــەی ڕاســت کــردەوە و غــەم و پــەژارەی دڵــی هەڵڕشت و وتی:

ــ وەڵــلاّ نــەدەبوو پێــشمەرگە ناوشــار بۆردومــان بکــات ... خواماڵیــان ئاواکا چۆن شتی وادەبێت ... بابە ئاخر ئێمە بۆ ئەوان قەلاّو شوورایەکی مەحکــەمین چــۆن ئــەوان بەدەســتی خۆیــان شــووراو قەلاّکــەیان وێــران دەکەن...!

فاتمی خێزانی میرزاش هەڵیدایە و وتی:

ــ کــورە لــەتاوگیانی خۆیــان ... بــەخوا ئــەم جاشــانە دنیایــان شـێواندووە...ئێـوە ئاگـادارن چـی بـەم خەڵکـە دەکـەن ... سـۆفی بـرام چ گوناهێکی کردووە ، تو خوا پیاوی ئەوەیە دەسگیربکرێت و سووکایەتی پێبکەن...؟!!

حەســەن ئەفــەنی زۆر ڕقــی لەجاشــەکان بــوو بــەلاّم ئــەم هەڵوێــستەی پێشمەرگەشی بەدڵ نەبوو ، بەدەم ناڕەزایەیەوە وتی:

ــ ئــاخر نابێــت پێــشمەرگە کــارێکی وابکــات و خــەڵکی بێــزار بــن و پشتگیرییان نەکەن ... بابە تۆ لەلایەکەوە زۆریان بۆ هێناوی و، دەتەوێت لەلایـەکی تـرەوە حـەق بـسێنی...! لـەکێش لـەو خەڵکـە ڕووت و ڕەجاڵ و بێدەرەتانە...؟!!

واقعی بارودۆخەکەش وایان لەمیرزا کردبوو نەتوانێت بەرگری بکات ، بۆیە بەدەم بێزاری و نیگەرانبوونەوە وتی:

ـ بەخوا فیتنەیەکی واتێ کەوتووین ...نازانین ڕووبکەینە کوێ ...؟!

هەرلەم کاتەدابوو مەحموود و دایکی خۆیان کرد بەژوورا و ئەوانیش بەخۆشــییەوە پێشوازییان لێکــردن ، مــەحموود ڕەنگــی پەشــۆکابوو ، بیستبووی پێشمەرگە شکاون و جاشەکان خەریکە تەوقی ناوچەکە دەدەن



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

و ژمارەیەکی زۆریش لەپێشمەرگە کوژراون ، ئامینە تاکە کەسێك بوو بەڕووی مەحمووددا ئەومانایانەی دەخوێندەوە ، ئەوانیتر ڕەنگ زەردیان دەگێڕایەوە بۆ تۆپ باران کردنی شار و ئەوحاڵەتە نائاسایییەی تێی کەوتبوون ... بەلآم ئامینە لەچاوەکانی مەحموودا زۆر نهێنی دەخوێندەوە و ئەوکەسایەتیەیە بەهێزە بێهەوانتە لاواز و کز و سیس نەبووە ...؟! ، بێگومان ڕووداوەکە زۆر مەترسیدارە و مەرگ و هەواڵێکی زۆر ناخۆشی لەئەستۆ گرتووە ...

کۆت وبەندی عەشایری ناوچەکەش ڕێگربوون لەوەی ئامینە ڕوو بەڕوو قسە لەگەڵ مەحمود بکات و بزانێت چی لەئارادایە ... خۆ مەحمودیش دوورە پەرێز بوو و نەیدەوێرا بۆ تەنها جارێکیش دوو بەدوو قسە لەگەڵ ئامینەدا بکات ، هەرچەندە ئامینە لەوزیاتر داکۆکی دەکرد لەسنوورەکان و لەپێناوکەسایەتی هەردووکیاندا حەزی نەدەکرد هیچ کامیان لەکەداربێن و خۆشەویستییەکەی لەنێو سینەیدا حەشاردابوو ، بۆ ئەو ڕۆژەی هەموو شتێ بەجێی خۆی دەگات و مەحموود دەنێرێتە داخوازی...

میرزا بەبینینی مەحموود خۆشحاڵ بوو ، زۆریش سوپاسی ئامادەبوونی کردن و وتی:

ـ کوڕم بەم ئاگربارانە بۆچی هاتوون ...؟ ئارامتان بگرتایە تا تۆپ باران دوایی دەهات ...ئەوەتا هەموومان حازرین و چاومان لێیەتی ...

مەحموودیش هاوچەشنی میرزا زۆر لەخۆی بوویەوە و وتی:

ـ کاکە میرزا ... ئێمە کەسی یەکین ...دەبێت لەتەنگانەدا پەناو پشتگیری یەکتری بکەین و ئاگامان لەیەك بێت ...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

سینەی ئامینە هاتە جۆش و کولْ و لەناخەوە کەوتە گفتوگۆ : (( ئای ئەم قسانە چەن مەزن و جوانن... دەتناسم چ کەسایەتیەکی مەزنی ، بەلاّم ئەفسوس ... ناتوانم ئێستا بەئاشکرا قسەت لەگەلْ بکەم...کەی بێت ئەو پەردەیەی نێوانمان هەلْ بگیریْ و گفتوگۆ بە ئارەزووی دلْ بکەین...؟ئیتر باس لەهیواکانمان بکەین یەك بەدوای یەکدا بیهێنینەدی...؟! )).

ڕای مەحموودیش نزیك بوو لە ئامینەوە و بە نەفسە مەنگ و جێگیرەکەی بۆ ئەو کیژەی دەڕوانی و یەکێکی دیکەی وەك ئەو ژیر و عاقلْی شك نەدەبرد و هەمیشە نموونە بوو لەدیدوبینایی‌دا .

ئنجا مەحموود لەگەلْ میرزا و حەسەن ئەفەنی دا لەژوورەکەی ئەو دیو دانیشتن و باس و خواستی سیاسی‌یان کردەوە و ئەو قەوانەی پێشوو سەر لەنویْ لێدرایەوە و نیگەرانی‌یان لەسەر بۆردوومانی شار دەربڕی ...

*　　*　　*



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

مـەفرەزەکانی پێـشمەرگەی کوردسـتان دابـەش بووبـوون بەسـەر چـەند قۆڵێکی ناوچەکەدا و هەریەك بەجیا چالاکی و قارەمانێتیان دەنواند...

ئەرســـەلان و حەمـــە ئـــەمین تەوێڵـــەیی و خـــواڕەحم و ژمارەیـــەك لەپێـــشمەرگە لەدەوروبـــەری بیـــارەبوون و جـــار بـــەجارێك دادەبـــەزین و دەستیان دەوەشاند لەهێزەکانی حکوومەت "بەسەرباز و جاشەوە...

مەفرەزەیەکی دیکەش لەدەوری سازان و ناوچەکانی هەڵەبجەدابوون و بەگەرمی تووشی شەڕێکی دەستەو یەخەبوبوون لەگەڵ جاشەکاندا ...!

ئـــەو مەفرەزەیـــەش عـــەزیز ئەتروشـــی و مەنۆچـــەر بـــەگ بـــالاترین چالاکیيان تیا دەنواند و بەدڵێکی گەرم و غیرەتـی کوردانـەوە بەشداریيان لەشەڕەکاندا دەکرد...

بارودۆخەکـە هەمیـشە ڕووی لـەئاڵۆز بـوون دەکـرد ، پێـشمەرگە تـاك و تەرا تۆپ و گولله هاوەنیان دەنا بەجاشەکانەوە و زۆرجاریش دەگەییـە نـاو شار و بەر بێتاوان و خەڵکی بەستەزمان دەکەوت ... !!

ژمارەی جاشەکان دەقاتی ژمـارەی پێـشمەرگەبوو ، ئـەو ڕۆژە جاشـەکان ناوشـاریان تـەنی بـوو ،حکوومـەت بـەتانك و زرێپـۆش و فڕۆکـە و هـەموو جۆرە یارمەتیيـەك پـشتگیری دەکـردن ... ئـەوانیش دێبـەدێ دەگـەڕان و هەرکەسێك بۆنی ئـەوەیان لێبکردایـە سـەر بەپێـشمەرگەیە یـاخود کـوڕێکی لەدەرەوەیە ئەوا ئیهانە و سووکایەتیيان پێدەکرد...

لەبەرئـــەوەی جاشـــەکان هێـــرش بـــەربوون زۆریـــان لێکـــوژرا... پێـشمەرگەش سادەوساکارانە مامـەڵیان دەکـرد و ئـەو مەفرەزەیـە شـارەزای ناوچـەکە نـەبوو ، جاشـەکان لەشـنروێ وە پـشتیان لێگـرتن و خـستیاننە نێـوان دوو ئەگـەرەوە کـە هـەردووکیان مـەرگی لەئەستۆدابوو " جەنگانـدن



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

تامردن یاخود تەسلیم بوون ، بێگومان جاشەکان لەتۆڵەی کوژراوەکانیان دەیان کوشتنەوە ...عەزیز و هاوڕێکانی زۆرئازایانە ڕووبەڕووی مەرگبوونەوە و بەرگرییان کرد تا شەهیدکران ، سەنگەری دووەمیش بۆ رۆژی دوایی دەست گیرا بەسەریدا و مەنوچەر و کوڕەکەی شەهیدکران...!

جاشەکان تەنها بەم کارەشەوە نەوەستان ، مەڕومالاتی خەڵکیان برد و تۆمەتیان بۆ دروست کردن... هەر ئەو ڕۆژە ژمارەیەك لاوی خوێن گەرمیان دەستگیرکرد و بەرەو زیندانەکان ڕەوانەیان کردن ...ژیانی خەڵکی وەك هەموو جارێ تام و خۆشی لەبەر هەڵگیرابوو... داهاتوو لێڵ و ژیانی رۆژانەشیان پڕ لەئێش و ژان و مەرگەسات بوو... ئاواتە خوازبوون ساتێك بێت بەسەریاندا و بەئاسوودەیی و هێمنی و ئاسایش بژین... بەڵام بەرژەوەندی کەسی و حەزی سەرداریێتی چاوی بەرپرسانی کوێرکردبوو ، باکیان نەبوو گەل و رۆڵەکانی چییان بەسەردێت مادام بەشێك لەسەرداریێتی بەدەست بهێنێت... !!

*　　　*　　　*

هێشتا شەو دانەهاتبوو ، خانەوادەی سۆفی ساڵح لەماڵی خۆیان بوون و دڵیان گوشرابوو ، میزاجی یەك بەیەکیان تێکچووبوو ، هەواڵی تێکشاندنی پێشمەرگە و سەرکەوتنی جاشە کۆڵوانە سوورەکان باسی هەموو کۆڕ و کۆبوونەوە و مەجلیسێك بوو... مەحموود لەسەر کورسییەك بەتها لەژوورەکەی دانیشتبوو ، بیری لەچارەنووسی ئەو پێشمەرگانە دەکردەوە و لۆمە و سەرزەنشتی جاشە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

خۆفرۆشـەکانی‌دەکرد، لەخۆیـەوە خاترەیـەك هـات بـە بیری‌دا و ترسـێکی زۆری لێنیـشت و خێـرا لەسـەر کورسـیەکە هەسـتایە سـەرپێ... ! چـەند هـەنگاوێك ڕۆیـشت و پاشـان گەڕایـەوە دواوە ...دەترسـا لـەوەی خاڵـە خوارەحم و ئەرسەلان لەم شەڕ و شۆڕەدا تووشی بەڵایەك بووبن ...!

هەرچەندە هەوڵی دەدا ئارام بگرێت بۆی نەدەلوا و نەفسی خێرا خێرا هـانی دەدا و حاڵەتـە نەفـسیەکەیان زیـاتر دەشـێواند و ئـاڵۆز دەبـوو ... هەستا بچێت بە باوکی بڵێت با سۆراخ و ئەحواڵ پرسی‌یەك بکەین ، بەڵکو هـەواڵێکمان دەسـت بکـەوێت... دەسـتی نـەبردبوو بـۆ دەرگـای ژوورەکـەی پەشـیمان بوویـەوە و هاتـەوە دواوە... ئـەی هـاوار چـی بکـات... نەفـسی ڕێگـــەی نـــادات و ئـــاواش وەسوەســـە و دڵەڕاوکـــە بێزاریـــان کـــردووە و ئیسراحەتی لەبەر هەڵگیراوە و بەرۆکی بەرنادەن...!!

بـاوك و دایکیـشی حاڵیـان لەوباشـتر نـەبوو ، هەریـەك بـەجیا لـووتی شـۆڕکردبوویەوە و دەمـی داخـستبوو ... شکـستەکە قـورس بـوو لەسـەر نەفسی هەموویان و بووبون بە مرۆڤێکی بێهۆش و گیان و کەسیان قسە و ورتەیان لێوە نەدەهات ...!!

سـۆفی هـات بەبیریـدا لەگـەڵ مـەحمووددا بـچن بـۆ مـاڵی مـیرزا و بیرێـك لـەحاڵ و سـۆراخی خـوارەحم و ئەرسـەلان بکەنـەوە ، خۆهیـچیان لەدەسـت نەیـەت کـەمێك خـەم و خەفـەت بەبادەکـەن... لـەناکاو هەسـتایە سـەرپێ و خـۆی گەیانـدە لای دەرگـای ژوورەکـەی مـەحموود و بەهێواشـی دەرگاکـەی کردەوە و بینـی مـەحموودیش دێت و دەچێت و بەچەشنی باوکی ئارامی نەماوە ، هەردووکیان چاویان کەوت بەیەك و زیاتر تێکچوون و سۆفی ئەو تەوقەی شکاند و وتی:

ـ کوڕم نایەیت لەگەڵم تاماڵی میرزا ...؟!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

مـەحموود بێـدەنگ بەحەپەسـاوی لەگـەڵ باوکیـدا ڕۆیـشت و غـەم و پـەژارەی شکـست زاڵ بـوو بەسـەریاندا ، کەسـیان قـسەیان بـۆ نـەدەهات بەدرێــژایی ئــەو ڕێگەیــە هیــچیان نــەوت ...! بــەناو شــاری تاریکــدا شەقامەکەیان بڕی و گەیشتنە ماڵی میرزا ، چوونە ژوورەوە و بینییـان تـازە شـیرینیان هێناوەتـەوە هێـشتا منداڵەکـەیان نـاو نـەناوە ، چـاوەڕێ بـوون سۆراخێکی ئەرسـەلانیان دەسـت بکەوێت ئەوسا بـەدڵی هـەردوولا نـاوێکی بۆ هەڵبژێرن...

غەمباری بەسەریاندا زاڵ بوو ، مەلوول وداماو هەڵتروشـکاو بوون، ئـەو شۆڕشە بریتیبوو لـەگیانی گـەل و بەچاوێکی شـکۆمەندییەوە تەماشـایان دەکرد و ئامادەنەبوون شکستی شۆڕش ببینن ...!

مـیرزا هـەر ئەوەنـدەی دەزانـی مەنوچـەر بـەگ وپێـشمەرگەکان لـەقۆڵی سـازانەوە بـەریان گرتـووە لەجاشـەکان و شـەڕێکی قـورس بـەر قـەرابووە لەنێوانیاندا ... ئاگاداریش بـوو لـەوەی خـوارەحم و ئەرسـەلان لـە بیـارەن ، بەلاّم ئـەوەی ئاگـادار نـەبوو ئـەوەبوو کـەوا پێـشمەرگەی بیـارە بەشـدارییـان نـەکردووە لـەم شـەڕانە یـان پـشتگیرییـان نـەناردووە بـۆ هاوەڵـەکانیان؟! وەلاّمی دەست نەدەکەوت و کەس بە وردی دڵنیانەبوو لەو مەسەلەیە...

فاتمی خێزانی بەدەم خەم و خەفەتەوە بۆ کوڕەکەی وتی:

ـ ئـۆ خـوا تۆڵـەی ڕۆڵـەی ئـەم خەڵکـە لـەو جاشـانە بـسێنێت... ئـاه و نوزولـەی هـەزارەها منـداڵی سـاوای وەك ئـەو منداڵـە بگاتـە قـاپیی خـوا و گەڕو گولیان بکات...!!

مەحموودیش بەئەدەبەوە وتی:



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ـ پووریٚ ... دڵنیابە لەوەی ئەمانە دەبن بەپەند و مۆرکی نامەردی و خیانە دەنریٚت بەنێوچاوانیاندا... خیانەت و ناپاکی لەمیللەت وخاك و نیشتمان گوناهە و تاوانێکی ئێگجار گەورەیە...!

میرزا لەوتەوقە پڕ لەخەم و خەفەتە نەفسی ترازاند و وتی:

ـ لەدێر زەمانەوە ناپاکی و زوڵم و ستەمی ئەم میللەتە هەر بەدەستی خۆی بووە...! تادوێنی بوو چەکیان هەڵگرتبوو موو بە بەینیاندا نەدەچوو ، ئەمڕۆ بەرژەوەندی و جاشایەتی وایکردووە دەستیان بچێت بەخوێنی برا هاوخەباتەکانیاندا...!

دیسان مەحموود ویستی مەسەلەکان بداتە دەستی قەدەر و هاوکێشەکان بە شێوەیەکی مەنتیقی لەبیریاندا دابڕێژێت و وتی:

ـ یاسایەك لەم گەردوونەدا لەئارادایە بریتی‌یە لەوەی هەرکەسێك ناپاکی و دووڕوویی بنوێنیٚ هەر لەم دنیایەدا ڕووڕەش دەبێت... شەرمەزاریی وخەجاڵەتی ڕووی تێدەکات... ئێمە دەبێت زۆرمتمانەمان بەم یاسایانە هەبێت و بیٚ ئومێد نەبین...

سۆفیش لەدڵەوە قسەکانی کوڕەکەی بەدڵ بوو لەگەڵ مەزهەبی سۆفی‌گەراییدا یەکیان دەگرت بۆیە وتی:

ـ لەمزگەوت ڕۆژێکیان شێخ ئامۆژگاری دەکردین و باسی ئەوەی بۆ کردین ... ئەم ڕووداوانە هەمووی لەقەدەری خوایی‌دا نوسراون و نابێت نیگەران ببین...

خێرا دڵەڕاوکیٚ و خەمۆکی خۆی بیرکەوتەوە و ترسا لەوەی ئەم قسەیە پێچەوانەی ڕەفتاری بێت و بە درۆ لەقەڵەم بدرێت ، بۆ ڕاستکردنەوەی قسەو ڕەفتارەکانی فریاکەوت و پاساوێکی هێنایەوە و وتی:



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ـــ هەرچـــەندە لەدڵمانـــدا وەسوەســـە و هـــاوردەی خـــراپ وازمـــان لێناهێنێـــت... ئەمـــەش بەڵگەیـــە لەســـەر لاوازی ئیمانمـــان ...دەبێـــت خۆمانومـــاڵ ومنـــداڵمان بدەینـــە دەســـتی خـــودا و هـــیچ خـــەممان نـــەبێت لەچارەنووسیان...!!

ئنجا مەحموود حاڵـەتێکی ئیمانی بـەرزی بۆ دروسـت بـوو ، واهەسـتی دەکـرد بەشـێکە لـەو قـەدەرە و نابێـت بترسـێت و خـەم باری مێشکی کنـەو کـەل بکـات ... ئامینـەش زۆر بـەووردی گـوێی بـۆ قـسەکانی مـەحموود گرتبـوو... سەرسـام بـوو بەوقـسانە و گـەورەیی داهـاتووی دڵدارەکـەی بـۆ دەردەکەوت... بەڵام میرزا زۆر باکی نەبوو بـەم مەسـەلانەوە و بەشـێوەیەکی سادە دەیڕوانی بۆیان و لـە نێـو ئـەم قسانەدا ئاڕاستەی قسەکانی گۆڕی و وتی:

ـ زۆر هەوڵـمـدا بـزانم ئەرسـەلان و خـوارەحم بەشـداری ئـەم شـەڕەیان کردووەیان نا ، هیچم لێ ڕۆشن نەبوو ...

جەرگ و هەناوی فاتم هاتنە کوڵ و وتی:

ـ جا با بچوویتایە خۆ لاقەیان نەدەکردیت ...

بەم قسەیە میرزا حرسی هەستا و وتی:

ـ ژنەکە من چۆن بچم ؟! بەخوا ساردیان دەکردمـەوە و کەلاکەکـەشمتان نەدەدۆزیەوە ... بۆ تۆ وادەزانیت ئەوانە پیاون و ویژدانیان هەیە... ؟!

لێرەدا ئامینە دڵی بەباوکی وسووتا و وتی:

ـ دایـە ئـەوە تـۆ دەڵێـی چـی ...؟! بـاوکم بـۆ کـوێ بـچێت... زۆربـەی ئەوجاشانە دەزانن کوڕ و کەسی پێشمەرگەن ...شتیوا چۆن دەبێت...؟!!

شـیرینیش گـوێ بیـستی قـسەکانیان بووبـوو ، سـەختی ڕووداوەکـە سەرسـامی کردبـوو ، بـڕوای نـەدەکرد پێـشمەرگە شـکابن و جاشـەکان



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**سەرکەوتنیان بەدەست هێنابێت... ! هەرکاتیش لەجگەر گۆشەکەی وورد دەبوویەوە خەفەتی دەخوارد و ئاه و حەسرەتی ناو جەرگی زیادیان دەکرد ، ئەوەشی زیاتر گڕی دەنا بەدڵیەوە و دەیکرد بەکوڵ و کاتێ دەیبینی جێگەکەی ئەرسەلان بەتاڵ و چۆڵە و هەرکاتیش بیری لەژیانی مانگەکانی پێشوو دەکردەوە لەگەڵ ئەرسەلاندا قوڵپی گریانی هەڵدەستا و بەنهێنی فرمێسکە گەورەکانی دەشاردەوە و دەکۆشا کەس نەیان بینێت...!**

**ئەو شەوەش بە غەمباری ودڵتەنگیەوە برایەسەر ، سەرسامی شکستی پێشمەرگەبوون و بەزمانی حاڵ دوعایان لەجاشەکان دەکرد و شێواندنی بارودۆخەکەیان دەدایە پاڵ ئەوان و لۆمەو سەرزەنشتیان دەکردن...**

* * *



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## (23)

بۆ بەرەبەیانی ئەو شەوە جەستەی پێنج شەهیدیان هێنایەوە بۆ هەڵەبجە و لەمزگەوتی پادشا دایان نان... هەواڵەکە جەرگ بڕبوو ، یەکەم کەسێك بیستی میرازا بوو... هەر زوو خۆی گەیاندە مزگەوت و لەڕێگە شەیتان یاری بەمێشکی دەکرد... جەستەیان بەبەتاڵیەك داپۆشرابوو... میرازا زۆر ترسا ، ویستی لێیان نزیك ببێتەوە و جاشەکان ڕێگەیان نەدا...خەریك بوو بڵێ ئاخر کوڕی منیش پێشمەرگەیە و نەوەك ئەویشی تێدابێت... ! بەهۆش هاتەوە و زوو لەم قسانە پاشگەزبوویەوە... مقۆ... مقۆ لەناو مزگەوتەکەدا بلاۆبوویەوە و خەڵکی وتیان:

ـ عەزیز و مەنۆچەر کوژراون...!!

ئنجا ئاهێك هات بەبەری میرزادا و شوکری خوایکرد کوڕەکەی یا ژنبراکەی لەنێو شەهیدەکاندا نەبوون ، جاشەکان بەسەر جەنازەکانەوەبوون ، خەڵکی هەڵەبجە بەوەفا بوون بۆ شەهیدان و دەست بەرداریان نەبوون...گەرچی جاشەکان ئیهانەی خەڵکیان دەکرد و چاویان لێ سوور دەکردنەوە، ئەوانیش بێ باك بوون و دەستبەجێ خەڵکێکی زۆر کۆبوونەوە و دڵ بەپەرۆش و چاو بە فرمێسك تەرمی شەهیدەکانیان لەئامێز گرت ...

گەورە و بچووك دەگریان لەژێر لێوەوە نەفرەتیان لەخیانەت و جاشایەتی و ناپاکی لەگەڵ میللەتدا دەکرد ، مەراسیمی بەخاك سپاردن لەمزگەوتی پاشاوە دەستی پێکرد و خەڵکی تەرمەکانیان نابەسەر شانیانەوە... ڕێکخستنی ناوشاریش ڕەسمی شەهیدەکانیان بەنێو خەڵکیدا بلاۆ دەکردەوە و بەهێمنی تەرمەکان بران و بەخاك سپێردران...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

خەڵکی هەریەك کوژراوەکانیان بە شەهیدی خۆیان دەزانی و دڵیان زۆر پێیان دەسووتا ...جمووجووڵی بازاڕ وەستابوو ، کەشێکی پڕ لەماتەمینی باڵی کێشابوو بەسەر شاردا و جۆرێك لەهەست کردن بەشکست و کۆست کەوتن خەڵکی گرتبوو... ژنانیش لەماڵەکاندا پرسەی ئەو شەهیدانەیان بەپرسەی کەسێکی عەزیز و خۆشەویستیان دادەنا و تەنانەت موسیبەتەکە ئەوەندە گەورەبوو پرسەکە گشت ماڵەکانی شاری گرتبوویەوە... !

لەناو حەشاماتەکەدا حەسەنەفەنی هەستی جۆشا بوو ، شیعرەکانی بەنهێنی بۆ دەهات و لەگەڵ خوڕەی فرمێسکدا لەبەر خۆیەوە بەیتەکانی قەصیدەکەی دەهۆنیەوە:

شەهیدی ئێمە هەرگیز نامرێ          لەنێو دلانا یادی دەمێنی
عومری خیانەت کورتە و دەڕەوێ    نەفرەت بۆ ناپاك بەجێ دەهێڵێ

مەحموودیش لەپاڵ دەستەیەك لەهاوەڵەکانی پۆستکارتەکانیان بلاودەکردەوە ، گەرچی جاشەکان سووکایەتییان دەکرد و بەووردی چاودێرییان دەکردن بەلام هەست و سۆزی نەتەوایەتی وەهای لێکردبوون گوێنەدەن بە ئەستەم و گرفتەکان ...

دوای ئەو مەراسیمە پڕ شکۆیە جەستەکان بەخاك سپێردران و ژیان ئاسایی بوویەوە ... ئیش وکاری خەڵکی گەڕایەوە سەر ڕەوتی جارانی... میرزاش بەرەو چایخانەکەی ڕۆیشت و بەغەمبارییەوە لەسەر کورسییەکەی دانیشت ... لەو مەعبەینەدا حەسەن ئەفەنی هات بۆلای و لەپاڵیدا دانیشت ، خەڵکیش تاك و تەرا دەهاتن و دادەنیشتن ، هەریەك سەرقاڵی باسی ئەو رووداوانەبوو بەچەشنێك ، حەسەن ئەفەنی بەغەمبارییەوە وتی:



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ــ بەڕاستی شکستێکی گەورەبوو ، زۆر خەفەت و پەژارەی پێداین ...!

بۆ چەسپاندنی قسەکانی حەسەنەفەنی میرزا وتی:

ـ بەڵێ قوربان... هەموو دڵمان بریندار بوو ...

ـ خیانەت و ناپاکی هەمیشە ڕۆڵی گورزی کوشندەی بینیوە لە شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی ئەم میللەتەدا...!! ئەوەتا میرنشینەکانی کورد هەریەك بەجیا سوپای ئێران یان دەوڵەتی عوسمانیان هێناوەتە سەر یەك و لەپێناوی بەرژەوەندی تەسك و دەستەڵاتدا ناپاکی و جاشایەتییان هەڵبژاردووە...!

ئنجا میرزا سەری لارکردەوە و وتی:

ــ قوربان ئەمانەش جاشایەتییان هەڵبژاردووە و بەرژەوەندی بالآی شۆڕشەکەیان نەخوێندووەتەوە...

ــ سەد مەخابن ... ئەو دەستە لەپێشمەرگە چەند ئازاو جەربەزەبوون... !!

ـ کورد کوژییە لەهەمووﻻیەکەوە هەر کورد تیادەچێت...

لەناکاو حەسەن ئەفەنی ئەرسەلانی بیر کەوتەوە و پرسی :

ـ دەنگ و باسی ئەرسەلان و خوارەحم چییە ؟!

ــ وابزانم لەبیارەن... ئەم جاشانە ویستوویانە بەرەو بیارەش بچن بەڵام نەیان توانیوە شکستیان خواردووە...

ـ هەواڵی ئاشکرا نییە ... ؟


ـ بەینی خۆمان بێت نەوەڵڵا...!!

ـ خوا بەڕەحمی خۆی بەزەیی بە ئێوە و شیرین و ئەو منداڵە ساوایەدا بێتەوە ...!

ـ ئامین ...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com





PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دوای شەهیدکردنی ئەو دەستە پێشمەرگەیە جاشەکان کۆڵیان نەدا و دەستیان کردەوە بەبانگ کردنی خەڵکی و سووکایەتی پێکردنیان...ئەمجارە میرزاش بەرکەوت و عادلی حەمە شارزووری بەچەند چەکدارێکەوە چوونە سەر ماڵەکەیان ، سەرەتا عادل بێ شەرمانە دەرگای حەوشەکەی شکاندن و ئامینەش چاونەترسانە پیایدا هەڵشاخا و وتی:

ـ بەد ڕەوشتی و سوکایەتی گەیووەتە ئەو ڕادەیەی ڕێز لە حەرەم و پەرێزی مالآن نەگرن...؟!!

عادل چەند جارێك دووراو دوور ئامینەی بینیبوو ، ئەمجارە چاوی پێکەوت خەریك بوو بەچاو هەڵی دەلووشی و بەبرسێتی و چاوچنۆکی‌یەوە ساتێك بواری نەدەدا و ئەبڵەق بووبوو ... لەبەر خۆشیەوە وتی :

ـ بەهـ ... بەهـ... لەوجوانی‌یە ...پەری چی و شتی‌چی...!!

عادل بەداوێن پیسی ناسرابوو ، سەرجەم خەڵکی دەیان ناسی و ئامینەش لەتێڕوانین و چاوە برسیەکانیدا هەموو مانایەکی ناپاکی خوێندەوە و زیاتر تووڕەبوون گرتی و وتی:

ـ بۆچی وا دەزانن ئەو خەڵکە بێ‌کەسە ؟!!

عادل ویستی پەردەیەکی ئەدەب و ڕێز بکات بەبەری دا و کەمێك بێ‌دەنگ بوو دواتر وتی:

ـ خانم گیان ... ئێمە ناکەس بەچە نین ... هاتووین میرزا بەرین و چەند قسەیەکی لەگەڵدا بکەین و بیگەڕێنینەوە ...

هێشتا عادل قسەکانی تەواو نەکردبوو میرزا هەڵیکرد بەماڵدا و سەرسام بوو بەو ڕووداوانە ، ئنجاعادل ئاوڕێکی دایەوە و وتی:

ـ میرزا گیان ... دوو کەلیمەمان هەیە لەگەڵتا گەر بفەرمووی ...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

مـیرزاش بـیری دەسـتگیرکردنی سـۆفی کەوتـەوە و بەبیریـداهات هـیچ نەمێنیێتەوە شەوێکی تیادەبێت بۆیە بە ئامینەی وت:

- بەتاژیەکم بۆ حازر بکەن ...!

عادل ڕاچڵەکی و ویستی پیاوەتی بنوێنێ و وتی:

ـــ نەبابـــە... ئـــەم سمێڵـــە سمێڵـــی پیاونـــەبێت هـــەر ئێـــستا دەت هێنمەوە...!!

ئەو جۆرەش لەمامەڵە دەگەڕایەوە بۆ نەزعەی داوێن پیسی لەعادلدا و هەرئەوەش بوو وایلێکرد هەر ئەو ئێوارەیە میرزا بگەڕێنێتەوە بە جێبەکەی خۆشی تا بەردەرکیماڵەوەی بگەیەنێت ...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەعسی‌یەکان لەویەك دوو ساڵەدا تەبیعەتی عەبدولرەحمان عارفیان ناسی‌بوو ، کەسایەتی‌یەکی دڵناسك و ئیرادە لاوازی هەبوو ، لەژێرەوە سوپا لەلایەن دووباڵی بەعسەوە کۆنترۆڵ کرابوو ، باڵێکی ئەحمەد حەسەن بەکر و باڵێکی عەبدولڕەزاق ...

صەدام حسێنیش لەژێرەوە خەریکی چەك دابەش کردن بوو بەسەر خەڵکی نەخوێندەواردا و هەمیشە هەوڵی دەدا چەکمەی توندبکات لە سیستەمی حوکم و گشت لایەك ملکەچ بکات ...!!

کاتێك صەدام خێڵەکی‌یەکانی دەوروبەری عۆجە و تکریتی کۆدەکردەوە هاوەڵانی بەعسی گاڵتەیان بەوکارە دەهات و بەڕەفتارێکی کورت و بڕنەکردوویان دەدا لەقەڵەم...! تاکە کەسێك بڕوای بەهەوڵ و لێبڕانەکەی هەبوو نەفسی صەدام خۆی بوو ، ژیانی هەتیوی و نەبوونی خانەوادەیەك فێری توند و تیژی و دڵڕەقی و داپڵۆسین و کوشتن و بڕین و خیانەتیان کردبوو... !

ئەحمەد حەسەن بەکر و عەبدولڕەزاق سادەبیریان دەکردەوە و صەدامیش دەیویست هەر زوو بەڕەیان لەژێر پێ دەربهێنێت و خەونی شەو و ڕۆژی ببێتە واقعێك و مل بەو کۆمەڵگەیە کەچ بکات کە بێڕەحمانە مامەڵەیان لەگەڵدا کرد و لەکەداریان کرد بە دایکی و ڕەفتارەکانی...!!

پەیوەندییەکی گەرم بەپەنهانی ڕوویدا لەنێوان باڵەکاندا و کاتێکی دیاریکراویان دانا بۆ دەست گرتن بەسەر وڵاتدا ... حەوت ئەفسەری باڵا بەشداریان کرد" کەدابەش بووبوون بەسەر ڕاست و چەپی بەعسدا ...!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

سەرۆك فریای هیچ نەكەوت ، تەنها یەك گوللە تۆپ تەقێنراو ئەویش بۆ ئەوەبوو لەخەو بەئاگای بهێننەوە و زڕەی تەلەفۆنكەشی لێیدا و داوایان لێكرد دەسبەجێ عێراق بەجێ بهێڵێت ...

ئنجا ناكۆكی نێوان باڵی ڕاست و چەپ سەری هەڵدا و ئەحمەد حەسەنیش ئیرادەیەكی كز و لاوازی هەبوو ، لەم قەیرانەدا پەنای بردە بەر صەدام تا باڵی عەبدولڕەزاق نەدات و بەهەڵەداوان چوو بۆ لای صەدام و وتی :

ـ نازانم چی بكەم... ئەو ئەفسەرانەی لەگەڵ فیكرەی ئێمەدا ناخۆن عەبدولڕەزاق هەموویانی ایڕاست كردووینەتەوە و خەریكە دەبن بەخاوەنی وڵات و ئێمە پەراوێز دەخەن...

صەدام كەشەڕ لەچاوەكانی نەدەبڕا و وردە وردە ڕۆڵی لەسەر شانۆی سیاسەتی عێراقدا خەریك بوو دەردەكەوت ، پێشتریش ئەحمەدی ناسی بوو چ ماڵێكە ، بەچاوێكی ڕق و قینەوە تەماشای ئەحمەدی كرد و وتی:

ـ زۆر ئاسانە ئەو باڵە بقرتێنین ...!!

ئەم دەستەواژەیە مووەكانی لاشەی ئەحمەدی ڕاست كردەوە و تەزوویەك لەتەوقی سەریەوە دەهات و بەبەری پێیدا دەچوو ، تفەكەی قووت دا و وتی:

ـ چۆن ... ؟!!

صەدام بەشانازییەوە وتی :

ـ تۆ ناتەوێت ئەوانە لەبەرچاوت وون ببن ...؟!! من بۆ هەتا هەتا ونیان دەكەم و جارێكیتر دیاریان نابینیتەوە ...!!

ئەم جۆرە مامەڵەیە تازە نەبوو بۆ صەدام و لەمنداڵیشدا دەیەها پیلان و نەخشەی خوێناوی و شەڕی كێشابوو ، بۆیە لەشەڕ و پیاو كوژیدا



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دەستێکی باڵای هەبوو ، هاوەڵانی هەمیشە بەترسەوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرد و هەرکات تووڕەبوایە تا خوێنێکی نەڕشتایە دڵی ئاوی نەدەخواردەوە ...!!

ئەحمەد جارێکیتر لەصەدام نزیك بوویەوە وپرسی :

ـ ئاخر چۆن ون دەبن ...؟!

هستریا گرتی و وتی:

ــ دەیانکوژم ... مەخفیان دەکەم و نایەنهێڵم ...! نابێت کەس بوەستێت لەڕێگەماندا و هەمووشتێ دەبێت لەدەستی خۆماندابێت... !!

ئەحمەد حەسەنیش کێشای بەسەر شانی صەدام دا و وتی:

ـ ئاخر ئەوانیش بەعسین وەك خۆمان...!!

صەدام قاقایەکی لێدا و وتی:

ـ بوون بەگرفت لەڕێماندا یان نا...؟! دەمانخۆن و قووتمان دەدەن یان نا... ؟!

ـ ئاخر کوشتن ... قورسە ...

دیسان صەدام قاقایەکی بەرزی لێدا و وتی:

ــ سەیرە بەلامەوە تۆ چۆن عەسکەرییەکی ... ؟! دەبوو شاعیر بوویتایە ... بۆ ئەوەندە دڵ ناسکیت ...؟!

ئەحمەد حەسەن هەستی بەناتەواوی کرد لە کەسێتیدا و بەحرس و نیمچە تووڕەیەوە وتی:

ــ ئاخر رایەڵەی زۆر لەگەڵ ئەواندا بەیەکەوەمان دەبەستێتەوە... بەعسی بوون ...خزمایەتی ...هاوڕێی ناوسوپا... هاو خەبات و...

صەدام قسەکانی بەئەحمەد بڕی و وتی:



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ـ ئەگەر دەتەویٚ خۆشت و ئێمەش تیابەریت ئەوا بەو قسانە زاخاوی مێشکی خۆت و ئێمە بدە و با ئەوان پیلان بگێڕن و کودەتایەکی عەبدول سەلام ئاسامان بەسەردا بکەن و ، لەت و پەتمان بکەن ... باشە ... ئەم دڵناسکی‌یە بۆئێستا ناشیٚ ، کەی چوویتە ماڵەوە لەگەڵ ژنەکەتدا ناسك و بەڕەحم بە ... !!

شەڕەنگێزی صەدام لەزیهنی ئەحمەد حەسەندا وێناکرا و راستەوخۆش زاتی ئەوەی نەکرد لای بەرێت ، یاخود نەفی بکات بۆ دەرەوەی عێراق " چونکە ئەو توندوتیژی‌یەی صەدام ڕزگاری دەکرد لە عەبدولڕەزاق و دەیەها ئەفسەری‌تر و حوکمی عێراق دەکەوتە دەست و کەسیش هاوبەش نەدەبوو لەگەڵیدا ، بەلاّم بیریشی لەوە دەکردەوە لابردنی صەدام دوایی کارێکی قورس و مەحاڵە و دەیەها جار لە ئێستە قورستر دەبێت ...!

مێشکی دایە ئێش و سەری گێژی خوارد " چۆن تووشی ئەو بەلاّو موسیبەتە هاتووە و یەك لەوەی‌تر ئەستەم و گرانترە ...!

لەم خەیالاّنەدا بوو صەدام بەئاگای هێنایەوە و وتی:

ــ ئەوەی من دەیکەم لەبەرژەوەندی حیزبە ... ! دەبێت پشتگیریم لێبکەن... تۆ دەستت نابێت لەو پیلانەدا مەگەر ڕۆڵێکی کەم نەبێت بۆت دیاری دەکەم ...!

پەل وپۆی شکابوو لەسەر کورسی‌یەك دانیشت و وتی:

ـ چی بکەم ...؟!!

بزەیەك هاتە سەر لێوی صەدام وتی:

ــ ئاوا...! مەترسە ... هەمووشتیٚ بەدڵی خۆمان دەبێت ... !! بەڵێنیشت دەدەمیٚ ئەوەی تەسلیممان ببێت نایکوژین...!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئنجا بەرامبەری دانیشت و وتی:

ـ رۆڵی تۆ ... ئیمزاکردنی نوسراوەکانە و کاروبارەکان خۆم ڕێکیان دەخەم ...!

ئەحمەد حەسەن سوور بوو لەسەر زانینی پیلانەکەی صەدام و وتی:

ـ ئاخر بابزانم چۆن ...؟! ئاگاداربم ...!

صەدامیش بەدڕندانە سەری ڕەق وەستاند بەرانبەری و وتی:

ـ سەری مارەکە بانگ دەکەین بۆ کۆبوونەوەیەکی خێرا لەکۆشکی کۆماری ، یەکسەر دادەبەزین بەسەریدا و نەفی دەکەین بۆ کوەیت ...!! ئیبراهیم عەبدولرەحمانیش دەنێرین بۆ بەسەرکردنەوەی هێزە چەکدارەکانمان لە ئەردەن و دواتر دەستگیری دەکەین بە تۆمەتی خیانەت و لەسێدارەی دەدەین...! هەریەك لەو ئەڵقەلەگوێ و شوێنکەوتانەی ئەوان بەهەمان دەردی ئاغاکانیان دەبەین ...!!

سەری سوڕمابوو لەم پیلانە دڕندە و دۆزەخی‌یە و سەری بۆ لەقاند و وتی:

ـ دەست بەکار بە ... !

دوو هەفتەی نەخایاند صەدام لە 30/ تەمموزی 1968 دا کلك وباڵی ئەو نەیارانەی کرد و لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن بۆیەکەمجار لە پشتی ئەحمەد حەسەنەوە دەرکەوت و بەیانی پاككردنەوەی ڕیزەکانی لەخیانەتکار و ناپاکان خوێندەوە ...!! ئەو هاوەڵانەی لە حیزبی بەعس و کودەتای یەکەمی بەعسیەکان و حەڤدەی تەموزدا بەشداربوون ، بوون بە ناپاك و خیانەتکار و مۆرکی خیانەت و خۆفرۆشیان پێدانرا ...!!

دوا بەدوای ئەو هەڵمەتە خوێناوی‌یەی صەدام ئنجا لایەکی کردەوە بەلای مەسەلەی کوردی‌دا و سەرەتا ویستی بەزەبری چەك شۆڕشی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

کوردی دابمرکێنێتەوە و ڕێکەوتنەکەی لەگەڵ باڵەدابڕاوەکەی شۆڕشدا گەرم کرد وریگەی پێدان ڕۆژنامەیەك دەربکەن لەبەغداد ...

لەدڵەوە ڕقی لەکوردبوو ، چاوی بەرایی نەدەهات کوردهاوبەشی عەرەب بێت لەعێراقدا و نەخشەو پیلانی دڕندانە لەمێشکیدا دەهاتن و دەچوون، بەڵام تەواو بارەکەی بۆ یەکلا نەبووبوویەوە و ترسی هەبوو لەناوخۆی دەزگا حیزبییەکەوە کودەتایەکی بەسەردا بکەن و تیابچێت... بۆیە تیابردنی کوردی لەبیروهۆشیدا ڕیز بەند کردبوو ،بەپێی نەخشەیەکی تایبەت و لەدانیشتنێکدا بە ئەندامە نزیکەکانی دەوری وت :

ــ ئێمە لەم وڵاتەدا بۆ ئەوەی ڕەگێکی پتەو دابکوتین جارێ دەبێت کورد بەکورد لەناوبەرین ...! پرۆژەی دەستێوەردانی ڕاستەوخۆ کزبکەین...شقڵ و جیاوازی بخەینە نێوان کوردەوە ... ئەوسا بێ قەید و شەرت لەناو دەچن ...!

ناظم گزاریش یەکێك بوو لە ئەڵقە لەگوێکانی صەدام و تازە کردبووی بە بەرپرسی ئەمنی گشتی و زۆر لەخووڕەوشت دا لەصەدامەوە نزیك بوو ، هەستایە سەرپێ و وتی:

ـ لەزیندان‌دا دەیانتوێنینەوە...! ئەوەی لەشارەکاندا گومانمان لێیان هەبێت ئەوا دەستگیری دەکەین و وەی لەحاڵی ...!!

ریزێك لەخزم و دۆستانی صەدام دانیشتبوون و تازە کەوتبوون بەسەر ناز و نیعمەتدا و یەکێکیان پڕ بە دەنگ هاواریکرد :

ـ بژی سەرۆك صەدام ... !

ئەوانەی دەوریشی هوتافەکەیان دووبارەدەکردەوە ... صەدامیش لەدڵەوە خەریك بوو شا مەرگ دەبوو ، بەڵام نەشی دەویست جارێ



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دەربکەوێت و پێش ئەوەی لەژێرەوە بارەکە تەخت نەکات بۆ سەرهەڵدان و دەرکەوتنی، بەکزی‌یەوە وتی:

ـ جاریٚ وەختی ئەو جۆرە هوتافانە ذی‌یە ...!

ئەوانیش ملکەچ بوون و وتیان :

قوربان چۆنی بەباش دەزانی ئێمەش هەروامان پیٚ باشە ...

ئنجا بوو بەچەپڵە ڕێزان و بەگەرمی هەستان لەبەری و هەیانبوو دەستی ماچ دەکرد و هەیشبوو شانی ...!

* * *



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

(25)

دوای كودەتاكــەی صــەدام جاشــەكان دڕندانــە لەچــەند قۆڵێكــەوە پــەلاماری ناوچــەكەیان داو ڕەحمیــان بەكــەس نــەدەكرد " زەبــر و زەنگیــان لەناوچــەی هەڵەبجــە زیــادی كــرد ، خــەڵكی جــەرگ ســووتاو دیمەنــەكانی مــەرگ ڕۆژانــە لەسەرچاوەی تراژیدیایــەكی خــەم و ناسۆریــەوە و دووبــارە دەبوونەوە ...!

میرزا زۆر تاقەتی چایخانەكەی نەمابوو بەزۆر خۆی بە كێش دەكرد ، شیرینیش خۆشی و شادی لاهەڵبزڕكابوو ، ئەوەندە چاوەڕێی مێردەكەی كردبوو مێشكی سوابوو و وەختەبوو تووشی نەخۆشیدەبوو... ! ئامینە زۆر تەقەلای بوو بچێتە لانەی هاوسەری و نەیدەزانی بۆچی ماڵی خاڵە سۆفی ئەوەنــدە دواكــەوتن ؟! بڕیاری‌ــدا لەگــەڵ خەرامانــدا باســی ئــەو مەســەلەیە بكاتــەوە و بزانێــت مــەحموود بــەنیازی چــییە ، هەرچــەندە لەمەحموود زیاتر دڵی بەكەسەوە نەبوو بەڵام نەشی دەویست بە زۆر خۆی ساغ بكاتەوە بەسەریدا و دەبوو مەحموود دەست پێشخەربێت ...

لەسەردانێكیدا بۆ ماڵی خاڵی ئەم باسەی لەگەڵ خەرامان باسكرد و وتی:

- خەرامان ... من و تۆ لەخوشك زیاترین بۆیەك... بەڕادەیەك تێكەڵ بــووین نهێنی‌یــەكانمان لای یــەك شــاراوەنییە ... حەزدەكــەم مەســەلەیەك هەیە لەگەڵ تۆدا باسی بكەم ...

خەرامانیش بەگرنگی‌یەوە گوێ بیستی بووبوو و بۆ زیاتر داكۆكی كردن لەسەر قسەكانی ئامینە وتی:

- وەڵلاهی ئامینە لەخوشك فەرزتریت بۆمن ...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئنجا خەریك بوو ئاماژە بەوە بكات چۆن یارمەتیداوە لە ڕزگار بوونی لەو پەیوەندییە گوماندارەی لەگەڵ ئەكرەمی عەلی بایزدا بەستبووی بەلاّم ئامینە هەر زوو وتی:

ـ خوشكم پێویست ناكات ئێمە دەستەخوشكین و لەیەك ڕەچەڵەك و خوێنین ... ئەوەشی دەمەوێت باسی بكەم نهێنییەك نییە تۆ ئاگاداری نەبیت ... بێگومان ئاگاداری من و مەحموودیت هەمووانیش كەم تا زۆر دەزانن بەو مەسەلەیە ... بەلاّم نازانم مەحموود بەنیازی چییە ... دەیەوێت بێتە پێشەوە یان نیازی گۆڕیوە و بەتەمای شتێكیترە ...؟!

خەرامان ئاگاداربوو مەحمود ماوەیەك لەمەوبەر سەبارەت بەو مەسەلەیە قسەی لەگەڵ باوكیدا كردبوو و ئەویش بارودۆخەكەی بەبیانوو گرتبووە و داوای لێكردبوو دوایبخات تاكاتێكیتر ...بۆیە بەڕوویەكی گەشەوە وتی:

ـ جا كێ دەڵێ كاكم باسی ئەو مەسەلەیەی نەكردووە ...؟!!

شادییەكی خەم ئامێز كەوتە دڵییەوە و ئامینە وتی:

ـ ئەی بۆچی دیارنەبوون ؟

ـ كچێ ئاخر باوكم ڕێگەی نەدا ... وتی جارێ با بارودۆخەكە ئارام ببێتەوە ... !

ئامینەش بەسەر سوڕمانەوە وتی:

ـ مەحموود نەقلّی ناوشاربووەتەوە و ئێمەش بەدەست داخوازیكارەوە هەراسان بووین ...!!

خەرامانیش بەگاڵتەوە وتی :

ـ بەلاّم دڵ هەر بۆ ئەوە ...

ئامینە ئاخێكی هەڵكێشاو وتی:



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ـ ئەگەر بزانم بەنیازە پرچی سپی بەدیاریەوە دەهۆنمەوە ... لەو زیاتر چاوم کەسی تر نابینێت...!

- بۆچی نازانم ... ئەویش بۆ تۆ هەروایە ... زۆرجار تۆبە نموونەی کچی ژیر و عاقڵ دەهێنێتەوە و هەمیشە کەباسی تۆش دەکات من و دایکم دەست دەکەین بە پێکەنین ... لەتەریقیدا سووردەبێتەوە و دەڵێ : ـ نازانم چیم وتووە جێگەی پێکەنین بێت ...!!

ئامینەش وتی :

ـ وش بمرم ... جا ئێوە بۆ ئاوا ئیحراجی دەکەن ...؟!! کچێ گوناهە...!!

- وازبێنە با خاڵی لاوازی بگرین و تۆزێك بچەوسێتەوە ...!

- کچێ گوناهە ... بەخوا بۆ هەموو لایەك دڵسۆزە ... کێ برای وای هەیە ...؟!!

- تۆ سەیری ئەم کچەکە ...ئای ...!!

ئنجا ئامینە باسی عادلی حەمە شارەزووری کرد و وتی:

ـ بەڕاست لەبیرم چوو ئەوەت پێ بڵێم خەرامان ... ئەو هەتیوەش چەند جارێك ناردوویەتیە داوام ...عادل ئەوەی خاڵە سۆفی گرت ... جاشە...

خەرامان ئەو باسەی بەکورتی بیستبوو ، بەلاَم زۆر تامەزرۆ بوو بەدرێژی بۆی بگێڕێتەوە بۆیە لێی پرسی:

ـ چەند جار هاتووەتە داوات ؟

ـ سێجار ، جارێکیش بێشەرمانە شوێنم کەوتبوو ، لەناوبازاڕدا و وتی: تۆ بۆچی ڕازی نابیت شووم پێبکەیت ...؟!

ـ ئەی وتت چی ؟



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ـ وتم ئەگەر پیاو نەمێنێت لەسەر ڕووی زەوی شوو بەتۆ ناکەم ...

ـ ئەی وتی چی ؟

ـ زۆر بیٚ ئەدەبانە جوابی دامەوە ، وتی: بە زۆریش بێت زەوتت دەکەم و دەبێت بۆ شەوێکیش بێت بتهێنم ...!

ـ زۆر بیٚئەدەبە ...

ـ لەوەزیاتریش خەریك بوو بەبەژن و بالاٌی مندا هەڵی دەدا و دەیوت : ئەو بالاٌیە حەیفە لەناز و نیعمەتدا نەبێت ... ئەو دەست و پەنجانە هەر لەپالٌ سەماوەردا دادەنێم چایم بۆ تیٚبکات ... خزمەتکارت بۆ دەگرم ...!

ـ ئەی چۆن ڕزگارت بوو لەدەستی ؟

ـ هەڕەشەم لێکرد و وتم هەموو عەشیرەتەکەمان تیٚ دەگەیەنم جارێکیتر بێیتە سەر ڕێم ...

ـ هەر ئەوەندە ؟

ـ لەتووڕەییدا یەك دوو جنێوو قسەی ساردو سووکم پیٚ وت و پشتم تێکرد و ئاوڕم لیٚنەدایەوە ...

ـ ئافەرین دەستت خۆش بێت ... بەخوا بەزمت پێگێڕاوە ...

ـ وام نەکردایە شووڵی لێهەڵدەکێشا و زیاتر پیٚی لیٚ دادەگرت ...

ـ ئەی هیچت لای کاکە میرزا باس نەکرد ؟

ـ نەوەڵلاٌ ... بەس تەنها لای دایکم باسم کرد ...

ـ وات لێکردم هەر ئەمشەو لەگەلٌ مەحموود قسەبکەم ... بزانم دەڵیٚ چی ...؟!

ـ ئەمەشی بۆ باس دەکەیت ؟

ـ مەجبورم باسی بکەم ...!

*   *   *



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

هەر ئەو شەوە خەرامان لەگەڵ مەحموودا هەمووشتێکی باسکرد و ئەویش خۆی پێڕانەگیرا و لەگەڵ باوکی بۆجاری دووەم مەسەلەکەی کردەوە ، باوکیشی سووکە قەناعەتێکی بۆ دروست بوو جارێ هەر دەست نیشانی بکات و لای خەڵك ئاشکرا ببێت دەستگیرانی یەکن ...

شەوی داهاتوو هەموو خانەوادەی سۆفی ساڵح چوون بۆ ماڵی میرزا و بەڕەسمی داوای ئامینەیان کرد بۆ مەحموود ، میرزاش پیاوێکی عاقڵ بوو ڕەوشتی بەرزی مەحموودی لەبەرچاوبوو ، هەمیشە ئاواتە خوازبوو کچەکەی بدات بە لاوێکی وەك مەحموود ... بۆیە بێ‌ئەوەی دوودڵی بنوێنێت ئامینەی دابە مەحمود ، بەڵام ئەویش وای پێباش بوو گواستنەوەی دوابخەن بەڵکو ئەرسەلان بگەڕێتەوە و بەشداری ئەو خۆشی‌یە بکات لەگەڵیان دا .

بەیانی‌یەکەشی دەرودراوسێ بەدەستنیشان کردنی ئامینەیان زانی و هەواڵەکە بەگەڕەکدا بلاوبویەوە و هەندێك پیرۆزبایی‌یان دەکرد و هەیش بوو حەسوودی پێدەبردن و چقڵی لەئیشەکەیانی‌دەدا بەقسە و تانە و تەشەر ...!

عادل حەمە شارەزووری یەکێك بوو لەوانەی بەم هەواڵە زۆر دڵتەنگ و قارس بوو ، لەدڵی خۆیدا دەیوت : ئەگەر من پیاوبم نایەڵم بەیەك بگەن...!

خەڵکی ناحەزیش زیاتر تیژیان دەکردەوە و ئەویش بەتەنها ئامینەی دەویست و هەرکات چاوی پێی بکەوتایە ئیتر بەبیروهۆشە نەخۆشەکەی دەکەوت بەسەر جەستەیدا و هەموو پەردەیەکی شەرم و حەیای هەڵدەگرت...!

زۆرجاریش سەری کۆڵانەکەی لێدەگرتن و ئەوەندە سەرە تاتکێی دەکرد ژنانی گەڕەك لەتاوا نەیان دەوێرا سەر دەربهێننە دەرەوە ،



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**ئامینەش لەوکاتانەدا لەحەوشەی ماڵەکەیاندا ئیشی نەدەکرد و ون دەبوو لەبەرچاوی برسێی عادل ...!**

**لەناخیشەوە لەم جاشە تۆقیبوو دەیوت : (( ناپاکە و کێدەڵێ دەستێك ناوەشێنێ بەرامبەر مەحموود ؟!! ) زۆر لێکی دەدایەوە و بەرچاویشی لەتاوا تاریك دەبوو ، داخڵ بەجیهانی تۆقاندن و زوڵم و ستەم دەبوو هەڵدەترووشکا و چارەیەکی وای بەدەستەوە نەدەبوو جگە لەوەی تا بۆی دەکرێت زوو پەلەبکات لەگواستنەوەیدا و دوایی بەو دڵەڕاوکەیە بهێنێت...!**



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بارودۆخی نێو سوپا جێگەی ڕەزامەندی صەدام نەبوو ، هێشتا کۆڵێ کێشە و گرفتی زۆر چاوەڕێیان دەکرد و پێویستی بە جورئەت هەبوو بۆ دەست پێشخەری لە پیلانەکانیدا و دوای عەبدولرەزاق سەرەی حەردان تکریتی و عەمماشە ، ئەوانیش بۆ خۆیان کەم نەبوون و جەماوەرێکیان هەبوو لەناو کادر و بەرپرسانی حیزبی بەعسدا ...!

لەولایشەوە ئەحمەد حەسەن خاوەنی ئیرادەیەکی لاواز بوو ،ئەو کەسەبوو صەدام دەیویست لەپۆستەکەیدا بمێنێتەوە تا کەش و بارەکە لەژێرەوە سازدەکات ئەوسا لابردنی ماندووبوونێکی وەهای ناوێت ...!

شەڕی پێشمەرگە و جاشەکان بەردەوام بوو ، لە زۆر جێگە جاشەکان شکستیان خواردبوو ، شەڕی پارتیزانی ڕۆڵێکی کاریگەری هەبوو لەسەر گۆڕەپانەکە و ڕژێمی کودەتا توانای نەبوو لەو سەرەتایەوە خۆی رابگرێت...! کێشە ناوخۆیی‌یەکانی بووبوون بە ڕێگر و کێشەی کورد کاتێکی دەویست تا بەهێواشی لەبەین ببرێت ...

رۆژێکیان صەدام لەگەڵ ئەحمەد حەسەندا کۆبوونەوەیەکی کرد و بەڕاشکاوانە وتی :

ـ چەند گرفتێکی تر لەسوپادا ڕووبەڕوومان دەبێتەوە و ناتوانین لەم قۆناغەدا شۆڕشی کورد دابمرکێنینەوە ... حەردان و عەمماش و چەندەها ئەفسەری نێو سوپا کاتی دوورخستنەوە و لەناوبردنیان هاتووە ...!

ئەحمەدیش وەك جاران چۆن دەستەوەستان دەما لەبەردەم صەدام دا ئاوەهای لێهاتەوە و وتی:

ـ چی بکەین ؟!!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەم پرسیارە ڕووی صەدام گەش بوویەوە و دڵنیابوو لەوەی بووە بە عەقڵی ئەحمەد و، بەبێئەو ناتوانێت دەست بەئاویشدا بکات ، بە چاوێکی ڕقاویەوە وتی:

ـ ئاشتی لەگەڵ شۆڕشی کوردبکەین لەم قۆناغەدا ... تابتوانین کێشە ناوخۆییەکان چارەسەر بکەین ...

ـــ ئەی ئەوانەی ڕێکەوتووین لەگەڵیان ... و دژی مەلا مستەفا دەجەنگن ...؟!

ـــ ئاسانە ئەوانیش لەگەڵ مەلا مستەفا ڕێك بکەون و دوایی بەخزمەتیان دەهێنین ...!!

رووکەشی ئەم قسانە لای ئەحمەد حەسەن قورس بوو بەڵام صەدام لەدیدێکیترەوە بۆ ئەو مەسەلانەی دەڕوانی و باکی نەبوو جاشەکان زویر دەبن یان نا ، ئەحمەد حەسەن خێرا وتی:

ـــ ئاخر ئێمە هاوڕێ و ئەڵقە لەگوێکانمان بەم کارە لەدەست دەدەین...!

صەدام متمانەی بەقسەکانی هەبوو ، وتی:

ـــ مەترسە ...! ئێمە خۆمان بگرین هەردوولایان لەناودەبەین و لەعێراقدا جگە لە حیزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی هیچ کۆمەڵ و تاقمێك مافی بوونی نابێت ... !!

ئەزموونی رابوردووی ئەحمەد حەسەن لەگەڵ صەدام متمانەیەکی تەواوی پێدابوو ، عەقڵێکی دڕندە و نەخشەوپیلانێکی خوێناوی هەبوو ، بۆیە وتی:

ـ کەی بکەوینە گفتوگۆ لەگەڵیان ...؟



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ــ نوێنــەرمان دەنێــرین بــۆ لای مــەلا مــستەفاو بــزانین چ وەڵامێکمــان دەدەنەوە ...؟!

ـ تۆبڵێی ڕازی بن ...؟!

ــ دڵنیابــە لــەوە ... کــورد ســاویلکە و خــۆش بــڕوان ... عــەرزی چــەند خاڵێك دەکەین لایان هەرگیز دوودڵ نەبن لەقبووڵ کردنی ...!

ـ وەك چی ...؟

ـ خوێندن بەکوردی ... ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان ...

ـ ئەی ئەوە خراپ نییە بۆ داهاتووی سیستەمەکەمان ...؟!

ــ نـا ... یاسـا و مـاف هـەمووی لەدەسـتی ئێمەدایـە ... بەشـێکی زۆر کـەمی دەخەینـە قـاڵبی عەمـەلی و باقی‌یەکـەی مەرەکەبـە لەسـەر کاغـەز و هەڵگیراوە لەدۆسیەدا ... !

نەخشە و پیلانی صەدام لەشوێنی خۆیدابوو ، سەرکردایەتی شۆڕش لەسەر ڕێکەوتن و ئاگر بەست قایل بوون ، بەڵام ڕاستەوخۆ ڕانەگەیەنرا و خــەڵکی بەســادە و ســاکاری بــۆ ڕێکەوتنەکــەیان دەڕوانــی دڵیــان پێ‌ــی خۆشـبوو ، کۆمـەڵێك دووربـین لـەنێو شۆڕشـدا بـەفێڵ و تەڵەکـەی بـەعس ئاشـنابوون ، ڕوون بـوو هـەرکات لاوازی ڕووی کردبێتـە ناویـان پـەنایان بردووەتـە بـەر ئاشـتی و گفتوگـۆ ، لەژێریـشەوە سـەدەها پیلانـی گـلاۆو گەندەڵیان داڕشتووە ...!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

جاشــەکانی ناوشــاری هەڵەبجــە زوڵــم و ســتەمێکی زۆریــان بەرامبــەر بەخــەڵکی دەکــرد ، عــادلی حەمــە شــارەزووری هەوڵیــدا بــەزوڵم و ســتەم ئامینە زەوت بکات ... چەند جارێك بەچەکدارەوە چوونە سەر ماڵی میرزا و هەڕەشــەی ئــەوەیان لێکــردن گــەر ئامینــە بــدەن بــە مــەحموود ئــەوا ســزاو غەشمی عادل دەبارێت بەسەریاندا ...!

میرزا هەوڵیدا خزم و کەس و کاری ژنەکەی حاڵی بکات و هـەر چۆنێك بێت سنوورێك بۆ ئەو هەڕەشە و گوڕەشانە دابنێن ... خـوا هـەڵناگرێ هـۆز و عەشیرەتی فاتم کۆبوونەوە و بڕیاریاندا بەرگری لەحـەیا و شـەرەفی مـیرزا بکەن تا دوا تنۆکی خوێنیان و دەست بەرداری نەبن ...!

چــەند کەســێکیش لەناوجاشــەکاندا هــەبوون و بــەڕووی عادلــدا هەڵشاخان ، یەکێك لەوانە وەیسی حەمە مارف بوو ، لە بنکـەی جاشـەکاندا رووبەرووی عادل بوویەوە وتی:

ـ ئێمە تەعەددای وەها قبووڵ ناکەین لەتۆ ...!

عـادلیش هەلپەرسـتێکی چڵکاوخۆر بـوو ، گـوێی نـەدەدا بـەو قسانە، وتی:

ـ جا چیم کردووە ، دەمەوێت شووم پێ بکات ...

ـ بابە ئەو شوو بەتۆ ناکات ، خۆ بەزۆر نییە ...

عادل تەوس گرتی و وتی :

ـ مەحموودی سۆفی چی لەمن زیاترە ...؟!

ـ ئەو مامۆستایە و مرۆڤێکی ڕۆشـنبیرە و کـچەکە ئـەوی دەوێـت...ئـیتر خۆ بەزۆر نییە ...؟!

ـ بەرەوەڵڵا ... بەزۆرە ...!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

وەیس تووڕەبوون دای لەکەللەی و وتی:

ـ تۆ ئەگەر پیاویت جارێکی تر بچۆرە سەرماڵی میرزا ، یان بتوانە ئەزیەتی مەحموود بدە ... باشە ...!!

کاتێ عادل تووڕەیی لەچاوەکانی وەیسدا بەدیکرد ئیتر پیشی خواردەوە و هیچی نەوت ...!

*    *    *

میرزا زۆر نیگەران بوو بەم تەنگ و چەڵەمەیە و قەناعەتی بۆ دروست بووبوو بەم زووانە ئامینە بچێتە ماڵ و مێردی و، ئیتر ماتەمینی و دڵەڕاوکێی هەموو لایەکیان بڕەوێتەوە ...

لەلایەکیشەوە دەترسا شایی و ئاهەنگیان لێ تێك بچێت و مەحموود تووشی گۆبەنێك ببێت بەدەستی ئەو جاشە خۆ فرۆشەی نەدین و نەڕێز و کەرامەتی هەیە ...

لەچایخانەکەی بەماتەمینیەوە دانیشتبوو ، خەڵکی ئامشۆ و ڕەوتیان دەکرد بەبەردەمیدا و هەریەك سەرقاڵی ئیش و کارێك بوون ... بەدەم داڵغەوە ڕۆیشتبوو لەناکاو گوێی لەدەنگێك بوو لە پشتەوە هات و تەماشای کرد وەیسی حەمە مارفە ... میرزا چارەی جاشەکانی نەدەویست ، بەڵام وەیس بەرژەوەندی و قەدەر ڕێی خستبووە نێوئەوان و تازە نەیدەتوانی هەروا بەئاسانی دەستیان لێ بەردا ... بەدەم سەلام کردنەوە کورسی‌یەکی هێنا و لەنزیکی میرزا دانیشت و وتی:

ـ خاڵە میرزا وەزعت چۆنە ؟

بەچاوێکی پڕ لەغەم و پەژارەو و ماتەمیذی‌یەوە وتی:



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ـ بۆچی ئێوە دەیەڵن خەڵکی بەسەلامەتی دابنیشێ ...؟! و جەرگ و ماڵ و حەیا و شەرەفی پارێزراوبێت ...؟!

ئەم قسەیە کاری کردە سەر وەیس و دەمێك بوو گیرۆدەی دەستی ویژدانی بووبوو ، بەزۆر لەخۆکردن بەرگری بۆکرا و وتی:

ــ بەخوا هەموومان وانین ... قەدەر ئەو حاڵەی بەسەرا هێناوین...ئەگینا من و ئەم حاڵە کوجا مەرحەبا ...!

میرزاش بێ باکانە وتی:

ــ جا کوڕم من حەقم چیە بەسەرتەوە... دەبیت بەجاش پیاو دەکوژیت ...! ڕاو و ڕووت دەکەیت ...وەك عادل تەماع دەکەیتە شەرەفی خەڵکی ... چیدەکەیت کەیفی خۆتە ...!

دیسان وەیس قێزی لەحاڵی خۆی بوویەوە و بەدەنگێکی نزم و قوڕگێکی پڕ لەگریانەوە وتی:

ــ بەخوا عادلم وا تەمێکردووە جارێکیتر نەوێرێ هەر بەپەرێزی ماڵەکەشتاندا هەڵبڕوانێت ... وانەزانیت بێدەنگ بووم لەو ڕەوشتە سووك و سەلیمەی ...

ئەم قسانە ئاهێکی هێنایەوە بەبەر میرزادا و وتی:

ـ خوابەزییەتی خۆتت لەگەڵدا بکات کوڕم ...!!

وەیس بەشانازییەوە درێژەی بەقسەکانیدا و وتی:

ــ کارێکی وام پێکردوە بڕواناکەیت ، بەخوا مانعم نەبوو وەك سەگ بیتۆپێنم و ساردی بکەمەوە ... ئێمە کەسی یەکین هەموو شتێك دەکەم بە قوربانی کەسایەتی ...!

غیرەت و هەست کردن بەکەسایەتی وەیس میرزای هەژاند و زیاتر رووی گەش بوویەوە بەرانبەر بەوەیس و وتی :



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ـ ڕەسەنایەتی خۆتە و ئەسڵ زادەی ...

ــ هەرچی‌یەکم پێبکرێت درێخی ناکەم و بەوپەڕی دڵسۆزی‌یەوە بەرگری دەکەم ...!

ئنجا هانی میرزای دا دەست بەکاربێت و گوێنەدات بەهەڕەشە و گوڕەشەی عادل و حسابیشی بۆ نەکات ...

قسەکانی وەیس تاڕادەیەك کاری لەمیرزاکرد و قەناعەتی بۆ دروست بوو بەوەی دڵسۆزە و بەڕاستی بەرگری لێکردوون و ئامادەشە قسەکانی بهێنێتەدی و بەکردار بیسەلمێنێت بۆیان ...! ئومێدی پەیداکرد و غەم و پەژارەی بەو چەند قسەیە ڕەواندەوە .

ئنجا میرزا وتی :

ــ دەبێت کەسایەتی لەسەروو هەموو شتێکی‌ترەوە بێت ... هیچ دەستەو تاقمێك وەفایان نی‌یە بۆ کەس و تا سەر پاڵپشتی ئەندامانیان ناکەن ... هەر کە پێت لاربوویەوە لێت دەخوێنن و خراپەت دەدەنە پاڵ... بۆشیان بکرێت لەسووچێکەوە ساردت دەکەنەوە ...!!

ـ وەڵڵاهی راستدەکەی قسەی جەنابتە ... منیش دەزانم بەلام وەك عەرزم کردیت ناتوانم هەروا بەئاسانی دەستبەرداریان ببم و دەترسم تووشی بەلایەکم بکەن و سەرم تیا بەرن ...!

میرزا کورسی‌یەکەی ژێری جوولاند و پاڵی دایەوە و وتی:

ـ بەعاقلانە ... دەبێت زۆر بەووردی خۆت دابڕی لێیان ... ئەوانە گورگن ... وەفایان نی‌یە ... ئامان ...!!

پاشان وەیس ڕوخسەتی خواست و میرزاش بەلەخۆبوونەوە ئەمجارە هەستا لەبەری و خواحافیزی لێکرد ...

*          *          *



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## ( 28 )

تازە خەریك بوو شەو دادەهات و تاریكایی لەپەرێزی چیاكانی دەوری هەڵەبجەوە دەهاتن بەسەر شاردا ... شنروێ لەسەرووی شار و لەوبەریشەوە زنجیرە چیاكانی هەورامان قەڵای مەحكەم و پەرژینی جوانی دەوری شاربوون ...

شەوانی سێشەممان لەمزگەوتی (جامع)ە لەكانی عاشقان ئەربابی تەصەووف كۆدەبوونەوە سەرگەرمی كۆڕی زیكر و تەهلیلە و عیرفانیات دەبوون ... سۆفی ساڵح هەمیشە لەدەوری ئەو كۆڕانە دەگەڕا و لەوكاتەوە لەسەردەستی خەلیفەی شێخدا تەریقەتی وەرگرتبوو ، دوانەدەكەوت لەكۆڕی زیكر و گەر میوانێكی ئازیزیشی ببوایە هەر ڕووخسەتی لێدەخواستن و دڵی ئۆقرەی نەدەگرت لەكیسی بچێت ...

لەدەرگای خوارووی مزگەوتەوە سۆفی خۆیكرد بەژووردا و بانگ بێژی مزگەوت تازە خەریك بوو بانگی خەوتنانی دەدا و سۆفیيەكانیش پەیتا پەیتا بەسیمایەكی نوورانی جوانەوە ڕوویان دەكردە مزگەوت و هەمووشیان ئامادەبوون بۆ جێبەجێكردنی مەراسیمی دوای نوێژ و ئەو مەراسیمەش بووبوو بە ڕوكنێكی گرنگی ژیانیان ...!!

هەر دوابەدوای نوێژ شێخ لەمیحرابەكەیدا بە چۆكداهات و سەری كزكرد ، سۆفیەكانیش هەموو لەدەوری ئەڵقەیان بەست ... ئەڵقەی زیكر بەهێواشی كەوتە گەڕ وبە (سبحان الله) و(استغفرالله) كۆڕ گەرم بوو ...

سەرەتا كەس هەڵنەستا یە سەرپێ ، شێخ بەهێواشی وتی:

ــ بیر لەمردن بكەنەوە ... بێدەنگ بووبوون و چرایەك بەكزی لەمزگەوتەكەدا دەسووتا و جگە لەدەنگی شێخ ورتە نەدەبیسترا... ئەو دەنگەش بە هێواشی و نزمی لەزاری دەهاتە دەرەوە و بەشێكی نهێنی و



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

کاریگەریشی دەگەڕایەوە بۆ نزمی و کزییەکەی ، سۆفی‌یەکان چاویان توووند نوقاندبوو بەچۆکدا هاتبوون و واهەستیان دەکرد لەسەرەمەرگدان و فریشتەی ڕۆح کێشان بەسەریانەوە حازرە ...!

مەجلیسەکە تا دەهات زیاتر گەرم دەبوو ، سۆفی‌یەکان دەچوونە حاڵی بێئاگایی و بەرەو قیامەت هەنگاویان دەنا ...

شێخ هەناوجار دەیوت : (تفکروا في الموت) ...! بیر لەمردن بکەنەوە...وامردوویت و بەرەو گۆڕی تاك و تەنها دەبرێیت ...کوا ماڵ...؟ کوا منداڵ ...؟ کوا سوڵتان دەستەلاٚت...؟! هەمووی تیاچوو...بڕایەوە... دەڵێی هەر نەت دیوە و نەژیاویت لەم دنیایەدا ...!!

ئەم جۆرە بینشانە زەمینەی ساز دەکرد لەسەر نەفسیان و زیاتر ئامادەی دەکردن بۆ مردن ... لەدنیاشی دەکردن و هەموو پەت و پەیوەندییەکی دنیایان دەبچڕاند و گیان ڕۆڵێکی وای نەدەما و ڕۆح بالاٚدەست دەبوو ، جموجووڵەکانیش ڕۆح پێی هەڵدەستا ... دەچووە نێوگۆڕ وێنەی ژیانی ئەوێی دەگواستەوە ... لەتەنهایی و بەرەنگاربوونەوەی بەرپرسیاریەتی لەسەر ئیرادەی ڕەخسێنراوی ژیانی دنیا و چەوتی ڕەفتار و هەڵسوکەوتی مرۆڤ ...!!

ئنجا ڕۆح بەدەم سزاو ئەشکەنجەی گۆڕەوە دەینالاٚند ، ئامادەبووانیش یەکپارچە دەستیان دەکرد بەگریان و شیوەن کردن... لێرەدا سۆفی‌یەکان بۆ دەلاقەیەك دەگەڕان و هیچ تروسکایی‌یەکیان بەدی نەدەکرد جگە لە سۆز و ڕەحمی خوایی... ئیتر بەدەم ئەو سۆز و ڕەحمەوە بێئاگادەبوون لەناخۆشی‌یەکانی گۆڕ و (حی الله حی الله ) یان دەکرد ...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

یەکپارچە جەستەیان دەهاتە لەرزە و بیروهۆشیان ئالوودەی پاکێتی زاتی خوادەبوو ، لەناکاو بەدەنگی زولاڵی ( اللە اکبر) و (هو الباقی) بەئاگادەهاتنەوە و ئەوجا هەڵدەستان و گەرم دەبوون و ملیان بادەدا و (حی ، حی ) یان دەکرد ... !

سۆفی ساڵح لەم کۆڕەدا گەشەی دەکرد و خۆشی و لەزەتی دابڕان لەژیانی دنیا جەستەی داگیردەکرد ، سۆفی قادر و براخاسی سەی عارفیش کە هاوڕێی گیانی بەگیانی و کۆڕی زیکر بوون بەهەمان شێوەی سۆفی هەمیشە لەپێشەوە بوون و دوانەدەکەوتن لەمەراسیمەکانی تەزکیە و پاك بوونەوە ...!

ئەو شەوەش هەرسێکیان ئامادەی کۆڕەکە بوون ، شێخ دوای تەواو بوونی مەراسیمی زیکر و دوایی هاتن بە هەڵچوون و داچوونی سۆفیەکان بانگی سۆفی و هەردوو هاوەڵەکەی کردە لاوە و پێی وتن :

ـ چەند قسەیەکم هەیە دەمەوێت بۆتانی بکەم ...

خۆشحاڵی و شادی بەسەر ڕوویاندا دیاری‌دا و " دوای کۆڕی زیکر شێخ ڕووبکاتە ئەوان بێگومان خێر و بەرەکەت هاتووە بەپیریانەوە " بۆیە بەپەرۆشەوە لەحضوری شێخدا بەچۆکدا هاتن و بێدەنگ بوون ...

شێخ کەمێك بێدەنگ بوو چاوی شۆڕکردبوویەوە و ئنجا وتی:

ـ دەمێکە دەمەوێت ئامۆژگاری هەرسێکتان بکەم لەنزیکەوە بەدەر لە سۆفیەکانی‌تر و ئەرکی خەلیفایەتی بخەمە ئەستۆتان ...

ئنجا چاوی بڕیە هەریەکەیان بەجیا و وتی :

ـ جانازانم تا چ ڕادەیەك ئامادەن ...؟!

یەکسەر سۆفی ئەوەی بیر کەوتەوە چۆن لە گوندەکەیان بۆیەکەمجار خەلیفەی شێخ هاتووە و ڕاو ڕاوێنی کردووە بەدوایدا تا تەسلیم بووە و



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەملکەچی هێناویەتییە خزمەتی شێخ ... ئەوکارەی یەکەمجار سۆفی ساڵح رقی لێی بووەتەوە بە زۆر و زۆرداری هاتووەتە پێش چاو ، کەچی دوایی وەك ڕەحمەت و دەروازە لێکردنەوەی لێهاتووە ... !

هەریەك لە سۆفی قادر و براخاسیش ئەزموونێکی تایبەتییان هەبوو ، هەر کات ئەو ئەرکەیان بیر دەکەوتەوە لەشیان دادەهێزران و دەیانزانی قورس و گرانە ، بەلاَم لەدیدێکیترەوە بوون بە خەلیفەی شێخ ...یانی بەدەست هێنانی پلەو مەرتەبەیەکی گەورە و هەروا بەئاسانی دەست کەس نەدەکەوت ...!!

بێدەنگی ڕوویکردە هەرسێکیان و شێخ لەو قەیرانە دەری هێنان و وتی:

ـ هەریەکەتان بۆ لایەك دەنێرم و بەناوی منەوە تەریقەتی خەڵکی دا بدەن ... هەرچیەکیشیان پێدان ئەوا موڵکی خانەقایە و بەئەمانەتەوە بیگەیەننە دەستمان ...!!

ئنجا شێخ بۆ هەریەکەیان ناوچەیەکی دیاریکرد لەدەوری هەڵەبجە و ئەوانیش بەردەوام بێدەنگ بووبوون ... ئەم هەڵوێستەش نیشانەی ئەدەب و تەسلیم بوونی موردیدەکان بوو بەشێخ و نەبوونی ئیرادەیەکی سەربەخۆ لەئانای ئەو زاتە موبارەك و پیرۆزەدا ، بۆیە لەژیانیاندا گوێڕایەڵی بۆ شێخ روکنێکی گرنگ بوو و بەبێ پرس دەستیان بەئاویش دا نەدەکرد ...!!

بەم پێیە شێخ گشت گیانی سۆفییەکانی کۆنترۆڵ کردبوو ، مەسەلەی ژن هێنان و ژن خواستنیش دەبوو بەڕەزامەندی شێخ بێت ... بۆ نموونە چەند جارێك داواکاری خەرامانی کچی سۆفی ساڵح هاتبوو "



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**ئەویش کاتێك پرسی بەشێخ کردبوو عەرقەلەی تێخستبوو دڵی سۆفی لەسەر داخوازکارانی کچەکەی ساردکردبوویەوە ...!**

**شەو درەنگانێك سۆفی گەڕایەوە ماڵ و رابطـەی دەست پێکرد و بەنیازی ئەوەی لەخەودا بگات بەدیداری شێخی گەورە و چووە سەر جێگەکەی ... مەحموود ئەم سۆفی گەرای‌یەی باوکی لاپەسەند نەبوو ، لاوێك بوو هەموو فیکرە و ئایدیایەکی لەسەر بنچینەی فکرێکی کراوە و بیرێکی ئازاد هەڵدەبژارد ، سەرەتا زۆرجار لەگەڵ باوکیدا هەوڵیدابوو ، بەلاّم کاتێ بۆی‌دەرکەوتبوو گفتوگۆ بێ‌کەڵکە کۆڵی دابوو و لەبیریدا سەلمابوو هەرگیز ئەو مەسەلانە باس نەکات و ڕێگەش نەدات باوکی بیورووژێنێت و ڕای لەسەر کۆبکاتەوە .**

**هەروەها سۆفی عادەتی بوو هەر ڕووداوێك لە مزگەوت ڕووی بدایە بۆ منداڵەکانی دەگێڕایەوە و بەشانازی‌یەوە باسی‌دەکرد ... ئەمجارەش وەك جارەکانی پێشوو پێش رابیطـە خۆی نەگرت دەستی‌کرد بەگێڕانەوەی ڕووداوەکانی کۆڕی زیکر و ئەوەشی باسکرد شێخ هەڵیبژاردووە بۆ خەلافەت و بەم زووانە بەرەو گوندەکانی ناوچەی نەورۆڵی دەڕوات تا بەناوی شێخەوە تەریقەتی خەڵکی دابدات ...!!**

**سەکینە زۆر بەپەرۆش بوو بۆ قسەکانی مێردەکەی و بە سەرسامی‌یەوە گوێی بۆ دەگرت ، خەرامانیش جار بەجارێك بەباشی دڵی پابەند دەکرد بەو زانیاریانەی باوکی‌یەوە و هەر کە نیاز و ئارەزووەکانی مایە پووچ دەبوون حەماس و سەرسامی لاوازدەبوون و گوێی نەدەدا بەقسە و باسەکانی باوکی ...!!**

**لەگۆشەیەکی تری ماڵەکەدا مەحموود بەتەنها خەریکی خوێندنەوەبوو، گرفتەکانی ئامینەیان بۆ باس کردبوو ، هەندێك جار**



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

خـەیاڵی دەڕۆیـشت لەسـەر خوێندنەوەکـە و خـەریك دەبـوو بەدڵنـەوایی ئامینە و سەرزەنشی خۆیەوە...!!

هەرچـەند دەکۆشـا یەکلانەدەبوویـەوە بـەلای خوێندنەوەکـەدا و دڵەڕاوکە و نیگەرانی لەسەر دڵـی نەدەڕەوینـەوە ، سـەرقاڵی بە مامۆستایی و هاوکـاریکردنی ڕێکخـستنەکانی ناوشـاریش بەشـێك بـوو لـەو ئـیش وکارانەی مەحموود و هەریەك بەپێی خۆی کاتێکیان لێگرتبوو ...

دوێنـێ شـەو تـا نیـوە شـەو مابوویـەوە لەگـەڵ هاوەڵـەکانی و فـەرمان و ڕێنمایـیـەکانی سـەرکردایەتییان تـاوتویکردبوو کەلەسـەر ئاشـتی هاتبوون، بڕیاربوو چالاکییەکانی زیـاتر بکـەن لـەڕووی هۆشـیارکردنەوەی خـەڵك و ڕێکخـستنیان لەریزەکانـدا ، بـەڵام هـەر لەودانیـشتنەدا مـەحموود تووشی دەنگە دەنگ بووبوو لەگـەڵ سـەرۆك شـانەکەی لەسـەر بیرتەسکی و کورت بینی ئەوان ، لەنەفسیدا پیشی دەخواردەوە ودەیوت : ئای حیـزب چ قــەیرانێك بــۆ مــرۆڤ دروســت دەکــەیت ...؟! گوێڕایــەڵی کوێرانــە و جێبەجێکردنی بێ مشت و مڕیان دەوێت ، باسی وادەکەن بە پێوانـەکانی عەقڵ مەزەنە ناکرێت مەگەر بەرژەوەندی تەسکی حیزبایەتی ...!!

گرفتــی مــەحمود ئــەوەبوو نابێــت ســەرکردایەتی شــۆڕش بەتــەنها بیروبۆچوونی فەرزبکات و دەبێت حساب بۆ ئەندامانی خـوارەوە و کـادرانی عەمەلەی مەیدانەکەش بکات ...! لەدڵیـشەوە ڕەفتـاری بەرپرسـەکانی بـەدڵ نـەبوو ...بەتـەنهاش لێـبڕان و دڵـسۆزی خـواڕەحمی مـامی هێـشتبوویەوە ، ئـەگینا لـەقاڵبی حیزبـدا جێگـەی نەدەبوویـەوە و زۆر فـراوانتر لـە شـۆڕش و حیزبەکەی بیری دەکردەوە ...!!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**مانەوەشی لەڕیزەکانی شۆڕشدا بە قۆناغێکی کاتی دادەنا و دەبێت ڕۆژێك لەڕۆژان بێتە پێش ئاراستەیەکی دی بگرێتە بەر و لە ڕەوتی ئەو بۆچوونانە بترازێت ...!**

**ئێستەش گرفتی سەرەکیی ئامینەیە " چۆن بەیەك بگەن و خەونەکانیان بەرجەستە بکەن ...؟!**

**هەرکاتیش بیری لەعادل دەکردەوە مووی لاشەی گرژ دەبوو خۆی پێڕانەدەگیرا و دانی جیڕدەکردەوە و مشتی دەنووقاند و لەچاوەکانشیدا ڕق وقین بەدی دەکران ...**



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com





PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**ڕێكەوتنی نێوان ڕژێم و شۆڕش ڕانەگەیەنرابوو بەشێوەیەكی ڕەسمی ، شـەوێك لـەبیارەوە مەفرەزەیـەكی پێـشمەرگە هـاتن بـەرەو هەڵەبجـە و جاشـەكانی سـەر بـەرژێم كەوتبوونـە قـەیرانێكی سـەخت و دووفاقـەوە ، دەمێك لای میللەت مۆركی خیانەتیان پیانرابوو ، دەمێكیش لای شۆڕش و بەهیچ شتێك ئارەقی خەجاڵەتی و شەرمەزارییان بۆ نەدەسڕا ...**

**لەحاڵـەتێكی نائاسـایی‌دا دەژیـان و هەمیـشە بۆسـەیان لـەدەوری شـار دادەنا و زۆرجار خەڵكی بێ‌تاوان و ڕێبواری ئەو گوندانـەیان دەخستە بـەر ڕێژنـەی تەقـە و هەنـدێك جـاریش دەیـان گـرتن و تۆمـەتیان بـۆ دروسـت دەكردن ...!**

**ئـەو مەفرەزەیـەش تـەنها بـۆ بەسـەركردنەوەی ناوچـەكە و سـەردان هاتبوون ، بیستبوویان جەولەیەكی نوێی گفتوگۆ بەڕێوەیە و بارودۆخی ناوچەكە ئاسایی دەبێت .... بۆیە گوێیان نەدا بە مەترسی‌یەكانی ڕێگە و پێش ئیعلانی ئاگر بەست هاتن بەرەو هەڵەبجە ...**

**ئەرسـەلان ئـەمجارە پرسـی نـەكرد بـەخاڵی و سـەربەخۆ لەگـەڵ مەفرەزەكەدا لەعەنەبەوە بەرەو شاردابەزین و هەریەك خەیاڵێكی دەكرد ، هەمووش بەهیوابوون بەڵكو چەند ڕۆژێك لەناو كەسوكاردا بەرنە سەر ... بیری ئەرسەلان جەم بووبوویەوە لەسەر ساواكەی ، نەیدیبوو ، شكڵ و سیمای دەمووچاوی بۆ دادەتاشی و هەمیشە دەیوت : تۆ بڵێی چۆن بێت ؟! لەمن دەچێت یان لەدایكی ... ئنجا ئاهێكی پڕ لەحەسرەتی دووری و كوڵ بەكوڵی بە بەردا دەهات و دەیوت: بەڵكو تا ئەو گەورە دەبێت كوردسـتان ئازادبكرێـت و خـەڵكی بـەئارامی و ئاسایـشەوە ژیـان بەرنەسەر...!!**



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بـەدەم ئـەم خەياڵانـەوە دەهاتنـە خـوارەوە و، لەپڕێکـدا دەنگـی تەقـە پەیـدابوو ، وویـزەی فیـشەك بەناویانـدا هـات و وەك ئـاو پرژانـدن کـەوت بەسـەریاندا و ، هـەر ئەوەنـدەیان پێکـرا پشتاوپـشت گەڕانـەوە ... بـەڵام دووان لەمەفرەزەکــە دەســتبەجێ لەجێــدا ســاردبوونەوە و نــەیانتوانی پێهــەڵبگرن و هــیچ جووڵەیــەك بکــەن ... هەرچــەندبانگیان کــردن وەڵام نەبوو... هاوەڵەکانیان لەترسی گیانی خۆیان تا بۆیان کرا هەڵهاتن و ئەو دووانەیان بەجێهێشت ...!!

جاشەکانیش وەك نێچیریان بەدەست کەوتبێ خێرا گەیشتنە سەریان و ئەم دیواودیویان کردن ، تەماشایان کرد هەردووکیان گیانیان سپاردووە و مردوون ...!

لەوشـوێنەدا دایـان پۆشـین و نایلۆنێکیـان دابەسـەریاندا و هــەردوو تەرمەکە لەژێر ڕۆشنایی مانگدا بەجێمان ...

* * *

سپێدەی بەرەبەیان تازە هەڵهاتبوو ، هەواڵی کوشتنی دوو پێشمەرگە لە عەنەب شاری هەژاند و هەرکەسێك یەکێکی پێشمەرگە بوایە ئەوا ترسی لێدەنیشت و دەکەوتە سۆراخ و پرسیار لەسەر کوژراوەکان ...

مـیرزا سـلێمان لەچـایخانەکەی دانیـشتبوو ، کـاتێ ئـەو مقۆمقۆیـە پەیدابوو ، وەیسی حەمە مارف هەر زوو زانیبووی یەکێك لەو کوژراوانە ئەرســەلانە...، کــاتێ دوای تــەق و تۆقەکــە چووبوونەســەر تەرمــەکان تەماشــایکردبوو ناســیبوویەوە ... زۆر غــەم و پــەژارە دایگرتبــوو ... ڕوویکـردە چـایخانەکەی مـیرزا و نەیدەویـست هـەرگیز هـەواڵێکی ئـاوا



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەمیرزا ڕابگەیەنێت ... زۆریش دەترسا لەوەی جاشەکان جەستەکەی عەیبداربکەن و وابزانن خەڵکی هەڵەبجە نییە و بەناوشاردا بیگێڕن ...!!

سڵاویکرد و لەنزیك میرزاوە دانیشت ... میرزاش لەوساتەوە وەیس پشتگیری لێکردبوو خۆشەویستی بۆ پەیدابووبوو ، هەستی بە دڵنەوایی و جۆرێك لەپشتگیری دەکرد ، بەگەرمی هەستا لەبەری و ، بانگی ئەحمەدی کرد چاییەك بۆ وەیس بهێنێت ...

هێشتا چاییەکەیان بۆ نەهێنابوو دەنگە دەنگ پەیدابوو لەوپەڕی بازاڕدا و دیاردەی گرژی و ئاڵۆزی زیاتر بوو ...

میرزا بەهێواشی لەوەیس نزیك بوویەوە و وتی:

ـ ئەم شەو مەفرەزەیەکی پێشمەرگە کەوتوونەتە کەمینی جاشەکانەوە دووانیان شەهید بوون ...

ڕەنگی وەیس هەڵبزڕکا و ترسا نەبادا میرزا سەبارەت بەپێشمەرگەکان بپرسێ ... ئەوسا هەرچۆنێك وەڵامی بداتەوە ئەوا قەباعەتەو زیاتر مەسەلەکە دەشێوێنێت ....

ئنجا میرزا بەدەم ئاخ و داخ هەڵکێشانەوە وتی :

ـ خوا دەزانێت کوڕی چ داماوێکن ...!!

بەردەوام وەیس خۆی گێل دەکرد و واقی وڕمابوو ، پەشۆکاویی و بێزاری بەدەم و چاویدا ئاشکراو دیاربوون ، بیروهۆشی دەگوشی و ویستی بەدەستەواژەیەك دووراو دوور ئاماژە بکات بەوەی ئەرسەلان کوژراوە و تازووە جەستەکەی بهێننەوە و باجاشەکان سووکایەتی پێنەکەن... میرزاش هیچ کێشەی نەبوو هەرگیز بیری بەلای ئەوەدانەدەچوو کوڕەکەی لەبیارەوە بێت بەرەو هەڵەبجە و لەناو ئەو هەموو پێشمەرگەیەدا ئەو تیابچێت ... !!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ناچار وەیس ڕێگەیەکی دیکەی گرتەبەر لەگەڵیدا و وتی :

ـ میرزا دەنگ و باسی ئەرسەلان ...؟!

ـ لەسایەی سەری تۆوە شوکر باشە ...

وەیس چاوەکانی دوو سێجار بەیەکدا ترووکاند و ئەوجا وتی:

ـ تۆ بڵێی لەگەڵ ئەو مەفرەزەیەدا نەبووبێت ...؟!!

هەست و نەستی میرزا تەزوویەکی پێداهات بەجارێ حاڵی پەشۆکا و، چۆن بیری لەشتێکی وانەکردووەتەوە و بێباکانە لەچایخانەکەی دانیشتووە و دەڵێی هیچ ڕووی نەداوە و تەواو پشتی لێکردووەتەوە ... ساتێك بێدەنگ بوو ، ڕۆچووبوو لەبیرکردنەوەدا و خەیاڵی جۆراو جۆر دەهاتن بەمێشکیدا ، لەپڕ بەهۆش هاتەوە و دەستبەجێ هەستایە سەرپێ و وتی:

ــ وەڵڵاهی بیرم لەوەنەکردووەتەوە و باشبوو قسەت کرد ... با سۆراخێکی ئەو کوژراوانە بکەین ... تۆ بڵێی کێبن و خەڵکی چ مەملەکەتێ بن ...؟! نا...نا... بەخوا بڕواناکەم ئەرسەلان لەگەڵ ئەو مەفرەزەیەدابێت ... ئەی خواڕەحم ...؟!

وەیس بۆ ئاسانکردنی موسیبەتەکەی وتی :

ــ ئەگەر حەزدەکەیت من و تۆ و سۆفی دەچینە سەر تەرمی دوو پێشمەرگەکە و دەتوانم بتانهێنمەوە ....

ناوی سۆفی ساڵحی بۆیە برد تا لای میرزا ئاسایی بێت و گومان و دوو دڵی بۆ دروست نەبێت ، کاتێکیش بۆی دەرکەوت یەکێك لە کوژراوەکان ئەرسەلانە ئەوا سۆفی پیاوێکی دیندارە و ژن براشیەتی لەگەڵیدابێت باشترە ...!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەلاّم میرزا پیاوێکی دنیادیدەبوو ، لەدڵەوە گومانی بۆ دروست بوو ، سەرەتا زۆر گوێ بیستی وەسوەسەکانی ناو دڵ نەبوو ، دواتر سووربوونی وەیس زیاتر دڵیان کرمیَ کرد و بەدەم گومانەوە چوون بەشوێن سۆفیدا و هەرسێکیان بەجێبەکەی وەیس بەرەو عەنەب کەوتنە ڕێ ...

هەرکە نزیك بوونەوە لە تەرمەکان عادلی حەمە شارەزووری لەسەرووبانەوە وەستابوو ، بێئەوەی هیچ کەس ورتەی لێوەبێت ، بەدەنگێکی بەرز وتی:

ـ وا باوکی یەکێکیان هات ...!!

میرزا دڵی داخورپا و بەهێواشی لەگەڵ سۆفیدا لەتەرمەکان نزیك بوونەوە ... لایلۆنی سەرمەیتەکانی جوولاّند و یەکسەر چاوی کەوت بەئەرسەلان وەك خەوی لێکەوتبێت ئاوابوو ... دەم وچاوەسپییەکەی شوێنەواری چەند فیشەکێکی پێوەبوو ... جلەتازەکانیشی کەوا ماوەی مانگێك دەبوو بۆیان ناردبوو خەڵتانی خوێن بوو ... میرزا بەبینینی ڕۆڵە تاقانەکەی کە بێناز کەوتووە و بەناحەق بەدەستی ئەو جاشە خائین و ناپاکانە شەهید بووە ... حەپەساو لەگریان زیاتر هیچی بۆ نەکرا و سەری گێژی خوارد و بیروهۆشی لەگەورەیی ئەندازەی موسیبەتەکە ڕامابوو... سۆفی زۆر بەکوڵ دەگریا و هەر ئەرسەلان...ئەرسەلانیبوو...جەستەی میرزاش یەك تەختە ڕەق بووبوو هەر لەسەروو رووی ئەرسەلان ورد دەبوویەوە و لەناکاو ئەو حەپەساوییەی بەریدا و کزەی جەرگ سووتان ڕووی تێکرد و هاواریکرد:



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ـ باوکه ڕۆ... ڕۆڵه ڕۆ ...ماڵم کاول بوو ... جەرگم سووتا ... توخوا خەڵکینه ... ئەرسەلانم ڕۆ ...

هەندێك لەجاشەکان بەزەییان بەحاڵیدا هاتەوه و دڵنەواییان کرد ، ئەویش بەشێوەیەکی توند جامی تووڕەیی و غەزەب و تۆڵەی ڕشت بەسەریاندا و وتی:

ـ جاشه ناپاکەکان ... ئەی کورد کوژان ... !دەستتان هەڵنەگرت تا کوڕەکەمتان کوشت ... !! دەك خوا ئێوەش بەکۆی زوخاوبکات ...!

دووان ویستیان لەسەر ئەوقسانه تەمێی بکەن ، بەلاّم وەیس ڕاپەڕی و وتی:

ـ ئەوەی لێی نزیك ببێتەوه وەك سەگ دەیتۆپێنم ...!! کابرا جەرگی بڕاوه و کوڕەکەی کوژراوه هێشتا ئێوه مەغدوورن ...؟!!

ئنجا تەرمەکەی ئەرسەلانیان هەڵگرت و تازه خاوەنی تەرمەکەی هاوەڵیشی گەیشتەجێ و شیوەن و گریان تازەبوویەوه و ئەرسەلانیان خسته پشتی جێبەکه و هێنایانەوه بۆ هەڵەبجه...

بردیانه مزگەوتی پاشا و هەر زووش هەواڵەکه بەناوشاردا بلاّوبوویەوه و خانەوادەی میرزا کەوتن بەسەر کۆست و شیوەن و ڕۆڵه ڕۆدا ...!

هەریەك لەئەندامانی خێزانەکەی میرزا بڕوایان نەدەکرد ئەرسەلان کوژرابێت ، شیرین نەیدەپەرژایه سەر منداڵه ساواکەی و ئەوەندەی کێشابوو بەسەریدا چەند جارێك لەهۆش خۆی چووبوو ... ژنانیش هەر ئەوەندەیان بۆ دەکرا چنگی لەقژو سەری بکەنەوه و بەئامان و دامان بۆیان دابین نەدەکرا و هەموو دەموچاویشی ڕنیبوو ... ! خوێن و فرمێسك



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

تێکــەڵ بووبــوون و قورســیی موســیبەتەکە تــەواو رەنــگ و بــۆی هەڵبزرکاندبوون ...!

ئامینـە و دایکیـشی بەهـەمان شـێوەی شـیرینیان لێهـاتبوو ... دەمێـك ئـەمیان دەبووراپـەوە و دەمێـك ئـەویان ... ژنـانیش دەسـتیان دەگـرتن و هەمیشە دەیان وت: (( توخوا گوناهباری مەکەن ... وازبێـنن ... تـازە ئـەو شەهید بوو ... ئێوە گوناهباری مەکەن ... )).

نـازداری خوشـکە بـچکۆلانەش تـازە پێدەگەیـشت و تاوێـك دەگریـا و تاوێکیش بێدەنگ دەبوو تەماشای ئەوانی دەکرد و بەووردی لێیان وورد دەبوویەوە ... !

*　　*　　*

سێ ڕۆژی پرسەکە گوزەرا و خەڵکی وردە وردە دەوریان چۆڵکردن و ڕووداوەکـەش بـوو بەنیـشانە و ڕەمـزی ماتـەمینی بۆیـان و هـەموو ڕۆژێکـی هــەینی بەکۆمــەڵ دەچــوونە گۆڕســتان و لەســەر گۆڕەکــەی داخــی دڵ و شەهیدبوونیان بەلاواندنەوە هەڵدەڕشت ، شیرین و ئامینە و دایکـی خۆیـان دەخست بەسەر گۆڕەکەیدا و بەقوربان و بەساقەی دەبوون ... !

بـەهۆی ڕەقـی مامەڵـەی دنیـا و سـووك و نزمـی لای شـیرین سـووربوو لەسـەر ئـەوەی کـچەکەی ناوبنێـت ڕۆژگـار ،ئەوناوەش دەلالـەتێکی گـەورەی هەبوو لەدڵیدا و ، بێئەوەی کەس باسی بکات خۆی پەی پێ بردبوو ، لـەو نـاوەدا رۆژگـار و ئـاڵ و والأبـوونی دەخوێنـدەوە و هـەمووجارێکیش تونـد ڕۆژگاری لەباوەش دەگرت و دەیوت :

ـ ئاخ ڕۆژگار ... سەد ئاخ ... !!




PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەفرمێسك غەم و پەژارەی مێردەكەی دەردەبڕی و هەموو هیواو ئاواتێكی دابوو بە ڕۆژگاری كچی و تاكە دیارییەكی ئەرسەلانیش بۆ هەموویان جگە لەو یادگاریانەی نێوانیان ڕۆژگار بوو ...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com





PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دەنگ و باسی ئاشتی نێوان شۆڕش و ڕژێم پەرەی سەند و خەڵکی بەمەسەلەی کاتی‌یان دادەناو لەزاری یەکترەوە ئاڵ ووێڵیان پێدەکرد و لەم کۆڕو ئەو دانیشتندا باسیان دەکرد ...

ڕێکخستنی ناوشار بڕیاری‌دا ڕێپێوانێکی ئاشتی بەرپابکات و بەهێمنی لەناوشاردا تەعبیر بکات لەو ئاشتی‌یە و ڕێ‌خۆشکەرێکیش بێت بۆ ڕەواندنەوەی مۆتەکەی جاش و بەکرێ‌گیراوان ...

دەستەیەك لەمامۆستای نێو ڕێکخستنەکە سەرپەرشتی خۆپیشاندانەکەیان دەکرد و بە دروشم و هوتاف لەسەرەوە دەستیان پێکرد و لەناکاو جاشەکان دەستیان کرد بەتەقەو گوللەباران کردنی ئەو جەماوەرەی بەشداری‌یان کردبوو لەخۆپیشاندانەکەدا ...

مەحموود یەکێك بوو لەوانەی لەڕیزی پێشەوەی خۆپیشاندانەکەدا بەشداری دەکرد و چەند دەستەیەکی ڕێکخستنەکەی لە دەوربوو ، کاتێ دەنگی گوللە و تەقە بیسترا هەموو بڵاوەیان لێکرد و هەریەك بەلایەکدا هەڵهاتن و لەژێر ویزەی فیشەکدا ڕایان کرد ... یەك دوو فیشەك دای بەبەرڕێی مەحمووددا و لەتاوا سەری کێشای بە دیوارێکدا و هەر چۆنێك بوو لەپشتی مزگەوتی پاشاوە سەرکەوت و بەهەناسە بڕکێ گەیشتە بەرماڵی میرزا سلێمان ، بێ ئەوەی لەدەرگا بدات خۆی‌کرد بەژوورا ... ئامینە لەحەوشەکەدا حاجەتی دەشت و فاتمی دایکیشی لەگەڵ شیرین دالەژوورەوە بوون ...

هیچ کات مەحموودی بەوشێوەیە نەدیی بوو ، خوێنەکەی سەر و دەموچاوی سەرسامیان کرد و ترسێکی زۆری لێنیشت و خێرا بەرەو ڕووی مەحمود رایکرد بێ‌ئەوەی ئاگای لەخۆبێت دەستی خستە سەر



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

نێوچـاوانی و برینــەکانی بـۆ سـڕی و هەوڵیـدا هێمنــی بکاتــەوە ... زۆر بەسۆز و پەرۆشەوە تەداوی زامەکانی کرد و جار لەدوای جاریش دەیوت :

- هیچ نییە مەترسە ...!

مەحموودیش لەکاریگەری ڕووداوەکەدا حەپەسابوو دەی پرسی :

- گوللەیە ... گوللەیە ...؟

لــــەم قــــسەوباسەدابوون شــــیرین و فـــاتمیش هـــاتن و دەوری مەحموودیانــداو بینیــان لەبەردەسـتی ئامینــەدا پاڵکــەوتووەو ، ئــەویش تــەداوی دەکــاتو بــۆ یەکــەمجاریش بــوو ئەوەنــدە لەنزیکــەوە دەسـتی خڕوســپی ئامینــە بــەر ناوچــەوانی زامــدار و خوێنــاوی مــەحموود بکەوێت...

لەدڵیشەوە خۆی بەفیدای دەکردو هەزار دوعا لـەزاری دەهاتنە دەرەوە بەرامبــەر ئــەو جاشــە ناپاکانــەی ئاوایــان کــرد بــوو لەدەزگیرانــە خۆشەویستەکەی ...!

زۆری نـەبرد مـەحموود خـوێنی ناوچـەوانی گیرسـایەوە و هەسـتایە سەرپێ و وتی:

- واباشە بڕۆم ...

ئامینە و پووریشی دەوریـان داو بە سەرسامیەوە زۆر لێی پاڕانەوە بمێنێتەوە تا ئەو هەرایە دەکوژێتەوە ... بەڵام قسەکانیان بێ سوود بوو ، مــەحموود دەیویــست هەرچــۆنێك بێــت بگاتــە بیــارە و لەنزیکــەوە ئــەو ڕووداوانـەیان بـۆ بـاس بکـات ... بـەڵکو سـۆراخی هاوەڵەکانیـشی دەسـت بکـەوێت و بزانێـت چـیان بەسـەر هـاتووە ، بـەدەم قـسەکردنەوە لـەماڵی مــیرزا هاتــە دەرەوە و هێــزی ڕاکێــشەر و خۆشەویــستی ئامینــەش کەمەندکێشی کردبوو ، چەند جارێك بەبیریدا هات نەڕوات ... چاوەگەش و جوانـەکانی ئامینـە فرمێسکیان تێزابوو ، گەردنـە ئاڵ و بەرزەکەشـی کـە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لەبلوورینی سپی دەچوو نیگەرانی پێوە دیاربوو ، سۆمای چاوەکانیشی بەردیان دەکرد بەئاو و سەدەها مانای خۆشەویستیان هەڵگرتبوو ... دەترسا و تۆقابوو لەوەی مەرگ یەخە بەدڵدارەکەشی بگرێت و هاوتای برا جوانەمەرگەکەی ببێت ...

بەدڵێکی گوشراو و غەمگینەوە مەحموود دەرگای ماڵی ئامینەی کردەوە و بەبن پاسارو گوێسەبانەکاندا بەفسکە فسك ڕۆیشت تاگەیشتە دەرەوەی شار بۆ عەنەب و، لەوێشەوە بەرەو بیارە ڕۆیی و لەبنکەیەکی تایبەت دا لەگەڵ پێشمەرگەکان کۆبوویەوە و ڕووداوە خوێناوییەکانی ئەو ڕۆژەی پێگەیاندن و پێشتریش تاك و تەرا گەیشتبوونە بیارە و برینداریشیان هەبوو ...

شەوێك مەحموود لەبیارە مایەوە و بەپێی ئەو ڕێکەوتنەی نێوان شۆڕش و ڕژێم بۆ ڕۆژی دوایی لقێکی پێشمەرگە بەیاوەری جاشەکان داخڵ بەشاربوون و هەر لەجێگە و شوێنێی ڕووداوەکانی دوێنێدا جاشەکان بوون بەپاڵەوانی مەیدان و دەت وت نەبایان دیوە نە بۆران ...!! دەستیان لەباڵی پێشمەرگە توندکرد و شایی و لۆغان گیراو دەهۆڵ لێدرا و بەگەرمی هەڵپەڕکێ و سێپێیی بەسترا ... !!

مەحمووديش لەگەڵیان گەڕایەوە نێوشار و سەرسام بوو بەو دیمەنانە و ئەوانەی تا دوێنێ تەقەیان لێدەکردن و خەریکی خۆفرۆشی و جاشایەتی بوون ئەمرۆ بەپاڵەوان و تێکۆشەر نمایش دەکران و سەرۆکایەتی پێشمەرگەیان دەکرد ... !

*        *        *



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بارەگا و لقەکانی پێشمەرگە لەو بەروارە بەدواوە بەئاشکرا کرایەوە لەناوشاردا و ڕۆژانە خەریکی دەهۆڵ کوتان و هەڵپەڕکێ بوو ، مەحمود دڵی ساردبووبوویەوە لەبەشداری کردن لەگەڵ هاوەڵەکانی و پاش یەك دومانگ پەیوەندی بچڕاند و سەربەخۆیەکی تایبەتی وەرگرت لەژیاندا و لەنزیکەوە ڕەچاوی ڕووداوەکانی دەکرد ...

خواڕەحمیش گەرابوویەوە ماڵی سۆفی و زۆر نیگەران و مەلوول بوو ، ناچاریش بوو چالاکییەکانی درێژە پێبدات و پێشوازی لەوخەڵکە بکات کە بۆ سەردانی دەهاتن ..

لەو ڕۆژانەشدابوو میرزا و سۆفی ڕێکەوتن لەسەر گواستنەوەی ئامینە بۆ مەحمود و دوایی هێنان بەوماتەمینی و پرسەیەی هاتبوو بەسەریاندا... بەلاّم شایی و بەزم و هەرایان نەگێڕا و بەیادییەك زوو ئامینە بەیاوەری خەرامان و چەند خزمێکیان گواسترایەوە...

غەم و پەژارەی مەرگی کتوپڕی ئەرسەلان هەموویانی سەرسام کردبوو، چاریشیان نەبوو ، قەدەرێکی خوایی بوو ، دەبوو ئارام بگرن لەسەری ... ڕۆیشتنی ئامینە لەماڵی میرزا کۆستی ڕۆڵەی جوانەمەرگی تازە کردنەوە و غەمباریدابارییەوە بەسەریاندا و شیوەن و گریان سەر لەنوێ دروست بوویەوە ...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# بەشی دووەم



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

(1)

شـار هێوربووبوویـەوە و جموجـوولْ بەئاسـایی گوزارشـت دەكـرا ، مـەفرەزەكانی پێـشمەرگە دەسـتە دەسـتە ڕوویـان دەكـردە نێوشـار و لـەبارەگاكانیان لایـان دەداو وەك حـوكمڕانێكی هەڵەبجـە هەڵـسوكەوتیان دەكرد...

خـەڵكیش ئـاهێكی بەبـەردا هاتبوویـەوە و ناوچـەكە جموجـووڵی ئـاوەدانی و بازرگـانی ڕووی تێكردبوویـەوە و تاڕادەیـەكی بـاش بووژابوویەوە ...

گوندەكانی دەوروبەریش ڕزگاریان بووبوو لەشەڕی جاش و پێشمەرگە و ئاسـەوارەكانی " هەریـەك بەشـێوەیەكی ئاسـایی كاروبـاری ڕۆژانـەی ڕادەپەڕانـد و فـشار و ئـاڵۆزیی بـارودۆخ تـەواو ڕەوابوویـەوە ... تاكـە جموجووڵێـك جێگـەی نیگـەرانی و شـڵەقاندنی ئـەوبارەبوو حیزبـی شیوعیبوو " كە بەپەنهانی لەوسالآنەدا بەدەر لەشۆڕشی كورد سەنگەریان لەگـەڵ بەعـسدا یـەك خـستبوو ، بارەگاكانیـان هاوچەشـنی مۆڵگـە و بارەگاكانی بەعس بوو لەناوچەكەدا ...!!

ئەكرەمی عەلی بایز كەلەڕیزی شیوعیەكاندا بوو بەهیچ كلۆجێك دابین نەدەبوو ، تازە بیستبووی خەرامان دەست نیشان كراوە بۆ بەكری حاجی سـەیفە " بـەكریش یـەكێك بـوو لەپێـشمەرگەكانی شـۆڕش و دوای ئـەوەی لەسـەردانێكیدا بـۆ مـاڵی سـۆفی سـاڵح خـەرامانی دیبـوو ، هـەردوای ئـەوە ژنـانی ناردبوویـە داخـوازی و ئـەوانیش بەڕاوێـژكردن لەگـەڵ خـواڕەحم و مـیرزا ڕەزامەنـدییان دەربڕیبـوو لەسـەر ئـەو لاوە و كـچەكەیان لیٚمـارە بڕیبوو...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

هەرچـــەند ئـــەکرەم هـــەوڵی دەدا و دەکۆشـــا بارەکـــەی بـــۆ یـــەکلا نەدەبوویەوە و لەئاستی خواڕەحم و بەکردا هیچی پێ نەدەکرا ، کاتێکیش بـیری لـەوە دەکـردەوە خـەرامان هـەڵبگرێت ئـەو ڕاسـتییە لەبەرچـاوی بەرجەستە دەبوو کە خەرامان وەهای لێهاتووە هەر وەلامیشی ناداتەوە " بگرە ئەو جارانەی ڕێگەی پێگرتووە قیژاندوویەتی و خەریك بووە گەڕەك یا بازاڕ بهێنێتە سەری ...!!

چەند جارێك بیری لەهەڕەشە و زەبری چەك کردەوە بەلام زوو ئەو بیرەی دەرکرد لەمێشکی خۆیدا " چونکە ئەوانیش چەکدارن و لەوانەیە مەسەلەکە بەخراپ بشکێتەوە بەسەریا " بەتایبەت گلۆڵەی حیزبەکەی ڕوو لە لێژیە و خەڵکی کوردستان حسابیان بۆ ناکەن ...!

لەبارەگاکـەیان بەبێزارییـەوە پـاڵی دابـوو بـە دیوارەکـەوە و بـەدەم خـــەیاڵی جـــۆراو جـــۆرەوە هۆشـــی بەســـەر دەوروبـــەرەوە نـــەمابوو ، هاوەڵەکانیشی هەریەك گیرۆدەی دەستی کێشە و تەنگ و چەڵەمەی خۆیان بوون و سەرقاڵی قسەو گفتوگۆبوون ...

لەناکاو بەدەنگی گفتوگۆی دوو هاوڕێی بەئاگاهاتەوە یەکێکیان بەوی تری دەوت :

ـــ لەئامانجـەکانمان دروسـت کردنـی کۆمەڵگایەکـە تیایـدا چـینی چەوسـاوە بتوانێـت لـەژێرباری زوڵـم و سـتەمی سـەرمایەداریدا ڕزگـاری ببێت...!

هاوڕێکەشی دەیوت :

ـ ئامانجێکی زۆر بەرزە ، بەلام ئاخ ... ئەو خەڵکە دەرکیان پێبکردایە و بیانزانیایە ئێمە چەند دڵسۆزین بۆیان ... !



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ــ کـوره زیـاد لـەوەش ئێمـە دەمانـەوێت خـەڵکی لەهـەموو شـتێکدا هاوبـەش بـن ، لـەخواردن و مـاڵ و سـەروەت ، تەنانـەت لەپەیوەندییـە جنسیەکانیشیاندا ...

ــ ئای ... کەی بێت وەك ڕووسیامان لێ بێت ... ئەو عادەت و داب و نەریتانەی هەیە بەیەکجار فڕێ بدرێن و ئالأی سوور شەکاوە بێت بەسەر ئەم ولأتەدا ...!

ــ مادام بڕوامـان بـەداهاتنی ئـەو ڕۆژە هەیـە ئـەوا هـەردێت ، با ئـەو خەڵکەش دژوار و سەرکەش بن لەگەڵ بیروبۆچوونەکانمان ...!!

ـ ئای ئەو خەڵکە کوشتەی دەستی داب و نەریتی کۆنەپەرستین ...!

ــ هـاوڕێ جـا چـیمان نـەکراوە ، ئێمـە بـۆ خۆمـان هـەموو ڕێـو ڕەسمەکانیمارکـسییەت جێبەجێدەکـەین و چـاویان دەربێـت ... بالـە دواکەوتوویی خۆیاندا بتلێنەوە ...!!

ئنجا هـەردووکیان دایانـە قاقای پێکـەنین و ئـەکرەمیش پەستی زیاتر دایگرت و لەتاوا هەستایە سەرپێ و چووە دەرەوە ...

لەحەوشـەی بارەگاکـەش دوو دوو سێـسێ وەسـتابوون بەیەکـەوەو لەگەرمـەی قـسەوباسدابوون ، شـنۆ و بـەهاری خوشـکی ئـەکرەم لەگـەڵ لاوێکدا لەسووچێکی حەوشەکەدا ڕاوەستابوون و خۆش خۆش پێدەکەنین و دەشنانەوە ...

هات بەبیریدا لەبەهار مۆڕببێتەوە و بینێرێتەوە بۆ ماڵەوە ، بەلأم ترسا لەوەی بەکۆنە پەرست و دواکەوتووی لەقەڵەم بدەن ، غەم و پەژارە دایگـرت و زیـاتر نیگـەران بـوو لەسـەر حـاڵی دڵدارییـە شکـست خواردووەکـەی و تازەش حیزبەکەی پەیوەندی لەگەڵ حکومەتدا پەیداکردبوو ...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لـەو بارەگایـەدا و بـەئامادەبوونی هاوڕێکـانی لـەکوڕ و کـچ هـیچ دڵـی نەدەکرایـەوە ، دەیویـست بـەو سـاتانەی سـەرگەرمی مـەی خـواردن و دەسبازی دەبێـت لەگـەڵ کـچان دڵخـۆش بێـت ، کەچـی بەشکست و دۆڕاو وێنەی خۆی نمایش دەکرد و هەستێکی قووڵی پڕ لـەتاڵی و ناسۆری باڵی کێشابوو بەسـەریدا ، هەرچـەند زۆری دەکـرد لـەخۆی گـشت دەلاقەیـەکی شادی بەڕوویدا داخرابوون و نمەی شادی لەبەری هەڵگیرابوو ...

بـەهاری خوشکیـشی بەتیلـەی چـاو تەماشـای دەکـرد و کاریگـەری شووکردنی خـەرامانی لەسـەر براکـەی بـۆ دەرکـەوتبوو ، دوێنـی شـەو هـەر لەماڵەکـەدا هـاتبوو چـووبوو ، لەسـەر جێگـەش خـۆی بـۆ ڕانـەگیرابوو ، هەڵبەتـە ئـەم حاڵـە ڕووبکاتـە بیرمەنـدی خێزانەکـەیان جێگـەی نیگـەرانی هەموویانە و نابێت لاواز و کز و زەبوون ببێت ...!؟ بۆیـە بـەدەم پێکـەنین و زەردەخەنەوە دەستی شنۆی گرت و وتی:

ـــ هاوڕێیـــەکمان لەقەیرانێکدایـــە و بەتـــەنها تۆدەتـــوانی فریـــای بکەویت...؟!

شنۆش بە سەرسامی‌یەوە پرسی :

ـ کێیە ... " من ...!!؟

بەچەشنێکی جانانە بەهار هەردوو ئەبرۆی هێنایەوە یەك و وتی:

ـ ئەو کچە سۆفیلکەیەی لەبیر بەرەوە ... !

ئنجا شنۆ لەمەبەستی بەهار تێگەیشت و پرسی :

ـ چۆن ... ؟!

ـ ئاسانە ... هـەر ئەوەنـدەی ئامێزێکی پڕلەسۆز و خۆشەویستیت بۆ والآکـرد ، ئـیتر ئـەویش خـۆی ڕاناگرێـت ... لـەکوێ سـوکنایی و سـۆز و خۆشەویستی بەدی بکات لەوێ دەواری دڵ دەدات ...!!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ـ ئای ... چ مامۆستایەکی لەو مەسەلانەدا ...!؟

ــ وانەبیت ژیان تام و چێژی تێدانییە ...دڵداری ...ئازادی ... بەدڵی خۆت چیت بوێت ئەوەنەکەیت ، ئەوا دەبیت بەکۆیلەی داب و نەریتی کۆنەپەرستی ...!!

ـ ئاخر ئێمە لەکۆمەڵگەیەکدا دەژین ناتوانین بەیەکجار واز لە هەموو داب و نەریتەکان بهێنین ...

ــ بۆ ناتوانین ...؟ ئەگەر ئێمە هەڵگری فکرێکی مارکسی بین ئەوا دەبێت بەعەمەلی گشت پرانسیپەکانی ئەو فکرە جێبەجێ بکەین ... باشە من پرسیارێك لەتۆ دەکەم " پێش ئەوەی ببیت بەهەڵگری ئایدیای مارکسی ژیانت هەمووی کۆت وبەند نەبوو ؟ لەچوارچێوەی دیوارێکی پۆلاینی دواکەوتوودا نەدەژیایت ؟

ـ من وانازانم هیچ کات کۆیلە بووبم ، یان بەوشێوەی تۆ دەیڵێیت ئازادیم لێزەوتکرابێت " ئێمە وەك خانەوادەی خۆمان هەردەم بەئازادی و رێزەوە ژیاوین و هەمیشە پیاوەکانمان پلەورێزی تایبەتیان بۆ داناوین...

ــ باشە تۆ دەتوانیت بەئاشکرا بڵێیت من پەیوەندیم هەیە بەو کورەوە... و شەوانە لای یەك دەمێنینەوە ...؟

شنۆ یەکەمجاری بوو شتی واببیستێت و ئەو خۆشەویستی و دڵدارییەشی لەدوای دەگەڕا تەنها بۆ بنیاتنانی لانەی هاوسەرداری بوو نەك شەوباخەڵ گەرم کردنی کوڕان و سووك کردنی ڕەوشتی ، بۆیە تووڕەیی گرتی و وتی:

ــ بۆچی تۆ بڕوات بەوە هەیە گەر هاوەڵێکت هەبێت ئاوابکەیت بەبەرچاوی ئەکرەمی براتەوە ؟!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ــ نـاتوانم بەڕێـژەی لەسـەدا سـەد بڵـێم دەتـوانم ، بـەڵام تاڕادەیـەك ئازادیمـان وەرگرتـووە و دەتـوانین بێـشەرم و دامـان پەیوەندییـەکانمان بـۆ کەس وکارمان باس بکەین ...

ـ من هەرگیز لەگەڵ ئەو جۆرە پەیوەندییانەدا نیم ...

بـەهار خـەمی بـوو ئەوکـچەی ماوەیـەك بـوو کێـشیان کردبـوو بـۆ نێـو ڕیزەکانیان پەشیمان ببێتەوە و پشتیان تێبکات ، بۆیە بەخێرایی ویستی ڕابوورێ بەسەر ئەو باسانەدا و وتی:

ــ کچێ تۆ واز بێنـە لەو قسەوباسانە ... بابچینە سەر مەسەلەکەی پێشوومان ... وتت چی ؟

شنۆش بیری لەدووڕیانێکی فرەرێدا جێمابوو، مێشکی هەژابوو بەو مەسەلانە و پێشتر وا حاڵی نەبووبوو، کەمێك بێدەنگ بوو دواتر وتی :

ـ کام مەسەلە ؟!

ـ باسی ئەکرەمی برام ؟ !

لاشەی داهێزارو لەمەبەستی گەیشت کە دۆستایەتی و دەست پێگـەرم کردنەوەیە و ، گەرم و گوڕی سەرەتای نەما بۆی و بەساردییەوە وتی:

ـ جارێ بابمێنێت ، بیرێکی لێدەکەمەوە ...

بـەهاریش وای بـەباش زانـی فـشاری نەخاتـە سـەر و گفتوگـۆی ئـەو ڕۆژەی نێوانیان بەسەرەتایەك دەهاتە ڕوو و بەزەردەخەنەیەکی پڕ لەماناوە وتی:

ــ باشە ... بیری لێبکەرەوە و فەرامۆشی مەکە ...

هــەر لەوکاتەشــدابوو نــازەنین و شــەوبۆی هاوەڵیــان هــاتن و ، کۆڕومەجلیـسیان زیـاتر گـەرم بـوو بـەباس و خواسـەوە یـەك دووپیـاویش لەگەڵیان وەستابوون و حەزیان بەتێکەڵی کچ وکاڵ دەکرد ، لەسووچێکدا



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەغەمبارىيـەوە ئـەكرەم هاتوچـۆى دەكـرد و دڵـى بـەخۆى دەسـووتا و هەوڵىـدەدا خـەرامان لـەبيربكات ، مێـشكى خـۆى دەگوشـى و لەنەفـسيدا ديمـەنى دواكـەوتوويى و لادێيـى دەكـرد بەبەريـدا و لۆمـە و سەرزەنـشتى نەفسى دەكرد لەسەر پابەنـد بوون بەوكيـژە سۆفيلكە تەبعـەوە ، بەڵام دڵـى ڕێگـەى نـەدەدا و بـەدەم بێدەسـەڵاتى و لاوازىيـەوە زيـاتر توڕەبـوون دەيگـرت و لەكۆتايىـدا سـەرى گێـژى دەخـوارد و چـاوى بـەرايى نـەدەهات خەرامان شووبكات بە يەكێكىتر ... !



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

( 2 )

لەوکاتەوە مەحموود ئامینەی گواستبوویەوە هەر لە خانووەکەی ماڵی باوکیدا چەند ژوورێکیان زیادکردبوو بەیەکەوە دەژیان و زۆرجاریش تانیوەشەو لای مامە خوارەحمی دەمایەوە و دەمەتەقێ و گفتوگۆی گەرمیان لەسەر مەسەلەی کورد دەکرد ، هەمیشە مەحموود لەنگەری باسەکانی بەئاراستەیەکدا دەبرد لای ئامادەبووان و تارادەیەك ماميشی جێگەی پەسەندبوون نەبوو ...

شەوێك لەوشەوانە چەند میوانێکیان هەبوو ، مەجلیسی قسەیان گەرم بوو لەسەر ئاشتی لەگەڵ حکومەت و بێزاربوون لەو سێ ساڵ و نیوەی گفتوگۆو دانیشتنی نێوان هەردوولا ...

مەجلیسەکە تادەهات زیاتر تاوی دەسەند ، ڕووداوی مەلاکانیش جێگەی باس و خواس و نیگەرانی هەموولایەك بوو ، چۆن ئاوا بەعس پیلان دەگێڕێت و دەیەوێت مەلا مستەفا لەناوبەرێت ؟، ڕزگاربوونیشی یەکێك بوو لەو خالآنەی ئیمان و باوەڕی زیاتر دەکردن بەکەسایەتی مەلامستەفا و کێشەی‌گەلی گورد لەگەڵ ڕژێمدا ...

مەحموودیش لەسۆنگەیەکی جیاوازەوە بۆ ئەو مەسەلانەی دەڕوانی ، لەهەمان کاتیشدا تا بۆی بکرایە لەحوزووری میوانەکانی مامی‌دا ورتەی لێوەنەدەهات و ڕێزی دڵگەرمی و سۆزداری ئەوخەڵکەی دەگرت بۆ مەسەلەی کورد و دیدو بۆچوونەکانی لەناخیا حەشاردابوو ... مەسەلەی کورد لای هەموو کوردێك گەیبووە ئاستێکی جیهانی و هێزێکی زۆری پێشمەرگەش مۆڵ بوون لەشار و شارۆچکەکانی کوردستان...

بەلآم درێژبوونەوەی وادەی ڕێکەوتنی سەرتاسەری جێگەی هەزارپرسیار و ئەگەری جۆراو جۆربوو ، ئەو ماوە زۆر و پان و بەرینە بۆ



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئاشتی و جیٚبەجیٚکردنی ڕێکەوتنەکەی 11ی ئازار بۆ ...؟! نە حکومەت دەنگ دەکات و نە سەرکردایەتی شۆڕشیش ... بەلاٚم حکومەت مەنگە و وارەچاو دەکریٚت چەکمە وهێزەکانی یەك خستبێتەوە و لەبەردەم هەنگاوێکی کتوپڕدابێت...

باس وخواسی مەجلیس تادەهات زیاتر تاوی دەسەند ، لەناکاو یەکێك لەمیوانەکان کەناوی جافر بوو وتی:

ــ کاك خوارەحم ، ئەم چەند ساڵەی گفتوگۆش وادیارە یەکێکە لەچاوبەست و فریوەکانی حکومەت ... ئەنا چیکراوە لەم ماوەیەدا جگە لە شتانێکی ڕووکەش زیاتر...؟!!

خوارەحم تەزوویەك هات بەجەستەیدا و سەری قورس بوو ، پاساوی درێژبوونەوەی گفتوگۆی بۆ نەدەدرایەوە و لەلای خوارووی مەجلیسەکەشەوە مەحموود دانیشتبوو هەر ئەو دەرکی بەحاڵی مامی دەکرد و ئیحراج بوونی بەرجەستە بوو لە بەرچاویدا ، خوارەحمیش ناچاربوو گەلیٚ پاساو بهێنێتەوە بالە دڵیشەوە بڕوای پیٚنەبێت ، بۆیە دوای ماوەیەك بیٚدەنگی وتی:

ــ کاك جافر ... ڕێکەوتنی شۆڕش و حکومەت هەروا ئاسان نییە و پێویستی بەماوەیەکی زۆر هەیە تا متمانە بەیەك بکریٚت و زامەکانی ڕابوردوو سارێژ ببێتەوە ...

جافر زیاتر مەسەلەکەی قووڵ کردەوە و وتی:

ــ قوربان مافی کورد دیارە ... داواکارییەکانمان لەمێژە خستۆتە بەر دیدی حکومەت و هەر دەسەلاٚتێك لەبەغداد پۆستی بەڕێوەبردنی گرتبێتە دەست بەچاوی خۆی ئەو داواکارییانەی بینیوە و دواتر خۆی لیٚ گێل کردووە ... !



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

خـواڕەحم لـە ڕووی بەرپرسـیاریەتییەوە قـسەی دەكـرد و لەناخیـشەوە هەسـتی بـە بێـزاری و نـاڕوونی مەسـەلەكە دەكـرد و قـسەكانی دەگلّمانـد و دەیجوییەوە و هیچ شتێكی لا ڕوون نەبوو ...!

بۆ چەند ساتێك بێدەنگ بوو ، دواتر بەبێزاری و وەڕس بوونەوە وتی:

ـ ئـاخر ئێمـە دەبێـت پابەنـدبین بـەبڕیاری سـەركردایەتی و شـۆڕشـەوە ، بێگومـان ئـەم گفتوگۆیـەش لەبەرژەوەنـدی نەتەوەكـەمان نابێـت گـەر ڕێگـە بدەین بەخۆمان ڕەخنە لەكارێكی ئاوها گەورە بگرین ...!

پاشـان قسەوباسـی تـر زۆركـراو لەدوایـیدا یەكـە یەكـە خواحافیزیـیان كرد و بەتەنها مەحموود و خواڕەحم مانەوە ، سۆفیش لەژوورەكـەی خۆیـدا بـەدەم زیكـر و رابیطـەوە خـەریك بـوو ، مـەحموود سـەیرێكی مـامی كـرد و نیـــشانەكانی بێـــزاری و وەڕس بـــوون لەچـــاوەكانیدا دیاریـــان دابـــوو ... هەریـــەك لـــەو تێڕوانینانـــەی مـــەحموود واتایـــەكی ســـەیری هـــەڵگرتبوو ، خواڕەحم بەدڵێكی گوشراوەوە وتـی :

ـ هـا مـەحموود ... تـۆ چـیت لەهەگبەكەتـدا بـۆ دانـاوین ...!؟ بڵـێ بزانم...!!

ئەویش زەردەخەنەیەك هاتە سـەر لێوەكـانی و زۆر سـادە وەلامـی مـامی دایەوە وتی:

ـ مامە گیان ... نامەوێت زیاتر بارەكە قورس بكـەم لەسـەرت و وابـزانم بەجێت بێڵم تۆزێك پشوو بدەیت باشترە ...!!

خواڕەحم ئۆقرەی نەدەگرت و ویژدان و هەستی نێو دەروونـی پـەنگیان خواردبوویـەوە و ، هەسـت كـردن بـە دووكەسـایەتی جیـاواز و دژوار تیایـدا خولقابوو ، بەزوبانی شۆڕش بدوێ دەبێت پیرۆزبایی لەرێكـەوتنی تـوولانی و بـێ دەرەنجـام بكـات ، بـەزوبانی ڕەخنـەش بـدوێت ئـەوا هـەر زوو ئـەو



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

خەڵکـەی دەوری تـەفرو تونـا دەکـات و دەکەوێتـە بـەر شـالأوی دەزگـا ئەمنییەکانی شۆڕش و بەتۆمەتێك لەناوی دەبەن ...!!

ئـای لـەچ قەیرانێکدایـە و بـەدەم کـام گرفتـەوە بـچێت ...؟! دەردی تـەنهایی و بێ ژنیش لـەولاوە بوەسـتێ ، تەمـەن چـەند سـاڵێکە و وانیـوەی بـەرەو ژووری بـردە سـەر ، ئابـەو چەشـنە و ئـەو کوردایەتییەشـی ڕەچـاوی کردبوو زوو بگات بەئەنجام درێژبوویـەوە و خـوا دەزانێت چ کاتێك دەگـەن بەومافانە و شەڕو شۆڕ دوایی دێت یان نا ؟!!

حەزی نەکرد مەحموود بەجێی بهێڵێت و بـەدەنگێکی نـزم ونوسـاوەوە وتی:

ـ حەزدەکەم بەیەکەوە دانیشین ...

مـەحموود خـەریك بـوو بڵـێ لەخزمەتـدام ، خـوارەحم دەسـت پێـشخەری کرد و وتی:

ــ تـۆ لەهـەموو کـەس بـۆ مـن نـزیکتری و زیـاتر هەسـت بەوقـەیران و ئاسـتەنگانەی مـن دەکـەیت ...! زۆر دڵتـەنگم ، بەڕاسـتی مانـدوو بێـزارم...ئـەو قـسانەی بـۆ جـافر و میوانـەکانیترم کـرد هـەمووی بەڕێکردنیان بوو ، ئەگینا ئەم حاڵەی تێی کـەوتووین نەشـەڕ و نەئاشـتی کـات بـەفیڕۆدان زیـاتر هیـچی دیکـە نییـە ، نیـازی حکومـەتی مەرکـەزی ئاشـکرایە و سێ سـاڵ ونیـوە دەسـتی دەسـتیمان پـێ دەکـات ... نـازانین لەهەڵگبەکەیدا چی بۆ هەڵگرتووین... ! نازانم بڵێم چی ... ؟

وێـڕای ئـەو هـەموو مانـدووبوون و قوربـانی دانـەش شـۆڕش گـیرۆدەی دەستی بەرپرسی نادروست و دز و جەردەیـە و ڕیـزی پێشمەرگە و جـاش بە ئەستەم لەیەك جیادەکرێنەوە...!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئنجا خـواڕەحم هەناسـەیەکی هەڵکێـشا و، مـەحموودیش بـەهێمنی وشێوازەکەی خۆیەوە وتی:

ـ ژیـان زۆر سـەختە لـەژێر فشارێکی دەروونـی ئـاوادا ... مـن سـەرەتا خەریك بوو دەکەوتمـە هـەمان حاڵـەت و دوو جۆرەکەسایەتی دژ و جیاوازم بـۆ وەبـەردەهات ، خێـرا فریاکـەوتم ... خـۆم کڕیـیـەوە و بڕیـارێکی زۆر بوێرانەم دا... وازم هێنا لەو کەناڵە...

خەریك بوو بڵێ تۆش سەرزەنشتت کردم ، بـەلاّم فریـای خـۆی کـەوت و قسەکانی ڕاست کردەوە و وتی:

ـــ وازهێنـانی تـۆش دەگونجێـت بەشـێك لـەو قەیرانـەی بـووە بـە بـار بەسەرتەوە سووك و ئاسان بکات...

خـواڕەحم خێـرا عەقڵیـیەتی بەرپرسـانی بیرکەوتـەوە و، بەناڕەحەتیـەوە وتی:

ـ وازهێنـان بـۆ مـن زۆر قورسـە... نـاتوانم ... بەڕاسـتی نـاتوانم ... دەبێـت لەگـەڵ ئـەم بـارەدا بیگـوزەرێنین بـزانین چـارەنووسمان بەچـی دەگات...

مەحموود بەبیری فراوان و تێبینیەکانیەوە هاتە گۆ و وتی:

ـ دیـسان شـەڕ هەڵدەگیرسـێتەوە و دەبێـت بچیتەوە شـاخ... ئـەمجارە شەڕەکە خوادەزانێت چۆن کۆتایی دێت...!؟

ـ منـیش هـەروا گومـان دەبـەم... بـەلاّم چارەنووسـی خۆمـە و دەبێـت ڕووبـەڕووی ببمـەوە و نابێـت لێـی هـەڵبێم... سومعەیەکم هەیـە و خـەڵکی ناوچـەکە زۆرمتمانـەیان بـەمن هەیـە... منـیش خولیـا و ئـالوودەی خزمـەتم...دوعـای خێـرم بـۆ بکـە بـەڵکو سـەرفرازببم و لـەم حاڵـە نالـەبارە رزگارم ببێت...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئنجـا مـەحموود هەسـتی بەشـەكەتی مـامیکرد و لەسـەر جێگەكـەی هەستاو بەدەم قسەكردنەوە چەند هەنگاوێك چوو بەرەوپیریو وتی:

ـ هەردووكمان ماندووین ... بۆ خۆت پشووبدە ڕۆژێكی سەخت و پڕ لەناسۆری ڕووی تێكردیت ...گوێمەدەرێ " هیچ كارێك نییە بێئەنجام دەربـچیت!... باچـاوەڕێ بـین بـزانین سـەری ئـەم مەسـەلەیە لـەكوێوە دەردەچێت... شەوێكی شاد...

خـــوارەحم برازاكـــەی زۆر لاشـــیرین بـــوو ، بـــە خۆشـــحاڵی و خۆشەویستییەكی بێپایانەوە تێر تەماشای كرد و ئەوجا وتی:

ـ شەوێكی شاد گیانەكەم ...

*          *          *



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com





PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئامینـه دەمێك بـوو چاوەڕوانی مـەحموودی دەكـرد و جێگـەی ڕاخـستبوو، بۆنی خـۆش ژوورەكـەی پڕكردبـوو ،شـەوانە مـەحمود سـەعاتێك لای مـامی دادەنیـشت و ئـیتر دەگەڕایـەوە بـۆ لای هاوسـەرەكەی ، ئەوشـەوەش وەك جارانی پێشوو مەحموود گەڕایـەوە و ئامینـە خۆی رازاندبوویـەوە و جل و بـەرگی تایبـەتی پۆشـیبوو ، قـژی ڕەشـی قـەترازێی بەردابوویـەوە و جل و بەرگەسپیەكانیـشی ئەوەنـدەیتر دیمـەنیان دەنەخـشاند و جوانیـان دەهێنابەبەریدا...

دەرگـای ژوورەكـەی بەهێواشـی كـردەوە و یەكـسەر دەسـت لـەملانی مێردەكەی بوو ، بەگلەیی و ڕووی نازەوە وتی:

ـ بۆچی ئەوەندە دواكەوتیت ... دەمێك بوو چاوەڕێ بووم... ئـەویش زیـاتر هەسـتی كـرد بـە خۆشەویـستی ئامینـە و تونـد باوەشـی پێـداكرد و وتی:

ـ میوانیان هەبوو تا ڕۆشـتن كـاتێكی بـرد... دواتـریش مامـە خـواڕەحم دەردە دڵی بۆباسكردم...

ئامینە تۆزێك داچڵەكی و وتی:

ـ دەردە دڵی چی ؟!

مەحمود بەهێواشی دەستی شل كرد لەگەردنیدا و وتی:

ـ بـاری دەروونـی ناتـەواوە ... ئـەم حاڵـەی نێـوان حكومـەت و شـۆڕش كاریگەرییەكی تەواویان لێكردووە...

ئامینـە بـۆ چـەند سـاتێك ڕۆچـوو لـەدەریای بیركردنـەوەدا و بـەخێرایی ئەرسـەلانی بـرای بـیر كەوتـەوە و غـەم و پـەژارە دایگـرت و هەناسـەیەكی قووڵی هەڵكێشا و وتی :

ـ عاقیبەتی خێربێت...!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئنجا مەحموود سەری ئامینەی نا بەسنگىیەوە و وتی:

ــ ئاسـۆی ئـەم شۆڕشـە لێڵـە ...! خـەڵکی زۆر دڵیـان گەرمـە و هیـوا و ئاواتێکی زۆریـان وابەسـتەی شـۆڕش کـردووە ، بـەڵام گـەر بەچاوێکی ورد لـەدوورەوە تەماشـابکەیت ئـەوا مەرجـەکانی سـەرکەوتن بـەدی ناکـەیت ، هەرچەند پێشمەرگە زۆرە و بارودۆخیش لەبارە ...

دیسان ئامینە غەم دایگرت و متمانەیەکی زۆریشی بەمێردەکەی هەبوو پرسی :

ـ بەڕای تۆ کەلێن و ناتەواوییەکانی شۆڕش لەکوێدان ...؟!

مەحموود حەزی دەکرد خێزانەکەی هۆشیاربێت ، بەتایبەت ئامینەش جێگەی چاولێکردنی ئافرەتان و دەوروبەرەکەی بوو ، بۆیە دەستی کرد بە ڕاڤەکردنی کەلێنەکانی شۆڕش و وەك توێژەرەوەیەك لەهەموو لایەنەکانەوە شۆڕشی هەڵدەسەنگاند و وتی:

ــ گیانەکـەم ... پـێش ئـەوەی بێینـە سـەر باسـی سـەرکردایەتی وبەرپرسـانی شـۆڕش دەبێـت بـاری دەروونـی خـەڵکیو کەسـایەتییان بەچەشنێك داڕێـژراوبێت لەدیـدی شـۆڕش و مەبەسـت وئامانجـەکانی بـاش تێگەیشتبن " هەروەها گەشتی پێکهاتنی کەسایەتیش مەسەلەیەکی گرنگـە و نابێت فەرامۆش بکرێت ...

ئامینە ئەم قسانە بەلایەوە کەمێك قورس بوون، چاوەگەشەکانی کـەمێك نەترووکاند و ، مەحموودیش حاڵی بوو لەمەرامی و وتی:

ـ با ئـەم قسانەی کردمـان زیـاتر شیبکەینەوە و لەنزیکـەوە پەنجـەی بخەینـە سـەر ، شۆڕشـەکانی کـورد بـە درێـژایی مێـژوو لایـەنی نەفسـی میللەتی تێدا ڕەچاونەکراوە ، زۆرجار بارودۆخەکە پاڵنـەری سەرەکی بـووە لـە بـەرپاکردنی شۆڕشـدا ، بـەڵام ئـەوەی مـن ڕەچـاوم کـردووە دەبێـت



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

پاڵنەرێکی بنەچەیی پاڵ بەو خەڵکەوە بنێت و لەناخیشەوە کەسایەتی خەڵکی دامەزراوبێت ... کەسایەتی دامەزراویش پەروەردەی دەوێت و ئەمەش کارێکی سەر پێیی و هەروا ئاسان نییە ... پەروەردەکردن چاندنی بەهاکانی : راستگۆیی ... ئەمانەت ... دڵپاکی ... لێبوردەیی ... دڵسۆزی ... هەموو ئەمانە دەبێت لەدڵ و دەروونی ئەو خەڵکە بەگەورە و بچووکییەوە جێگیربێت... هاوتای ئەمانەش ڕۆشنبیرکردنی خەڵکی و گۆڕینی کۆمەڵ لە کۆمەڵگەی هۆز و تیرەگەراییەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی مەدەنی و خوێندەوار...

ـ جا هەریەك لەمانە دەیەها ساڵی پێویستە بۆ ئەوەی میللەتێك لەسەر پێی خۆی بوەستێت ...

ـــ بێگومان ... بوونی ئەم خاڵانە لەکەسێتی کوردیدا واتای دۆزینەوەی خودە لەدەریای بەرفراوانی دنیادا و دیاریکردنی سەرجەم حەز و ئاواتەکانیش بەدوایدا ڕیز بەند دەبن ...

ـ ئەمەلایەنێك بوو ، ئەی لایەنەکەی تر ...؟!

مەحموود دەستی ئامینەی گرت و لەسەر کورسییەك لەپاڵ یەکدا دانیشتن و ئەوسا وتی:

- لایەنی دووەمی ئەم مەسەلەیە پەیوەندی هەیە بە ڕابەرایەتی شۆڕش و بەرپرسانەوە ...

ئەمەش جێگەی پێداچوونەوەیە و ڕاستەوخۆ وابەستەی خاڵی یەکەمە و ئەگەر چین و توێژەکان تێپەڕنەبن بەقۆناغێکی ئاوادا نموونەی باش و گونجاو دروست نابێت بۆ ڕابەرایەتی مەسەلەیەکی چارەنووسی و گرنگ...!!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

مەحموود بەم قسانە ماندووبوونی بەدەموچاوی ئامینەوە خوێندەوە و بەیەکجار شیتەڵکردنی ئەو هەموو باسانە گرانە و پێویستی بەکاتێکی زۆر هەیە تا بەجیا لیٚیان وردبێتەوە و بیانخاتە ڕوو ، بۆیە دەستی کردە ملی و وتی:

ــ لەداهاتوودا زیاتر ئەم مەسەلانە باس دەکەین گەردەرفەتمان بۆ ڕەخسا ...

ئامینەش بەجاریٚ هەستی بە ئەویندارى مەحموود کرد و زیاتر جۆشا بۆ مێردەکەی و ئەوەندەی نەبرد ڕۆچوون لەکەشێکی ڕۆمانسی و ئاگایان بەسەر دەوروبەر و قسەوباسەکانی پێشوویانەوە نەما... بەتەنها گڵۆپێك بەکزی داگیرسابوو، ئەوانیش لەژێر تیشکی گڵۆپەکەدا گیرسابوونەوە و وەك دوو دڵداری تازە بەیەك گەیشتوو تێریان لەیەك نەدەخوارد و سات لەدوای سات زیاتر هۆگری یەکتری دەبوون و شەوەکەیان زیاتر بەرگی زارای بەبەردا دەکرا...

مانگیش بەهێواشی تیشکی بلاٚودەکردەوە بەسەر شاردا و بارێکی کش ومات خولقابوو لەدەرەوە و خەڵکی نوستبوون و بەتەنها مەگەر دووئەویندارى هاوتای مەحموود و ئامینە بەئاگابن ، ئەگینا بەرگی هێمنی سەرتاپای شاری داگیرکردبوو " وەك جەستەیەك لەخەوێکی قووڵدا ڕۆچووبێت و هەناسەکانی هێدی هێدی ئاڵ وگۆڕ بکات... تاو تاوێکیش دەنگی کەڵەشێرو حەپە حەپی سەگ پەردەی ئەو بیٚدەنگییەی دەبڕی و ڕوخساری ئاوەدانی دەکردەوە بەبەری شاردا ...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

( 3 )

لەپــەریزی مــالی مــیرزادا کۆمــەلیك منــدال کۆبووبوونــەوە و یارییــان دەکــرد ، رۆژگــاریش لــەنیو هاوەلەکانیــدا هەســتی بەخۆشــی دەکــرد و جاربــەجاریکیش دەیخــوڕی بەســەریاندا و خاوەنــداری مــالی بــۆ هاوەلــە بچووکەکانی دەردەبڕی ...

زۆر چــالی بــچووکیان هەلدەکەنــد و بەقورســـواغیان دەدا و چــاوەڕی دەبــوون ووشــك ببیتــەوە ، هەنــدیك جــاریش کــوڕان بۆیــان تیکــدەدان و دەبووبــە دەمــە قالــە و شــەڕی کــوڕ وکــچ ، یــاری مــووروینیش یــەکیك بــوو لەویارییانــەی رۆژگــار تیایــدا ســەرکەوتووبوو ، ئــەم یارییــە دەســت ڕاســتی دەویست و هەموو مووروویەکیش قبول نەدەکرا ، بەمــەرج گیرابوو دەبوایــە مووروەکــە تــەقی بیــت ئەوســا لای بەشــداربووان پەســەندبوو ، بــۆ ئەمــەش رۆژگــار دانرابــوو بــە ڕاویــژکاری منــدالانی ئــەو گەڕەکــە و لەگەڕەکــەکانی ئەوبەریشەوە دەهاتن بەشوینیدا و مووروویان لا نمایش دەکرد  تابڕیاری لەسەربدات ...!

شــیرینی دایکیــشی هــەموو ژیــانی تــەرخان کردبــوو بــۆ مندالەکــەی ، هەریــەك لەئەنــدامانی خانــەوادەی مــیرزاش نــازیکی بیپایانیــان دابــوو بــەو منداله هەتیوەی لــەنازی بــاوکی بیبــەش بووبــوو ، مــیرزا هــەموو ئیوارەیــەك لەگەل خۆیدا نوقل و پسکیتی دەهینایەوە و زۆرجاریش دەســتی دەگــرت و دەیــبرد بــۆ بــازاڕ و بیــانووی هــەر شتیکیــشی پیبگرتایــە بــی ســیو دوو بۆیدەکڕی و بیدلیی نەدەکرد " حەز و ئارەزووەکانی یەك لــەدوای یــەك بــۆ بەجیدەگەیاند ...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

هەرچەندە باری ئابووریشیان مام ناوەندی بوو ، بەڵام هاندانی خەڵکی و پشتگیری خوارەحم وەهای لێکردن مووچەیەکی کەمیان بۆ ببڕێتەوە " کە مانگانەشیرین و میرزا دەچوون و وەریان دەگرت ...

شیرین سەرقاڵی دوروومان بوو ، تەنها لەبەر ماڵە خەزوورانی ئەوپارەیەی وەردەگرت و پێویستی‌یەکی ئاوەهای پێنەبوو ، قەناعەتی هەبوو بەو گوزەرانەی خۆی و پێی بەقەد بەڕەکەی ڕادەکێشا ... ماڵی باوکیشی چەندین هەوڵیان دابوو بیهێننەوە ماڵی خۆیان بەڵام نەخۆی و نەخانەوادەی میرزاش دەست بەرداری یەك نەدەبوون ، ناچار ئەوانیش تەسلیم بەو ئەمرە بووبوون و ئیتر شیرین بەتەواوی دابڕابوو لەماڵە باوکی و سەرجەم دەرگاکانی داخستبوو بەڕووی گەڕانەوەی بۆ ئەو ماڵەی تیایدا پەروەردە بووبوو ، ڕۆژگاری کیژیشی هەل و مەرجێکی وای بۆ ڕەخساندبوو دایکێکی زرنگ و هۆشیاری لێ دەربچێت ... هەرساڵێك دوای شەهیدبوونی ئەرسەلان داخوازیکارێکی زۆر ڕوویان کردبوویە ماڵە باوکی، بەڵام شیرین ئەوەی بیری لێنەدەکردەوە شووکردن بوو " هەرگیز چاوی بەرایی نەدەهات لەجێگەی ئەرسەلان مەیلی لەگەڵ یەکێکی تردا جووت بکات و ڕۆژگار بخاتە ژێر چەپۆکی باوەپیارەوە ...

میرزاو فاتمی خێزانیشی درێغی‌یان نەکردبوو لە سەرپشك کردنی‌دا و هەمیشە فاتم بەچاوی فرمێسکاوییەوە سەری ماچ دەکرد و دەیوت :

ـ شیرینی خێر نەدیوو ...!!

مامەڵەی میرزاش لەچوارچێوەی کچەکانی‌دا ڕیزبەند دەکرا و ئەمەکداری و دڵسۆزی بەهەندگرتبوو " چونکە کەم ئافرەت هەبوو بتوانێت لەناو ئەو بارودۆخەدا شوونەکاتەوە و دەست بەسەر منداڵەکەیدا بگرێت...! دیارە ئەمەش نیشانەیەکی تربوو لەسەر خۆشەویستی‌ی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

شیرین بۆ ئەرسەلان و حەرام کردنی شووکردن لەسەر خۆی بۆ هەتا هەتایە !...

ژیانی ڕۆژانەشی بریتیبوو لە دورووومان و چاودێریکردنی ڕۆژگار و، خزمەتکردنی بەدڵی خۆی و، بوار بۆکردنەوەی تا لێهاتن و تواناکانی گەشەبکات ... مانگانەش دەچوو بۆ وەرگرتنی مووچەی مێردەکەی لەگەڵ میرزادا...!، بەلاّم ئاخ گەر بەتەنها میرزا بچوایە و داوای شیرینیان نەکردایە...؟! ئەو بەرپرسەی مووچەکە دەدات زۆر چاوبز و شەرواڵ پیس دیاربوو...! شەرم لەو پیاوانە ناکات لەگەڵ بێوەژنەکان دێن و بەردەوام چاو دەگێڕێ بەسەریاندا و ئەم لاولادەکات " بەڵکو لەلایەکەوە نیازی گلاّوی دەسگیرببێت... ! خۆشی شەرم دەکات بەمیرزا بڵێت ...!!

بەیانیەکیان سەرەی وەرگرتنی مووچەی شەهیدانە بوو ، میرزا تووشی لەرزوتا هاتبوو ، نەیتوانی بچێت لەگەڵ شیرین دا و ، ناچار شیرین بەتەنها ملی ریٰیگرت ، هەر لەخۆیەوە دڵی گیرابوو ، قاچی دەهاتن بەیەکدا و چەندجارێك ویستی بگەڕێتەوە ، بەلاّم غیرەتی دایە بەرخۆی و ڕۆیشت ... بڕیاریدا بەتەنها نەچێتە ژوورەوە و ژنێك لەوانەی دێن بۆ مووچە لەگەڵ خۆیدا بەرێتە ژوورەوە ...

ڕۆژێکی خۆرەتاوبوو ، لەسەر شۆستەکانی بارەگاکە ژمارەیەك لە ژنە شەهید وەستابوون بەپێوە ، هەندێکیان چیچکانیان کردبوو ... شیرین ناسیاوێکی بەدی نەکرد لەنێوانیاندا و ناچار چووە ڕیزەکەوە و بەزەحمەت سەرەی هات و ماوەیەکی زۆر چاوەڕێ بوو " کاتێکیش نۆرەی هات و ویستی یەکێك لەوژنانەی وەستابوون بباتە ژوورەوە بەرپرسی دەرگاکە لیٰی مۆڕبوویەوە و بەتووڕەییەوە وتی:

ــ بابە خۆ قاترە و مەقتوورە نین بەدوای یەکدا بەسترابن ...!!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

تـەریقی هـات بەسـەریا و ئافرەتەکـە گەڕایـەوە دوواوە و شـیرین ناچـار خۆی چووە ژوورەوە ...

تەماشایکرد لەپشتی مێزەکەوە کابرایەك دانیشتووە و چاوی بەتیـژی دەگێـڕێ بەسـەر جەسـتەیدا ، کـابرای بـەرپرس لەسـەرەتای شۆڕشـەوە بەشداربوو بەڵام هەر بەلارولـەوێری هـاتبوو ، شۆڕشـیش لەبەر دڵسۆزی و ئەمەکداری بـۆ چـەند بنەمایـەکی حیزبـی تەسـك چـاویان لێپۆشـی بـوو و گوێیان نەدابوو بەچەوتییەکانی...!!

شـیرین سـەری گێـژی خـوارد و خێـرا دەسـتی گـرت بەکورسـیەکەوە و هەوڵیـدا بـەزووترین کـات لـەو ژوورە بێتـە دەرەوە ، کـابراش بـاکی نـەبوو بۆمـەرامی گـلاو و چـەپەڵی هەوڵیدەدا و ،هەرکـە شـیرینی بینـی هەسـتایە سەرپێ و وتی:

ـ خانم فەرموو ... شیرین .... ها ... ناوت شیرینە ... وەنییە ؟! تۆ لەگەڵ میرزادا نەدەهاتیت ...؟!

بەدەنگێکی کزۆڵ و ڕوویەکی هەڵبزڕکاوەوە وتی:

ـ با ... بەڵێ ...

لەترسیشدا خێرا وتی :

ـــ ئێمـــە خزمـــی کـــاك خـــوارەحمین ... خزمـــی نزیـــك... خـــاڵی مێردەکەمە...

بەرپرسەکە هیچ گوێی نەدەدا بەم قسانە و وتی:

ــ ئـەمجارە موچـەکەت دوا دەکـەوێت و دەبێـت چاوەڕێ بیـت هەڵەیـەك لـەناوی مێردەکەتـدا هەیـە و دەبێـت سـاغی بکەینـەوە... دەبێـت چـاوەڕێ بکەیت ...!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

شیرین بەدڵ سافی خۆی هیچی نەوت و بەرەو دەرگای ژوورەکە چوو ، کابراش بەدەنگێکی زلەوە هاواریکرد :

ــ چاوەڕێبە...با ئەو ژنانە لێبنەوە ئەوسا کارت بۆ ئاسان دەکەین...!

دوای تێپەڕبوونی کاتێکی زۆر و چۆڵ بوونی حەوشەی بارەگاکە لەژنان ، ئنجا فەڕاشی بەردەگاکە بانگی شیرینی کرد تا بۆ جاری دووەم بچێتەوە ژوورەوە ... بەکلۆڵی و داماوییەوە جارێکیتر رووی کردەوە ژووری بەرپرس و ئەمجارە دڵی لەمشتیدابوو ، لەدڵەوە دوعای دەکرد و قاچیشی دەلەرزی ، قەومانی ڕووداوێکی پێشبین دەکرد و ڕاددەی گەورەیی ڕووداوەکەی بۆ دیارینەدەکراو ، سەرۆك نەزەر لەسەر کورسییەکەی هەستاو وتی:

ـ شیرین... ئەم مێردەی تۆ لەکوێ پێشمەرگەبووە... ؟!!

پرسیارەکەی زۆر بێمانابوو .... زۆربەی خەڵکی بنەماڵەی ئەرسەلان و سۆفی ساڵحیان دەناسی بۆیە بە ڕق و تووڕەییەوە وتی:

ــ چی لەکوێ پێشمەرگەبووە ... من پێم وتیت کاك خوارەحم خاڵی مێردەکەمە... یانی لەگەڵ ئەواندا بووە... ئەگەر بڕواش ناکەیت ئەوە کاك خوارەحم " بەودەڵێم...!

ـ جا بۆچی تووڕەدەبیت گیانە...! خۆ قسەی غەڵەتمان نەکردووە...

شیرین تۆزێك هاتەوە سەر خۆی و ئەوسا وتی:

ـ قوربان... مێردەکەم ژیاننامەی پاك و لەبەرچاوە ، ئیتر نازانم ئێوە چ بیانوویەك بەمن دەگرن...!؟

کابرا تەنگەزلێکی ورگن بوو بەتەوسەوە وتی:



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ـ بابـه دنیایـەك خـەڵك خـۆی لێکـردووین بەپێـشمەرگە و کەسیـشی وانییە، حەقی خۆمانە پرسیار لەخەڵکی بکەین ، خۆ شۆڕش پارەی هەڵ نەڕشتووە ...!

شیرین حەزی نەکرد وەڵامی ئەوکابرا بداتەوە و بە پێوە لەشوێنی خۆیدا چەقی بوو ، ویستی کابرا بەخۆیدا بچێتەوە و خێرا مووچەکەی بداتێ و بەڕێی کات ، بەڵام کابرا هەر سووربوو لەسەر قسەکانی و ئەمجارە بەبارێکیتردا بایدا و وتی:

ـ شووت نەکردووەتەوە ...؟

ـ نەخێر ...؟

ـ بۆ ؟!

ـ وابزانم مافی ئەوەت نییە پرسیارێکی ئاوەهام لێ بکەیت... ئارەزووی خۆمە...!!

ـ باشە ... جابۆ تووڕە دەبیت... من زۆر نەرم و نیانم لەگەڵتا ...

ئەم قسەیەی کرد و لەسەر کورسییەکەی هەستا و بەرەو لای شیرین چوو... دڵی خێرا داخورپا و دەسبەجێ مەرامی کابرا تێگەیشت و هاواری لێکرد :

ـ نەیەیتە پێشەوە ... ها... دنیا دێنمە سەرت...!

کابرای بەرپرس کۆنترۆڵی خۆی بۆنەکراو و لەناکاو پەلاماری شیرینیدا... ئەویش هاواریکرد و بە زۆر خۆی لە ژێر چنگی دەربازکرد...! نەفسیەتی نزم و ڕەوشی سووکی بێهۆشیان کردبوو لەدوورەوە خۆش خۆش دەیوت :

ـ هەرماچێك زیاترم ناوێت...!!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

شیرین ئەمسەراو سەری ژوورەکەی کرد و دواتر هەرچۆنێك بوو دەستی گەیشتە دەرگاکە و ڕایکرد و عەباکەشی بەزەحمەت هەڵگرتبوو...کابراش کەفێکی سپی لەهەردوو لاشەویلگەی هاتبووە دەرەوەو دەت وت نێچیرێکی لەکیس چووە... !! هەناسە بڕکەی پێکەوتبوو...!

بەوحاڵەوە شیرین گەڕایەوە ماڵەوە و یەکسەر خەسووی چاوی پێکەوت و دیاردەکانی ڕووداوەکە تێیدا بەئاشکرا دەخوێنرایەوە... بەهەڵەداوان ڕۆیشت بەرەو پیری و وتی:

ـ شیرین ... شیرین گیان چیبووە کچی خۆم ...؟!

ئەویش بەدەم هەنسك و قوڵپی گریانەوە وتی:

ـ ئەوداوێن پیسی بەدڕەوشتە هەر دوای خستم وبیانووی پێگرتم تومەس نیازێکی گلاوی هەیە پێم... !

فاتم زۆر بەلایەوە سەیر بوو ، بەسەرسامییەوە پرسی:

ـ کێ... ؟! پێم بڵێ شیرین...؟!

ـ ئەو بەرپرسەی مووچەکەی ئەرسەلان دەدات ، کەناوی نەزەرە...پەلاماری دام و بەزەحمەت لەژێر چنگی ڕزگارم بوو... ئەمە کوردایەتییەکەیانە...! ئەرسەلان بۆ ئەمانە خۆی بەکوشتدا...!!

ئنجا دەستی کرد بەگریان و بەکوڵ هەنسکی هەڵدەدا و فاتمیش سەری ماچ دەکرد و هێوری دەکردەوە ، بەدەم ئەم گریانەشەوە میرزا لەسەر جێگە هەستا و پاش چەند ساتێکی کەم هەموویان حاڵی بوون لەو ڕووداوە و هەریەك لەلای خۆیەوە نەفرت و جنێوی بەوکابرایە دەدا و شۆڕشیش بێ ئافە دەرنەدەچوو لەوقسەو جنێوانە...!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com





PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

(4)

هێشتا نانی نێوەڕۆ نەخورابوو میرزا وشیرین بەهەڵەداوان خۆیانکرد بەماڵی سۆفیدا و ڕووداوەکەیان بەدووروودرێژی بۆ خوارەحم گێڕایەوە...

ئەویش لەتوڕەییدا لێوی خۆی دەگەزی و چەندان هاوردەی تۆڵەسەندنەوە بەبیریدا دەهات و بەدەم تووڕەییشەوە دەیبزڕکاند ، بەلاّم خاویان دەکردەوە دەهاتن بەسەریدا ، هەرچەندە میرزا نەخۆش بوو بەلاّم هەموو دەردوئازارێکی لەبیرچووبوویەوە و بەئاه و حەسرەتەوە دەیوت:

ـ تەنها حەیا و شەرەفمان مابوو تو خوا با ئەویش دابنێین لەسەر کوردایەتی... ! قەیناکە...!!

شیرینیش ڕەنگی هەڵبزڕکا بوو تەریق دەبوویەوەو لەرزی لێهاتوبوو...!! دەمێك پیَیان دەوت: چی لێکردیت ...؟ چۆن توانیت ڕابکەیت ...؟!! گەرشتێکی لێکردوویت شەرم مەکە و باسی بکەبۆمان ...!؟

ئەو بەستەزمانەش بەدەنگی نووساو و قوڵپی گریانەوە هەر ئەوەی دووپات دەکردەوە کە ڕوویدابوو ، غەڵبەغەڵب و دەنگە دەنگێکی زۆر لەماڵی سۆفیدا بەرپابوو ، خوارەحم هەرچەند دەکۆشا خۆی پیَڕانەدەگیرا و بەتوندی نەڕاندی بەسەر سۆفی و مەحمووددا و وتی:

ـ ئەمە تەعدای شەرەفە ...!! من بیَدەنگ نابم لەسەری...!

مەحموودیش دەستی خستە سەرشانی مامی و وتی :

ـ مامە گیان... ئەم ڕووداوە کاریگەرییەکی گەورەی هەیە لەسەرمان و هەموو برینداریین و هەست بەناڕەحەتیەکانی دەکەین ، بەلاّم نابێت کارێکی ئاوەها بکەین خەڵکی پیێمان بزانن و حەیا و شەرەفمان بچیێت...

سۆفی وتی :



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ـ ئەشەدومابیلا ئەمە قسەیە... حەیامان دەچێت... تایەکێك بەڕاست حــاڵی دەبێــت ســەدان کــەس بەخواروخێــچی و بــەبارێکی خراپــدا دەیگێڕنەوە...

میرزا هێشتا حیرس و تووڕەیی نەگیرسابوویەوە و وتی:

ـ یانی هەروا واز لەو بەدڕەوشتە بهێنین ...؟!!

خواڕەحم وەك پڵنگێکی بریندار وتی:

ـ بەوخوایە لەت و پەتی دەکەم...!! خوێڕی وا دەست درێژی بکات بۆ سەر شەرەفمان و بێدەنگ بین ...!!؟

مەحموود ئەمجا ڕووی‌کردە هەموویان و وتی:

ــ جــاریێ بادانیــشین و زۆر بــە هێمنــی و مێــشکێکی ســاردەوە گفتوگۆبکەین ... ئێمە کەسی یەکین باسەر بکەین بەیەکدا و قووڵ ڕۆبچین لەوەدا کەدەیکەین ...

هەرچەندە بەم قسانە خواڕەحم کەیفی نەدەهات و گیانی تۆڵەسەندن زاڵ بوو بەسەریا بەڵام ناچار ملی‌دا بۆ قسەکانی مەحموود و وتی:

ــ باشــە ... بــزانین کاکــە مــەحموود گیــان چ ڕێــو شــوێنێکمان بــۆ دادەنێت...!؟

مەحموودیش بەروویەکی گەشەوە فەرمووی لەمیرزا و خواڕەحم کرد و وتی:

ـ فەرموون دابنیشن ... باشە مامە باوادابنێین تۆ ئێستا ئەو پیاوە دەکوژیت... دەرەنجامەکانی ئەوکارە دەزانیت چی‌یە؟!

ــ حەقم نییە چی دەبێت و چی نابێت ... یاڵڵای دەکرد دنیا کاول دەبوو ... !



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ـــ نا... نا... من ئەوەندە دەڵێم لەڕێگەی شۆڕشەوە ئەو مەسەلەیە باس بکە و تکات لێدەکەم با نەکەوینە بەر دەم و دامانی خەڵکی...!!

میرزاش هەڵیدایە و وتی:

ـ ئەی ئەگەر شۆڕش هیچی بۆ نەکردین ؟!

خێرا وبێ ڕامان خواڕەحم وتی:

ـــ ئەی ئەم بازوو ومەچەکەم بۆچی‌یە ؟ خۆم بەم دەستانە حەق دەستێنم ...!!

سۆفیش وتی :

ـ کورە جا بۆ وا... حەواڵەی خوایان دەکەین و حەقمان نافەوتێت...!

ئنجا گفتوگۆگەرم بوو لەسەر ئەو سنوورشکێنانەی بەرپرسان دەیان کرد ، لەداوێن پیسی و دزی و ڕاو ڕووت و ، دەیەها ڕووداو کە مرۆڤی کورد تیایدا دەبووبە قوربانی و لەئەنجامدا هیچ ڕۆشنای‌یەکی بەدی نەدەکرد لەو تەم و مژدەدا .

*　　*　　*

خواڕەحم بەپەلە نانی نیوەڕۆی خوارد و چوو بەرەو بارەگا ، خەشم و تووڕەیی لەچاوەکانی دەبارین و قسەکانی مەحموودیش لەبیریدا دەهاتن و دەچوون و لەعەقڵەوە زۆر نزیك بوون ، بۆ کارێکی وابکات خەڵکی قسەیان لەسەر بکەن ؟! هەر ئەوەندە ناوت کەوتە سەر زاری خەڵکی ئیتر ڕەحمت پێ ناکەن و بەئارەزووی دڵ قسەوباس دەهۆننەوە و زیاد لەبەرگێکی دەکەن بەبەردا ...! ئەی چاری چی بێت خۆ ناشکرێ هیچ نەڵێت بەرامبەر ئەو داوێن پیسی سووکە ...هەروەك وەفایەك بۆ گۆڕەکەی ئەرسەلان



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دەبێت شۆڕش لەوکابرایە بپرسێتەوە و بەتوندی سزای بدات...!! نابێت بێمەلاٚمەت وەك بەرزەکی بانان بۆی دەربچێت...!

خولیای ئەم خەیاڵ و گفتوگۆیانەبوو، گەییە بەردەرکی بارەگاکەیان بەپرتاو هەڵیکرد بەژوورا... یەکێك لەبەرپرسە گەورەکان لەوێ بوو ، بەدوورودرێژی ڕووداوەکەی لەبنج و بنەوانەوە بۆ گێڕایەوە ، ئەویش پشتگیری و کۆمەکییەکی تەواوی لێکرد ، ئنجا ئاهێکی بەبەردا هات و لەدڵی خۆیدا وتی :

ـ شوکر سەرکردایەتی بەپاکی ماوەتەوە و ئەو داخورانەی داویەتی لەبەرپرسە بچووکەکان هێشتا نەگەیوە بەوان ...!!

بەرپرسەکەش بەڵێنیدایە بەتوندی سزای سەرۆك نەزەر بدەن و مافی ئەو بێوەژنە داماوەی لێ بسێنن...

بۆ دڵنیاییش چەند جارێك خوارەحم گەڕایەوە و وتی:

ـ قوربان یانی دڵنیابم...؟! هەمووشتێك ئابەو ئاراستەیەدا دەڕوات کە جەنابت دەست نیشانت کرد ...؟!

ئەویش بەمتمانەیەکی یەکجار زۆرەوە وتی:

ـ گەرمنیش قسەنەکەم ئەوا شۆڕش بێدەنگ نابێت ...! ئەوە دەست درێژی کردنە بۆ سەر حەیاو شەرەفی شۆڕش ... دڵنیابە سزادەدرێت...!!

بەدڵنیاییەوە خوارەحم گەڕایەوە ماڵی سۆفی و هەمووشتێکی لەنووکەوە بۆ باسکردن و بەڵێنەکانی بەرپرسەکەی بۆ دووپات کردنەوە و هەرئەوبەڵێنانەش وایان لێکردبوو گەرم و گوڕ ببێتەوە لەسەر شۆڕش و پشتگیری کردنی و قوتاربوون لەو قەیرانە نەفسیەی بۆی دروست بووبوو... !



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**بەلاّم چەند هەفتەیەك تێپەڕی و سەرۆك نەزەر هەر لە شوێنی خۆی مایەوە و بەڵێنەكانی بەرپرسە گەورەكەش وردە وردە كاڵ بوویەوە و غەم و خەفەتێكی كاریگەری لەدڵی خواڕەحم دا خولقاند " هەركات میرزا و شیرینی دەبینی لەشەرم و تەریقیدا خۆی پێڕانەدەگیرا و هەوڵی دەرباز بوونی دەدا لەو تەنگژەیە...!**

**ئەوانیش لەترسی حەیا و شەرەفیان چووبوونە سەر مەزهەبەكەی سۆفی ساڵح و حەواڵەی خوایان كردبوو ، بۆیە شیرین هەمیشە بەچاوێكی فرمێسكاوی و دڵێكی بریندارەوە دوعای لێدەكرد ، زۆرجاریش بەهێواشی لەبەرخۆیەوە دەیوت : (( ئەرسەلان گیان... ئەمانە زۆربێ وەفا و سپڵەبوون... تۆ خوێنی خۆت ڕشت تا ئەمانە بێنە سەر حوكم ، ئێستاش لەباتی ڕێز و تەقدیر تەماع دەكەنە حەیا و شەرەفمان و هەوڵی زەوتكردنی دەدەن...!! )).**

**ئنجا دیمەنی سەرۆك نەزەری دەهاتە پێش چاو چۆن وەك گورگێكی برسی لەدارستانێكدا دەگەڕێت و ئەملاولادەكات و پەنا دەباتە بەر دەستەلاّتەكەی تا بتوانێت نێچیرێك راوبكات ...!!**

**لەدڵیشدا دەیووت : ئەو موچەیەی ئاوەها بێت بابڕوات و سەد بەردی لەدوابێت... پێشتریش هەر دڵی پێوەنەبوو پارە وەربگرێت... چونكە ئەوپارەیەی بەخوێنی ئەرسەلان دەهاتە بەرچاو و هەمیشە قسەیەكی ئەرسەلانی بیردەكەوتەوە كە دەیوت : نابێت لەبەرامبەری كوردایەتی هیچ بەهایەكی ماددی وەربگیرێت...**

**ئەم دیدگەیەش لە دڵێكی ساف و لێبڕانێكی كەم وێنەوە هاتبوو ، تەعبیریش بوو لەناوەندێكی پاك كەبەجل و بەرگ و زۆربەی كاتیش بەچەكی خۆیان بەشداریان دەكرد لەشۆڕشدا و بێمنەت بوون لەهەموو**



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

نــاز و نــوك و بەگــەڕ خــستنێكی تواناكــانی شــۆڕش لەبەرژەوەنــدی تایبەتی‌یانـدا...تاكـە شـتێكیش جێگـەی دڵخۆشی‌یان بـوو ئـەوەبوو كـورد بگات بەحەقی خۆی و ئیتر ولاَت ئاوەدان و سـەرفرازبێت لـەزوڵم و سـتەم و چەوساندنەوە... شیرین هەركات دەكەوت بەسـەر ئـەم یادەوەری‌یانـەدا ئـەم جیهانــەی بەجێ‌دەهێــشت و بــەرۆح تێكــەڵ دەبــوو لەگــەڵ ئەرســەلان و گفتوگۆی لەگەڵ دەكرد و خۆشـی دەهات قسەكانی ئەرسـەلانی دادەتاشـی و لەڕوانگـەی ناسـینی بـۆ ئەرسـەلان و وتـە و دەم و دامـانی بەرجەسـتە دەكــرد و بەدڵخۆشــیەوە لەوجیهانــە دەهاتــە دەرەوە و دوایــین قــسەی ئەرسـەلانی دەهێنـا بەدەسـكارییەكی زۆرەوە و دەیكـرد بەبـەردی بناغـەی بینـای بیركردنـەوەی (( شـیرینەكەم... ڕاستەكەی لەهـەموو ئەوقسانەتدا ، بەلاَم ئێمە ڕۆڵەی ئەم گەل و ولاَتـەین و سبەینێ لـەبارەگای خـوادا پاداشـت وەردەگــرین ... ئــەوجا بەیــەك دەگەینــەوە ... حــەزەكانمان لێــرە جێ‌بەجێ‌دەكــەین ... دوای ئــەوەی ئــەركی سەرشــانمان بــەجێ گەیانـد...باشـە گیانەكـەم ... نیگـەران نـەبیت ... نابێـت پەشـیمان بـین لەوشــتانەی كردوومانــە... بەبڕوایــەكی پتــەوەوە ڕامــان پەڕانــدووە ... گوڵزاری ئەم ژینە با زیاتر ئاوەدان بكەین و ڕۆژگـار و منـدالأنی هاوتەمـەنی بەشادی و خۆشی‌یەوە ژیان بەرنە سەر ...!! )) .

سوكنایی بەدڵ و دەروونی‌دا دەهات و لەپڕ هەڵدەستا باوەشـی دەكـرد بە ڕۆژگاردا و ئەویش دەحەپەسا ، دایە بۆ وا بەگـەرمی باوەشـی پیادەكـات و لـەناكاو لـەئامێزی دەگرێـت...؟! ئـەم دەلاقەیـەش جێگـەی شـادی بـوو لەسـەر دڵـی شـیرین و گـشت ناڕەحەتی‌یـەكانی تـەنهایی و بێـوەژن كـەوتنی كتوپڕ و لاویی لەبیر دەبردەوەو، لەسەر هیـواو ئاواتـەكانی ئەرسـەلان دەژیـا و ڕۆژگاریش كەلێنێكی گەورەی ژیانی بۆ پڕكردبوویەوە ...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

(5)

بەکری حاجی سەیفە دەست و بردی کرد لەگواستنەوەی خەرامانـدا و لەکۆتایی پایزدا بوو هەردووکیان بەیەك گەیشتن ، خەرامان سەرەتا دوو دڵ بـــوو لەپەیوەنـــدی بەبـــەکرەوە و دواتـــر مامەڵـــە و هەڵـــسوکەوتی کاریگەرییان هەبوو لەسەری و ڕازی بوو...

ئـــەم لاوەش لەئەســـڵدا خـــەڵکی گونـــدی هـــۆرێن بـــوو و لەســـەرەتای شۆڕشـەوە یەکـەم تەقـەی بەربـەرەکانی و کوردایـەتی لـەدەوری گوندەکـەیان هەستابوو ، خەڵکی گوندەکەیان چەند جارێك تووشـی دەربەدەری و ماڵ وێرانـی هـاتبوون ، سـەرەتای دروسـت بـوونی شۆڕشـیش گوندەکـەیان لەلایـەك گـیرۆدەی دەسـتی تۆپـەکانی ڕژێـم بـوو ، لەلایەکیتریـشەوە گـیری خواردبوو بەدەستی براکوژی و شەڕی پارتی و شیوعییەوە...!!

بـەکر هـەر دەم باسـی هـۆرێن بکرایـە ئـەوا بـیری مەرگەسـاتی ژیـانی سـالآنی رابـوردوی دەهاتـەوە پـێش چـاو " نائـارامی ناوچـەکەیان و سـووتاندنی ماڵیـان و ژیـانی دەربـەدەری ، لاوێکـی خـوێن گـەرمی چوسـت چالاکیان لێ پێکهێنابوو ...! ، خوێندەوارییەکەشـی زیـاتر هانـدەری بـوون بۆ بەدەسـت هێنـانی ڕۆشـنبیری و حاڵی بـوون لەمەسـەلەی کـورد و گـەلانی چەوساوە و ماف خوراوی جیهان... !

بەنێو کتێبەکانی مەحموودا دەگەڕا و زۆر سەرسام بوو بەمەحموود " چـۆن تاقـەتی خوێندنـەوەی ئـەو هـەموو کتێبـەی هەیـە ، ئـەویش نەفـسی کەمەندکێش دەکرد تابتوانێت پشکێکی باش لەمەعریفە و زانین بەدەست بهێنێـت... کتێبـــەکانی فەلـسەفە بەلایـــەوە قـورس بـوون ، لەکۆبەنـــدی کتێبەکاندا هەمیشە وەلای دەنان و زیاتر مەیلی بەلای چیرۆك و مێـژوو و ئەوبابەتانەدا دەچوو ...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لەوکاتەشــەوە بەپێـشمەرگایەتی هـاتبووە هەڵەبجـە کەشـێکی وای بـۆ ڕەخسابوو موتاڵای ئەوکتێبانـە بکـات و ، لەماڵـە خنجیلانەکەیـدا کاتـەکانی بەخوێندنــەوە و هاتووچــۆ لــەنێوان مـاڵ و بنکەکەیانـدا بەسـەر ببـات ... مانگانەش پێش ئەوەی خەرامان بگوێزێتەوە دایك و باوکی چەند شـەوێك دەهـاتن و لای دەمانــەوە ، خــەڵکی گــەڕەکیش لەڕەوشــتی ڕازی بــوون و چەوت و چەوێڵی نەبوو... بەدەم کێشە و گرفتـەکانی دەرودراوسێوە بوو ، خۆی بەیەکێك لەوان دادەناو هەستی بەجیاوازی نەدەکرد...!!

خـەرامانیش تامـەزرۆی ئـەوەبوو شـووبکات بـەلاوێکی ئابـەو چەشـنە و دوای یەك دوومانگ لە پێکەوەژیان ئالوودەی بووبوو ، لەسێبەری خۆیـشی سڵی دەکرد و، قەستی بوو توند بیگرێت و هەرگیز لێی جیانەبێتەوە...!

شـەوێکیان سـەرگەرمی قسەکردن بـوون و لـەپڕا باسـی شـیوعییەکانی هەڵەبجە هاتە پێش و خەرامان ڕەنگی سوور هەڵگەڕا و لەشی داهێزرا...!

بەکر هەستیکرد بەحاڵی ژنەکەی و خەریك بوو شەیتان یاری بەعـەقڵی بکـات ، بــەڵام زوو فریـا کــەوت و پاشــگەز بوویــەوە ، خــەرامانیش بـیری دەکردەوە شتێك لەپەیوەندی ڕابوردووی لەگەڵ ئەکرەم بۆ مێردەکـەی باس بکات نـەبادا گومـانی خراپـی پێبـەرێت یـا ڕۆژێـك لـەڕۆژان سووچێکی ئـەو مەسەلەیە دەربکەوێت و ژیانی هێمن و شادیان لێتێك بدات...!!

بەزەردەخەنەیەکی واتادارەوە وتی:

ـ داخی ئەوان لەدڵی منداپە ...!

بەکر وەك بەسەر هەواڵێکی سەیردا کەوتبێت و بەپەرۆشەوە پرسی :

ـ بۆ...؟! چییان دەرهەق بەتۆ کردووە ...؟!

خەرامان ڕەنگێکی هێناوبرد و دانی نا بەجەرگی خۆیدا و وتی:



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ـ مەسەلەیەکی قورسە... نازانم دەتوانیت ئارام بگریت ... یا بەشێوە ڕاستەقینەکەی لێی تێبگەیت...؟!

ئەمجا بەکر زیاتر گرنگی ئەوقسانەی بۆ دەرکەوت و وتی:

ـ بێگومان بە لەوەی بەسینەیەکی فراوانەوە وەری دەگرم...

ئنجا خەرامان بەنەرمی دەستی کرد بەباس کردنی پەیوەندییەکەی ڕابردوویی و واهەستی دەکرد لەگوناه و تاوان پاك دەبێتەوە و دان نانی بەو لایەنەی ژیانی لاپەڕەیەکی بێخەوش و پوخت والأدەکات ، بەکریش چینێ ئارەقی ساردی دەردا و قسەکانی زۆر بەلایەوە قورس بوو ، گومانی زۆر خراپ ڕوویان تێکرد و کاتێکیش ڕاستگۆیی ژنەکەی بەرجەستە دەکرد و لەنیگای چاوەکانی وورد دەبوویەوە زیاتر متمانەی پێدەکرد و سەرجەم گومانەکانی تەفروتونا دەبوون...

پاش ئەوەی خەرامان لەقسەکانی تەواوبوو ، بەکر هەناسەیەکی قووڵی هەڵمژی و خەرامان کەوتە گێژاوێکی سەختەوە دەترسا لەوەی ڕاستگۆیی و بێپێچ وپەنایی‌یەکەی بەزیان بشکێتەوە بەسەریدا ، ڕەنگی تەواو گۆڕاو لێوەکانی وشك بوون ، چاوەکانیشی کزو سیس بوون ... لەبەرامبەریشیدا بەکر کەوتبووە دەریای بیرکردنەوە و دوای گەشتێك بەناو نەفسیدا ئەوسا بزەیەك هاتە سەر لێوەکانی و وتی:

ـ ئەم ڕابردووەشت هەیە ...؟!

خەرامان دڵنیابوو مێردەکەی لەژێر کاریگەری ئەوقسانەدایە و قسەیەکی مەحموودی برای بیرکەوتەوە و بەکزی‌یەوە وتی:

ـ تا ڕابوردووت نەبێت داهاتووت نابێت...!!

ئەم دەستەواژەیە مێردەکەی هەژاند و لەخەرامان نزیك بوویەوە و چاوەکانی بڕیبووە چاوی و نەیدەترووکاند، بەڵام هەستێکی نەرم ونیان



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

وسۆز و بەزەیی تیادا حەشاردرابوو ، بۆیە وتی:

ـ مـن زۆر سەرسـامم بەڕاسـتگۆیی و سـەراحەتی تـۆ ...هـەموومان بەئـەزموون و تاقیکردنـەوەی لەوچەشـنەدا تێپـەڕبووین ، بـەڵام کـەم کـەس هەیـە بوێرانـە ڕاڤـە و گوزاشـتی بکـات... بـاوەڕم پـێ بکـە ئێـستا زۆر لەبەرچاوم گەورەبوویت...ڕێز و متمانەت لەلام زیادیانکرد...

ئەم قسانە زیاتر جۆشی خەرامانیان دەدا و سات لـەدوای سات بـەکر لەبەرچـاویدا دەبـوو بەکەسـایەتییەکی مـەزن ، بەدەگمـەن پیـاو هـەبوو بتوانێـت بەسـینەیەکی سـاف ودڵێکـی بـێ خەوشـەوە گـوێ بۆژنەکـەی ڕابگرێت و ڕازی پێشووی بۆ باس بکات...!

سـەرەتا ترسـا لـەوەی وەك سـەدەها پیـاوی دەوروبـەر هـەر بـۆنی گومانێکیش بەسەریاندا بێت ژنـەکانیان دەدەنـە بـەر شـەق و زللـە و جنێـوو قسەی سووك و سـەلیم وڕەوانـەی مـاڵی باوکیـان دەکەنـەوە... بـەڵام دوای نەهێـشتنەوەی هـیچ پەنهانییـەك و والأکردنـی نهێنییـەکانی ژیـانی، پیاوەکەی وەك دڵسۆز وئەمەکدار گوێبیستی قسەکانی بوو ، لەڕاستیشدا باسکردنی ڕابـوردوو جۆرێـك جورئـەت و چاوقایمی دەوێـت ...!! هـەموو کەس پێی ناوێرێت و زۆرینەی خەڵکی گەر بدوێن تافی لاوی پـەری پـۆش دەکەن و لـەڕیزی مرۆڤایـەتی دەیبەنـە دەرەوە، ئەمـەش جۆرێکە لەچەواشـە و تێنەگەیشتن لەخودی مرۆڤ و چەشنی ژیانی لەسەر ئەم زەوییەدا...

بەکر بەهێواشی دەستی خەرامانی گرت و هەردووکیان بەرامبـەر بەیـەك وەستان و وتی: ـ خۆشم دەوێیت ...

خـەرامانیش بەپەرۆشـەوە خـۆی خـستە ئـامێزی مێردەکـەی و ئەوینداریيان لەژێر پەردەی هاوسەریدا بەگەڕخست و وشە و قسەی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

نێوانیـــان هاوتـــای یـــەك وەســـتا و بـــەدڵێکی لـــەکوڵ ســـاتی ژوانیـــان بەڕێکرد...!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

هـەموو بەیانی‌یـەك مـەحموود زوو لەخـەو هەڵدەسـتا و دوای نوێـژی بەیانی و قورئـان خوێنـدن دەستی دەكـرد بـە خۆئامـادەكردن بـۆ وانـەكانی ئەو ڕۆژەی قوتابخانە...

ئامینـەش دەقـی پێوەگرتبـوو لەگـەڵ مـەحمووددا بـەئاگابێت و كـەم تـا زۆر بتوانێـت لەنزیكـەوە لـەجیهانی مێـردە خۆشەویـستەكەیدا بـژی ... زۆربـەی بەیانی‌یـەكانیش هـەوڵی دەدا بەخوێندنـەوەوە سـەرقاڵ بێـت و سوود لـەو كتێبانـە وەربگرێـت كـە مـەحموود بـۆی دەسـت نیشان كـردووە بیخوێنێتەوە...

كتێبـەكانیش خۆیـان لـە سـنووری پـەروەردە و چـیرۆك و مێـژوودا دەبینی‌یـــەوە ، جێگـــەی داخ بـــوو لای مـــەحموود " كـــەوا سەرچـــاوە كوردییـــەكان دیـــاری‌كراوبوون و ئەوەنـــدەی پێویـــست بێـــت كتێـــب و بڵاوكـراوەی كـوردی دەسـت نەدەكـەوت " ئـەو بڵاوكراوانەشـی هـەبوون لەسنوورێكی تەسكی حیزبـی ، یا بابـەتێكی كـاڵ وكرچـدا دەسووڕانەوە و توێژینەوەیەك نەبوو بۆ پڕكردنـەوەی هـەموو بوارەكـان و ڕۆشـنبیری‌كردنی خەڵكی...!!

ناچار خۆی لەكتێبە عەرەبی‌یەكاندا بابەتی دەردەهێنا و وەری‌دەگێڕاو بەخـەتی گـەورە لەدەفتـەردا دەینووسـی‌یەوە بـۆ ئامینـە و ئـەو ئافرەتانـەی دەوروبەری ...هەریەك لەشیرین و خەرامان و یـەك دوو ئـافرەتی گـەڕەكیش بـەجیا موتـاڵای نووسـینەكانیان دەكـرد و بەپـەرۆش بـوون بـۆ نـاوەڕۆك و واتاكانی...

ئەم بەدەمەوە هاتنـەش مایـەی خۆشـحاڵی مەحموود بـوو ، دەمێك بـوو خولیـای جیهـانێكی ئاوەهـا ڕۆشـنبیر و پـەروەردە ئـامێز بووبـوو ، تـافی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

منـدالّی وهەرزەكاریـشی بەدەرنـەبوو لـەم ئاواتـە بـەرزە و هەمیـشە نەفسی وابـەباردەهێنا كاتـەكانی بەخوێندنـەوە و گفتوگـۆی بەسـوود پڕبكاتـەوە، ئەوبارەشی گرتبوویـە ئەستۆ یـەكجار قورس بـوو ،مامۆستایانی هـاوڕێی سەرەتا بۆچوونەكانیان هـەزم نـەدەكرد و ئـەوان جیـاواز بوون لـەم و لەگـەڵ ئاراستەی سەپێنراوی سـەردەمەكەیاندا ملیـان درێـژكردبوو ، ئـەو بۆچـوون و هەوڵانـەی مـەحموودیان بـەبێ هـوودە دەخەملاند و زۆربـەی كاتـەكانیان لەچاپخانە و ئیش وكاری بێكەڵكدا بەسەردەبرد...!!

غەمیـشیان لـەدەوری سـەری مـانگ و مووچـەكەیان دەسـوڕایەوە ، ئەمـەش خـاڵێكی كاریگـەربوو لەسـەر مـەحموود و ئەودەزگایـەی نـەوەی دواڕۆژ ئامـادەی وبوارەكـانی كۆمـەڵ دەكـات " چـۆن دەبێـت لـەناوەوە هەرەسی هێنابێت و ئاوا داڕماو و داڕووخاوبێت...؟!

ئەم حاڵـەش نائومێدیان نـەكردبوو ، سووربوو لەسـەر ئـەوەی كاربكات لەهاوەڵـــەكانی و بتوانێـــت هـــاودەم و هـــاوبیر لەنێوانیانـــدا دروســـت بكـات...بـەری ڕەنج و ماندووبوونیـشی بێبەرنـەبوو ، دوای بەگەڕخستنی ئـەو هـەموو كاتـە توانیبـووی مامۆستا رەئـووف ومامۆسـتا مەجیـدیان لێ پاڵفتـە بكـات و ئاشـنایان بكـات بـەو بیروبۆچوونەی لـەلای گەلاڵـەبووبوو و بەتونـــدی و پـــشت ئەســـتووری داكـــۆكی لێـــدەكرد و هـــەوڵی بلاوكردنەوەیدەدا...

لەقوتابخانەكەشـــدا ئـــەم ســـێ هاوەڵـــە وەك بەرەیـــەكیان لێهـــاتبوو ، مامۆســـتایانی دیكـــە قـــسەو وتـــەكانیان بەهەنـــد دەگـــرت و حـــسابێكی تایبـەتیان بـۆدەكردن... بەڕێوەبـەری قوتابخانەكە پیـاوێكی بەرژەوەنـدی پەرسـت بـوو ، پێـشتر لەگـەڵ ڕژێـم و دوای گفتوگـۆش لەگـەڵ شۆڕشـدا



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

تێکەڵبووبوو ، لەوجۆرە پیاوانەبوو کەوا با لەکوێوە بهاتایە ئەوا لەوێوە شەنیان دەکرد...!

هەمیشە بەدوای نکولی و ناتەواوی ئەم سێ مامۆستایەدا وێڵ بوو ، زۆربەی وانەکانیش لەپشتی دەرگای پۆلەوە گوێ قولاغ دەبوو تا بزانێت چی باس دەکەن بۆ قوتابییەکان ...!

ئەوانیش گوێیان پێنەدەدا و وانەکانیان بۆ ئەو نەدەبچڕی و، هەریەك لەبواری وانە و پسپۆڕیی خۆیەوە تێکەڵ بەجیهانی بێگەردی منداڵان دەبوو...

مەحموود لە وانەی ئایین و کۆمەڵایەتییەوە دەلالەتەکانی فیکری خۆی بۆ ڕاڤەدەکردن و منداڵانیش بەپەرۆشەوە گوێبیستی دەبوون ، زۆر لە وانەی پەروەردەدا پێناسەی چەمکی ژیان و بەرپرسیاریەتی بۆ دەکردن و هەوڵیدەدا رۆشنبیریان بکات سەبارەت بە هەڵس وکەوت و کات بەفیڕۆنەدان...

نەبوونی سەرچاوەی کوردیش گرفتێکی تربوو بۆی و بەتایبەت کتێبخانەی منداڵان زۆر بەکەمی خزمەت کرابوو ، شۆڕشیش ئەوەندەی گرنگی دابوو بە لایەنەکانیتر ئەوەندە گرنگی نەدابوو بەولایەنە و لای هەندێك مامۆستا بەتەواوی فەرامۆشکرابوو...

سەرگەردان بوون بەدوای پارە و بەرپرسیاریەتی پشکی شێری بەرکەوتبوو لە عەقڵیەتی کوردیدا و ، ئەلف و بێی کەسایەتی نەك دانەمەزرابوو بەڵکو بەخەیاڵیدا نەدەهات و مەسەلەیەك بوو نەترووکابوو لەهێلکەدانەکەی...!!

ئەم حاڵەش لەناوەندی ڕۆشنبیراندا بەربڵاوبوو ، خەڵکی سادە و نەخوێندەواریش گیرۆدەی دەستی دەیەها نەخۆشی بوون "



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**نەخوێندەواری ناڕۆشنبیریش دیار ترین و زەقترین دەردی کۆمەڵ بوو...!**

**ماموستاکانی هاوڕێی بەچەشنێکی زۆر سەیر بیردەکەنەوە و هەر ئاوڕیش نادەن بەلای چەمکە پەروەردەیی‌یەکاندا... مەخابن ... چ ڕۆژێکە تێیکەوتووین...سەد خۆزگە میللەت لەجیاتی شۆڕشی چەکداری شۆڕشی رۆشنبیری‌یان بکردایە و سەر لەنوێ هەوڵی داڕشتنەوەی کەسایەتی‌یان بدایە...ئاه... دەردی کۆمەڵ چەند کاریگەرە ...!! مرۆڤ کز و لاواز دەکات و دەیخاتە قەیرانێکی دەروونی سەختەوە...هەریەك لەو بەرپرس و ماموستایانەش بگریت ئەم بەیتە شیعرەی ئەحمەد موختار بەگی جاف دووبارەدەکەنەوە:**

**بخوێنن ،چونکە خوێندنە بۆ دیفاعی تیغی دوژمنتان**

**هەموو ئان و زەمانێ ، عەینی قەڵغان و سوپەرتانە**

**کەچی لەڕەوشتی ڕۆژانەدا پێچەوانەی ئەو دیدە دەوەستێت و سەرجەم هەڵسوکەوتەکانیان لەدەوری چەمکێکی سیاسی و بەرژەوەندی‌یەکی تاکەکەسی‌دا دەسووڕێتەوە...**

**رۆژێکیان لەژووری ماموستایان دانیشتبوون و هەریەك بەدیدێکەوە باسی بارودۆخەکەی دەکرد و قسەوگفتوگۆکانیان مۆرکێکی سیاسی‌ی وەرگرتبوو ، بەڕێوەبەری قوتابخانەکەیان بەتەوسەوە وتی:**

**ـ خەڵکێکی وا هەن دژ بە شۆڕش قسەدەکەن و خۆیان بەفەیلەسوف دەزانن...!!**

**ماموستا مەجید وتی:**

**ـ ماموستا هەرکەس خاوەن بۆچوونێکی تایبەتە و ئۆباڵی فیکر و بۆچوونی خۆی هەڵدەگرێت...**

**ماموستا ڕەئووفیش وتی:**



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ـــ هــیچ کــەس نکــوولّی لەشــۆڕش ناکــات و هــەموو بــەدڵ لەگــەڵ شۆڕشین...ئیتر دید و بۆچوونیشمان هەیە بەدەر لەبازنە و چوارچێوەی شۆڕش...وانازانم تاوان و گوناه بێت...

بەڕێوەبەری قوتابخانەکەش بەشێوەیەکی بنەبڕ وتی:

ــ بابە ئـەمڕۆ کـەی کـاتی ئەوقـسانەیە...؟! کـاتی ئەوەنییـە باسـی کەسایەتی و پەروەردە و نازانم ئەم قسانەی ئێوە دەیڵێن...

مەحمووديش وتی:

ـ هەرگەلێك خاوەن کەسایەتییەکی پتەو و داڕێـژراو نـەبێت ناتوانێـت لەئاســت مەســەلەکە گــرنگ و چارەنووســییەکان بڕیــاری کاریگــەر و هەنگاوی گەورەبنێت...

بەڕێوەبەرەکـەش زیـاتر پەسـت بـوو و ، نـە لـەم قـسەیەی مـەحموود تێدەگەیشت و نەلەگەڵ حەز و ئارەزووەکانیدا دەگونجا و وتی:

ـ نازانم ئێوە باسی چی دەکەن ؟!

مامۆستا مەجیدیش وتی:

ـ مەبەستی مامۆستا ڕوونە و تەم و مژ لەدەوری هەڵنەبەستراوە " ئێمـە ئێـستا خـەریکی پـەروەردەی منـداڵانین ، ئـەم پەروەردەیـەش دەبێـت بگـات بەهــەموو ئاســتەکان و بەناخیانــدا ڕۆبــچێت و کاریگەرییــەکی تــەواویان لەسـەر دروسـت بکـات " بەمـەش کۆمـەڵگا لەپـشێوی و داڕمانـەوە دەچـێت بەرەو بنیاتنان و دامەزراوی " ئەوسا تۆکمە دەبێت...

بەڕێوەبــەر لــەجیهانی بەرژەوەنــدی و ماددیاتــدا دەســووڕایەوە و بۆچــوونەکانی لــەهیچ کــام لــەو دیــدو بۆچــوونانە دەرنەدەچــوو ، مامۆستایەکی هاومەشرەبی خۆی فریای کەوت و وتی:



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ـ بابە توخوا سلاٌوات بدەن لەسەر پێغەمبەر(e) و ئەوباسە کۆتـایی پـیٚ بهێنن...!!

مـــەحموودیش دەرکـــی بـــەداماوی بەڕێوەبەرەکـــەی کـــرد و وەك وەلاٌمێکیش بۆ ئەو مامۆستایە وتی :

ــ بابـە خـۆ ئێمـە دامـان نەمەزرانـدووە ، مامۆسـتا دەردە دڵـی کـردو ئێمەش حەزمان کرد بەشداری بکەین و تیشکیٚ بخەینە سەر ئەم باسانەی لای بەڕێزی ڕۆشن ذیيە...!!

بەڕێوەبـەر بـەم قـسانە هەسـتی بـەدەروون شـکاوی کـردو ددانـەکانی جیڕکردەوە و وتی:

ــ ئەم بارە بەقسەی زل چارەسەرناکرێت...پێویـستی بـە تەقـەو شـەڕ هەیە...

ـ مەسەلەی ئێمە بەدەر لەشەڕ و پێکدادانە و ئەوەی تـۆ باسـی دەکـەیت مەسەلەیەکی ترە و ئەوەی ئێمەش مەسەلەیەکی جیایە لەوە...

ئنجـا زەنگـی ئامـادەبوون بـۆ پۆلـەکان لێـدراو هـەردوو لایـان بیٚـدەنگ بـوون و مـەحموود و مامۆسـتایانی هـاوبیری بەغـەم و پەژارەیـەکی زۆرەوە چوون بەرەو پۆلەکانیان .



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## ( 7 )

**سەركردایەتی شۆڕش نائومێدی ڕووی تێكرد و پەیتا پەیتا پێشمەرگە لەبارەگاكانیان مۆڵ دەبوون و جۆرێك لەبێداركردنەوە هاتبووبە سەریاندا...**

**لەسەرەتای ساڵی 1974دا شەڕ لەملاولا بەخەستی دەستیپێكردەوە و پێشمەرگە (ضدالجو)یان هێنا بۆ هەڵەبجە و پۆل پۆل خەڵكیشیان فێری ڕێنومایی‌یەكانی فریاگوزاری دەكرد...**

**هەر لەو كاتەدابوو قائمقامی هەڵەبجە بەرقیەیەكی دا بە حكوومەتی عێراق گوایە هەڵەبجە پەیوەندی بەحكوومەتی مەركەزی‌یەوە نەماوە بنكەیەكی شۆڕشە و پێشمەرگە دەیبات بەڕێوە...**

**ڕژێم واگومانی دەبرد بەم چوار ساڵە توانیبێتی هەستی كوردایەتی لاوازبكات و هێز و دەستەڵاتی بەئاسانی زاڵ بكاتەوە بەسەر ناوچەكاندا ، بەڵام هەرچەندی دەكرد و دەكۆشا هێزەكانی لەبەرامبەر هێزی پێشمەرگەدا خۆیان بۆ ڕانەدەگیراو لەبەرەكانی شەڕدا شكستیان دەخواردو بەژمارەیەكی زۆر كوژراو و دیلەوە تێك دەشكان ...!!**

**خوارەحم ئەوچوار ساڵە زۆر بەووردی و لەنزیكەوە شۆڕشی هەڵسەنگاندبوو ، بەڵام بەعەیبی دەزانی سەنگەر چۆڵ بكات لەكاتێكدا هەزارەها پێشمەرگە لەهەموو لایەكی كوردستاندا گیانیان بەخت دەكرد و لەماڵ و حاڵیان بووڕابوون و بێگوێدانە بەرژەوەندی‌یان گیانیان لەسەر دەستیان دانابوو ، ئیزگەی شۆڕشیش ڕۆژانە هەواڵ و باسی ڕاكردنی پۆلیس و فەرمانبەرانی حكوومی دەخوێندەوە و بە سروودی نیشتمانی هەست و نەستی خەڵكیان دەجووڵاند و زیاتر هانیان دەدان بۆ قوربانی دان و گیان فیداكردن...**



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ڕژێم لە هەریەك لەودوومانگەی سەرەتادا تەواو تێکشکابوو لەزۆربەی لاکانەوە تەنگی پێهەڵچنرابوو...

صەدام بەرنامە ڕێژییەکی وردی کردبوو بۆ قۆرخکردنی حوکمی عێراق و کەنارگیرکردنی ئەحمەد حەسەن " ماوەی شەش مانگێك دەبوو کۆمەڵەکەی ناظم گزار لەسێدارە درابوون و صەدام وەك پاڵەوانێك لەسەر شانۆی کۆماری عێراق دەرکەوتبوو... خەڵکی ئاشنانەبوون بەکەسایەتیەکەی و لەناو عەرەبەکانیشدا گومانیان هەبوو لێی ، تکریتیەکانیش بەتایبەت خزمانی ڕۆژ بەڕۆژ لەناو سیستمی حوکمدا پێیان ڕادەکێشا و پۆستەکاریگەرەکانیان دەگرتە دەست... بەنهێنی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتدا ڕێکەوتبوو ، دەبابەی ڕووسی و فڕۆکە و کلاشنکۆف و هەموو جۆرە چەکێکیان بۆ دەنارد و لەناوخۆی حیزبیشدا ئەوەی توانای قسەو پلانگێڕانی هەبووایە ئەوا یادووری دەخستەوە یاخود تیرۆری دەکرد...!!

خوارەحم لەبەرەی سەید سادق دووجار برینداکراو جاری دووەمیان زۆربە زەحمەت نەجاتی بوو ، هێنایانەوە بۆ ماڵی سۆفی و خزم و کەس دەوریان دا ، ئەویش باسی ئازایەتی و لێبڕانی پێشمەرگەی دەکرد بۆیان وهەمیشە دەیووت:

ــ وەڵڵاهی ئەو پێشمەرگانە ئەوەندە گیان فیدان ئامادەی هەموو قوربانی دانێکن... ئەگەر دەزانن چوون بەگژی چ سوپا و چەك و جبەخانەیەکدا ئەوا سەرتان سوڕدەمێنێت لێیان... هەریەك لەو پێشمەرگانە کێوێکی پۆڵاین و متمانەیەکی زۆریان بەشۆڕش و سەرکردایەتی هەیە...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئنجا بەدوور و درێژی باسی شەڕەکانی دەکرد و ئەوانیش گوێ قوڵاخ دەبوون و بەشانازی‌یەوە باسی شەڕەکانی دەگێڕایەوە...

شارەکەش بەتەواوی بەرگێکی چەکداری بەبەرداکرابوو... دەستە دەستە پێشمەرگە ڕوویان دەکردە چێشتخانە و کەبابخانەکانی شار و دوای حەوانەوەیان دەگەڕانەوە بۆ بەرەکانی شەڕ ...

خەرامانیش بەمنداڵێکەوە هاتبووەوە ماڵی باوکی، دوای ئەوەی بەکری مێردی لەگەڵ هاوڕێکانی بەرەو بەرەکانی شەڕ چوبوون...!!

ئامینەش تازە کچێکی بووبوو و ناویان نابوو ناسك ... مەحموودی مێردیشی بە مامۆستای‌یەوە خەریك بوو... ڕۆژانە لەدوو مەکتەب دەرسی دەوتەوە و ئێوارانیش چەند سەعاتێك لای مامەخواڕەحمی دادەنیشت و شەوانیش تانیوەشەو بەخوێندنەوەوە سەرقاڵ بوو...

شەوێك لەوشەوانەدا کتێبی (چیم دی) ی دەخوێندەوە و تەواو ڕۆچوبوو لەو ڕووداوانەی سەردەمی شێخ مەحموودا ، لێکچوانی ئەو ماوەیەی شۆڕشی کورد و باری شۆڕشی نوێی لێك دەدایەوە... پاش گوشینی مێشك و بیری لەڕووی نەفسی‌یەوە ، جەماوەری کوردی جێگەی پەسەند بوون نەبوو لای ... بەلاّم لەڕووی نێودەوڵەتی‌یەوە شۆڕش زیاتر ناسرابوو ، لەملاولاوە کۆمەکی دەکرا و سنوورەکانی ئێرانیش والآکرابوون و ڕۆژانە لەسەر مەرزەکانەوە یارمەتی و کۆمەك دەهاتن و خەڵکیش بازرگانی‌یان دەکرد و ئاڵ و وێڵی شت و مەکیان گەرم بوو ...

ئەو شەوە تا درەنگانێك بەردەوام بوو لە خوێندنەوە و بەراوردکردنی ڕووداوەکانی هەردوو شۆڕشەکە... کیژەساواکەشی لەپاڵ دایکی‌دا خەوتبوو... جاربەجارێك بیری لەئامینە و کیژەکەی دەکردەوە بە نەفسێکی ماندو و شەکەتەوە وێنای داهاتووی بۆ دەکێشان...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**بەلاّم تەوژمێکی قورس لەسەر نەفسی دەبوو بە بارو دەیەها پرسیار و ئەگەر زەق دەبوونەوە .... هەرکاتیش باسی داهاتوو بهاتایە ئیتر گیانی قورس دەبوو ، تەسلیم بەواقعێکی تالّ دەبوو... بەچاوی خۆی هەزارەها خێزانی دەربەدەر و سەرگەردانی دەبینی ... کوردستان تەواو شلّەقابوو... رۆژانە خەلّکی لە شارەکان دەسگیردەکران و ئاسەوارەکانی شەڕ و شۆڕ یەخەی بەهەموو خێزانێکی کورد دەگرت... ڕژێمیش هەرگیز بەتەمای ئەوەنەبوو کە جارێکیتر گفتوگۆ بکات و لەگەلّ شۆڕش تەبا و برایەتی بنوێنێ...!!**

**بەدەم ئەم خەیالّ و ئەندێشانەوە سەرگەرم بووبوو گوێی لەدەنگی دەرگای حەوشە بوو بەتوندی لێیان دەدا و لەپڕ ڕاچلّەکی...! دلّنیابوو لەوەی دەرگایە جارێکیتر بەتوندی لێیان دایەوە و ئەمجارە تەواو دلّنیابوو ، ئامینەش ڕاپەڕی و هەردووکیان ڕایان کرد بۆ لای دەرگای حەوشە، مەحموود بەشلّەژاوییەوە وتی:**

**ــ یا الله خێربێ... تۆ بلّێی بەم شەوە چی ڕووی دابێت...؟!!**

**کاتێ گەیشتە حەوشەی مالّەکەیان باوکی و سەرجەم ئەندامانی خانەوادەکەیان بەئاگاهاتبوون و هەموو پەشۆکابوون و بەدەم سەرسامییەوە چاوەڕێ بوون بزانن کێیە ؟!**

**پێش هەموویان سۆفی گەیبووە بەردەرگاکە و بەدەم زیکر و یادی خواوە** (یا حافظ المحفوظ)**دەرگای کردەوە و دوو پێشمەرگە وتیان :**

**ــ ئەمە مالّی سۆفی سالّحی سازازییە ...؟!!**

**بەسەرسامییەوە وتی:**

**ــ بەلّێ... بۆ...؟!**

**ــ بەکری حاجی سەیفە زاوای ئێوەیە ...؟وازییە ...؟!**



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ـ بەڵێ ....

ــ بریندارە و لەنەخۆشخانەیە ... !!

خەرامان گوێی لێبوو چونکە پێشمەرگەکان هاتبوونە نێو ماڵەکەیان و هەر کە ئەم هەواڵەی بیست پڕ بەدەم قیژاندی :

ــ تو خوا بەکر ماوە ...؟! بەوخوایە شتێکی لێهاتووە ...؟!

ئنجا ئامینە و دایکی هەموویان هێوریان دەکردەوەو پێشمەرگەکانیش بەردەوام دڵنیایان دەکردن و دووپاتی قسەکانی پێشوویان دەکردەوە ، هەربەو شەوەش خەرامان و مەحموود و باوکی چوون بۆ نەخۆشخانە ، بەلاّم قسەکەی پێشمەرگەکان تەنها بۆ ڕاگرتنی هەست ونەستیان بوو ، ئەگینا بەکر دوو ڕۆژبوو کوژاربوو لاشەکەی تا گەیەنرابوویەوە هەڵەبجە دوو ڕۆژی پێچوبوو... هاوڕێکانیشی ناونیشانی ماڵی سۆفییان دابوو بەمەفرەزەکانی ناوشار هەر بەوشەوە هاتبوونە بەر دەرکی ماڵی سۆفی و بەبیانووی بریندای هەواڵەکەیان پێ ڕاگەیاندبوون...

کۆستەکە گەورەبوو بەلای هەموویانەوە... بەتایبەت خەرامان...زۆر بەکری خۆش دەویست و ساتەکانی ڕابوردووی نێوانیان دڵیان داگیرکردبوو... مەرگی کتوپڕی مێردە خۆشەویستەکەی سوێیەکی وەهای گەیاندبوو بەدڵی ، ژنانی پرسەکە بۆیان دابین نەدەکرا و ئەوەندە موسیبەتەکە گەورەبوو لەسەری هەرچەند دەکۆشا لەبیروهۆشیدا جێگەی نەدەبوویەوە... بەدەم گریانەوە دەیووت :

ـ ئەو بەیانیەیە چووە دەرەوە زۆر کوڕەکەی ماچ کرد و قەیرێك لێی ووردبوویەوە... دوسێجار پێی وتم : ئاگات لێبێ و نازی بکێشە ...! نەبادا ئەمجارە دوابکەوم لەگەڕانەوەدا... ئاخ گەردەمزانی دەست بەرداری



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

نەدەبووم و بەندم دەکرد... چووزانم مەرگ پاڵی پێوە دەنێت و ئەجەلی هاتووە ...؟!!

ژنانیش بەسەرسامییەوە گوێیان بۆ دەگرت و هەریەك لەبەرخۆیەوە دەیووت : (( سبحان اللە ... کچێ بەخوا زانیویەتی ئەو منداڵە نابینێتەوە...!وەی باوکە گیان...! چەند داماوە ...! )).

ئەوەندەی تر جەرگی خەرامان دەهاتە کوڵ و هەناوی دەتوت ئاگری تێبەربووە... کەی چاوەڕێ بوو مەرگی بەکر ئاوا کتوپڕ دابێت بەسەریا و بەرزانی کوڕیان هەتیوو بێناز بکەوێ...؟!!

پێش ئەوەی ئەو ئەزموونە تاڵە بێت بەسەریا هەندێك جار لۆمەی ژنانی دەکرد کاتێ عەزیز و خۆشەویستێکیان بمردایە و بەدڵڕەق ناسرابوو ، زۆر بەسەر شیریندا هات کاتێ ئەرسەلان کوژرا و هەمیشە لەشیرین ورد دەبوویەوە و لاوازی و ڕەنگ هەڵبزڕکاوی جێگەی پرسیار و سەرسوڕمانیبوو...!!

بەڵام چەشتنی ئەو خەفەتە و لەدوورەوە سەیرکردنی بەئەندازەی ئاسمان و زەوی جیاوازییان هەیەو، ناکرێت چوون یەك بێت... ئای مردن چ موسیبەتێکی گەورەو گرانیت ، بەرد دەکەیت بە ئاو نەخوازەلاً مرۆڤ...! ئافرەتی داماویش لەم ولاّتەدا هەر بێوەژن کەوت ئەوا دەبێت بەجێگەی تەحا تەحای خەڵکی و هەریەك لەسۆنگەی خۆیەوە قسەدەکات و رەحم ناکات بەهەست و نەستی ئەو داماوەی کۆستی کەوتووە و شووی بۆ دەدۆزنەوە و بەهانەو بیانوویان بۆ دادەنێن " چۆن دەتوانێت بەتەنها هەڵبکات و یەکێك هاوکاری نەبێت...؟!!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ســـــۆفىی باوكیـــــشی وەك كـــــەس نیـــــە ، لەبیروبۆچـــــوونیدا و هەمیشە خەڵكی هان دەدات كچانیان بدەن بە شوو و بێوەژنیش لای ئەو شووكردنی بە پیرەمێردێك باشترە لەوەی بەتەنها بمێنێتەوە...

* * *

ماڵی باوكی بەكر لەهۆرێنەوە هاتن و لەخانووەكەی بەكر لای خەرامان جێنشین بوون ، ئەمەش خۆی بەگرفتێك دادەنرا بۆ خەرامان و چەند جارێك سۆفی ویستی بیهێنێتەوە " چونكە دوو كوڕی هەرزەكاریان هەبوو، مەحموودیش تەنها ئەوەندەی پێكرا لای باوكی فشار نەخاتە سەر خەرامان و زۆری بۆنەهێنێت... داماوە مێردی كوژراوە و ماڵی وێران بووە" سۆفی دەیویست بەم ڕەفتارە خۆی لەقسەو لۆمەی هاوەڵەكانی رزگاربكات و كارتێكی فشاریش بێت بۆسەر باوكی بەكر تا خەرامان بۆ یەكێك لەكوڕەكانی مارە بكاتەوە ...!

ئەو مەرامەش لای مەحموود هەر لەبنەڕەتەوە جێگەی بەرپەرچ دانەوەبوو ، عادەتێكی نالەبار و دواكەوتووی كۆمەڵگەبوو... زۆرجار لەوجۆرە حاڵەتانە ڕووی دەدا و ئافرەتی داماو لەژێر باری بەسووك سەیركردندا دەتلایەوە و هەستی برینداردەكرا و كەمترین بارێكیش ڕووبەڕووی ببوایەتەوە بریتیبوو لەوەی پیاوەكە نازونوكی دەكرد بەسەر ئافرەتەكەدا و گوایە ئەم ژن هێنانە بەزۆركراوەتە ئەستۆی و ڕازی نەبووە لەسەری و باجی حاڵەتێكی پاشا گەردانی و كۆنەپەرستی كۆمەڵگەیە دەیدات...!!

هێشتا دوومانگ بەسەر كوژرانی بەكردا نەگوزەرابوو ، هەریەك لەسۆفی و باوكی بەكر قسەیان جووت كرد و ڕەزامەندییان دەربڕی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لەسەر ئەوەی لەداهاتوودا کارێکی ئاوەها ئەنجام بدەن...!!

لەڕوانگەی ئەو گفت و گۆتەیەشەوەبوو سۆفی خەرامانی هێنایەوە و زەبر و زەنگێکی زۆری بەکارهێنا و تا ئەوکاتە سۆفی ئاوەها بەدڵ ڕەق نەناسرابوو لەناویاندا ...!

هیچ کەس نەیتوانی قسە لەقسەکانی سۆفیدا بکات ، تەنانەت میرزاش وەلاخراو سۆفی بەتوندی داکۆکی لە ئاکارەکانی کرد ، ئەو رۆژەش کاریگەرییەکی تایبەتی هەبوو لای هەموویان و دیمەنی گریان و فرمێسکە گەش و بەکوڵەکانی خەرامان هەموویانی هێنابوویە گریان و مەستی کردبوون...!!

جارێ باسی ئەوەنەکرابوو خەرامان شووبکاتەوە بەعوسمانی برای بەکر... زۆر قورس بوو ماڵ و لانەی هاوسەرداری بەجێ بهێڵێت... ئەوماڵەی یادەوەری خۆش و شیرینی تیادایە و هەر بەشێکی دەیبەستێتەوە بە ڕابوردوویەکی نزیکەوە و پیاوێکی زۆر مەزن و بیرفراوان ...ئەستەمە یادەوەری و گفتوگۆکانی لەبیربچێتەوە...!

گەرچی هەموو هاوسۆز بوون لەگەڵ خەرامان و ئێش گەییبوو بەدڵیان بەڵام کەس نەیدەوێرا بەئاشکرا خۆی هەڵقورتێنێ و سۆفی لێی توورەدەبوو، زۆر قورس بوو خەرامان بەتەنها بە دوو بوخچە جل و منداڵەکەیەوە لەوماڵە بێتە دەرەوە ...!!

خەرامان حەپەسابوو دەستکاری شت و مەکی ماڵەکەی نەکرد و ئەو گولانەی بەکر لەباخچە خنجیلانەکەدا بەیانیان ئاوی دەدا و ئەو جۆلانەیەی لەژووری دواوە هەڵیان واسیبوو و خەرامان سواری دەبوو بەکر پاڵی پێوەدەنا و بەدەم گوژمەوە قسەو گاڵتە و دەست بازییان دەکرد... ئەی بۆفیەکەشیان خۆ لەجێگەی خۆیدا بەجێمابوو...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

چێشتخانەکەشیان دەستکاری حاجەت و تەباخەکەی نەکرابوو... هەموو شتێ هەروەك خۆی بێدەستکاری مابوویەوە... دیمەنی خەسووشی لەبەرچاو بوو کاتێ خواحافیزی لێکرد و تێرگریا بەسەر بەرزانی کوڕەزایدا و کت و مت لەو ڕۆژە دەچوو کە بەکری تیا کوژرابوو...!

واشین و گریان دووبارە یەخەی پێگرتنەوە ، خۆ دنیا وێران نەدەبوو گەر لەماڵی خۆی هەڵیان نەفریواندایە ؟! بەڵام چی بڵێ لەگەڵ باوکی کە ئەوەندە ئەو مەسەلەیەی بەگرنگ گرتووە دەڵێی خەرامان نەشووی کردووە و نەمنداڵیشی خستۆتەوە و نەخاوەن ماڵێکی سەربەخۆ بووە...!!

سەکینی دایکیشی ئەوەندەی تر موسیبەتەکەی لەسەر قورس کرد و کاتێ بینی هاواریکرد :

ــ دایکت بمرێ ... ئای چۆن ماڵت کاول بوو ... ماڵت بوو بە سەرباری ماڵان...!!

ئیتر داماوە نەیتوانی فرمێسکەکانی ڕابگرێت و بەکوڵ و بەدەم هەنسکەوە شینی کۆستی بەکر تازەبوویەوە و ، واتەنها کەوت و ژیانی خۆشی لەگەڵ بەکر بەخاك سپێرا و جگە لە ئاه و حەسرەت و یادەوەری هیچیتری بۆ نەمایەوە... ئامینە زۆر دڵی پێ سووتا و درێغی نەکرد لەدڵنەوایی و بەدەمەوە هاتنی" بەڵام سوکنایی بەدڵیدا نەدەهات و بێنازی منداڵی هەتیوی و ماڵی وێرانی و دەروونی بریندار و زەبوونی نەبەقسە و نەبەدڵنەوایی سارێژ نەدەبوویەوە و جگە لەبەکر کەس نەیدەتوانی ئەو کەلێنەی بۆ پڕبکاتەوە گەر گەنجینەی دنیاش بڕێژن بەسەریدا ، ئەوا بەرامبەر ساتێکی بەکر ناوەستێتەوە ... !



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

راپۆرتـەکانی بـەرەکانی شـەڕ صـەدامیان نیگـەران و پەسـت کردبـوو... بەیـەك جـار لەشـەڕێکدا دوو هـەزار سـەربازی لەدەسـت دابـوو... ژمـارەی کوژراوەکان لەعەقڵ بەدەربوون و جێگەی بێزاری بوو...

قـەلآدزێ و هەڵەبجـە و پێنجـوێن و چـەندین شـار و جێگـەی تـریش مۆڵگەی شۆڕش بوون تا دەهات گورزی کوشندە و بەهێزیان دەوەشاند و لەپێگەیەکی بەهێزەوە شۆڕش شەڕی مان و نەمانی هەڵدەسووڕاند...!!

خـــەڵکێکی زۆر ڕوویـــان کردبـــووە قـــەلآدزێ و هەڵەبجـــە و ناوچـــە ســـنوورییەکان و ڕۆژانـــە کـــاروانی تێکۆشـــان دژ بـــە رژێـــم لـــە پەرەسەندندابوو...

شۆرشـیش جێگـەی ئومێـدی خـەڵکی کوردسـتان بـوو ، نزیکـەی پـەنجا هـەزار چـەکداری هـەبوو ، لەسـەر سـۆز و هەسـتی نەتەوایـەتی و بـەرگری کردن لەمافەکانی گەل کۆببووبوونەوە و چەکیان هەڵگرتبوو...

ئـەو ڕۆژە صـەدام زۆر نیگـەران و دڵتـەنگ بـوو... بـاری نـاو سـوپا و حیزبی تەخت وبێگرێ کردبوو ، هەمووشتێ بەدڵی خۆی دەچوو بەڕێوە جگە لە شۆڕشی کورد و بەرەکانی شەڕ و پێکدادان نەبێت...

لەتووڕەییـدا وا خـەریك بـوو ناڵـەی دەکـرد ، گۆچـانەکەی گرتبـوو بەدەسـتیەوە و دەیکێـشا بەزەویـدا ، ئـەو گۆچـانەی ڕەمـزی تۆڵەسـەندن و بالآدەسـتی بـوو لای صـەدام ...دەمێـك بـوو بـەو گۆچـانە بڕیـاری تۆڵـە سـەندنەوەی دابـوو لـە کۆمەڵگـە و بـێ ڕەحمانـە بـەربووبوو لـەگیانی هاوخەباتـەکانی و ڕەحمـی بەکەسـیان نـەکردبوو...! کـاتێکیش مەسـەلەی ڕەحم و سۆزی بدیایە ئەوا گاڵتەی پێدەهات و بەترسنۆك و بێدەستەلآت تەفسیری دەکرد...!!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

زەبر و زەنگ ناونیشانی حیزب و کەسایەتی صەدام بوون ، سۆز و رەحم بۆ تەنها ساتێکیش ڕوویان تێنەدەکرد و هەڵسوڕانی گۆچانە رەشەکە فەلسەفە و ئایدیای بەعسی نمایش دەکرد...!!

یەك دووجار دەستی نا بە جەرەسەکەی بەردەمیدا و خێرا ئەفسەرێك قوت بوویەوە ... بالأیەکی بەرز و جەستەیەکی کەتەو زلی هەبوو...

صەدام وتی:

- ڕاپۆرتی موخابەرات ئامادەیە ...؟!

ئەویش بێ قەید و شەرت یەکسەر وتی:

ـ قوربان هەموو دەزگاکان لەزووەوە ڕاپۆرتیان ناردووە و چاوەڕێ بووین بەڕێزت ڕێگەمان بدەیت تا بیخەمە خزمەتت...

ئنجا صەدام بیری کەوتەوە کە لەناڕەحەتی و بێتاقەتیدا داوای لێکردووە هیچ کەس لەدەرگا نەدات تا ئاگاداری دەکاتەوە... سەرێکی راوەشاند و وتی:

- خێرا بۆم بهێنە...

ئەفسەرەکەش سلأوێکی کرد و هەر زوو ڕاپۆرتەکانی لە فایلی تایبەتدا خستە بەردەمی ، لاپەڕەکانی یەك لەدوای یەك هەڵدەدایەوە و هەموو ڕووداوەکانی بیست و چوار سەعاتی رابوردووی دەخوێندەوە لەنزیکترین و ئاگادارترین سەرچاوەکە موخابەرات بوو ... کپ کردنی ناڕەزایی و نەیارەکانی جێگەی دڵخۆشی بوون و کەیفی دەهات بەو هەوالأنەی باسی پاکتاوکردنی خەڵکی نەیاری تێدابوو... ئەو خالأنەشی جێگەی پرسیاربوون بەقەڵەمە سوورەکەی خەتی لەدەور دەکێشا و نیشانەیەکی پرسیاری لەسەر دەنووسی...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

سێ چارەك بەڕاپۆرتی موخابەراتەوە خەریك بوو ، ئنجا ڕاپۆرتی ئەمنی هەڵدایەوە و بەووردی بڕگەکانی ئەویشی خوێندەوە و بەهەمان شێوەی ڕاپۆڕتی پێشوو بازنەی کێشا بەدەوری ئەو خاڵانەدا کە جێگەی پرسیاربوون لای و دواتر ڕاپۆرتی هەموو دەزگاکانی بەدوای یەکدا خوێندەوە... کاتێ سەری هەڵبڕی تەماشای کرد سەعات دوانزەی نیوەڕۆیە... دەمێك بوو لەسەر کورسیەکەی دانیشتبوو... ماندوبوون بەچاوەکانیدا دیاریان دابوو ... پاڵی دایەوە و قەڵەمەکەی دانا... گۆچانە ڕەشەکەی هەڵگرتەوە و بیری لەبەرەکانی شەڕکردەوە و پاش چەند ساتێك تەلەفۆنەکەی هەڵگرت و قسەیکرد لەگەڵ بەرپرسی هێزەئاسمانیەکان و وتی:

ـ ...ئەوشارانەی ژێر دەستەڵاتی یاخی بووەکان بەخەستی بۆردومان بکە... بەڵام پێش وادەی بۆردومانەکە ئاگادارم بکەرەوە ...

بەرپرسی هێزە ئاسمانیەکانیش لەتاو دڕندەیی صەدام هەموو گیانی دەلەرزی و بەڕەزامەندی و بێئەوەی داوای ڕوون کردنەوە بکات پشتگیری لەقسەکانی صەدام کردو لەبەڵێ زیاتر زمانی گۆی نەکردو بەلەخۆبوردنێکی زۆرەوە تەلەفۆنەکەی داخستەوە...!

ئنجا صەدام دەستی نا بە جەرەسەکەدا و ئەفسەرەکەی پێشوو هات بەدەمیەوە ، ئەویش بە فیزێکەوە وتی:

ـ ئوتومبیلەکە ئامادە بکەن ... تەلەفۆنێکیش بکە بۆ موخابەرات و ئەمن بڵێ جێگری سەرۆك نیوسەعاتی تر دێت بۆلاتان... هەردوای نیو سەعات تەلەفۆنێکیتر بکەرەوە و بڵێ سەردانەکەی دواکەوتووە و لەکاتێکی دیکەدا دێت...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

پاشان چەند فەرمانێکی تری دابەسەریدا و ئەویش لەبەردەستیدا بەشێوەی مرۆڤێکی بێگیان بوو " دەفتەرێکی بەدەستەوەبوو فەرمانەکانی دەنووسی و بەخێرایی قەڵەمەکەی بەسەر لاپەڕەیەکدا دەهێنا...!!

ئنجا بیری ئەوەی کەوتەوە خواردن ئامادەکراوە و وتی:

ـ قوربان نانی نیوەڕۆ ئامادەیە...

صەدامیش گۆچانێکی گەیاندە شانی و وتی:

ـ گێلە کەی فێر دەبیت ... من خواردن لەسەریەك لەوشوێنانەی خۆم ناخۆم... دەزانم خواردن ئامادەیە... کەی وتوومە ئامادەی مەکەن...ها... حەیوان... فێر نابیت... پێپەتی شوانی نابووت...!

ئەفسەرەکەش عارەقی ڕەش وشینی دەردابوو ، صەدام لەعۆجەوە هێنابووی پێشتر شوانی مەڕەکانیان بوو و، بەهۆی گەمژەیی و دڵسۆزی بۆیان کردبووی بەپاسەوان و لەویشەوە گەیاندبووی بەپلەی ئەفسەر ، ئەویش خۆی لەناز و نیعمەتدا بینیبووەوە و کێ شتی وای دەست دەکەوت ، تاکە کەسێك ئەوەندە لەجێگری سەرۆك کۆمارەوە نزیك بێت... ئەوەو تەنیا دیوارێکیان بەینە...ئەمیش ئەو هەموو ئەفسەرو ڕوتبە بەرزانە ملکەچی دەبن و هەزار واستە و بەرتیلی پێدەدەن بەڵکو لای صەدام شەفاعەتیان بۆ بکات یاخود ئیشێکیان بۆ ڕێك بخات...

کاتێ بیری لەژیانی پێشووی دەکردەوە و بەراوردی دەکرد لەگەڵ ئێستایدا گاڵتەی دەهات بەژیان و، لەبەرخۆیەوە دەیووت : ئای دنیا... ئەوەمن لەم حاڵەدام... وەڵڵا لەخەویشدا شتی وەهام بدیایە شێت دەبووم...دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر ئەوسا بیری جل وبەرگەکانی دەکرد و لەدڵی خۆیدا دەیووت : جا صەدام چی لەمن زیاترە... هەموو خەڵکی عۆجە دەیناسن کوڕی چ شەریفێکە...!! دنیای بێبار ئاوا بەرزی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

کردووەتەوە و هەر ئەو خەڵکانەی بەچاوێکی سووکەوە تەماشایان دەکرد ئــەمڕۆ قبووڵیانــە بەخزمــەتکاری بەردەگاکەشــیان پەســەندیان بکــات... دەســــتەڵات ئاوەهایـــە... زۆربـــەی ئـــەو خەڵکـــە لەبازنـــەی دەســــتەڵاتدا دەخولێنەوە و کێ پارە و دەستەڵاتی هەبێت ئەوا دەبن بەپیاوی ئەو...!!

ئەم خەیاڵانەی لێك دەدایەوە صەدام نەڕاندی بەسەریا :

ـ گێلە ئەوە چاوەڕێی چیت ونبە لەبەر چاوم...!!

بەملکەچیەوە سەلامێکی کرد و پاشە وپاش گەڕایەوە دوواوە ...!!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## (9)

خەڵكێكی زۆر لەناوچەكانی سلێمانی و خانەقین و كفری و سەرجەم كوردستانەوە ڕوویان كردبووە شاری هەڵەبجەو قەرەباڵغییەكی زۆر لەشاردا بەرپابووبوو... ناوچەكانی پێشمەرگە خەڵكیان دابەش دەكرد بەسەر ماڵاندا و هەرماڵێك چەند ماڵێكی گرتبوویەخۆ و خزمەتیان دەكردن و نان وجێگە و ڕێگەیان لەگەڵدا بەش كردبوون ... ئەمە جۆرێك بوو لە ڕێز و میوانداری كەلەخەڵكی هەڵەبجەدا ڕەنگی دابوویەوە و هەمیشە لانكە بوون بۆ لێقەوماو بەدەمەوە هاتنی خەڵكی بێنەوای كوردستان...

میرزا لەچایخانەكەی بەماتەمینییەوە دانیشتبوو لەگەڵ خەڵكی لێقەوماودا و گۆشەیەكی گرتبوو ، ئەحمەدی هاوڕێشی لەگەڵ سالاری كوڕی چا و ساردییان بۆ خەڵكەكە دادەناو ڕۆژانە چەند سندووقێك ساردییان سەرف دەكرد و بازاڕیان گەرم و گوڕییەكی باشی بەخۆوە بینیبوو...

دوو مامۆستا بەناوی محەممەد و جەلالەوە دانیشتبوون و خەڵكی خانەقین بوون ، ئەم دووانە لەو قوربانیانە بوون كە بەرشالاوی تەبعیس كەوتبوون و تەنها بەجل و بەرگیانەوە هەڵهاتبوون ، دەیەها كەسی دیكەش بەدەست ئەو جۆرە زوڵم وستەمەی بەعسەوە دەچەوسایەوە و لەماڵ و خاك و ئاوی باوباپیرانیان دەربەدەربووبوون...!!

میرزا لەنزیكەوە گوێی بۆ قسەكانی ئەم دووانە دەگرت و هەموو كاتێ باسی مەسەلەی كوردیان دەكرد و ئاوارەی ناوچەكانی تری كوردستانیش بەشدارییان دەكرد و چایخانەكەی میرزا بووبوو بەشوێنی باس و خواسە سیاسییەكان...

مامۆستا محەممەد دەیووت :



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ــ چـۆن لەپێـستی خـۆت نایەیتـە دەرەوە لـەخاك و ئـاوی باوبـاپیرت دەربەدەرت بکەن...؟!!

مامۆستا جەلالی هاوڕێشی دەیووت :

ـ ئەم سیستمە بەعسی‌یە بۆی بکرێـت هـەموومان لـەناودەبات و نـاوی کورد لەعێراقدا دەسڕێتەوە... !!

ئنجـا خـەڵکی بـەجیا باسـی مامەڵـەی نامرۆییانـەی ڕژێمـان دەکـرد لەناوچـەکانی کوردسـتاندا و هەریـەك کۆڵێـك زووخـاو و دەردەسـەری هەڵدەڕشت...

میرزاش هەستی کوردایەتی زیاتر گەرم دەبوویەوە و لەدڵا دەیووت :

ـ خۆ ئێمەش هەر لەو دەردەسەرییەدا دەژین... ئەوەتا مـن ماڵم وێـران بـوو...تاقـە کـوڕێکم هـەبوو ... ئـەویش بـوو بەسـاقەی ئـەم مەسـەلە کوردییە...! وەنەبێ ئێمە هیچمان نەکردبێت...!!

*    *    *

بـارودۆخی بـازاڕیش بـەم چەشـنە لەقەرەباڵغیـدا بـوو ، خـەڵکی ئامادەباشـی‌یان وەردەگـرت لەسـەر بـەرەنگاربوونی بـەعس " هـەبوو لەماڵەکەیدا لەسەر شێوەی (X) و(Z) ی ئینگلیـزی چاڵە تـەیارەی لێـدابوو، ترسی بۆردوومانی کوێرانەی فڕۆکەکانی بەعسیان هەبوو...

ڕادیـۆی دەنگـی کوردسـتان ڕۆڵێکـی کاریگـەری هـەبوو لەگـەرم کردنـی جەماوەر و ئامادەکردنیان بۆ قوربانی‌دان لەپێناوی مەسەلەی گەلی کـورد و ڕزگاربوونی لەستەم و چەوسانەوەی بەعس ...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ماڵی میرزاش وەك ماڵانی هەڵەبجە ماڵێکی خەڵکی سلێمانیان گرتبوویە خۆ و خزمەتیان دەکردن ، ماڵەکە پێکهاتبوون لەژن و مێردێك لەگەڵ سێ منداڵ " دوو کوڕ و کچێك... پیاوەکە فەرمانبەربوو لەیەکێك لە دائیرەکانی سلێمانی و هەستی کوردایەتی پاڵی پێوەنابوو لەژێردەستی حکوومەت هەڵهاتبوو بەماڵ و منداڵەوە و لەڕیزەکانی ڕێکخستندا کاری دەکرد...

هەموو شەوێك لەگەڵ میرزادا تانیوە شەو قسەوباسیان دەکرد و فاتمیش بەدیار سەماوەرەوە چای بۆ تێدەکردن . ئەم پیاوە یەکێك بوو لەوانەی وێڕای پشتگیری بۆ شۆڕشی کورد و بەشداری تێیدا بەحوکمی خوێندەوارییەکەی چەند کتێبێکی خوێندبوویەوە و سەرمەستی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی بوو... زۆرجار کەباسی ئۆتۆنۆمی دەکرا سینەی دەگیراو ناچاربوو دانبنێت بەڕەوتی گشتیی شۆڕشدا ، بەلاّم لەگەڵ میرزادا دادەنیشت و سەری زمانی و بنی زمانی هەر باسی دەوڵەتی کوردی بوو...

ئەم ئومێدەش لەدێرزەمانەوە لەدڵی هەموو خەڵکی کوردستاندا دەگەڕا و پارچە پارچەکردنی خاکی کوردستان و بەشکردنی هەرپارچەیەك بۆ ولاّتێك گەورەترین زوڵم و ستەم بوو بەرامبەر گەلی کورد و زیاتر مەسەلەکەی شێواندبوو...!!

هەریەك لەوپارچانەش گیرۆدەی دەستی حوکمی ولاّتێك بوون و مامەڵەیەکی دڕندانەیان لەگەڵ پیادەکردبوون...! هەگبەی مەرگەساتی کورد پڕبوو لە ڕووداوی دڵتەزێن و نامرۆیی و ڕۆژانە مەرگ یەخەی پێدەگرتن و سیناریۆیەکی خوێناوی ڕێچکەی بەستبوو ... تەنها زاڵم و ستەمکارەکان ڕەگەز و ناسنامەیان دەگۆڕا...! ئەگینا هەمان زوڵم و



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ســـتەمیان هـــەبوو... هۆکـــارو لەمپـــەری زۆریـــش دانرابـــوو لەبـــەردەم یەکگرتنەوەی پارچەکانی کوردستان و ، سەرکردایەتی شۆڕش ناچاربوو ئـالأی بـەرەنگاری پارچـەیەکی کوردسـتان هـەڵبگرێت...! سـەدان کۆسـپ لەبەرپێی هەڵتۆقی بوو و مەسەلەی گەلی کورد لەچوارچێوەی ئۆتۆنـۆمی دا قەتیس کرابوو...

مـیرزا زۆر کـەیفی بـەم قـسانەدەهات و بەسـادەیی خـۆی پرسـیاری ئاراستەی کاك نەبەز دەکرد ، بۆ نموونە جاری وا هەبوو نەبەز دەیگووت :

ــ کوردسـتان یـەك پارچـەیە و دەبێـت سـەد ساڵی تـریش بێـت یـەك بگرێتەوە...

مـیرزا لەگـەڵ لێکدانـەوەی بـۆ حـاڵی کـورد دوای دەوڵـەت سـینەی والآدەبوو و دەیووت:

ـ ئەم قسەیەی تۆ ئاواتێکی دێرینـی هـەموو کوردێکە بەلأم چۆن ئەو سنوورانە دەستکاری دەکرێن؟!!

نەبەزیش دەیووت :

ـ میرزا لەسیاسەتی نێو دەوڵەتیدا کارێکی ئاسانە ...پاکستان لـەپاڵ هنـدا بـوو... بەرژەوەنـدی نێودەوڵـەتی خوازیـاری دروسـتکردنی دەوڵـەتێك بـوو بـۆ موسـوڵمانەکان و ملیـان بەهنـد کەچـکرد دان بنێـت بـەو واقیعـەدا و نکـووڵی نـەکات... بـەنغلادش و... چـەندەها ولأتـی ئاسـیاو تەنانـەت ئـەورووپاش ، هـەموو ئـەم مەسـەلانە ئەسـتەم نییـە لەدەفتـەری جوگرافیـای سیاسی ناوچەکەدا...!!

میرزا بەم نموونانە قەناعەتێکی بۆ دروست دەبوو لەپڕ دەیپرسی :

ــ ئەی باشـە شـۆڕش بـۆ کتومـت ئـەو دروشـمە بەرزناکاتـەوە و بەیـەك جار داوای ئەوەناکات ...؟!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

نەبەزیش بزەیەك دەیگرت و دەیووت :

ــ میرزا تۆچی دەڵێیت... شۆڕش لەئێرانەوە کۆمەك وەردەگرێت... یانی گەر خەباتی لەچوارچێوەی کوردستانی عێراق بباتە دەرەوە ئەوا گشت کۆمەکێکی لێدەبڕێ و دەیسپێرێت بەڕژێمی عێراق... شتیوا مەحاڵە ئێستا بکرێت...

میرزا وەك داوی مەسەلەکەی دۆزیبێتەوە دەیووت :

ــ یانی ئەو قسانەی جەنابت هەر قسەن ، یا با بڵێن ئاواتێکی دێرینن...؟!

ــ نا ...نا... هەر قسەنین ...

ــ چۆن هەر قسەنین ... تۆ دەڵێیت مەحاڵە شتیوا...؟!

ــ ئەم مەسەلەیە کێشەی هەموو کوردێکە لەکوردستان و شەو و ڕۆژ خەوی پێوە دەبینن... ئیرادەیەکی بەهێزی دەوێت ، ئەوجا ئەوسنوورە دەستکردانەی ئیمپریالیزم دروستیان کردووە دەڕمێن و کوردستانێکی یەك پارچە دروست دەبێت...

ــ بەخوا مامۆستا ئەوەی تۆ دەیلێیت مەحاڵە...

ــ بەڵکو بلێ چارەسەرێکی بنەڕەتیيە بۆ کێشەی کورد و مەرگەسات و جینۆساید کۆتایی پێدێت...

ــ باشە ئەو حکوومەتانە ڕازی دەبن...؟ ئەوەتا ڕژێمەکانی عێراق چەن ساڵە لەگەڵ ئێمە دەجەنگن... ئۆتۆنۆمیشمان پێ ڕەوا نابینێت ئیتر دەوڵەتی چی و شتی چی ، بابە هەڵگرتنی بەردی گەورە نیشانەی نەهاویشتنیەتی...!!

ــ ئاخر میرزا گیان ئێمە گیرۆدەی دەستی ئەوەین نازانین چیمان دەوێت و هەریەك لەگۆشەنیگایەکەوە بۆ ئەم کێشەیەدەڕوانێت و زۆرجار



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

سەوداگەری بەسەرەوە دەکرێت...!

ـــ مـەحموودی زاوای ئێمـە دەڵێـت داڕشـتنەوەی کەسـایەتی یەکـەم هـەنگاوە بـۆ دامەزرانـدنی پێگەیـەکی پتـەو لـە داهـاتوودا بـۆ دەوڵـەتی کوردی...

نەبەز لە باسکردنی میرزا بۆ مەحموود بێداردەبوویەوە ودەیووت:

ـــ ئـەو قـسەیەی مـەحموود مـن زۆر لێـی وردبوومەتـەوە و منـیش قەناعـەتم بەقـسەکەی هەیـە وەك بنەمایـەك ، کـورد بێـدیاری کردنـی ڕەهەندەکانی کەسایەتی ناتوانێت لەسەر پێی خۆی بوەستێت...!

ـــ هەیشە دەڵێت ئێمە لەم پارچەیەی کوردستان ئۆتۆنۆمی بەدەست بهێنین حەقمان چییە بەسەر بەشەکانی کوردستانەوە هەریەك باکێشەی خۆی چارەسەربکات...!!

ـــ ئەمـــەش بۆچـــوونی ســـەرکردایەتی شـــۆڕش و زۆرینـــەی سەرکردەکانیەتی...

ـــ لەملاشـەوە بۆچـوونێکی دیکـە هەیـە کێـشەی کـورد دەبەسـتێتەوە بەکێـشەی گـەلی عێـراق و چـینی چەوسـاوەوە و لەدیـدێکی مارکـسیزمەوە بۆی دەڕوانێت ...

ـــ ئـەمیش شـیوعیەکانن و ئـەو بیردۆزەیـەی پێیانـە و بەگۆچـانێکی سیحری دەزانن ......!

ـــ ئێمـەش وامـان لێهـاتووە دەردی کـورد دەڵێـت نـازانین ڕووەو کـوێ شایەتومان بهێنین ...؟!!

نەبەز تەخت دادەنیشت و دەیووت :

ـ میرزا خۆت چەواشە مەکە... گرنگ ئەوەیە دڵسۆزبین بۆ ئەم گەل و نیـشتمانە و لـەم قۆناغـەدا بەهـەموو تواناکانـەوە پـشتگیری لەشـۆڕش



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بكــەين... هــەر دوو دڵــی و گومــانێكیش ڕوومــان تێبكــات دەبێــت زوو لەناوی بەرین و ڕیشەكێشی بكەین... زرووفەكەمان ناسكە و دوژمـن چـەند هەزار مەترێك لێوەمان دوورە ...

ــ جا قوربـان خـەڵكی كوردسـتان هـەموو دەرك بەوەدەكـەن و سـەرەڕای جیاوازی بیرو ڕایان لەدەوری سـەركردایەتی شـۆڕش كۆبوونەتـەوە و كـەس پێچەوانەی شۆڕش ناجوڵێتـەوە... فەرمایشتی جەنابتـە ... شـەڕی مـان و نەمان دەكەین ...

قسەوباسەكان جار لەگـەڵ جار لەنێوانیانـدا بـەم چەشـنە گـەرم دەبـوو، تەنانەت منداڵانیش بەگرنگیەوە گـوێ قـوڵاخ دەبـوون بۆیـان و ئاواتـەكانیان وابەستەی شۆڕش  و هێزی پێشمەرگە دەكرد...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

( 10 )

لــە 1974/4/24دا فڕۆکــەکانی بــەعس دوای ئــەوەی پیلانێکــی دڕندانەیان کێشا دژ بەکورد شاری قەڵادزێ یان بەخەستی بۆردومان کرد ، خــەڵکێکی زۆری بێتــاوان شــەهیدبوون... بۆردومانەکــە کوێرانــەبوو... مەبەستی سەرەکی خاپوورکردنی شاربوو بەوخەڵکەوە کەڕوویان کردبووە ئەوێ ، هــەواڵی ئــەم بۆردومانــە خــەڵکی شــاری هەڵەبجــەی هەژانــد ... ئــەو ئێوارەیە مامۆستایەك بەئۆتۆمبیلەکەیەوە دەگــەڕا و هــەواڵی بۆردومانەکــەی بڵاودەکردەوە ، لەگەڵیشیدا خــەڵکی هۆشیار دەکردەوە چی بکــەن لــەکاتی هێرشی فڕۆکە " لە کردنەوەی پەنجەرەکان و پاراستنی ئاسایشی شار...

خــەڵکی لەچــاوەڕوانییەکی وردا دەژیــان ، و دڵنیــابوون شــاری دووەم دوای قــەڵادزێ هەڵەبجەیــە... هەربۆیــە پەیتاپــەیتا بەســواری مەکینــە و ئۆتۆمبیــل و پیــادە شــاریان بــەجێ دەهێــشت و یــان بــەرەو تەوێڵــە یــاخود ئەوگوندانەی دەوروبەری شار ڕەویان دەکرد...

کــۆڕەوێکی جــەماوەری دروســت بووبــوو... دیاردەکــانی شــێواندن و بۆردومان لەئاسۆی شارەوە دەردەکــەوت و بۆجارێکیتر هــەواڵی مــەرگێکی نــوێ قــەتارەی بەســتبوو... ! خــەڵکی دامــاوی و کــۆڵ بــەکۆڵی و دەربەدەرییان کردبوو بەبەشێك لەژیانیان لێیان جیانەدەبوویەوە ...!

خانــەوادەی ســـۆفی و مـــیرزا هێـــشتا لەشـــاردا مابوونـــەوە و لەچاودێرییەکی کوشندە و تــرس ئامێزدا دەژیــان... ! ڕەنگــی هــەموویان لێوبەباری و تۆقاندنی پێوەدیاربوو...! زۆربەی دراوسێکانیان هــەڵهاتبوون و لەشار دەرچووبوون...!

مــیرزا بێزاربــوو لــەوەی بــڕوات و لەڕاستیــشدا نەیــدەزانی ڕوو لــەکوێ بکات بەچوار ئافرەتەوە " بارێکی قورس و گران بوو... لەبارێکی دەروونی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئاڵۆزا دەژیا و لەداخا لەبەرخۆیەوە دەیووت :

ــ یاڵڵای دەکرد هەموو تەفروتوونا دەبووین و نەجاتمان دەبوو لەم ژیانە و دەمردین ...!!

ئەوڕۆژەشی وەك ڕۆژانی دیکە چایخانەکەی کردەوە و تاك و تەرا خەڵکی ڕوویان تێدەکرد لەم لاو لاوە ، بەڵام چۆڵ بوونی شار دیاردەیەك بوو بەئاشکرا بەرچاو بوو نەدەشارایەوە...! ئەوانەشی مابوونەوە لەدڵە ڕاوکە و دوودڵییەکی کوشندەدا ساتەکانی ئەو ڕۆژەیان بەسەر دەبرد ...

سالاری کوڕی ئەحمەدی شەریکی کەمنداڵێکی دەساڵان بوو باسی (ضد الجو)ەکەی دەگێڕایەوە چۆن شوێنی کەوتوون و دەستیان لێداوە، بەشانازییەوە قسەی دەکرد و لەناکاوهاتە بەردەم میرزا و وتی:

ــ مامە میرزا دوێنێ ڕامان کرد بەدوای (ضد الجو)دا و تا دەستم لێنەدا نەگەڕامەوە... دەڵێن فڕۆکە ناتوانێت بۆردومان بکات و دەیخاتە خوارەوە...!

میرزاش دەستێکی بەسەریا هێناو بۆ دڵنەوایی ئەم منداڵە وتی:

- ڕاستە کوڕی خۆم ... فڕۆکە ناتوانێت بۆردومانی هەڵەبجە بکات...!

ئەو ڕۆژە میرزا تا ئێوارە بەدیار چایخانەکەیەوە بوو ، بۆ ئێوارە گەڕایەوە ماڵەوە و تەماشایکرد فاتمی خێزانی تەواو پەل و پۆی شکاوە و بەترسەوە دانیشتووە بەتایبەت دوای ئەوەی ماڵی کاك نەبەز ڕۆیشتبوون بەرەو تەوێڵە ، ورەی ئەوانیکەشی دابەزاندبوو... بەجەستەیەکی لەرزۆك و دەنگێکی بچڕبچڕو نووساوەوە وتی:

ــ میرزا گیان خەڵکی هەموو ڕۆشتن هەر ئێمە ماوین ... ئەم گەڕەکە دەڵێی بایە قوش بەسەریا خوێندوویەتی... !!

لەدڵەوە میرزا تـــــرسێکی هەبوو بەڵام بۆبەرزکردنەوەی ورەی فاتم و



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئەوان وتی:

ـــ کــورە ئــەوانیش هــەموو دەگەڕێنــەوە... بۆردومــانی چــی و شتیـچی...ئـەوەتا (ضـد الجـو)یـان دانـاوە و چـۆلەکەش بەئاسمانـەوە دەخاتە خوارەوە نەك تەیارە...!

نازداریش تازەپێدەگەیی و لەشێوەدا دەچوویەوە سەر ئامینە و وتی:

ـ بابـە بۆچـی نەچین بـۆ مـاڵی دادە ئامینـە... ؟! بـا تـەنها نـەبین لـەم گەڕەکە چۆڵەدا...!

ئـەم قسەیەی پێخـراپ نـەبوو بـەلاّم بـیری کەوتـەوە ئـەوان قـەرەباڵغن و جێگە و ڕێیان نىیە و وتی:

ـ کچم جێگە و ڕێ یەکی وایان نىیە و بۆ ببین بەبار بەسەریانەوە ... دانیشن بەڵکو خوای گەورە لەلایەکەوە دەروویەکمان لێبکاتەوە... !

شیرین بۆ پشتگیری قسەکانی خەزووری وتی:

ـــ کـورە لەوانەیـە حکوومـەت بزانێـت شـار چـۆڵ بـووە و قەسـفی چـی دەکـات....؟! ئەجـەلمان هاتبێـت ئـەوا دەمـرین و ئەجەلیـشمان نـەهاتبێت دەمێنین...!!

لــەم قــسانەدابوون مــەحموود لــەدەرگای دا و ئــەوانیش هــەموو وەك دەروازەیـــەکیان لێکرابێتـــەوە ئـــاوابوو ، مـــەحموود هـــاتبوو پێیـــان ڕابگەیەنێت کەوا سبەینێ دەچن بۆسازان و چەند شەوێك لەوێ دەمێننـەوە تا ئەو بەزم و هەرایە دەنیشێتەوە...

مـیرزا تاڕادەیـەك قـسەکانی مـەحموودی پێبـاش بـوو ، مـاڵ و منـداڵ هەموو دەترسان و چارەسەرێکی کاتی بوو بۆ ئەو تـرس و بیمـەی هـاتبوو بەسەریاندا... بەلاّم بۆ خۆی چایخانەکەی بەبەهانەگرت و وتی:



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ــ با ئـەمان بـێن لەگـەڵتان... مـن لێـرە دەبم و ئەحمـەدی شـەریکم دەمێنێتـەوە و منـیش لەگـەڵ ئـەو دەبم... ئاگایەکیـشم لـەم مـاڵ و حاڵـە دەبێت...

مـــەحموود زۆر هەوڵیـــدا لەگـــەڵ مـــیرزا بـــەڵام ســـوودی نـــەبوو ، هەرسووربوو لەسەر قسەکانی و لەکۆتاییدا وارێکەوتن بەیانی زوو لەگەڵ شەبەقدا بەسواری مەکینەیەك شاربەجێ بهێڵن ...

*     *     *

ئـەو شـەوە تـانیوە شـەو خـەو نەچـووە چـاوی هـیچ کـام لەئەنـدامانی خانـــەوادەی مـــیرزا و ســـۆفی و ، لەدڵەڕاوکـــە و چـــاوەڕوانیدا لەســـەر جێگـەکانیان تـەپ وتلیـان دەکـرد ... بـۆ بـەیانی مەکینەکـە هاتـە بـەرماڵی سـۆفی و لەوێـشەوە هـەموویانی هـەڵگرت و لـەژێر نمـەی بارانـدا کـە بەهێواشی دەباری شاریان بەجێ هێشت...

رێگـەی تەوێڵـە و گونـدەکانی دەوروبـەر جمـەی دەهـات و، هەنـدێك... شەوان دەگەڕانەوە بۆ شار و بەیانیان زوو شاریان بەجێدەهێشتەوە...

خەڵکی زۆر نیگەران بوون بەو بارودۆخە و لەدڵەوە هەستیان بـەبێزاری دەکـرد لـەو چەشـنە ژیانـەی تێـی کـەوتبوون... لەوکاتـەوە فامیـان کردبوویەوە هەر لەشەڕو شۆڕ و تەق و تۆق و کوشتاردا دەژیان ...

گـــەربێت و تەماشـــای ڕوخـــساری خـــەڵکی بکرایـــە بێـــزاری لێ دەخوێندرایـەوە و، هـەموو برینـدار و زامـداربوون و بـەدوای دەروازەیەکـدا دەگـەڕان لێـوەی دەربـچن و دوور لەشـەڕ و تەقـە و چەکداری بژین ...بـەڵام بەدرێـژایی سـاڵانی پێـشوو ئـەم ناوچـەیە هـەر جێگـەی شـەڕ و پێکـدادان و



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

کوشتار و دەربەدەری بوو... نەوەکان یەك لەدوای یەك باسی مەرگەسات و ناسۆرییەکانی ژیانیان بۆ منداڵەکانیان دەگێڕایەوە... داستانی مەرگ ئەڵقەیەکی گرێدراوی خوانی دانیشتنەکان بوو...!! چەرخی سەردەم ناسۆری بۆ کورد بەتایبەت و هەڵەبجە و دەوروبەری هەڵگرتبوو...!!

دەمە و ئێوارە دوو فڕۆکەی ڕەشی چڵکن هاتنە سەر ئاسمانی شار و لەسەنتەری شارەوە پیایدا هاتن و تاگەیشتە دادگاو ماڵەکانی حاجی فتح الله ... ناپاڵمی چەند جارێك بەردایەوە و هەرلەوێدا پەنجاو پێنج کەسی شەهید کرد...!

میرزا لەچایخانەکەی بوو ... قەسفەکە پارچەی گەییە بەر دووکانەکانی ئەوان و ئەوەی لەویادابوو بریندابوون ، دەنگە عەبووس و زلەکەی ناپاڵمەکان مێشکی خەڵکی شڵەقاند و شووشە و دەرگای نزیك ناوچەی بۆردومانەکە ورد و خاش بوو " هاتە خوارەوە ...!!

سالاری کوڕی ئەحمەدی شەریکی میرزا لەتاوا ڕای کردبوویە ناو خەڵوزانی چایخانەکەوە و میزی کردبوو بەخۆیدا ...!!

میرزا و ئەحمەد بریندابوون و زامەکەی میرزا شوێنێکی زۆر کاریگەری گرتبوو...!! چاوێکی بەخەستی خوێنی پیادەهاتە خوارەوە و هەموو وایان دەزانی دوایی میرزابێت و لەگیانەڵلادابێت...! بەلاّم میرزا خاوەن غیرەتێکی زۆر گەورە و بڵندبوو ، بەوحاڵەوە هەستایە سەرپێ و دەستی گرت بەچاوە برینداەکەیەوە و بەئەحمەد و ئەوچەند کەسەی دەرەوەی وت :

ـ شوکر هەموو سەلامەتن ...؟!

هەریەکەیان لەژێر کاریگەری ڕووداوەکەدا دەتلایەوە و بەڕەنگێکی هەڵبزڕکاوی سپییەوە بۆیەکتریان دەڕوانی و بەپەشۆکاوییەوە وتیان :



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ـ برینداربووین...

جگـه لـەو منداڵـەی ئەحمـەد نـەبێت هەمووبرینـدار بووبـوون ، بینینـی خـوێنیش هـەموویانی تۆقانـدبوو ، چـەند سـاتێکی کـەمی بـرد و بـەجێبێك بردیانن بۆ تەوێڵە تا تەداویان بکەن ...

لەڕێگـە بـەدەم ئـێش و ئـازاری برینەکانیانـەوە دەیـان ناڵانـد و مـردن لەبیروهۆشیاندا سەری دەرهێنابوو و بەجیا بەرجەستەیان دەکرد ...

جـاری وا هـەبوو وەسـیەتیان دەکـرد ، هەنـدێ جـاریش لەبـەر ئـێش و ئازار و ناڵـە و نرکـەیان لێـوە دەهـات و کـابرای شـۆفێری جێبەکـەش لـەتاوا توند ئوتومبیلەکەی لێدەخوڕی و بەپرتاو ڕێگەوبانەکەی دەبڕی ...

بـاران نم نم دەبـاری و شـار کـش و مـاتی پێوەدیـاربوو ... جەسـتەی مردووەکـانیش لەپـشتی مەکینەیەکدا هەڵچنرابوون و کەسـوکاریان شـین و واوەیلاوگریانیـان بـۆ دەکـردن ... کـۆڵان و بـازاڕی شـاریش تـاك و تـەرا خـەڵکی تیـادەبینرا ... مەگـەر یـەکێك پیربوایـە یـاخود توانـای نەبوایـە بڕوات... شـەوانیش شـار دەت وت شـاری دێـوە زمـە و جنۆکەیـە و ورتـە و ترووسکایی تیا بەدی نەدەکرا ...!!

ئـەم بۆردومانـە زیـاتر خەڵکەکـەی پەرتـەوازەکرد و هانـدەرێك بـوو بـۆ ئەوەی بەرەو ئۆردوگاکانی ئێران کۆچ بکەن .... !



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com





PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# (11)

هەشت ڕۆژ بەسەر بۆردوومانەکەی هەڵەبجەدا تێپەڕی و بنەماڵەی میرزا هەواڵی بریندار بوونەکەیان بیست ، بەلای هەموویانەوە زۆر سەخت و کاریگەربوو ... لەگوێسەبانەی ماڵی خزمێکیاندا هەموو دانیشتبوون کاتێك یەکێك لەهەڵەبجەوە هەواڵەکەی بۆهێنان و هەموو ترسان میرزا کوژرابێت ، بەڵام کابرا دڵنیای کردن لەوەی زیندووە و لەنەخۆشخانەکەی بیارەیە ...

مەحموود و سۆفی بەرێ کەوتن بۆ بیارە و ئافرەتەکانیان لەگوندەکە بەجێ هێشت ... خزمەکانیان زۆر هەوڵیان دا بچن لەگەڵیان بەلام سووربوون لەسەر ئەوەی بەتەنها بچن و کەس لەگەڵ خۆیان دا نەبەن و سوپاسێکی بێ پایانیان کردن لەسەر بەدەمەوە هاتنیان و مەحموود بەلێبوردەییەوە وتی :

– ئێمە زۆر سوپاستان دەکەین ... ڕۆژەکە ڕۆژی ئەوەنییە و لەهەموو لایەك تەق و تۆقەو، پێویست ناکات بێن لەگەڵمان ...

بەجێیێك تا هەڵەبجە هاتن و لەوێشەوە نەوەستان و تاگەیشتنە بیارە، میرزا یان بینی ئەوسا بڕوایان کرد نەکوژراوە و بەپەرۆش و دڵسۆزییەوە باوەشیان پیاکرد و لەتاوا دەستیان کرد بەگریان ....!!

میرزا چاوێکی لەدەست دابوو ، بەکەساسی و بەتەنها لەسەر جێگەیەك دانیشتبوو ، خەڵکی برینداریش هەموو خزم و کەسیان بەدەوریانەوە بوون جگە لە میرزانەبێت ، بۆیە کاتێ سۆفی و مەحموودی بینی ڕووی گەشایەوەو وتی :

ــ کورە دڵم تەقی بەتەنها ... لەدوێنێوە چاوەڕێ بووم یەکێکتان بێن...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئەوانیش زۆر دڵسۆزبوون بۆ میرزا و بەدڵێكی پەرۆشەوە وتیان:

ــــ وەڵلاهــــی هــــەر لەگــــەڵ بیــــستمان خۆمــــان پیٚڕانــــەگیرا و خێراهاتین...خزمانیش زۆر هەوڵیاندا بەلاّم نەمان هێشت ...

ئنجا میرزا هەواڵی منداڵەكانی پرسی و ئەوانیش دڵنیایان كردەوە لەباشییان و غەم و پەژارەی ئەوانیش بۆ میرزا ...

دوو ڕۆژ لە بیارە مانەوە و دواتر هەرسێكیان گەڕانەوە بۆ هەڵەبجە ، شار زۆر چۆڵ و كش و مات بوو ، خەڵكی هەریەك سەری نابوو بەلایەكەوە و شەڕیش لەچڵەپۆپەدا بوو ...

ڕۆژانە پێشمەرگە دەكوژران و جەنازەكانیان دەهێنانەوە ... خوارەحم چووبوویەوە سەنگەر و خەمیان بوو شتێكی لیٚ بێت ...چارەنووسی خۆشیان هەروا بەڕێوە نەدەچوو ، پێشبینی شەڕێكی درێژخایەن دەكرا و هەروا بارەكە بەئاسانی نەدەكەوت بەلایەكدا ...

شەوێك هەرسێكیان لەهەڵەبجە مانەوە و زۆر تاتووتویٚی بارو دۆخەكەیان كرد و لەئەنجامدا لەسەر ئەوە ڕێكەوتن بچن بەدیوی ئێراندا و وەك خەڵكی ئاوارەی كوردستان لەئۆردوگایەك جێنشین بن تا وەزعەكە بەبارێكدا دەكەوێت ...

سەرەتا بڕیاریان دا لەگوندی سازان بمێننەوە ، بەلاّم سەختی گوزەرانی خزمەكانیان و كزی سەرچاوەی بژێوی وەهای لێكردن لەو ڕایە پاشگەز ببنەوە و بڕیارەكە بگۆڕن...

خەڵكێكی زۆریش گەیشتبوونە ئۆردوگاكان و لەم لاو لاوە هەڵهاتبوون لەستەم و زوڵمی بەعس ، هەموو ئومێدیان بەوەهەبوو شۆڕش بەسەر حكومەتدا زاڵ ببێت و بارەكە لەبەرژەوەندی كورد دوایی بێت...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

هیچ كات لانەی كوردان ئەوەندە گەرم و گوڕی و یەكپارچەیی بەخۆوە نەدیبوو ... باڵەكانی شۆڕشی كوردی یەكیان گرتبوو ...پێشبینی دەسكەوتی زۆر دەكرا لەشۆڕش و بارودۆخی نێودەوڵەتیش فاكتەرێكی گونجاوی كێشەی كوردبوو...

هەر بۆیە بەدەگمەن خێزانێك هەبوو كەسێكی لەدەرەوە نەبێت یاخود لەلایەكەوە بەشداری شۆڕش نەبووبێت ، هەموو لایەك جەختیان لەسەر شۆڕش دەكردەوە و ئەوەشی لەژێر چنگی بەعسدا دەژیا بڕوای بەدەستەڵاتی بەعس نەبوو " چونكە لەهەموو لایەكەوە شەقار و كەلێن دەكەوتە گیانی بەعس و داڕمان ڕووی تێدەكرد ...

*      *      *

ژیانی خەڵكی لەئۆردوگا سەرەتا زۆر سەخت و گران بوو ، هێشتا رانەهاتبوون لەسەر ژیانی ناوچادر ... ئەویش جۆرێك بوو لەژیان و پێویستی بەڕاهاتن هەبوو ... گرفتی زۆری لەخۆ گرتبوو ... هەندێك جار خەڵكەكە تووشی نیگەرانی و ناسۆری دەهاتن ، بەلاّم دڵی خۆیان بەوە خۆش دەكرد سبەینێ دەگەڕێنەوە بەسەركەوتوویی شۆڕش پاداشتی ماندوبوون و دەربەدەرییان دەداتەوە ...

خانەوادەی هەریەك لەمیرزا و سۆفی لەئۆردوگا نیشتەجێ بوون... سەرماو سۆڵە ڕووی تێكردبوون‌و ناڕەحەت‌و هەراسانی كردبوون ...!

مەحموود كرابوو بەبەرپرسی ئەو ڕیزەچادرەی خۆیان و هەڵدەستا بەخزمەت كردنی خەڵكی و ، بەڕۆحە سووك و دڵسۆزەكەیەوە هەمیشە بەدەمیانەوە بوو ...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

هەریەك لەئامینەو ئافرەتەكانیان لەخزمەتی ئافرەتاندابوون و بەرچاو روون و بێداریان دەكردنەوە لەمەسەلە چارەنووسیەكان ...

مەحموود مندالآنی ئۆردوگای كۆدەكردەوە و دەرسی پێدەوتن ، ئاوارەیەكی بێشومار لەسەرتاسەری كوردستانەوە ڕوویان كردبوویە ئێران و خەڵكی هەمەجۆر ڕەوشت و داب و نەریتی جیاواز كۆبووبوونەوە...

شەوان سەردانی یەكیان دەكرد و پێشمەرگەی تێدابوو لەشەڕ دەگەڕایەوە و باسی بەرەكانی جەنگیان بۆ دەكردن ...گەورە و بچووك خۆی بەخاوەنی كێشە و مەسەلەی كورد دەزانی ...

مەحموودیش زۆربەوردی و هێمنیەوە گوێبیستی ئەو خەڵكەدەبوو ، هەندێك جاریش بەبارێكی گشتی قسەی بۆ دەكردن وباسی ئەو مەسەلانەی دەكرد كە جێگەی خۆشحاڵی هەموو لایەك بوو ...

گوێبیست بوونی ئیزگەی دەنگی كوردستانیش جێگەیەكی تایبەتی هەبوو لایان و ئێواران یان بەیانیان هەموو لەدەوری رادیۆ كۆدەبوونەوە و بەگۆرانیە نیشمانیەكان هەستیان دەجولآند زۆرجار بەدەم سروودی :

شەهید بەو زامەی درا لەجەرگت

بەو كفنە ئاڵەی بڕا بەبەرگت

دەستیان دەكرد بەگریانو ، ئەسرینی چاوان رێچكەی دەبەست بەگۆنای ئاڵو سووری ژناندا ...

رژێمی عێراقیش گلۆڵەی ڕوو لەلێژی بوو... لەگۆڕەپانی جەنگدا هەمیشە شكستی دەخوارد و یارمەتی و كۆمەكیەكانی ئێرانیش بۆ شۆڕشی كوردی كاریگەریەكی تەواویان هەبوو ... ! سەنگی شەڕەكەی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەلای شۆڕشی کورددا خستبوو... ڕژێمی بەعس تووشی شکست و دارمان هاتبوو...

جۆرێك لە شکستی نەفسی و نائومێدی ڕوویان کردبوویە سەرانی بەعس و تازە شۆڕشی کوردی گەیبووە ئاستێك سنووردار نەدەکرا و هەموو فاکتەر و هۆکارێك لە بەرژەوەندی ئەو شۆڕشە دەچوون بەرێوە ...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

خواڕەحم پەیوەندی کردبوویەوە بەبەرەکانی شەڕ و لەگەڵ ئەو دەستە پێشمەرگەیەی لەگەڵیدابوون ئازایانە دەجەنگان و دەچوون بەگژی سوپای ڕەزا قورسی بەعسدا...

زۆرجار تەماشای چاوی پێشمەرگەکانی دەکردو ڕاستگۆیی‌و دڵسۆزی تیا بەدی دەکرد ، هەر ئەو حەماسەش بوو کاریان لەخواڕەحم کردبوو چاو بپۆشێ لەهەموو کەم و کوڕی‌یەکانی شۆڕش و گوێ نەدات بەخورتە و بۆڵەی ناو نەفس کەوا لەدیمەن‌و ڕووداوەکانی ڕۆژانەدا دیاریان دەدا و وێنەی جوان و ڕەنگینی پێشمەرگەیان دەشێواند و ئەوپەیامە پیرۆزەی خەڵکی چاوەڕێ دەبوو لەوەی بیگەیەنن " لەکەدارو ناشیرینیان دەکرد...!

ئێوارەیەك لەسەنگەردابوون و بەکێوێکەوە دەجەنگان و سەربازێکی زۆر گەمارۆیان دابوون و پەیتا پەیتا بۆردومانیان دەکردن ...

دەنگی تۆپ و هاوەن لەگەڵ ویزەی فیشەك کاسی کردبوون و حەمەئەمین تەوێڵەییش مەردانە دەجەنگاو شان بەشانی پێشمەرگەکانیان قۆڵی‌مەردانەیان لیێهەڵماڵی بوو ...

شەڕێك بوو لەو شەڕانەی مردن و کوشتنی تێدا ڕەچاودەکرا...پێشمەرگەکان بیریان بەڕابوردوو و دایك و باوك و کەس‌وکارەوە نەمابوو ... سەربازێکی زۆر لەهەوڵی گرتنی ئەو کێوەدا بوون ...تاکە ڕێگەیەکیش بۆ پەیوەندی مابوو ... زۆر بەزەحمەت کۆمەکی لێوە دەهات ...لەناکاو بەجیهاز ئاگاداریان کردن بەو ڕێگەیەدا بگەڕێنەوە و فەرمانی سەرکردایەتی دەرچووە... هەموو ئەم بڕیارەیان زۆر بەلاوە سەیر بوو...خواڕەحم داکۆکی لەسەر بەرەنگاری و چۆڵنەکردنی ئەو سەنگەرانە دەکرد...حەمەئەمینیش هاو ڕابوو لەگەڵ خواڕەحم و وای



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

پێدەچوو هێـزی حکوومـەت تووشـی نائومێـدی بـووبن لـەوەی کـە چـەند جارێــك هێرشــیان کردبــوو و تێکــشکابوونەوە و کــوژراوێکی زۆریــان لێکـەوتبوو ...ئەمـەش زیـاتر ورەی پێـشمەرگەکانی بەرزکردبوویـەوە و هەریــەك نووســابوو بەســەنگەری خۆیــدا و دەســت بــەرداری شــەڕەکە نەدەبوو...

خوارەحم لەژێر ئەو گولله بارانەدا بەحەمەئەمینی وت :

ـ من وا بـەباش دەزانم چـەند سـەعاتێکی تـر بـەرگری بکـەین و وانـازانم ڕژێم بتوانێت زیاد لەمە کوشتارمان بکات ...

حەمەئــەمینیش کــە زۆر جــار هەڵوێــستی پاشەکــشەی هەڵدەبــژارد ئەمجارە وتی:

ـ منیش هەروا دەزانم و با بەردەوام بین ...

ئامێری پەیوەندیش زوو زوو داوای لێدەکردن بکشێنەوە و خـوارەحم لەداخ دا بەو پێشمەرگەیەی سەر ئامێرەکەی وت :

ـ یەکێك بدە بە دەمیاو پەیوەندی ببڕە لەگەڵی ...

حەمەئـەمین تەوێڵـەیی ئـەم دەسـتەواژەیەی خـوارەحمی بـەدڵ نـەبوو ، بەهانەشـی بـۆ دەهێنایـەوە کەلـەژێر بـارێکی دەروونـی گـرژو و ئاڵۆزدایـە و چەند جارێك لـەمردن گەڕاوەتـەوە و بەئازایانـە سـەنگەرەکانی پێشمەرگەی بەسـەرکردووەتەوە ، ئەمـەش زیـاتر گـوڕوتینی داوە بـە پێـشمەرگەکانی ، بۆیـە بەتیلـەی چـاو تەماشـایەکی کـرد و تـەواو حاڵەتەکـەی لەبیروهۆشـیدا لێکدایەوە و هێشتا پێشمەرگەی سەرئامێرەکە پەیوەندییەکەی نەبڕی بوو بەتەواوی و حەمەئەمین ئاماژەی بۆ کرد ئامێرەکەدابخات ....

ئنجـا فـەرمانێکیان دەرکـرد بـۆ پێـشمەرگەکانیان بـەردەوام بجـەنگن و کـۆڵ نـەدەن لەبەربـەرەکانی و بـەرگریکردن... لەهـەمان کاتیـشدا چـەند



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

پێشمەرگەیەکیان دامەزراند لەسەر ڕێگە باریکەکەی پشت خۆیانەوە نەبادا هێزەکانی ڕژێم لەودیوەوە دزە بکەن و پشتیان لێ بگرن ...

ماوەی شەو و ڕۆژێك شەڕ بەردەوام بوو ... ئەو شاخ و کێوە نەسرەوی و دەنگی تۆپ و هاوەن و فیشەك هەموو دیمەنێکی جوان و کاریگەری ژاکاندبوو...

گوندەکانی دەوروبەر لەتاوا تەنها بەجل و بەرگی بەریانەوە و بەپێ‌ی پەتی هەڵهاتبوون ... دیمەنی بێشکەی کەوتوو و ئافرەتی بێ‌نەوا غیرەتی پێشمەرگەکانی تاودابوو ...

بەدرێژایی ئەو شەو و ڕۆژە سەنگەرەکانیان پاراست و تەنها یەکێکیشان نەهات بەبیریدا چەکەکەی فڕێ بدات و هەڵبێت ... هەموو هاودەنگ بوون لەسەر ئەوەی بەرگری بکەن تادوا هەناسەیان ...چونکە گرتنی ئەو سەنگەرانە مانای دەست گرتن بوو بەسەر ناوچەیەکی پان و بەر بلاودا و هەموو ئەو گوندانەی دەڤەرەکە دەکەوتنە ژێر دەستی ڕژێم و زنجیرە شاخێك لەدەست دەچوو...

بەرەبەیانی ڕۆژی دووەم ڕژێم لەپڕ هێزەکانی خۆی کشانەوە و تا چەند ساتێك پێشمەرگەکان وایان دەزانی چاوبەست وفێڵە ، بەلام دوا بەدوای کشانەوەی ئەو هێزانە هێمنی گەڕایەوە بۆ ناوچەکە و پێشمەرگەکان لەخۆشیدا باوەشیان کرد بەملی یەکدا و بەدەم خۆشی و شادی‌یەوە فرمێسکیان ڕشت...

خوارەحم واقی ورمابوو ، حەیرانی بازوو و مەچەکی ئەو پێشمەرگانەبوو کەمەردانە لەڕۆژێکی ئاوەهادا بەرگری‌یان دەکردو ڕۆحیان لەسەر دەستیان دانابوو بۆ قوربانی دان و گیان فیداکردن لەپێناوی گەل و نیشتماندا .... ڕۆڵەی ئاوەها دڵسۆز دەگمەن بوو...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**حەمەئـەمینیش هاوچەشـنی خـوارەحم بـوو ، لەخۆشـیدا دەگریـا و بەدەم فرمێسکی شادییەوە پێشمەرگەکانی بەسەر دەکردەوە ...**

**دوای لـەئامێزگرتنی یـەك، پێـشمەرگەی سـەر ئامێرەکـە بـانگی خوارەحمی کرد و وتی:**

**ــ قوربان هەواڵی سەرکەوتنەکەم دا بە بەرێز کاك تۆفیق و دەیەوێت قسەت لەگەڵدا بکات ...**

**خـوارەحم چـاوە ڕێ بـوو تۆفیـق بـەگ بەگـەرمی پیرۆزبـایی سەرکەوتنەکەی لێبکات، بەڵام زۆر بە دەم و لەبزێکی ساردەوە وتی:**

**ــ خـوارەحم هـەر ئێـستا هێزەکـان بـسپێرە بەحەمەئـەمین و بگـەرە لامان...ئیشی زۆر گرنگ و پێویستمان پێتە...**

**فەرمانەکـەی تۆفیـق قـورس بـوو لای خـوارەحم و حەمەئـەمین پـەلی خوارەحمی گرت و بردیە لاوە و وتی:**

**ـ وا دەزانم تووشی گۆبەنێکت بکەن... مەڕۆ...!**

**خـوارەحم دوای ئـەو دوو ڕۆژە لەکوشـتار و مانـدووبوون تـازە خـەریك بوو دەچووەوە حاڵی ئاسایی خۆی و وتی :**

**ـ تۆ بڵێی پاداشتی سەرکەوتن سزادان و چەك کردنم بێت ...؟!**

**حەمەئـەمین پیـاوێکی دنیادیـدەبوو لەڕوانگـەی ئـەو ئەزموونانـەی پێشوویەوە وتی :**

**ــ ئـەم شۆڕشـە خـەڵکی هـەموو لایـەکی تێدایـە و مـن تۆفیـق بناسـم فەرمانەکەی بەلاوە گرنگترە تا سەرکەوتن ...**

**ــ ئـاخر ئێمـە بەرژەوەنـدی ئـەم ناوچـەیە باشـتر دەزانـین و ئاگـاداری هـەموو کـون و کەلەبـەرێکی ئـەم نـاوەین ...نابێـت بەکەڵـەگایی بـەن بەسەرماندا و هەرچییەکیان بوێت بۆیان بچێتە سەر...!**



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

حەمەئەمینیش هەناسەیەکی هەڵکێشا و وتی:

ـ ئەگەر بەقسەی برات دەکەیت ئەوا مەڕۆ.... ! پەیوەندی یەکیان پێوە بکەرەوە و بڵێ حەمەئەمین بریندارە ...! بڵێ نەخۆشە ...

ـ دەترسم زیاتر بیئاڵۆزێنم و دوایی بەیاخی بوو لەقەڵەمم بدەن...

حەمەئەمین دەستێکی کێشا بەسەرشانی خواڕەحمدا و وتی:

ـ مەترسە .... گەر حەز دەکەیت فیشەکێك دەنێم بەخۆمەوە .... من دەڵێم لەم گەرماو گەرمەدا مەڕۆ...

خواڕەحم دوو دڵ بوو ، پەستی ئەوەبوو چۆن دەبێت شۆڕش ئاوا بیربکاتەوە و ڕاوێژ بەکادرە دڵسۆز و گیان لەدەستەکانی نەکات ...شتی وا چۆن دەبێت ...؟! ئەی ئەو سەرکەوتنە شەفاعەتی ئەو پێشێل کردنی فەرمانەی بۆ ناکات...؟!

مێشکی بەدەست ئەم پرسیار و خەیاڵانەوە خەریك بوو دەتەقی و لەکۆتایی‌دا غیرەتی دایە بەرخۆ و وتی:

ــ کاك حەمەئەمین بەخوا دەچم... باچیم ل‌ێ‌دەکەن بیکەن... خۆ ناپاکیم نەکردووە لەشۆڕش...

چەکەکەی کردە شانی و دوو پێشمەرگەی لەگەڵ خۆی برد ، وێڕای ماندووبوونی دوو ڕۆژی پێشوو گەیشتە بارەگاکەی تۆفیق و ب‌ێ‌ئەوەی بهێڵن هیچ بکەن خێرا چەکیان کردن... ! خوارەحمیان بردە ژوورەوە ... تۆفیق کابرایەکی تووڕە و شێتۆکەبوو ، کورتە بنەیەکی قەڵەوی سورفل بوو... لەنێو پێشمەرگەکاندا بەتووڕەبوون و هەڵچوون ناسرابوو...هەرکە خواڕەحمی بینی وتی:

ـــ خوالە تۆ خۆت بەچی دەزانیت ....؟! لەسەرووی من و سەرکردایەتی و مەلامستەفاوەیت...؟! ها پێم بڵێ... تۆ بووی بەگەورەی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

خـۆت... ئێمــه چــەند جـار وتمــان هێزەکـان بگەڕێنــەرەوە ، بۆچــی تــۆ لەحسابی کێ شەڕدەکەیت ؟! ...ها ...ها ...

خێـرا خێـرا ئەمـەی دووبـارە دەکـردەوە و خـوارەحمیش بێـدەنگ بـوو هیچ ورتەیەکی لێوە نەدەهات ...

پـاش ماوەیـەك تۆفیـق توورەیی‌یەکـەی نیـشتەوە ئەوسـا بـەخوارەحمی وت:

ـ دانیـشە ئەفەنـدی ... تـۆ ناترسـیت بـت دەیـن بـە لیژنـەی دادگـای شۆڕش و هەر لەبەرچاوی پێشمەرگەکانتدا گوللـە بارانـت بکـەین ... هـا... دە جوابم بەرەوە دڵم تەقی ...!

خوارەحم چینێ ئارەقی دەردا و تـازە خـەریك بـوو ئێشی ئەو قسانەی تۆفیق دەگەیی بەدڵی ، بەهێمنی و دەنگێکی پڕ لەغەم و خەفەتەوە وتی :

ـ ئەمـە هـەموو پیرۆزبـایی و ڕێزلێنـانێکی ئێوەیـە بۆمـان...؟! لـەباتی ئــەوەی دەســتی ڕێــز و شــکۆمەندی بــۆ پێــشمەرگەکان درێــژ بکــەن سەرزەنشتمان دەکەن ؟! یا....

خەریك بوو قسەیەکی‌تر بکات تۆفیق هەڵیدایە و وتی:

ـ تۆفەرمانی سەرکردایەتیت شکاندووە...! ئەم سەرکەوتنەی تـۆ قـەزاو قەدەربوو ... بابەگیان ئێمە بەرژەوەندی ئێوەمان دەوێت...

خوارەحم حرس گرتی و وتی:

ـ ئێوە نازانن ئێمە لەچ بارێکدا دەجەنگاین و ئەو شـوێنەی بـەرگریمان لێـدەکرد چ گرنگی‌یـەکی هەیـە بۆ ناوچەکە..ئێمـە دەسـتەو یەخـەی شـەڕ بـووین و مــەرگ بەســەرمانەوە دەگــەڕا ... ئێــوەش لــەدوورەوە فــەرمان دەردەکەن و نازانن چ باسە... !

ئنجا خوارەحم بەقوڕگێکی نووساوەوە وتی :



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ــــ دوژمــــن ورەی پــــسابوو ... ســــەربازەکانی شــــەکەت و مانــدووبوون...کــوژراوێکی زۆری لێ کــەوتبوو....هــەموو ئەمانــە وایــان لێکــردین بڕیارێــك دەربکــەین و بــەردەوام بــین لەشــەڕدا تــا دوژمــن دەکشێتەوە...

تۆفیــق هێوربووبوویــەوە و مانــدووبوون و هیلاکــی بەڕوخــساری خواڕەحمەوە بەدی کرد و دەستەواژەکانی نەرم کردو وتی:

ـ شۆڕش ئەم بەرگرییەی ئێوە بەچاوی ڕێزەوە دەخەملێنێت ، بەلاّم گوێڕایەڵی سەرکردایەتی لەسەروو هەموو شتێکەوەیە ...

ئنجــا باســی ئــەوەی کــرد لەســەرکردایەتییەوە پەیوەنــدییان پێــوەرکردووە و پاکانــەی بــۆکردوون و دوایــی هــەواڵی ســەرکەوتنەکەی پێداون و پاساوی بۆهێناونەتەوە... لەم قسانەدا بوو لەناکاو هەستایە سەر پێ و دەستی خستە سەرشانی خواڕەحم و وتی:

ــ بۆیە چەکم کردیت تا بزانیت فەرمان شکاندنی شۆڕش هەموو دەرەنجامێکی لێ بەرپادەبێت و هەروا بێ ئافە دەرناچێت...! بەلاّم ئێمە تۆ دەناســین و ڕابــوردووت پاکانــەت بــۆ دەکــات ... بگــەڕێرەوە نــاو پێشمەرگەکانت و باسی ئەم قسەو باسەی نێوانمان مەکە ...وجارێکیتر بێ گوێی فەرمانی شۆڕش نەکەیت ...!

ئنجا توند سەرشانەکانی گرت و وتی:

ـ خێرا بڕۆ... فێری گوێڕایەڵی بە...!

ئەم هەڵوێستەش زۆرکاری کرد لەخواڕەحم و چەند بیروبۆچوونێکی خراپ و نالەبار هاتن بەبیریدا و یەك دووجار ویستی چەکەکە فڕێ بدات و بــڕوات بــۆ ئێــران ... بــەلاّم ویــژدانی لەناخــەوە ڕێگــەی پێنــەدا و بــەوە دڵخۆشــــیی خۆی دەدایەوە ، تۆفیق یەکێکە لەسەرکردەکان و پیاوێکی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

شێتۆکەیە و هەر تەبیعەتی وایە...!!

هەرچەند خواڕەحم بەرگری دەکرد لەشکستەکانی ناو دەروونی و توانی تاڕادەیەك قەناعەت بەخۆی بکات بەڵام لەدڵدا زامێکی گەورەو قووڵی هەڵکەند و هەرکات تۆفیقی ببینیایە بە چاوی ڕق و قینەوە تەماشای دەکرد و خۆشەویستی ئەوپیاوە رێچکەی نەدەبەست بۆ ناو دڵی.....



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

( 13 )

ڕۆژانـە مـەحموود بەوانەوتنـەوە و ئامـشۆو ڕەوتیمزگەوتـەوە سـەرقاڵ بووبـوو ، زۆر نیگـەران دەبـوو کاتێـك دەیبینـی خـەڵکی لەبێئیـشی دا خـەریکی هـەڵماتێن و قـسەوباسی بێکـەڵك و سـوود دەبـن ، نیـشانەی دواکەوتوویی و ڕۆچوون لەنەزانیندا سیمایەکی بەرچاوی ئەو ئاوارانـەبوو کە لە ئۆردوگا کۆبووبوونەوە و یەکیان گرتبوو ...!

داب و نەریتی جیاواز و خووڕەوشتی فرە چەشنیان ڕیـز بەنـدکردبوو ، تاقمی وا هەبوون ڕۆژ تائێوارە چاویان دەگێڕا بـەناو خێمەکانـدا و بـەدوای ئافرەتانـدا وێـڵ و سـەرگەردان بـوون...! ئـافرەتی دامـاویش نەیـدەوێرا سـەردەربهێنێ و دەیـەها گرفـت و ئاقـاری بـۆ هـەڵتۆقیبوو ، دەبـوو کاتێـك پێداویستییەکانی بەجێ بگەیەنێت ئـەو چـاو چـنۆنکانە ئاگایـان لێنـەبێت و چاودێری نەکەن ...!!

ئافرەتـــانی منـــداڵ داریـــش هەمیـــشە دووقـــات و ســـێقات لـــەو دەردەســـەرییەدا دەتلانـــەوە و بەخەســـتتر مەینەتییـــەکانی ژیـــانی نێـــو ئۆردوگایان دەچەشت ... سەرەڕای ئـەو هـەموو دەردەسـەرییەش خـەڵکی ئومێـدێکیان هـەبوو بەسـەرکەوتنی شـۆڕش و تواندنـەوەی ئـەو ڕژێمـە ستەمکارەی بەغدا...

مـەحموود بـاوڵێ کتێبـی لەگـەڵ خـۆی هێنـابوو ، شـەوانە عـادەتی پێوەگرتبـوو بـەدیار چـرایەکی کـزەوە کتێبـی دەخوێنـدەوە و هەنـدێك جاریش چاودێری خێمەکانی دەکرد...

پێکهاتـەی نەفسی و دەروونـی کۆمەڵگە لەدیـدی مـەحموودا لەئاسـتی پێویستدا نەبوو... بەوردی چینەکانی کۆمـەڵی یـەك بەیـەك هەڵدەسـەنگاند و لەکۆتاییدا عارەقی نائومێدی بەنێو چاوانیدا دەهاتە خوارەوە ...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

جـاری وا هــەبوو گەشــتێکی دەکــرد بــەنێو کۆمەڵــدا و نموونــەی لێــوەردەگرتن و بــەو پێوانانــەی خــۆی هەڵدەســتا بــە شــیتەڵکردنیان لەئەنجامدا سینەی دەگیرا و ڕووی گرژ دەبوو ، جۆرێك لە نائومێدی ڕووی تێدەکرد و تاچەند کاتژمێرێك بەری نەدەدا و بەدەست زەبر و زەنگی دەرەنجامەکانەوە دەتلایەوە...!!

ئامینەش دەرکی بەم مەینەتیانەی مێردەکەی دەکرد و لەنزیکەوە هاوخەمی بوو ، دید و بۆچوونەکانی مەحموود لای ئامینە ڕۆشن بوون ، پێشەنگیشی لەنێو خزمان و دۆستان و خەڵکیدا زیاتر زەمینەسازییان بۆ کردبوو تا جێگەی متمانەی هەموولایەك بێت و بەتایبەت لای ئامینە شۆڕەسواری خەون و سەرجەم بوارەکانی ژیانی بێت...

هەمیشە لەنزیکەوە بەدڵ و گیان لەگەڵی دەژیا و حاڵەت و تەبیعەتی شارەزابووبوو ، کاتێ بێدەنگ دەبوو دەیزانی بیردەکاتەوە ...کاتێکیش دەهاتە گۆ بەوردییەوە گوێی بۆ هەڵدەخست ، ئەم گونجاندنەی ئامینە زیاتر مەحموودی هان دەدا و ڕێگەی بۆ خۆش دەکرد تا بتوانێت لەگەڵ جیهانەکەی دا دەست لەملان بێت و زیاتر بەرچاو ڕۆشن بێت لەقسە و هەڵس و کەوتەکانیدا...

شەوێك لەناو خێمەکەدا هەردووکیان دانیشتبوون و کچەکەشیان نووستبوو ،ئامینە بێدەنگ دانیشتبوو مەحموودیش کتێبێکی بەدەستەوەگرتبوو... یەك دوو لاپەڕەی کتێبەکەی هەڵدایەوە و پاشان تێبینی ڕەوشی بەرزی ئامینەی کرد و لەناکاو کتێبەکەی دانا... چاوی بڕیە ئامینە و دەمێك بوو بەوچەشنە تەماشای نەکردبوو ، ژیانی دەربەدەری و پڕ لەمەینەتی ئۆردوگا هەموو واتایەکی جوانی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

هاوســـەرداریی لاژەکانـــدبوون و وەك گـــوڵێکی ســـیس و لێوبەبـــەریان لێهاتبوو...

مەحموود  بەردەوام هەر بۆ ئامینەی دەڕوانـی و ئـەویش بزەیـەك گرتـی و وتـی :

ـ دەڵێی تازە دەمبینی ...

جـوانیی ئامینـە سەرسـامی کردبـوو ، ئەوەنـدەیتر مەسـت بـوو ئـەوجا وتـی :

ـ رۆژ بەڕۆژ جوانتر دەبیت ...!

ـ یەکجار ئاوانیم ...!

ـ زیاد لەوەش ...

ـ دانیـشتووم بەدیارتـەوە ئـەو چـرایە زۆر ناخۆشـە بەئەسـتەم دێڕەکـان دەردەکەون ، خوا فرسەتت بدات ......

ـ چـی بکـەم ...؟! خـۆت دەزانـی بـێ کتێـب نـاژیم ...هـەموو ژیـانم هـەر بریتیبووە لەخوێندنەوە و کتێب هەڵدانەوە ...

ئامینە هەناسەیەکی هەڵکێشا و وتـی:

ـ دەزانم ... باشترین هاوەڵیش هەرکتێبە ...

مەحموود بزەیەك گرتی و دەستی درێژ کرد بۆ گەردنی ئامینە و وتی:

ـ ژنـی ساڵحیش نیعمـەتێکی تـری ئـەم ژیانەیـە .... لـە سـووك کردنـی ناسۆرییەکانی ژیاندا ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە ......

ئامینـە لەشـەرما ڕەنگـی سـوورهەڵگەڕا و ئـەو قسانەی مـەحموود وەك پیاهەڵدان وابوون بۆی و هیچی نەوت ...

ئنجا مەحموود دەستی هێنا بەسەریا و لەچکەکەی لێترازاند و قژە پڕ و درێژەکـەی دەرکـەوت و زیـاتر تیـشکی جوانیـیـان پـەخش کـرد و دڵـی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

مەحموود تەواو حەیران و مەست بوو بەو جوانی‌یە و دەستی هینابەقژی ژنەکەی‌داو خۆش خۆش ماچی سەری دەکرد...

ئـەویش دەسـتەمۆی بەردەسـتی بووبـوو جـار بـەجارێك دەسـتەكانی لەڕوومـەتی مـەحموود نزیـك دەكـردەوە و بـەهێمنی هـەواداری مێردەكـەی دەكرد ...

چەند ساتێك بەو چەشنە مانەوە و دواتر ئامینە خەرامان و شیرینی بیر كەوتەوە و هەناسـەیەكی ساردی هەڵكێشا ... ! لەوكاتـەدا مـەحموود سەری ئامینەی نابوو بەسنگی‌یەوە و وتی:

ـ ئەو هەناسەیە چی‌بوو ...؟!

ئامینەش بەشێوەیەكی ئاسایی وتی :

ـــ زۆر بـــەزەییم بەشـــیرین و خـــەرامان دا دێتـــەوە ... هـــەرزوو لەخۆشەویست و مێردەكانیان دابڕان ... ئای مەرگ ...!!

مەحموودیش بێداربوویەوە و بەخەم و خەفەتەوە وتی:

ـ قەدەری خوا گەڕانەوەی نی‌یە ...

ـ ژیان بەتەنها زۆر سەختە ... ئیرادە و ویستێكی پۆلاینی دەوێت...

ـ بەتایبەت لەم كۆمەڵگەیەدا...!

ـ ئافرەتی داماو سەرەڕای ماڵ وێرانی و جەرگ بڕان و كۆست كـەوتنی بەمەرگی مێردەكەی كەچی كۆمەڵ ڕەحم و بەزەیی پێدانایەتەوە ...

مەحموود تەواو مێشكی جەم كرد و بەم قسانەی ژنەكەی حاڵی كۆمـەڵ لەچەند دیمەنێكدا هاتنە سەر بیری و وتی :

ـ ئامینە من كوشتەی دەستی ئـەم دەردانـەم ...! هـەركونجڕێكی ژیـانی ئـــەم گەلـــە بگریـــت دەیـــەها و ســـەدەها دەردەســـەری و دواكـــەوتوویی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**رووبـــەرووت دەبێتـــەوە ... زۆرجـــار تووشـــی نائومێـــدی دەبیـــت و ئاواتەخوازی مردن دەبیت... !!**

**ئامینـە حاڵـەتی نەفسی مێردەکـەی لێکدایـەوە و زیـاتر خـۆی هاویـشتە ئامێزی و وتی :**

**ـ نابێت نائومێدی ڕووبکاتە تۆ ...!!**

**ئـــەم دەســـتەواژەیە زیـــاتر هـــانی مـــەحموودی دا و پێـــشەنگیی بـــۆ دەوروبەرەکەی دەچەسپاند بەتایبەت نزیکترین کەسێك کە خێزانەکەیـەتی و وتی:**

**ــ حاڵـە دەروونیـیـەکان دێـن بەسـەر هـەموو کەسێکدا...بـەڵام خـاوەنی ئیرادەیەکی بەرزم و هەرگیز تەسلیم نابم...من دەمەوێت لەناوجەرگـەی ئـەو کۆمەڵەوە گۆڕانکاری دەست پێ بکات... گۆڕانکارییەك هـەموو بوارەکـانی ژیـانی خـەڵکی بگرێتـەوە ...ئـەم کـارەش هـەروا ئاسـان نییـە و داڕشـتنی پێکهاتەی مرۆڤ دەگرێتەوە ...**

**ئـەم بۆچـوونەی مـەحموود قـورس بـوو بـەڵام بەسـەرەتایەك دادەنـرا بـۆ داڕشـــتنی کەســـێتییەکی تۆکمـــە و بەرچـــاو ڕوون... ئامینـــە بـــەحوکمی نزیکـــی لەمێردەکەیـــەوە کـــەوتبوو بەســـەر مەســـەلەکەدا و بەپێـــچەوانەی هاوەڵـــەکانی تێدەگەیـــشت مێردەکەیمەبەســـتی چـــییەو، بەپەرۆشـــەوە گوتەیەکی مەحموودی دووبارە کردەوە و وتی:**

**ـــ دیـــاری کردنـــی خاڵـــەکانی کەســـایەتی مافـــەکانی گـــەل مـــسۆگەر دەکات...**

**مەحموود نەختێ وورد بوویەوە ، دواتر پێکەنی و وتی :**

**ـ وادیارە هەموو قسەکانی من لەبەر دەکەیت ...**



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ـ لەم قسانە حاڵی دەبم ... هۆگری ئەو گۆڕانکاری‌یەم کە تۆباسی دەکەیت ...هەرکات باسی ئەوشتانە دەکەم بۆ ژنان بەسەرسامی‌یەوە گوێبیستی دەبن و جاری واش هەیە تێناگەن و نازانم بەچیم لەقەڵەم بدەن...؟!

ـ بەشێت ...!!

ئنجا هەردووکیان پڕبەدەم پێکەنین و مەحموود وتی :

ـ قەیناکە مادام ڕۆژ بەڕۆژ کاروانی شێتان لەبرەو زیادبووندابێت ...!

بەدەم ئەم قسانەوە دەستیان کردە ملی‌یەك و ئەوینی ناخیان بۆیەك هەڵڕشت و ئەوەندەی نەبرد پەردە و پەرێزی نێوانیان هەڵگیرا .



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## (14)

چادرەکەی ماڵی سۆفی ساڵح لەتەنیشت چادری مەحموود و ماڵی میرزاوەبوو ، لەپەڕی ئەوسەریشەوە چادرەکەی ماڵە خەزوورانی خەرامان بوو ، زۆربەی کات منداڵەکەی دەچووە بەرچادرەکەی ماڵی باپیرەی و خەرامانیش دەچوو بەدوای‌دا و چەند ساتێك لەگەڵیان دەمایەوە ...

سۆفی ساڵح گومانی دەبرد و هەندێك جاریش بەسەکینی خێزانی دەوت :

- ئەو چەتیوە بابەس بچێتە لایان ...

ئەویش توند دەیکێشا بە ڕوومەتیدا و دەیووت :

ـ ئەیەڕۆ سۆفی ماڵەخەزورانیەتی ... ئەو منداڵە دەگری بۆیان ... ئەوە تۆ دەڵێیت چی ...؟!

سۆفیش لەدلاً ئەو مەسەلەیەی بەسووکی دەهاتە پێش چاو دەیویست کچەکەی بەم ڕەفتارە بەرزبکاتەوە ... بۆیە خۆی مۆڕدەکردەوە لەخەرامان و فشاری دەخستە سەری تا بەدڵی ئەو بجووڵێتەوە ...!!

ماڵە خەزوورانی خەرامانیش خێزانێکی تابڵۆی ڕێزدار و ڕەوشت جوان بوون ، هەستی بووکەکەیان ڕادەگرت و هەرگیز قسەیەکی وەهایان نەدەووت بریندااری بکەن .

ئەم ڕەفتارەش زیاتر شیرینی‌کردبوون لەبەرچاوی خەرامان و بەئەندازەی ماڵە باوکی دڵی پێیان خۆش بوو ...هەردوو کوڕەکەیان بەئەدەبێکی بەرزەوە ڕەفتاریان دەکرد و کاتێ براژنیان دەبینی ڕەنگیان سووردەبوویەوە و شەرمیان دەکرد ...

هەردوولا بەبیریاندا نەدەهات بەوچەشنەی سۆفی و باوکی بەکر بیریان دەکردەوە وتەگبیریان لێکردبوو ، کوڕانی بەکر زامێکی قووڵی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەجیٚهیٚشتبوو لەدڵی هەموویان دا و بەبینینی منداڵەکەی و کڕووزاندنەوەی دەگریان و ئیٚشیان تازەدەبوویەوە...

خەرامان لەلایەك بۆ میٚردە خۆشەویستەکەی دەگریا و ئەوانیش بۆ کوڕو برای جوانەمەرگیان کە ڕۆڵی ڕاستەقینەی بۆ بینیبوون و براگەورەیەکی ئەمەکدار و دڵسۆزبوو بۆیان ...

سۆفیش لەبەردەم چادرەکەدا دادەنیشت و ڕۆژانە چاودیٚری دەکرد و مەبەستی سەرەکیشی ئەوەبوو خەرامان نزیك نەبیٚتەوە لیٚیان تا دیٚنە سەر بەڕەکەیان و داوای دەکەنەوە بۆ عوسمانی کوڕیان ...

تیٚکەڵ بەدوو دڵییەك هاتبوو هەندیٚك جار لەزیکر و فکردەبوو و، تووشی بەدگومانی و هاوردەی خراپ دەهات و لەتاوا تفی دەکرد بەلای چەپیدا و پەنای دەگرت بەخوا لەتاو شەیتان ...

باوکی بەکریش هەستی بەدڵتەنگی سۆفی دەکرد و هاوخەمی بوو ، بەڵام بۆ سەری داویٚك دەگەڕا بیدۆزیٚتەوە و ئەوەی لەگەڵ سۆفیدا ریٚکەوتبوون لەسەری جیٚبەجیٚی بکەن ...

لەوکاتەدا خەڵکی ئۆردوگا گیریان خواردبوو بەدەست گیروگرفت و هەڵس و کەوت و هەریەك ترسی هەبوو لەحەیا و شەرەفی خۆی ، باوکی بەکر مەسەلەکەی لای عوسمانی کوڕی درکاند و سەرەتا بیٚتاقەت بوون، بەڵام بەبەهانە گرتنی منداڵەکە و ناوی بەکر ئاوی کرد بەدڵیاندا و بە باری هیٚنان لەسەر ڕازی بوون و بەتەنها دایکی بەکر بەدڵیٚکی گوشراو و فرمیٚسکیٚکی گەرمەوە وتی :

ـ دایکی بەکر بمریٚت ...!!

باوکیشی بەتووڕەییەوە وتی :

ـ ژنەکە تۆ بۆ قسەی باش ناکەیت ... ئەی ئەگەر بیدەن بەپیاویٚکی تر



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

و ئەو منداڵە ئاوارە و سەرگەردان بێت چی دەڵێیت ...؟!

گرفتێکی بەردەم ئەو کارەش بۆ عوسمان جگە لەو مەسەلەیە جیاوازی تەمەنی نێوان خەرامان و عوسمان بوو... خەرامان چەند ساڵێك لەعوسمان گەورەتربوو ، بەلأم لەدیدی عەشایەردا ئەو مەسەلەیە بەهەند نەدەگیرا و هەر ئاوڕیشی بەلادانەدەدرایەوە ، چەند قسەیەکی عاتفی دڵی عوسمانی نەرم کرد و بەشەرمەوە لەبەردەمی باوکیدا وتی :

ـ تۆچی بەباش دەزانی من وادەکەم ...

ئەم مشت و مڕە زۆری نەخایاند و باوکی بەکر ئەم مەسەلەیەی بەئاشکرا کردەوە و خانەوادەی سۆفی ئاشنا و ئاگاداری نیازەکەیان بوون و سۆفی وەك گوڵ گەشایەوە ، بەلأم مەحموود سینەی گیرا و لەبەردەم کەللەڕەقی باوکیشیدا هیچ چارەیەکی نەبوو ، یەك دووجار بەتەنها خەرامانی دواند و ویستی دەمودامانی تاقی بکاتەوە ، ئەویش لەبێتاقەتی و چارەڕەشی خۆیدا لەگریان زیاتر هیچ وەلأمێکی مەحموودی نەدایەوە ...

مەحموود پەلەقاژە و ئەم لاولای زۆری نەکرد تا ئەو مەسەلەیە سەرنەگرێت و دڵیان ساردبکاتەوە لەسەری و دەیزانی هەرچییەك بکات بێهوودەیە ...

بەیانییەکیان زوو مەلایان هێنایە خێمەکەی ماڵی سۆفی و بەبیانووی ئاڵۆزی بارەکە و دڵنیانەبوونیان لەچارەنووس و داهاتوو خەرامانیان لەعوسمان مارەبڕی و، هەردوو ڕۆژ دوای ئەوەش خێمەیەکیان لەپاڵ ماڵی خەزووریدا بۆ هەڵدان و گواستیانەوە ...

خەرامان واقی وڕمابوو " زۆر پەرێشان و دڵ برینداربوو ... خۆشەویستی بەکر لە خوێنیادەگەڕا و سوکنایی نەدەهات بەبەریدا ...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

حەپەساوی و ڕامان بەهەڵس و کەوتەکانیدا دیاریدابوو ... دیمەنی منداڵەکەشی لەو ڕۆژەدا کەخەڵەتانیان و لەخێمەکە بردیانە دەرەوە زۆر کاریگەربوو ...!! چاری نەبوو دەبوایە ویست و ئیرادەی باوکی جێبەجێبکات و بەقسە و سەرزەنشت جەرگی کون کون کردبوو ...حسابی کیژێکی تازەپێگەیشتووی بۆ دەکرد و لەهەڵس و کەوتەکانی دەسڵەمیەوە و چار نەبوو تووشی دەنگە دەنگ نەبێت لەگەڵی ...

ئەو یادگاریانەی مابوو ئارامیەک ببەخشێت بەدڵی و بژی لەسەریان ، باوکی ئەوانەشی سووتاند و تێکەڵ بەهاوسەرداریەکی تریکرد، نەخەرامان و نەعوسمانیش لەبنەڕەتدا دڵیان پێوە نەبوو ... بەڵام دوا بڕیاردرا و واقعێکی تاڵ بەرپابوو ...!!

هەر لەشەوی یەکەمەوە ئەو جیاوازیە دیاریداو هەردوو لا زۆر بەساردیەوە مامەڵەیان لەگەڵ یەك کرد ... قەدەر ڕێی خستبوونە یەك و خەرامان دوو فرمێسك لەچاوەکانیدا قەتیس مابوو... عوسمانیش زاتی نەدەکرد لێی نزیك ببێتەوە و هەرچەندی دەکرد ئەو حاڵەی بۆ بەرجەستە نەدەکرا و هەموو کۆت و بەندێك هەرەس بهێنێت و دەرگای جیهانێکی سەیر و سەمەرە لەسەری والابکرێت...!!

بەناچاری هەردووکیان تەسلیم بەو واقیعە بوون و لەپێناوی ڕازیکردنی داب و نەریتی باو، هەستی ناو دەروونیان حەشاردا و بەدەم جۆرێك لەشەرمەزاریەوە نهێنیەیان لای یەك ئاشکرا بوو و تەسلیم بوون بەو حوکمەی کۆمەڵگەی ئاراستە دەکرد و واقعی تاڵ و نامۆ و سەپێنراوی دەهێنایە ئاراوە ...!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

هەفتانە مەحموود لەچادرەکەی خۆیاندا ئافرەتانی دەوروبەری خۆی کۆدەکردەوە و چەن وانەیەکی لەئاداب و ڕەوشت بەرزیو ڕۆشنبیری بۆ ڕاڤەدەکردن...

هەموو توانای خۆی کۆدەکردەوە لەزاخاودانی مێشکیان و رۆشنبیرکردنی ئافرەتانی بە کارێکی گرنگ لەقەڵەم دەدا و لەپێڕستی کارەکانیدا گرنگی پێدابوو ...

ئامینە و خەرامان و نازدار و شیرین و یەك دوو ئافرەتی دراوسێیان ئامادەی وانەکە دەبوون و بەووردی گوێبیستی قسەکانی مەحموود دەبوون ...

دۆشەکێکیان دادەنا بۆیو ئەویش بەهێمنی قسەی بۆ دەکردن، پیاوەکانیشیان ئەم کارەیان زۆر بەلاوە سەیر بوو ، عادەت نەبوو پیاوێك دەرس بەژنان بڵێت و قسەیان بۆ بکات ، هەندێك بێڕەحمانە دەیان دایە بەر ڕێژنەی قسە و تۆمەت باریان دەکرد...! بەلاَم هەموویان لەخووڕەوشتی مەحموود شارەزابوون و تەم و مژیان لەدەوری دەڕەواندەوە و هەرگومانییێکیش یەخەی پێبگرتنایە ئەوا ڕابووردوی مەحموود خێرا بەرجەستە دەبوو لەبەرچاویاندا و بیرو بۆچوونە خراپەکانی دەسڕیەوە ...

هەموو ڕۆژێکی دووشەممە یاخود هەینی ئەم جۆرە کۆبوونەوانە لەخێمەکەی مەحمووددا دەبەسترا و وێڕای دەرس وتن بەمنداڵ و لاوان و کۆکردنەوەیان ، ئەم دیاردەیەش هەریەك لە بەرپرسانی ساواکی ئێران و شۆرشیش لێی بەگومان بوون و بەلایەکی خراپدا کەوتبوونە وەرگرتنی هەڵوێست بەرامبەری ...مەحموودیش بێباك بوو لێیان مادام کارەکانی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لەپێناوی بەرژەوەندی باڵای گەلوشۆڕشدابوو، ئەو خاڵانەی باس نەدەکرد نەنگی شۆڕش و خواروخێچی هەڵسوکەوتی بەرپرسانی تێدابوو، ئەگینا ئەوەندە ڕووداوی ناسۆر و نامۆی دیبوو بەس بوو بۆ ئابڕووبردنیان ...

هەمیشە بەو حاڵەش لێی نەدەگەڕان و دەچوون بۆ ماڵەکەی و بەدڵسۆز و غەم خۆر خۆیان لەقەڵەم دەداو بە کەسایەتیەکی پیرۆزیان دەخەملاندو، داوای دوعای خێریان لێدەکرد ، مەحموودیش ناخیانی دەخوێندەوەو بەدەم گاڵتەوە بەیتێکی مەحووی بۆ دەوتن :

هەرئەو کەسەی کە خەیری دوعای خێری دیوە لێم

دائیم دوعامە شەڕڕی لەمن لابدا خودا

ئەوانیش عارەقی شەرمەزاریان دەسڕی و بەسەر شۆڕیەوە خواحافیزیان دەکرد و خێمەکەیان جێدەهێشت ...!

چاکسازی مەحموود سەرجەم چینەکانی کۆمەڵگە و دنیای خێمەی گرتبوویەوە و دەست بەرداری هیچ کام لەوتوێژ و چینانە نەدەبوو ، منداڵان بەجیا و پیاوان بەجیا و ئافرەتانیش لەوسنورە تەسکەدا بەجیا... هەموو ئەو کارانەش گرێدراوی ئەڵقەیەکی فراوانتربوون و مەحموود بەبنیات نانەوەی کەسایەتی ناوزەدەی کردبوون...

کارەکانیشی هەموو پێکەوە جوزر و بەندکردبوو ، پشووی لەبەرهەڵگیرابوو ، لەسەر چەند تەوەرەیەك هەوڵی دەدا گۆڕنکاری بکات و ئاراستەکانیشی بێ پێچ و پلووچ بوون...

بەرپرسانی ئۆردوگاش لەئێرانیەکان سینەیان بەم جۆرە هەڵسووکەوتانە دەگیرا و خۆشحاڵ نەبوون کورد لەو بازنە کۆنەی بێتە دەرەوە و تێکەڵ بەژیانێکی نوێ ببێت و سەری لەلەدایك بونێکی تازەوە دەربچێت...!!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئاغـای ڕەزایـی لەنزیکـەوە جاسوسـی دانـابوو بەسـەر مـەحموودەوە و دەزگــای ســاواکی لەهــەموو جموجــوولێکی مــەحموود تێگەیانــدبوو ، ئەوانیش لەبیانوویەکی دیار و بەرچاو دەگەڕان تاوەکو دەستگیری بکەن ، نەشـیان دەتـوانی لەبەرچـاوی خەڵکـەوە لـەئۆردوگا دەری بکـەن و ڕەچـاوی دەرەنجامێکی خراپیان لێدەکرد...

لەڕاستیــشدا ســاواک دەزگایــەکی دڕنــدە و تۆقێنــەری دەســەڵاتی شــابوو...لەهــەموو کــون و کەلەبــەرێکی وڵاتــدا جاســوس و ســیخوڕیان هەبوو...لەئۆردوگاکانی ئاوارەکانیشدا بەبەردەوامی هـەواڵ و جمووجوڵی خەڵکیان دەگەیاند بەسەرانیان و ڕێنیشاندەرییان وەردەگرت لێیان...

یــەکێك لەوانەشــی کەســاواك خــستبویانە بازنــەی چــاودێرییەوە مـەحموود بـوو ، ئاغـای ڕەزایـی دەور و خـولی خێمەکـەی دەدا و هەرگوتـە و قـسەیەکی بکردایـە یـان کەسـێك هاتووچـۆی بکردایـە ئـەوا بـە ڕاپـۆرت دەیگەیاند بەساواکییەکان...

سینەی دەزگـای ساواکیش تـەنگ بـوو زۆر ئارامیـان نـەگرت و شـەوێك ئوتومبیلێکیـان نـارد و دایـان بەسـەر خێمەکـەی مـەحمووددا ... لەوکاتـەدا کیژەکــەی لــەئامێزدابوو... ئامینــەش لەنزیکــەوە دانیــشتبوو ...باســی ڕووداوەکـانی بـەرەکانی جـەنگیان دەکـرد و بەشـێوەیەکی ترسـێنەر دایـان بەسـەریاندا و بێئـەوەی پـەرێز و شـەرەفی خانەوادەکە ڕەچاوبکەن چاوی مـەحموودیان بەسـت و خـستیانە نـاو ئوتومبیلەکـەوە و هەرچـەندە ئامینـە قیژانــدی و هــاواریکرد هــیچ کــەڵکی نــەبوو ، لەچــاوتروکاندنێکدا مـەحموودیان سـەرنگون کـرد و خـەڵکی خێمـەش بـەدەم هـاوار و قیـژەی ئامینەوە هاتن و دەوریان دا ...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**خانـەوادەی سـۆفی هـیچ چـارەیەکیان نـەبوو ، لەبەرامبـەر دەزگاکـانی شادا و وەك ساواکی‌یەکان دەیان وت : ئەو خەڵکە بەوێنەی ئەو تۆپـەن کـە دەکێشرێ بەدیواردا و هەردێتەوە بەردەستی خۆمان ...!!**

**ئـەم لاولاو ملـە جیڕەکـردن نـەبوو ، شـۆڕش بەسـەرو بـەرەوە تەسـلیم بـە ڕژێمـــی شـــابووبوو بـــێ ئـــەو دەســـتی بـــەئاودا نـــەدەکرد و لەســـەرجەم ناوەندەکانی شۆڕشدا بـەکرێ گیراوانـی سـاواك بوونیـان هـەبوو ، سـەرەڕای بوونیان لەناو خەڵکی ڕەش‌و ڕووت‌و سادەی داماودا ...!!**

**ئــەم ڕووداوەش لەســەر دڵــی خــەڵکی ئۆردوگـا قـورس بـوو ، پیـاوان مشتومڕیان دەکرد و بـەدوای چارەسـەرێکدا دەگـەڕان ، بـەڵام لایـەکیان شك نەدەبرد سکالأیەك پێشکەشی بکەن ...!**

**ئامینـەش هـەردوای دەسـتگیرکردنی  مـەحموود ئـیرادەی کـۆکردەوە و ڕێگـەی ئـارام گرتنـی هەڵبـژارد و بڕیاری‌ـدا لەبـەر کەسـایەتی مێردەکـەی لاوازی و کــزی نــەنوێنێ و ئــەو دەرســـانەی لەمـــەحموودی وەرگرتـــووە ســەبارەت بەکەســایەتی جێبــەجێی بکــات و گــەر نەفـسە عاتیفیەکەشــی کەمەنـد کێشی بکـات ئـەوا وەڵامـی نەداتـەوە و بـاش بێـت بـۆ هـاو ڕەگـەز و خەڵکی دەورووبەری .**

*     *     *



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com





PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەکرێگیراوانی ساواك هەر ئەو شەوە مەحموودیان گەیاندە یەکێك لە بنکەکانیان و چاویان بەبەستراوی هێشتەوە ...

ئنجا ئیرهاب و تۆقاندن بەچەند قۆناغێك دەستی پێ کرد و دوو ڕۆژی ڕەبەق مەحموودیان لە ژوورێکی باریك دا بەند کرد... سەموونێکی ڕەق و جامێ ئاو زیاتر هیچیان نەدایە ... دەست بەئاو گەیاندن و هەموو پێداویستیەکی مرۆییانەی دەبوو هەر لەوژوورەدا بێت ...!!

ژوورەکە ئەوەندە نزم بوو نەیدەتوانی سەری بلّند بکاتەوە و بەپێوە بوەستێ ، ئەوەندەش باریك بوو بەئەستەم جێگەی دەبوویەوە بەچەچکانەوە دابنیشێت...! لێ نەپرسینەوە و بەندکردنی لەو ژوورەتاریکەدا یەکەم قۆناغ بوو بۆ تۆقاندن و هەرەس پێهێنانی سەرجەم بەرگریەکی ناخی مەحموود و ئەم جۆرە لەسزاو ئەشکەنجە باوبوو لەزیندانەکانی شاداو پێش لێپرسینەوە زۆر زیندانی تەسلیم بووبوو...!!

مەحموود لەنەفسی خۆیدای پێشهاتی هەموو ئەو قۆناغانەی دەکرد و بۆزیاتریش نەفسی بار هێنابوو...

لەگەرمەی ئەو مەترسی و تەنهاییەشدا بیری کیژەکەی و ئامینەی دەکەوتەوە و لەوپەڕی نائومێدیدا لەبیروهۆشیدا ماڵئاوایی لێدەکردن و دواهەمین ساتەکانی ژیانی بەچاوگێڕان بەسەرئەواندا لێك دەنا...!

دوای دوو ڕۆژ لەدەستگیرکردنەکەی بەیاذیەك زوو دەرگای زیندانەکە والأکرا و دوو ئەفسەری ساواك و چەند سەربازێك ئەملاولایان گرت و ئەویش بەلایەوە سەیربوو، سەرەتا واتێگەیشت بیبەت بۆ گۆڕەپانی لەسێدارەدان و غەمێکی زۆر دایگرت و مێشکی شڵەقا و لەژێر ئەوبارەدا دانی گرت بەخۆیدا و هیچی نەوت ...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

پـاش چـەند سـاتێك لـەژوورێکی فراوانـدا خـۆی بینیـەوە و لەزگەکـەی چاویان هـەڵگرت و تەماشـای کـرد ژوورەکـە لەقەسـابخانە دەچێت...! هـەر مـرۆڤ بـوو بەتـەنها هەڵواسـرابوو بـەڕووت و قـووتی و جەسـتەیان خـەڵتانی خـوێن کردبـوو ...! لەناوەڕاسـتی ژوورەکـەدا حـەوزێکی درێـژ کۆڵـەی پـڕ لـەئاو دروسـتکرابوو... پەیتاپـەیتا زینـدانیان تێهەڵدەکێـشا و بەدرێـژایی حەوشـەکەش جـەللادەکان بەحەیزەرانـەوە وەسـتابوون و هەریـەك لەئاسـتی خۆیەوە حەیزەرانێکی دەکێشا بەو کەسەدا کە لەحەوزەکـەیان هەڵدەکێـشاو لەتاوا ئەو داماوەش هەڵ دەبەزیی‌یەوە و هاوارێکی دەکـرد پـڕ بەژوورەکـەو جەللادەکانیش دەیان دایە قاقای پێکەنین...!!

لای سـەرووی ژوورەکەشـەوە کورسـی و مێزێـك دانرابـوو پیـاوانی بەرپرسـی سـاواك لەسـەری دادەنیـشتن و ویـسکی و شـەمبانیا و سـاردی لەسەردانرابوو...!! بلاجکتـەریش لەسوچـەکانی ژوورەکـەوە دادەگیرسـان و هەرجارەی ڕەنگی ژوورەکە بەچەشنێکی لێدەهات " دەت وت جار لـەدوای جار بەرگێکی نوێ دەکرێ بەبەریدا...!!

مەحمود سەری سووڕمابوو لەو دیمە و پێشتر لـەکوردەکانی ئێرانـەوە زۆریـان بۆبـاس کردبـوو لـە بـارەی دەزگـای سـاواك و تۆقانـدن و سـزاو ئەشـکەنجەی ، بـەلأم بیـنین و باسـکردن زۆر جیـاوازبوون ، هەنـدێك جـار ئەوباسـانەی بەئەفسانە هـاتبووە بەرچـاو ! ، بـەلأم دەسـگیرکردنی لەلایـەن ئەو دەزگایـەوە و بینینـی ئـەو دیمەنانـە مـەحموودیان هاویـشتە جیهـانێکی سامناك و بۆیەکەمجار ترسی لێنیشت...

هێـشتا تاسـاوی ژێـر ئـەو دیمەنانـەبوو ، لـەناکاو دوو ئەفسـەر پـەلیان گـرت و یـەکێکی تـریش لـەدواوە چـاوی بەسـتەوە و لـەو ژوورە بردیانـە دەرەوە ، پـاش چـەند سـاتێکی قـورس و گـران مـەحموود لـەژوورێکی تـردا



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

فڕێدراو ئەمجارەیان چاویان نەکردەوە ، بەڵام دەنگو هاوار و ناڵەو پاڕانەوەی ئەو زیندانیانەی لەژوورەکەدابوون مێشکی مەحموودیان تەواو تێکدابوو ، هەموو ئەو دەنگانە لەلایەكو ئەو بۆنەشی دەهات بەسەریدا لەلایەکیتر" خەریك بوو دڵی دەهاتە دەرەوە و لەبۆنی سەگی تۆپیوو پیستربوو...!!

لەو ژوورەشدا ماوەیەك مایەوە و ئەوەندەی ماوەی پێشووی خایاند و ئەفسەرەکان دیسان چوونەوە ژێر باڵی و بەهێواشی بردیان بۆ ژوورێکیتر ئەمجارە چاویان کردەوە و توند پاڵێکیان پێوەنا ...! مەحموود بەباشی چاوی بۆ هەڵ نەدەهات و سەرتاپای ژوورەکە سووربوو...!

لەناوەڕاستی ژوورەکەدا چەند کورسیەك دانرابوون و هەریەك لەئاستی خۆی کلاوێك شۆڕ بووبوویەوە و لەخودەی سەربازیی دەچوو ، بەڵام ئەو کلاوانە لەسەقفی ژوورەکەوە شۆڕ بووبوونەوە و بە سویچێکەوە بەندبوون" لەسەر هەر کورسی‌یەکیش زیندانی‌یەك دانیشتبوو و تاوناتاوێك هاوارێکی دەکرد ... تومەس کارەبایان لێ دەدەن و بێ ئەوەی هیچ گفتوگۆ و قسەیەکیشیان لەگەڵدا بکەن ...!!

بەئەندازەی کاتی ژوورەکانی دیکەی برد و بۆجاری سێیەم مەحموودیان پەلێکیش کرد بۆ ژووری چوارەم و لەوێ کەوت بەسەر دیمەنێکی کاریگەردا و لەفرمێسك و گریان زیاتر تەعبیری بۆ نەکرا " ژووری چوارەم کرابوو بەچەند بەشێکەوە ، لەسووچی سەرەوەدا کە بەسەری ژوورەکە دادەنرا و لەتەختی شانۆدەچوو ژمارەیەك لەئافرەتیان ڕووت و قووت کردبوویەوەو دەستیان بۆ دەبردن ... !

لەبەردەمیشدا چەند زیندانیەکی پیاو دانرابوون و دەستیان بەسترابوویەوە و قاچیشیان بەکۆتێکی ئاسنی‌یەوە ئالابوو ...! بەشی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

سێیەمی ژوورەکەش چەند جەللادێکی ساواك لەسەر کورسی دانیشتبوون و تەماشای ئەو دیمەنانەیان دەکرد ... ئافرەتەکان بە توندی دەیان قیژاند و زیندانیەکانیش لەتاوا غیرەتیان دەدایە بەر خۆ و بەوکۆتانەوە خۆیان ڕادەپسکاندو لەتاو ژنو خوشكو ئافرەتەکانیان دەبوورانەوە و سەریان دەیکێشا بەزەویدا یان قەپیان دەکرد بەئاسنەکانی قاچ و دەستیاندا ...!!

ئەم دیمەنە هەموو هۆکارێکی بەرگری لای مەحموود هەڵوەشاند و گیانی هاتە لەرزە و لەئاست خۆی بوورایەوە...!! هۆشی بەسەر دەورووبەرەوە نەما و کاتێ چاوی کردەوە خۆی لەژوورێکدا بینییەوە تەنها بو کەس لەدەوری نەبوو ... بەخێرایی بیری ڕووداوەکانی پێشووی کەوتەوە و بۆجاری دووەم لەهۆش خۆی چوو ، جەستەی ڕەق بوو کەفی سپی لەهەردوو لاشەویلگەی هاتنە دەرەوە و مرخە مرخی پێکەوت و چاوی دەرتۆقی و تەخت کەوتەوە بەڕووی زەویدا...!

کاریگەری ئەو دیمەنانە بەڕادەیەك لەسەر بیرو هۆشی مەحموود یەکیان گرتبوو ، هەموو ڕووداوەکانی دوو تۆێی بارەگان ساواك بە فلیمێکی سینەمایی دەهات و دەچوون و هەرکات بیویستایە بەچەشنی واقع و ڕاستەقینە تەماشای بکات سەری گێژی دەخوارد و توانای ژیانی نەبوو لەئانای ئەو دیمەنانەی بەدەگمەن مرۆڤ بیتوانیایە مامەڵە یان لەگەڵ بکا یاخود بەشێوەیەکی ئاسایی تەماشایان بکات ...

دیمەنەکانیش بریتیبوون لە مەینەت و ژیانێکی پڕ لە ئازار و ئەشکەنجە و هەریەکێکیان بەجیا لەوانەی تر سیفەت و تایبەت مەندییەکی مەرگ ئامێزیان لەباوەش کردبوو... سرووەی شادی لەسوچێك یا قوژبنێکی ئەو قەڵای مەرگەدا بەڕێکەوتیش دەرنەدەکەوت و ئەوانەشی لەودیو ئەو دیوارانەوە بوون لە دووجۆر مرۆڤ بەدەرنەبوون ،



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

یازاڵم بوون یاخود خەڵکی چەوساوە ... زاڵمەکان سیفەتی مرۆڤایەتیان لەدەست دابوو ، سۆز و بەزەیی لەفەرهەنگیاندا هەڵگیرابوو ، هەرکات مرۆڤێکیان هەڵبواسیایە یا مێشکیان بتەقاندایە ئەوا خۆشحاڵ دەبوون دەورانی خوێنیان بەخێرایی چوست و چالاك دەبوو بەوە و دڵیان ئاوی دەخواردەوە و جەستەیان سووك دەبوو، ئەو خوێنە زەبر و زەنگی دڕندەیی بەڕادەیەك تیا خاووهێواش دەکردنەوە و تاوێك لەخوێن ڕشتن و ئازاردانی ئەو خەڵکە بێدەسەڵاتە دەستیان دەکێشایەوەو دادەمرکانەوە...!!

مەحموود ماوەی پانزە ڕۆژ لەزیندان مایەوەو ڕۆژانە لەناکاو دەبوورایەوە و پزیشکەکانی زیندان سەرپەرشتیان دەکردو، هەوڵیان دەدا هێوری بکەنەوە و لەوقەیرانە دەربازی بکەن ...

بەرپرسی زیندان زوو زوو پزیشکەکانی ئاگادار دەکرد لەبەرپرسیان لە چارەسەرکردنی باری دەروونی مەحموود و ئەوانیش بەدرێژی باسی حاڵی پەرێشانی مەحموودیان بۆ دەکرد و تووش بوونی بەجۆرێك لەنائومێدی ...!!

ئێواران وبەیانیان چارەسەری وەردەگرت و خەریك بوو لەسەر ئەو دیمەنانە ڕادەهات ، ئەو جیهانە نێرگزیەی مەحموود پێشبینی دەکردو بانگی خەڵکی بۆ دەکرد لەناکاو دڕك و داڵ سەریان دەرهێنابوو تیایداو دیمەنەکانی زیندان و زوڵم وستەمی جەللادەکان زۆرشتیان فێرکردبوو...!!

چاوی لەسەر جیهانێك کرابوویەوە هەرگیز پێشبینی نەکردبوو بەو جۆرە بێت " ئەشکەنجە و ئازاردانی بەچاوی سەر بینی بوو... هەموو ئەم دیمەنانەو حاڵەتە دەروونیەکەی بە پردێکی هەڵواسراوی نێوان



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ڕابووردووداهاتووی بەیەك گەیەندرابوون و لەگۆشەنیگایەکی دوورەوە بۆ ژیانی خەڵکی داماو ستەمدیەدیی دەڕوانی و لەئەستەمی حاڵەتەکە مێشکی قورس دەبوو ، دڵی بەخراپی لیٚی دەدا و دنیای ڕۆشنی لاتاریك دەبوو...

خۆ ئەگەر بەهێزی کەسایەتی و ئیرادەی بەرزی نەبوایە ئەوا هەر زوو شێت دەبوو ، عەقڵی لەدەست دەدا ... چ موسیبەتو ڕووداوێك شایستەی ئەوەن مرۆڤ ئاوا سوکایەتی پیٚبکریٚتو، دنیای بەرفراوانی لیٚ تەسك بکریٚتەوە و بەرزی مورادی ژیانی لیٚبکریٚت بەژەهری مارو هەموو دیمەنە جوانەکان ببن بەمۆتەکە و ڕاچڵەکان و ترس و تۆقاندن ...؟!

ئای کوردی داماو ...! چ زەمانێك تیٚکەوتوویت ...؟!! لەزوڵم و ستەمی بەعس هەڵبێت بۆ زوڵم و ستەمی شای پەهلەوی و خۆرەی ناوخۆش جەستەی داڕزاندبێت و کەسایەتی لەبن هێنا بێت...خاکی بەرفراوانی کوردستانت لیٚ بووە بەگۆڕێکی تەسكو تروسكو ئاسۆی ڕووناك هەمیشە بەلێڵی بە گەردوونو دامێنی ئاسماندا دیٚت ودەچێت...!

رۆژ ذیٚیە ئاشی مەرگ نەگەڕیٚ و بەرداشی لە جومگە و ئێسکی مرۆڤی کورد نەهاڕێت ...!! گەرچی ژیانی غوربەتو ژیان لەناو خێمەدا و گرفتەکانی بەرۆحێکی بەرزەوە پێشوازی لیٚدەکات، بەلاٚم داگیرکاری چاوچنۆك دانانیشیٚو دەست ناکێشێتەوە لە زوڵم و ستەم دەڵیٚی کورد هەر بۆ ئەوە دروستکراوە ، جینۆسایدو ڕەش بکوژ بکریٚت...!!

مەحموود بەدەم ئێش و ئازاری باری دەروونەوە لەم جیهانە ناوازەیەدا دەژیا و بەستەی ئاواتەکانی لەیەك ترازابوون و بەقرژێکی بژ و چاوێکی سوورەوە مێشکی دەگوشی و لەتاوا هەموو لیٚوی هەڵ پشکوتوو بوون بەبەرین و تامیسك ...!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بۆیەکــەمجار ئاغــای ڕەشــیدیو دوو ئەفــسەر هاتنــە لای و قــسەیان لەگەڵـداکرد... ئـەو ماوەیـەی پێـشوو لیٚیـان نەپرسـی بوویـەوە و وێڵـی دەریــای ئەشــکەنجە و چەوســاندنەوەیان کردبــوو، بەئومێــدی هــەرەس هێنانو تەسلیم بوون پیٚیان...

شێوازی مامەڵـەی ساواك بـەم شێوەیە بـوو ، دیمەنـە نامرۆیییـەکانی چوارچــێوەی زینــدانیان پیــشانی دەســتگیراوی نویٚــدەدا و هەســتو نەستیان تێك دەداو زەبر و زەنگـی خۆشیان زاڵ دەکرد بەسەریاو هەرچی وزەیــەکی بــەرگری ئــەو بەســتەزمانەش هەبوایــە هەرەســی دەهێنــاو بیٚدەستەلاٚتو زەبوون دەکەوت لەبەردەمیاندا ...!!

ئاغای ڕەشیدی وتی :

- مەحموود ئێستا چۆنی ...؟!

مەحموودی داماو دوای بینینـی ئـەو هـەموو مەینەتیانـە و تێپـەڕبوونی پـانزە ڕۆژ بەســەر دەســتگیرکردنیدا بەئەســتەم وەلاٚمــی پرســیارەکەی بـۆ دەدرایەوە و وتی:

- چیتان دەوێت لەمن ؟!

ئاغای ڕەشیدی پێکەنین گرتی و بەدەم قاقاوە وتی:

- من چیت لیٚ دەپرسم و تۆچی دەڵێت...؟ هەی ...هەی ...

مەحموود دووبارە پرسی :

- پێم بڵیٚ چیتان دەوێت ؟ !

ئاغای ڕەشیدی بەکەشو فشەوە وتی :

- دەمێکە ئاگاداری جمووجوڵی تـۆین لـە ئۆردوگـاو دەمانـەوێت بـزانین لەگەڵ کێدا ئیش دەکەیتو لە بەرژەوەندی کام حیزب ئیش دەکەیت...؟!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

هێشتا مەحموود وەلآمی نەدابوویەوە ئاغای ڕەشیدی پێشی کەوت و وتی :

ــ باسی شۆڕش نەکەیت ، ئەو قسانەی تۆ دەیکەیت بۆ منداڵان و ژنان و لاوان گوتاری شۆڕش نین و زیاتر بۆنی ناسیونالیزمیەتی لێدێت...؟ئێمە لای بەرپرسانی شۆڕش پرسمان کردووە و تۆ لەگەڵ ئەوان نیت ...؟

مەحموود هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و وتی:

ـ من هەر خۆمم ... لەبازنەی کەسدا ناسووڕێمەوە ...و لەبەرژەوەندی کەس ناجووڵێم...

ئاغای ڕەشیدی تازە خەریك بوو گەرم دەبوو بە توندی فشاری خستە سەر وشەکان و وتی:

ــ باسەکانی تۆ داڕشتنەوەی کەسێتی کوردی ... پەروەردەکردنی منداڵان...دڵسۆزی بۆ کوردستان و خزمەت کردنی ...

ئنجا تفێکی قووتدا و وتی:

ـ ئیش کردن لەسەر یەك پارچەیی کوردستان... ئەمانە چۆن دەزگا و حیزب و کۆمەڵی لەپشتەوە نییە ....!!

مەحموود بەدڵنیایی و پشت ئەستووریی‌یەوە وتی :

ـ باوەڕم پێ بکەن سەر بە هیچ لایەن و کۆمەڵێك نیم ...

ئنجا ئاغای ڕەشیدی وەرەقەیەکی دەرهێنا و وتی :

ــ ناوی هاوڕێ کانتم بۆ بنووسە لەپاوە و کرماشان و سنە و ... هەموو سنووری ولآتی شاهەنشاهی... !

مەحموود بەبێزارییەوە وتی :



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ـ ئاغا تۆچی دەڵێیت ؟! من کوا هاوڕێم هەیە و کوا خەڵکی ئەو شارانە دەناسم ؟!!

ـ مەحموود هەوڵی سەر لێشواندنمان مەدە ... تۆ لەگەڵ مەجیددا دووجار چوویت بۆ کرماشان و جارێکیش بۆ پاوە...

ـ بۆ حەمام چووین و دواتریش لەماڵی زاوایەکی مامۆستا مەجید ماوینەتەوە و هەر زوو گەڕاوینەتەوە ... دەبێت ئەمە چی تێدابێت ...؟!!

ئاغای رەشیدی زۆر سوورنەبوو لەسەر داواکەی و ئەم دەستگیرکردنەی مەحموودیش بەتەنها بۆ تۆقاندن و تەمێکردنی بوو ، بۆیە لەناکاو وتی:

ــ مەحموود ئێمە ئاگاداری هەموو هەڵس و کەوتێکی تۆین و نامانەوێت ورتە لەدەمت بێتە دەرەوە و هیچ جۆرە چالاکیەك لەناو ئاوارەکاندا ئەنجام بدەیت ... ئەمجارە گەشتێکمان پێکردی تەنها بۆ ئەوەی بزانیت ئێمە کێین و دەتوانین چی بکەین...! هیچ کەس ناتوانێت لەبەرانبەر پیاوانی شاهەنشای مەزن دا بوەستیت ...ئەو ژوورانەی بینیت تەنها بەرکوڵێك بوو...! ئەگەر نەبوورایتایەتەوە ئەوەندەمان دیمەن نیشان دەدایت تا شێت دەبوویت...!! ئەمە ئەوەڵ و ئاخر ئاگاداری ئێمەیە و چیت بینیوە لای کەس نەیدرکێنیت و سەری خۆت کز بکە ...

لەبەرامبەر ئەم قسانەدا مەحموود بێدەنگ مابوویەوە و هێشتا دیمەنەکانی زەبر و زەنگ بەری نەدابوو، قسەکانی ئاغای ڕەشیدیش تەواو سەرسامیان کردبوو ، لەناکاو ئاغای ڕەشیدی کێشای بەسەرشانیدا و وتی:



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ـ تۆ تاکە کەسێکی بەسەلامەتی لەم زیندانە دەچیتە دەرەوە و وابزانە تـــــازە لـــــەدایك بوویتـەوە...! ئـەوەی پـێم وتیـت لـەبیری نەکـەیت ... دوای

گوناهی خۆت لەملی خۆتە...!!

لـەم قـسانە تـەواو بـوو ، ئنجـا بەدەسـتووری جـارانی پێـشوو چـاوی مـەحموودیان بەسـتەوە و لـەئوتومبیلێکیان تونـدکردو هـەر بـەو شـەوە گەیاندیانە سنووری ئۆردوگـاو پـێش ئەوەی بگەنە نـاو ئۆردووگاکە دایـان بەزاندو چاویان کردەوەو بەجێیان هێشت...!!

مانگـە شـەوێکی ڕوونـاكو جـوان بـوو ، مـەحموود ڕەنگـی مـردووی لێنیشتبوو ، وایدەزانی سەرلەنوێ لەدایکبووەتەوەو ڕووداوەکانی زینـدان تازە ڕیزبەند دەبوون لەبیریدا و بەدەم هاوسۆزی بۆ ئەو زیندانیانـەوە غـەم و خەفــەت دایگــرتو چــەند هــەنگاوێکی نابەپەلــە ڕووەو ئۆردوگاکــە رۆیشت...شەو لەسەرەتایدا بوو...هەستی بەخۆشی ڕزگاربوون دەکردو ئـەمجارەش بـەماڵ و منـداڵ و کەسـوکار شـاددەبێتەوە و لەناویانـدا خـۆی دەبینێتەوە...

مـاوەی چـارەکە سـەعاتێك بـەپێ ڕۆیـشت و لـە دەروازەی سـەرەکی ئۆردوگـاوە چـووە ژوورەوە و تـاك و تـەرا خـەڵکی دەبینـی لـەژێر تیـشکی مانگەشەودا دانیشتبوون لەبەر خێمەکانیاندا ، هەرکە چاویان بەمەحموود کـەوت بـەرەو ڕووی چـوون و زۆری نـەبرد خـەڵکێکی زۆری لێ کۆبوویـەوەو دابـارین بەسـەریا ، پـەیتا پـەیتا پرسـیاریان لێـدەکردو ئـەویش لەترسـا نەیدەوێرا ڕاستیان لا ئاشکرا بکات و دەیووت :

ـ هەندێك ئیش و کارم هەبووە ...!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

پاش کەمێك ئامینە و باوك و دایکی و هەموو کەس و کار دەوریانداو بڕوایان نەدەکرد مەحموود گەڕابێتەوەو ڕزگاری بووبێت لەدەستی ئەو جەللادە خوێن مژانە...!

کیژە بچکۆلانەکەشی توند دەستی کردبوویە ملی باوکی و بەئامان و زامان دەستی بەرنەدەدا، نەبادا باوکی لەکیس بچێت...!! هەموو لەخۆشیدا فرمێسکی شادیان دەسڕیو مەحمووديش هەوڵی ئەوەی دەدا قەرەباڵغیەکە کەم بکاتەوەو ڕووداوەکە ئاسایی بکات لایان و بلاوەیان پێ بکات، بۆیە بەردەوام دەیووت :

ـ ماڵتان ئاوابێت ...عەزیەتتان کێشا... بابە هیچ نەبووە هەندێك ئیش و کارم هەبوو...!!


بەم قسانە خەڵکی بەڕێکرد و تەنها خۆی و ئامینەو دایكو باوکیو میرزاو ناسکی بچکۆلانە مانەوەو ئەوسا بەئامینەی وت:

ـ جێگەیەکم بۆ رابخە زۆر ماندووم دەمەوێت بخەوم...!

ئامینەش سروشتی مێردەکەی شارەزابوو پرسیاری لێنەکردو هەر زوو داواکەی جێبەجێکردو کەس‌وکاریش دەوریان چۆڵ کردو ئەوەندەی نەبرد مەحموود خەوی لێکەوت....!!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com





PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئامینــه ئــەو شــەوە خــەوی پیانەکــەوت و بــەردەوام لــەژوور ســەری مــەحموودا دانیــشتبوو ، ئــەویش زوو زوو بــەئاگادەهات و بــەدەم خــەوی ناخۆشەوە وڕێنەی دەکرد... تووشی قەیرانێکی دەروونی ئاڵۆز و سەخت هاتبوو کاریگەری دیمەنەکان تەواو حاڵیان پەرێشان وبریندارکردبوو...

لەبەرەبەیانـدا مـەحموود لەسـەر جێگەکـەی ڕاسـت بوویـەوەو ئـارەقێکی زۆری کردبوویەوە ، ئامینەش بەپەرۆیەك عارەقەکەی سڕی و تەماشایەکی چاوەکانی مەحموودی کرد ئنجا بەنەرمی وتی :

ـ ئومێددەکەم ئەم شەو ماندووبوونت دەرچووبێت...

مـەحموود تـازە بـەهۆش خـۆی دەهاتـەوە و ڕووداوەکـانی چوارچێوەی زینــدان هێــشتا لــەبیرو هۆشــیدا جێگەیــەکی کاریگــەریان هــەبوو ، غــەمو خەفەتی دوو توێی زیندان و پێشێل کردنی مـافی مـرۆڤو چەوساندنەوەی مرۆڤ تراژیدیایەکی مەرگی لای مەحموود خولقاندبوو، ماوەیەکی پێویست بوو تـا بگەڕێتـەوە سـەر باری ئاسـایی ، بەچاوێکی فرمێسکاوی و دڵێکـی گوشـراوەوە لەئامینـە ووردبوویـەوە و پـاش کـەمێك بەپەرۆشـەوە باوەشـی کـرد بەئامینــەدا و ســەری نووســاند بەســنگیەوە و ئــەویش تونــد ســەری مێردەکەی گرت و وتی :

ـ چیتە ؟! بۆ وا پەشۆکاویت ؟!

بەدەم ئەو حاڵەتەوە وتی :

ـ ئامینە گیان زۆر بێ تاقەتم ، وەختە دڵم دەتەقێ...!

ـ چیان لێ کردیت ...؟! بۆ کوێیان بردیت...؟!

بەزۆر دانی نا بە وشەکان دا و وتی :



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ـ عـەقڵم خەریکـە دەوەسـتێ...بڕواناکـەم...لەخەویـشدا شـتی وەهـام بدیایـە عـەقڵم بـاری دەکـرد... !! ئامینـە ئێمـە لەدەسـتی زاڵمێـك ڕامـان کردووە بۆ ژێر چنگی زاڵمێکی تر و هیچ جیاوازیەکیان نیيە...!!

بەدەم ئەم قسانەوە دیمەنەکانی بیرکەوتەوە و دەستی کرد بـەگریان و ، ئـەوەش یەکـەمجاربوو ئـاوا بـەکوڵ بگـری و ئامینـە لـەو حاڵەتـەدا ببیینێـت ...!ئاخۆ چ موسیبەتێك ڕوویدابێت ، ئەو کەسایەتیيە بـڕوادارو پێشەنگە ئـاوا گـۆج و لاواز بـووە و دەگـری ، ئامینـە واقـی وڕمـابوو زۆر لەسـەردڵی قـورس بـوو مـەحموود بگـری و زەبـوون دەربکـەوێ ، لێـوی لـەنێو چـاوانی نزیك کردەوەو ماچێکی کرد و وتی :

ـ مەحموود چی ڕوویداوە ...؟! کەی تۆ ئەوەندە لاواز بوویت...؟!

لــەژێر ئــەم هــەموو پرســیارەدا خــۆی ڕانــەگرتو لــە نووکــەوە هەمووشتێکی بۆ گێڕایەوەو لەدوایيدا وتی:

ــ ئـەم باسـە لای هـیچ کـەس نـەدرکێنیت ...ئـەمجارە خوانـەجاتی دام...هــەموو دانییــشتن و وانــەکانیش ڕادەگــرم... ئاگــاداری هــەموو جمووجوڵێکن لەم ئۆردوگایە....!

ئامینە بۆ پشتگیری لەقسەکانی مێردەکەی وتی :

ــ منـیش هـەروام پێباشـە... لـەمڕۆ بـەدوا لـەم چـادرە نابێـت بـچیتە درەوەو بۆ هەرکوێ بچیت  قاچم لەگەڵ قاچتە ......

ئنجا ئامینە لەناکاو لەژێر کاریگەری ئەو ڕووداوانەدا وتی :

ـ ئەی بۆچی نەگەڕێینەوە بۆ هەڵەبجە ...؟!

مەحموود مەسەلەی گەڕانـەوەی لا خـراپ بـوو ، لـەو کاتـەدا خێـرا بیری ساواك و ئەڵقە لەگوێکانی کەوتەوەو وتی :

ـ بەم کتوپڕە گەڕانەوە باش نیيە ، دەمان گرن یاخود ...یاخود...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئامینە بەپەرۆشەوە وتی:

ـ یاخود چی ...؟!

ـ تیرۆرم دەکەن ...!

ـ ئەی حەل چیە ...؟!

ـ بێ دەنگ بین باشە تا ئەم تەم و مژە دەڕەوێتەوە و شۆڕشی کوردی بەلایەکدا دەکەوێت ...!!

بەم حاڵەوە ئامینە توند سەری مەحمودی گرت و وتی :

ـ بێ تۆ ناژیم ... دەبێت دووربیت لە هەموو جۆرە چالاکیەك ، ئێمە لەخوازیاتر کەس شك نابەین و دەستەڵاتی ئەو زاڵمانەمان نیە...!! تو خوا بەزەییەکت بەمن و ئەو منداڵە بچووکەدا بێتەوە کە هێشتا چاوی هەڵ نەهێناوە ...!!

ئەم سوێندو لالأنەوەیەش ئاماژەیەك بوو بۆ ئەو منداڵەی لەڕەحمی دا چەندمانگێك بوو دروست بوو بوو ، هێشتا لای مەحموود و کەسیش باسی نەکردبوو ، بۆیە مێردەکەی زیاتر هەستی جولا بۆ ژنەکەی و وتی :

ـ کەی ... ئەی تۆ قسەت نەکردووە ؟

ئامینە زەردەخەنەیەك هاتە سەرلێوەکانی و بەشەرمەوە وتی:

ـ دڵنیانەبووم...

ـ ئەی ئێستا ...؟!

ـ دڵنیام .... خنجیلانەی غوربەتمانە وخوای گەورە دەرووی خێری لێکردووینەتەوە .... تۆقی بووم کاتێ دەستگیرکرایت شەو نەبوو بەدەم گریانەوە خەوم لێنەکەوێت، کاتێکیش بەخەبەر دەهاتم و جێگەکەم بەبەتاڵی دەبینی تێر دەگریام و دەستم دەکرد بەپاڕانەوە لەپەروەردگار... بەڕاستی تاقی کردنەوەیەکی سەخت بوو ...! بێ تۆ هەرگیز



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

هەڵناکـەم...ئومێـدیش دەکـەم مـن و تـۆ لەیـەك ڕۆژدا بمـرین‌و مـەرگمان هاوتای مەرگی یەك بێت...!

مەحموودیش زۆر هۆگر و ئالوودەی ژنەکەی بوو ، تەواوکەری لایـەن و کەلێنـەکانی ژیـانی بـوو ، لەمنداڵیـەوە خۆشەویـستی نێوانیـان سـەری هەڵدابوو ، هەمیشە بیری منداڵی دەکەوتەوە و ئامینـەی بەو سینەفراوان و پڕ لەئەوینەدادەنا کەلەکاتە ئەستەم و پڕ لەمەترسی‌یەکانی ژیانی‌دا فریـای کەوتبوو ، بیری منداڵی دەکەوتەوە چۆن جارێکیان هەموو پێکەوە یاریان کردبوو مەحموود بازێکی‌دابوو دەستی لـەجێ چوبوو ، سەرجەم منداڵان لـەدەوری تـەکی بوونـەوە و تـەنها ئامینـە هـاتبوو بەهانایـەوە و دڵنـەوایی کردبـوو...ئـەم ڕووداوەش کاریگەریی‌یـەکی بـەهێزی هـەبوو لـەژیانی مـەحمووداو ئامینـەی لەبیروهۆشـیدا کردبـوو بـەو خانمـە مەزنـەی شـکت‌و لـەنگی ڕووی تێنـەدەکردو پەرسـتیاری حاڵەتـە نائاسـاییەکانی مەحموودبوو...

لـەم قەیرانەشـدا ورتـەی لێوەنـەهات و بـۆ کەسـی بـاس نـەکرد جگـە لەئامینـە ، تەنانـەت هاوەڵـە نزیکەکانیـشی بـەڕێکرد و هیـچی نەدرکانـد لایـان... بـەلاَم لـەئاناى ئامینـەدا هەمووشـتێکی بـاس کـرد و خـۆی پێڕانەگیراو هەست کـردن بەلاوازی‌و کزی دەبوو لای ئەو خاڵی بکاتـەوە ئەو دڵنەوایی‌و پشتگیری‌و هاوخەمی‌یەش مەحموودی هێورکردەوەو برینە قووڵەکانی سارێژو تیمارکرد ...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# (17)

خەڵکی ئۆردوگا بەشێوەیەکی گشتی بێزاربوون لەمامەڵەی بەرپرسان و رۆژ نەبوو هەڵ نەشاخێن بەڕووی بەرپرسەکاندا ، مەحموود لەوساتە وەختەوە دەسگیرکرابوو و دیمەنەکانی زیندانی ئێرانی دیبوو ، چالاکیەکانی بەرێژەیەکی تەواو وازلێهێنابوو " جگە لە خاوخێزانی نەیدەوێرا قسە بۆ کەسی تر بکات و متمانەی کەم بووبوویەوە...

ئاغای ڕەزایش بەڕووکەش لەخزمەتی خەڵکیدابوو ، بەڵام پیاوێکی سەربە ساواك بوو، راپۆرتی بەرزدەکردەوە بۆ بەرپرسانی سەرووی خۆی و چاوێکی ئەو دەزگایە بوو بەسەر خەڵکیەوە...

ژیانی ئاسایی ئۆردوگا بریتیبوو لەسوڕانەوەو بێئیشیو هەڵماتێن و قسەوگاڵتەی پڕوپووچ و بێمانا ، ئەمەویڕای ئەو چاوبازی و سەرەتاتکێیەی گەنج و هەرزەکاران دەیان کردو بەدرزی خێمەدا هەڵیان دەڕوانی...!!

بەردەوام خەڵکی ئومێدی بەشۆڕش زیادی دەکردو ڕازی بوون بەو دەربەدەری و ناسۆریانەی هاتبوونە رێگەیان و سەرکەوتنی شۆڕش و بەدەست هێنانی مافی کورد مەسەلەیەکی کاتی بوو لە دڵ و دەروونیاندا...!!

مەینەتی و ناسۆریەکانی ئەو جۆرە ژیانەش لەڕادە بەدەربوون و، لەئومێد بەرزی خەڵکی دا ئەو مەینەتیانە بچووك و بێنرخ مابوونەوە ، ئەگینا ژنان دەبوو بەتەنەکەو مەتارە ئاوکێش بکەن و بۆ پێداویستیەکانیان تووشی دەیەها رێگرو کۆسپ بېن و سەرەڕای ژیانی ناوخێمەش کەوا جیهانێکە زادەی زوڵم و ستەم و دەربەدەریەو هەموو تام و چێژێکی ناڕەحەتی هەڵگرتووە...!!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

سـۆفیو مـیرزا لەگـەڵ پیـاوانی خـزم و ناسـیاودا لـە بـەردەم ڕیـزە چادرەکانیاندا دادەنیشتنو کۆڕی قسەوباسیان گەرم دەکردو هەریەك چـی لەهەگبەکەیـدا بوایـە ئـەوا هـەڵی دەڕشـتو گـوێ قـوڵاغی بەرامبەرەکەشـی دەبـوو ئـاخۆ بـاس لەچـی بکـات ؟! زیـاتریش باسـەکانیان لـەدەوری شـەڕو شۆڕی پێشمەرگەو حکوومەتدا بوو...

لەوکاتەشەوە شەڕ هەڵگیرسابوویەوە خوارەحم نەهاتبوویـەوە و سۆفی زۆر بیری دەکرد، دڵی بەتیاچوونی لاویی براکەی دەسووتاو بەلاوێکی خێر نەدیووی دادەنا ، لای خزمانو خەڵکی هەڵەبجەش قارەمانێك بوو، هەریـەك لەئاستی خۆیەوە قەدرو ڕێزێکی بێپایانیان بۆ دانابوو...

ڕۆژێـك مەجلیـسی سـۆفی و هـاوەڵانی گـەرم بـوو ، کابرایـەك کەخـەڵکی گونـدێکی دەوری هەڵەبجـە بـوو و تـازە لەبـەرەکانی شـەڕ گەڕابوویـەوە و بەگەرمی باسی لەمەسەلەی کورد دەکرد و دەیووت :

ـ بابـە حکوومـەت حـسابی تـەواو بـووە...!! ئێـوە نـازانن چ گورزێـك وەشێنراوە و سوپای عێراق چۆن تەفروتونا بووە...

ئەم دەستەواژەیەی دوایشی ئاماژەیـەك بـوو بـۆ شـەڕێك کـە بـەهاوکاری ساواك کرابوو و تیایـدا زیـاد لـە دوو هـەزار سـەربازی عێراقـی کوژرابوونو تەواو کەمەری حکوومەت شل بووبوویەوەو گلۆڵەی ڕوو بەلێژی بوو...

کابرا درێژەی دابەقسەکانی و وتی :

ـ هەمووشـتێك ئامـادەکرابوو ، پێـشتر چـەند جارێـك مەشـقمان کـرد و بەهاوکاری هاوپەیمانەکانمان توانیمان ئەو فەیلەقە کێش بکەین بـەرەو ئـەو بۆسـەیەی بۆمـان نابوونـەوە ، خۆشمـان بڕوامـان نـەدەکرد بتـوانین ئەوەنـدە یان لێ بکوژین و ئەمە جگە لەوانەی دەستگیرمان کردن...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

سـۆفی زۆر بـەزەیی بـەو سـەربازانەدا دەهاتـەوە ، ئـەوانیش بـەزۆر راپێـچکرابوون و کـوڕی کەسـانێکی بەدبـەخت وچـارە ڕەشـی خێرنـەدیوو بـوونو، حکوومـەت بەکوشـتی دەدان لـەپێناوی بەرژەوەندییـە تەسـكو نامرۆیییەکانی دا ، بۆیە لەناکاو قسەکانی بەکابرا بڕیو وتی:

ـ ئەی چیتان لەو هەموو جەنازەیە کرد ؟!

کابرا ئەم پرسیارەی بەلاوە عەجایب بوو ، بەڵام شارەزابوو لەدڵناسکی سۆفیو سۆزو بەزەیییەکەیو وتی:

ــ مام سۆفی چیان لیٚ بکەین ...؟! وەڵڵاٚ بەجێمان هێشتن حکوومەت بیانباتەوە بۆ کەس و کاریان...

میرزاش بیری کوڕە جوانە مەرگەکەی کەوتەوەو ئێشو ئازاری جەرگ سوتان هات بەبەریداو وتی:

ــ خـوا تـۆوی شـەڕو شـۆڕ ببڕێـت .... ئـەو لاوە جوانانـەی لـەگڵ توندکرد...!

پێشمەرگەکەش بەتوڕەیییەوە وتی :

ــ ئاخر ئەگەر نەیان کوژین دەمان کوژن... ئەوان بۆ کوشتنی ئێمە هاتوون...ئێمە داوای مافی خۆمان دەکەین...!

میرزا ئاهێکی هەڵکێشا و وتی:

ــ شـەڕ جـەرگ سـوتان و بەدبـەختی و هـەزاران بـەلاٚ و موسـیبەتی لەخۆگرتووە...

کـابرا لـەژێر کاریگـەری قسەوباسی نـاو دەسـتەکانی پێـشمەرگەدابوو وێنایەکی ئەو گفتوگۆیانەی هێنایە ناوباسەکان و وتی:

ـ ئەوانە بەخوێنی سەری کورد تینوون...ئەو عەرەبە پیٚ پەتیانە هەر بۆئەوە باشن تێزاب بکرێت بەسەریاندا...!!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

سۆفی هەڵیدایەو وتی :

ـ بابە هەموو هەر مەخلوقی خواین ئەوە تۆچی دەڵێیت ...؟! ئەو داماوانە خوادەزانێت لەژێر چ زوڵمو زۆرێکدا هێناویانن بۆ شەڕ...!

کابرا دیمەنی هێرش و بۆردوومانی ئەو سوپایەی کەوتەوە بەرچاو و وتی:

ـ سۆفی گیان تۆ جێگەکەت گەرمە...! ئەگەر ئەو سەربازانە دەبینیت چیمان پێدەکەن بەخوا دەڵێیت بیانکەن بەقیمە نەك هەروابێ مەلاّمەت جەستەکانیان بەجێ بهێڵن...!!

میرزا بۆهێورکردنەوەی مەجلیسەکە وتی:

ـ کورەواز لەو قسەوباسانە بهێنن... بابێینە سەر باسی ئۆردوگا ، ئاغای ڕەزایی گۆبەنێکی تری بەدەستەوەیە، دوای ئەوەی بەمەحموودی کرد ئێستا جاسووسەکانی گوێ قولاّغ کردووە لەسەرجەم ئۆردوگا و پیاوناوێرێ لەماڵی خۆشیا قسەبکات...!

سۆفی دڵی بریندارببوو بەو باسە و وتی:

ـ میرزا گیان با ئەم مەسەلەیەش هەر نەکەینەوە و سەری لێ بنێینەوە ، هیچمان دەستگیر نابێت جگە لە مەینەتو ئاهو حەسرەت کێشان زیاتر...

ئەم قسەیەی سۆفیش ئاماژەیەك بوو بۆ ئەوەی میرزا بێدەنگ بێتو گۆبەنێك بۆ مەحموود نەنێتەوەو پەردەیەکیش بدات بەسەر باسو خواسی دەستگیرکردنی مەحمووددا کە هێشتا نهێنەیەك بوو زۆربەی خەڵکی بێئاگابوونو پرسیاریان دەکرد لەبارەیەوە...قسەو پێشنیارەکانی هەردووکیشیان بوون بەهۆی تێکچوونی ڕەوتی دانیشتنەکەو هەریەك لەئاستی خۆیەوە ساردبوویەوەو هەرچەند ساتێکی کەمی خایاند و ئیتر مەجلیس چۆڵ بوو و روویان کردەوە ژێر خێمەکانیان...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## (18)

لەبـەرەكانی شـەڕدا بـەردەوام هێزەكـانی ڕژێـم شكـستیان دەخـوارد و سـەدان گرفـت دەهاتــە ڕێیــانو لاوازیـیــەكی گــەورە ڕووی كردبوویــە ڕیزەكانی سوپا و ئەحمەد حەسەن پەشۆكاوی پێوەدیاربوو...

صــەدام زیــاد لەهــەموویان پەرێــشان بــوو ، هــەموو چــاوەڕێ بــوون چارەسەرێكیان بۆ بدۆزێتـەوەو لـەو قەیرانـە ڕزگاریـان بكـات، ئـەویش ڕۆژو شـەوی دابوویـە دەمـی یـەكو وادەی هـەرەس هێنـانو شكـستیان لـەئانو سەعات دا بوو...

لەژوورەكـەی خۆیـدا بەغەمبارییـەوە دانیـشتبوو...مێشكی دەگوشـی و تـازە ڕێكـەوتن لەگـەڵ شۆڕشـدا كـارێكی مـەحاڵ بـوو ، چـەند جارێـك ئـەو تـەرزە كۆنـەی مامەڵـەی لەگـەڵ شۆڕشـی كـوردا لێكدایـەوەو دڵـی ئـۆقرەی نەگرت و توڕەبوو و هەستایە سەرپێ ، چاوێكی گێـڕا بەژوورەكـەداو چـەند هەنگاوێك هـاتو چوو... گۆچانە ڕەشـەكەی هـەڵگرتو یـەك دوو گۆچـانی كێشا بە مێزەكەیداو چەند جنێوێكی لەبەر خۆیەوەدا ...!!

لـەم حاڵـەدابوو زەنگـی تەلەفۆنەكـەی لێیـدا و بەبێزارییــەوە هــەڵی گرت... سكرتێرەكەی وتی :

ـ قوربان جەنابی جێگر سەرۆكت لەگەڵدایە...

صەدام بەڕەقی وتی :

ـ بەڵێ... فەرموو...

ئەحمەد حەسەن بەدەنگێكی هەڵبزڕكاوەوە وتی :

ـ واپێویست دەكات بەزووترین كات دانیشتنێك بكەین...

صەدام بۆ سەلماندنی دەستەلآت و ژیری و عەقڵ سالاری خۆی وتی:



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ــ كاتــژمێر ســەعات دوو لەكۆشــكی كۆمــاری هــەموو ســەركردەكانی سـوپاو وەزیرەكـان بـا ئامـادەبن و چارەسـەرێكی دروسـتم پێیـە بـۆ ئـەم حاڵە...!!

ئەحمــەد حەســەن خــاوەن عــەقڵێكی دۆگمــابوو ، ســەرەڕای ئــەوەش ســاویلكە و ســاكاربوو لەمامەڵــەدا و بــڕوای بەهــەموو قــسەكانی صــەدام دەكــرد و لــەبیری چــووەوە بپرســێت بۆچــی پــێش وەخــت تەلــەفونت نەكردووەو لەخۆشیدا وتی :

ــ هـەر دەمزانـی چارەسـەرێكمان بـۆ دەدۆزیتـەوە .... تـا سـەعات دوو خوات لەگەڵ ...!

صــەدام تەلەفۆنەكــەی داخــستەوە و لەگێــژاوی بیركردنــەوەدا بــوو ، تائەوكاتــەش هــیچ چـارە ســەرێكی پێنــەبوو بــۆ ئــەو قەیرانــەی ســوپای تێكەوتبوو...! بەڵام لەناكاو تەزوویەك هات بەبیریدا و فیكـرەی ڕێكـەوتن لەگـەڵ شـادا بازیـان دایـە ناومێـشكی و پێكەیـەكیان داگیركـرد... كـەمێك شادی ڕوویتێكرد و بزەیەك گرتی خۆی ڕانەگرت لەسەر كورسییەكەیو دیسان هەستایە سەرپێ و ئەوجا بیری لەوەكردەوە چۆن شـای ئێران ڕازی بكات تا شۆڕشی كورد لەناوبەرێت...!

هـات بەبیریـدا بەشـێك لەوناوچـە كوردیانـە واز لێبهێنێـت بـۆ ئێـران ، بـەڵام ئەمـەی بـەكارێكی ناپەسـەند دا لەقەڵـەم و تـەماعێكی واش نـەبوو تـا شای پێڕازی بێت و دەست بەرداری شۆڕشی كوردی ببێت...!

لــەناكاو بــیری شــەتولعەرەبی كەوتــەوە و یەكــسەر هــاوارێكی گــەورەی كردو لێوی خۆی گەزیو لەخۆشیا وتی:

ــ دۆزیمــەوە...! واز لــە شــەتولعەرەب دێــنین و لەبەرامبــەر ئەوەشــدا مەلامستەفاو پێشمەرگەكانی لەناودەبەین...!!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

له قووڵایی شادی دۆزینەوەی چارەسەردا گرفتێك هاتە بەردەمی چۆن پەیوەندی بكات بەشاوە ؟!ئەویش متمانەیەكی وەهای نییە پێی و لەوانەیە هەر ئاوڕیشی لێنەداتەوە ...!

بیری خۆی لەوە زیاتر نەگوشی و دڵنیابوو چارەسەرێك بۆ ئەو مەسەلەیە دەدۆزێتەوە ...

ئنجا دەستی نا بەزەنگی سكرتێرەكەی دا و وتی :

ـ هەر ئێستا با بەرپرسی ئەمن و موخابەرات بگەنە لام ....

ئەویش سلاوێكی كرد و بەخێرایی چووبەرەو جێبەجێكردنی ئەو فەرمانە و ، چەند ساتێكی كەم ڕابوردو بەرپرسی هەردوو دەزگاكە ئامادەبوون و صەدام بێ گوێدانە ڕێزو قەدریان وتی :

ــ دانیشتنێك لەكۆشكی كۆماری دەكەین سەعات دوو دەمەوێت ئەو دەوروبەرە تەوق بدەن و سەرجەم هەڵس و كەوتی بەشداربووانم بۆ كۆنترۆل بكەن...!!

ئەم فەرمانانەش تازە نەبوون بەلای هەردوو بەرپرسی دەزگاكەوە و بەرپرسی ئەمن وتی :

ـــ قوربان هەموو جارێ هەروامان كردووەو ئەمجارەش درێغی ناكەین...

چاوی صەدام سوور هەڵگەڕاو گۆچانەكەی بەرزكردەوەو گۆچانێكی گەیاندە بەرپرسی ئەمن و وتی :

ــ ...... ە ...... !حەیوان ......!تۆ بۆ تێناگەیت ...!؟ هەرجارێك من فەرمانێك دەربكەم ئێوە تەنها جێبەجێكردنتان لەسەرە و هیچیتر...قارەمانێتیان بۆ نواندووم...! داوەشێن...!!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەرپرسـەکە سـوورهەڵگەڕابوو ، هێـشتا ئێـشی گۆچـانەکە لـەباڵی دەرنەچووبوو خۆی بەخاوەن بەختیش دەزانی بەس نەبوو لەجیاتی ئەو گۆچانە دەستی نەبرد بۆ دەمانچەکەی ، زۆر جار شتی وا ڕووی دابوو ! ، صەدام بەوەناسرابوو کاتێ چاوی سوردەبوو تاخوێنی نەبینیایە و زەلیلی بەرامبەرەکەی بۆ دەرنەکەوتایە دانەدەمرکایەوە و ئەو بارە دەروونی‌یەی کپ نەدەبوویەوە...

بەرپرسـی موخابـەراتیش بـۆ قوتـارکردنی خـۆی و دامرکاندنـەوەی صەدام فریاکەوت و وتی:

- ڕاستە ... ڕاستە... ئێمە هەر جێبەجێکردنمان لەسەرە...!

صەدام بیری ڕاپـۆرتی دوێنێی هـەردوو دەزگاکـەی کەوتـەوەو هێـشتا موناقەشەی نەکردبوو لەگەڵیان دا، بەتوڕەیی‌یەوە وتی :

ــ ئـەو دەسـتەواژەیەی دوایـی ڕاپۆرتـەکانی دوێنـێ جێگـەی سـەرنج بوو...! چۆن نازانن ئەو وەزیرو ئەو فەرماندانە چی دەکەن ؟!!

کەسـیان نـەیان وێـرا وەڵامـی بدەنـەوە و صـەدام درێـژەی بەقـسەکانی خۆی دا و وتی:

ــ ئێوە دەبەنگن ...! نازانم ئەوەندە پیاوتان نی‌یە بزانن چی دەکەن چی دەڵێن... ؟! کێ ئامشۆیان دەکات ... ؟! با پاسـەوانی ماڵـەکانیان و خزمەتکارەکانیان سەر بەئێوەبن ...!؟ لەهـەموو کون و قوژبنێکدا پیاوانی ئەمن و موخابەرات دابنێن...!

هەردووکیان بێ دوو دڵی وتیان :

- فەرمایشتە قوربان...!

بەم وەڵام و ئەشەدو مابیلایە صەدام دەروونی نەخۆشی گەشایەوە و زیـاتر خـۆی لا بـەرزو بڵنـد بوویـەوەو لـەئاسمانێکی بـەرزەوە بـۆ



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەرامبەرەکانی دەڕوانیو ئەوانی هەروەك قەزەمێك دەهاتە بەرچاو، هەندێك جاریش بەئامێرێك تەماشای دەکردن و هەرکات بیویستایە فـــرێیـــــان بدات ئەوا باکی نەبوو لەدەست بەرداربوونیان ...

وادەی دوایی هێنان بەدانیشتنەکانیش هەر بەدەستی خۆی بوو ، بۆیـە کـاتێ هەڵدەستایە سـەرپێ و دەچـوو بـەرەو گۆشـەی ژوورەکـەی دەیـانزانی ئیـــشی پێیـــان نـــەماوە و هەرئەوەنـــدە مـــاوە بـــەزەلیلی و ملکەچـــیەوە ژوورەکـــە بـــەجێ بهـــێڵن و سوپاســـی جێگـــری ســـەرۆك بکـــەن لەســـەر ڕێنومایییەکانی...!!

*   *   *

هـەر لـەدوای ئـەوەی صـەدام فـەرمانی دەرکـرد بـۆ هـەردوو دەزگـای موخابـەرات و ئـەمن بەســەدەها پیاویــان بــەدەوری کۆشــکی کۆماریــدا بڵاوکــردەوەو هــەموو کــەناڵێکیان خــستە گــەڕو هاتووچــۆی ئــەو ڕێگــە نزیکانەی دەوری کۆشکیان قەدەغەکرد ...!

پــێش ئامــادەبووان صــەدام لەژوورێکــدا لەگــەڵ ئەحمــەد حەســەن دانیـشتو ڕەهەنـدەکانی ڕێکەوتنەکـەی بـەدوور و درێـژی بـۆ باسـکرد... ئەحمـەد حەسـەنیش بەقـسەکانی صـەدام دەگەشـایەوە و چارەسـەرەکەی بــەدڵ بــوو ، ســوپابەتەواوی ورەی ڕووخــابوو ، مەســەلەی ســەرکەوتنی شۆڕش بەڵگەنەویست بوو...!

لەهۆڵـە گەورەکـەی کۆشـك دا هـەموو ئامـادەبوون و ئەحمـەد حەسـەنو صـەدام بەیەکـەوە دەرکـەوتن و هەسـتان لەبـەریان... صـەدام بـەو زەبـرو



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

زەنگەی کەهەی بوو هەموو دەلەرزین لەبەری و ئەحمەد حەسەن تەنها وەك دارێکی پووچ وەهابوو...!

سەرەتای دانیشتنەکە ئەحمەد حەسەن دایمەزراند و ئیتر قسەکانی صەدام بوون بە سێبەری نەبڕاوەی دانیشتنەکە و هەموو بە وردی گوێ قولاغی قسەکانی بووبوون... صەدام بەڕاشکاوانە باسی بەرەکانی شەڕی کرد و سەرکەوتنی شۆڕش بەسەر هێزەکانیاندا مەسەلەیەك بوو نەدەشارایەوە و هەموو ئاگاداری ووردو درشتی هەواڵەکان بوون...

ئەو چارەسەرەشی صەدام داینابوو جێگەی سەوداگەری و چەن و چوون نەبوو...!

سەبارەت بە پاساو هێنانەوەش بۆ وازهێنانی ڕژێم لەشەتولعەرەب صەدام وتی:

ـ ئەم ڕێکەوتنەش لەم قۆناغەدا دوایی بەگەورەترین کێشەی حکوومەتەکەمان دەهێنێت و بۆ هەتا هەتا شۆڕشی کورد لەگۆڕ دەنێین...!!

ئامادەبووانیش هیچ ڕاوبۆچوونێکیان نەبوو تەنها ڕازی بوونو پشتگیری نەبێت...! ئەو ڕێگرەشی پێشتر گیریان خواردبوو بەدەستییەوە هەرزوو چارەسەرکراو سەرۆکی جەزائیر بەحوکمی پەیوەندی خۆشی لەگەڵ شادا کرا بە ناوبژیوان و نوێنەری هەردوولا...!

ئنجا بەچەپڵەلێدانو هوتاف کێشان دانیشتنەکە دوایی هاتو صەدامو ئەحمەد حەسەن بەیەکەوە هەستانو، هەر ئەو ڕۆژە پەیوەندی کرا بە سەرۆکی جەزائیرەوە و پێشنیارەکەیان گەیاندپێی و زوو پێشنیارەکە گەیشتە لای شاو بەوپەڕی دڵنیایییەوە پێشوازی کردو، ئنجا ڕێکەوتن لەسەر ئەوەی دوایی بە شۆڕشی کورد بهێنرێت و




PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**شــەتولعەرەب بــدرێت بــەئێران ، ئــەو ئومێــدە کۆنــەی شــا هاتــەدی و صــەدامیش بــە مــورادی خــۆی گەیــشت ..!هــیچ بریــارێکیش لەدەســتی سـەرکردایەتی شۆڕشـدا نـەما جگـە لەئاشـبەتاڵو هـەرەس هێنـانی شـۆڕش نەبێت...!!**



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com






PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

خەڵكی ئۆردوگا زۆر دڵ گەرم بوون و بێئاگابوون لەوەی ڕووی دەدا لەو دیوو پەرەوەو، لەپیلان و نەخشەی صەدام و شا بۆ ئاشبەتاڵ كردن بەشۆڕشی كوردی...

خۆپیشاندانێكی گەرم لە ئۆردوگا بەرپابوو دروشم و هوتافیان دەكێشا دژی ڕژێمی صەدام و، بارزانی و سەركردەكانی شۆڕشیان بەبەرز ڕادەگرت خۆیان دەكرد بەفیدایان...!

بەرپرسانی ئۆردوگاش شتێكیان بیستبوو لەبارەی ڕێكەوتننامەكەوەو سەرەتا هەواڵیان پێدرابوو ڕێگری بكەن لەو جۆرە چالاكیانە بەلاَم دانیشتوانی سێ هەزار خێمە كۆبووبووەنەوە و بەیەك دەنگ هاواریان دەكرد و هوتافیان دووبارە دەكردەوەو ڕێگریان ئاسان نەبوو...

ئاغای ڕەزایی فەرمانی دەركرد هەركەس بچێتەوە ژێر خێمەی خۆی و دوایی بەخۆپیشاندان بهێنن ...

خەڵكەكە هەر وا بەئاسانی بلاَوەیان لێنەدەكرد و یەك دوانێك لەبەرپرسانی ئێرانی هەڵشاخان بەخەڵكەكەدا و پێكدادان دروست بوو ، ئاغای ڕەزایی فەرمانی دا بەپیاوەكانیو خەڵكەكەیان دایە بەر ڕێژنەی گوللەو شەش كەسیان لێكوشتن و ژمارەیەكیش برینداربوون ، خەڵكەكە دابین نەدەكران و لەماوەیەكی كەمدا سەرجەم ئۆردوگایان كۆنترۆڵكرد، ئاغای ڕەزایو چەند پاسەوانێكی هەر ئەوەندەیان پێكرا هەڵهاتن...!

حكوومەتی ئێرانیش زوو ساواكییەكان و سەربازێكی زۆری هێناو خەڵكەكەیان سەركوت كرد و ژمارەیەك لاو گەنجیان دەستگیركرد...!

مەحموود بەشداری نەكرد لەوخۆپیشاندانەدا و لەدوورەوە تەماشای دەكرد، ڕازی نەبوو لەسەر ئەو جۆرە كارانە و بەتەوژمێكی دەروونیو



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

هەڵچوونێکی کاتی دادەنا...!

مەحموود وەك ڕۆشنبیرێك سەردانی شا و صدامی بۆ جەزائیر لەئیزگەکانەوە گوێ لێبوو و پێشبینی ڕووداوەکەی دەکرد و زۆر بێتاقەتو نیگەران بوو...

دانیشتوانی ئۆردوگاش سەرەڕای برینداربوون بەو ڕەفتارەی ڕژێمی شا و هەڵوێستی نامرۆیی و دووبارە کردنەوەی مەرگەساتەکانیان لەبەرگو شێوازێکی نوێدا دڵگەرم بوون بۆ شۆڕش ...

ئەو ڕۆژە خەڵکەکە بەقورسی گوزەرانديان و بۆ ئێوارەکەی هەواڵی ڕێکەوتنامەکەی شا و صەدام بەئاشکرا ڕاگەیەندراو گەورەو بچووك ماتەمینی گرتنی و دەستیان کرد بە گریان ...گریانێك داخ و سوێیەکی پڕ لە ئێشی لەگەڵ دا بوو... نائومێد بوون باڵی کێشا بوو بەسەر هەمووڵایەکدا و تەعزێ باری مەرگی شۆڕشی کورد بوون و ،غەم و پەژارە دیسان یەخەی پێگرتنەوە ...!

ئاغای ڕەزایی لەبەرەبەیانی دووەمی ڕێکەوتنەکەدا خەڵکی کۆکردەوەو دوو ڕێگەی خستە بەردەمیان ، ئەویش بریتیبوو لەمانەوە لەئێرانو چەشتنی ژیانی دەربەدەری ، یاخود گەڕانەوە بۆ عێراقو تەسلیم بوون بەرژێم...!!هەردوو ڕێگەکە هاوتای یەك بوون و پڕ لەناسۆری و مەرگەسات بوون، سەرجەم خەڵکی بەرگی ڕەشیان پۆشی بوو ، ئەوەندە شکستەکە گەورەبوو جێگەی نەدەبوویەوە لەبیریاندا و هەیان بوو هێشتا توانای ئەوەی نەبوو بڕوا بەو هەواڵە بکات ...!!

چۆن ئەو شۆڕشە مەزنە بەرێکەوتنامەیەك ئاوا وەك بەفری بەهار دەتوێتەوە و پەنجا هەزار پێشمەرگە دەستەو ئەژنۆ و بێدەستەڵات دادەنیشن؟!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**لــەدوای ئــەو ڕێکەوتنەشــەوە رژێمــی شــا کەوتــە خــۆو گومــانی لەهەرکەسێك ببوایە ئەوا دەستگیری دەکردو بەرەو چارەنووسێکی نادیار ڕاپێچی دەکرد...!!**

**مەحموودو خانەوادەکانی خزمی دەستپێشخەری‌یان کرد و بڕیاریانـدا بگەڕێنەوە بۆ هەڵەبجە ...**

**لەڕێگە دیمەنی زۆر دڵتەزێن و جەرگ بڕیان دەبینی " خەڵکی بەدەم گریانـەوە سـواری مەکینـە و جێـب ئوتومبیـل دەبـوون و بەسـەڵتی یـان بەچەند شـڕەیەکەوە دەگەڕانـەوە و هەسـت کـردن بەشکستیش زاڵ بـوو بەسەریان دا .......!!**

**بـەیانی بەرێکـەوتن و سـەر لـەئێوارە گەیـشتنە مـەرزی تەوێڵـە و خـەڵکێکی زۆر گەرابوویـەوە و بـارانیش بەلێزمـە دەبـاری ، سـەرجەم ئـەو خەڵکە گیانیان لە قوڕو چڵپاودا غەرق بووبوو...!!**

**ناســیاو دۆســتەکان یــەکیان دەگــرت و بێئــەوەی زامــی یــەکتری بکولێننەوە دەگریان و باوەشیان دەکرد بە ملی یەکدا ...!**

**حەسـەنە ئەفـەنی و خانەوادەکەشـی لەوپـەڕی مەرزەکـەوە دەرکـەوتن‌و مــەحموود بەپرۆشــەوە لەگــەڵ مــیرزا و ســۆفی‌دا چــوون بــەرەوپیریان‌و باوەشیان پێداکردن ، دەمێك بوو حەسەنە ئەفەنی لـە ئۆردوگا نـەمابوو و لەڕێگای خزمانی ئێرانی‌یەوە لەماڵێکی سادەیا جێگیربووبوو لە سنە ...**

**گەڕانـەوەی ئـەویش نیـشانەی نائومێـدبوونی سـەرجەم خەڵکەکـە بـوو، بۆیـە کـاتێ مـیرزا باوەشـی پێـداکردو پرسـیاری گەڕانـەوەی لێکـرد ئـەویش بەبەیتێك شیعر وەڵامی دایەوەو وتی :**

**لەناوجەرگەی شکستا دەتلێمەوە**

**بۆ کوێ بچم ؟! ناچارم بگەڕێمەوە !!**



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئەو شەوەش یەکێك بوو لەشەوانی مەرگ ئامێز و خەڵکی بەسکی برسی و ڕەش و ڕووتی‌یەوە تابەیانی هەڵ دەلەرزین، خەڵکی تەوێڵەش جوامێرانە هاتن بەدەم ئەو خەڵکە ئاوارەو بێنەوایەوە و سێ‌وچوار ماڵ یان دەبردە لای خۆیان و ئەوەی لەتواناییاندا بوایە خزمەتیان دەکردن...


خانەوادەی مەحموود و میرزا و حاجی سەیفە و حەسەنە ئەفەنی سەریان کرد بەیەکدا و لەماڵێکدا لایان دا... ئەو ڕۆژە ڕێگەیەکی دووریان بڕی بوو ، سەرما و سۆڵەیەکی زۆریش چووبوو بە لاشەیاندا و دانە جۆرەیان پێ‌کەوتبوو...!ماڵەکە تەنها کاسەیەك ماستیان مابوو...بەچەند مووچەیەك نانی هەورامی‌یەوە بۆیان هێنان و یەکی چەند پارووییەکیان بەرکەوت و بەسکی برسی تابەیانی لەژێر بەتانی‌دائەم دیواو دیویانکردو هەمووش هەر دەگریان و تاساوی ژێر کاریگەری ئەو شکستە گەورەیە بوون...!

لەگەڵ ڕەوانەوەی شەویشدا خەڵکی کەوتنە خۆ و تا دەهات تەوێڵە زیاتر قەرەباڵغ دەبوو ، لەو کاتەشدابوو هەواڵی تالاّن کردنی فرۆشگا گەورەکەی بیارە بەناو خەڵکی‌دا بڵاوبوویەوە و هەریەك لە دڵسۆزان بەجیا تێر بۆ میللەتی کورد گریان، چۆن نەفسیەتی ئەوەندە نزم بووە و دەست دەبات بۆ ئەو ماڵەی تا دوێنێ بە پیرۆز و موڵکی شۆڕشی داناوەو خزمەتی کردوون...!

بەناچاری خانەوادەکان سواری مەکینە بوون و ملی ڕێیان گرت و گەڕانەوە بۆ هەڵەبجە...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com





PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

خواڕەحم هەرچەند هەوڵی دەدا و دەکۆشا توانای نەبوو ئەو هەواڵ و فەرمانانەی سەرکردایەتی لەبیر و هۆشیدا جێگیر بکات و لەبارێکی دەروونی یەکجار ئاڵۆزدا دەژیا...

پێشمەرگە پێش ڕێکەوتنامەکە شانازی یان بەچەکەکانیانەوە دەکرد ، بەلاّم هەر دوای ئەو ڕێکەوتنامەیە چەك فڕێ دەدرا و کەس خۆی نەدەکرد بەخاوەنی...!

حەمەئەمین تەوێڵەیی زوو پەیوەندی کردەوە بە ڕژێم و لەسەید سادق چەکی وەردەگرت لەپێشمەرگە لەگەڵ ئەفسەرانی ڕژێمدا ...!

خواڕەحمیش لەتەوێڵەگیری خواردبوو ، هەواڵی سۆفی برای و میرزای زاوای بیستبوو گەڕاونەتەوە بۆ هەڵەبجە و هاوەڵەکانیشی تاکو تەرامابوون خۆیان تەسلیم نەکردبێتەوە...!

ناچار ملی ڕێی گرت و بەرەو سەید سادق کەوتەڕێ ، هاوەڵە دێرینەکەی لە ژێر خێمەکەدا بوو لەگەڵ ئەفسەرێك دا و هەستا لەبەری و باوەشی پێداکرد ، ئەویش خۆی پێنەگیرا و زۆر گریا...!

حەمە ئەمین دەستی خستە سەرشانی و وتی:

- خواڕەحم بیرێك لەخۆت بکەرەوە تەمەنت ئەوەندەی بەبەرەوەنەماوەو تاکەی ئاوادەژیت...؟! زۆرمان کرد بۆ کورد ، سەرکردایەتی خۆی فڕێی داین و دوایی هێنا بەو شۆڕشە مەزنە...!

ئنجا خواڕەحم خواحافیزی لە حەمە ئەمین کرد و گەڕایەوە بۆ هەڵەبجە و لەوێش ئۆقرەی نەگرت و بەیانیەك زوو خواحافیزی کرد و بەبیانووی کاروکاسبی بەجێی هێشتن، ئەوانیش زۆر هەوڵیان دا بمێنێتەوە لایان



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەلاّم بیٚ سوود بوو ، دلّی هەلّکەندرابوو لەهەلّەبجە و ئەو دەوروبەرە و ریٚگەیەکی نادیاری گرتە بەر...!

*        *        *

مانگیٚك ڕژیٚم لەسەید سادق مایەوە و خەلّکی دام و دەزگاکانی حکوومەت دەبوو بیٚن لەویٚ ناو نووس بکریٚن و ئەوسا بگەڕیٚنەوە مالٚ و حالّی خوٚیان...

دوای تەواو بوونی ئەو مانگە خەلّکی لەچاوەڕوانییەکی کوشندەدا دەژیان و هەوالّی گەڕانەوەی هیٚزەکانی ڕژیٚم لەهەلّەبجەدا بلاّوبوویەوە ...

ڕژیٚمیش هیٚزەکانی بەچەند قافلّەیەکی سەربازی بەڕیٚکرد و سەرەتا دەبابەکان ڕووەوە عەنەب چوون و لەناوشاردا نمایشیٚکیان کرد و یەکیٚك لەدەبابەکان هاوولاّتییەکی هەژاری خەلّکی شاری کردبەژیٚرەوەو ئەمەش وەك چاوترساندنیٚکی خەلّکی وابوو ...!

ئنجا سەربازگەکەیان دانایەوە و دەبابەکانیان لەدەرەوەی شاردا جیٚگیرکرد و دام و دەزگا جاسووسی وسیخوڕییەکانیان گەڕاندەوە و ڕووی گەشی شار ماتەمینی و کوٚست کەوتووی کرایەوە بەبەردا...!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com





PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# بەشی سێیەم



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

( 1 )

شاری هەمیشە شۆخ و شەنگ ئاوەدانی تێکەوتبوویەوەو دەزگاکانی بەعسیش بەلێشاو لەملاولای شاردا ڕەگیان داکوتابوو...

ڕووداوی هەرەسهێنانی شۆڕش دەروونی میللەتی کوردی تووشی شکست و ڕووخاندن کردبوو... ڕژێمیش نەخشەیەکی وای داڕشتبوو ئەوشارە جوانە بکات بە مۆڵگەی بەدڕەوشتی و ڕەفتاری نزم و هەموو جۆرەکانی خراپەی تێدابلاوبکاتەوە...

ئەم مەرامەش هەرجارە بەچەشنێ دیاریدەداو پیاوانی ئەڵقەلەگوێی ڕژێم نەدەسرەوتن و جێبەجێکردنی فەرمانەکانی صەددام جێگەی ململانێ و پێشبڕکێیان بوو...!!

سەرەتا ڕژێم دەستەیەکی لەڕەوشت نزمەکانی خۆی کۆکردەوەو لەچوارچێوەی تیپێکی سێرکدا لەهەڵەبجە نیشتەجێیکردن...

تیپەکە پێکهاتبوو لەئافرەتی سۆزانی و پیاوانی ڕەوشت نزم و لەبنەڕەتیشدا مەلهابوو ، خەڵکی هەرزوو دەرکیان کرد بەو هەوڵەی ڕژێم و بەزرنگییەوە مامەڵەیان لەگەڵدا کرد...شەوانە خەڵکی تاك و تەرا ڕوویان تێدەکردو داوێن پیسی و ئارەق خواردنەوەی تێدادەگێڕدرا...عادلی حەمە شارەزووری یەکێك بوو لەوانەی ئامشۆی ئەوێیان دەکردو لەناو خەڵکیدا پەنجەیان بۆ درێژدەکردن...ڕژێمیش درێغی نەدەکرد لەقەرەباڵغ کردنی بەپیاوانی سەربە موخابەرات و ئەمن و دەزگا حیزبییەکانی بەعس و ئەڵقەلەگوێکانی لەجاش و پیاوانی سەربەسریەکانی ئیستخبارات ...

خەڵکی دانیشتووی شار لە حەیاو شەرەفی کچ وکوڕەکانیان دەترسان و هەمیشە بەئاه و حەسرەتەوە باسی ئەوڕووداوانەیان دەکردو لەنێوان هەڵچوونی دەروون و ویژدانیان گیریان خواردبوو، بێدەستەلاتیش



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لەئاست حکوومەتدا پەڕوباڵی کردبوون لەوەی بتوانن هەڵوێستێکی تۆڵەو هەپروون کردنی ئەو دەزگایە بگرنە بەر ...

کردنەوەی مەلهاکە و پڕکردنی شار لەسیخوڕو کاسەلێسەکانی ڕژێم سیمای جوانی ئەوشارەی شێواندبوو و ئارامیو ئاسایشی لێ هەڵگرتبوو، دیسان بیری بەربەرەکانی و تۆڵەو بەگژاچوونی ڕژێم دەستی پێکردەوە...!

هەنگاوەکانی ڕژێمیش بێسرەوت بوو...صەدام لەدوای ڕێکەوتننامەی جەزائیر خۆی بەسەرکەوتوو دادەناو لەسەرتاپای وڵاتدا ئەڵقەلەگوێکانی بڵاوکردبوویەوە و ئەوەی لەساڵانی پێشوودا بۆی وەبەرنەهاتبوو بەئاسانی دوای هەرەسهێنانی شۆڕش کەوتبوویە بەردەستیو هەموو عێراق لەژێر چنگیدا بەیەکجار خڕکردبوویەوە...!

مەحموود هەمیشە پێش ڕوودانی کارەساتەکان پێشبینی دەکردو بەومامەڵانەی ڕژێم دا بۆی دەرکەوتبوو نیازی باش نییە و ئەو زوڵم و ستەمەش دەبێتە مایەی زوڵمو ستەمێکیتر، ئەگەری بەربەرەکانی دێتەوە بیروهۆشی خەڵکی، خۆ هێشتا زامەکانی شۆڕشی هەرەس هاتووش سارێژنەبوونەوەو، هەرەس و شکستی 74 ئەڵقەیەکی بەتاڵی لەژیانی خەڵکی دروستکردبوو" لەلایەك هەستیان بەشکست دەکردو لەلایەکیش ڕژێم وەك هێزێکی زۆرداری ستەمکار پەنجەکانی لەگەردنی میللەتی زەبوون و بێنەوا توند کردبوو و نەیدەویست هەرگیز کوردستان ئاسایش بەخۆیەوە ببینێت...!!

خەڵکەکە بەوێنەی ئاوێکی لەکوڵ هەستو نەستیان هاتبووە جۆش بۆ حاڵی خۆیانو، ئامێزێکی دڵسۆزو ئەمەکداریان بەدی نەدەکردو



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ناچـــاربوون بەچەشـــنی پێـــشوو پەنابەرنـــە بەرچـــەك‌و بـــەزەبری چـــەك مافەكانیان لەڕژێم بسێننەوە...

تـاك‌و تـەرا لـەملاولا دەبیـسترا پێـشمەرگە پەیدابوونەتـەوەو ڕژێمـیش فڕۆكەو هێزی كتوپڕی لەوچیاو شاخانەی دەوروبەری هەڵەبجەو هـەورامان دەگەڕانـدو لـەناو شاریشدا سیخوڕو سـەرجەم دام‌و دەزگاكـانی نێوشـاریان داپۆشی‌بوو...!!

شـەوان مـەحموود لەماڵـەوە دادەنیـشت‌و خـەریكی خوێندنـەوەدەبوو ، یاخود ئامینەو منداڵەكانی دەدواندو یاری گڕوگاڵی لەگەڵدا دەكردن...!

ناسـكی كـچی گۆڕانكاری‌یـەكانی ژیـانی هـەڵ دەسـەنگاندو پرسـیاری زۆری ئاڕاسـتەی بـاوكی دەكـرد، كرمـانجیش تـازە گڕوگـاڵی دەكـردو بابەودایـەی لـەزار دەهاتـە دەرەوە... بـوونی ئـەم دوو منداڵـەش ژیـانی مەحموودیان گۆڕیبوو ، داهاتوویەكی پرشنگداری بۆ داڕشتبوون...بەلاَم ژیـان لـەناو ئەوهـەموو پیلان‌و گێرەشێوێنی‌یەدا ئەستەم بـوو ، یـان شـەڕ فرۆشـــتن بـــوو بـــە نـــەفس‌و كـــێش كردنـــی بـــوو بـــەناو مەترســـی و نارەحەتی‌دا...!

مـەحموود بـەو هەسـتە ناسـكەی‌و ڕۆشـنبیری‌یەكەی لەگـەڵ هاوەڵـەكانی هـەوڵی دەدا لەئاسـتێكی پێویـستدا بن و كەسـایەتی‌یەكی داڕێـژراو بنیـات بنێت كە هاوشانی گۆڕانكاری‌یەكانی قۆناغی نـوێ بێـت، تابۆشـی دەكرێـت بانگەوازەكەی ئاشكرانەكات و لە بەرگێكی نهێنی‌دا بیخاتەڕوو...

هـەوڵێكی بێ‌وچانیـشی دەدا لـەپێناوی ئـەوەدا ئاگـاداری ڕووداوەكـانی ناوشـــاربێت‌و لەنزیكـــەوە خـــەڵكی بناســـێت‌و دابەشـــیان بكـــات بەســـەر تەوەرەكانی بیریداو هەریەك بەپێی توانای ئاستی خۆی بدوێنێت ...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لەورۆژانەشـدا باسـی مەلهاکـە سەرباسـی مـەجلیس و دانیـشتنەکانی خەڵکی بوو...

سـەرەڕای ئـەوەی پیـاوانی دەزگـای موخابـەرات شـەوانە ئـەم بنکەیـەیان کردبوویــەوە و ئــافرەتی ســۆزانییان لەمیـسرو بەغـدادەوە بـۆ هێنـابوو " دەیانویـست لاوەکـانی شــار بــەم کارانــەوە ســەرقاڵبن و جــارێکیتر بــیر لەشـۆڕش و حـاڵی وێرانـی وڵاتیـان نەکەنـەوە، عەسـرێك لـەگوڵان نزیـك مــەزاری شەخـسەکە چـادرێکیان هەڵـداو بەموکەبـەرە نمایـشی سـەمای ئافرەتانیـان کـردو پیـاوانی سـەر بـەڕژێم لـەڕیزی پێـشەوە دانیـشتن و ژمارەیـەکیش لەدانیـشتوانی شـار لەهـەرزەو منـداڵ و جـەحێڵ کۆبوونـەوە لەدەوری چادرەکەیان...

ئـەو عەسـرە هـەورێکی ڕەش ئاسمـانی شـاری داپۆشـیبوو ، خـەڵکی لەناوشـاردا مقۆمقۆیـان بـوو لەسـەر ڕووداوەکـانی دەوری شەخـسەکەو هەریـەك لەبەرخۆیـەوە دەیـووت: خـوا غـەزەبمان لێدەگرێت...ئـەم شـارە غەرقی غەزەب دەکات...

وردە وردەش بـاران دەسـتی پێکـردو دەنگـی چـەخماخە سـەماکەی شـێواند بەسـەر یەکـداو ئەوەنـدەی پێنەچـوو تەرزەیـەکی گـەورە بەخەستیدایکرد،تەرزەی واهـەبوو روبعـە کیلۆیـەك زیـاتردەبوو...!جـامی ئوتومبیلی دەشکاند، خەڵکیش دەستی بەسەریەوە دەگرت و تـابۆی دەکرا هەوڵی دەدا بچێتە ژێر پاسێر و پەنایەك تا ئەو غەزەبە دەنیشێتەوە...

دوای ئـەوەی تۆفانەکـە نیـشتەوە خەڵکەکـە وەك لەمـەرگێك رزگاریـان بووبێت ئاوابوو ، هەریەك شوکری خوای دەکردو، جامی غـەزەبی دەڕژاند بەسـەر ئەوتاقمـە سـۆزانیەدا کـە ڕژێـم هێنـابووی و سـووکایەتی کردبـوو بەمـەزاری شـێخ و ویـستبووی شـاری هەمیـشە پابەنـد بەبنەماکانـەوە




PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بشێوێنێت...بۆیە ئەم هەستە زاڵ بوو بەسەر خەڵکەکەداو کۆبوونەوەو، لەماوەیەکی کورتو کەمدا هەڵیان کوتایە سەر چادری تاقمەکە و تالآنیانیکردو، پێکدادان لەگەڵ پیاوانی ڕژێمدا بەخەستی بەرپابوو ، ئەوەندەی نەبرد خەریك بوو سەرجەم شار بگرێتەوە“ بەلاّم ڕژێم کەوتە خۆی و ئافرەتەکانی کۆکردەوەو بەئامێرە مۆسیقىیەکانیانەوە سواری ئوتومبیلیکردنو لەشار دەری کردن...

ئەم کارەساتەش یەکەم ڕووداوبوو دوای هەرەسهێنانی شۆڕشو گرنگیەکی تایبەتیی هەبوو لەنەفسی خەڵکیدا...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com





PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

(2)

دەسـتە سـەرەتاییەکانی پێـشمەرگە لەڕێکخـستنێکی نوێـدا خۆیـان سـازدابوویەوەو بـەردەوام هـەوڵی ڕاکێـشانی سـەرنجی خـەڵکییان دەدا بەلای خۆیانداو گفتوگۆی گەرمو گوڕ دەکرا لەسەر چەشنو شێوازی ئەو جموجووڵەی ناونرابوو بە شۆڕشی نوێ...

عوسمـانی مێـردی خـەرامان لەنزیکـەوە تێکـەڵ بـەڕیزی پێـشمەرگە بووبـوو... جاری واهـەبوو بـەدوو شـەو و سێشەو لـەو گوندانـەی دەوری هەڵەبجە دەمایەوە و خەرامانو منداڵەکانی بەتەنیا بەجێدەهێشت...

خـەرامانیش ئـەم ڕێبـازەی مێردەکـەی گرتبـووی بووبـوو بەمایـەی مەترسـیو دڵەڕاوکـە بـۆیو، زۆرجـاریش دەسـتەیەك پێـشمەرگە هـەڵیان دەکـرد بەماڵـداو لەگـەڵ عوسمانـدا تـانیوە شـەو قسەیان دەکـردو لەگـەڵ شەبەنگی بەرەبەیاندا بەبێ چەك لەشاردا ون دەبوونو شـەوان دەگەڕانـەوە بۆ ماڵی عوسمان...

زۆر نیگـەران بـوو لەدەرئـەنجامی هەڵـسوکەوتی مێردەکـەی، دەترسـاو زاتـی ئەوەشـی نـەدەکرد بەئاشـکرا دەرگـای ئـەو باسـە والأبکـات لەگەڵیـداو نیگـەرانی خـۆی بـۆ دەربـڕێـت...مەترسـیداری ئـەو جـۆرە کارانـەش سـوێیەکی ئێگجـار کاریگـەری لەدڵیـدا درووسـتکردبوو" هەرکـە بـەکری مێردیو ئەرسەلانی پووری بیر دەکەوتـەوە سـەری گێـژی دەخـواردو لـەتاوا دەرگای ژوورەکەی لەسەر خـۆی دادەخست و تێـر دەگریـاو بەبـەژنو بالأی مێردی جوانە مەرگو کوڕی هەتیویدا دەلالأیەوە...!

لەوماوەیـەدا شـەو نـەبوو عوسمـان میـوانی پێشمەرگەی نـەبێت، یـاخود لـەماڵ نەچـێتە دەرەوە، ئەوەشـی زیـاتر خـەرامانی بێتاقـەت کردبـوو ئـەو وتوێژانـەبوو کـە لـەنێوان عوسمـانو هاوەڵەکانیـدا دەکـراو بـۆنی یـاخی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بوونی لیٚدەهات بەسەر هەموو بەهاوقیەمێکی بەرزو، بنیاتنانی فیکری لەسەر بنەمایەکی (مارکسی ـ لینینی)...!!

جارێکیان گوێی لەعوسمان بوو دەیووت بەیەکێك لەهاوەڵەکانی :

ــــ ئـــــەم شۆڕشــــــە دەبێــــــت جیاوازبێــــــت لەشۆڕشــــــەکانی پێشوو...!شۆڕشەکانی پێشوو شۆڕشی عەشایەرو نەخوێندەواران بوو، بناغەکانیان پووچەڵ بوو بۆیە هەرەسیان هێنا ...! بەڵام شۆڕشی نویٚ دەبێت بناغەکانی لەفەلسەفەی مارکسی ـ لینینیەوە ڕێگەی بەستبیٚو تواندنەوەی فیکروهۆشی لاوان بێت تیایدا...!

هاوەڵەکەشی زیاتر لایەنی شاراوەی ناو شۆرشی نویێی دەردەخستو دەیووت:

ـ شۆرشی ئێمە شۆڕشی تۆڵەیە...! دەبێت ببین بەپریشکێك لەئاگرو بەرببین لە جەستەی دوژمنەکانمانو هەرگیز ڕەحمیان پیٚنەکەین...

ئنجا بەدوورودرێژی باسی بوونیان دەکردو هەوڵیان دەدا لەدوو تویێی فەلسەفەی مارکسیزمدا بوون پێناسەبکەنو بەگرنگیشەوە باسی چینو ماویان دەکرد بەتایبەت کاتێك ئاماژەیان بەقسەکانیان دەکرد و بەرگێکی پیرۆزیان دەکرد بەبەریداو ڕادەمان لەسەری...!!

خەرامان بەم قسانە دڵتەنگ دەبوو ، چاری نەبوو ، عوسمان بۆ خۆشی زۆرباش نەبوو لەگەڵیداو هەمیشە ئەوەی دەدایەوە بەچاویدا کە بەزۆر خــۆی ســەپاندووە بەســـەریاو لــەباوردۆخێکی ئــاڵۆزدا ناچــارکراوە بیهێنێت...!

لەڕاستیشدا ئەو گۆڕانەی ڕووی کردبوویە عوسمان بەتەنها جێگەی ســەرنجی خــەرامان نــەبوو" بــەڵکو هەریــەك لەعومــەری بــرای و حــاجی ســـەیــفەش بێتاقەت بوون و زۆرجار تووشی دەنگ بەرزکردنەوەدەبوون



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لەگەڵی و بۆماوەیەك دەنگیان لەگەڵ دادەبڕی...

کۆبوونەوەی ئەم هۆکارانە پاڵنەرێکی کاریگەربوون لەسەر خەرامان و وایان لێکرد ئەم باسە لای مەحموود بکاتەوە بەو هیوایەی چارەسەرێکی لادەست بکەوێت و، بتوانێت ڕۆڵێکی باش ببینێت لەچارەسەرکردنی ئەو بۆسەیەی عوسمانی تێکەوتووە... مەحمووديش سەروبنی فکری شۆڕشی نوێی کردبوو ، شارەزابوو لە فکری کۆمەڵەو بەدەرەنجامێکی نائاسایی دەدا لەقەڵەمو، پشێویو کەلێنی بێشوماری لەو شۆڕشەدا دۆزیبوویەوە و دەشترسا ئەوباسە بکاتەوە بەئاشکرا و خراپ بشکێتەوە بەسەر پەیوەندی خوشکەکەی لەگەڵ مێردەکەیدا ، بەڵام هانابردنی خەرامان بۆ مەحموود بواری نەداو ناچاربوو میوانداریيەکی زاواکەی بکات و بەشێوەیەکی ئاسایی قسەوباس بکەن" سا بەڵکو بتوانێت ئەوەش بدات بەگوێیداو سنوورێك بۆ ڕەفتارەکانی دابنێت...!!

بەڵام لەگەڵ بەيەك گەیشتنی هەردووکیاندا عوسمان بواری نەداو لەیەکەم ساتەوە دەست پێشخەریکردو بەبێزارییەوە ڕەخنەی گرت لە کۆمەڵگەی کوردەواری و بەتایبەت شێخ و مەلا و تەکیەو خانەقاکان و وتی:

ـ دەبێت میللەت دەستێك بەخۆیدا بهێنێت و لەبنەڕەتەوە گۆڕانکاری دروست بکات... من نازانم ئەم تەکیەو خانەقانە چ ڕۆڵێکیان هەیە ؟! بەخوا حاجی قادری کۆیی ڕاستی وتووە:

خانەقاو شێخ و تەکیەکان یەکسەر
پێم بڵێن: نەفعیان چیيە ئاخر
غەیری تەعلیمی تەنبەڵی کردن
جەمعی ئەملاك و خەزنە کۆکردن



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

مەحموود بێئەوەی ڕابمێنێت لەبەرامبەر ئەم بەیتەی حاجیدا وتی:

ــ بەڵام تۆ تەنها ئەو چەن بەیتەت هێناکە لەبەرژەوەندی فیکری مارکسیزم دەدوێتو مەبەستەکەی حاجیت لەناوفیکری خۆتاندا فەوتان ، ئەوەتا هەردوای ئەو بەیتانە حاجی قادر دەڵێت:

- بۆچی فەرموویەتی نەبی ئەمین:

اطلبوا العلم ولو بالصين

نێرومێ لەم حەدیثە فەرقی نییە

گەر مەلا نەهی فەرموو دینی نییە

ئەو دوو بەیتەش ئاماژەیەکە بۆ ڕاست کردنەوەی پەیامی خانەقاو تەکیەکانو ئاڕاستەکردنیان بەرەو بنەمایەکی زانستی تا مرۆڤ و کۆمەڵگە سوودی لێوەربگرێت...

عوسمان هەرچەندە دووراو دوور مەحموودی ژن برای دەناسی بەڵام قەت واگومانی نەبردبوو ئەوەندە شارەزابێتو خێرا لەسنووری ئەو بەیتەدا بیگرێتو مۆڵەتی نەدات ببوورێت بەسەریا، بۆیە ترسێکی بۆ دروست بوو ئەو گورجو گۆڵییەی نەما لەسەرەتاوە هەیبوو...مەحموودیش بەهەلێکی باشی زانی و ئەوجا ڕووی تێکردو وتی:

- کاك عوسمان وابزانم هەموو کۆکین لەسەر ئەوەی ئەم میللەتە ماف خوراوەو لەدێر زەمانەوە چاوبەستی لێدەکرێتو مافەکانی پێشێل دەکرێن، بەڵام چۆنیەتی بەرگری کردن لەومافەو داواکردنی جێگەی تێڕامانو قسە لەسەرکردنە ...

مەحموود بینی عوسمان گوێی گرتووە بۆ قسەکانیو بەردەوام بوو و وتی:



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ـ میللەتی ئێمە کەسایەتییەکی وەهای نییە بتوانێت لەسەر پێی خۆی ڕابوەستێ و بەرەنگاری دوژمنی باوەکوژی چەند ساڵەی ببێتەوە...بنیات نانەوەی کەسایەتیش بە یاخیبوون بەسەر قیەم و بەها بەرزەکاندا نابێت...ئەوەی تۆ دەیڵێیت لەو وڵاتانەی پیادەش دەکرێت شکستی هێناوە...ئەوەتا ڕووسیا ئاڵتونی دانراوی دەفرۆشێت تا نان پەیدابکات بۆ گەلەکەیو لەبرسا نەمرن... سەدان قەیرانی گەورەش ڕوو بەڕووی وڵاتانی مارکسیزم بۆتەوەو گەلو نەتەوەکانیان نەفرەت دەکەن لە مارکسو لینینو ئەو چارەسەرەی لەبن سەری ئەوانەوە دێت...

عوسمان ئەم قسانەی بەجۆرێك لەشکست دادەناو بەبێزارییەوە وتی:

ـ ئەی چارەسەری ئێمە بەدواکەوتوویی و کۆنەپەرستی دەکرێت...؟! یان بە...؟!!

مەحموود قسەکانی پێبڕیو وتی:

ـ تۆ تووڕەمەبە برام...دەزانم دڵگەرمی لەسەر قسەکانی خۆتو بەتاکە چارەسەری دادەنێیت لەبیری خۆتدا ، بەڵام دەمەوێت گفتوگۆیەکی هێمنو لەسەرخۆ بکەین... ئێوە لەئەنجامی زوڵم و ستەم و شکستەوە بەرپابوون...ئەم حاڵەش لەبنەڕتدا جێگەی سەرنجە...! مرۆڤ نابێت لەژێرکاریگەریی زوڵمی بەرامبەردا هەنگاو هەڵبگرێت بەئاڕاستەی دژوار ، بەڵکو دەبێت هەنگاوەکانی ئاسایی بنو لەتوێژینەوەو لێکۆڵینەوەیەکی قووڵەوە سەریان گرتبێت...!!

ـ بەڵام ئەو شۆڕشەی ئێمە گیانی کوردایەتیو قوربانیدانی سەرلەنوێ بووژاندوەتەوە ، خەڵکی پێشوازی لەپێشمەرگەکانمان دەکەن زۆر بەپەرۆشەوە... ئێمەش زادەی ڕۆژو دوو ڕۆژ نین بەوەی ئەو پەیڕەو و پرۆگرامەمان دانابێت بەشێوەیەکی سەرپێیی...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ــ من وا دەبینم ئێوە هەڵسوکەوتەکانتان ئاوێتەی فیکری مارکسی لینینیە ، هەر لەو دیدوبۆچوونەشەوە بۆ مرۆڤ دەڕوانن و لەماددە گەرایی زیاتر هیچ بەهایەك نابینن...! ئەمەش جێگەی پرسیارەو دەتوانین بڵێین لەناچاری و بەرامبەر زوڵم و ستەمدا ئەو ئاڕاستە کتوپڕەتان گرتووە و هەڵەکانی شۆڕشەکانی پێشوو لەبەرگێکی نوێدا ئەمجارە دووبارە دەبنەوە...

ئەم دەستەواژەیەی دوایی وەك خەنجەرێك وابوو لەسەر دڵی عوسمان و پێی تێکچوو، بەلایەوە عەیب نەبوایە دەهات بەگژ ژن براکەیدا بەلاَم دانی بەخۆداگرت و وتی:

ــ ئەو قسانە بۆچوونی کەسانێکی کۆنەپەرستەو ئەوانەی هێشتا لەدەوری ئەڵقە ونبووەکانی مێژوو دەسووڕێنەوە و باکیان نییە بەسەر گۆڕانکارییەکانی کە هاتوون بەسەر کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا، پێم سەیرە مرۆڤێکی خوێندەواریوەك تۆ ئاوابیربکاتەوە...!

مەحموود ویستی زاواکەی ساردبکاتەوە و زەردەخەنەیەك هاتە سەر لێوەکانیو وتی:

ـ مێژووش هەر جارە لەبەرگێکدا دووبارە دەبێتەوەو ئەو کۆمەڵەیەی تۆ باسی دەکەیت یەکێکە لە ئەڵقە ونبووەکانی مێژوو... دوای هەزاران ساڵ دیسان لەبەرگێکی نوێدا بۆمان زیندوو دەکەنەوە...

عوسمان بەم قسەیە زیاتر گڕی گرت و وتی:

ــ مامۆستا ئێمە تاکە کۆمەڵێن دوای ئاش بەتاڵ بەرگری دەکەین لەخاك و میللەتی خۆمان، نازانم چۆن ڕۆشنبیرێکی وەك بەڕێزت ئاوا پێناسەمان دەکات؟!!

مەحموود ئەمجارە لەناخەوە بڕیاریدا کەمێك دڵنەوایی بکات و وتی:



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ــ بابــه ئێــوه جێگــەی فەخروشــانازین‌و دژ بــەو دوژمنــه ناپاكانــه قوربانی‌دەدەن، بەڵام بنەمای بیروبۆچوونتان قسەی لەسەر هەیە ، ئەمەش بابەجێ بهێڵین بۆ ڕۆژگارو ئەو بەتەنها بەسە چارەسەری بكات...!

عوسمـان بـەم دەسـتەواژەیەی دوایـی گەشـایەوە ، گەرچـی مـەحموود لەبـەرخاتری خوشـكەكەی دڵنـەوایی‌كردو بەشـی ئـەوەی تێداهێـشتەوە بتوانێت ئامۆژگاری بكات‌و مافی خوشكەكەی بەشێوەیەكی ناڕاستەوخۆ بخاتە پێش چاوی ، عوسمانیش دەركی بەمە كردو هـەرزوو بۆ ڕووپامایی مەحموود وتی:

ـ دڵنیابە هەمووشتێ لەجێی خۆیدا دەبێت‌و...!

مەحموود لەمەزیاتر درێژەی نەدا بەقسەكان‌و وتی:

ـ ئومێدەوارم وابێت...!

ئنجـا منداڵـەكانی خوشـكەزای دوانـدو زۆربەگـەرمی بـەرزانی گرتـە باوەش، دەستی هێنا بەسەری‌دا ، لاشی‌كردەوە بەلای هەریەك لەچنوورو نەسرین‌و ئەوانیشی بەجیاكردە باوەش‌و یەكی چەند فلسێكی پێدان‌و پاشان خواحافیزی كردو گەڕایەوە بۆ ماڵی خۆیان.

گەرچی بەشێوەیەكی گشتی ڕازی بوو لەقسەكانی لەگەڵ عوسماندا ، بەڵام هەركات بیری لەناواخن وئاكاری قسەكان دەكردەوە بەئاڕاستەیەكی چەواشەی دادەناو گومانی نەبوو لەوەی ئەو قسانە مەرگ‌و ناسۆری‌یەكی نوێیان لەئامێزگرتووە، داهاتووش زۆر ڕووداوی سەیرو سەمەرە بەخۆوە دەبینێت...!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## (3)

نـازدار لەماڵـەوە خـۆی ئامـادەکردو عەباکـەی دابەسـەریداو بەگـەرمی باوەشـیکرد بـەفاتمی دایکیـدا، دایکیـشی زۆر سـەری سـوڕما لـەو گـەرمو گوڕییەی کچەکەیو بەدەم سەرسامییەوە وتی:

ـ یا ئەڵڵاً بۆ کویٚ ئیشەڵلاً...؟!

نـازدار کـەتازە پێدەگەیـشتو لەهـەڕەتی لاوێتیـدابوو ، زۆر لەلـەشو لاریـدا لەئامینـەی خوشـکی دەچـوو، هەنـدێك لـە سـیفەتو ڕەوشـتەکانی ئەویشی هەڵگرتبوو، بەڕووەگەشەکەیەوە بەدایکی وت:

ـ دەچم بۆ ماڵی مامۆستا مەحموود...

دایکـی زۆر متمانـەی بەکـچەکەی هـەبوو، مـەحموودی زاواشـی جێگـەی ڕێزی هەموویان بوو ، بۆیە نکوڵی نەکردو وتی:

ـ سەلامیان لێبکە... زوو بگەڕێرەوە و دوانەکەویت...

نــازداریش تونــد لەچــکەکەی ســەری هەڵبەســتو عەباکــەی ئالآنــد بەخۆیەوەو وتی:

ـ دایەگیان خەمت نەبێت...خواحافیز...

لەگـەڕەك هاتـەدەرەوەو بەتوولـە ڕێگەیەکـدا تێپـەڕیو چـەند کـۆلآنێکی بـڕی تاگەیـشتە سـنووری گـەڕەکی کـانی عاشـقانو بـەلای مـاڵی خەرامانـدا تێپــەڕیو ویــستی بەســەر پێیــەوە ســلآویان لێبکــات، بــەلآم چــارەی عوسمـانی نەدەویـستو حـەزی بـەبینینی نـەدەکرد، هەرچـەندە ڕەوشـتی عومـەری بـرای بـەدڵ بـوو و بـەلاوێکی ڕۆح سـووکی دادەنـاو لەوبۆنانـەدا کـەرێك کـەوتبوو چـاویان بەیـەك کـەوتبوو، جـۆرە هەسـتێکی بـۆ درووسـت بووبوو بەرامبـەر ئـەولاوە و بـۆی پێناسـە نـەدەکراو هەرئەوەنـدە حـاڵی بـوو



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

هەست بەخۆشحاڵیو دەروون سافی دەکات کاتێ باسی دەکەن یان دەیبینێت...!

ئەم جۆرە هەستەش بەشێك بوو لەسەرسام بوون بەیەكو یەك گرتنی رۆحەکان لەکاروانی یەك ئاراستەدا، بەڵام بیری لەو قەوارەیە نەدەچووە دەرەوەو حەزیشی نەدەکرد دیاردەی پابەندبوونی بەبەها بەرزەکانەوە بشکێنێت یا تێکی بدات...

خەیاڵەکانی نازدار هاوتای تەمەنی بوونو لەکانگای دڵێکی پڕ لەئەوینو خۆشەویستییەوە هەڵدەقوڵانو ئاوێتەی ڕۆحە پاکیزە ئاساکانی دەستە خوشك و براکانی بووبوو...بەدەم ڕێك کردنی عەباکەیەوە لەدەرگای ماڵی ئامینەیدا ...ناسك هاتە دەرەوەو باوەشی کرد بەپووریدا...هەردووکیان زۆر بەڕەحمو سۆزبوون بۆیەکترو ناسکی بچکۆلانە بەسادەوساکاری هاواری لێبەرزبوویەوەو وتی:

ـ دایە...دایە... پوورە نازدار هات بۆ ماڵمان...

ئنجا کرمانجیش لەخۆشییا ڕایکردو وەك خوشکەکەی بۆ پووری هاتە جۆش و بەرەوڕووی چوو...نازداریش بەپەرۆش بوو بۆ خوشکەزاکانیو وەك جارانی پێشوو هەردوو منداڵەکەی تا ماوەیەك لەباوەش بەرنەداو هەر دەینووساندن بەخۆیەوەو ماچی دەکردن...

ماڵی ئامینە بۆ خوشکەکەیو چەند ئافرەتێکی دیکە وەك قەڵایەکی پتەو وابوو ، هەفتانە دووجار کۆدەبوونەوەو مەحموود فێری قورئانو ئادابو چەند وانەیەکی کەسایەتیدەکردنو هانیدەدان لەسەر ڕەفتارە بەرزەکانو شیرینی دەکرد لایان...

ئەو ڕۆژە سێشەممەبوو...لەڕۆژەکانی هاوین بوو ...مەحموود لەماڵەوە چاوەڕوانی قوتابییەکانی دەکردو کۆنووسی باسەکانی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لەبەردەستدابوو و تاوتویٚی دەکرد، جارجاریش سەریٚکی بەرزدەکردەوە و بەکتێبخانەکەی‌ــدا هەڵی‌ــدەڕوانی‌و زیــاتر ڕۆدەچــوو لــە جیهانــە تایبەتەکەی‌دا، لەبەرخۆشی‌یەوە جاربەجاریٚك دەستەواژەیەکی ئەدەبی یان بەیتێکی شیعری دووبارە دەکردەوە...

تاك‌و تەرا ئەو کیژە هاوتەمەنانە کۆبوونەو پاشان ئامینە منداڵەکانی بەیاری‌یــەوە خــەریك کــرد، مــەحموودیش لەگــەڵ قوتابی‌یەکانی‌ــدا دانیشت...

کۆنووســی بابەتــەکانی ئــەو ڕۆژە بەچەشــنێکی جیــاواز لــە جــارانی رابوردوو دەسـتی‌پێکرد، مـەحموود سـەربوردێکی باسـەکانی خوێنـدەوەو ئـەوانیش زۆر بـە وردی گوێیـان لێگرتبـوو ... مانـدووبوون لەچـاوەکانی مامۆســـتاکەیاندا دەخوێنرایـــەوەو نیگایـــەکی‌واتاداری لەناواخنـــدا هـەڵگرتبوو، چاوەکانی وادەردەکـەوتن خـەویان لیٚتـاراوەو لەژێرکاریگـەری واقعێکی تاڵدا تاساون‌و بوون بەگۆمی خوێن...

وانەکــەیان ســەرەتا بەخوێنــدنی چــەند ئایــەتێك لــەقورئانی پــیرۆز دەســتی‌پیٚکردو مــەحموود بەدەنگــە زوڵاڵ‌و خۆشــەکەی خوێندی‌یــەوەو لەســەر ئایەتــەکان ڕادەوەســتاو زیــاتر ڕۆدەچــوو لەماناکانیــدا، ئەمــەش هەستکردن بەلەزەت‌و تام‌و چێژی زیاتری دەدا بەدانیشتنەکە...

ئنجــا چــەند دووعایــەکی بــەکوڵی‌کردو ئــەوجا بابەتەکــەی بــۆ قوتابی‌یـەکانی باسـکرد... باسـەکەی لـەدەوری گـەردوون دەسـووڕایەوەو پیٚپلیکانەیـەکی لیٚـدابوو بـەرەو ئـەو جیهانـە، ئـەوانیش بەسەرسـامی‌یەوە تێکـەڵ بـەجیهانی دەوروبـەر بووبـوون‌و بیٚـدەنگی تێکـەڵ بـوو بەباسـەکەو مۆرکی سەرەکی دانیشتنەکەیانی نەخشاندبوو...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

مـەحموود لـەنێو گـەردوون دەسـووڕایەوەو ئەڵقـەكانی بـوونو مردنـی بەیەكەوە گرێ دەداو لـە قووڵایی زەریاكانـەوە قوتابیەیـەكانی دەبـرد بـەرەو جیهـانی بـەرزی ئاسمـانو هەریـەك لەدروسـتكراوەكانی پێناسـەدەكردو لایـــــەنی بەدیهێنـــــەریو كارامـــــەیی پـــــەروەردگاری بـــــۆ دەردەخستن...دروستكراو و بەدیهێنراوەكان ئەوەندە زۆربوون وادەو كات بەشـی نـەدەكردو بـەكورتی سـەربووریێكی خێـرای دەكـردن، هێـشتا قوتابیەیەكانی لەژێركاریگەریدابوون دەلاقەیەكی نویێی بۆ دەكردنەوە...

نیوسەعات بەم بابەتەوە خەریك بوو ، ئەوسا چووەسەر بابەتێكیتر كە بنـەماو كۆڵەكەیـەكی گـرنگ بـوو بـۆ ژیـانی ئافرەتـانو تیـشكی خستە سـەر كەسـایەتییان و" بابەتەكەشـی گرێـدابوو لەگـەڵ ئافرەتـان لـە مێـژوووداو ڕۆڵـی كاریگـەریان لەسـەر ڕەوتـی ژیـان... ئنجـا لـە پـەراوێزی ئـەم بابەتـەدا ئامـاژەی دەكـرد بەحـەزو ئـارەزووە بـێ سـنوورەكانی مـرۆڤو جـار جـارەش وابەسـتەی دەكـردن لەخۆشەویـستی بنـەما بـەرزەكان" لەسـینە سـافیو خزمەتكردنی مرۆڤو خۆدوورگرتن لەڕەوشتی نزم و ناشیاو ...

لەكۆتاییشدا هەریەك لەقوتابیەیەكانی بەسەر دەكردەوە لە پرسـیاركردن لەحاڵیانو ئەوكێشەو تەنگو چەڵەمانەی هاتبوویە ڕێگەیان...

ژمارەی قوتابیەیەكان شەش كچ بوون، هـەموو لەتەمـەنی نـازداردابوون ، سـاڵو دووسـاڵیان بـەین بـوو ، دووانیـان خـەڵكی گـەڕەكی كـانی عاشـقان بـوون، دوانیـشیان لەپیرمحەممـەدەوە دەهـاتن و یەكێكیـشیان لەسـەراوە بەتەنها دەهات ...

هەریـەك خـاوەن گرفتـی تایبـەت بـەخۆی بـوو، مـەحموود ڕۆڵـی برایـەكی گـەورەو دڵسۆزی بۆ دەبینینو كەسووكاریان متمانەیـەكی تـەواویان پێـی هـەبوو...لەڕاستیـشدا متمانەكـەیان لـەجێی خۆیـدابوو ،مهابـاد گـیری



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

خواردبوو بەدەست ئامۆزاكانی‌یەوەو پێیان قورس بوو كچ لەماڵ بێتە دەرەوەو زوو زوو یەخەیان پێدەگرت و دەیان وت:

ـ چۆن دەبێت كچێكی عازەب بڕوات بۆ ماڵێكی بێگانە ...بابە خۆ بێ ساحێب نی‌یە...!!

باوكیشی پیاوێكی ژیربوو ، بەهێمنانە چارەسەری مەسەلەكەی دەكردو برازاكانی دادەمركاندەوە بیانوو بەهانەی بەجێی بۆدەهێنانەوەو تاوتاو ڕازی دەكردن‌و دیدەی دوور دەخستنەوە لەسەر كچەكەی...!

ڕێزانیش كچی كابرایەكی بێسەروبەربوو ، لەڕێگەی خزمایەتی‌یەوە دەگەیشتن بەماڵی مەحموودو هەمیشە سكاڵاو دەردەسەری خێزانەكەی خۆیانی بۆ مامۆستاكەی هەڵدەڕشت‌و شەڕی ڕۆژانەی باوك‌و دایكیشی دووچاری دەنگە دەنگ‌و نائومێدی بەژیانی كردبوون...

شلێریش دایم سكاڵای دەكرد لەدەستی باوكی كە گرنگی‌یان پێنادات‌و هەرگیز گوێناگرێت بۆ داخوازیەكانیان‌و بە دوای ژن هێنانەوە وێڵەو ئاوڕناداتەوە بەلای منداڵەكانی‌دا.

ئەوانەی تریشیان جگە لەنازدار هەریەك بەدەست قەیران‌و گرفتی خۆیەوە گەوزابوو " كە هۆكەشی پێكهاتەی كۆمەڵگەو دەردو ئاسەوارەكانی نەخوێندەواری‌و ناڕۆشنبیری بوون...

مەحموود هەستی بەدەردەسەری‌یەكانی ژیانی قوتابی‌یەكانی دەكردو بەدڵ‌و گیان‌و تواناكانی لەگەڵیان دەژیاو هاوخەمی بۆ دەردەبڕین‌و بێبەشی نەدەكردن لە ڕێنومایی‌و هەندێك جاریش كۆمەكی ماددی ئەوانەیانی‌دەكرد كە دەستیان كورت بوو... ئەو خاڵەشی زیاتر شیرازەی خێزانەكانی لەبەریەك هەڵوەشاندبوو بریتی‌بوو لە لەدەستدانی دڵسۆزی‌و



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

خەم خۆری بۆ یەك‌و مشوورو بەهانە هێنانەوە لەئانای کەم‌و کووڕی‌و ناتەواوی‌یەکاندا .

عادەتی دەرسەکانیش وابوو چەند کاتژمێرێکی دەخایاندو دوای تەواو بوونی گشت بڕگەکان ئنجا مەحموود کتێبی بۆدیاری دەکردن بیخوێننەوەو دواتریش بەجیا خواحافیزی‌یان دەکردو ماڵی مامۆستاکەیان بەجیٚ دەهێشت‌و بەشەوق‌و دڵێکی گەشەوە دەگەڕانەوە .



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## (4)

بەیانی‌یەك زوو عوسمان لەخەو بەئاگاهات" هێشتا دنیا تاریكو لێڵ بوو ، منداڵەكانی لەپاڵ خەرامانـدا نوستبوون، جلەكانی لەبەركردو بۆ چەند ساتێك لەحەوشەكەدا هاتو چوو ... لەوە دەچوو چاوەڕێی شتێك بێت... خەرامان بەچاوی خەواڵووەوە هەستاو لەدەمی هەیوانەكەدا دەستی گرت بەدیوارەكەوە و تی:

ــ عوسمان ئەوەچی دەكەیت بەم بەیانی زووە...؟! بۆ كوێ خۆت گۆڕیوە...؟

بەساردی‌یەوە تەماشایەكی خەرامانی‌كردو ، زۆر گرنگی‌ی پێنەداو وتی:

ـ دەبم بە پێشمەرگە...!

ـ ئەی ئێمە...؟!

ــ عومەرو باوكم چاویان لێتان دەبێت...خۆشم ناو بەناو بەنهێنی دەگەڕێمەوە...!

ـ ئاخر چۆن...

قسەكانی بەڕەقی پێ بڕی‌و وتی:

ــ نامەوێت قسە لەسەر ئەو مەسەلەیە بكەم... بڕۆ ژوورەوە بۆ خۆت بنوو ، حەقت نەبێت بەسەر منەوە...!!

خەرامان شارەزای تووڕەیی‌و هەڵچوونی مێردەكەی بوو، بەملكەچی‌یەوە خۆی كردەوە بەژووردا‌و لە داخا دەستی كرد بەگریان...

ئنجا ئەوەندی پێنەچوو ئوتومبیلێكی پێشمەرگە هاتە بەردەرگاكەو عوسمان لەگەڵیان سواربوو، بەناوتاریكی كۆڵانەكاندا ڕۆیشتن‌و شاریان بەجێهێشت...هەستی بەخۆشی‌دەكردو گیانی بەرخۆدان‌و هەست كردن



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بە تۆڵەسەندنەوە زاڵ بوو بەسەریاو، چێژی لەو ژیانە دەبینی کە بەرەو پیری دەچوو... هاوەڵەکانیشی لاوی خوێن گەرمو لێهاتوو بوون ، هەریەك خەڵکی شوێنێك بوون، کەمەی ڕۆشنبیریش دیاردەیەکی ئاشکرابوو لەنێویاندا و بەئاشکرا هەستی پێدەکرا" هەندێك لەکادرو سەرتیپیەکان دەرکیان بەمەسەلە فەلسەفییەکانی بیری سەرکردەکانیان کردبوو و قسەکانی ئەوانیان دەوتەوەو هەوڵی کوێت کردنی بیری پێشمەرگە سادەو ساکارەکانیان بوو...!!

لەگەڵ هەڵهاتنی خۆری ئەو ڕۆژەدا عوسمان لەگوندێکی دەوری شار لەگەڵ دەستەیەك پێشمەرگەدا لایانداو بوون بەدوو تاقمەوە...هەر بەشەیان ڕوویان کردە ماڵێك و دوایش بۆ حەوانەوە لەمزگەوتی گوندەکەدا لێی کەوتن...

پێشمەرگەکان پابەند نەبوون بەڕاگرتنی ڕێزو حورمەتی مزگەوتەوەو لەمیحرابەکەدا گۆرەوی‌و چەکەکانیان فڕێدا، ئەوەندەماندووبوون ئاگایان بەسەر خەڵکی گوندەکەوە نەبوو کۆبوونەتەوە بۆ نوێژی نیوەڕۆ... خەڵکەکە نەیان دەوێرا هیچ بەو پێشمەرگانە بڵێن‌و دیمەنی پاڵکەوتن و بڵاوبوونەوەی چۆغەو چەکەکان ئەوەندەی‌تر پەست‌و نیگەرانی کردبوون، مەلای گوندیش بەناچاری پێی نا بەجەرگی خۆی‌داو وتی:

ــ برا خۆ کافرستان نی‌یە...دەهەستن با ئەو خەڵکە نوێژو تاعەتی خوابکات...!

ئەوانیش بە قورسی هەستان‌و یەکێك لە پێشمەرگەکان بەهاوەڵەکەی وت:

ـ نەدەکرا وازمان لێ بهێنن و لەماڵەکانیان نوێژەکەیان بکردایە...؟!

هاوەڵەکەشی وتی:



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ـ نازانم تاكەی ئەم دواكەوتوویی و كۆنەپەرستی‌یە...؟!!

یـەكێك لەپێـشمەرگەكانیش زۆر بێزاربـوو لـەوەی بـەئاگایان هێنـابوو بەدەنگی بەرز وتی:

ــ بابــە ئێمــە هــیلاكو مانــدووین...ڕەنجبــەری بــۆ ئێــوە دەكەین...دەوازبهێنن با بحەوێینەوە ...خۆ دنیا كاول نەدەبوو وازتان لێ بهێنایینایە..؟!!

مەلاشی پیاوێكی دیندارو ژیربوو، بەبەرچاوی خەڵكەكەوە وتی:

ـ بابە ئەمە ماڵی خوایە...خۆ ئوتێل نی‌یە...

پێشمەرگەكە تەماشایەكی مەلاكەی كرد،بینی پیاوێكی ڕیش سپی‌یەو خەڵكەكەش بەدەوری‌یەوەبوون، ئەگینا قۆناغە تفەنگێكی دەگەیاندە پەنا گوێی ، بەڵام هەر ئەوەندەی وت:

ـ مەلا فەلسەفە لێمەدە... بۆتان چۆڵ دەكەین ، ئەوەندە تاعەت بكەن تا گیانتان دەردەچێت...

مەلاكە خۆی پێڕانەگیراو وتی:

ــ ئەگەر ڕێزی ماڵی خوا ناگرن ڕێزی هەست ونەستی ئەو خەڵكە بگرن...!

پێشمەرگەكە هەڵگەڕایەوە پڕ بەمزگەوتەكە نەڕاندی و وتی:

ــ بەســە... ئــەم دواكەوتووی‌یــە تاكــەی ...؟! خــەڵكی گەیــشتە سەرمانگ...ئێوەش لە زۆنگاوی دواكەوتندا دەتلێنەوە....!!

خەڵكەكــە واقیــان وڕمــابوو ، لــەناكاو پیــاوێكی پــیرو بەساڵاچــوو هەڵی‌دایەو وتی:

ــ كـافری مـەلعون ئـەوە تۆچـی دەڵێیـت... سـەرەڕای بـێ ئـەدەبیتان لەمزگەوتدا گاڵتە بەدینی خوا دەكەن...؟!!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

پێشمەرگەکان خەریك بوو لەکابرای بەتەمەن بدەن ، بەلاّم بەرپرسەکەیان ئاماژەی بۆ کردن‌و وتی:

- وازی لێ بهێنن...خوابیکات بەساقەی ئەو ریشە سپی‌یەی ...بەخوا ئەگینا لەوحەوزەی مزگەوتەکەمان هەڵدەکێشاو فەلاقەیەکی باشمان دەکرد...ڕیش چەرمووی سەگ ...!

ئنجا پشتوێن‌و چۆغەو چەکەکانیان کۆکردەوەو چوونە هەیوانی مزگەوتەکەو لەسەر حەوزو ئاوەکە دانیشتن‌و خەریکی ڕاوتەگبیر بوون لەسەر ئەوەی دابەش بن بەسەر مالاّندا و نانی‌نیوەڕۆ بخۆن...!

عوسمان بەم ڕەفتارانە دڵتەنگ بوو ، ئەو هاوەڵە پێشمەرگانەی ئاوا نەناسیبوو، بێ‌ئاگابوو لەوەی ژیانی پێشمەرگایەتی بە چ شێوازێکە..؟!" هامشۆو ڕەوتی دووشەو سێ‌شەوی مانگانەی تەنها لەقاڵبێکدا گیرسابوویەوە و نەگەیبووە ڕادەیەك ئاوەها لێیان حاڵی ببێت...بەرگری کردنیشی لەدیدوئایدیای مارکسی - لینینی لەبەرژەوەندی شۆڕش دەهاتە پێش چاوو توێژاڵێکی فەلسەفەکەی وەرگرتبوو... بەلاّم لەدلێشەوە پاساوی ئەو ڕەفتارانەی بەوەدەدایەوە: ((خەڵکی دواکەوتوون‌و ئەگەر بەزەبرو زەنگ نەبێت خەڵکی نایەنە ژێر بارەوە...!!

پابەندبونیشیان بەمزگەوت‌و نوێژەکانەوە فێری زەلیلی کردوون بۆیە ئەو ڕژێمانەی بەغدا توانیویانە سەرکوتیان بکەن‌و بیان چەوسێننەوە...! نا...نا... پێشمەرگەکان ناحەقیان نی‌یە ... لەجیاتی خەریك بوونیان بەنوێژەوە بۆچی چەك هەڵناگرن‌و بچن بەگژی ڕژێمدا...!؟ ئەم کۆیلایەتی‌و ملکەچی‌یە تاکەی؟!!

نەبابە ئەمەکەی زوڵم و ستەمە...؟! ئەوەی ئەو مەلاو خەڵکە دەیکەن زوڵمە...!! دەبوو گوڵبارانیان بکردنایە... سەرباری ئەوەی ڕازین بەو



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

جێگە ڕەق و تەقە کەچی ئەوەشیان پێ ڕەوا نابینن...!؟ ئای هو...ئای هو... بەخوا ئەو خەڵکە سپڵەن...! ئەو کوڕە جوانانە سنگی خۆیان ناوە بەبەر گوللەوەو ماڵ و منداڵیان بەجێهێشتووەو شاخەو شاخ و دۆڵاو دۆڵ دەکەن...بۆ کێ...؟! ئەی لەپێناوی کۆمەڵگەی کوردەواری دواکەوتوودانی‌یە؟! نا... بابە کوا ئەمانە ستەمیان کردووە، بەڵکو ئەو خەڵکە بەباردێنن لەسەر شۆڕش و بەگژاچوونی بەعس...!!)).

ئەم خەیاڵانە لەبیری عوسماندا دەهاتن و دەچوون یەکێك لەهاوەڵەکانی بانگی کردو وتی:

ـ عوسمان خێراکە با خۆمان بدەین بەسەر ئەو ماڵەداو نانی نیوەڕۆو خەوەکە بەرینەوە ئەوێ...!!

ئەویش بەدەم زەردەخەنەوە وتی:

ـ ئەی بەیانی نەچووین و نانمان نەخوار...؟!

ـ ئەوە نانی بەیانی بوو ... هێشتا نانی نیوەڕۆماوە، خوابکات چەور بێت ...


ـ جا داماوانە بەم نیوەڕۆیە فریای چی‌دەکەون؟

ـ کەیفی خۆیانە...درەنگ نان دەخۆین...ئیشمان چی‌یە...؟!!

دیسان دابەش بوونەوە بەسەر ماڵەکانی گوندەکەداو پێشتریش پۆلە پێشمەرگەیەکی هێزێکی تر هاتبوون، ئەوانیش لەچەند ماڵێکی گوندەکە لایان دابوو...!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com






PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

(5)

لـەكۆتايی سـاڵەكانی حـەفتادا صـەدام تـەواو دەسـتی گـرت بەسـەر سيـستمی دەسـتەڵاتداو ئەحمـەد حەسـەن بـەكر وەك دەسـت بەسـەری لێهات...نيازی شەڕو تۆڵە لەبيرو هۆشيدا بۆتەنها ساتێكيش نەدەبڕان‌و بڕياری دا ئەو گوندە دوورانەی سەر بەقەزای هەڵەبجە دابگيرێت‌و لەشەش ئۆردوگادا كۆيان بكاتەوە...

نەخشەی هەڵەبجە لەبەردەستيا دانرابوو، شوێنی ئۆردوگاكانی لەسەر نەخشەكە بەقەڵەمێكی سووردەكێشاو دوای دەسەعات دانيشتنی چڕوپڕ بڕياری داگرتنی ئەو گوندانەی‌دا كە دووربوون لە قـەزای هەڵەبجـەوەو لەخەڵكی قەدپاڵی سورێن‌و ئەو گوندانەی دەكەوتنە سەرسنوور ئەمەش وەك قۆناغی سەرەتای پرۆژەی داگرتنەكە خرايە بەرنامەوە...

هـەر دوابـەدوای ئـەو دانيـشتنە خێـرا بەرقيەيـەكی دا بـە ئـەمن و موخابـەراتی سـلێمانی، ئـەوانيش كەوتنـە خـۆ بـۆ بەجێگەيانـدنی فەرمانەكـەی صـەدام ...لەسـەر بەرقيەكـە نووسـرابوو: "بڕيـاری تايبـەت بـەداگرتنی گونـدەكان" دوای ئامـاژە كـردن بەسـەر هەڵدانـەوەی ديـاردەی چـەكداری ئـەوەی تێـدا بەبەهانـەگيرابوو كـە ئـەو گوندانـە بـوون بەمۆڵگـەی پێشمەرگەو پێكدادان‌و گێرەشێوێنی دەخەنە ناوچەكەوە...

لـەلای چـەپ‌و خـوارووی بەرقيەكەشـەوە نووسـرابوو جێگـری سـەرۆك كۆمار( صەدام حسێن)...

ئەمـەش پاڵنـەرێكی تربـوو بـۆ دەسـت‌وبردكردنی بەرپرسـی ئـەمن‌و موخابـەرات‌و بـەياوەری نوێنـەری دەزگـا ئەمنيـەكانی سـلێمانی كۆبوونەوەيـەكی گـەورەيان كـردو بـەدوورو درێـژی باسـی ميكـانيزمی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

داگرتنــی گونــدەکانیان کــردو هێزەکانیــان خــستە حاڵــەتی ئامادەبــاش‌و نەخشەیەکیان بۆ ئەو مەبەستە کێشا...

سەرۆکی ئـەمن وای بـەباش زانـی لەڕێگـەی موختارەکانـەوە ئـەو هەواڵـە بەخــەڵکی ڕابگەیــەنرێت‌و دواتــر هەرچــی دەزگایــەکی حکــوومی هەیــە لــە گونـدەکان بگرێتـەوەو هێزەکـانی سـوپاش بەسـەر چـەند بنکەیەکدا دابـەش بکەن...

لەلایەکی‌ترەوە بڕیاری کردنی خوێندن بەعەرەبی لە بەرقیەکەدا ئامـاژەی پێکرابـوو...بڕیارەکـەش داوای کردبـوو لـەوەزارەتی پـەروەردە بـەزووترین کـات کتێبـەکان بگەیەننـە ناوچـە کوردی‌یـەکان‌و ئـەو بڕیارەشـی لـە 11ی ئازاردا هاتبوو بسڕێتەوە...!!

بەعس لەهەوڵی ئـەوەدابوو مـۆرکێکی نیـشتمانی‌ی کـوردی بـسڕێتەوە و هاوشــانی ئێــران‌و تورکیــا و ســووریا مــافی نووســین‌و خوێنــدن بــەزمانی زگمــاك یاســاغ بکــات...بۆپــشتگیری بڕیارەکــەش چــەند مامۆســتایەکی بەعسی‌یان دەستنیـشان کردبـوو و، وادەیـەکی دیاری‌کراویـان بـۆ دانـابوون تـا لەکوردسـتان وەك مامۆسـتایەکی بەعـسی‌و پیـاوی یەکـەمی ڕژێـم ڕۆڵـی دیاری‌کراو ببینن...

بەرپرسی ئەمنی هەڵەبجە موختارەکانی کۆکردەوەو بە ڕاشکاوانە پێی وتن:

ـ حکوومـەت بڕیـاری ڕاگـوێزانی ئـەو گوندانـەی داوەو، دەبێـت ئێـوەش هاوکاریمان بکەن...خۆشتان ئاگـادارن یـاخی بووان‌و چەتەکانن کـەخۆیان ناوناوە پێشمەرگە لەم یەك دوو مانگەدا چۆن لەو گوندانەوە دەست درێـژی دەکەنە سەر شوێنە گشتی‌یەکان‌ودەست بۆ ماڵی میللەت دەبەن ، بەعـەقڵی کـوێری خۆیـان وادەزانـن حکوومـەت بەوکارانـە دەرووخـێ، مەلامـستەفاو



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

پیاوەکانی هیچیان بۆنەکرا جا ئەوان...؟! بۆیە من داواکارم لە بەڕێزتان هاوکاریمان بکەن و دڵسۆزیی خۆتان بۆ میری بنوێنن...

موختارێك بەترس و لەرزەوە وتی:

ـ قوربان ئەم کارە لەسەر نەفسی خەڵکی زۆر قورسە...چۆن خاکی باوباپیران هەروا بەئاسانی واز لێبهێنن...؟!!

بەرپرسی ئەمن سووربوویەوەو لەسەر جێیەکەی جووڵەیەکی کردو وتی:

ــ گەوجە ئەمە بڕیاری جێگری سەرۆکەو، هیچ کەس ناتوانێت دەستکاری بکات... قسەکانت زۆر پڕوپووچ و بێمانان و نابێ ئێوەی پیاوی میری شتیوا لەزارتان بێتە دەرەوە...!!

موختارەکە پەشیمان بوو لەقسەکانی و ترسا تووشی گوڵمەزێکی بکەن بە دەنگێکی بەرز پاساوی بۆ هێنایەوە و وتی:

ـ فەرمانی جێگری سەرۆك بەجێیەو کێ حەددی هەیە فەرمانی ئەو بشکێنێت...؟!ئێمە هەموو بەفیدای فەرمانەکانی حیزب و حکوومەت دەبین...

بەرپرسی ئەمنیش لەژێرەوە دانی لێ تیژدەکردەوەو دەیگووت: (( ئەی سەگینە...ئێوە دوو ڕوون و تەنها لەدووی بەرژەوەندی دەگەڕێن... بۆیە حاڵتان جوانە...شەرتبێ ئێمەش بتانکەین بەمقاشی دەستی خۆمان و هەموو کارێکتان پێ بکەین...!!)).

ئنجا لەناکاو بەرپرسی موخابەرات هاتە قسەو وتی:

ـ ئەرکی ئێوە بریتییە لەناونووسکردنی خەڵکەکەو پێڕاگەیاندنیان و، هەر ڕووداوێکیش لەسنووری ئێوەدا ڕوودەدات ئەوا زوو بەڕاپۆرت ئاگادارمان بکەن... خۆ ئەگەر بۆشتان نەکرا ناوی ئەو ماڵانەمان بۆ



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بنووسـن کـه کوڕیـان پێـشمەرگەیەیان خورتـەو بۆڵـە دەکـەن لەسـەر ڕاگـوێزان...لەگـەڵ قـسەکانی ئێـوەدا سـەربازو تیمـەکانی ڕاگـوێزان دەورووبـەری گونـدەکان دەگـرن‌و خەڵکەکـە دەگوێزرێنـەوە بـۆ ئـەو ئۆردوگایانـەی بۆمـان دیـاری کـردوون...خۆشـتان هـەر لەهـەمان ئۆردوگـا لەپۆسـتی موختاریـدا دەمێننـەوە و چـاودێری ئێمـە دەبـن بەسـەر خەڵکی‌یەوە...!

ئنجا عـەرەبێکی شـۆفێنیزم کـە نوێنـەری ئـەمنی سلێمانی بـوو بـەڕەقی هاتە گۆو وتی:

ـ هەرکـەس سەرپێـچی بکـات ئـەوا خـۆی‌و مـاڵ‌و منـداڵی سـەرنگوون دەکـەین... بڕیـاری گوللـەباران‌و دەسـتگیرکردنمان پێ‌یـەو ئەوناوچـانە یاساغکراون‌و ژیان تێیدا قەدەغەیە...!!

موختارەکـان هیـچیان نـەووت سـامێکی زۆر بـاڵی کێـشابوو بەسـەر دانیـشتنەکەداو هەریـەك لەئاسـتی خۆیـەوە دانـە جـیڕەی پێ‌کـەوتبوو جەستەی داهێزرابوو لەترساو چاوی بەقووڵدا چووبوو...

دوای ئەو قسانە دانیشتنەکە بەهێواشی کۆتایی پێ‌هێنراو موختارەکان بەڕێزێکی بێ‌پایانـەوە هـۆڵی بارەگاکـەیان بەجێ‌هێـشت‌و لەبـەرخۆوە دەیـان وت: ئەمری حکوومەت بەجێ‌یـە... چـی بوێـت دەیکـات‌و کـەس ڕێگرنی‌یـە لەسەری...!!ئەو پەنجەیەی حکوومەت بیبڕێت خوێنی نی‌یە...!!

*   *   *

ڕژێمـی بـەعس‌و پیاوەکـانی بـەردەوام لـە بۆسـەدابوون دژبەگـەلی کـورد، هەڵەبجـە لەهەرچـوارلاوە تـەوق درابـوو، ئەوگونـدە دوورانـەی سـەر سـنوور ڕادەگوێزران‌و خەڵکی بەداماوی‌یەوە بەدەم هەنسك و گریانەوە چاویان بـڕیبووە خاك‌و ئاوی سەدان ساڵەی باوباپیرانیان ...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئـــەو هـــەنگاوەی بـــەعس بێوێنـــەبوو لەدڕندەیی‌ـــدا ، هـــیچ کـــام لەداگیرکارانی پێشوو بەوچەشنە بیریان نەکردبوویەوە" کە خەڵکی لەسەر ماڵو حاڵ هەڵ فریوێننو تەوقی قەدەغەبکەنە ملی نیشتمانو، خاك و ئاوی یاساغ بکرێت لەگەڕان پیایدا...!!

دەستەوپۆلە پێشمەرگەکانی شۆڕشی نوێش هەر لەوبەینەدابوو چەند چالاکی‌یەکیان نواندو دەستیان وەشاند لە ڕەبایەکانی ڕژێمو لەچەند گوندێکیشدا کتێبە عەرەبی‌یەکانیان کۆکردەوەو بەبەرچاوی مامۆستاو خەڵکی گوندەکەوە سووتاندیان...!!

ئاکـاری ئـەم کارانـەش ڕاگـوێزانی خـستە قـاڵبێکی ئاسـایی‌یەوەو مەزڵومیەت لەئەستۆ داماڵراو خەڵکی دابەش کرد بەسەر دووتاقمەوە... تاقمێك ماندووبوون لە دەردەسەری‌و شەڕو پیاهەڵپرژان و قوربانی‌و ماڵوێرانی " تاقمی دووەمیش هەستی بەزوڵم و ستەم دەکرد و ناچاربوو پەنابەرێتە بەر تۆڵەو سووتانی هەمووشتێك لەتاو ڕازی‌کردنی هەستی ناو ناخیداو وێران و خاپوورکردنی خاکی جێنشینی...!!

دیـسان ئـاه و حەسـرەت لەئاسـۆی وڵاتـەوە بـەفراوانی خێـوەتو ڕەشماڵی، مەرگو دەردەسەری نوێیان هەڵدایەوەو شەوی دەیجوورو چەتوون لەئاسمانەوە بوویەوە بەچەترێك و ئازادی‌یان پاوانکرد...!

چەند ماڵێکی خزمی مەحموود ڕاگوێزرابوونو لەگوندی سازانەوەو هاتنە ئۆردوگای عەنەب...ئاژەڵەکانیان بەنرخێکی کەمو نیوە قیمەت فرۆشتو لەدووژووری سادەی ڕەشو ڕووتدا بێکاروکاسبی جێنشین بوون...!!

مەحموود دڵنەوایی‌یـــەکی زۆری کـــردنو هـــــەوڵیشی‌دا ئیرادەیان



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەرزبكاتەوە لەوئاقارەی تێیدا دەژیان ڕزگاریان بكات... مام عەبدوڵڵای خزمیان...خێزانێكی زۆری كەوتبوو بەسەریداو لەگوندەكەی خۆیان ژیانێكی خۆشی بەسەردەبرد، بەلاّم راگوێزانیان و لەزەوی و زاركردنیان تاوانێكی گەورەبوو، ئەوئێوارەیەی مەحموودو سۆفی سالّح چوون بۆلایان كتومت لەتەعزیەو پرسە دەچوو...پرسەی لەدەستدانی خاك...! خاكی چەندسالّەو مەنزڵگای دڵ و جێگەی سروورو خۆشی دەروونیان... منداڵەكانی مام عەبدوڵلاّ فێری ئەو جۆرە ژیانە نەبوون و بەزیندانێكی ئیرادی‌یان دادەنا... لەگوندەكەیان هەمیشە لەم كێو بۆ ئەو كێو وەك مەلێك دەهاتن و دەچوون ، دڵ بەهەردیمەنێكی جواندا هەڵی دەڕوانی سەدان غەم و خەفەت بەبادەچوون و، لەگەڵ نەسیمی فێنكی بەرەبەیاندا زوو دەچوونە سەر ئیش وكارەكانیان و لەكاتی گەرمای چێشتەنگاویشدا لەژێركەپرێكی دەستكردی خنجیلانەدا باروبارگەیان دەخست و بەدۆو نان و تەماتەو كەرە سكیان تێردەكردو گوێیان نەبوو لەجۆری خواردن، قەناعەتیان هەبوو بەو ڕزقەی خوا پێی دابوون...ئێوارانیش بەفێنكی دەگەڕانەوەو لەسەر بانیجەكەی ماڵەوە لێی دادەنیشتن یان لە لێواری حەوزەكەی مزگەوتا قاچ و دەستیان فێنك دەكردەوەو ڕەنجی ئەو ڕۆژەیان لەسەر خەرمانی ڕۆژانە كەڵەكە دەكردو گەز گەز بالاّیان پێدەكردو لەوپەڕی شادی‌دا دەژیان...

بەلاّم دەستی پیلان گوندەكەی شێواندن و لەپێش ماڵەكانەوە مزگەوتەكەی تەقاندەوەو ئنجا ماڵ و خانووەكانی خاپووركردن...!! پاشان لەئۆردوگایەكی وشك و ڕەق جێنشینی‌كردن و دەستی تووندلەبینیان گیركردو سەری دنیای لێهێنانەوە یەك...

ئەم جۆرە هەستانە لەزاری مام عەبدوڵلاّو خێزان و ماڵ و منداڵەكەی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دەهاتنــە دەرو مــەحموود و ســۆفیش دڵخۆشـیـیان دەدانــەوەو ئومێــدیان دەخــستنەوە بــەر کەلــەداهاتوودا بــەڵکو بگەڕێنــەوە ســەر ئــاوو خــاکی باوباپیرانیان...

مـــەحموود گەشــــبینیـیەکی لەڕادەبــــەدەری هــــەبوو لەتیاچــــوونی سیــستمەکانی زوڵــمو پێــچانەوەی دامو دەزگاکــانو بەپەنــد چــوونیان لەمێــژوودا...ســۆفی باوکیــشی بۆچــوونی کوڕەکــەی زۆر پێجــوان بــوو، لەزۆربەی تێڕوانینەکانیـدا یـەکیان دەگـرت لەگـەڵ ڕێبازەکەیـداو لەدڵـەوە دەیگــوت: بــەو خوایــە بــەناو مامۆســتایە ، ئــەگینا ســۆفییەکە ئــاو لێــڵ ناکات...!

مـام عەبـدوڵڵا پیـاوێکی باڵابـەرزی چوارشـانەبوو، ڕیـشێکی مـاش و برنجــی پێوەبــوو، ناڕەحـــەتیی زۆری چەشــتبوو، بـــەڵام هـــیچ یـــەك لـــەو ناڕەحەتیانە ئەوەندەی ڕاگوێزانیـان کاریگەرنـەبوون لەسـەر نەفسیو تـەواو تێکشکابوو...!!

سـەری زمـانیو بنـی زمـانی دوعـاکردن بـوو لـەوەی بووبـوو بـەهۆکاری دەربــەدەریو هــەڵفریوانیان بەئاشــکرا جنێــوی بــەڕژێم دەداو دەنگــی بەرزدەکردەو بە پەرۆشەوە دوعای بەکوڵی لێدەکرد...

زریــانی کــوڕە بــچووکی لــەنێو منداڵەکانیــدا جێگــەی گرنگیــەکی تایبەتبوو، بۆیە بەپەرۆشەوە بەمەحموودی وت:

ــ مامۆستا...ئـەم منداڵـەم لـەنێو منداڵـەکانیتردا وریـاترەو زوو حـاڵی دەبێت...بەڵکو ڕێو شوێنێکم بۆ دابنێیتو بیخەمە بەر خوێندن...

مەحموود پیایدا هـەڵی ڕووانـی و بینـی منـداڵێکی ژیکەڵەیـەو قسەکانی مـام عەبـدوڵڵا لەشـوێنی خۆیدایـە، بـەڵام کـچێکی وردیلـەو وریاشـی بینـی هاوتەمەنی زریانو، لەمام عەبدوڵڵای پرسی:



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ـ ئەی ئەو کچە ژیرو وتو وریایە بۆ باس ناکەیت؟

مـــام عەبـــدوڵڵا لەبەرنامەیدانـــەبوو کـــچ بخاتـــە بەرخوێنـــدنو بـــەبیٚ تاقەتیەوە وتی:

ـ توخوا مامۆستا ئافرەتو مەکتەب کوجا مەرحەبا...!!

مـەحموود بزەیـەکی کـردو، بـاوکی بیر کەوتـەوە وخێـرا گـوزەرا بەسـەر بیرکردنەوەکەیداو وتی:

ـ مـام عەبـدوڵڵا دنیـا گـۆڕاوە...ئـەمڕۆ لـەولاتان هەنـدێك ئـافرەت ڕۆڵـی سـەدان پیـاو دەبیـنن...مـن وادەبیـنم ئـەم کـچە زۆر لـە زریـان وریـاترو شـیاوتریش بێـت بـۆ خوێنـدن...لەبەرئـەوە تکـات لێدەکـەم دڵـم مەشـکێنە بائەویش بخەینە بەرخوێندن...

مـــەحموود ئەمـــەی بـــە جۆرێـــك لەکەساســـیەوە وت مـــام عەبـــدوڵڵا کاریگەربوو پێی و وتی:

ـ مامۆستا زۆرمتمانـەم پێـت هەیـە... بەوخوایـە ئـەو منداڵانەشـم سـەر ببڕیت دەست ناهێنمە ڕێت...!

ئنجا ئاماژەیەکیکرد بۆ سۆفی و وتی:

ـ تۆ کوڕی ئەو پیاوە موبارەکەی ، ئەوە وەلیـیە وەلی...!

مەحمووديش بەتەریقیيەکەوە وتی:

ـ چاکەی خۆتە... خوا دەست بەباڵتەوە بگرێت...

ئنجا مەحموود زریانو کچەکەی بانگ کـردو دەسـتی هێنـا بەسـەریانداو دڵخۆشـیکردن بـەوەی داغڵـی قوتابخانـەیان دەکـات، کـچەکە پـێش کوڕەکـە کەوتو وتی:

ـ مامۆستا منیش وەك تۆ دەبم بەمامۆستا...؟!!

ئەم پرسیارە لەدڵێکی پاكو بیٚگەردەوە هاتـە دەرەوە و مەحموود زۆر



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

گەشایەوە و ماچێکی سەریکردو وتی:

ـ بەڵێ گیانەکەم... لەمن زیاتر خوێندەواریش دەبیت...

ئەویش لەخۆشییا هاوارێکیکردو وتی:

ـ هێی... دەبم بەماموٚستا...دەبم بە ماموٚستا...!

سوٚفیو مام عەبدوڵلاو مەحموودیش دایانە قاقای پێکەنین ، پاشان مەحموود و سوٚفی سەرقاڵبوون بە دوٚزینەوەی کاروکاسبی بوٚ منداڵەکانیتری مام عەبدوڵلاو ڕێو شوێنیان بوٚ هەریەکەیان دانا...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

پێشمەرگایەتی چەشنێکی نوێبوو لەژیانو خاوەنی تایبەتمەندیی خۆیبوو، لای عوسمان دۆلأو دۆلکردن و خۆشاردنەوە و کەمین دانان مانایەکی بەرزوتایبەتیان هەبوو و هەمیشە بەپیرۆز ڕایدەگرت ، سەرەڕای ئەوەی عوسمان هۆگری خوێندنەوەبوو بەدەر لەهاوەڵەکانیو هەردەم لەدووی کتێبو نووسراو دەگەڕاو، هەوڵیدەدا ئاگاداری ڕووداوەکان بێتو بەشانازییەوە لەناو هاوەڵەکانیدا بیگێڕێتەوەو فەزلٚو ڕێزی خۆی دەربخات بۆیان...!

لەیادی مردنی لینیندا ئاهەنگێکیان سازکردو لاوو پیاوانی چەند گوندێکیان بۆ کۆکردەوەو زۆر بەگەرمی ژیاننامەی لینینیان بۆ خەڵکەکە خوێندەوە ، ئەوانیش سەرسام بوون بەو شۆڕشەی ڕووسیا بەسەر دەستەلأتی قەیسەرداکردبوویان، دروشمەکانی شۆڕشی چینی چەوساوەو خەونە ئەرخەوانیەکانیان یەك بەدوای یەکدا لەمێشکی خەڵکەکەدا ڕیزکردبوو، گوندنشینی داماویش بەسادەوساویلکەیی خۆی لەدەوریان ڕۆدەچوو و خەیاڵ دەیبردە چڵەپۆو لەڕیزی پێشەوە دەجەنگاو بەگەرمی چەپڵەی لێدەدا...!!

لەئاهەنگەکەدا عوسمان هەوڵیدا بەشیعرێك بەشداری بکاتو سەر تیپەکەشیان زۆری پێخۆش بوو پێشمەرگەیەکی ئاوا وریاو زرنگ لەناو تیپەکەیدابێت، پشتگیری خۆی نواندو بەبەرپرسی ئاهەنگەی وت:

ـ کاك عوسمان پێشکەش بکە با ئەو پارچە شیعرە بخوێنێتەوە...

عوسمان شانێکی هەڵتەکاندو چووە سەر ئەو سەکۆیەی وتاربێژو قسەکەران لەسەری دەوەستانو تۆزێك لەخەڵکەکە وردبوویەوەو ئەوجا وەرەقەکەی بەر باخەڵی دەرهێناو وتی:



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

مامۆستای پایە بەرز گۆران لە قەصیدەیەکدا بەناوی (ڕێگای لەنین) دەفەرموێت:

لەگەڵ کۆتر شوێن ڕووناکیی ڕۆژکەوتم
نەڕۆژ ، نەشەو، نەخەوتم
پێوانەم کرد بەرەو باکوورو ڕووی دنیا...
فڕیم بەناو هەوری بەرزی ئاسمانا
بەسەر هەزار دیمەنی جوانا...
تاگەیشتمە بەر دەروازەی کرەملین
ژێر سێبەری پەیکەری بەرزی لەنین!

ئەمەی وتو بوو بە چەپڵەڕێزانو ئەویش لەخۆشیدا چەند جارێك بەیتی دوایی دووبارەکردەوەو ئەنجا سەرجەم بەیتەکانی خوێندەوەو دوایین بەیتی قرتاندو مەبەستی شیعرەکەی بەهەڵسپێراوی جێهێشت، ئەو بەیتەی کۆتایی قورس بوو لەسەری و چەند جارێ پێش ئەوەی قەصیدەکە بخوێنێتەوە دەیگوت" چۆن دەبێت یەکێکی وەك مامۆستا گۆران بڵێت :

تاهونەری ڕۆژهەلاتی ئیسلامی
گەشەبکاو بژی دیسان(نیظامی)!...

بۆیە ناچاربوو ئەو بەیتە قووت بداو بەتەنها ئەو بەیتانەی قەصیدەکە بخوێنێتەوە کە لەبەرژەوەندی فیکروبۆچوونەکانیان دەسووڕایەوە ، هاوەڵەکانیشی بەتەنها چەپڵەیان لەسەربوو...!

هەر لەوڕۆژەشدا کۆمەڵەلاوێکی خوێن گەرم لەهەڵەبجەوە بەسەردان هاتبوون بۆ لای کەسوکاریانو بەپەرۆشەوە گوێیان گرتبوو لەقسەو گفتوگۆکانی نێوان پێشمەرگەکانو دڵگەرم بوون بەفەلسەفەی نوێ...!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لەلایەکیشەوە گونجانی ئەو فەلسەفەیەیان لاقورس بوو، عومەری برای عوسمان یەکێك بوو لەو لاوانەو هەستی نیشتمان پەروەری کەمەندکێشیان دەکردو بڕگەکانی ئاهەنگەکە زۆر کاریگەربوون لەسەری، بەلاّم کاتێك بیری لە قسەکانی مەحموود دەکردەوەو بەراوردی دەکردن لەگەلّ قسەی ئەواندا ساردییەك ڕووی تێدەکردو بۆچەند ساتێك لەدەریای بیرکردنەوەدا ڕۆدەچوو...

گەڕاندنەوەی بوون بۆ ماددەو ڕەهاکردنی سەرجەم ڕەوشە مرۆیییەکان جێگەی نیگەرانیو بێزاری عومەربوو...بەلاّم ڕۆحی بەربەرەکانیو بەرەنگاربوونی زولّمو ستەم هانیاندەداو دلّیان کون کردبوو...

زۆر حەزیشی بە گفتوگۆو دەمەدەمەدەکرد لەسەر مەسەلە فەلسەفییەکانو واهەستیدەکرد لەوبوارەدا فەلسەفەی ئیسلامی هەموو ئەو فەلسەفانەی دیکە قووت دەداو بەرامبەرەکانی خۆیان ناگرنو هەرزوو هەرەس دەهێنن...

شەو لەمالّێك مەجلیس بەستراو قسەوباس دامەزرا ، عومەر لەپالّ عوسمانی برای دانیشتبوو، یەکێك لەبەرپرسەکانی پێشمەرگە وتی:

ــ داگرتنی گوندەکان کارێکی نامرۆییەو ڕژێم بەم کارەی زیاتر غەشمو قینی جەماوەر دەورووژێنێت ، عەرەبە فاشیستەکان وادەزانن کورد مردووەو شۆڕشیان لەبەریەك هەلّوەشاندووە... شۆڕش دەبێت بەئاگرو بەردەبێت لەگیانیان...

پێشمەرگەیەکیش وتی:

ــ ئێمە هەلّقولاّوی نێوچینی چەوساوەین...ئەو چینەی لەهەموو ولاّتێك سەرکوت دەکرێنو بەتێکۆشانو لێبڕان مافەکانیان دەسێننەوە...!

عومەر دانی بەخۆدا گرتو وتی:



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ـــ واباشـــه شـــۆڕش لەســـەربنەمایەکی کتـــوپڕو ســـەرپێیی ڕانەوەســـتێت...هـــەموو جووڵەیـــەك لـــەم گەردوونـــەدا یاســـایەکی تایبەتیهەیەو فەرامۆشکردنی دەبێتە مایەی گێرەشێوێنیو دوورکەوتنەوە لەئامانجو مەبەستە بەرزەکانی ...

بەرپرســـەکە دەموچـــاوی دابەیەکـــداو بەتونـــدی بەرپەرچـــی عومـــەری دایەوەو وتی:

ـ شۆڕشی نوێ شۆڕشێکی ئاساییەو کەس ناتوانێت لەدایك بوونی بە کتوپڕو شپرزە دابنێت...!

عومەر خەریك بوو بڵێ : ((من کەس تاوانبارناکەمو تەنها حەزم کرد بەشداری بکەم لەم گفتوگۆیانەدا )) بەڵام عوسمانی برای ئامارەی بۆ کرد بێدەنگ ببێت...!

پاشان یەکێك لەپێشمەرگەکان وتی:

ـــ ئـــەم کوردســـتانەیان لێدەکـــەین بەجەهەننـــەم...! لەهەموولایـــەك بەڕەنگاریان دەبینەوەو ڕەنجەڕۆیان دەکەین...

یەکێکی دیکەیان وتی:

ـ ئاشبەتاڵ دوایی بەشۆڕش نەهێناو میللەتی ئێمە هەرگیز دەست بەرداری چەك نابێت تا دوژمنەکانی زەبوون نەکاتو مافی خۆی دەستگیرنەبێت...

یەکێك لەپێشمەرگەکان ئەو پێشمەرگانەی پارتی بیرکەوتەوە کە نێردرابوونەوە و سەرکردایەتی کاتی سەرپەرشتیدەکردنو لەزۆر جێگەدا دەستەویەخەی شەڕبووبوون لەگەڵیانو بەدڵتەنگییەوە وتی:

ـ قیادە موەقەتە لێمان بوون بە چەقڵو سەرباری ڕژێم دژایەتیمان دەکەن... کورداتان بەو دەردەبرد ، ئیتر چیتان دەوێت...؟!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەرپرسەکەیان ددانەکانی توند خستەسەریەك و وتی:

ـ ئاشبەتاڵچی‌یەکان ئاغایان هەیەو بەقسەی ئاغاکانیان دەکەن ...

پاشان هەریەك لەئاست خۆیەوە دەستی‌کرد بە قسەی ناشیرین و جنێو بەقیادە موەقەتە، عومەریش بێدەنگ بوو لەناویانداو دەترسا باسی برایەتی و یەك ڕیزی بکات بەئەندام یا لایەنگری پارتی دابنێن...بێدەنگ بوونیش زۆرجار دەبێتە مایەی خەم و خەفەت و ئالوودەبوون بەدەست ئاه و حەسرەتەوە ...ئەوەتا عوسمانی براشی ڕازی‌نی‌یە قسەبکات و چەند جارێك پێی وتووە: بێدەنگ بەو زمانت نەکەیتەوە ئەمە شوێنی تۆزی‌یە قسەی تیابکەیت... لەدڵیشەوە وەختە ناڵەدەکات و ناکرێت هەموو بڵێن و ئەم بێدەنگ بێت، غیرەتی دایە بەرخۆو وتی:

ـ یەك ڕیزی میللەت بۆ سەرکەوتنی شۆڕش مەرجێکی سەرەکی‌یەو ئێمە هەموو کوڕی یەك نیشتمانین...

عوسمان ئۆقرەی لەبەرهەڵگیراو لەلاوە پێی وت:

ـ ... بێدەنگ بە... چەندجارم پێوتیت قسەمەکە... ئەگەر تۆ بۆ ئەم قسانە دێیت بۆلام...؟ هەرنەیەیت باشترە...!

لەژێر لێویشەوە یەك دوو جنێوی ساردوسڕی پێگەیاندو ئەویش لەتاوا سەری کزکرد...!

ئیتر عومەر دڵی گوشراو بەناچاری دانی بەخۆداگرت و ئەو شەوە زۆر بە زەحمەت ڕۆژی‌کردەوە، بۆبەیانیش بەساردی‌یەوە خواحافیزیی لەعوسمانی برای‌کردو ئەو کاغەزەشی کەلەلایەن خەرامانەوە هێنابووی بۆی لەبیری چوو بیداتێ و لەژێر کاریگەریی ئەو دەستەواژە ناشیرینانەدا تاسابوو، سەدان پرسیار لەنێو چاوی‌دا حەشار درابوون و هەستی جونبووش دراوی ساردەکردەوەو زیاتر سوور دەبوو لەسەر ڕێبازی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

خۆیو ئالوودەبوونی بە مامۆستاکەیەوە، لەگەڵ وانەکانی کەسایەتی و بارهێنـانی بەو شێوەیەی کەببێتە جێگەی ئومێد و بەرپاکردنی ئایندەیەکی رۆشن و ڕووناكو ڕەواندنەوەی شەڕو کوژران، وێڕای گۆڕینی ڕەوتی خەباتی کوردی لە حاڵێکی چەکدارییەوە بۆ حاڵێکی مەدەنیو رۆشنبیری دوور لەتوندوتیژیو خوێن ڕشتنو وێران کردنی وڵاتو قڕکردنی ڕۆڵەکانی بەبیانووی جۆراوجۆرو هەمە چەشن...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

توانـاو دەسـتەڵاتی ئەحمـەد حەسـەن بـەکر بـەردەوام ڕوو لـەکزیبوو، لەهـەمان کاتـدا ئـەوەی بەرەوپلـەی ئاسـتی ڕەهـای دەسـتەڵات دەچـوو لەعێراقـدا تـەنها صـەدام بـوو...! سـەرجەم پـیلانو هەوڵـەکانی سـەریان گرتبـوو...ئەحمـەد حـسەن بـەکر بـەکزیو زەلیلـی لەیـەکێك لـەژوورەکانی ماڵەکەیدا بەندکرابوو...نەخۆشیو دەردە دڵـی خیانـەتو ناپـاکی صـەدام بووبـوون بـەبار بەسـەریەوەو تەندروسـتیی بـەرەو هەرەسـهێنانو دوایـی دەچوو...!

ئـــەو دەســـــتەڵاتو بەرگـــــە ســـــەربازیانەی هـــــەردەم جێگـــــەی فەخروشـانازیبوونو بەگـەورەترین ڕووداوی ژیـانی خـۆیو خانـەوادەو بنەماڵـــەکی دانـــابوو" وردە وردەو لەبەرچـــاویدا قێـــزەون دەبـــوون... خوازیـاربوو بـە سادەیی بژیایـەو بەسادەیش بمردایـە...!! هـەرگیز قاچـی نەئالاّیـــە لـــەداوی سیاســـەتو دەســـتەڵاتو کێشمەکێـــشمی ناوەنـــدە کانیانەوە...

ڕەنگـی زەرد هەڵگـەڕابوو، چـاوی بەقووڵـدا چـووبوو... ئازارەکـان تـا دەهـاتن لەسـەری زیادیـان دەکـردو صـەدامیش زیـاتر دەسـتی لـەبینی تونـددەکردو نەیدەهێـشت دەنگـی بگاتـە جیهـانو هـەر بـەزۆری زۆرداری ناچاریکرد دەست لـەحوکمی عێـراق بکێشێتەوە، ئـەوجا صـەدام بـوو بـە دەسـتەڵاتداری عێـراقو لەبـەرگی ڕاسـتەقینەدا دەرکـەوت...! گەرچـی هـەر لەسالأنی حوکمـداری بەعـسەوە صـەدام هـەر خـۆی ئـەو سیـستمەی دەبـرد بەڕێوەو پایەکانی حوکمی بەعسی ڕاگرتبـوو...!! بـەلاّم وا ئەحمەدحەسـەن بەکر بۆ دوایین جار دوورخرایـەوەو خۆیو خانەوادەکـەی بوون بە دیلو ئەسـیری ژێـــر چـــنگی صـــەدامو هاوچەشـــنی مـــەلی دەســـتەمۆیان



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لێهـات...ئـەویش هـەر ڕەفتـاری وابـوو، دەبـوو ئـەو دەسـتەبگەزێت کەچاکەیەکی کردووە بەرامبەری، بۆیە سەرجەم خزمو کەسەکانی ئەحمەد حەسـەن بـەکر لەبازنـەی تاوانبـارو پیلانگێڕانـدا تۆمـارکردو پاکتاوسازکردنیانی سپارد بە موخابەرات، خۆشی لەدوورەوە تامو چێژی لەکوشتنو بڕینو ملکەچ کردنیان دەبینی...!!

ئەو ساڵانە گۆڕانکاری زۆریان بەخۆوەبینیو سیستمی دەستەڵاتی شا لەئێران هەرەسی هێناو مەلاکان دەستەڵاتیان گرتە دەست...

صەدام ئەو گۆڕانکاریيانەی ناو کۆمەڵگەی ئێرانی بەهەلێکی باش دا لەقەڵەمو هێشتا پایەکانی دەستەڵاتی نوێ نەچەسپابوو پاشگەزبوویەوە لەهەموو ئەو بەندانەی ڕێکەوتنی جەزائیرو ڕاشکاوانە بەرەنگاری سنوورەکانی ئێران سووپاکەی وەستاندو جل و بەرگی سەربازی کردبەبەری زۆرێك لەلاوو پیاوانی گەلداو بەردەوام فووی دەکرد بەهەناوی سەرکردەکانی سوپاداو دەهۆڵی جەنگی دەکوتا...

هیچ کەس لەسەرکردەکانی سوپا بۆ ئەو ئاکارە ئامادەنەبوون جگە لەخزمەکانی صەدام خۆی نەبێت.... بەڵام نەشیان دەوێرا نارەزایی دەرببڕن ، خزمەکانی صەدامیش لە پۆستی کاریگەردا دانرابوون بە گەرمی چەپڵەیان لێدەداو کوێرانە هانی صەدامیان دەدا ، ئەویش لەکۆشکێکی سەد نهۆمیيەوە بۆ گەلی دەڕوانیو ئیرادەی بڕیاردان لەسەر جەنگو هەموو بڕیارەکانی پەیوەست بەجەنگیش هەر لەژێر دەستی خۆیدابوو...!!

هەمیشە لەسەرکورسیيە پانو بەرینەکەی دادەنیشتو گۆچانە ڕەشەکەی دەگرت بەدەستیيەوەو هەڵی دەسووڕاندو دەیکێشا بەمێزە ساجو جوانەکەیداو لەبەرخۆیەوە دەیووت: وڵات هەمووی لەژێر زەبری



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئـــەم گۆچـــانەدایە...! لـــەم ســـەر بـــۆ ئـــەو ســـەر...! ئیـــدی وادەی پەلهاویشتنە...پەلهاویشتن...!

ئنجـا قاقـای لێـدەداو برووسـکەیەك دەیـدا لـەناخی و ژیـانی منـداڵیو زوڵـــمو ســـتەمی دەوروبـــەری کۆمەڵگـــەی دواکـــەوتووی عۆجـــەی وەبیردەهاتـەوە... زیـاتر ڕقوقـین زاڵ دەبـوون بەسـەریداو بـەبێ ئـەوەی ئاگـای لـەخۆی بێـت کـەفێکی سـپی بەلاشـەویلگەکانیدا دەهاتنـە خـوارەوە بەدەمو لمۆزیداو مێزو گوڵدانو هەمووشتێکی بەردەمی دەشکاندو دواتـر هێوردەبوویەوەو بەقاقایەکیتر تـەوژمی دەروونـە نەخۆشـەکەی دەردەبڕیو لـەزەتی لـەو دیمەنـەش وەردەگـرت کەلەمێشکی خۆیـدا ڕێکـی خـستبوو... دیمەنەکـەش زادەی بیروهۆشـی نەخۆشـی بـوو... گـەلی دامـاو هـەموویان بەملکەچـییەوە راوەسـتابوونو دەکـەوتن بەسـەر قـاچو دەسـتیدا...!! صـەدامیش ئـاوڕی لێنەدەدانـەوەو تـەنها ئەوەنـدە نـەبێت گۆچـانێکی پێدەگەیاندنو ئەوانیش گەزگەز بالآیان پێدەکرد...!!

هـەرکات بـاری دەروونیـی بگەیـشتایەتە ئـەم ئاسـتە ئـیتر دیاردەکـانی شـادی بـەدەمو چـاویدا دیاریـان دەداو هەناسـەیەکی کـورتو خێـرای هەڵدەکێـشاو دەتـوت لەجـەنگێکی سـەخت گەڕاوەتـەوەو سـەرکەوتنی بەئەستەم دەستگیربووە...! بـەلأم لەناخیشەوە تاریکاییـەك بووبوو بـەبار بەسـەریەوەو هەرچـەند دەکۆشـاو هەوڵیدەدا هەسـتی بەشـادی ڕاسـتەقینە نـەدەکرد... هەنـدێك جـاریش پێـچەوانەی ئـەو حاڵەتانـە دەجووڵأیـەوەو بـــەدەم گریانـــەوە دەپاڕایـــەوەو دەلالأیـــەوەو دەیکێـــشا بەڕوومـــەتو دەستەوەسـتان دادەنیـشتو سـەری لـەنێوان هـەردوو لـەپی دەسـتی تونـد دەکردو بەکوڵ دەگریا...!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەلاّم لەناكاو هیّزو دەستەلاّتی بیر دەكەوتەوەو هەلّدەستایە سەرپیّو فرمیّسكەكانی دەسڕیو نیگایتۆلّە دەیدا لەپەڕەی دلّیو مەچەكی توند دەكردو بەهەلّەداوان دەگەڕایەوە بۆ گۆچانە ڕەشەكەو هەمان ڕیّی پیّشووی دەگرتەوەبەر...!!

كەسایەتی سەرۆك صەدام ئاوابوو... كەسایەتییەكی شیّواو نەخۆش... گیرۆدەی زەلكاوی دواكەوتووی هۆزو تیرەیەكی بیّشیرازەو خانەوادەیەكی ڕووخاوبوو... بۆیە بڕیارەكانی كتوپڕ دەهاتنە دەرو ئەوانەی لەنزیكەوە لەگەلّی دەژیان دلّە تەپەیان پیّدەكەوت...! بڕیاری هەلّگیرساندنی جەنگ دژ بەئیّرانیش زادەی ئەو حالّەبوو... گەرچی لەمیّژبوو صەدام خەونی بەدەستەلاّتیّكی فراوانو بیّ شومارەوە دەبینی...بەلاّم هەلیّكیوای بۆ نەڕەخسابوو حەزو ئارەزووەكانی بتەقنو گەلانی جیهان سەرسام بكەن...!!

تیاچوونی شاو سیستمەكەی باشترین هەلبوو هاتبووە بەردەستی صەدامو واگومانی دەبرد ئیّران لەحالّەتی پیّكداданو پاشاگەردانیدایەو لەهیّرش بردنە سەر ئیّراندا سوپای عیّراق تووشی هیچ گرفتیّكی وانابیّت جیّگەی سەرنجو باسكردن بیّت...!!

خیّرا دانیشتنیّكی بەسەركردەكانی سوپاكردو هەموویان ڕۆحیان لەمشتیاندابوو... هەستیانكردبوو لەڕیّگەی ئەو فەرمانە كتوپڕانەوە كەلەومانگانەی دوایی دا دەرچووبوون صەدام بەتەمای شتیّكەو ولاّت بەرەو هەلّدیّریّك دەبات...بەلاّم كەسیان ئاگاداری ئەوەنەبوون كەلەبیرو هۆشی صەدامدا دەسووڕایەوە... بەترسەوە لەسەر كورسییەكانیان دانیشتنو زۆری بەسەرا ڕانەبورد صەدام بە فیزیّكەوە هاتو ئەوەی سەرنجی ڕادەكیّشان بۆیەكەمجاربوو جلوبەرگی سەربازی بپۆشیّت...وەك



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**لەحاڵــەتی جەنگــدابن ... هــەموو ســـەریان ســـوڕمابوو...!! واقیـــان وڕمـابوو...! چـی لەئارادایـە...؟! چـی ڕوویـداوە...؟! هەرکـەس لـەخۆی دەترساو سامێکی زۆر باڵی کێشابوو بەسەر دانیشتنەکەداو دەیان بیری خراپ‌و ئاوێتەی ترس دەیدا لەدەرگای هەستیان...!**

**تاکەکەسێك ئاسایی‌و نەشڵەژابوو صەدام خۆی‌بوو، بەڵام تام‌و چێژی لەجلــە ســەربازی‌یەکانی وەردەگــرت‌و ڕوتبەیــەکی بــەرزی بــۆ خــۆی داتاشی‌بوو... ئەو ڕوتبەیەی کەهیچ کەس وەری نەگرتبوو لەعێراقدا...! دەمانچەکەشی بەلاقەدەوە بەندکردبوو زیاتر فوویان دەکرد پیایداو کاتێ قسەی دەکرد لەبڵندگۆیەکی پیرۆزەوە بۆخۆی دەڕوانی‌و دەبوو قسەکانی خێرا تۆماربکرێت‌و وەك پەیامێك تەماشای بکەن...!**

**دانیشتنی ئەمجارەی صەدام جیاوازبوو لەجارانی پێشوو، بارودۆخی عێراق بووبوو بەماستی مەیوو...! ناڕەزایی‌یەکی کەم نەبێت لەکوردستان هەموو شارەکانی کردبوو بەدەزگایەکی بچووك‌و لەنووکەوە ڕاپۆڕتەکانی موخابــەرات‌و ئــەمنی تاوتوێــدەکردو فــەرمانی تــیرۆرو دەســتگیرکردن‌و گوللەبارانی بەکۆدەردەکرد...**

**ئامادەبووانی دانیشتنەکە بت بوون‌و لەسەر کورسی دانرابوون، هەموو تەماشــای دەمــی صــەدامیان دەکــردو هەناســەکانیان یــەك لــەدوای یــەك دەبژارد...!صەدام باسی ناوخۆی وڵاتی کردو بێ قەیدو شەرت وتی:**

**- ئامادەبووانی خۆشەویست...هەموو دەزانن شای ئێران پێش ئەوەی ریسوابیێت ناچاری کردین ڕێکەوتننامەیەك لەگەڵی مۆربکەین...چارمان نەبوو جگە لەڕازی بوون... لەو ڕۆژەدا بەرژەوەندی باڵای حیزب‌و وڵات وای بۆباش بوو کە واز لەمافەکانمان بهێنین لەپێناوی زاڵ بوون بەسەر کوردو یاخی‌بوونەکەیاندا...!**



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

هەموو بەتوندی چەپڵەیان لێداو صەدام خۆشی سەری سوڕمابوو ئاخۆ ئەم قسانە شایستەی ئەوەن چەپڵەی بۆ لێبدەن... هیچی نەوت‌و بەردەوامبوو لەسەر قسەکانی:

ــ ئەمڕۆش ئەرکی نیشتمانی پاڵمان پێوە دەنێت ئەو ڕێکەوتنە هەڵبوەشێنینەوەو گورزێکی توند لە ئێران بوەشێنین...

دیسان چەپڵەلێدرایەوەو دەنگی پشتگیری بەرزبوویەوەو دەیان وت:

ــ بژی سەرۆك صەدام حسێن... بژی ...بژی...!! بمرێ ئێرانی کۆنەپەرست...بمرێ... بمرێ...! بەگیان بەڕۆح هەموو لەگەڵتاین...!!

صەدام زیاتر هەستی جۆشاو وتی:

ـ لەم ساتە بەدواوە جەنگ هەڵدەگیرسێنین لەگەڵ ئێران‌و گورزێکی کوشندەو خێرای ئاڕاستە دەکەین...!

پاشان بەرەکانی جەنگی دیاری‌کردو هەموو سەریان سوڕمابوو لەو عەقڵەی صەدام بیری پێدەکردەوەو ئێرانی بەوڵاتێکی بچووك دادەناو" جەنگەکەشی بەجەنگی دووسێ مانگ خەملاندبوو...!!

هەناوجاردەیووت:

ـ ئێران ناچاردەکەین ملکەچی سەرجەم مەرجەکانمان ببێت‌و وەرەقەی سپیمان بۆ ئیمزا بکات...!

دوای ئەوقسانە هاتە سەر باسی کوردستان‌و ئەو سیستمە نوێیەی مامەڵەی بۆ والاکردن کەلەکوردستاندا ژیاندوبوویەوە و بریتی‌بوو لە سیستمی جاشایەتی و بەکارهێنانی کورد لەجەنگەکەداو پیلانێکی زۆر وردی سەبارەت بەناوچە سنووری‌و کوردنشینەکان داڕشتبوو... بەپێی پیلانەکەی صەدام دووبەرەکی نانەوە لە نێو کورددا یەکێك بوو لەهەرە خاڵە بەهێزەکانی پیلانەکەی‌و بەئامادەبووانی وت:



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ـــ کــورد بــەکورد لــەناو دەبــەین...! ســریەکانی پیــاوانی دڵــسۆزو ئەڵقەلەگوێ گەشەپێ دەدەینو لەهەموو چینو توێژێکدا دەبێت خاوەنی شوێنو پێگەی تایبەت بەخۆمان بین...!

پیاوانی دەوروبەریشی جگە لەچەپڵەو هوتاف کێشان هیچ لەزاریان نەدەهاتە دەرەوەو کتومت بێگیانێك بوون لەبەردەستی صەدام ئەم دیواو دیوی پێدەکردن...!

*　　*　　*

بەتەواو بوونی دانیشتنەکە بەرەکانی جەنگ پێکهێنرانو سوپای عێراق بەفەرمانی صەدام لە چەند قۆڵێکەوە هێرشیان بردە سەر خاکی ئێران...

هێشتا بارودۆخی ناو ئێران سەقامگیرنەبووبوو... پاکتاوسازکردنی ناوخۆ سەرانی شۆڕشی سەرقاڵکردبوو...گەلی ئێران لەژێر کاریگەری ئەو گۆڕانە کتوپڕەدا هەناسەی بە ناڕەحەت وەبەرهاتبوویەوە... داموودەزگا گەندەڵەکانی شاو سەردەمەکەی لەبەرچاویاندا تاوتاو دەردەخستو سەدان کارەساتو ڕووداوی دڵتەزێنیان بەبیر گەلیداماوو کۆست کەوتوودا دەهێنایەوە...!

صەدام ئەم حاڵەی بەهەل زانیو لەچەند هێرشێکدا سەرکەوتووبوو... بەلام بێئاگابوو لەوەی ڕۆحی شۆڕشو مەزهەبگەرایی کاریگەرییەکی تەواویان هەیەو هەر ئەوەندەی ئیمام فوو بکات بەو کەرنەدا ئەوا هەزاران لاو گیانیان فیدادەکەن...! دووسێ مانگی سەرەتای جەنگ صەدامی خۆشحاڵ کردو چاوەڕێ بوو ئێران زوو تەسلیم ببێتو بەملکەچییەوە کێشی بکات بۆ سەر مێزی دانوستانو مەرجەکانی بەسەردا



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بـــسەپێنێت...! بـــەڵام هەرئەوەنـــدەی میللـــەت بـــەهۆش خـــۆی هاتـــەوە هاوســـەنگی هێــز لەبــەرەکانی جــەنگ گــۆڕان‌و هێزەکــانی عێــراق لــەحاڵی هێــرش بردنــەوە دەســتیانکرد بــە بــەرگری‌و خەنــدەق لێــدان بــەدەوری شارەگەورەکانی سەر سنووردا...

صــەدام بــێ خــوێن ڕشــتن ئــۆقرەی نــەدەگرت، وابــەبار هــاتبوو بــیر لــە پڕاندنی مێشکی هــەزاران کــەس بکاتــەوەو عێــراق بکــات بەمۆڵگــەی خــوێن ڕشتنی گەل... وێڕای ئەوەی گــەل هــەموو لــەژێر باری ئابووری جــەنگێکی ماڵوێرانکەردا دەژیــان‌و داهــاتی وڵات دەدرا بەچــەك و جبەخانــەو بەهــەدەر دەچــوون...! صــەدام مانگانــە چــەند چــینێکی نــوێی دەگــرت بەســەربازو خــەڵکی دەزگــا مەدەنی‌یــەکانیش ڕاپــێچ دەکــران‌و لــەڕیزی هێــزی میللی‌دا مەشقیان پێدەکراو ڕەوانەی بەرەکانی جەنگ دەکران...!!

تــەرمی ســەربازی کــوژراو بــەردەوام بەســەر ئۆتۆمبیلــەوە بەئاڵایــەکی عێراقی‌یــەوە دەهێنرایــەوە بــۆ شــارو شارۆچــکەکان‌و ئەوانەشــی بەکۆمــەڵ دەکــوژران ئــەوا بەکۆمــەڵ دەکــران بــەژێر گڵــەوەو لــەپاڵ ناوەکەشــیاندا دەنووسرا:(ون بوو...!) باوك‌و دایکیشی هەمیشە چاو لەدوو دەبوون‌و لە دڵەڕاوکــەدا دەژیــان ، ئــاخۆ کــەی بێــت ڕۆڵەکــەیان بدۆزنــەوە یــاخود سۆراخێکیان دەست بکەوێت...؟!!

دوای ئــەوەی صــەدام لەبــەرەکانی جەنگدا شکستی خــواردو جــەنگێکی دڕندانەی دەست پێکــرد لــەدژی شــارەکانی ئێــران‌و بەفڕۆکــەو ڕۆکێــی دوور هاوێـــژ بۆردومـــانی شـــارەکانی دەکـــردو دەســـتی نەدەپاراســـت لەهاووڵاتیان...ئێرانیش ڕانەماو هەمان هەڵوێستی گرتەبەرو بەمووشەك‌و تۆپ‌و فڕۆکە بۆردومانی شارانی سەر سنووری دەکرد...!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

هەڵەبجەش یەکێك بوو لەو خاڵانەی ئێران خستبوویە ژێر بەزەیی ڕۆکێ دووهاوێژەکانیو کەم ڕۆژ هەبوو تۆپ باران نەکرێت...خەڵکی داماوولێقەوماو لەژێر فشاری ترسو ژیانی کولەمەرگیو دیاردەی دزێوی هەمەچەشندا دەیان ناڵاندو باجی سیاسەتی دوو دەوڵەتی داگیرکارییان دەدا...!!

شاری نیمچەدوورگەو باڵاپۆش بەچیای پتەوجێگیرو ئاسایشی لەبەر براو شەوورۆژ لەنێوان زرمەو ناڵەی بەرداشی تۆپە دوورهاوێژەکانو ڕاجیمەدابوو...! خەڵك بەڕەنگی زەردی منداڵەکانیاندا هەڵیان دەڕوانیو زۆربەیانیو لەناکاو دەستی قەزا دەسووڕاو بۆمبێکی وێڵی دەخستە ماڵەکەیەوەو کەلەپاچەو هەنجن هەنجنی دەکردن...!

مەحموود بەغەمبارییەوە لەسووچێکی ژوورەکەی خۆیدا دانیشتبوو... گۆرانکارییەکانی دوایی کوردستان بێزارو نیگەرانیان کردبوو... لەقوتابخانەش بەڕێوەبەرەکەی زوو زوو ڕاپۆرتی لێدەداو بانگیان دەکرد بۆ ئەمنومنەزەمە...!

دەستی خستبوویە ژێر چەناگەیو خەیاڵ بردبوویەوە بیری شەکەتو ماندوبوو... بەوردی تێکەڵ بەڕووداوەکان دەبوو هەڵی دەسەنگاندن... بەزەیییەکی زۆر لەسینەیدا دەهاتو دەچوو... لەگۆشەنیگایەکی بەرزەوە بۆ میللەتی دەڕوانیو لەسەر بوارەکانی ژیان دەوەستا...نائومێدی ڕووی تێدەکرد لەگێژاوی بارێکی دەروونی سەخت دا پەلەقاژەی بوو...!

خەڵکی شار لەژیانێکی ڕۆتینیو نەگۆڕدا دەژیانو سەدان دەردەسەریان بۆ هەڵتۆقیبوو ، لەمەترسی تۆپبارانو نەبوونیو



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

نەخوێنـــدەواریو هەڵخەڵەتانــدنیان لەلایـــەن ڕژێمـــەوەو بەگەڕخـــستنیان لەبەرامبەر پارەو پوولدا...!!

لەسـەر هەریـەك لـەو دەردەسـەری و مەینەتیانـە دەوەسـتاو دەیـان جـار بەدەم ئاخ و حەسرەتەوە ئەبرۆكانی بـەرزدەكردەوەو هەناسـەیەكی ساردی هەڵدەكێشا...

مـۆركی دواكـەوتوویی و دواكـەوتن بەشـێوەیەكی ئاشـكرا بەشـارەوە دیـاربوو...ڕژێمـیش سیـستمی جاشـایەتی بووژاندبوویـەوەو نـاوی نـابوو شۆڕەسـوار...! هەندێكیـشیان بـۆ خـۆ دوورگـرتن لەسـەربازیو پاراسـتی خـزمو كەسـیان پـەنایان بردبوویـە بـەر ئـەو ڕێگەیـەو ناچـار خـەڵكیان نـاو نـووس دەكـردو ئـەركیان پێ‌دەبینین لەڕەبایـەكانی دەوری هـاوارو " پـانزە ڕۆژ لـەوێ دەیـان هێـشتنەوەو پـانزە ڕۆژی دیكـەی مانگەكـەش لەماڵـەوە دەبوونو بێ ئیش دادەنیشتن...!

لەهەمووڵایەكـەوە خـەڵكی ڕژابوونـە ناوشـار... پاشـاگەردانی ڕووی تێكردبـوو... مـەحموود هەنـدێك جـار مێـشكی لەبیركردنـەوە دەوەسـتاو بێدەنگ دادەنیشت و نوتقی لێوەنەدەهات...ناسكو كرمانجیش لـەدەوری دەسـووڕانەوەو بەتیلـەی چـاو لێیـان ورد دەبوویـەوە...تێڕوانینـەكانی مانـاداربوون...ڕەوشو هەڵسوكەوتی منداڵـەكانی بـەدڵ بـوو...ئـەوان زۆر بێ گەردو ئاگایانە بیریـان دەكـردەوەو باوكیشیان لەوپـەڕی ڕووداوەكانـەوە دەهاتەوەو ڕووداوەكانی لێكدەدایەوە...!!

تاكە سەبونێك بۆ ئەوەی حاڵی تێدابوو قوتابی‌یەكانی بوو... كـوڕو كـچ دەوری ماڵیـان دەداو هەریـەك لـەوادەو كـاتێكی دیـاری‌كراودا دەهـاتن، مـەحموودیش مامۆسـتاو بـاوك بـوو بۆیـان... مـشووری دەخـواردنو



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

چاوساغی دەکردن‌و هەوڵی داڕشتنی کەسایەتی دەدان‌و بەپەرۆش بوو بۆ باشکردنی حاڵیان‌و خۆشحاڵ کردنیان...

قوتابی‌یەکانی لەچەشنی تاقم‌و گرۆهی هاوتەمەندا ڕێك خستبوو، لەدوورەوە لەشانەی ڕێکخستنی حیزب دەچوو بەلاّم مەحموود ناوی نابوو خێزانی پەروەردەیی‌و تیایدا کەسایەتی‌یەکی پڕوکاملی دادەڕشت‌و لەمرۆڤێکی هۆشیارو خوێندەوارو زرنگدا نمایشی دەکردن...

ئومێدی زۆر بەو قوتابیانەی هەبوو ... فشارو دەردەسەری‌یەکانی ئەو جۆرە ژیانەی لەپێناوی ئەواندا دەچەشت...داهاتوویەکی ڕووناکی بۆ ڕەچاودەکردن.... لەگەڵ غەم‌و پەژارەکانیان فرمێسکی دەڕشت‌و دڵنەوایی دەکردن... بۆ خۆشی‌یەکانیشیان بزەی شادی دەهاتە سەر لێوەکانی‌و تێر تێر تەماشای دەکردن‌و نیگای بەزەیی‌و سۆزی بەبەردا دەکردن...

ئامینەی خێزانیشی بالاّپۆشی مێردەکەی بوو... ڕەوش‌و بیرو بۆچوونەکانی هەڵگرتبوو... لەنێو دەستەژنانی هاوەڵیدا ئافرەتێکی کامڵ‌و عاقڵ‌و ژیر بوو، بەپەنجەی دەست ئاماژەیان بۆ دەکردو لەچارەسەرکردنی تەنگ‌و چەڵەمەی ژنان‌و ڕق‌وقین‌و لەیەك خوێندندا پەنایان بۆ دەبرد چارەسەری کێشەکانیان پێدەکردو بەقسەو گوتەکانی زوو قەناعەتیان دەکرد...

لەژیانی هاوسەرایەتیشدا نموونەبوون، قوتابی‌و میوانەکانیان سەرسام بوون لەمامەڵەو هەڵس‌وکەوتی نێوانیان‌و بەخانەوادەیەکی نموونەیی‌یان دادەنان...

ئەو هەموو دەستکەوتە وایان کردبوو شادی لەناو دڵەکانیاندا سەوز ببێت‌و جەنگەڵستانی شەڕو شۆڕو ئاژاوەو مەترسی مەرگی هەمیشە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

کزببێــــتو ڕۆژگـــاره ســــەختەکانی ژیانیـــان بگـــوزەرێنن بەئومێـــدە ڕەنگینەکانیانەوە ...

مـەحموود بـەردەوام خـەریکی بیرکردنـەوەبوو، بەرنامەیـەکی نموونـەیی دانابوو بۆ قوتابیانی تەمەن هەشت ساڵ تا دەساڵو لـــــەبڕگـــەکـــانی وردەبوویەوە... لەناکاو ناسکی کچی لەو خەیاڵە دەری هێناو وتی:

ـ باوکە...باوکە...

ڕاچڵەکیو بەهێواشی وتی:

ـ کچە شیرینەکەم دەڵێی چی ...؟

ناسـك زمـان شـیرینیی بـاوکی قۆسـتەوەو زیـاتر نـازی کـرد بەسـەریداو وتی:

ـ دەبێت بمبەیت بۆ ماڵی باپیره...

مەحموود زەردەخەنەیەك هاتە سەر لێوەکانیو وتی:

ــ بەسەرچـاو...بـا وادەی بۆمبـاران دوایـی بێـت ئەوسـا مـنو تـۆو کرمانجو دایە دەچین بۆ لایان...

ناسك چووە باوەشی باوکیو وتی:

ـ نا... با ئێستە بچین...

باوکیشی بەنەرمی وتی:

ـ عاقڵ گیان تۆ دەبێت بزانیت کاتێ بۆردوومـان دەبێـت خـەڵکی خۆیـان دەشـارنەوە نـەبادا پارچـەیەکیان بەربکـەوێت... ئێمـەش نابێـت بـچینە دەرەوە تا بۆردومانەکە تەواو دەبێت... ئێ...؟

ناسـك بەڕۆحـە سـووکەکەی لـەماناکانی مەترسـیو بۆمبـارانو کوشـتنو بریندداربوون تێدەگەیشت، بەڵام ڕاددەو ئەندازەی ئەو ڕووداوانە لەمێشکە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بــچووكەكەیدا تــازە خــەریك بــوو ڕەگیــان دادەكوتــاو جیهــانی هێمنــی منداڵانیان لا دەڕاكاندو بەرگی ترسیان دەكرد بەبەریدا...!!

بەسادەو ساكاریییەوە وتی:

ـ بابە ...بۆچی هەر تۆپباران تەواو نابێت...!؟ بۆ...؟؟

مــەحموود بــەناوبیری خۆیــدا گــەڕا وەڵامێكــی ســاكار هەڵبــژێرێت و كچــــەكەی تێبگەیەنێت و ئەوەی بەباش زانی چیرۆكی گورگە دڕندەكان بەنموونە بهێنێتەوەو وتی:

ــ كچە جوانەكـەم ... ئـەوە گورگـە هارەكـانن و وادەكـەن ژیـانی خـەڵكی بشێوێت...!

ناسك چاوەگەشەكانی مۆڕكردەوەو وتی:

ــ ئـەو گورگانـەی مـەڕەكانیان خـواردو بەچـكەكانیان بێـدایك و بـاوك كرد...؟!

مەحموود بیرە سازگارو بێگەردەكەی كچەكەی لا پەسەند بوو وتی:

ـ بەڵێ...

ناسك ڕۆچوو لـەو چیرۆكەداو خێـرا مـەحموود ویـستی نائومێد نـەبێت بەدەرئەنجامی چیرۆكەكەو وتی:

ـ ئاخر گورگەكان دوایی بەدەستی ڕاوچی تیاچوون و خـەڵكی گوندەكـە لەمەترسی دوور كەوتنەوە...

ـ ئەمانەش تیادەچن...؟

ــ بـەڵێ... شـارەكەمان هـێمن دەبێتـەوەو ئەوسا منـداڵان لەگـەڵ بـاوك و دایكیان دەچن بۆ باوەكۆچەك و ماڵی باپیرەو لەهیچ ناترسن...

ئنجــا ناســك زیــاتر باوەشــی كــرد بەباوكیــداو ئــەویش نووســاندی بەخۆیـەوەو ماچـی كـردو هـەر لەوساتانەشـدابوو زرمـەی تۆپبـاران هەسـتاو




PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

گەڕەكەكان شڵەقان‌و مەحموودو خانەوادەكەشی بەخێرایی چوون بەرەو ژێر زەمینەكەی ماڵی باوكی...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com





PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

سـەرجەم سـیویەك مزگـەوت لەشـاری هەڵەبجـەدا هـەبوو، شـەوان لـەو مزگەوتانە لاوان کۆدەبوونەوەو هەوڵی گوێگرتنو سوود وەرگرتنیـان دەدا لـە مامۆسـتایان... بەتایبـەت لـەکاتی بۆنـەو ئاهەنگـەکانی شـەوانی قـەدرو یادی لەدایك بوونی پێغەمبەردا(د.خ)...

مــەحمورد ئامــشۆی مزگــەوتی دەکــردو زۆربــەی قوتابییەکانیــشی لــەدەوری کۆدەبوونــەوەو پــرسو ڕایــان پێــدەکرد لەســەر هەڵــسوکەوتی ڕۆژانــەو ڕێنومایییــان لــێ وەردەگــرت... ئــەویش بــەنهێنی ئاڕاســتەی قوتابیـانی دەکـرد نـەبادا پیـاوانی ئـەمن و موخابـەرات چاودێری بکـەنو قوتابییــەکانی بکەونــە ژێــر چــنگ و هەڵمــەتی دڕندانــەی ڕژێــمو دەزگــا تۆقێنەرەکانی...

ئـەو ڕەوتـەی مـەحموود گرتبـووی جیـاوازبوو لـەڕەوتی مامۆسـتایانی دیکــە...ئــەوان قوتابییــەکانیان لەســەر کۆمەڵــە بنەمایــەکی ڕووکــەش پـەروەردە دەکـردو زۆرجـار لـەنێوان مـەحموودو ئەوانـدا مـشتومڕی گـەرم درووست دەبوو، مەحموود هەوڵیدەدا هـەرگیز قسەکانی نێوانیـان نەگاتـە ئاستی دەنگ دابڕانو خۆ خواردنەوەو قین هـەڵگرتن بەرامبـەر بەیـەك، بـەڵام ئـەوان گوێیـان پێنـەدەداو هەنـدێك جـار تۆمـەتیان بـۆ درووسـت دەکـردو دەمێك بەناسیونالیزمو دەمێك بەترسنۆکیان دادەنا، ئەویش باکی نـەبوو لــەو مامۆســتایانەی لــەدەوری ســۆزگەرایيو کــەفو کــوڵێکی عاتیفیانــە دەســوڕانەوەو ئاڕاســتەی لاوەکانیــان بەلایەکــدا دەکــرد باشــتر نــەبوو لــە ئاڕاستەی حیزبە چەکدارەکانی کوردستان...

لەوســاڵانەدا ئاژاوەیــەك هەڵگیرســا لــەنێوان پیــاوێکی کاکــەیيو موسڵمانێکدا ، مـەلای مزگەوتەکـە لەسـەر مینبـەر بەتونـدی هێرشـی کـردە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

سەر پیاوە کاکەیی‌یەکەو خەڵکی تاوداو خەریك بوو فیتنەیەکی گەورە بەرپابببێت...! مەحموود ناڕەزایی دەربڕی‌و هەرزوو بەربەستێکی پتەوی دانا بۆ قوتابی‌یەکانی‌و مەسەلەکەی لەدیدگایەکی فراوانترەوە هەڵسەنگاندو هەوڵی‌یدا تووڕەیی‌و غەشم‌و قینیان دابمرکێنێتەوە، بەڵام مەلاعیزەدین قسەکانی مەحموودی بەدڵ نەبوو ، بە بێزاری‌یەوە بەرپەرچی مەحموودی دایەوەو وتی:

ـ عەیبە بۆ تۆ هەست‌و دڵگەرمەی‌ی ئەو لاوانە سارد دەکەیتەوە...

مەحموود ئاگاداری پەیوەندی‌یە گوماناوی‌یەکانی مەلا عیزەدین بوو... ئاگاداری ئەوەش بوو کەخاوەن چ زمانێکەو سڵناکاتەوە لەبەکارهێنانی سووکترین وشەدا ، بۆیە ویستی دڵنەوایی بکات‌و وتی:

ـ مامۆستا من هەوڵم داوە ئەو لاوانە نەکەونە داوی ڕق‌و قینەوەو تووشی غەل‌و دەروون پیسی نەبن...

مەلا عیزەدین ئەوەندە تووڕەبوو زمانی بەیەکدا هات‌و وتی:

ـ تۆ بوویت بەچی...؟! ئێوە لەترسا خزاونەتە قاڵبی خۆتان... ئەو خەڵکە هەست‌و نەستێکی ئیسلامی‌یان هەیەو دەبێت ئاڕاستەبکرێن‌و دژ بەو بەرازخۆرانە بکەونە خۆ...!

مەحموود وای بەباش زانی چەند ڕاستی‌یەك بدات بە گوێی مەلا عیزەدین داو وتی:

ـ تێکدانی کۆمەڵگەی کوردی کارێکی ناپەسەندەو نابێت لەژێر هیچ دروشم‌و ناوێکدا شتی واڕووبدات... چەندین ساڵە ئێمە لەگەڵ هاواری‌یەکان وەك برا دەژین‌و گیروگرفتمان نەبووە لەگەڵیان ، ئێستا لەپێناوی ڕووداوێکی بێ‌بایەخدا چۆن شتی وا ڕووبدات‌و ببینە هۆی زیاد کردنی مەینەتی‌یەکانی خەڵکی...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئەمجارە مەلا عیزەدین چاوی دەرپەڕیو بەتووڕەییەوە وتی:

ــ ئـەوە تـۆ چـی دەڵێیـت...!! بەسـە...قـسەی پڕوپـووچ... خـۆت هەڵخەڵەتاویو شوێن بیرێکی پووچ کەوتوویت ئەو لاوانە داغان مەکە وەك خۆت ...!

ئێـشی قـسەکانی مـەلاعیزەدین تـازە خـەریك بـوو دەگەیـشت بـەدڵی مەحموودو لەتاوا وتی:

ـ خەڵـەتاو هـەبێت تۆیـت ... هـەر ڕۆژە لەسـەر پـەتێك یـاری دەکـەیت... تـۆ بـەم قـسانە ڕۆڵێکـی ناپـاك دەبینیـتو دەرەنجـامی ئـەم کـارەی تـۆ لەحیزبـەکانی شـاخ باشـتر نابێـت... تاکـەی لـە بۆسـەی نـەزانینو سۆزگەرایی‌دا دەتلێنـەوەو کوڕی خـەڵکی هـەژارو داماو وێڵو سـەرگەردان دەکەن...؟!!

مـەلا عیـزەدین چـی جنێـوو قەسـەی ناشـیرین بـەدەمیا هـات کـردی و هەڕەشەیەکی توندیشی لەمەحموود کرد، ئەویش بەویقارەوە مزگەوتەکەی بەجێ هێشت...

لەو جۆرە ڕووداوانەش ڕۆژانە دەکەوتنەوە لەنێوان مـەحموودو ئەوانـەی لاوەکانیان هان دەدا بۆ توندڕەویو چەك هـەڵگرتن، سـەرباری ڕووداوەکان پێـشمەرگەی حیزبـەکان لـەو دەڤـەرەدا دەسـتیان دەوەشـاندو بـاجی چالاکی‌یەکانیان دەبوو میللەت بیدات...!

مـەحموود بڕوایـەکی تـەواوی هـەبوو بـە بۆچـوونەکانیو زادەی خوێندنەوەو ڕۆشنبیری‌یەکی چەند ساڵە بـوو...کوردستانیش بووبـوو بە دۆڵـی حیزبایـەتیو لەهـەموو لایەکـەوە حیـزبو کۆمـەڵی فـرە بیروئایـدیای تێـدا دادەمـەزرێنرا، هـەموو ئـەو کۆمەڵانـەش لەدەسـتی دەوڵـەتانی ناحـەز بەکورد یا دۆستی ڕژێمی بەعس بەدوورنەبوون...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

قسەو دەمەقاڵەی نێوان مەحموودو مەلاعیزەدین شەوورۆژێکی بەسەراتێپەڕنەبوو ، شەوێکیان درەنگانێك مەفرەزەیەکی ئەمن لەدەرگای ماڵی مەحموودیان داو سەربازو سەری کۆڵانەکانیان گرت... هیچ کات مەحموود واگومانی نەبردبوو رقو قین پاڵ بە مەلاعیزەدینەوە بنێن و مەحموود بەگرت بدات... ئاگاداری پەیوەندییە گوماناوییەکانی مەلاعیزەدین بوو بەلاّم چەند ساڵە یەکتر دەناسنو، خانەوادەکانیان ئاشنای یەك بوونو دەیان خاڵی هاوبەشی تر هەبوو لەنێوانیان ، هەمووی رەوییەوە و مەلاعیزەدین هەڕەشەکەی خۆی بردە سەر...!

سۆفی دەرگاکەی کردەوەو بەبێئەوەی ڕەچاوی حورمەتی ماڵەکەیان بکەن خۆیان کرد بەژوورداو ئامینەو منداڵەکان لەترسا زاقو زیقیان تێکەوت...!

بەتەنها شڵەژان ڕووی لە مەحموود نەکرد، دەستبەجێ بەرزەپێ هەستاو، تەماشای کرد ئەفسەرێكو ژمارەیەکی زۆر لە هێزی ئەمن سەربازو هەموولایەکی ماڵەکەیان تەوق داوە ...ئەفسەرەکەش بەعەرەبی دەڵێت:

- وین محمود...؟

سۆفی هەوڵیدەدا هەرچۆنێك بێت کوڕەکەی نەبەن ، بەلاّم گوێیان نەدا بەڕیشی سپی سۆفیو خێراچاویان بەستو خستیانە دوای ئۆتۆمبیلەکەیانو بردیان...!

سەکینی دایکیو ئامینە زۆر گریان، منداڵەکانیش بە هەمان شێوە دەگریانو ترسو سامی هەڵکردنی سەربازەکانو چاوو دەست بەستنی مەحموود لەبیری منداڵەکانیدا نەدەسڕایەوە...!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

هەرچەند ئەو شەوە گریان بەڵام بێسوودبوو، بۆبەیاذیەکەی سۆفیو میرزا هەوڵێکی زۆریان داو بۆیان دەرکەوت ڕاپۆرتی لێدراوەو چەند ڕۆژێك لەزیندان دا دەمێنێتەوەو ئەگەر زوو فریای بکەون ئەوا نابرێت بۆ ئەمنی سلێمانی...

خزموکەسێکی زۆر هاتن بەدەمیانەوە مشووریان خوارد لەهەموولایەکەوەو توانیان بە بەرتیلو پارە ئازادی بکەنو، پەیماننامەیەکیان پێ پڕکردەوە جارێکیتر خەڵکی هان نەداتو کۆبوونەوەیان پێ نەکات، هەموو ئەو پرسیارانەش ئەوەندە سادەبوون مەحموود هەر زوو بۆی دەرکەوت مەلاعیزەدین لەپشتی ئەو دەستگیرکردنەوەیەو ناچار ڕێرەوی خۆی لەومزگەوتە گواستەوە بۆ مزگەوتێکیتر ... گەرچی قوتابیەکانی ئەم هەڵوێستەی ماموستاکەیان پێ قورس بوو بەڵام بەگوێبیستیان بۆ ڕاستی ڕووداوەکە تەسلیم بوونو نکووڵیان نەکرد...

هەروەها دووربینیی مەحموود وای لێکردن زیاتر متمانەیان پێی هەبێتو چنگو ئاژاوەگێڕی مەلاعیزەدینیش شایستەی ئەوەبوو مرۆڤ خۆی لێ بپارێزێتو بەلایدا نەچێت...لەو هەنگاوەشدا زۆری لەکەس نەبوو، ئیرادەی دابوو بەدەستی قوتابیەکانیەوەو هەوڵیدەدا خاوەن رای خۆیان بنو شوێن عەقڵ بکەونو تا بۆیان دەکرێت لەداوەکانی بەعس نزیك نەبنەوە...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ڕژێمی بەعس چەند مامۆستایەکی عەرەبی گواستبوویەوە بۆ هەڵەبجەو ماڵەکانیشی لەگەڕەکێك نزیك مونەزەمە نیشتەجێکردبوون، هەندێك لەومامۆستایانە خاوەن سروشتێکی پاك بوون، بەعسی بوونیان تەنها لەپێناو بەرژەوەندی‌یەکی ماددی‌دا بوو، یا پارێزگاری کردنیان لەپیشەی مامۆستایی‌یان...

مەحموود بەمێشکێکی فراوانەوە مامەڵەی لەگەڵ ئەو مامۆستایانەدا دەکردو ڕێزی لێدەگرتن، هەوڵی ئەوەی بوو تێڕوانینیان بۆ کورد ڕاست بکاتەوەو ستەمدیدەیی دەربخات...

یەکێك لەو مامۆستایانە ناوی حاتەم بوو...لەبەغداوە ناردبوویان بۆ هەڵەبجەو ژن‌و ماڵی نەبوو... حاتەم مامەڵەی مەحموودی بەدڵ بوو... دەم‌و دامان‌و ڕۆشنبیری‌یە فراوانەکەی جێگەی سەرنجی بوو، بیرو ئەندازەی گشتگیری تێڕوانینەکانی وایان لێکردبوو زیاتر چاوی بە ڕەوشتی ئەو مامۆستایە هەڵبێنێت... هەرچەندە حاتەم لەلایەن دەزگا بەعسی‌یەکانەوە نێردرابوو بەڵام تێڕوانینێکی جیاوازی هەبوو بۆ کوردو کێشەی کوردی، مەحموود ناسیاوی‌و تێکەڵی لەگەڵدا پەیداکردو بانگی کرد بۆ ماڵی خۆیان ، مەبەستیشی بوو زیاتر لێی نزیك ببێتەوە... چونکە جیاواز بوو لەپێڕو تاقمەکەی لەمامۆستایانی دیکەی عەرەب...

حاتەم دیمەنی ماڵەکەی مەحموود کەمەندکێشی کردبوو، بەتایبەت دیمەنی کتێبخانەکەی‌و کورسی‌یە دارینەکەی، لەدڵی خۆی‌دا دەیووت: هەر لەگەڵ ئەم پیاوەدا دووام زانیم یەکێکە لەبیرمەندە نادیارەکان...

خانەوادەی سۆفی بەگەرمی بەخێرهاتنیان کردو، دوای نانخواردن کەوتنە گفتوگۆو حاتەم خۆی ڕانەگرت‌و ویستی زیاتر



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لەهاوەڵەکەی شارەزابێت‌و وتی:

ــ مامۆستا... نەمزانی خاوەنی ئەم هەموو کتێبەیت...لەڕاستیدا دیمەنی کتێبخانەکەت سەرنجی ڕاکێشام‌و پێناسێکی گرنگ‌و پێشەنگبوو لەناسینم بۆ خاوەنەکەی...

مەحموود بزەیەك گرتی‌و وتی:

ـ خوێندنەوە یەکێکە لە خاڵی بەرەوپێش بردنی هەموو میللەتێك... هەر میللەتێك ڕۆشنبیرو خوێندەواربێت ئەوا لەشەڕو ئاشووب بەدوور دەبێت...

قسەکانی مەحموود ئاماژەیەك بوو بۆ دواکەوتوویی کۆمەڵگەی عێراق لەژێر سایەی دەستەلاتدارانی بەغداو تاقیکردنەوەیەکیش بوو بۆ دیاریکردنی دیدی حاتەم لەسەر ئەو مەسەلانە، ئەویش تۆزێك بیری گوشی‌و ئەوجا وتی:

ـ مامۆستا من پیاوێکم هەمیشە حەزم لەوەیە مرۆڤ چی لە دڵیدایە ئەوا بەڕاستی دەری بڕێت ... بەتایبەت بۆ هاوڕێی نزیك‌و جێگەی متمانە... باوەڕم پێبکە ئەم میللەتەی ئێمە بەکوردو عەرەبەوە ئەگەر سەرکردەیەکی داناولێزانی هەبوایە هەرگیز ئەو قەیرانانە نەدەهاتن بەسەریدا، بەلام دەڵێی چی لەگەڵ ڕژێمێکی دواکەوتوو چۆکی توندکردووە لەسەر سینەی میللەت‌و زامەکانی نێوان ئەم دوو گەلە قووڵ دەکاتەوە...!

دیدو تێروانیەکانی حاتەم جێگەی پەسەندی بوون ، بەلام مەحموود ترسا لەوەی تووشی پێ هەڵخلیسکاندنێك بێت‌و بیەوێت قسەو ڕای لەسەر ڕژێم وەربگرێت، بۆیە هەوڵیدا خۆی بخواتەوەو بەدەستەواژەیەکی کورت ئاماژە بەنیازی ناو دڵی بکات‌و وتی:



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ـ تـا سـتەمو زوڵـم بـەردەوام بێـت ئاسـایش نایەتـەدیو هـیچ کـام لـە میللەتی کوردو عەرەب سەرفراز نابن...

حاتەم لەقسەکانی مەحموودد‌ا جۆرێك لەحەزەری بەدیکردو وتی:

ـ مامۆستا... من عەرزم کردی حەزم لەوەیە ڕازی دڵمان بۆ یەك بکـەینو منیش هاوبیری تۆمو لەڕەفتارەکانی ڕژێم ڕازی نیم...

ڕاسـتگۆیی لەڕووخـساری حاتەمـدا نیـشانەیەکی دیـاربوو ، پێـشتریش ڕەوشی ڕۆژانـە پارسـەنگی قسەکانیکردو مـەحموود ئـەو پەردەیـەی بڕیو وتی:

ـ هەموو مەینەتییەکانی گەلانی عێراق هۆکەی ئـەم ڕژێمەیـە... صـەدام نەخۆشە... بێخوێن ڕشتنو ئاژاوە دانانیشێت...

حاتەم هەناسەیەکی هەڵکێشاو وتی:

ـ مامۆستا...عەرەب لەزووەوە وتوویانە:

اذا كان الغراب دليل قوم

لقادهم الى دار الخراب (*)

صەدامیش ئەو قەلەڕەشەیە کە هەمیشە عێراقی بردووە بـەرەو وێرانـەو دارمانو دواکەوتوویی...

ئنجا حاتەم ئاهێکی پڕ لەمەینەت هات بەبەریداو وتی:

ـ مامۆسـتا گیـان... بەتـەنها کـورد گـیری نـەخواردووە بەدەسـتی ئـەم زاڵمەوە، بەڵکو ئێمەش هاوخەمو ناسۆری ئێـوەین...دەزانیـت مـن لەترسـی چی ملکەچی ڕژێم بوومو هاتووم بۆ کوردستان...؟

---

(*) واتـە: ئەگـەر قەلـەڕەش ڕێ نیـشاندەری گـەلو کۆمـەڵێك بێت ئـەوا دەیـان بـات بـەرەو سەرگەردانیو تووشی بەڵاو موسیبەتیان دەکات.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لەبەرئــەوەی بــاوكو دایــكو خوشــك براكــانم ســەرنگوونو تۆمــەت بارنـەكرێن... برایـەكی داماوم گونـاهی ئـەوەبوو هـاوەڵێكی دەسـتگیركراو دوای دوو شـەو هـاتن ئەویـشیان بـردو ئـیتر دیاریمـان نـەبینیوە... دایكـم ئەوەنـدە گریـا چـاوەكانی لەدەسـتداو تووشـی نەخۆشـی دڵـیش بـوو... باوكیشم بەو داخەوە سەریناچەوەو كتوپڕ گیانی سپارد...

ئـەم بەسـەرهاتە دڵـی مـەحموودی داگـرتو زیـاتر متمانـەی بەهاوەڵـە عەرەبەكەی كردو وتی:

ـ ئێمەش هەموو ڕۆژێكی ژیانمان مەرگێكە بۆ خۆی ... كێشەی ئێمـە زۆر گرانترە لەهی ئێوە... ئێمە خاوەن كوردستانێكی فراوانین بەڵام بەسـەر چـوار دەوڵەتـدا دابەشـكراوینو سـاتی بێدەردەسـەریو چەوسـانەوەمان نییـە...!بـچووكترین نموونـە ئـەم شـارەیە... دەبینیـت ڕژێمـی بـەعس كردوویـەتی بەمۆڵگـەی چەكدارو بـەردەوامیش بۆردومـان دەكـرێین لەلایـەن ئێرانەوە... ئەمەو جگـە لـەو كاریگەرییـە خراپانـەی لەسـەر خـەڵكی كـراوە لەبوارەكانداو شیرازەی خێـزان هەڵوەشـاوەو خـەڵكی لـەخاكو ئـاوی سـەدان ساڵەی باوباپیرانیان ڕاگوێزكراون...

ئێمــە لەمەرگەســاتێكی بێوێنــەداینو لەگــشت لایەكــەوە هــەر كــورد كوشتنە...

حاتەم سەری سووڕمابوو لە قسەكانی مەحمووو بەهێواشی وتی:

ـ كەواتە ئێوەش خوازیاری دەوڵەتێكن...؟!

ــ وابــزانم مــافی خۆمانــە... دەوڵــەتی ئێمــە بــۆ ناوچــەكە كێــشەو گرفتــەكانی ســەر ســنووری ئێــرانو توركیــاو عێــراقو ســووریا هــەمووی دەڕەوێنێتەوە... ئەم ئاواتەش لەدڵی هەموو كوردێكدایەو بەتـەنها كێشەی ئێمەشە ئەوەندە ئاڵۆزكراوە لەلایەن هێزە ئیمپریالیزمییەكانەوە...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

تا ئەو ساتە حاتەم شارەزای کێشەی کورد نەبوو، بەتەنها چەند رووداوێکی کورتی لەمێژووی کورد بیستبوو، بەهەستو گیان گوێ قولاغی قسەکانی مەحموود بوو...کاتێ سەربوردێکی خێرای مێژووی کوردی بۆ دەکرد لەدەوڵەتی میدیاوە تا هاتنی ئیسلامو خزمەتکردنی کورد بەئیسلامو دەوڵەتی خیلافەو دواتر غەدری ئەتاتورکو چەوساندنەوەی کوردانو شۆڕشی شێخ سەعیدی پیرانو کۆماری مهابادو کێشەی هەر پارچەیەکی کوردستانو زوڵمو ستەمی ئەو ولاّتانەش زیاتر بەرچاوو رۆشنیدەکردو دڵی بەکورد دەسووتا...

لەکۆتایی قسەکانیشیدا وتی:

ـ ئێستاش کورد بووە بە ئاردی نێو دڕکانو شەڕو پێکدادانو پارسەنگکردنی هاوکێشەکانی ئەو ولاّتانە لەخاکی کوردستاندا ئەنجام دەدرێتو کێشەکانیان دەئاڵێنن لەئێمەوە...

بەشەرمێکەوە حاتەم وتی:

ـ ئەوەی من ڕەچاوم کردبێت ئێوە کێشەیەکی سەرەکیتان هەیە پێش گەیشتن بەو مافەی لەدەستان چووە...

مەحموود پێشی کەوتو وتی:

ـ کێشەی کەسایەتی... پێداچوونەوە بەکەسێتیداو داڕشتنەوەی کەسێتی کوردی...

ـ بەڵێ... منیش هەر مەبەستم ئەوەبوو... هەرچەند هەموو میللەتەکانی رۆژهەلاّت پێویستیان بەوە هەیە ناسنامەی خۆیان دیاری بکەن، بەلاّم حاڵی کورد جیاوازەو کێشەکەی زۆر شێواوەو بەکەسێتییەکی پتەونەبێت ناتوانێت داکۆکی لەمافەکانی بکات...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

مـەحموود خـەمو خەفـەت بەدەمووچـاویدا دیاریيـان داو بەوحاڵـەوە وتی:

ـ رێگەيـەكی دوورە... بـەڵام میللـەتێك درووسـت دەبێـت لەئەنجامـدا هـەموو مافـە خوراوەكـانی چـەند سـاڵەی دەسـتبكەوێتەوەو دەوڵـەتێكی مۆدێرنی هاوچەرخ پێكدێنێت...

حاتەم سەرێكی لەقاندو وتی:

ـ خـوا بكـات میللـەت يـەكێتیو برايـەتیيان لـەناودابێتو شـێوازی ئـەو پێداچوونەوەيە دیاری بكەن...

ـ ئومێدەوارم مێژوو جێگـەی پەنـد وەرگـرتن بێـتو چاكسازی لەهـەموو لايەكەوە دەست پیٚ بكاتو سەرجەم كوردستان بگرێتەوە...

لـەكاتی ئـەم قـسانەدابوون ، ئامینـە لـەدەرگای ژووری مێردەكـەی داو مــەحموودیش هەســتاو تەماشــایكرد دووپیاڵــە چــایی بــۆ هێنــاون، سـینیيەكەی لـیٚ وەرگـرتو چاكەی پێـشكەش بەمیوانەكـەی كـرد، ئنجـا باســی قوتابخانــەو كێــشەو گرفتــی قوتابيــان سەرباســی قــسەكانیانی داگیركردو قسەكانی پێشوو ون بوون لەو نێوانەدا...!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## (10)

شـەوێکی سـەرماو سـۆڵەبوو... کزەیـەکی سـارد لەشـاخەکانی دەوری هەڵەبجـەوە شـاریان داپۆشـیبوو... خـەڵکی لەسـەرما خۆیـان لـەکونجی ماڵەکانیان توندکردبوو... ناڵە ناڵی هەورو برووسکەی بچڕبچڕی ئاسمان زیـاتر سـامی دەکردبەبـەری کانگـای دڵانـداو گـەورەو بـچووك چووبوونەوەیەك و لەدەوری زۆپا هەڵتروشکابوون...

لـەو تۆفـان و شـەڕە هـەورەدا عوسمـان و دووهـاوەڵی نیوەشـەو خۆیـان کردەوە بەشارداو پێش ئەوانیش مەفرەزەیەك پێشمەرگە بەڕێ کەوتبوون ، هـەموو گیانیـان تـەڕو شـەکەتبوو...چـەکەکانیان لـەژێر پـاڵتۆ ئەسـتوورەکانیاندا شـاردبوویەوەو جامانـەکانیان تونـد ئاڵانـدبوو لـەدەم و لووتیانـەوەو لەشـەو کـوت دەچوون... بەتونـدی عوسمـان دەرگاکـەی مـاڵی خۆیانی داگرتەوەو خێراخێرا لێی دا...

حـاجی سـەیفە پـێش عومـەرو مـاڵ و منـداڵ کـەوت و دەرگـای هـەڵگرت، بێئەوەی گوێبدەنێ هەرسێکیان لەحەوشەکەدا خۆیان بینییـەوەو سـەرەتا خەریك بـوو حـاجیسـەیفە هـاوار بکـات بـەڵام عوسمـان جامانەکـەی لـەدەمی کردەوەو وتی:

ـ منم ...مەترسن...!!

خێـرا ژوورێکیـان بـۆ گـەرم کـراو جـل و بـەرگی تـەڕیان لەبـەر داکەنـدو کـەمێك مانـدوێتییان حەوایـەوە... هـەموو بەلایانـەوە سـەیربوو بـەو تەڕوتووشـی و سـەرمایە ئـەم سێلاوە دابـەزیوون بـۆ ناوشـارو سـەرجەم مەترسـییەکانیان بڕیـووە ..خـەرامان دووسـێمانگ دەبـوو سـەردانی عوسمانی کردبوو لەبارەگاکەیان و زۆر بەساردو سڕی پێشوازی لێکردبوو،



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

وای لێهاتبوو جارێکیتر سەردانی نەکاتو بێتاقت بوونی منداڵانیش بۆ باوکیان پشت گوێ بخات...!

ئەو شەوەش لەبەخێرهاتنەوە زیاتر خۆی تێنەگەیاندو بەساردیش پێشوازی لەهاوەڵەکانیکرد... عوسمانیش سوورنەبوو لەسەر ماڵو منداڵو دوای نان خواردنو ئەحواڵ پرسین لەوژوورەدا لەگەڵ هەردوو هاوەڵەکەی بەخەستی پیلانو نەخشەیان دانا ، هەر بۆیە دوای گۆڕینی جلو بەرگەکانیانو حەوانەوەیان عوسمان ئیزنی لەباوکیو عومەری برای وەرگرتو دەرگای ژوورەکەی داخست...

عوسمانو ئەو دوولاوەو مەفرەزەیەکیش کاتژمێر شەشی بەیانییان دانابوو بۆ تیرۆرکردنی یەکێك لەو مامۆستا عەرەبانەی قوتابخانەکەی مەحموودو لەڕێگەی ڕێکخستنەوە وادەی چوون بۆ نانەوەخانەیان پێدرابوو... ئەوشەوە بەنۆبە خەوتنو لەکاتژمێری دیاریکراودا دەرگای ماڵەکەیان هەڵگرتو بە خشپەو هێواشی ماڵیان بەجێهێشت...

بەدەستووری خۆیان دەمووچاویان هەڵپێچابوو، چەکەکانیان لەژێر پاڵتۆکانیانەوە لەسەرپێبوو، چەند ڕومانەیەکیشیان پێبوو بۆکاتی پێویست... ئەو مەفرەزەیەشی دەبوو پشتگیرییان بکات وادانرابوو پێشتر سەری کۆڵانو ڕێگەکان بگرێتو بوارنەدات تەقە لەم سێ پێشمەرگەیە بکرێتو هەر زوو ئۆتۆمبیلەکەیان هەڵیانبگرێتو دووریان بخاتەوە...

چەند جارێك عوسمان لەو کارانەدا بەشداری کردبوو...بەلاّم ئەمجارەیان دڵتەنگ بوو دەتوت بەدەستی ئەنقەست خۆی لەنێو ئاگر دەهاوێت، پێشتر لەگەڵ بەرپرسەکەیدا مشتومڕیان کردبوو لەسەر ئەوچالاکییەو داوایکردبوو دوابخرێت، بەلاّم بەرپرسەکەی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

تۆمـــەتـــباریكـــــردبـــــــوو، ئـــەویش ناچـــار بـــۆ ڕازیكردنـــــی بەرپرسەكەیو
گاڵتەپێنەكردنی لەناو هاوەڵەكانیدا هاتبوو لەگەڵیان...!!

چـارەكێك پــێش ســەعات شــەش گەیــشتنە شــوێنی دیــاریكراوو ئوتومبیلو ئەو مەفەرەزەیەی دەبوو قەڵغانی دەوریان بن ئامادەنەبوون...! رێكخــستنەكانی ناوشــاریش ســەرو ســەكوتیان لەومەســەلەیە نــەدابوو، عوسمان دڵی بەپەلە كەوتەلێدانو بەهاوەڵەكانی وت:

ـ بابگەڕێینەوە...شتێك لەئارادایە...!

ئازادی هـاوەڵی سەرسـەخت بـوو ، گـوێی نـەدا بەقسەكانی عوسمـانو وتی:

ـ وەڵڵاهی تا نەیتۆپێنم ناگەڕێمەوە...!

فەرەجیش لایەنی عوسمانی گرتو وتی:

ـ ئازاد با بە عەقڵ بجووڵێینەوە...هیچ كام لەنیشانەكانی چالاكییەكە نەهاتوونەتـەدیو ئـەو دۆشـكەیەی سـەر مونەزەمەكـە دامـان دەبێــژێت... ئەگەر نەش كوژرێین ئەوا هەر زوو دەمانگرنو گوللەبارانمان دەكەن...!!

ئــازاد قاچــی داچــەقاند لەبــەر دەركــی ماڵێــك كەچــەند هــەنگاوێك لەنانەوەخانەكەوە دووربوو ، وتی:

ـ من ناگەڕێمەوە... ئەگەر ئێوە دەگەڕێنەوە بڕۆن بەجێم بهێڵن... خـۆم هەڵدەستم بە فەرمانەكە...

عوسمـانو فـەرەج دڵیـان نـەهات هاوڕێكـەیان بـەجێ بهـێڵنو بۆجـاری دووەم عوسمان بەدەم پاڕانەوەوە وتی:

ـ ئازە گیان باوكەكەم هەڵەیەك لەو نەخشەیەدا هەیەو باتووشی بەلاّیەك نەبین، باوكەكەم من پێت دەڵێم با تاهەستیان بەهیچ نەكردووە بگەڕێینـەوە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ماڵی خۆمان‌و دوایی یەکێك لەڕێکخستنەکانی ناوشارمان دەبینین‌و سۆراخێکی مەفرەزەکەو باقی چالاکی‌یەکە دەکەین...

لەم مشت‌ومڕەدا بوون‌و ئۆتۆمبیلێکی ئەمن سەری کۆڵانەکەی گرت‌و عوسمان بەئازادو فەرەجی وت:

ـــ هیچ خۆتان تێك مەدەن...وادەربخەن جاشین‌و چاوەڕێی هاوەڵەکانمان دەکەین‌و، بۆ واجب دەچین...

ئەمنەکان پێش وەخت هەموو زانیاری‌یەکیان وەرگرتبوو، دەوروبەری نانەواکەیان تەوق دابوو، یەکێك لەئەندامانی مەفرەزەکە گیرابوو، پێش ئەوەی بیگەیەننە سلێمانی هەموو زانیاری‌یەکی چالاکی‌یەکەی وتبوو، ئەوانی‌کەش لەماڵی خزم‌و کەسیان خۆیان شاردبوویەوەو بەتەنها ئەوسێ پێشمەرگەیە مابوونەوەو ئاگایان لەو هەواڵە نەبوو...

سات لەدوای سات مەترسی ڕووی تێدەکردن‌و عوسمان لەژێر لێوەوە وتی:

ـ کوڕینە ئەم ماستە موویەکی تێدایەو لەم کۆڵانەوە باڕابکەین...

ئەمەی وت‌و خۆی پێشکەوت‌و دووهاوەڵەکەشی بەدوای‌دا، لەپڕ زرمەی تەقە لەدووسێ‌لاوە هەستاو ئۆتۆمبیلەکە بەخەستی تەقەی‌لێکردن‌و فەرەج کەوت، عوسمان ئاوڕێکی دایەوەو ویستی بگەڕێتەوە بۆلای هاوەڵەکەی بەڵام هەڵوێستەکە زۆرکاریگەربوو ئەوەندەی پێکرا چەکەکەی دەرهێنا لەژێر پاڵتۆکەیەوەو ریزێ تەقەی کرد لەئۆتۆمبیلەکەو شۆفێری ئۆتۆمبیلەکەش لەترسی ڕۆحی خۆی سەری لێشێواو ئۆتۆمبیلەکەی کێشا بەدیوارێکدا... ئنجا ئازادو عوسمان بەو کۆڵانەدا هەڵهاتن‌و فەرەجیش بەتەنها مایەوەو گیانی دەرچوو... فیشەك لەهەموولایەکەوە باری بەسەریانداو گوولەیەك دای لەباڵی عوسمان‌و



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دانی بەخۆداگرتو بەردەوام تەقەی دەکرد...هەرچۆنێك بوو بەدەم تەقەوە یەك دووکۆڵانیان کردو وایان دەزانی لەوتەقەیە ڕزگاریان بووە، بەڵام کاتێکیان زانی چەکدارێکی زۆر سەرجەم کونوکەلەبەرەکانی دەربازبوونیان لیٚتەنیوونو بەموکەبەرەش هاواریان لێدەکەن:

ـ پێویست ناکات هەوڵی ڕاکردن بدەن! خۆتان تەسلیم بکەن ڕێگاو کۆڵانەکان هەمووی گیراوە...

خوێنی زامەکەی عوسمان بەتەوژم دەهاتە دەرەوەو ئازارەکەشی تازە خەریك بوو دەهات بەبەریداو بەچاوێکی فرمێسکاوییەوە وتی:

ـ ئازاد گیراین...!!

هاوەڵەکەی بەقوڕگێکی پڕلەگریانەوە وتی:

ـ من خۆم نادەم بەدەستەوە تا دەمکوژن...!

عوسمان چارەی نەبوو بە دەم هەنسکەوە وتی:

ـ منیش هەرلەگەڵتام...!!

دەنگی جاڕی ئەمنەکان بەردەوام هاواریدەکردو بەوحاڵەوە هەردووکیان چوونە بن دیواری ماڵێكو نوتقیان لەخۆ بڕی ، گەڕەکەکەش کشو ماتبوو، کەس نەیدەوێرا سەر دەربهێنێتو بۆ ترساندنیان تەقەیەکی زۆریان کرد بەسەریانداو یەك دوو دەستڕێژیشیان نا بەدیواری ماڵەکەوە، بەڵام لەشوێنێکی پەنادا بوون هیچیان بەرنەکەوت... تادەهات تەقەکان زیادیان دەکردو ناچاربوون دەستیان خستە سەرپلیکی چەکەکانیانو وەڵامی تەقەکانیان دانەوە... لەوکاتەدا عوسمان رووما نەکانی بیر کەوتەوەو ئەڵقەی یەکێکیانی ترازاندو هەڵیداو دوو ئەمنی هەلاهەلاکرد...ئنجا لەهەموولایەکەوە دەستیان کردبەتەقەلیٚیانو



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

عوسمان چەند فیشەکێکی بەرکەوت‌و جەستەی هەر لەشوێنی خۆیدا ساردبوویەوە...!

ئازادیش هاوەڵەکەی بەوحاڵەوە دی‌و فیشەکی پێنەمابوو ڕومانەیەکی پێبوو دەستی خستە سەر ئەڵقەکەی‌و بەدەنگێکی بەرز هاواریکرد :

- نا...نا... خۆم نادەم بەدەستەوە...

هاوکات لەگەڵ ئەم هاوارەدا هەڵساو ڕایکردو ڕومانەکەی تەقاندەوە بەخۆیدا...!

ئنجا ئەمنەکان‌و هێزە تایبەتەکە هەرسێ جەستەکەیان هەڵگرت‌و پێش شاردنەوەیان گیرفانیان پشکنین‌و ڕەسمی جەستەکانیان لەچەندلایەکەوە گرت...!

بەرپرسی ئەمن خێرا موختارەکانیشی بانگکردو، عەزەی موختار عوسمانی ناسی‌یەوەو وتی:

- قوربان ئەمە کوڕی حاجی سەیفەیە...

بەرپرسەکە وەك ڕۆن بدەی لەسەری دڵی لەخۆشی‌دا وتی:

ــ کەواتە ماڵیان لەکانی عاشقانە...!! ئەمشەویش لەماڵ بووە لەگەڵ هاوەڵەکانی‌و لەوێوەپیلانیان گێڕراوە...؟!!

عەزەی موختار ورتەی لەدەم نەبیستراو ملکەچ بوو لە بەردەستی بەرپرسی ئەمندا...

بەلام هەرچەند کۆشان ئەو دووانەی هاوەڵی نەدۆزرانەوە کوڕی کێن‌و بەتەنها عوسمانیان ناسی، جەستەکەیان لەدووهاوەڵەکەی جیاکردەوەو لەحەوشەی ئەمن نایلۆنێکی دووبەریان تێوە ئالاندو هێشتا خوێنی زامەکانی نەگیرسابوویەوە...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

* * *

ئەو بەیانی‌یە خەرامان لەسەر جێگەکەی بەرزبوویەوەو زوو هەستا ، بەنیازی ئەوەی خزمەتی عوسمانو هاوەڵەکانی بکات... ! حاجی سەیفەش سەرەتاتکەی بوو ئاخۆ میوانەکانی هەستاون یان نا...؟! بەلآم پاش چەند ساتێك بۆیان دەرکەوت زووجێگەوجلەکانیان قەدکردووەو ماڵیان بەجێهێشتووە... لەسەر کۆمیدیەکەش عەلاگەیەکی ڕەشی لێبوو...خەرامان خێرا کردییەوەو تەماشای‌کرد بەستەیەك نووسراوە بەڕۆنیۆ چاپ کراوە لەگەڵ دەفتەرێکی بچووکی بەرباخەڵداو یەکسەر بەرگەکەی بینی‌و دڵی داخورپاو ناسی‌یەوە هی مێردەکەیەتی...

ڕۆژێکی پڕ لەناسۆری‌و دڵەڕاوکەبوو لای خانەوادەکەی عوسمانو سەریان لەوەسوڕمابوو چۆن بەوشەوە تۆفانو سەرماو سۆڵەیە گەیشتوونەتە شارو ئاواش بەزوویی پێش ئەوەی پشووبدەن ماڵیان بەجێهێشتووە...؟!

دایکی عوسمان دڵی خەبەری‌دابوو، بانگی عومەری کوڕی کردو وتی:

ـ عومەر...عومەر...هەستە...بزانە هەواڵێکی ئەو برایەت نازانیت ؟!

عومەر بەچاوێکی خەواڵووەوە لەسەر جێگەکەی هەستاو لێفەکەی قەدکردو وتی:

ـ دایە گیان خۆ منداڵ نی‌یە بەدوایەوەبین...!

حاجی سەیفەش هەڵیدایەو وتی:

ـ نازانم کەی نەجاتمان دەبێت لەم دەردەسەری‌یەو بەهێمنی‌و ئاسایش دادەنیشین...کەی...کەی...؟!!

ئنجا ئاهێکی هەڵکێشاو وتی:



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ـ لەوەتەی دووگوێم ڕووان ڕۆژێك بەئاسایش دانەنیشتووم... لە 63دا بەردەستی حکوومەت کەوتمو هیچ پەیوەندییەکیشم نەبوو بە شۆڕشەوەو تەنیا گوناهم ئەوەبوو کوردبووم...! هاوەڵەکانم لەزیندان لێیان دەپرسیم تۆ لەسەرچی دەستگیرکراویت ، کاتێ دەمووت لەسەر هیچ گاڵتەیان پێدەکردم...! چۆن لەسەر هیچ...؟! دوایی پێیان وتم: دەباشە بڵێ لەسەر کورد دەستگیرکراوم... منیش دڵم نەدەشکاندنو کتومت هەروام دەوت... هاتینە هەڵەبجەش لەپاڵ کورددا بحەوێینەوە کەچی جەرگمان بڕاو ماڵ وێران بووین... ئێستاش کاکە عوسە گیان دانانیشێتو ماڵو منداڵێکی رووسووری جوانی بەرەڵڵاکردووەو ژیانی خۆشی خستۆتە هەلاکەتەوەو شۆڕشمان بۆ دەکات...!

دایکی هەڵیدایەو وتی:

ـ خوادەکات سەری سەلامەت دەبێت چش لەهەمووشتێك...!

حاجی سەیفە لەم قسەیەی ژنەکەی زۆر تووڕەبوو وتی:

ــ هەر تۆ وات لێکرد... ئەوەندەت وت هەرسەری سەلامەت بێت قیروسیا تا بوو بەکەڵەگاو هەمووشتێکی بۆچووەسەر...!

ژنەکەی قسەکانی مێردەکەی بەلاوە ڕەقبوو هەستی بەبرینداری کردو وتی:

ـ دایکی بمرێ... بەخوا کوڕ نییە شان با لەشانی... تۆ ئاوا قوڕت کرد بەسەریا و تووشت کرد...

مەبەستی مارەبڕینەوەی خەرامان بوو لەم گوتەیەیداو عومەریش بۆ ڕاگرتنی هەڵچوونی باوکی خۆی هاویشتە نێوانیانو وتی:



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ـــ دایــەگیان ســلاّواتی لێبــدەن... ئــەم قەوانــە هــەزارجارلێتان دایــەوەو...ئــیتر بەســە ...دەنگمــان دەرمــەهێننو باخــەڵکی نــەڕژێن بەسەرماندا...!

عومـەر ئەمـەی وتو پێلاّوەکـانی لـەپێکردو چـوو بـۆ نانەواخانەکـەی ئەوبــەری ماڵیــان تانــانی بەرچــایی ئەوبەیانیـیــە بۆخۆیــانو برازاکــانی بهێنێت...

دیمەنی نانەواخانەکە پێچەوانەی بەیانیانی پێشوو بوو ، چۆڵ بوو ، خـەڵکی کـەم لـەدەوری مێـزی دەغیلەچیـیەکە وەسـتابوون ، واگومـانیبرد خـەڵك لـەتاو سـەرما درەنـگ کـەوتبن لـە سـەرەگرتن بـۆ نـانو لـەدڵی خۆیـدا وتی: نەگبەتێکی وەك من نەبێت کێ دێتە دەرەوە...!!

تۆزێ وەستاو پیاوێکی دراوسێیان هاتە تەنیشتیو بە سپایی وتی:

ـ عومەر ئاگاتان لەو فەرتەنەیە بوو...؟!

بەسەرسوڕمانەوە وتی:

ـ فەرتەنەی چی ؟!

کابرا زیاتر قسەکانی قووتداو بەنهێنیەکی زۆرەوە وتی:

ـ ئەم بەیانیـیە سێ پێشمەرگە کوژراون لە نزیك مونەزەمە...!

عومەر هەرئەوەی بیست گیانی وشك بـوو و چاوی بـەرپێی نـەدەبینیو دەستی گرت بەمێزی دووکانەکەوەو بەدەنگێکی پچڕ پچڕەوە وتی:

ـ لە... لەکوێ...؟!!

دراوسـێکەیان ڕەنـگ هەڵبزڕکانـدنی عومـەر سـەری لێتێکـداو ویـستی پاساوێك بۆ قسەکانی پێشووی بهێنێتەوەو وتی:

ـ کورە لەوانەشە سێ جاش بـووبنو شـەڕیان بووبێـت لەناوخۆیانـدا... خەڵك تاقسەیەکی ڕاست دەکات پەنجا درۆی پێوە دەنێت ...!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئـيتر عومـەر نەوەسـتا لەبـەردەم نانەوەخانەكـەو خێـرا بـەپڕتاو بـەرەو ناوبـازاڕ خـل بـووەوە... خـەڵكیتاكو تـەرا دووكانـەكانیان كردبوویـەوەو هێزێكی چەكداریش تـەوقی سـەرایان دابـوو... بەشڵەژاوییەوە بەرەو لای مونەزەمـە چـوو، ئـەمنێكی زۆر لەوێـدا مـۆڵ بووبوونـەوەو هیـچی لێ حـاڵی نــەبوو... مــاڵی هــاوەڵێكی لەونزیكانــەبوو بەپەلــە لەدەرگاكەیــدان و هاوسەرەكەی هاتە دەرەوەو عومەر ئاگای بەسـەر خۆیـەوە نـەمابوو، گیـانی دەلەرزیو بە پەلەپەل وتی:

ـ كوا قادر ...؟ كوا...؟!

ژنەكەی حەپەساو وتی:

ـ لەماڵەوەنییە ...چی بووە؟ !

بەدڵێكی پڕو خەفەتێكی زۆرەوە ڕەنگێكی هێناوبردو وتی:

ـ لەم دەوروبەرە چی بووە...؟ دەڵێن سێ پێشمەرگە كوژراون...

ژنەكـە ئەگـەر نەیناسـیایە ئـەوا دەرگاكـەی بـەڕوودا دادەخسـت ، بـەڵام ڕەفیقـی گیـانی بـەگیانی هاوەڵەكـەی بـوو... بـەزەیی پێداهاتـەوەو لێـی پرسی:

ـ كاك عومەر چیبووە... بۆ وا پەشۆكاوی...؟!

نەیتوانی قسەكانی بشارێتەوەو بەپەلە وتی:

ـ ئەمشەو عوسمانو دووهـاوەڵی گەڕانـەوەو بـەیانی زوو ڕۆیـشتوون... دەڵێن سێ پێشمەرگە كوژراون ئەم بەیانییە ... تـۆبڵێی ... تـۆبڵێ ئـەوان نەبن ... نازانم ...!!

ژنەكە لەدەمی دەرگاكە چووە دواوەو وتی:

ـ مەترسە ... ئیشەڵڵا هیچ نابێت ... تۆ وەرە ژوورەوە دانیشە بەڵكو قادر بگەڕێتەوە...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

عومەر ڕانەوەستاو وتی:

ـ خوشکم قەیناکە... دەچم سۆراخێك دەکەم...

بەدوو دڵیەوە کۆڵان بەکۆڵانی ئەو ناوەی کردو هەرکەسێکی دەبینی خەریك بوو لێی دەپرسی‌و ناچار زوو پەشیمان دەبوویەوە...

تا دەمی نیوەڕۆ لەبازاڕو دەوری بازاڕ سووڕایەوەو هەرباس باسی کوژرانی ئەوپێشمەرگانەبوو ، هیچی دەستگیرنەبوو، هۆشی بەسەر باوك‌و دایکیەوە نەمابوو، ناچار نیوەڕۆ ڕێگەی ماڵی گرتەوەو بەرەوماڵ گەڕایەوە و بڕیاریشی‌دا هیچ باس نەکات.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

هێشتا عومەر نەگەیشتبوویەوە ماڵەوەو ئەمنەکانی هەڵەبجە دابەش بووبوون بەسەر چەندگرووپێکداو تەوقی ماڵەکەیان دابوون...

حاجی سەیفەو ڕەعنای خێزانی نەگەڕانەوەی عومەر لەنانەوەخانە دڵی خستبوونە مەترسییەوەو بەنیشانەی شوومی یان دانابوو!، خەرامانیش جێی بەخۆی نەدەگرت و تاو ناتاوێ دەهاتە بەرهەیوانەکەو سەرێکی لاردەکردەوە بەلای ماڵەخەزوورانیدا، هەر ئەویش پێش هەموویان ئەمنەکانی بینیی و بەهەڵەداوان چووە ژوورەوەو منداڵەکانی بێدەنگ کردو بەبەرزانیشی وت:

ـــ کوڕم بەرزان مەچۆرە دەرەوە کۆڵانەکەمان بەئەمن و پیاوانی حکوومەت گیراوە...

بەرزان کەهێشتا منداڵ بوو، بەلام دەرکی بەمەترسی ڕووداوەکان دەکردو مەینەتییەکانی ژیان وایان لێکردبوو تام و چێژ لە سالانی پێشووی تەمەنی نەکات و دایکیشی بەبەدبەخت و چارە ڕەش دابنێت و وتی:

ـ دایە ئەمشەو مامە عوسمان لێرە بووە...لەوانەیە ئیخباری کرابین...

تەزوویەك هات بەهەناوی خەراماندا و وتی:

ـ عەلاگەیەکیان لێ بەجێماوە لەگەڵ دەفتەری بەرباخەڵی عوسمان...

بەرزان بەو تەمەنەکەمەوە دەرکی بەمەترسی ئەو بەیاننامانەکردو وتی:

ـــ دایە خێرا ئەو عەلاگەیە بسووتێنە یان بیکە بەکوولانەکەی مریشکەکان دا...

دایکیشی وەك شێتی لێهاتبوو، دەستبەجێ بەقسەی کوڕەکەی کردو عەلاگەکەی هێناو فڕێی دایە کوولانەی مریشکەکانەوە...!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دوای ئەوە هەرچەند چرکەیەکی خایاندو سەربان‌و بەردەرگاو هەموو دەوری ماڵیان گیرا بەئەمن‌و، قەحتانی بەرپرسی ئەمن خۆی‌کرد بەژووردا... حاجی سەیفەو ڕەعنای ژنی هەموو جەستەیان دەلەرزی‌و بەرپرسی ئەمن بێ‌گوێدانە هەست‌و نەستیان ڕاستەوخۆ وتی:

ــ سەیفە... عوسمان‌و دووهاوەڵەکەی ئەمشەو لێرەبوون‌و بەیانی هاتوون تایەکێك لەپیاوانی میری تیرۆربکەن...وایە یان وانی‌یە ؟ ئێمەش هەر لەڕیزەکانی خۆیانەوە هەواڵمان وەرگرت‌و تۆپاندمانن...!

دایکی عوسمان پڕ بەوماڵە قیژاندی:

ـ هەیڕۆ... ڕۆڵە ڕۆ... ڕۆڵە رۆ...!!

بەرپرسی ئەمن شەق‌و زللەیەکی داهێنایەوە بۆ حاجی سەیفەو وتی:

ــ ...... واد ... چۆن ئێوە یارمەتی ئەو خۆفرۆش‌و خائینانە دەدەن...!؟ هەمووتان شایستەی ئەوەن لەت‌وپەت بکرێن وەك ئەوسەگەی کوڕتان...!!

خەرامان لەکونجی ژوورەوەبوو، قیژەی رەعنای خەسووی هێنایەدەرەوەو دووکیژەکەشی دەگریان‌و ڕەنگیان هەڵبزڕکابوو، بەحەپەساوی‌یەوە وتی:

- چی‌بووە...

بەرپرسی ئەمنەکە وتی:

ــ ...... بە...... مێردەکەتمان تۆپان...جەستەکەی لەحەوشەی ئاسایشدایەو هاتووین هەمووتان بگرین....

خەرامان حەپەسابوو، واقی وڕمابوو، هێشتا کاریگەری هەواڵەکەی بۆ جێگیرنەدەکراو ساتێکی کورت بێدەنگ بوو ، ئنجا بەنینۆك بەربوو لەدەموچاوی‌و توند ڕنی‌و پەیتاپەیتاش دەیقیژاندو هاواری دەکرد،



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لەوکاتـەدا عومـەر هـەڵیکرد بەماڵـداو ئەمنـەکان تێـی بـەربوون بەقۆناغـە تفەنگـو شەقو زللە لەحەوشەی ماڵەکەدا چوونەسەر ورگی...!!

خانەوادەی حاجی سەیفە ئێشو ئازاری جەرگ بڕینیان لەبیرچوویەوە کاتێ بینیان ئەمنەکان عومەریان شل کوتی مەرگ کرد...! حاجی سەیفە بەڕیشی سپی‌یەوە تکای لێکردن وازی لێبهێننو ئەو هیچ گوناهێکی نی‌یە ، بەڵام بەرپرسی ئەمن وازی نەهێناو بە بووراوەیی عومەریان خستە پشتی ئۆتۆمبیلەکەیانو حاجی سەیفەشیان دایە بەرتفو قسەوجنێوی ناشیرین...!

دایکی عومەر کەوت بەسەر پیلاوەکانی قەحتاندا تا عومەر نەبەن، بەڵام کەڵکی نەبوو، کابرا دڕندەیەکی لمۆزخوێناوی بوو خۆش خۆش جنێوی پیسی پێدەداو پرچی سپی ڕەعنای ڕادەکێشاو هەڕەشەی لێدەکردن...!

خەرامانیش لەحەوشەکەدا تەخت دانیشتبوو قژی خۆی دەڕنی‌یەوەو باوکەڕۆو مێردەڕۆی دەکرد...!!

منداڵەکان دەیات قیژاندو دەگریانو چنووری کچی هاوارەکانی دایکی گوێچکەی کپ کردبوو و پڕ بەو ماڵە هاواری‌دەکرد : باوکە ڕۆ ... باوکە گیان...!

بەرزانیش پاڵی دابوو بەدیواری هەیوانەکەوەو وەستابوو، دەگریاو تا سەدەیبردەوەو شەقو زللەی ئەمنەکان بۆ مامە عومەری پەستیان کردبوو ، لەبەر خۆیەوە دەیووت: توخوا بۆ وامان لێدەکەن... ئاخر بۆ...!؟

بەشینو شەپۆڕ کۆلانی پڕکردو ئەمنەکانیش بۆ ترساندنیان میلی چەکەکانیان هێنایەوەو دەرگای حەوشەکەیان لێداخستن...!

بەڕۆیشتنی ئۆتۆمبیلەکانی ئەمنەکان گەڕەك ڕژابەسەریانداو لەهەموولایەکەوە خزمو دەرودراوسێ دڵنەوایی‌یان دەکردن...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

خانەوادەی سۆفی ساڵحو میرزاش پاش چەند ساتێك هاتنو شیوەنو تەعزیٚ باڵیکێشایەوە بەسەریانداو کۆستی ڕابردوو و زامی جەرگیانی تازەکردەوە...

حاجی سەیفەش داماوو بیٚدەستەلاٚت مابوویەوەو قەڵەمی ئەژنۆکانی شکابوو، جورئەتی تەعزیٚگرتنی نەبوو ، خەڵکیش بەدەوریاندا دەهاتنو سەرەخۆشییان لێدەکردن...!

ڕووداوەکە کتوپڕبوو، پێشبینییان نەکردبوو...هەرچەندە ژیانی خەڵکی پێکهاتبوو لەمەرگێکی بیٚکۆتاو داستانی مەرگ لەپەڕاوی ڕۆژانەی ژیانیان نەدەبڕاو، شەوی مەینەت ڕۆژی ڕووناکی بەدوادا نەهات... ژیانی کولە مەرگیو چەوساندنەوەی میللەت هەر بەردەوام بوو، هەر گۆڕانکارییەك لەگۆڕەپانی سیاسی ناوچەکەشدا ڕووی بدایە ئەوا دەبوو میللەت باجی ئەو گۆڕانکاریانە بداتو خۆشەویسترین بەشی لەدەست بداتو ئەڵقەو زنجیرەکانی مەرگ گریٚبدات...!

دەستگیرکردنی عومەریش بەوحاڵەوە زیاتر مەینەتییەکانی خەستدەکردەوەو حاجی سەیفە لەنێوان جەرگ سووتانو ئەشکەنجەی ڕۆڵەی بچووکیدا تاسابوو، کام غەمو خەفەت هەڵبگریٚ" کوژرانی کوڕی جوانەمەرگیو هەتیو کەوتنی منداڵەکانی یاخود دەستگیرکردنی کوڕی بچووكو بیٚتاوانیو، ڕاپێچکردنی بۆ چارەنووسێکی نادیار...؟!

هەرکام لەوئەشکەنجانە خاوەن ئێشو ئازارێکی تایبەت بوونو پشتی مرۆڤیان دەشکاندو سیسو لاوازیان دەکرد...

دیمەنی خەرامانیش بۆ هەموو کەسێك جێگەی خەفەتو دڵگرانیبوو... ژیانی ئەویندارى لەگەڵ بەکردا تاسەر بڕینەکردو شووکردنەوەشی بەعوسمان نەبووە مایەی سووك کردنی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

مەینەتی‌یەکانی‌و شادی بەدڵدا نەهێنا... زوو دەرکی بەوەکرد ژیانی پڕ مەینەت بووە بەکاڵای بەری‌و هەناسەی سارد لەسینەی گەرمی نابڕێت...

* * *

ئەو ڕۆژە تادەمەو عەسر بەپەشۆکاوی مانەوەو مەحموود قەناعەتی پێکردن پرسەیەك دابنێن بۆ عوسمان‌و گوێ نەدەن بەوەی قەحتان دەیکات بەرامبەریان...

هەموو شتێك ئامادەکراو مەلاو قورئان خوێنیش زیاتر پرسەکەیان گەرم کرد... پیاوان بەپێوە وەستان‌و خەڵکیش لەهەموولایەکەوە بەگەرمی ڕوویانکردە پرسەکە، پیاوانی ئەمنیش بەدوورنەبوون لەومزگەوتەو گوێیان هەڵخستبوو ئاخۆ چی دەڵێن‌و کێ دێت بۆ پرسەکە...؟!

خەڵکی هەڵەبجە ئەمەکدارانە هاتن بەدەم کۆستی ئەو خانەوادەیەوەو ڕۆژانی پرسەکە دەوریان چۆڵ نەکردن‌و لەهەموولایەکەوە دڵنەوایی‌و هاوخەمی‌یان بۆ دەربڕین‌و ئامۆژگاری‌و پلەو ئاستی ئارامگرتن لەسەر موسیبەتیان بۆ باسکردن...!

بەیانی‌ی سێیەمی پرسەکە عادەت وابوو خەڵکی بچنە گۆڕستان بەلاّم هێشتا بۆیان ئاشکرا نەبوو گۆڕی عوسمان لەکوێیە" بۆ شەوەکەی ماڵی حاجی سەیفە جمەی دەهات لەخەڵك ، عەزەی موختار هات لەگەڵ دووئەمندا بەچرپە بەسۆفی ساڵحی وت:

ـ سبەینێ دووانتان وەرن بۆ گۆڕستانی شەهیدان‌و گۆڕی عوسمانتان نیشان دەدەم، تکام وایە سۆفی پێیان ڕابگەیەنیت خۆیان لەوەزیاتر تووشی مەینەت‌و ناڕەحەتی نەکەن...!!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەیانی ئەوشەوە نەیانتوانی بچن بۆگۆڕستان و سێ ڕۆژ دوای پرسەکە بەدزی یەوە تاك و تەرا چوون بۆ گۆڕستان و سەعاتێك گڵ و خۆڵی سەر گۆڕەکەیان ماچ کردو شیوەن و گریانیان دامەزراندەوەو ئاهو حەسرەتیان دەربڕی...

پاشان هەریەك گەڕایەوە ماڵی خۆی و خەرامانیش بەسێ منداڵەوە لەماڵەکەیدا لەپاڵ ماڵە خەزوورانی بۆجاری دووەم سەری کزکرد... تەنها کەوتنی و مەینەتباری ئەوەندەی تر ڕەنگیان تێکدابوو...کوڵمە سوورەکانی سپی هەڵگەڕابوون... دەمووچاوە پان و تەختەکەشی تاك و تەرا چرچی تێکەوتبوو، پێستەکەی چین چین شل بووبوون... تاکە ئومێدێك لەبەرچاوی دابوو بزاوتی دەکرد منداڵەکانی بوون" بەرزان و دووکیژەکەی... هەریەکەیان چەندین ئومێدی پێوە گرێدابوون، مەسەلەی خوێندەواری و خوێندن بیریان داپۆشیبوو، لەدڵی خۆیدا دەیووت: (( بەسە جەرگ بڕین و کوشتارو بڕین ... با هەناسەیەکی شادی هەڵمژین و دەست لەو جۆرە ژیانە بشۆین...!!)).

مەبەستیشی دوورخستنەوەو پەراوێزدانی منداڵەکانی بوو لەڕیزی حیزبە کوردستانیەکان و دابین کردنی ژیانێکی هێمن و پڕ لەئاسایش...

پێکهاتەی کۆمەڵگاش وابوو خەڵکی کۆنترۆڵی ڕۆڵەکانیان بۆنەدەکراو زوڵم و ستەمی بەعس ناچاری دەکردن پەنابەرنە بەر یەکێك لەحیزبەکان و جامی خەشم و تۆڵەیان بڕێژنن بەسەر بەعس و دام و دەزگاکانی دا...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

نازدار یەکێك بوو لەوکەسانەی بەنهێنی زۆرگریابوو بۆ دەستگیرکردنی عومەرو هەوڵیدابوو دڵتەنگیو فرمێسکەکانی بشارێتەوە...

مانگێکیش بەسەر دەستگیرکردنی عومەردا تێپەڕیو هەرچەند هەوڵیانداو کۆشان سۆراخێکیان دەستگیرنەبوو" بزانن ئاخۆ ڕەوانەی ئەمنی سلێمانییان کردووە یاخود سەرنگووم کراوەو جارێکیتر نایبیننەوە...!؟

ئەوکیژەی لەنێو لاپەڕەکانی دڵیدا وێنەی عومەرو قسەوکەسایەتی پاراستبوو نازداربوو، زۆر شەو بەخەیاڵ دەڕۆیی و چوارچێوە دەستکردەکانی زاڵموستەمکارەکانی دەبڕیو دەگەیشتە لای" بەدرێژایی شەو گفتوگۆی لەگەڵ دەکردو هاوخەمیی بۆ موسیبەتەکەی دەردەبڕیو خۆشەویستی لەگەڵدا دەگۆڕییەوەو غیرەتی دەدایە بەر، یا دڵخۆشیدەکردو لەئاستی دێوەزمەی زوڵمدا وزەی بەربەرەکانی پێدەبەخشی...!

تاکە دڵسۆزیٚ بۆ نازداریش کە جێگەی دڵنەوایی و کردنەوەی ڕازەکانی دڵی بوو ئامینە بوو... بەڵام بەچەشنێکی ڕاستەوخۆ زاتی ئەوەی نەدەکرد بڵێ: من عومەرم خۆش دەوێتو شەوان ئاوا دەگریمو بەدەم خەوی ناخۆشەوە بەئاگادێم، یا سنوورەکانی زیندانەکان دەبەزێنمو تابەرەبەیان لەگەڵ عومەردام...!!

لەڕاستیشدا ئامینە دڵسۆزی هەمووان بوو، بەتایبەت نازداری لەجگەر گۆشەکانی زیاتر خۆش دەویستو لەتافی کچێنیدا لەئامێزیدا پەروەردەی کردبوو...لەنیگای چاوەکانییەوە هەمووشتێکی دەخوێندەوەو دڵداریی پاکو خاوێنو بێگەردی بۆ عومەر" حاڵیئەوسای



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

خۆی وەبیردەهێنایەوە بەرامبەر بەمەحموود، چۆن غەمی بووە مەحموود تووشی گرفت‌و ناڕەحەتی ببێت‌و لەسێبەری‌دارو درەختیش ترساوە بەسەر دڵدارەکەی‌دا پەل بکێشێت...

کتومت نازدار هاوچەشنی خۆی بوو، چ لەڕووی لەش‌ولاری، یا ڕەفتارو هەڵس‌وکەوتی، هەرکاتیش بچوایە بۆ ماڵی باوکی یان ئەو بهاتایە بۆماڵیان ئەوا تێرباوەشی پێدادەکردو بەزمانی منداڵی بانگی دەکرد: نازی گیان...دڵەکەم...

ئەویش لەئامێزی ئامینە بەسۆزو ڕەحمتری دەستگیرنەدەبوو، تابیلاوێنێتەوەو دڵنەوایی بکات‌و دڵی برینداری ساڕێژبکاتەوە، خۆ مەحموودی مێردیشی دەوری ئەرسەلانی جوانەمەرگ زیاتری بۆ دەبیذی‌و هەرئەویش سووربوو لەسەر برینی چەند قۆناغێکی خوێندن‌و لەکۆتاییشدا نەیتوانی قەناعەت بەمیرزا بکات تا کچەکەی بنێرێت بۆ پەیمانگای مامۆستایان لەسلێمانی... ناچار وازی هێنا لەخوێندن‌و دڵیشی گەرمبوو لەسەری سابەڵکو ڕۆژێك بێت‌و دەرفەتێکی وەهای بۆبڕەخسێت‌و بتوانێت خوێندنەکەی تەواوبکات...

نازدار ڕۆژناڕۆژێك سەردانی ماڵی ئامینەی‌دەکردو لەگەڵ خوشکی گەورەی‌دا دادەنیشت‌و فەرەحی‌یەکی بۆدەهات... لەوماوەیەشدا دەستی قەدەر گریێی بەختی کردەوەو داواکارێکی یەکجار زۆر لەدەرگای ماڵیاندان‌و میرزا بەبیانوو و بەهانە هێنانەوە بەڕێی دەکردن، هۆی سەرەکیش لای نازداربوو، میرزاو فاتم‌و شیرین‌و هەندێك جاریش ئامینەشی لێبڕادەسپارد بەلام نازدار بیانووی دەهێنایەوەو حەزپێنەکردن‌و دەیان بیانووی‌تری بەهەند دەگرت...!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

مـــيرزاش خەفـــەتی دەخـــواردو ئەگـــەر خووڕەوشـــتی کـــچەکەی شـارەزانەبوایە ئـەوا گومـانی خراپـی پێـدەبردو لـەوبارو دۆخـەئاڵۆزەدا پـڕ بــەدڵ خوازیــاری بــەڕێکردنی بــوو، لەهەمووولایەکــەوە خــەڵکی ڕوویــان کردبوویـە نێوشـارو باسـی ڕووداوی سـەیرو سـەمەرەیان دەکـردو غیرەتـی هەموو باوك‌و برایەکی دەجووڵاند...

دەمێــك پیــاوانی ئــەمن تەعــەددایان لەخــەڵکی دەکــردو، دەمێکــیش جاشـەکان‌و هەنـدێك جـاریش زەبـرو زەنـگ‌و هەڕەشـەو گوڕەشـە دەکـرا تـا بەزۆر کچیان لێ زەوت بکەن...!!

لەومانگانەدا سەرداری ڕەحمانی‌مینـەکۆڵ هاتـە داخـوازی نـازدارو مـیرزا ئەوخانەوادەیـــەی لاپەســـەندبوو " چ لەڕەوشـــت یـــاخود بێوەیـــو خۆهەڵنەقورتاندن لەسیاسەت‌و هەڵبژاردنی ژیـانی بێوەیی...! کە ئەمـەش ڕەوتێك بـوو هەنـدێك کـەس پیادەیـان دەکـردو بـەموو لـەژیانی ڕۆتـین لایـان نــەدەداو هــەرکارێکیان ئــەنجام بدایــە ئــەوا دەبــوو لــەڕیزی سیاســەت بەدووربێت ، ڕێگەکەشیان ناونرابوو بەمەزهـەبی سـەلامەتی...!! دروشـمی ئەمانــەش بریتی‌بــوو لــەوەی :دەســت بــەکلاوە شــڕەکەی خۆتــەوە بگــرە تاوەکو بانەیبات...!!

مـیرزا لەدڵی‌دا ڕای خـۆی یـەکلاکردەوەو بڕیاری‌دا ئـەمجارەیان تـەنگ بـــەنازدار هەڵبـــچنێت‌و بیـــدات بەشـــوو ...!! نـــازداریش شـــەرمی لەباوکی‌دەکردو لەئانای‌دا هەرگیز لەمەسـەلەیەکی ئاوەها کاریگـەردا ڕووی نەدەهات سەربەرزبکاتەوە چ جای قسەبکات‌و ڕا دەرببڕێت، یەکـەم جـاریش بـــوو مـــیرزا راســـتەوخۆ ئـــەو باســـە لای نـــازدار والأبکـــات " لەشـــەرما قسەی‌بۆنەکراو نیـو سـەعاتێك بـاوکی قسەی بـۆکردو ئـەم کـچەش نـوتقی لێوەنەدهات...هەناسەی سواربوو بەباسـی سـەرداری ڕەحمانی‌مینـە کۆڵ‌و



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

خۆشـــیی لـــەهیچ کەســـی ئەوماڵەنـــەدەهاتو سەرداریـــشی بـــەلاوێکی بێدەستەڵاتی کـەم توانـا دادەنـا، بۆیـە لەبەرامبـەر باوکیـدا نـەیتوانی هـیچ بڵێـتو شـەو تابـەیانی لەسـەرجێگەکەی تـەپاوتلیکردو بـەگریان شـەوی ڕۆژکـــردەوە ، بۆبەیانیەکەشـــی چـــوو بـــۆ مـــاڵی ئامینـــەو هەرچـــاوی بەخوشکەکەی کەوت دەستی کرد بەگریانو وتی:

ـ دادەگیان باوکم دەیەوێت بەزۆر بمدات بەسەرداری ڕەحمانە کوڵ... خۆ زەمانی زوونییە کچ بەزۆر بدرێت بەشوو...!

ئنجـا فرمێـسکی گـەشو گـەورە بەکوڵمـە خـڕو سـوورەکانیدا هاتنـە خـوارەوەو بێئـەوەی ئاگـای لـەڕەفتارەکانی بێـت کتـوپڕ باوەشـی کـرد بەئامینــەدا... قسەکانیـشی لەسـەر ئامینـە زۆرکاریگـەربوون و نـازداری بەبەشـێك لەڕۆحیدادەناو بـۆنی هەناسـەکانی دەکـردو خـەریکبوو گیـانی دەردەچـوو بەســەریا...! بەسـۆزو بەزەییـەکی زۆرەوە گرتیـە بـاوەشو وتی:

ـ گیانەکـەم دڵـی خـۆت تـەنگ مەکـە ، دڵنیابـە هـەرگیز شـتی وەهـا ڕوونـادات... چـۆن بابـە تـۆ بـەزۆر دەدات بەشـوو... بۆچـی زەمـانی بەردە...؟! نا... مەترسە...!!

نازدار کـەمێك حاڵی هێوربوویـەوەو قسەکانی شەوی باوکی بۆ ئامینـە گێڕایـەوەو خـەریك بـوو بڵـێ مـن دڵـم لای یـەکێکیترە، بـەلاّم زوو پەشـیمان بوویەوەو ئەوەندی وت:

ـ من یەکێك بەدڵم نەبێت چۆن شووی پێدەکەم...؟!!

ئامینـەش حـاڵی بـوو لـەم قسەیەو پێـشتریش بـۆنی ئـەوەیکردبوو دڵـی بەعومـەری حـاجی سـەیفەوەیەو چـەندین جـار هـەواڵی پرسـیبوو و لەغـەمو



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

خەفەتــدا چــاوەکانی فرمێــسکیان تێــزاوەو بــەخێرایی دەیــسڕێتو شوێنەواری ناهێڵێت لەبەرچاویاندا...!

ئامینە زیاتر بۆ دڵنەوایی وتی:

ـ هـیچ خـەمت نـەبێت... لەگـەڵ بابـە دەدوێـمو وای لێدەکـەم بـەرۆکت بەربداتو وازت لێبهێنێت...

ئنجـا نـازدار چوسـتو چـالاك بوویـەوەو پرچـەکانی چـەند جارێـك جوولاندو بەپشتیدا بەری دایەوەو پاشان وتی:

ـ دادە هیچ هەواڵێکی عومەری حاجی سەیفە نەبوو...؟!

ئامینە بزەیەك گرتیو وتی:

ـ نەبــەخوا...دامــاوە وابۆمــاوەی مــانگو نیوێــك دەچــێت بێــسەرو شوێنە...!

نازدار لەبێزاری لەوحاڵە وتی:

ـ ئـەی هـەوڵێکیان بـۆ نـەداوە...؟! واسـتەیەك... هـەوڵێك... هـەربزانن چییان لێکردووە...؟!

ئامینە چاوەکانی بڕییە خوشکەکەیو وتی:

ـ ئـەو باوکـە دامـاوەی سـەری کـردووە بەکۆشـی جـاشو ئـەمنو چڵکاو خـۆری ئـەم ناوچـەیەداو هیـچی دەسـتگیرنەبووە ...هـەموو هـەر بـەڵێنی پێدەدەنو کەسیشیان ڕاست ناکات... ئیشیان هەر پارەکێشانەوەیە...!

ئنجا ئامینە ئەو مامۆستا عەرەبەی هـاوەڵی مـەحموودی بیر کەوتـەوەو کـاتێ مـەحموود داوای لێکردبـوو هـەوڵێکی بـۆ بـدات تـەنها ئەوەنـدەی لەدەسـت هـاتبوو بزانێـت عومـەر لەکوێیـەو هیـچیتر ، بـۆ دڵخۆشـی خوشکەکەشی وتی:



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ـ مەحموودیش واستەیەکی کردووەو تەنها ئەوەندە زانراوە بردوویانە بۆ ئەمنی سلێمانیو ئیتر هیچ هەواڵێکیتر نازانرێت لەبارەیەوە...!

نازدار ترسا خوشکەکەی بەگیری بهێنێت بۆئەوەندە گرنگی دەدات بەولاوەو جار نییە هەواڵی نەپرسێت ، لەویا هەڵوێستەیەکی کردو بایدایەوە سەر مەسەلەکەی پێشوو وتی:

ــ بەوخوایە باوکم زۆرم لێبکات ئەوا خۆم دەسووتێنمو...!! حەیاو شەرەفیان دەبەم...!

ئامینە دەستێکی هێنا بە سەریاو وتی:

. نازی گیان بەساقە بڕواناکەم بابە بیەوێت تۆ بخاتە ژیانێکەوە بەدڵت نەبێت...کەی بابە ئەوەندە دڵڕەقە تاوا لەتۆ بکات...!؟

ـ ئاخر تۆ نازانیت ئەمشەو چۆن منی بەگیر هێنابوو... چەند جارێك وتی: ئەم جارەش ڕوومان ڕەش مەکە...کوڕەکە بیٚ عەیبەو هی ئەوەنییە ڕەفز بکرێت ... ماڵێکی بێوەینو دەستیان بەکلاٚوەکەیانەوە گرتووەو لەسیاسەت بەدوورن...

ـ ئاخر بابەش بیٚتاقەتەو، باش دەزانی ئەم شارە چیبەسەرهاتووە... خەڵکی وای لێهاتووە ئەمین نییە لەژیانو حەیاو شەرەفی ... لەسیروانو عەنەبو زەمەقی بەنوێژی نیوەڕۆ ئافرەتیان هەڵگرتووەو دەستیان بردووە بۆ حەیاو شەرەفیان...! دەبێت کارێکی وابکەین دڵی بابە ئارام بکەینو لێمان نەکەوێت بەڕقدا...

نازدار سەرێکی دانەواندو شەرم گرتیو لە بەرامبەر خوشکەکەیدا هیچی دیکەی نەدرکاند...

*　　*　　*



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئامینە کێشەو گرفتی خوشکەکەی هەڵسەنگاند لەگەڵ مەحموودداو بەوالآکراوی لەومەسەلەیە کۆڵیەوە، کچ لەو کۆمەڵگەیەدا دەبوو هەر شووبکاتو، دانیشتن بێ شووکردن پرسیارو گومانی دەورووژاندو سەرەنجام سومعەی خانەوادەیەکی لەکەداردەکرد...!

لەمیانەی قسەکاندا ئامینە بەندەواربوونی خوشکەکەی بۆ عومەری حاجی سەیفە باسکرد، مەحموودیش لێبڕاوانە گوێ قولآخ بووبوو تا ژنەکەی لەقسەکانی بوویەوەو وتی:

ـ تۆ دەڵێیت چی ... چی بکەین باشە...؟!

مەحموود گێڕانەوەی ئەو ڕووداوانە بازیان پێدابوو پەل پەل بردبوویان لەگەڵ خۆو پاش کەمێك بەهۆش هاتەوەو وتی:

ـ عومەریش لەقسەو گفتوگۆیدا خاوەن هەمان هەستی نازداربوو ...

ئامینە ڕەنگی گۆڕاو وتی:

ـ کەواتە دووراودوور خۆشەویستیان گۆڕیوەتەوەو بە تیلەی چاو لەیەك حاڵی بوون...!؟

ـ بەڵێ ... دڵنیام لەو مەسەلەیە...

ـ ئەی چارەمان چییە ؟

ـ باشترین چارە لەم کاتەدا هاوسەرگیرییە ...بەلأم لەکوێ عومەر بهێنین، حاجی سەیفە هێشتا تازە جەرگی سووتاوەو میرزاش لەسەرڕێیەو سوورە لەسەر بەشوودانی نازدار...؟!

ــ ئاخر نازداری داماو ئەمڕۆ بەکوڵ دەگریاو هەنسکی هەڵدەکێشا...دەبێت هەر شتێکی بۆ بکەین ، ئەگینا دەستێك لەخۆی دەوەشێنێتو حەیامان دەچێت...!

مەحموود داڵغەیەك بردییەوەو وتی:



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ــ ئێستا هەر ئەوەنـدەی چارەنووسی عومەر ئاشکرا بووایە من دەمتوانی مەسەلەکە بجوولێنم، بەڵام چی بکەم عومەر شوێنەواری ذییەو خوادەزانێت چییان لێکردووه...!

خەیاڵێکی خراپ هات بەبیری ئامینەداو بە ترس و لەرزەوە وتی:

ـ تۆ بڵێی شتێکیان لێکردبێت...؟!

مەحموود بۆ هێورکردنەوەی وتی:

ـ نازانم ، بەڵام ئەوەی لەم مەسەلەیەدا دیارە ئەوەیە قەحتان تۆمەتێکی بۆ هەڵبەستووە، بەوتۆمەتەش تائێستا ئاوا سەرنگووم کراوە...!

ـ تۆمەتی چی ...؟ هەموو کەس دەزانێت بیروباوەڕی عومەر جیاوازە لەبیروباوەڕی ئەوان و تەنانەت لەگەڵ عوسمانی ڕەحمەتیش کۆك نەبوو و هەرجارێك سەردانی بکردایە بەدڵ ئێشاوی دەگەڕایەوەو بەزۆری باوك و دایکی دەچوو سەردانی بکات...!

ــ ئامینە... دنیای سیاسەت دنیایەکی بۆگەن و پیسە... لەپێناوی ئافەرین و خۆ بردنە پێشەوەیەکدا هەموو بەهایەك تیادەبەن ، ئەم قەحتانەش لە نامرۆییدا لە سنووردەرچووەو بەعس بەتایبەت ناردوویەتی بۆ هەڵەبجە...!

ـ تۆدڵنیای لەوەی شتێکی وای کردبێت بەرامبەر عومەر ؟

ـ ناتوانم بڵێم سەد دەر سەد...چونکە مەسەلەی عومەر هێشتا ڕوون نییەو حاتەمی هاوەڵم ئەوەندەی پێ وتم: عومەر براوە بۆ ئەمنی سلێمانی و، سەبارەت بەقەحتانیش وتی: ئەمە سەگێکی بەعسەو خوابکات تۆمەتەکەی سەرنەگرێت کە بۆ عومەری هەڵبەستووە ... !

ئامینە سێبەری ترس باڵی کێشابەسەریاو لەنائومێدیی خوشکەکەی ترساو وتی:



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ـ خوا بكات شتى خراپ ڕوونەدات ... خوایە گیان ڕەحمی پێبكەیتو بەسەلامەتی بگەڕێتەوە...

ئنجا مەحموود بیری خانەوادەی رەحمانە كۆڵی هاتەوەیادو وتی:

ـــ مـاڵی ڕەحمـانی مینــە كـۆڵ لــە تـاقمی ســەلامتینو لەنوێــژكردن لەمزگەوتیــشدا دەترســنو گوناهــە نـازداری ژێــرو عاقـڵ بخرێتــە نێــو خانەوادەیــەكی ئاوەهــاوە... ئـەو خانەوادەیــەی مێـشكیان داخـستووەو بـەكزی دەژیــن لەگۆشــەیەكی بـچووكداو تـامو چـێژی ژیـان لــەخواردنو ئۆتۆمبیلو كاروكاسبیدا دەبیننەوە...!

ئامینە بە دوودڵییەكی زۆرەوە وتی:

ـ بڕواناكەم باوكم زۆری لێبكات...

ـ مـیرزا لـەباوكی مـن باشـترە لەومەسـەلانەداو منـیش هـەمان ڕای تـۆم هەیە...

لەناكاو ئامینە ئەوەی بەبیردا هات كەپەیمانیداوە بەنازدار لای باوكی قسەلەسەر ئەو مەسەلەیە بكات بۆیە وتی:

ـ بەلاّم ئێمە چۆن ئەم مەسەلەیە بكەینەوە...؟!

ـــ ئاسـانە .... سـبەی نیـوەڕۆ بـچۆو پـێش گەڕانـەوەی باوكـت دەمو دامـانی دایكـت تاقیبكـەرەوەو ئەوسا مـیرزاش گەڕایـەوە ڕای نـازداری بـۆ باس بكە...

ـ بڵێم شوو ناكات...؟

ـ خۆت لێزانی پێویست ناكات لەوەدا ڕیو شوێنت بۆ دابنێم...

بـەم قـسەیە هـەردووكیان دەسـتیان كـرد بەپێكـەنینو پاشـان مـەحموود هەسـتاو لەسەركورسـییەكەی دانیـشت لـەپاڵ كتێبخانەكەیداو كتێبێكـی گرت بەدەستییەوەو نوقم بوو لەجیهانی خوێندنەوەدا.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

نیوەڕۆبـوو کـەمیرزا لەچـایخانەکەی هەسـتاو داوایکـرد لەئەحمـەدی شەریکی ئاگای لەچایخانەکەبێت تا لەماڵەوە دەگەڕێتەوە...

هەسـتی بەمانـدووبوون دەکـردو جـەرگ سـووتان و غـەم و خەفـەت وزەوتاقـەتیان کزکردبـوو، لەمزگـەوتی پاشـا نوێـژی نیـوەڕۆیکردو بەڕاسـتەڕێیەکدا هەڵگـەڕا بـۆ ماڵـەوە، بـیری لـە گفتوگـۆی دووپیـاوی دانیشتووی هەڵەبجە دەکردەوە کەباسی بڵاوکردنەوەی خراپەو ڕابواردنی چەند ئەمنێکیان دەکرد لەگەڵ ئافرەتاندا لەبارەگای ئەمن و مونەزەمە...! زۆرپەسـت بـوو، لـەڕقا ناوچـەوانی دابـوو بەیەکـداو لەوڕێیـە یـەك دوو ناسـیاوی بیذیـو تـەنها دەسـتی بـۆ بەرزکردنـەوەو تاقـەت و حەوسـەڵەی ئەوەی نەبوو دەست درێژبکات و تەوقەیان لەگەڵدا بکات" یان چەند ساتێك لەگەڵیان بوەستێت...!

ئەوەندەبێزار بوو تەواو سینەیگیرابوو تاقەتی قسەکردنیشی نەبوو، بـەزۆر خـۆی کـێش کـردو هـەر لـەدەرگای مـاڵ چـووە ژوورەوە ئامینـەو منداڵەکانی بیذی و بەخێرهاتنیکردن، بەڵام ڕاستەوخۆ دوای نان خـواردن بەفاتمی وت:

ـ جێگەیەکم بۆ ڕابخەن باسەرێك بنێمەوە... ماندووم...

ئامینـە ویـستی زیـاتر ڕێگـە خـۆش بکـات بـۆ نزیـك بوونـەوە لـەباوکی و وتی:

ـ خۆم جێگەی بۆ ڕادەخەم...

باوکیـشی کیـژە گەورەکـەی لاکامـڵ و ئـافرەتێکی عاقـڵ بـوو" هـەر لەمنداڵیـشەوە گرنگـی و خۆشەویـستییەکی زیـاتری پـێ بەخـشیبوو،



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

هەركاتيش نەخۆش بوايە ئەوا رۆژگار يان نازداری دەنارد بەشوێنی‌داو دەبوایە بەدەستی ئامینە بشێلرایەو كۆڵنجەكانی بۆ بگیرایە...!

بۆیە گەشایەوە بەمشوورخواردنی ئامینەو وتی:

ـ دڵەكەم یاخوا هەمیشە تۆ هەر لەدەورم بیت...

فاتمی خێزانیشی نێوچاوانی گرژكردو وتی:

ـ بۆچی میرزا... تا ئێستا ئێمە چی بووین...!؟

بەماندووبوونێكەوە میرزا چاوەكانی هەڵبڕی‌و وتی:

ـــ ژنەكە خانەگومانی بەكچەكەی خۆتیش دەكەیت...؟! بەخوا ئەم كچەم ئەوەندە لاشیرینە بەوهەوایە دەژیم لەلای ئەوەوە هەڵدەكات...!

فاتم كێشای بەڕوومەتی خۆیداو وتی:

ـ تۆ تەماشای ئەوپیاوە بكەن بزانن چی دەڵێت...؟!

شیرینی بووكیان بۆ پشتگیریی خەزووری‌و ڕاگرتنی نێوانیان وتی:

ـــ باجی مامم لەتۆزیاتر بەئیشی كەس ڕازی‌نی‌یەو ئامینەش كچەگەورەیەتی‌و یەكجار شیرینە لای بۆیە وا دەڵێت...!

میرزا ئاهێكی هەڵكێشاو وتی:

ـ هەریەكەتان پلەوپایەیەكی تایبەتی هەیە لامو بەخوا هەمووتانم لەخۆم زیاتر خۆش دەوێت...!

كاتێ میرزا ئەم قسەیەی كرد خۆشەویستی‌یەكی بێ‌پایان لەنێو نیگای چاوەكانی هاتە دەرەوەو بەدەم هیلاكی‌و ماندووبوونەوە قاپووتەكەی لەبەری داكەندو خەریكی گۆرەوی‌یەكانی‌بوو، ئامینە لەدواوە دەستێكی خستە سەرشانی‌و وتی:

ـــ بابە گیان... دەزانم ماندوو شەكەتیت بەلأم دوو قسەم هەیە لەخزمەتدا ، دەتوانم بیكەم...؟!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

میرزا دەستی لەملی کچەکەی ئالاندو توند سەری نووساند بە سنگیەوەو وتی:

ـــ باوانەکەم چی دەڵێیت من گوێت بۆ دەگرم... بڵێ بزانم چی دەڵێیت...

ئامینە چوستو چالاك بوویەوەو وتی:

ـ مەسەلەی نازیە...

میرزا تێگەیشتو تەنها ئەوەی وت:

ـ خۆی پێی‌وتیت...؟

ـ بەڵێ... خۆت دەزانیت هەموو شتێك لای من باس دەکاتو هیچم لێناشارێتەوە...

میرزا لەسەرجێگەکەی دانیشتو وتی:

ـــ ئامینە ئەو ڕووداوانەی لەم شارەدا ڕوودەدەن زۆر خراپنو ئێوەئاگاتان لێنیە چی ڕوودەدات...! نازدار هەرکەسێك دێتە داخوازیی رازی نیەو ڕەفزی دەکات...کچ دەبێت شووبکاتو کوڕیش دەبێت ژن بهێنێ...

ئامینە قسەکانی باوکی بەلاوە پەسەندبوو بەلام نەدەکرا بڵێ ئاخر نازدار هەواداری یەکێکیترەو خۆی بۆ ئەو داناوە...بەناچاری پاساوی بۆ خوشکەکەی هێنایەوەو وتی:

ـ بابە گیان، با ئەمساڵیش مۆڵەتی بدەین، سا بەڵکو دڵی نەرم ببێتو بەیەکێك لەو داواکارانەی ڕازی ببێت...

میرزا پیاوێکی یەکجار دڵ ناسك بوو" هەرگیز دڵی منداڵەکانی نەدەشکاندو ڕەچاوی داواکاریو حەزەکانی دەکردنو زۆرجار لەسەر ئەو



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

سیفەتو ڕەوشەی لەلایەن خزمو هاوەڵاذیەوە تانەو تەشەری لێدەدرا، بەلاًم ئەویش باکی نەبوو ڕەچاوکردنی هەستو نەستی ماڵو منداڵی بە مەسەلەیەکی بنەڕەتی دانابوو و دەست بەرداری نەدەبوو...

ئەمجارەش تەسلیم بەسیفەتە دەروونیەکەی بوویەوەو نەیتوانی دڵی کچەکانی بشکێنێتو وتی:

- بەقسەتان دەکەم ... با بەدڵی ئێوەبێتو نازدار شوونەکاتو بۆ خۆی دابنیشێت...

ئامینە لەخۆشیدا باوەشیکرد بەباوکیداو خۆش خۆش ماچی سەریدەکردو دوعای بۆدەکرد، ئەویش زیاتر هەستی بۆ کچەکەی دەهاتە جۆشو دڵی پڕئەوینو سۆزوبەزەیی والأدەکراو سیفەتە جوانەکانی بەدەردەکەوتن...

*　　*　　*

ڕازی بوونی میرزا بەجوابکردنی سەرداری ڕەحمانی مینەکۆڵ یەکێك بوو لەهیواو ئاواتەکانی نازدارو بەبیستنی ئەو هەواڵە لەزاری ئامینەوە نازدار گەشایەوەو گرژی باری دەروونو هەڵچوونی لەبیرچوویەوە...

بەلاًم ون بوونی شۆڕەسواری خەیاڵو خەونەکانی دیسان تووشی نائومێدیو ڕێگرتنیان کردەوەو بزەی شادیان لێتاڵکردو بەدەم خەیاڵەوە دنیای گەشو ڕازاوەی لاوێران بوو، تەنها هەواڵەکەی ئامینە چەند ساتێکی کورت بریکردو خەمۆكو لێوبەباربوویەوەو، بەتەنها لەژوورەکەیدا لەسەر کورسییەك دانیشتو لەپەنجەرەی ژوورەکەوە تەماشای دەرەوەیدەکرد...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

هەور بەری ئاسمانی گرتبوو، شار نیمچە خامۆش بوو... تاك و تەرا دەنگی بۆمباران لەدووردەهات و نمەی بارانیش بەكزی دەباری و هێواش هێواش ڕووی زەویی تەڕدەكرد...

ویستی هەرچۆنێك بێت لەوتەوقە دەربازببێت بەخوێندنەوەی كتێبێك یان لەسەر مەكینەكەی شیرین چەند پارچە جلێك بەدوای یەكدا بدووریێت... زۆر كۆشاو نەیتوانی لەوبارە ڕزگاری ببێت و وێنەی عومەر لەئاسۆیەكی دوورەوە باڵی دەكێشابەسەریا، ئەمیش بەچاوەگەشەكانی بۆی دەخەنیی یەوەو هەوڵی دەدا بیدوێنێت...بەلاّم دەستێكی ڕەش دەكەوتە ئەو نێوانەو زوو زوو پەیوەندی هەردوو ئەویندارى دەبری نازدار شل شل دەبوویەوەو بە نائومێدی لەسەر زەوی تەخت پالْ دەكەوت و چاوەكانی لەئاسمانی تاریك و ڕووپۆشكراو نەدەترووكاندو بە نەرمی دوو فرمێسك ریزیان دەبەست و بەگۆنای ئالّی دا دەهاتنە خوارەوە...

ئنجا لەسەر گازی پشت جێگیردەبوو، هەناسەكانی توند دەهاتن و دەچوون و دەستی لەسنگی گیردەكردو هەوڵی دەدا هێوربێتەوەو ئەو قەیرانە ببورێنیْ و سەرلەنویْ هیواكانی سەردەربهێننەوەو چوست و چالاك بێت...تاكە دەروازەیەكیش كە وەك دەلاقەیەك وابوو نوێژو دوعابوو... هەمیشە ڕۆحی ماندووی بەنوێژ ئارام دەبوو، خەمەكانی لەبیردەچوویەوەو تێكەلْ بەجیهانی بیْ گەردی بەندایەتی دەبوو، دنیای لا بچووك دەبوویەوەو بینایی بەسەر دووڕیانێكی دووردا دەگەڕاندو بەملكەچی یەوە ریْوڕەسمەكانی بەندایەتی بۆ پەروەردگار جیْبەجیْدەكردو بەزمانی حالْ دەپاڕایەوەو ئەو ویردو دوعایانەی دەخوێند كە غەم و پەژارەی مرۆڤیان كالْ دەكردەوەو ژیانێكی نویْیان دەهێنا بەبەری دا...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لەژێرسـایەی ماڵەکەیانـدا بەتـەنها شـیرین لێـی تێدەگەیـشتو بەدەردوئاهـەکانی ئاشـنابوو، نـازداریش شـەرمی لێـدەکردو بـەڵام تاکەکەسـێکیش بـوو بەئاشـکرا گرێـی دڵـی بـۆ بکاتـەوەو باسـی حـەزو ئاواتەکانی بۆ بکات...

لەکاتێکـدا نـازدار گـیرۆدەی دەسـتی ئـەو حاڵـەبوو شـیرین بەهێواشـی تەقەیەکی لە دەرگای ژوورەکە داو نازدار بەئاگاهاتو وتی:

ـ فەرموو...

شیرین خۆیکرد بەژووورداو لەنزیك نازدار دانیشتو وتی:

ـ هاتووم بۆپیرۆزبایی...

نازدار پاڵیدایەوە بەدیوارەکەوە وتی:

ـ دادەگیان هێشتا تەواو هیواکانم نەهاتوونەتەدی...

شیرین بەخۆشحاڵییەوە وتی:

ـ کـچێ شـوکری خوابکـە... ئـەمجارەش مـامم وازی لێهێنـای...خـوا کەریمە بەڵکو عومەر ئازادبکرێو هەموو شتێك بەدڵی خۆمان بێت...

نازدار بەنائومێدییەوە وتی:

ـ تۆ بڵێی ...!؟ بڕواناکەم بەم زووانە بگەڕێتەوە...!

شیرین بۆ دڵنەوایی نازدار وتی:

ـ کچێ رەش بین مەبە... منو ئەرسـەلانی ڕەحمـەتی بەیـەك گەیـشتنمان دووربـوو بـەڵام کـاتێ خـوای گـەورە ئاسـانی کـرد ئـەو مابەینـە ڕەویـیەوەو لەشەووڕۆژێکدا ئاواتەکانمان هاتنە دی...

ئنجـا ژیـانی پـڕ لەشـادمانیو کـورتی لەگـەڵ ئەرسـەلان بـیر کەوتـەوەو بەئاهێکەوە وتی:



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ـ کاتێکیش دەستە بەخوێن سوورکراوەکانی زاڵم‌و ناپاکان کەوتەگەڕ خەونەکانی لێکردین بەژان‌و ئێش‌و لەیەکتری دابڕین...!

نازدار بەحەپەساوی‌یەوە وتی:

ـ ڕۆڵەی ئەم خەڵکە تاسەر ناژین...کوشتن‌و بڕین دوایی نایەت...دەبا ئەو تەمەنە کورتە بە شادمانی بەرینە سەر... بۆ نائومێدمان دەکەن لە ژیان...؟!

شیرین بەشکست‌و هەنسکی مەینەتاوی‌یەوە وتی:

ـــ ئەم میللەتە دوژمنی زۆرە...کارێکی وایان پێکردووە هەمیشە لەمەرگدا بژی‌و ژیانی ئەڵقەیەکی گرێدراوی یەك لەدوای یەکی مەرگ‌و ناسۆری بێت...!

نازدار وەك بێداربووبێتەوە لەسەر ڕاستی ئەو بارە وتی:

ـ لەبیرم دێت منداڵ بووم خەڵکی بەبەژن‌و باڵای شۆڕشدا هەڵیان دەداو بەپەرۆشەوە شەڕەکانی پێشمەرگەیان دەگێڕایەوە... خەڵکی واپەییان دەبرد ژینی مەرگەساتیان لەدوای شۆڕش کۆتایی پێ‌دێت...بەڵام ئەوەبوو وادەی مەرگەسات درێژبوویەوەو، دەڵێیت بۆ کۆست‌و ڕەشپۆشی بەبەرهاتووین...!!

شیرین بەدەم یادەوەری‌یە تاڵەکانەوە وتی:

ـ باوکم قەصیدەیەکی هەیە ئەو حاڵەی کورد بەرجەستەدەکات‌و بەم دوو بەیتە دەست پێدەکات‌و دەڵێت:

ئەشکەنجەو ئازار هەر لەبۆ کوردان

دەبێ بەکۆسپی بەرزی ڕێی ژیان

هەوری نەگبەتی ڕووپۆشی ئاسمان

دێنێتە لەرزەو ناڵەی بێ‌وچان



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ـ بەڕاستی وایە...دەڵێی بەبالآمان بڕاوەو لەسەرمانەو دەبێت ژیانمان بەومۆرکەوە بەرینە سەر...؟!

ئنجا شیرین ئەو ڕووداوە پڕئێش‌و ئازارانەی کەوتەوە یادو وتی:

ـ ئێمە بالآ پۆشی زووخاوین... هەناسەی ساردو فرمێسکی گەش‌و قوڵپی‌گریـــان‌و تـــرس‌و بـــیم‌و داچـــڵەکان‌و دەربـــەدەری‌و هـــەموو دەردەسەرییەکانمان لێنابڕێت...!!؟

نازدار سەری دانەواندو چاوی پڕبوو لەفرمێسك‌و وتی:

ـ دەڵێی هەموومان لەهۆبەی مەرگداین‌و چاوەڕێین فریشتەی گیان کێشان بێت‌و گیانمان بکێشێت...

شیرین بەزەیی بەحاڵی نازداردا هاتەوەو ویستی نائومێدی نەیگرێ‌و وتی:

ـ بەلآم نابێت تەسلیم بەو حاڵەببین...دەبێت دەروونمان گەش بێت، لەناو دڵی ئەومەینەتەدا نەمامی‌هیوا بنێژین‌و متمانەمان بەپەروەردگار زۆربێت...دڵنیاین هەورازی سەخت دەگوزەرێنین‌و بەرگی ڕەشی تاسەر لەبەرماندا نابێت...

لێرەدا نازدار بیری سرووتی بەندایەتی کەوتەوەو وتی:

ـ خوا بەزەیی پێماندا هاتووەتەوەو ڕێنوێنی‌ی کردووین...بەڕاستی کزەوشنەی ئیمان تام‌و چێژێکی تایبەتی هەیەو مرۆڤ دەکەن بە پۆلآیەك‌و سەرجەم لێدان‌و تیری قوورەتەکان دەبەزێنن...

ئنجا شیرین هۆکاری کردنەوەی ئەو دەروازەیەشی گەڕاندەوە بۆ مەحموودو وتی:

ـ مامۆستا مەحموود هەموومانی منەتبارکرد...هۆکاری سەرەکی بوو بۆ دەربازکردنمان لەدەروازەی ڕەش بینی‌و نائومێدی...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ـــ بـەڵێ ڕۆڵێکـی کاریگـەری بینـی لەژیانمانـدا...ماناکـانی بـوون و فـەوتانی تێگەیانـدین، لـەڕۆخی دەریـای ژیانـدا پێناسـەی گـەردوون و گۆڕانکـاری بـۆ کـردین... خۆشەویـستی‌کردبەبەری‌دڵماندا و ڕق و قینـی لێـدەرهێناو ئـاوازی برایـەتی و دڵـسۆزی نوانـدنی پێ‌لەبـەرکردین...بۆیـە هـەر کەسـەدای ئـەو پەروەردەیـەی بـەرزی‌کردەوەو لەسـەری دەسـتگیرکراو دژایەتی‌کرا...!

شیرین بەمتمانەوە وتی:

ـ کەواتە نائومێدی نابێت بمانگرێ...!؟

ـ بێگومـانم لـەوە...چـونکە ئێمـە کەسـایەتیمان وابەبـەرهاتووە مرۆڤـی دووژیان بین...هەمیشە بڕوامان بەگۆڕانکاری هەبێت و بۆ تەنها ساتێکیش دەسـتەبەری نـەبین...گـۆڕان لـەبونیادی کەسـایەتی‌دا داڕشـتنی لەسـەر تەرزێکی نـوێ... لەپێناوی ئەو مەبەستەدا دەبێـت پێناسـەمان هـەبێت بـۆ سەرجەم هەڵسوکەوتەکانی مرۆڤ و ڕێزبەندیان بکەین...

شـیرین شـارەزابوو لـەزیرەکی نـازدار، ئـەم قـسانەش زیـاتر حەماسـیان زیادکردو وتی:

ـــ خۆزەگـە مـامم ڕێگـەی بدایـە لانـەی مامۆسـتایانت بخوێندایـە ، جـا ئەوسا شتێکی دەگمەنت لێدەردەچوو...

نازدار تەریق بوویەوەو وتی:

ـ قسەکانمان لەدەوری بابەتێکی مەزن دەگەڕێ و بالانەدەین لێیان ....

ـ مـرۆڤ هەرئەوەنـدەی سـەری پـەتی ڕاسـتی بۆدەرکـەوت ناتوانێـت ئـیتر خـۆی ڕابگرێـت و زوو پەیوەندی‌یـەکی ڕۆحـی دەکـات بەسەرچـاوەکەیەوە دەست دەکات بەچاکسازی...

نازدار دەستەواژەی چاکسازی زۆر بۆباس کرابوو بەشەوقەوە وتی:



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ـ چاكسازی زەمینە ساز دەكات بۆ بنیادنانی نەوەیەكی بێدار بەهەموو گۆڕانكارییەكان... گۆڕان لەخودی مرۆڤەوە دەست پێ دەكات و بوارەكانی خود دەگرێتەوەو بوونێكی نوێ دەچەسپێنێت...

لەگەرمەی ئەم قسانەدابوون ڕۆژگار دەرگاكەی كردەوەو تازە لەمەكتەب گەڕابوویەوە وتی:

ـ دایكە...ئەوە لەكوێیت...؟!

شیرین باوەشی‌كرد بەسەری كچەكەی‌داو وتی:

ـ لەلای پوورە نازدارین...

ـ وامزانی چوویت بۆماڵی باپیرە...

ـ بێ تۆ ناچم...

ـ كەی پوورە ئامینەو ئەوان ڕۆیشتنەوە...

ـ هەردوای نیوەڕۆ، بەن نەبوون...

ئنجا هەستان بەلای ئیش‌وكاریانەوەو هەریەك سەرگەرمی ئیشێك بوو تا بانگی ئێوارەی‌داو شەوداهات، هێشتا تام‌و چێژی پشوویان نەدابوو تۆپبارانی شاردەستی پێكردەوەو بەخێرایی چوون بەرەو ژێرزەمین...

ئەو حاڵەش بەردەوام بوو دەنگی تۆپ لەئاسمانی شارنەدەبڕا، ئیتر یاتۆپی ئێران" كەدەینا بەهەڵەبجەوە یاخود تۆپی عێراق‌و لەتۆپخانەكەی نزیك دەڵەمەڕەوە دەینا بەگوندوشارەكانی سەر سنوورەوە...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com





PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بێئیـــشی دیاردەیـــەکی بەرچـــاوی خـــەڵکی نێوشـــاری هەڵەبجـــەبوو، هۆکاری ئەم بارەش ڕژێم بوو... خەڵگی گوندەکان قۆناغ قۆناغ لەدوای قۆناغ دادەگیران و لە شەش ئۆردوگاکەدا کۆ دەکرانەوە... خەڵکیش دەبوایە یان خەریکی هەژاریو داماوی خۆیان بن، یاخود پەنابەرنە بەر ئیش وکاری نابەجێ وەك دزی یا دەست تێکەڵکردن لەگەڵ دەزگا سیخوڕییەکانی بەعسدا... خەڵکی واش هەبوو لەسەرەتای نەشونمایانەوە هەر خەریکی ئەوکارانەبوون و گەیبوونە ڕادەیەك سیخوڕییان کردبوو بەپیشەیەك و بەئامان و دامان دەستیان لێهەڵنەدەگرت...!

عادلی حەمە شارەزووری یەکێك بوو لەوانەی بەدرێژایی ساڵانی پێشوو ژیانی لەپێناوی ڕژێمدا تەرخان کردبوو، قەحتانی بەرپرسی ئەمن کردبووی بەبەرپرسی مەفرەزەیەکی ئاسایشی تایبەت و دەستەڵاتێکی باڵای پێدابوو، تا لەشاری هەڵەبجەو ئۆردوگاکاندا خەڵکی دەستگیربکات و بەزەبری هێزو چەکمەی بۆری ستەم خواستەکانی دەروونە نەخۆشەکەی بەدەست بهێنێت...

بەڕۆژ عادل لەدووی خەڵکی بێتاوان دەگەڕاو شەوانیش لەوماڵانەدا کەتەرخان کرابوون بۆی یان قوماریدەکرد یان بە مەی خواردن و داوێن پیسییەوە بەسەری دەبرد... ئەو ڕەفتارانەش بووبوون بەمایەی شانازیو، لەلای خەڵکی دەروون نزم بەگوندەو لێهاتوویان دەخەملاند...!!

ڕژێم لەوساڵانەدا بەنهێنی بڕیارێکی دەرکردبوو بۆ دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی و تیایدا ئاماژەی دابوو زیاتر لەڕێگەی تایبەتەوە مەفرەزەکانی ئەمن کۆنترۆڵی بارودۆخەکە بکەن و لەهەوڵی ئەوەدابن زانیاری پتر کۆبکەنەوە لەسەر خەڵکی و پێشمەرگە، لەناواخنی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بڕیارەکەشدا هاتبوو: هەرکەس بتوانێت پاسدارێکی ئێرانی بەزیندوێتی یا مردوویی بهێنێت ئەوا سی هەزار دیناری عێراقی بەخەلاٌت وەردەگرێت...!!

یەکێك لەو جاشانەی بەبیستنی بڕیارەکە گەزگەز بالاٌی کردو سمێلٌی کرۆشت و بەئاشکرا دوای خوێندنەوەی بڕیارەکە هەولٌی‌دا بۆ بەجێگەیاندنی عادل بوو... هاوەلٌەکانی لەژێر لێوەوەو لەنێو خۆیاندا وتیان:

ـ بابە کێ دەتوانێت پاسدارێکی ئێرانی بهێنێت بەناو ئەو هەموو جەورو ڕێ پڕ لەمەترسی‌یەدا...؟!!

پێچەوانەی ئەوان عادل بیری دەکردەوەو گالٌتەی دەهات بەقسەکانیان‌و لەدلٌی خۆیدا دەیووت: خۆ حکوومەت سەروگوێی هەلٌنەدڕیون تا بزانێت پاسدارە یان نا...!؟

تەماع‌و ناپاکی پەڕەی دلٌیان بڕیبوو، چاوی لەپارەو دەستەلاٌت‌و ناپاکی زیاتر" هیچی دیکەی بەدی نەدەکردو جارجارەیش کەبەتەنها دەمایەوە دەکەوتە گفتوگۆ لەگەلٌ نەفسی‌داو دەیووت: ئەم ژیانە بێ دەستەلاٌت وەك جەستەیەکی بێ‌ڕۆح وایە...! زەبرورزەنگ ناونیشانی سەرکەوتنەو ئەم خەلٌکە سلٌ ناکەنەوە لێت ئەگەر چاو ترسێنیان نەکەیت...! بژی بەعس... ئافەرین بۆ تۆ.... بزانە چۆن عێراقی لەسەرەوە بۆ خوارەوە بەزەبری شەق یەك خستوەو ژیانی ئەم ولاٌتەی لەئۆردوگایەکی گەورەی سەراوسەر قەپات کردووە... ئەی‌هوو... ئەی‌هوو...!!

پڕبەدەم قاقای لێدەداو چاوەکانیشی پڕدەکرد لەجامی غەزەب‌و هێزی دەدایە بەر خۆو دەیووت: خۆمنیش زادەی ئەو دەستەلاٌتەم،



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لەوقوتابخانەیەدا فێری زەوتکردن و داپڵۆسین و چەوسانەوە بووم... چەن خۆشە خوێن ڕشتن...! ملکەچکردنی خەڵك و کەوتنیان بەسەر پێلاوەکانتا...! ئەی پاڕانەوەو لالانەوەیان... بەهە...بەهە...!! چ لەزەتێکی تێدایە...!

عادل بۆئەوساتانە دەژیا کەلەخەیاڵ و بیری‌دا ڕیزی کردبوون، ژیانی بەدەرنەبوو لەو ڕەفتارە سووك و نزمانە...بۆیە پێشەنگی لەبەجێ هێنانی بڕیارەکەی بەعسدا نواندو بیری گوشی چۆن پاسدارێکی دەست بکەوێت و لەلایەك پارەو لەلایەکی دیکەش ناوبانگ بەدەست بهێنێت...هەرچی کرد نەیتوانی سەرەداوێك بدۆزێتەوەو پاسدارێکی ئێرانی دەستگیرببێت... لەناکاو کەوتە سەر بیری پێشووی و لەدڵا وتی: بۆچی هەردەبێت سەری پاسدار بێت؟! حکوومەت چوزانێ پاسدارە یان نا؟!! باسەری لادێیەك بێت، یان ڕێبوارێك...نا...شوانێك لەهەموویان باشترە...؟!

دوا بەدوای ئەو بیرە شەیتانی‌یە بۆ شەوەکەی سێ پیاوی نزیك لەخۆی بردو بەئۆتۆمبێلەکەیان لە گوندێکی سنووری دەستەلاتی رژێم لایاندا لەماڵێك و خزمەتێکی زۆریان کردن... عادل بۆ نێچیر دەگەڕاو گوێی لێنەبوو ئەگەر نزیکترین کەسیشی بکات بەتەڵەوە...! مشتومڕێکی زۆریانکرد لەگەڵ هاوەڵەکانی و سەرەتا بیریان لەکوڕێکی ئەوماڵەکردەوە، بەلام ترسا گیرۆدەی دوژمنایەتی ببێت و تاوانەکەی ئاشکرابێت، دوایی بەهاوەڵەکانی وت:

ــ ئەمشەو لێرە ڕۆژ دەکەینەوەو لەسەرە ڕێی گوندەوە بۆسەیەك دەنێینەوەو شوانی گوند دەکەین بەتەڵەوە...!!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

نەخشەو پیلانەکەیان بەموولای نەدا لە تیرەی خۆیو هەر زوو شوانی گایەلی ئاوایییەکەیان باڵ پێچکردو فڕێ یان دایە دوای ئۆتۆمبێلەکەیانو چادرێکیان دا بەسەریدا...

حسەینی هاوەڵی وتی:

ـ کاك عادل ئەم شوانە هەرواتەسلیم بکەین...؟!

قاقایەکی لێداو وتی:

ـ بەخوا گێلی...! مردووت مریّ، بۆچی کەرین هەروا تەسلیمی بکەین... بۆ زمانی بڕاوە بڵێ من شوانم...؟!

حسەین بەسەرسامییەوە وتی:

ـ ئەی چۆن...؟!

ـ سەری لەلاشەی دەکەینەوەو بەجیا سەرەکەی دەبەینو دەڵێن ئەمە پاسدارە...!!

ـ ئاخر...!

ـ ئاخر چی ؟ دەترسیت...؟! ئەوەی لەگەڵ مندایە دەبێت دڵی دەرهێنابێت... کوڕی کۆنین...!!

ئەم دەستەواژەیەش ئاماژە بوو بۆ ڕابردووی ڕەشیانو حسەین یەکێك بوو لەهەرە نزیکەکانی دەوری عادلو لەزووەوە بەیەکەوە بوونو نهێنییو ئاشکرای یەك شارەزابوون... سەری لەعادل باداو وتی:

ـ شەیتان... بەخوا شەیتان هەموو بەیانییەك دێتو دەرسێك لەتۆ وەردەگرێت ئەوسا دەچێت بۆ وێزەی خەڵکی...!

عادل بەشانازییەوە شانی هەڵتەکاندو وتی:

ـ گەر دوو دڵ بوویت چاوت بنووقێنەو بەچاوداخراوی شوێنم بکەوە، قەت زیان نایەتە ڕێت... من عادلم عادل...!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

حسەین بەترسەوە پرسی:

ـ ئێستاچی بکەین...؟!

ـ ئەوا بە ...ئاوا ... لەوشیوەدا دەیکوژین و سەرەکەی لێدەکەینەوەو لاشەکەی بەجیٚ دەهێڵین...!!

حسەین سەری بۆ لەقاندو، پاش چەند ساتێك عادل و هاوەڵەکانی خوێنی شوانە داماوەکەیان بەناحەق ڕشت و بۆ مەرامی گلاٚویان کەللەسەری شوانەکەیان خستە گوذیٚیەك و هەر ئەو ڕۆژەش لەبارەگای ئەمن تەسلیمیان کردو پاداشتی تاوانەکەیان وەرگرت...!!

تاوانەکە یەکجار گەورەبوو، هاوپیشەکانی هەمان کەناڵ سەریان سوڕمابوو لێیەو، بەشان و باڵی عادلدا دەیان هۆذییەوەو بەجەربەزەو بەغیرەتیان دادەناو هەریەك حسابێکی تایبەتیی بۆ دەکرد... لەهەمان کاتیشدا دەیان پرسیار لەمێشکیاندا هۆنرابوویەوەو، چۆن عادل توانیویەتی بەسوپای پاسداران بگات و یەکێکیان لیٚ بفرێذیٚو بیگەیەنێتەوە هەڵەبجە...؟!

عەقڵیان دەوەستاو، هەموو زیاتر دەحەپەسان لەڕووداوەکەو، ئەوانەشی لەنزیکەوە شارەزای عادل بوون دەیانزانی ئەوەندە ئازادیی بتوانێت لەحەوزەی ناوچەکانی ژێر ڕکێفی ڕژێم دووربکەوێتەوە، تەنانەت گرتنی واجبی مەفرەزەکەشی بەپارە دەدا بە مەفرەزەیەکی تر و نەیدەوێرا تا هاوارە کۆن بچێت...! ئێستا چۆن دەگاتە سنووری ئێران و بەناو هەموو رەبایەکانی ئێران و پێشمەرگەو حزبەکاندا دەڕوات و نێچیری سی هەزار دیناری دەگرێت و سەری دەبڕێت...؟!!

سەرەڕای ئەو گومانانە هیچ کام لەو جاشانە گومانی وای نەدەبرد مرۆڤی واهەبێت دەستی بچێتە شوانێکی داماوو ئا بەو دەردەی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بـەرێت...!ویـژدانو ، ئـاینو، بـەها مرۆیییـەکان رێگـرن لەئەنجامـدانی تاوانێکی وا گەورەو کەم وێنەدا ....

لەوکاتـەوە خانـەوادەی مـام عەبـدوڵلاَ هاتبوونـە ئۆردوگـاو یاسـینی کوڕیـان کردبـوو بەشـوانی گایـەلی یـەکێك لەوگوندانـە، لـەبێ ئیشیو کـزی بارودەرامـــەتیان ناچـــاربوون هەریـــەك لەمنداڵـــەکانیان بەئیـــشێکەوە ببەستنەوەو لەدەست پان کردنەوەو کاری نادروست بیان پارێزن... بەلاَم دەستی شـەڕەنگێزی خیانـەتکار وازی نـەهێناو تـەوقێکی ئاسنینی ئالاَنـد لەگـەردنی کـوری لاویـانو بەتۆمـەتێکی هەڵبەسـتراو کـرا بەقۆچـی قوربـانی خۆفرۆشانو حەزە شەیتانییەکانیان...

مـەحموود یـەکێك بـوو لەوانـەی بەوتاوانـە خەفـەتێکی گـەورەی خـواردو بەتایبـەت دۆزینـەوەی جەسـتەی یاسینو جیاکردنـەوەی سـەری لـە لاشـەی بەڵگەیەکی دیاربوو لەبەرچاوی خەڵکیدا کەبێتاوان کوژراوەو بەر شالاَوی دەستێکی چەپەڵ کـەوتووەو پـەروەردگاریش بـواری زوڵمو ستەم نـاداتو دەبێت راستی والاَببێتو خەڵکی ئەو ڕاستییەیان بۆ ئاشکراببێت...

جـەرگ بڕینـی ئـەو خێزانـەو دیمـەنی دایکـی کـوڕ کـوژراو زامێکـی سـاڕێژنەبووی لـەدەروونی مـەحموودا دروسـت کـردو، کـاتێکیش بـیری دەکـردەوە لـە تاوانەکـە" دووقـات ئـێشو ئـازار دەهـات بەبەریـداو ئـۆقرەی لەبەر دەبڕی، بەلاَم چۆن بزانێت کێ لـەدوای ئـەو تاوانەوەیـە ؟! ئەوەنـدەش ماندوونـەبوو تـاوەلاَمی تاوانەکـە بـەئامادەکراوی هاتـە بەردەسـتو تـەنها لەسینەی خۆیدا حەشاریداو جگە لەئامینـە بـۆ کەسـی تـری بـاس نـەکرد، ئـەمجارەش حاتـەمی هـاوەڵی پـەردەی لەسـەر هێماکـانی تاوانەکـە لاداو بەنهێنییەوە وتی:



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ـ مەحموود ئەم هەواڵە کەبۆ تۆی باس دەکەم یەکێکە لەنهێنییەکانی حزبو نابێت بۆکەسی باس بکەیت...

ئەویش بەپەرۆشەوە دڵنیایکرد لەوەی بۆکەسی باس ناکاتو وتی:

ـ دڵنیابە بۆ کەسی باس ناکەم...

ـ سەرەتا سوورنەبووم لەسەر ئەوەی باسی بکەم ، بەڵام کاتێك بینیم تاوانەکە بیروهۆشی داگرتوویت پێم باش بوو ئاگادارت بکەمو سەرەداوی ئەو تاوانە بزانیت...

مەحموود هەموو گیانی تەواو بووبوو بەگوێو هەناسەکانی حاتەمی دەبژاردو دیسان بەپرۆشەوە وتی:

ـ چۆن بووە ئەو ڕووداوە...؟

حاتەم بەنەرمی دانی نا بەوشەکانداو سەری لەبن گوێی مەحموود نزیك کردەوەو وتی:

ــ دووراو دوور پەیوەندیم هەیە لەگەڵ قەحتانی بەرپرسی ئەمندا، ئاگاداری ئەوەش بووم ڕژێمی بەعس بڕیارێکی دەرکردووە" هەرکەس پاسدارێك بەزیندوویێتی یان مردوویی بهێنێت ئەوا سی هەزار دینار وەردەگرێت... ئەو مەفرەزانەش لەم ناوچەیە لەژێر ڕکێفی ڕژێم دانو بەپەرۆشن بۆجێبەجێکردنی بڕیارەکانی ڕژێمو شان شانێن دەکەن لەبەدەستهێنانی ڕەزامەندی ئاغای گەورەدا، بەڵام هەرگیز واگومانم نەدەبرد عادلی حەمە شارەزووری بتوانێت بەو کتوپڕە هەستێت بەتاوانێکی ئاوا ترسناك ...!!

مەحموود ددانەکانی جیڕبوونەوەو بەخێرایی گەندەڵیو ناپاکی عادلی کەوتەوە بیر بە حەپەساوییەوە وتی:

ـ کەواتە عادل یاسینی سەربڕیوە...؟!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

حاتەم بە نیگەرانی‌یەوە وتی:

- جاریٚ ڕیٚگەم بدە باقسەکانم تەواو بکەم ...

ئنجا مەحموود بە شەرمەزاری‌یەوە وتی:

- ببوورە قسەکانم پیٚ بڕیت... فەرموو ... فەرموو...

حاتەم تفیٚکی قووت داو ئەوسا بەردەوام بوو لەسەر گیٚڕانەوەی ڕووداوەکەو وتی:

ـ بەیانی‌یەك سەردانی قەحتانم کرد لەبارەگای ئەمن‌و تەماشادەکەم مقۆمقۆیەو ئەمنەکان دەوریان داوە لەمیٚزیٚك... منیش حەپەسام‌و هەرکە لەمیٚزەکە نزیك بوومەوە دیمەنیٚکی زۆر کاریگەرم بینی‌و ئەگەر لەبەرئەوەنەبوایە گومانم لیٚدەکەن ئەوا پڕبەو قاعەیە هاوارم دەکرد... سەری ئەو شوانە داماوەیان لەسەر میٚزەکە دانابوو!، ئەو جاشەش سیناریۆکەی بۆ باس دەکردن چۆن گونداو گوند ڕۆیشتوون‌و مەفرەزەکانی پیٚشمەرگەیان بەپارە بیٚدەنگ کردووە تا بتوانن بگەنە سەرکانی‌یەك‌و ئەو پاسدارە بڕفیٚنن‌و لەڕیٚگە دەستی لیٚبوەشیٚنن‌و لەبەرمەترسی ڕیٚگە لاشەکەی فڕیٚ بدەن‌و بەتەنها سەری بهیٚنن...!!

ئەمنەکانیش دەستخۆشی‌یان لیٚدەکردو قەحتانی بەرپرسی ئەمن دەیکیٚشا بەسەرشانی‌داو پیٚی دەوت: تۆ ڕۆڵەی ڕاستەقینەی بەعسیت‌و خەلاٚتەکەی سەرۆکت بەدەست هیٚنا پیٚش هاوەڵەکانت...!!

مەحموود چاوی دەرپەڕی‌و لەتاوا قوڕگی پڕ بوو لەگریان، سەری گیٚژی خوارد، بەلاٚم دانی بەخۆدا گرت‌و ترسا لەوەی هاوسەنگی لەدەست بدات‌و ئەونهیٚنی‌یە بدرکیٚنیٚ کەپیٚشتر بەلیٚنی‌دا بەهاوەڵەکەی باسی نەکات ... چەند هەنگاویٚك بەرەوپیٚش چوون‌و ئیتر مەحموود ئۆقرەی لەبەر هەڵگیراو وتی:



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ـ ئەو جاشە خۆفرۆشە ناپاکە چۆن دەستی چووەتە ئەو لاوەو کارێکی ئاوای ئەنجامداوە...؟!! ئەی هاوار... هەرچەند دەکەم ناتوانم ئەو قسانە لەناخمدا جێگیربکەم....!

حاتەم بۆ هێورکردنەوەی مەحموود وتی:

ــ ئەو سیاسەتەی لێرە پیادە دەکرێت لەوەخراپتریش هەڵدەگرێت و لەداهاتوودا ئەم میللەتەی ئێوە بە خۆتان دەتوێننەوە...!!

هێشتا مەحموود تاساوی ژێر ڕووداوەکە بوو، بەدەم قوڵپی گریانەوە وتی:

ــ نازانم چی بکەم...؟! چۆن واز لەو ناپاکە خۆفرۆشە بهێنین و وەك بەرزەکی بانان بۆی دەربچێت...؟!

حاتەم ترسی لێنیشت و ، لەدلاّلۆمەی خۆی دەکرد لەسەر باسکردنی ئەو ڕووداوەو بەدەم بیرخستنەوەوە وتی:

ــ مەحموود تکات لێدەکەم هێورببەرەوە، منیش تووشی بەلاّیەك مەکە...من دڵسۆزیم بۆ نواندی ئامان کارێکی وانەکەیت ئەمانە پێم بزان بەخوا لەوشوانە خراپترم لێدەکەن... تۆ نازانیت چ درندەو خوێن مژێکن...؟!!

تۆزێك بەم قسانە مەحموود هاتەوە هۆش خۆی و بەزەیی بەحاتەمدا هاتەوەو بۆ دڵنیاکردنی وتی:

ـ مەترسە کارێکی واناکەم ببێتە مایەی مەترسی بۆ تۆ ... دڵنیابە ... من پابەندم بە بەڵێنەکەوەو هیچ لەزارم نابیسترێ...

حاتەم کەمێك گەشایەوەو وتی:

ـ مامۆستا تۆ لەجیهانە بێگەردەکەی خۆتەوە تەماشای ئەو ڕووداوانە مەکە..نازانیت ئەم حزبە دەیەوێت کوردستان چی لێبکات...!لەگەڵ ڕێزم



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بـۆ کـورد دەڵێـی لـەگوێی گـادا نوسـتوون... صـەدام هەمیـشە دەڵـێ بەعەرەبـە بەعـسیەکان لەڕێنومایییەکانیـدا : عـەرەب سـەرداری عێراقـەو دەبێت هەر عەرەب بژی لەعێراقدا... دەیـەوێت هـەمان سیاسـەتی تورکیـاو سوریاو ئێران پیادە بکات و پێشڕەوی بکات لەتیابردنی کورددا...!

مـەحموود سـەری سـوڕمابوو لـەم مامۆسـتایە چـۆن ئـاوا لەمەسـەلەکان تێگەیـشتووەو لایـەنی مرۆڤایـەتی جێگـەی شـۆفێنیزمیەتی گرتـووەو بەدڵسۆزیو ئەمەکداری بۆ کورد لەنێو ئەوگەلە گورگەدا دەژیو هەڵدەکات، بۆیە وەك کەوتبێت بەرسەر ڕاستییەکی چەسپاودا وتی:

ــ بێگومـانم هـەتا لەنەخوێنـدەواریو دواکەوتوویـدا بـژین ئـەوا هـەر لەپەراوێزدا دەبین و ناکۆکی نێوان خۆمان سەرمان دەخوات...

حاتەم سەری لارکردەوەو وتی:

ـ هـەواڵێکی دیکـەت پـێ بڵـێم... بـەڵام تکـات لێدەکـەم وەهـام لێمەکـە پەشیمان ببمەوە لەسەر ئەوەی نهێنییەکانت بۆ ئاشکرا دەکەم...!

مەحموود توند دەستی گوشیو وتی:

ـ دڵنیابە لەمن ...

بەغەمبارییەوە حاتەم وتی:

ـ پەیوەندی بەپێشمەرگەوە هەیە...؟!

مەحموود شانی جووت کرد لەشانی حاتەمو وتی:

ـ دڵنیابە ... دڵنیا...

ـ... گفتوگۆ دەکات لەگەڵ حکوومەتو بەم زووانە ڕادەگەیەنرێت...

ـ چۆن...؟!!

ــ واپێدەچـێت لەقەیرانـدابێتو صـەدامیش ئەوهەلـەی قۆسـتبێتەوەو بیەوێت گورزێك ئاڕاستەی کوردبکاتو زیاترماڵوێرانیان بکات...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

مەحموود غەم‌و پەژارە دایگرت‌و زیاتر هەستی بە شێوانی کەسایەتی کوردی کردو بە مەلالەتێکەوە وتی:

ــ دیسان هەمان ئەزموون دێتەوە ئاراو ئەڵقەی مەرگێکی تازە دەبەستریٚ‌و لەگەڵ ئەڵقەکانی دیکەی سەردەمدا یەك دەکەون...!

حاتەم لەنەفسیەتی مەحموودو بیروبۆچوونەکانی شارەزابوو بەتوندی دەستی خستە سەرشانی‌و وتی:

ــ مامۆستا داهاتوو لێڵەو ئەوەی ئێوە دەیکەن لەناو ئەم جەنگەڵستانەدا مەحاڵە...!

مەحموود بێزاربوو لەنائومێدی‌و، بڕوایەکی پتەوی هەبوو بەبۆچوونەکانی‌و وتی:

ـ من ئومێدم پتەوو بەهێزە بەداهاتوو، بۆ ساتێکیش وەنەوز نامگرێت لەئاستی چیای ڕسکاوی نائومێدیدا... ڕێکخستنەوەی دەروون پیشەیەکی هەروا ئاسان نی‌یەو بەڕۆژو مانگ‌وساڵ نایەتەئاراوە... پەروەردەی گشتی‌و خودناسی و سەرلەنویٚ دیاری کردنی ڕەهەندەکانی خود ئارام گرتن‌و دان بەخۆداگرتنی دەوێت...

مەحموود ئەم قسانە بەتوندی لەزاری دەهاتنە دەرەوە لەژێر کاریگەری مەرگی یاسین‌و گفتوگۆی پێشمەرگە لەگەڵ ڕژێمدا دەژیاو، حاتەم بەکزی‌یەکەوە وتی:

ـ بابزانین داهاتوو لەکوێوە هەڵدێت...؟!

ئەم قسەیەش بەچەشنێك بوو مەحموود ساردبوویەوەو زنجیرەی بیروبۆچوونەکانی بچڕان‌و، ئیتر بەهێواشی هەردووکیان گەڕانەوە ژووری مامۆستایان‌و هەریەك روویکردە سووچێك‌و بەکزی‌یەوە سەریان داخست...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## (15)

چەند ڕۆژێك بەسەر قسەكانی مەحموودو حاتەمی هاوەڵیدا ڕابوردو ڕێكخستنەكانی ناوشاری یەكێتی دەستیان كرد بە ئاهەنگ گێڕان‌و مەفرەزەكانی مۆڵبەستووی گوندەكانیش تاك‌و تەرا دابەزینە نێوشارەوە...

ئاهەنگ بەگەرمی دەگێڕدراو بەشان‌و باڵی شۆڕشدا بەیت‌و بالۆرەیان هەڵدەداو ئومێدیان وابەستەی گفتوگۆكان كردبوو...!هەندێك شەویش بەئوتۆمبێل بەنێوشاردا لاوەكانیان دەگەڕاندو وێنەی شەهیدەكانیان بەرزدەكردەوەو چەپڵەڕێزانیان دەكرد بەدوای هوتاف‌و دروشمەكاندا...!

خەڵكی مەست‌و تاساوی ژێر ئەو هەموو گۆڕانكاری‌یانە بوون كە لەبەرگی بەلاو نەگبەتی‌دا یەك لەدوای یەك دەگەڕان‌و ئەو بەیتە بووبوو بەناونیشانی ژیانیان كەدەڵێت:

چەرخی زەمانە دەوری وەرگێڕا

بۆ میللەتی كورد نەگبەتی هێنا

بۆیە ڕووداوەكان بەرەو هەر ئاڕاستەیەك ڕێچكەی ببەستایە ئەوا بۆ كوردو هەر بەلایەكی خراپیدا دەشكایەوەو، مەرگەسات لەبەرگێكی نفت‌و نوێدا دەردەكەوت، ساڵ بەساڵیش قوڕی شێلراوی مەرگ خەست تر دەبوویەوەو چارەنووسی میللەت نادیارتر دەبوو، لەبەر ئەوە خەڵكی بە حەپەساوی‌یەوە تەماشای ئەو ڕووداوانەیان دەكردو لەبیروهۆشدا گورزە بەستیان دەكردو دیسان سالانی پێشوو لەبەردیدەیاندا زەق دەبوویەوەو" دابەش بوونی كورد بەسەر دووتاقم‌و خۆهاویشتنە باوەشی یەكێك لەولاتانی دوژمن بەكورد" لەپێناوی بەرژەوەندی‌یەكی حزبیی تەسك‌و كاتی‌دا...!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بیــست ســالْ بــوو ئــەو خەڵكــە لەگــەڵ دەرەنجــامی ئــەو ڕەفتــارو هەڵس‌وكەوتــە چــەوتانەدا دەژیــان‌و، بــاجی بەگرانبــەهاترین شــێوە دەداو بەكولەمــەرگی خــۆی بــەكێش دەكــرد، هــەوڵی بــوو ســاتێك پــشووبدات، مانــدوێتی بحەوێتــەوە، چاوی بــەدنیای ڕۆشــن هــەڵبێت" وەك مــرۆڤ بێــت‌و یــاری بەچارەنووســی نــەكرێت و هــەر ڕۆژە نــەكرێت بەبــەرۆكی حكومــەت‌و میللــەتێكی بێگانــەداو، جــەرگ ســووتاو و مــاڵ وێــران نــەبێت...! بــەڵام ئەزموونــەكان بــۆ ســەرانی شــۆڕش نــەبووبوون بەمایــەی پەنــد لێــوەرگرتن‌و بگرە ماڵی كورد زیاتر شقڵی تێكەوت‌و برایەتیش وابەستەی ئەمەكداری هەریەك بەجیا بۆ حزبێك كراو ناو و دروشم جێگەی جەوهەرو ناوەڕۆكیان گرتــەوە...دەرەنجــامی ئــەم حاڵــەش كــەرت‌و پــەرت كردنــی كەســێتی كوردی‌بــوو، وێــڵ كردنــی بــوو لــە بیابــانی وشــك‌و برنگــداو دواخــستنی گەیــشتنی بــوو بەمافــەكانی‌و، ســووڕانەوەی بــوو لــە دەوری بازنەیــەكی بەتاڵ‌و پووچ...!

شەڕی ئێران‌و عێراق لەچڵەپۆپەدابوو، بەخەستی هێرش دەكرایە سەر ســنوورەكان‌و كوردســتان جێگــەی بەربــەرەكانی‌و تــەراتێنی هێزەكــانی هــەردوولابوو ... كۆمــاری ئیــسلامی دەســتی لــەنێو بەشــێك لەحزبــە كوردســـتانیەكاندا دەگەڕانـــدو یارمـــەتی‌و كۆمـــەكی دەدان‌و زانیـــاری لێوەردەگرتن ، یاخود بەچاوساغ لەبەرەكانی شەڕدا بەكاری دەهێنان...! صــەددامیش گاڵتــەی بــەگفتوگۆكان دەهــات‌و تــەنها بۆكــات بەســەربردن‌و درزكردنــە ڕیــزی نیــشتمان پــەروەرانی كوردبــوو، هێــزی پێــشمەرگەش بەچەشــنێكی پەرتــەوازە و بــێ بەرنامــە لەشــارەكاندا دەگــەڕان‌و زۆربــەی ڕێكخستنەكانی خۆیان ئاشكراكردو بەعس لەدوو سەرەوە قازانجی كرد، لەلایــەك بۆماوەیــەك مەترســی ئــەو چەكدارانەی دوورخــستنەوەو لەلایــەكی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

تریـشەوە تـوانی بـنج و بنـاوانی ڕێکخـستنەکانی ناوشـار ئاشـکرابکاتو ڕیشەکێشی بکات" پاش هەرەس هێنانی گفتوگۆو دوایی پێهێنانی...!!

خـەڵکی بـەو ڕووداوانـە نەدەهـەژانو ژیـانی پڕلەمەینـەتی و هـەژاری و دەردەسەریەکان سەرقاڵی کردبوون، ئەوچەشنە ڕووداوانەش لـەدایك بووی ئانو ساتێکی کتـوپڕ نـەبوون" بـەڵکو درێـژەی ساڵەهای ساڵی پێـشووی ژیـــانی کوردبـــوون...! ئـــەو ژیانـــەی بـــەمردنو دەربـــەدەری مـــۆرك کرابـــوو...زەبـــوونیو مـــەلوولیی کـــورد لـــەناخی دەروونـــدا ڕەگـــی داکوتابوو...! بەدرێژایی مێژووی کورد میللەت چیرۆکی مەرگو داستانی شـەهیدبوونو فێـڵو تـەماعی دوژمنـانی تۆمـار دەکـردو، گـوێی نـەوەکانی پێئاو دەدا" سا بەڵکو پەند وەربگرن لەشاعەباسی ئێـرانو سوخرەکێشی تـوركو، ڕەنجبـەری ئـەم وڵاتو ئـەو وڵات، بـەڵام ئەفسووس ئەزموونـەکانی رابوردوو بەبیانووی نەهامەتیو سیاسەتمەداریو واگونجان رووپۆشـکران، کوردستانیش لەبری یەکگرتن زیاتر کـەرتو پـەرتکراو، بەعس دەستەیەك لەحزبـەکانی کوردسـتانی ڕۆژهـەڵاتی گرتـەخۆو ئێـرانیش دەسـتەیەك لەحزبـەکانی کوردسـتانی باشـوورو، هەریـەك بـەدووی بەرژەوەندیـەوە وێـڵ بوونو هیـوای نێـو دڵو بـەهاری سـەوزی خـەیاڵی میللـەتیش کرایـە پـایزو گـەڵاکانی هـەر زوو هـەڵوەرین بـەڕووی خـاکێکی سـووتاوی بـەخوێن سوورکراودا...!!

چەند مانگێك بـەعس گفتوگۆیکردو دوایـی بەچەشـنی جارانی پێـشوو لـەگفتوگۆ کـشایەوەو دڕندانـە کەوتـە وێـزەی ڕێکخـستنەکانی شـۆڕشو لەسەرجەم شارەکان خەڵکی دەستگیرکرد، لەسلێمانیش (منع التجول)کـراو هێزەکـانی بانـدی کۆمـاری تـەوقی شـاریان داو چـەندەها خانوویـان رووخاندو خانەوادەکانیشیان لەئەمنی سلێمانی سەرنگوون کرد...!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

هەڵەبجە وەك شارەكانی تر كەوتە ژێر فشاری بەعسەوە، بەلاَم شوێنی جوگرافیو پێكهاتەی خەڵكەكەی كارێكی وایان كرد ڕژێم نەتوانێت ئەوەی لەسلێمانی بۆی چووە سەر لەهەڵەبجە بۆی دەست نەدات ...

خەڵكیش بەئەندازەیەك لەچارەنووسی منداڵەكانیان دەترسانو سامو بیمێك باڵی كێشابوو بەسەریانداو لەجۆرێك چاوەڕوانیو دڵە ڕاوكەدا دەژیان...!

بەدرێژایی ئەوچەند مانگەی گفتوگۆ، صەددام بەردەوام دەزگا سیخوڕییەكانی دەجووڵاند بۆ كۆكردنەوەو تۆماركردنی ئەو خێزانانەی كوڕیان پێشمەرگەبوو، یان هۆگری پێشمەرگەبوونو جۆرێك لە پشتگیرییان پێشكەش دەكرد، كاتێكیش گفتوگۆكان لەبەرگی ڕاستەقینەدا والاَكران" ئەوسا صەدام هێزەكانی بەسەرجەم دەزگاكانەوە خستەگەڕو لەدەستگیركردنو خاپووركردنی گوندەكان دەستی نەپاراستو كوردستان بوو بە مۆڵگەی هێزو جبەخانەو شەڕو شۆڕ...!! ژیانی كوردیش لەتیرەی ئاسایی ترازا...

ئەوهەوڵە دوژمنكارییانە زیاتر دەبوایە خەڵكی دەرەنجامەكانی بگرێتە ئەستۆو لەسەر جەستەی ڕۆڵەو ئاسایشی شارو ژیانی ڕۆژانەیان بكەوێت...!!

ئاغای مقدادی كرا بە بەرپرسی ئەو هێزانەو لەقەرارگای ڕەمەزانیشەوە پشتگیریو كۆمەك دەدرا بەحزبەكانو زۆربەی كاتیش تۆپبارانی كوێرانەی شاردەكراو خەڵكی بێتاوان پێوە دەبوون...!

هێزی حزبە كوردستانیەكان شەوانە دەستیان دەوەشاند لەرەبایەو دەزگایەكی ڕژێمو، بۆبەیانییەكەشی سیخوڕو پیاوانی ئەڵقە لەگوێی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئـەمن بـەرۆكی خـەڵكیان دەگـرت‌و بانگیـان دەكـردن بـۆ بارەگـای ئـەمن‌و مونەزەمە...!

مـەلاعیزەدینیش یـەكێك بـوو لەوانـەی لەسـەر دوو پـەت یـاری دەكـرد، چ لای پیاوانی حكوومەت، چ لای ئێرانی‌یـەكان‌و ئاغـای مقدادی كـە بـەنهێنی ڕایەڵەكانی پەیوەندی لەگەڵدا بەستبوو" خـەڵكی هـان دەدا لەوتارەكانی‌داو لای پیاوانی بەعسیش ئـەم كـارەی بـەجۆرێك لەسیاسـەت‌و پی‌ٚهەڵخلیسكان دەدا لەقەڵەم...!!

ئەم پیاوە بۆ خـەڵكی شـار بووبووبە مایـەی فیتنـەو ئاشـووب، هەنـدێك جـار خـەڵكی عاقـڵ لەدڵـدا دەیـان پرسـی : ئـاخۆ بـڕوا بـەكام قـسەی مـەلاعیزەدین بكـەن؟! هاوكـاری لەگـەڵ بـەعس‌و مونەزەمـە" یـان پەیوەنـدی نهێنی لەگەڵ قەرارگای ڕەمەزان دا ؟!!

لەلایەكی‌تریـشەوە راپۆرتـەكانی بـەردەوام بووبـوو بـە مایـەی ئاشـوب‌و تەڵەنانـەوە بـۆ خـەڵكی شـارو، بەرپرسـی مونەزەمـە دەمانـچەیەكی تایبـەتی بەخــەلآت دابوویــە...ئــەویش بی‌ٚــشەرمانە لــەمیحرابی مزگەوتەكــەدا دەمانـچەكەی دادەنـاو بەبەرچـاوی خەڵكی‌یـەوە دەیكـردەوە بـەنێو قـەدی پشتوێنەكەی‌دا...!

بـوونی ئـەو جـۆرە پەیوەندی‌یانـەش لای بەشـێك لەخـەڵكی جێگـەی شـانازی بـوون‌و لـەكۆڕو كۆبوونەوەكانـدا دەوتـرا: مامۆسـتا مـەلا عیـزەدین وەهــایكردو چــوو بــۆ ئــازادكردنی فــلآن كــەس‌و، خــوڕی بەســەر ئەمنەكانـداو...!دەیـان ڕەفتـاری ناپـاكی تریـان بەئازایـەتی دەچـواندو، كردبوویان بەقارەمانێك‌و باسیان دەكرد...!

لـەو رۆژانـەدا تاكـە چـرایەك لەئاسـۆی شـارەوە بەدەركـەوتبوو ئەڵقـە پەروەردەیی‌یـەكانی مـەحموودو هـاوەلآنی بـوو، كـوڕو كـچ، لاو یـان منـداڵ



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەدەوریدا هەڵدەسووڕان‌و لەناو ئەو مۆڵگەیەی چەك تیایدا باوبوو و پڕ لەسیخوڕی دوژمن بوو" بەشانازی‌یەوە بۆ ئەو مەبەستەی نەخشەکێشیان بۆ کردبوو دەکۆشان... شەوانە دانیشتن‌و وانە وتنەوە لەماڵەکاندا بەردەوام بوو، نیوەڕوان یا عەسرانیش کچان لەمزگەوت‌و ماڵەکان کۆدەبوونەوەو لەسەر ڕێنمویی‌یەکانی ئەو دەستە مامۆستایە دەڕۆیشتن‌و دڵسۆزی‌و ئەمەکداری‌و پاکێتی‌یان کردبوو بەبەرنامەی ژیانیان، خاڵی جیاوازیشیان لەگەڵ حزبەکاندا ئەو بەرنامەو پرۆگرامەبوو کە بۆیان دروست بووبوو بەدەر لەچەکداری و شەڕوشۆڕ، ئەو خەباتەش جۆرێکی نوێبوو" کەپێشتر دۆزی کورد بەخۆوەی نەدیبوو، چونکە هەموو شۆڕشەکانی پێشوو بەچەکداری دەستیان پێکردبوو...هەر شۆڕشێکیش پەیدابوایە ئەوا لەژێر کاریگەری‌یەکی کتوپڕدا لەدایك دەبوو، بەپشتگیری‌و کۆمەکی دەرەکیش گوڕ دەکراو، سوودەکەشی دەڕژایە نێوکۆشی کورد کوژان‌و دوژمنانی دێرین بەکوردا...!

سەرەڕای پێکهاتەی فیکریی سەران‌و پێشەنگەکانی کورد هۆکارە دەرەکی‌یەکان ڕۆڵێکی کاریگەریان بینیبوو لەهەڵپڕووزاندنی شۆڕشەکان، یاخود لەخولقاندنی تەنگ‌و چەڵەمەو باری ئاڵۆز لەکوردستاندا...چەندین دەزگای سیخوڕی گەرایان دادەناو هەوڵی فریودان‌و بەگەڕخستنی حزب‌و کەسایەتی‌یەکانیان بوو، لە پێناوی بەرژەوەندی خۆیاندا پارەو پوولێکی زۆریان خستبووە بەردەستیان...!!

سیخوڕی دەزگا جاسوسی‌یەکانیش بەناوشارو حزبەکاندا بڵاوبووبوونەوەو ڕەونەقی کەسێتی‌یان شێواندبوو، دۆزی کوردیش لەقەیرانێکی سەخت‌و کەندەلانێکی باریکدا گیرسابوویەوە...هەر حکوومەتەش بەجیا جۆرێك سیاسەتی پیادەدەکردو بەموویش بەلای



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەرژەوەنـدی کـورددا تێنەدەپـەڕی، بگـرە بەدەسـتی ئەنقەسـت شـەڕیان دەئالآنـد لەکوردسـتان و کێـشەی نێـوان خۆیـان هێنـابوو لـەولاتی کـورد پاکتاویان دەکرد...!

پەستی ئەو دەستە مامۆستا دڵسۆزەی گرتبوو، لەهەوڵدا بوون و بەدیار ئـەو قوتابیانـەوە تەمـەنیان بەسـەردەبرد، کاتـەکانیان لەخزمـەتکردن و بەدەمـەوە بوونـدا بەڕێـدەکرد... مـاڵ و منـداڵیان لەبـەر شـالاوی مەترسییەکی زۆردا دانابوو...!

ئامینە ماندووبوونێکی یەکجار گەورەی بەڕوو و جەستەی مەحموودی مێردیدا بەدی دەکـرد، هـەمووجارێ جەسـتەی دەشـێلاو تـابۆی بکرایـە ئـەرکی منداڵـەکانی لەئەسـتۆی دووردەخـستەوە" مەگـەر نەخۆشـییەکی قورسـیان ببوایـە ئـەگینا هـەموو پێداویستییەکانی بـۆ فەراهـەم دەهێنـان و کەش و بارەکەی لەمەحموود ئاڵۆز نەدەکرد...

بـەدەر لـەوەش هەڵـسوڕێنەری دەسـتەی خوشـکان بـوو، بـەداوو دوو دەسـت ڕەچـاوی دانیـشتنەکانی دەکـردن و بـەدەم کێـشەکانیانەوەبوو، ئافرەتی وایان تێدابوو ڕۆژێ بێکێشەی نەبوو، ماڵەکـەیان وەك بنکەیـەکی کۆمەلآیـەتی لێهـاتبوو... شـەوی وا هـەبوو تـا سـەعات دوانـزە مـەحموود لەماڵـەوە قوتابییـەکانی دادەنـاو دەرسـی پێـدەوتن...ئامینـەش خزمەتیـدەکردن و چـاودێری کـۆلآن و لایـەنی ئاسایـشی قوتابییەکانیدەکرد...

سۆفی ساڵحیش دەرکی بەو هەولآنەی کوڕەکەی کردبوو، زیاتر مـەزنیی ڕۆڵـی کوڕەکـەی بـۆ دەردەکـەوت و لەزۆربـەی کاتەکانـدا ئاگـاداری مانـدووبوون و ڕەنجـی بێوچـانیان بـوو... لـەنێو دەسـتەو هاوەلآنیـدا بەشـانازییەوە باسـی دەکـردو هەوڵیـدەدا ئەڵقـەی گرێـدراوی نێـوان ئـەو



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ڕێبـازە نوێیـەو تەصـەوفەکەی بدۆزێتـەوەو بەیـەك ڕێبـازو تـەواوکاری یەکتریان دابنێت...

ماڵەخـەزوورانی مـەحموودیش بەوپیـشەیەی زاواکـەیان ئاشـنابوون، لـەزووەوە ئاگـاداری جموجووڵـەکانی بـوون... بڵاوبوونـەوەی ئـەو فیکـرو بۆچوونەش جێگەی پەسەند بوون و لەئامێزگرتنی خەڵکی بوو...زۆربەی کات میرزا لەچاپخانەکەی گوێ قولاغی قسەی خەڵکی دەبوون و هیچ کەس پەنجەی خراپەو ناپاکی بۆ ئەو دەستە مامۆستایە ڕانەدەکێشا...

مـەحموودو مەجیـدو سـەعیدو شـەوکەت" هەریـەك لەگـەڕەکێك بووبـوون بەچـرایەك و ڕێگـەی تاریکیـان ڕۆشـن دەکـردەوە...مانگانـەش ئـەم کەڵەپیاوانـە لـەماڵی مـەحموود کۆدەبوونـەوەو باسـی دەرەنجـامی هـەوڵ و ماندووبوونی ئەو مانگـەیان دەکردو هەوڵیشیان دەدا ئەو شـەوە تابـەیانی بـەدوعاو بەندایـەتی بەرنـە سـەرو خـەریکی پاککردنـەوەی نەفـسی خۆیـانبن...لەوشـەوانەدا قورئـان خوێنـدن و شـەونوێژو گریـان بـۆ حـاڵی میللـەت سـیمای سـەرەکی ئەوکـەش وبارەبوو، دەنگـی زووڵاڵـی مـەحموود تاریکـایی ئەوشـەوەی دەبڕی ـو سـەدان جـار بەنەفـسدا دەچـوویە خـوارو بەسـینەیەکی سـاف و بێ ـەرام لەگـەڵ دەسـتێکی پـاك و بێ گـەرد بەرەوئاسمان دەکشان و، لـەژوورێکی بـچووك و و تەنگەبـەردا نەخشەڕێژیان دەکرد بۆ داهاتوویەکی بەرفراوان و بەدەستهێنانی ژیـانێکی پڕ لەئاسایش بۆنـەوەکان و، دوورخـستنەوەیان لـە مەترسـی مـەرگ و، بنیاتنـانی داهـاتوو بـەو دەسـتە پتـەوو پاکیزەیـەی خیانـەت و ناپـاکی نـەکردبوو دژ بەمیللـەت و نەفسی گۆشکردبوو لەسەر بنەماو بەها بەرزەکان...

پـەروەردەکردنی نـەفس و بـەبارهێنانی ئـەرکێکی قـورس بـوو، هەریـەك لەوقوتابیانـە زادەی واقیـع و خێزانێـك بـوون، تووشـی سـەدان گرفـت و



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئاستەنگ هاتبوون، گیرۆدەی دەستی کێشەی کۆمەڵایەتیو ئابووری بووبوون...!

مامۆستاش دەبوو شارەزای تەنگو چەڵەمەکانی کۆمەڵگەکەی بوایەو،ئەو دەرمانەی پێبوایە سارێژی زامەکانی پێدەکرێت، ئەوجا دەستپێشخەری بکردایە لەبنیادنانی کەسێتی قوتابیو ڕەهەندەکانی بیرکردنەوەی بۆ تۆماربکردایە...

هەوڵە پەروەردەییەکان دابەش بووبوون بەسەر گەڕەكو ئۆردوگاکاندا... مەحموود لەکانی عاشقان و مەجید لەمامۆستایانو سەعید لەگەڕەکی پیرمحەممەدو ، لەئۆردوگای عەنەبو زەمەقیو سیروانیش چەند مامۆستایەك هەوڵو توانایان بەگەڕخستبوو...

لەبۆنەکانیشدا قوتابییەکانیان دەکرد بەیەكو لەمزگەوت یان لەماڵێکدا کۆدەبوونەوەو زیاتر ئەو دیمەنە دەڕازایەوەو بەرجەستەی چاکسازی و کارێکی مەزن بەدەر دەکەوت...

ئەم جۆرە هەولانەش هەمیشە چاودێری دەکرا لەلایەن ڕێکخستنی حزبەکان یان پیاوانی ڕژێمو هەندێك جار بەپیاوی ئێرانیان دادەنان، بەلام گوفتەو کرداریان هەر زوو ئەم تەمو مژەی لەدەور دەرەواندنەوە" کاتێك باسی مەزڵوومی‌یەتی کوردیان دەکرد لەکوردستانداو درندەیی هەریەك لەوحکومەتانەیان والادەکرد، هەندێکیش وایان دەزانی ئەمانە حزبێکی نەتەوەیینو لەبەرگێکی ئیسلامی‌دا خۆیان شاردووەتەوەو دەمامکیان بەستووە لەکاتی خۆیدا پەردە هەڵدەماڵنو لەبەرگی ڕاستەقینەدا دیاریدەدەن...!!

بەلام ئەوانەی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکردن دەرکیان کردبوو چ کارێکی مەزن ئەنجام دەدەنو، تابۆیان بکرایە ئەو گومانانەیان لەدەور



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دووردەخستنەوەو باسی لایەنە چاکەکانیان دەکردن و لەکۆڕو مەجلیسی عەشایەردا باسیان دەکردن...

پیاوی وەهایان تێدابوو گیری خواردبوو بەدەست منداڵەکەیەوەو بەئامانوودامان بۆی دابین نەدەکرا، کەچی لەگەڵ ئەوەی دەستی ڕێنومایی دەگەیشتە کوڕەکەی ئیتر مرۆڤێکی نوێی لێدەردەچوو، باوکەکەی زۆربەلایەوە سەیر بوو ، ئەو گۆڕانکارییەی بەشانازیو سەرسامییەوە دەگێڕایەوەو ئامادەبووانی ئەو مەجلیسانەش بەش بەحاڵی خۆیان بەشێك لەو ئەزموونانەیان لابوو...

بەلاّم ڕێگای چاکسازیش گوڵباران نەکرابوو، خەڵکی دەروون نەخۆش چقڵیان لەهەموو ئەو ڕەفتارە جوانانە دەداو بەرگێکی لەرزۆكو پیس و گەندەڵیان دەکرد بەبەریدا...

لەبەرامبەردا مەحموودو هاوەڵەکانیشی باکیان نەبوو لەقسەی خەڵکیو ڕێگەیەکی پڕ لەمەترسیو ئەرکێکی قورسیان نابوو لەئەستۆی خۆیان...پێش وەخت هەموو ئەو ناڕەحەتیانەیان باسکردبوو... هەموو جارێکیش مەحموود ڕووی دەمی دەکردە هاوەڵەکانیو دەیووت:

ـ ئێمە نابێت نیگەران ببین بەقسەی ئەوخەڵکانە... سەرەتای هەموو گۆڕانکارییەك بەزەحمەت دەست پێدەکات، چاوەڕێ مەبن ئەو خەڵکە گوڵبارانتان بکات...یان ئافەرینو دەستخۆشیو پێشوازیتان لێبکەن...!

ئنجا دەکەوت بەسەر باسی کۆمەڵگەداو ئەو دەردانەی دەستنیشان دەکرد کەلەدێرزەمانەوە میللەت گیرۆدەی بووەو یەك بەیەکی ڕژێمەکانی حوکمڕانی کوردستان زیاتر گیروگرفتەکانیان ئاڵۆز کردووەو، دەیووت:

ــ ئێمە لەئاست کوڵێ دەردەسەریو تەنگو چەڵەمەداین... ڕووخاندنی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

کەسێتی کوردیو هەرەسهێنانی لەبەردەم پارەوپوول و لەخشتەبردنی لەلایەن سیاسەتی ئەو ولاَتانەو... بلاَوبوونەوەی پەتای دەزگا سیخوڕییەکانو هەوڵدان بۆ خەریك کردنی خەڵکی بەکاری پڕوپووچو گەڕان بەدوای جاشایەتیو سەوداگەری بەسەر دۆزی کوردەوە...!

هەژارکردنی خەڵکی بەشێوەیەکی گشتی بۆئەوەی هەمیشە لەدووی ئەو ڕێگاچارانە بگەڕێن کەپێداویستییەکانیان بۆ دابین دەکات...ئەمەو سەرەڕای ئەو دەردە کۆمەلاَیەتییانەی لەدایك بووی ئەوبارو دۆخەنو خەڵکی عادەتیان پێوەگرتووەو بەچەشنی بناغەیەکی نەگۆڕ مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن...مامۆستایانی هاوەڵیشی ماندوو دەبوون بەبیرکردنەوە لەوگرفتانەو مەحموود ئەم ماندووبوونەی لەچاوەکانیاندا بەدی دەکرد و بەچاوێکی گەشو پڕ لەدڵنیاییەوە دەیووت:

ـــ تکام وایە هەرگیز تووشی شکست نەبن... ئێمە دەبێت لەناوجەرگەی ئەو بارە ناهەموارەدا گۆڕانکاری دروست بکەین...ئەو گۆڕانکارییەی سەدان ساڵە میللەت خەوی پێوە دەبینێتو هیچ کام لەو حزبو لایەنانە بەپەرێزی ئەو کارەدا نەچوون... گۆڕان لەنەفسو کەسێتیدا... با دڵخۆش بین بەوقوتابییانەی بەرهەمی ئەم چەند ساڵەنو هەریەك بەجیا دنیایەکی تەواوی لەخۆگرتووەو لەهەر ناوەندێك دا بێت ئەوا گۆڕانکاری دروست دەکاتو زەمینەسازی دەکات بۆ داهاتوو...

بەم قسانە دڵیان ئاوی دەخواردەوەو کارەکەیان بەئەرکێکی نیشتمانی مەزن دادەناو ئەو شەوانەی بەیەکەوە بەسەریان دەبرد زیاتر وزەیان وەردەگرتو، گەرمو گوڕ دەبوونەوەو زادو توێشوویان هەڵدەگرت بۆ گۆڕانو داهێنانی جۆرێکی نوێی خەباتو تێکۆشان لەسەر لاپەڕەکانی مێژووی خەباتی گەلی کورد...!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## (16)

بەیانی‌یەك زوو عەزەی موختار هات بۆ ماڵی حاجی سەیفەو لەبەر هەیوانەکەیاندا چەقی‌و بە بەرزانی وت:

- بەباپیرەت بڵێ زوو بێت ئیشی زەروورم پێیەتی...

لەم کابرایە تۆقیبوون، سەرونەسەمەی باش نەبوو، دەمێکیش بوو بەشوێن بەعسەوەبوو، خەرامان دڵی داخورپاو لەبەرخۆوە وتی:

ـ یا ئەڵلاّ خێر ... بەخوا خێروبێر هەرگیز لەعەزەی موختارەوە نابینین...

حاجی سەیفە وەك بەنج کرابێت ئاوابوو، مرادخانی‌و پشتوێنەکەی هەڵگرت‌و قۆندەرەکانیشی کرد بە سەرپێوەو هاتە دەرەوە بۆلای عەزەو وتی:

- کاك عەزیز فەرموو... بۆنایەیتە ماڵەوە...؟!

عەزە هەواڵێکی ناخۆشی هەڵگرتبوو، بەلاّم زاتی نەکرد خۆی پێ‌ی ڕابگەیەنێت‌و وتی:

ـ حاجی لەئەمن ئیشیان پێتە...

پەل‌و پۆی حاجی سەیفە شکاو بەزۆر خۆی بەکێشکرد، بەرزانی منداڵ ویستی لەگەڵ باپیرەی بڕوات بەلاّم خەرامان بەپێ‌ی پەتی ڕای کرد بەشوێنی‌داو وتی:

- بەرزان ... کوڕم تۆمەچۆ... لای ئێمەبە...

حاجی سەیفەش نەیدەویست بیبات‌و بەزەیی پێیاندا هاتەوەو دەستێکی هێنا بەسەری‌داو وتی:

ـ کوڕی خۆم تۆ لەماڵەوەبە... خۆئەبێت ماڵەکەمان پیاوێکی تێدابێت...!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لەوماوەیەی نێوان ئەمن و ماڵەوە گومانی خراپ و خەیاڵی مەترسیدار دەهاتن بەمێشکی‌داو لەگەڵ گەیشتنە هۆڵی پێشوازی ئەمن عەزەی موختار چرپەیەکی بۆ یەکێك لەئەمنەکان کردو ئیتر خۆی دیارنەما، ماوەی سەعاتێك حاجی سەیفە بەتەنها دانیشت، لەدڵەراوکەو ترسێکی سەرانسەردا دەژیا، چەندین پرسیار هاتن و چوون بەمێشکی‌دا، بەتێپەڕبوونی ساتەکانیش زیاتر بارەکە ئاڵۆز دەبوو ، دڵەڕاوکەکەی زیادی دەکرد...

دەقی ئەو بێدەنگی‌یە دوای سەعاتێك شکێنراو ئەمنێك بەحاجی سەیفەی وت:

- حاجی فەرموو وەرە ژوورەوە...

قاچەکانی بۆ ڕانەدەگیراو چاوەکانیشی ترپەترپیان دەکرد، دڵی بەخێرایی لێ‌ی‌دەدا، هەموو توانای کۆکردەوەو هەستایە سەرپێ‌و شوێن ئەمنەکە کەوت... چەند ژوورێکی پێکردو دواتر تەقەی لەژوورێکی گەورەداو دەرگاکەی کردەوەو سەلامێکی کردو وتی:

- قوربان ئەمە حاجی سەیفەیە...

قەحتان لەشوێنی خۆی نەجووڵاو یەکسەر وتی:

- ئای سەیفە... تۆو کوڕەکانت چۆن بوون بەسەر ئێشە بۆ میری...!

حاجی‌ی داماویش ئاگای لەهیچ نەبوو، جەرگ سووتان ژیانیان لابێزراندبوو، هەناسەیەکی هەڵکێشا بەماتەمینی‌یەوەو، وتی:

- چی بووە...؟!

قەحتان تووڕەبوون گرتی‌و وتی:

- چاچی نەبووە...؟!! دەمێك کوڕەکەت دێت پیاوانی میری بکوژێت‌و لەماڵا داڵدەی دەدەن... و دەمێکیش عولەی کوڕت ئەڵقەی ڕێکخستنی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**یاخی بووان گریٚدەداتو... چی نەبووە...؟! چی ماوە ببیٚ...؟!! ها...!!**

**حـاجی سـەیفە زانـی بـەرگری کـردن بیٚکەڵکـەو بەرپرسـی ئـەمن بیٚئەدەبـەو سڵ لەپیـشی سـپیو پـشتی چـەماوەی ناکاتـەوە" بەکزییـەوە وتی:**

**ـ جەنابت ئیشیٚ خزمەتیٚکت بەمن هەبوو...؟!**

**ڕەگی تووڕەیی لەدەروونی قەحتانـدا تـازە خـەریك بـوو هەڵدەسـتاو، ئـەو جـۆرە پرسـیارانەش زیـاتر شـیٚتگیریان کـردو بەمـشتەکۆڵە تونـد کیٚـشای بەمیٚزەکەی بەردەستیداو وتی:**

**ـ سەیفە... من ئارەزووی خۆمە هـەرکات تـۆو هەرکەسـیش لـەم شـارەدا بـانگ بکـەم... نیـوە شـەو...ڕۆژ... هـەرکاتیٚ... کـەیفی خۆمـە... کـەس نییە لەمن بپرسیٚتەوە تیٚگەیشتیت...!؟**

**حاجی سەیفە ئەوپەڕی هەوڵیدا قەحتان تووڕە نەبیٚتو بەنەرمی وتی:**

**ـ قوربان خراپم نەوتووە... دەڵیٚم ئاخۆ فەرمایشتیٚکت هەبوو بەمن...**

**لەسەرکورسـییەکەی هەسـتاو جگەرەیـەکی بەدەسـتەوە گرتبـوو، روویکردە پەنجەرەی ژوورەکەیو پشتی لەحاجی سەیفەکردو وتی:**

**ـ گـویٚ بگـرە... ئیٚـوە خـەڵکی هەڵەبجـە نـینو لەبەرئـەوەی داڵـدەی پیٚشمەرگەتان داوە بڕیارمان داوە لەهەڵەبجە ڕاگویٚزتان بکەین...**

**حـاجی سـەیفە واقـی وڕمـاو زمـانی بەسـترا، ڕووبکاتـە کـویٚ بـە کۆشـیٚ منـداڵی هـەتیووە بیٚبـژیٚویو دەرامـەت... قـەحتان هـیچ بواریٚکی پیٚنـەداو راستەوخۆ وتی:**

**ـ دەستبەجیٚ هـەر ئـەمڕۆ بگـەڕیٚرەوە ماڵـەوەو باروبارگـەتان بپیٚچنەوەو لەسـیروان خانوویـەکمان بـۆ ئامـادەکردوون، دوو ژووە...لـەوەزیاتر مـیری**



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ناتوانێــت هیــچتان بــۆ بکــات، خانووەکــەی ئێــرەش دەدەیــن بەیــەکێك لەپیاوەکانی میری...!!

حاجی سەیفە بەدەم پاڕانەوەوە وتی:

ـ قوربان ئاخر خوا هەڵناگرێ...منماڵو...

قەحتان بەقەڵەمبازێك گەیشتە لایو دەستی لەبینی توند کردو وتی:

ــــ هــەمووتان تــەفرو تونــا دەکــەین گــە...... گــە ...... زمــان هەڵنــەهێنیت قــسەبکەیت... چــیم وت هــەر ئێــستا ملــت بــشکێنەو بڕۆجێبەجێیبکە...!!

قەحتان پەروەردەی دەستی بەعس بوو، پەرێزو ڕێزی هیچ بەهایەکی پــیرۆزی نەدەخوێنــدەوەو لەتاوانــدا نغــرۆ بووبــوو... ! ســەدان کەســی بەودەردەبردبوو ، لەدڕندەییو پیاوکوشتندا کەم وێنەبوو...!ڕێزو قەدری ریش سپییەکی وەك حاجی سەیفەی نەگرتو بەجنێوو قسەی ناشیرین دواندیو حوکمی قەرەقوشی دابەسەریدا، حاجی سەیفەش بەملکەچیو هەســتکردن بــەزوڵمو ســتەمەوە لــەبارەگای ئــەمن چــووە دەرەوەو ســەری دنیای لێهاتبوویەوە یەك، چەند ساڵ بوو هەر ئەو خانووەیان شك دەبرد دارایییەکی وەهاشیان نەبوو بتوانن ڕووبکەنە سلێمانی یا شارێکیتر ، ناچار ملی ڕێی گرتو بەدڵشکاویو چاوی فرمێسکاوییەوە گەڕایەوە ماڵەوە...!

ژنەکەی بەرەوپیریهاتو دەستی خستە سەرشانەکانیو وتی:

ـ حاجی گیان چی بووە... هەواڵێکی عومەریان پێنەدایت...توخوا دڵم خۆش بکە...!؟



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

حاجی ڕیش سپی بەپێوە وشك بووبوو، زمانی گۆی نەدەکردو بەحەپەساوی هەڵیکرد بەمالاً، خەرامانو منداڵەکانیشی دەوریان داو هەموو لیٚی دەپاڕانەوەو دەیان وت:

ـ توخوا چی بووە“ دەپێمان بڵیٚ...

حاجی ڕەنگێکیبردوهێناو وتی:

ـ ئەو زاڵمانە دەیانەوێت باربکەینو بچینە سیروان...!!

ژنەکەی کێشای بەڕوومەتی خۆیداو وتی:

ـ هەیڕۆ... جەرگیشیان سووتاندینوماڵیشمان لیٚزەوت دەکەن...!؟

ئنجا بوو بەشینو گریانو بەدەنگی بەرز هاواریان دەکرد... گەڕەك هاتنە سەریانو دیمەنێکی دڵتەزێنیان هەبوو... مەحموودو هەموو خزمەکانیان دەوریان دانو دڵنەواییان دەکردن، هێشتا نیوەڕۆ دانەهاتبوو مەکینەیەکیان هێنا لەگەڵ ئۆتۆمبێلێکی پڕ لەئەمنو چەکدار“ شتو مەکەکانیان بەدیارچاوی خەڵکەوە بارکرد...

ستەمێکی لەڕادە بەدەربوو، زەوتکردنی خانووەکەیانو بارکردنی ماڵەکەیان بەپشتی مەکینەو پاسەوانی ئەمن بۆ دوو ئافرەتو سیٚمنداڵو پیاوێکی ڕیش سپی هەموو گەڕەکی هێنایە گریانو کەسیش دەستەلاٚتی نەبوو، مەحموودو خانەوادەکەی ویستیان بچن لەگەڵیان ، بەلاٚم ئەمنەکان بەپاڵ دووریان خستنەوەو ڕێگەیان نەدان، سۆفیو فاتمی خێزانی لێیان پاڕانەوەو وتیان:

ـ خەرامان کچمانە... ئێمەش بەرن لەگەڵیان...!!

بەلاٚم گریانو لالاٚنەوە کاریان نەکرد لەدڵی ڕەقی ئەمنەکانو میلی چەکیان لەخەڵکەکەهێنایەوەو یەك دوو دەست ڕێژیان کرد بەسەریاندا تابلاٚوەی لێبکەن...!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com


هەستان بەرەفتارێکی لەو جۆرەش بەرامبەر بەخەڵکی بێنەواو داماو جۆرێکی نوێ بوو لەمامەڵە و لەرێنویێنی‌یەکانی بەعسدا هاتبوو، قەحتان جێبەجێی دەکردو تابڵێی هونەرمەندبوو لەنواندنی ڕەوشی نامرۆیی‌و پیادەکردنی سیاسەتی تۆقاندن‌و ڕاونانی خەڵکی... !وێڕای کەش‌وباری ئاڵۆزی شار ئەم جۆرەش لەمامەڵە باری دەروونیی خەڵکی ئاڵۆز دەکردو هەندێك خێزان کەدەرامەتیان باش بوو کۆچیان کرد بۆ سلێمانی‌و هەڵەبجەیان بەجێهێشت...

ئەوانەشی توانایان نەبوو یان لەڕوانگەی خۆشەویستی‌یانەوە بۆ هەڵەبجەو بەسەربردنی ساڵانێکی دوورودرێژ لەوشارەدا چاویان بەرایی نەدەهات شار بەجێ بهێڵن‌و چاوەڕێ بوون ڕۆژێکی وادابێت گشت مەینەتی‌یەکان دوایی‌یان پێ بێت...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com





PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

قـەحتان بـەوردی کاروبـاری دەزگـای ئـەمنی سەرپەرشـتی دەکـرد لـە هەڵەبجەداو پیلانـی دەگێڕا دژ بەوانـەی هەسـتێکی پاکی نیشتمان پـەروەر یان چالاکی‌یەکی سەرنج ڕاکێشیان لیَبەدی دەکرا...!!

سەرهەڵدانی چالاکی‌یەکانی ڕەوتـی پـەروەردەو پێداچوونەوەش هـەموو ڕۆژێـك بـەڕاپۆرت دەخرایـە سـەر مێزەکـەی قـەحتان لەلایـەن سـیخوڕو جاسوسـی‌یەکانیەوە ،ئـەویش بـەردەوام ئـەو راپۆرتانـەی لەدۆسـیەیەکی جیاوازدا کـۆدەکردەوەو بەشـادی‌یەوە زانیاری‌یـەکانی نـاوی تۆماردەکردو لەسەر هەواڵەکانیش دەوەستاو بەجۆرێکی تایبـەت یاداشـتی دەکـردن...! تـا لەئەنجامـدا لـەماوەی چـەند سـاڵێکدا دۆسـیەیەکی پـڕ لـەزانیاری گردکردەوەو مانگێکیشی تەرخان کـرد بۆئـەوەی کتێبێك لەسـەر ئـەو جـۆرە تاقمە بنووسێت‌و، دواتر بەرزی بکاتەوە بۆ ئەمنی گشتی بەغدا...!

راپۆرتـەکان لەسـەر زانیاری‌یـەکی وردودرشـت نووسـرابوون، جـۆری فیکـرو بۆچـوونی ئـەو کۆمەڵـەی دەخوێنـدەوە، قـەحتانیش دەروازەی یەکـەمی کتێبەکـەی بـۆ دەزگـای ئـەمن ناونـا بـەپێناس‌و ناسـاندن‌و دەستنیـشانی ڕەهەنـدەکانی فیکـری کۆمەڵەکـەی کـردو هاوکـات لەگـەڵ ڕەوشی رۆژانەو مێـژووی هەریەکەیان لەلەدایك بوونـەوە تا ئەوکاتـەیان... لەکاتێکـدا بـەراوردی دەکـرد لەگـەڵ دۆسـیەی لایەنـەکانی‌تردا و دەکـەوت بەسەریاندا جیاوازی‌یەکی ئاشکرای بۆدەردەکەوت...!ئەمـەش خاڵێك بوو لە خاڵە جیاوازەکانی ئەم کۆمەڵە لەکۆمەڵەکانی دیکەی جیادەکردنەوە...

لـــەدەروازەی دووەمیـــشدا دەهاتـــە ســـەر دیـــاری‌کردنی ئەندامـــە دیاروبەرچـاوەکان‌و یەکـسەر ئامـاژەی بەمـەحموودو هاوەڵـەکانی دەکـردو ئنجـا پرسـیارێکی سـەرەکی دەهاتـە پێـشوو خـۆی لـە دیـاری کردنـی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

پێشەنگی کۆمەڵەکەدا دەبینیەوە... قەحتان دڵنیابوو لەوەی مەحموود هەڵسووڕێنەری ئەو کۆمەڵەیەو هاوەڵەکانی بەبیرمەندی خۆیانی دادەنێن، بەلام ڕادەما نەبادا کەسێکیتر هەبێت لەپشتیانەوە، لەکۆتایی دەروازەی دووەمدا دەهاتە سەر ئەوڕایەی هێشتا چەند لایەنێك بەنهێنی هەڵپژاوەو پێویست بەوە دەکات بواربدرێت پێیان تا نەش و نما بکەن و زیاتر پەل و پۆ بهاوێژن و باڵەکانی ئاشکرابێت، ڕاگرتنی پاکتاوکردنی ئەم کۆمەڵەشیبەوە پاساو دەدا کەچەکدارنین و بڕوایان بەچەکداری نییە لەبەرپاکردنی گۆڕانکاریدا...!

ئنجا دەروازەی سێیەمی دادەمەزراندو دەیکرد بەدووبەشەوە یەکەم: بۆ دیاریکردنی سنووری کارکردن و کاریگەرییان لەسەر ناوچەکەو، هەوڵی دەدا زۆر بە گەورە نەیان ژمێرێت، دووەمیش بۆناو نووس کردنی ئەوانەی سەر بەم کۆمەڵەبوون و لەگەڵ شوێنی دانیشتنیان و پیشەو ئەسڵ و بنچینەیان...

لاپەڕەکانی ئەو دەفتەرە گەورەیەی پڕکردەوە کە تەرخانی کردبوو بۆ ئەو مەبەستەو زۆر شانازی دەکرد بەو لێکۆڵینەوەیەوەو هەر زوو چەند دانەیەکیشی لەبەرگرتەوەو دەستنووسە سەرەکییەکەی نارد بۆ بەغدا...

دوای حەوت ڕۆژ لەناردنی کتێبەکە دەستنووسێکی تایبەت لەسەرۆکایەتی ئەمنی گشتییەوە هات و ئیمزای بەڕێوەبەری ئەمنی گشتی لەسەر بوو، چەند ڕێنماییەکی تایبەتی هەڵگرتبوو سەبارەت بەو زانیاریانەی لەکتێبەکەدا هاتبوون و داواشی دەکرد لە بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی هەڵەبجە بەرنامەڕێژییەکی وردبکەن لەچۆنیەتی دەستگیرکردنی ئەندامەکان و چاوترسێنکردنی خەڵکی بەوەی شوێنیان نەکەون یا



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

گوێیـان بۆنـەگرن، هـەروەها داواشـی کردبـوو ماوەیـەك دابنرێـت لـەپێناو ئاشکرا بوونیان ئەویش بە هاویشتنی پیاوانی ئەمن بۆ نێویان...

قەحتان ئەم کارەی بەیەکێك لە دەستکەوتە مەزنەکانی دادەناو ڕەچاوی ئەوەشـــی دەکـــرد ئۆتـــۆمبێلێکی نـــوێ وەربگرێـــت و ڕوتبەکەشـــی بەرزبکەنەوە...!

بەدرێـــژایی شـــەوێك تابەرەبـــەیان ئەنـــدامانی ســـەربەدەزگای ئـــەمنی کـۆکردەوەو بڕیاری‌ـدا بـەپێی نەخـشەیەکی تایبـەت مامەڵـە لەگـەڵ ئـەو کۆمەڵەدا بکەن...!

کوردەکـــان هـــەوڵیان دەدا کاریگـــەری مـــەحموودو هاوەڵـــەکانی کـــەم بکەنەوەو عادلی حەمە شارەزووری دەیووت:

ـ قوربان ... ئەو هەتیوە چی‌یەو دەتوانێت چی بکات؟

ئنجـا کـەش‌و فـشی‌دەکردو کاسەلێـسی بـۆ ئەمنـەکان دەردەبڕی‌ـو دەیووت:

ـ گەر دەڵێن بەڕۆژی نیوەڕۆ لەماڵەکەی‌دا دەیکوژم بۆتان...!

یـەکێکی هاوتـای عـادلیش مەترسـی ئـەو مەسـەلەیەی دەردەبـڕی ودەیووت:

ـ بابە ئەمانە عەشایەرن‌و تووشی بەزمێکمان دەکەن...

قەحتان‌و سەرانی ئەمن ڕەچاوی قسەو گفتوگۆکانیـان دەکـردو گاڵتـەیان بـەو جـۆرە عـەقڵ‌و بیرکردنەوەیـە دەهـات، بۆیـە قـەحتان بەسـووکایەتی پێکردنەوە وتی:

ـ ئای لەو تەکبیرە...؟!!

عادل ڕەنگی گۆڕاو پاساوی بۆ قسەکانی هێنایەوە وتی:



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ــ نـا... خـۆ مـن مەبەسـتم نـەبوو ڕێـو شـوێن بخەمـە بـەردەم بـەڕێزتان..خۆتـان لەهـەموو کـەس زیـاتر شـارەزان‌و مامۆسـتاو گـەورەی ئێمەن...! چی دەفەرموون ئێمە لەخزمەتتاندایین...!!

قـەحتان چـەند سـاتێکی کـەم بێـدەنگ بـوو، پاشـان بەمـشتەکۆڵەیەك کێشای بە مێزەکەی بەردەستی‌داو وتی:

ــ بـەڕێزان ... ئـەم ولاٌتـە دوژمنـی زۆرە ...یـەکێك لـەو دوژمنانـە ئەمانەن...!

یەکێك لەعەرەبەکان هەڵیدایەو وتی:

ـ ئەگـەر دیـارو بەرچـاون بـۆ دەسـتگیریان نەکـەین‌و ڕەوانـەی ئـەمنی سلێمانی‌یان نەکەین...؟!

قەحتان ڕقی هەستاو بەتووڕەیی‌یەوە نەڕاندی بەسەریانداو وتی:

ـ من هێشتا قسەکانم تەواونەکردووە، ئێوە ڕێو شوێنمان بۆ دامەنێن، گوێ بگرن و بەس...!!

خامۆشـی بـاڵی کێـشا بەسـەر هەموویانـداو و کەسـیان زاتـی ئـەوەیان نەکرد پێشنیار بکەن جارێکی‌تر...قەحتان بەردەوام بوو لەسەر قسەکانی‌و بەچاوێکی سوورو دڵێکی خەشم‌و قیناوی‌یەوە وتی:

ــ پـێش ئـەوەی دەسـتگیریان بکـەین دەبێـت چـەند کەسـانێك بنێرینـە ناویـان‌و بـزانین باسـی چـی‌دەکەن‌و پەیوەنـدی‌یان لەگـەڵ کێـدا بەسـتووە...لـەناو مەفرەزەکانـدا چـەند لاوێکمـان بـۆ دیـاری بکـەن لەگـەڵ چـەند ئافرەتێکـدا کـەخۆمان دیاری‌یـان دەکـەین و، بۆمـاوەی مانگێـك خولێکیان بۆ دەکەینەوەو چۆنیەتی بەدەستهێنانی زانیاری‌و تێکەڵ بوون بـەو تاقمـە یـان فێـر دەکـەین... پـێش ئـەوەی ئەمنـەکان‌و بەرپرسـی مەفرەزەکان هیچ بدرکێنن، دیسان قەحتان پێشی لێگرتن‌و وتی:



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ــ کەسانێکم دەوێت نەناسراوبن... چەند کەسێك بۆ گەڕەکی کانی عاشقان‌و پیرمحەممەدو سەراو مامۆستایان، ئۆردوگاکانیش کارکردن تیایدا وابزانم ئاسانترە...

ئنجا تفێکی قووت داو وتی:

ــ ئەو ئافرەتانەی ئامشۆمان دەکەن‌و پەیوەندیمان هەیە لەگەڵیان دابەشیان دەکەین بەسەر گەڕەکەکانداو...

یەکێك لەئەمنەکان وتی:

ـ قوربان زۆربەی ئەو ئافرەتانە ناسراون‌و خەڵکی هەڵەبجە بەئاسانی دەیان ناسن...

قەحتان گاڵتەی بەعەقڵی هاوەڵەکەی هات سادەیی لەشێوازی بیرکردنەوەکەی‌دا خوێندەوەو وتی:

ـ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەواندا زۆر ئاسانە، نەشمیل لەهەمان قوتابخانەی مەحمووددایەو پۆشاکەکەی بگۆڕێت‌و چەند ڕەفتارێکی‌تر وەهایان لێدەکات گرنگی پێ‌بدەن‌و بەتەوبەکار لەقەڵەمی بدەن...!

شەهێن‌و بەهاریش لەگەڕەکدا مامەڵەیان خۆش بکەن لەگەڵیانداو هەوڵ بدەن لەیەکێك لەو ئەڵقانەی ئافرەتاندا جێی خۆیان بکەنەوە، هەریەك لەو مامۆستایانەشی لەگەڵ ئێمەدا هاوکارن‌و لەڕێگەی مونەزەمەوە پەیوەندی‌یان پێوەکراوە دەبێت ئامادە بکرێن‌و چاوپێکەوتنێك سازبکەین‌و ئەوانەی دەمانەوێت هەڵیان بژێرین‌و بەشداریان پێبکەین لەهەمان خولدا...

ئامادەبوونی دانیشتنەکە هیچیان بەرامبەر ئەم قسانە نەوت‌و لەکۆتایی‌دا قەحتان پێی وتن:



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ـ خۆ ئەگەر ئەم هەنگاوەش سەری نەگرت ئەوا لەبەردەستماندان و بۆ کوێ هەڵدێن...؟! بەئاسانی دەستگیریان دەکەین و ئەوەش قۆناغێکەو پاش ئەم قۆناغە دێتە ڕێمان...!

بێ پێچو پەنا فەرمانەکان لەسینەی ئامادەبووواندا جێگیر بوون و دوایی هێنرا بەدانیشتنەکەیان...

* * *

لەچەند ڕۆژێکدا ئەو هەنگاوانە نران و دەستەی هەڵبژاردە لەبارەگای ئەمندا دیاریکران، قەحتان شانازی بەم کارەوە دەکردو بەهەنگاوێکیشی دانابوو بۆ دەم کوت کردنی بەرپرسی موخابەرات و زاڵ بوون بەسەریدا... پیاوەکانی بەجیا بینی، پێرستی ئەرکی داهاتووی بۆ والآکردن و یاریدەدەرەکەشی ڕاسپارد بۆ ئەوەی خشتەی خولە تایبەتیەکەیان بۆ بخوێنێتەوەو، مانگێك بەبەردەوامی ئامادەبن، ئافرەتەکانیش بەهەمان شێوە لەهۆڵێکی تردا کۆکرانەوەو قەحتان تێرتێر بەشان و باڵیاندا هەڵیداو، چەند بەڵێنێکی پێدان بەبەرزکردنەوەی ئاستیان و یارمەتی و بەخشش ڕژاندن بەسەریاندا...! لەناو هەمووشیاندا زیاتر گرنگی خستە سەر ڕۆڵی نەشمیل و بەهارو شەهێن و وتی:

ـ ڕۆڵی ئێوە زیاتر دەبێت و دەمەوێت هەر چۆنێك بێت جێگەی خۆتان بکەنەوەو لەنێو ئەو ئەڵقانەداو هەواڵی دانیشتن و کۆنووس و ژمارەی بەشداربووان و هەر هەواڵێکیتر پەیوەست بەوانەوە بۆمان بنووسن و پێمان ڕابگەیەنن..!

ئنجا بەنەشمیلی وت:



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ـــ تـۆ لەبیرمەنـدی ئـەم تاقمـەوە نزیکـی...دەتوانیـت لەقوتابخانـە پەیوەندی‌یـەکی وەهـای لەگەڵـدا ببەسـتی متمانـەت پێبکـات‌و وانەیـەکی تایبەتت بۆ دابنێت...

نـەشمیل ئـەم ئەرکـەی بـەلاوەگرانبوو، پێـشتریش بـەهۆی یـەکێك لەهاوەڵەکانی‌یـەوە تووشـی ئـەم جـۆرە تێکەڵاوی‌یـە هـاتبوو، چـەند جـار بیری‌کردبوویەوە دەستیان لێ هەڵبگرێت بەلاّم وازیان لێ‌نەدەهێناو هەندێك جاریش هەڕەشـەیان لێدەکرد، ئـەویش لەترسـی خوشـك‌وبرا بچووکەکانی دادەمرکایـەوەو دانـی بـەخۆدا دەگـرت، لەناخیـشەوە حـەزی بەپابەنـدبوون بەئیـسلامەوە هـەبوو، بـەلاّم نەیـدەوێرا ئـەو حـەزەی دەرببڕێـت‌و، ڕێزێکـی زۆری مـەحموودو هاوەڵەکانیـشی دەگـرت، هەمیـشە لەلێـدوانی نێـوان خۆیانـدا بیروبۆچـوونەکانی دەخەملاّنـدو هەوڵی‌ـدەدا خوشـك‌و براکـانی لەسەر ڕەویەی ئەوان بڕۆن...

پێـشتر ئـەرکی وەهـا قـورس نەخرابوویـە ئەسـتۆی، زۆربـەی دانیـشتنەکانی ئەوانـەی سـەر بـەحزبی بـەعس بـوون ئامـادە نـەدەبوو، بیـانووی دەدۆزی‌یـەوە، هـۆی سـەرەکی هـەموو دەردەسـەری‌یەکانی خانەوادەی خۆیانیشی ئۆباڵی ئەستۆی ئەوان دەکرد، باوکی لەسەرەتای جـەنگی ئێـران ـــ عێراقـدا کوژرابـوو، کۆشـی منـداڵی هـەتیووی بەجێهێشتبوو، گەورەکەیان نـەشمیل بوو، ئەوانـەی خـوار ئـەویش هـەموو سـەیری دەسـتی خوشـکەکەیان دەکـرد، ئـەویش بـە چـاککردنی قـژی ئافرەتان‌و مامۆستایی هەوڵی‌دابوو بەخێویان بکات، خـەڵکیش بەچاوێکی سووك تەماشایان دەکردو وێـڕای غیرەت‌و نەخشاندنی ماندووبوونی تانـەو تەشەرو قسەی پووچیان شوێن دەخست...!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

سەرباری ئەو فشارەی لە بواری ئابووریدا لەسەری بوو ملی نەدابوو بۆ هیچ کەسو وەك ئافرەتانی نێو دەزگای ئەمن گیانو لاشەی نەکردبوو بەسەرچاوەی ڕزقو بژێوی براو خوشکەکانیو، لەسنوورێکی دیاریکراودا تێکەڵی ئەمنەکان بوو... قەحتانو چەند ئەمنێکیش چاوە برسییەکانیان دەگێڕا بەسەر سنگو بالاْو پاشووپێشیداو بۆ دەروازەیەك دەگەڕان لێوەی بچنە نێو جیهانە پیسو گەندەڵەکەیانو لەبەها ڕەوشتییەکانی دابماڵنو جەستەی حەلالْ بکەن...!

لەهەوڵەکانیانـدا سـەرکەوتوو نـەبوون، بەسەرشـۆڕییەوە چـۆکیان دانـابوو، بـەڵکو بتـوانن گـوڵی کـچێنی بـڕاکێننو زیـاتر وابەسـتەی ئـەمنو کارەکەیانی بکەن...!

ڕاڤەکردنی نیازەکانی ئەمن بۆ ئەم تاقمە ئاسایی بوو، هیچ کام لەو لاوو ئافرەتانـە دوودڵـی نـەهات بەسـەریاندا" جگـە لـە نـەشمیل نـەبێت، لەلایـەك دوودڵ بـوو لەلایـەکیش حـەزی بەوپێداویستییانە دەکـرد کـە ئـەم چەشـنە کارانــە هــەڵیان گرتبــوو لەبالاْپۆشــیو پابەنــدبوونو... بــەلاْم نــەك وەك ســیخوڕێك ، لەهــەمان کاتیــشدا زاتــی ئــەوەی نــەبوو بەقــەحتان بڵــێ دەســتبەردارم بــبنو بــا بەحــەیاو شــەرەفەوە بــژیمو بــراو خوشــکەکانم پێبگەیـەنمو لـەوەزیاتر شـەرمەزرای نـاو خـەڵکی نـەبم...!!تـەنها ئەوەنـدەی پێکراو وتی:

ـ ئەم کارە واپێویست دەکات هەمان ڕێگەی ئەوان بگرینەبەر...

ئـەم قـسەیەش ئاماژەیــەك بــوو بــۆ بالاْپۆشــیو، قــەحتانیش بەچــاوە شەیتانییەکانییەوە وتی:

ـ ئەرکێکی کاتییەو دواتر خۆداماڵین لێی ئاسانە...

بەهاریش حیلکەیەکیکردو وتی:



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ـ ئێمەومانان ناتوانین تاسەر وابژین...

نـەشمیل لەدڵـەوە چـارەی کەسـیانی نەدەویـستو تـفو نـەفرەتی دەکـردنو دەیـووت: (( ئێـوە کەسـێتی کوردتـان گلاْوکـردووەو ، دەزانم هەموو شەوێك گیانتـان حـەلاڵ دەکەن بۆ ئەمنـەکان... ئای چەند ڕقم لـەو رەوشتانەتانە...!!هـەر ئێوەش بوون بەمایـەی ڕەگ داکوتـانی ئـەم سـەگانە لێـرەو گاڵتەوسـووکایەتی کردنیـان بەچـارەنووسمان...! ئـای حــەیام بەحەیاتان نەبێت ، لەقەبریشا دووربم لێتان...!!)).

شەهێنیش وتی:

ــ ئامینــە ســەرە ژنــی گەڕەکــە... ئەوژنانــە بــێ ئــەو دەســت ناکــەن بەئاودا... گرانە ئێمەومانان نزیك ببینـەوە لـەو لادێیییە دواکەوتووە... بەلاْم لەپێناوی حزبی بەعسدا ئەگەر بۆ نـاو ئاگریـشمان بـەرن ئـەوا دوودڵ نابینو ناگەڕێینەوە دوا...!

قەحتان دەستێکی دابەشانیداو وتی:

ـ تۆ هەمیشە بەرخۆلەی ئێمەبوویتو درێغیت نەکردووە...!!

شـەهێنیش بەمەکرێکـەوە قاچـی خـستە سـەریەكو بەرامبـەر قـەحتان دانیشتو گیانی نیمچە ڕووتی دەرخستو وتی:

ـ بەهەموو شتێك لەخزمەتدام...!!

ـ ئافەرین ...! تۆشازادەی ئەم دەزگایەیت...

ئەم پیاهەڵدانە بۆ جووڵاندنی نـەشمیل بـوو، ئـەویش زیـاتر لێیـان مـۆڕ بوویەوەو پیشی خواردەوە...

پاشان قەحتان لەسەر مێزەکەی هەستاو وتی:

ــ پـاش ئـەو خولـە تایبەتـە دەبێـت هەریـەك بەئـەرکی سەرشـانی هەڵبسێتو زانیاریمان بۆ بهێنێت...




PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەملکەچـــی‌یەکەوە ڕەزامەنـــدی‌یان نوانـــدو لەبەردەســـتی قەحتانـــدا بێ‌ئیرادە سـەریان کزکـردو، تـەنها نـەشمیل لەناخـەوە بێـزاری دەردەبڕی‌و چاریشی نـەبوو لەگـەڵ ئـەوبارەداو دەبوایـە بـەزۆر لـەخۆکردنیش بێـت کـات بەڕێ بکات‌و بزانێت سەری لەچی‌یەوە دەردەچێت...!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com





PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

مـانگێکی تـەواو قـەحتان ئـەو ئەڵقـە لەگوێیانـەی هێنـاوبردو چـەندین وانـەیان پـێ گـوتن سـەبارەت بەجاسووسـیو گواسـتنەوەی زانیـاریو رەگ داکوتان لەناوجەرگەی ئەو ئەڵقە پەروەردەییانەدا...

یەکـەمجار بـوو لەسـەر ئاسـتی ئـەمنی شـارێکی وەك هەڵەبجـە بـەو فراوانییـە مەشـق بەئەڵقـە لـەگوێکانی ئـەمن بکرێـت، قـەحتان لەخۆشـیدا وەختە بوو شامەرگ دەبوو...! بەتایبەت قینی هەڵدەستا بەو فیکرو بیرەی مـەحموودو هاوەڵـەکانی هـەڵیانگرتبوو، وەڵامدانـەوەی خـەڵکی و بەدەمـەوەهاتنیان هۆکـارێکی سـەرەکی بـوو بـۆ پەسـت بـوونی، بۆیـە ئـەم هەنگاوەی بـەخاڵێکی کاریگـەر ژمـاردو واپـەی دەبـرد لەوماوەیـەی داینـاوە زانیارییـەکی وەهـای دەسـتگیر دەبێـت کـەبتوانێت دەسـتگیریان بکـاتو تۆمـەتیان بـۆ بهۆنێتـەوە...!!ئەوسـاش وای لـەحاڵیان!" چـۆن لەمەکینـەی مەرگیان دەداتو بەهیچ کلۆجێك ڕزگاریـان نابێـت لەچەکمەی خوێنـاویو دڕندەی...!!

قەحتان خولیـای ئـەم خەیاڵانـەبوو کاتێـك یـەکێك لـەپیاوەکانی بەنـەرمی دەرگای ژوورەکەی قڵیشاندو پێی وت:

ـ گـەورەم هـەردوو تیمـی نهێنـی تایبـەت ئامـادەن بـۆ ئـەوەی دوایـین ڕێنومایی لەبەڕێزت ببیستن...

ماوەیەکی کەمی بردو قەحتان لەو هۆڵـەدا لەسەرکورسییە تایبەتەکەی دانیشتو وتی:

ـ بـەڕێزان... ئێـوە بـۆ ئـەرکێکی گـرنگ ئامـادەکراونو لـەناو سـەرجەم ڕێکخستنەکانماندا ئێوەمان هەڵبژاردووە...

بەم قسانە جۆشیان خواردو یەکێکیان هەستاو وتی:



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ـ بەڕۆح و گیان و خوێن فیدای بەعسین...!!

ئەڵقەلـــەگوێکانیش دەســـتیانکرد بەچـــەپڵەلێدان و دووبارەکردنـــەوەی هوتافی هاوەڵەکەیان... قەحتانیش ڕیزێك قسەی لەناو دڵیا ئامادەکردبوو بەڵام قسەکانی  کورت کردەوەو ناچار بۆ هێورکردنەوەیان و زیاتر تاودانی هەستیان وتی:

ــ بۆیـه ڕەچاوی بەجێگەیانـدنی ئـەم ئەرکـەو زیاتریـشتان لێدەکـەم...!

ئـەو ئەرکانـەی پێـشووتان جیـاوازە لـەم ئەرکـەو ئەمانـە کۆمـەڵێکن هـەروا ئاسان نین و دەبێت ئاگاداری خۆتان بن لەمامەڵەکردنتان لەگەڵیان...

لەڕاستیشدا ئەو کۆمەڵەی مەحموود هاوەڵەکانی جیاوازبوون لـە حـزب و لایەنـــەکانی ســـەر گۆڕەپـــانی خـــەباتی کـــوردی، ئـــەوان زادەی پـــەروەردەو پابەنـدبوونێکی قـووڵ بـوون، ڕەگـی ژیانیـان گرێـدرابوو لەگـەڵ ئـەو بـیرو باوەڕەدا کەهەڵیان گرتبوو، پەروەردەکردنیان لەسەر بەها بەرزەکان گشت پـــەتێکی پـــساوی دنیـــای لێ بڕیبـــوون و تاکـــە ڕووناکییـــەك لـــەئاسمانی کوردستـانەوە بـەدییان دەکـرد دەرەنجـامی پـەیامی پـیرۆزو مـەزنیان بـوو، ڕەوشی ئاسایی ژیانیشیان بەڵگەبوو لەسەر پاکێتیو بێگرێو پێچ بوونی هەڵسوو کەوتەکانیان... چونکە بەرژەوەنـدی مـاددیو سیاسـی بەیەکیـەوە گرێنـــەدابوون" مامۆســـتای وەهایـــان تێـــدابوو لەســـەر گیرفـــانی خـــۆی قوتابییـەکانی بـەخێو دەکـرد یـا لـەپێناوی جێبـەجێکردنی هۆکـارێکی پەروەردەییـدا مـانگێکی ڕەبـەق بێپـارەوپوول هـاتو چـۆی دەکـرد! بۆیـە ژیانی ئەو کۆمەڵە بیناکردن بوو لەئاستی تێکدان و ڕمان و پەلـەقاژەکردنی لایەنـــەکان بـــەدوای دەســـتکەوت و پـــشتگیری حکومەتـــەکانی ناوچـــەکەو تێکدانی کەسێتیو بەش بەش بوونی بەدوای حەزو ئارەزوو و سیاسـەتە چەواشەکاریەکان....!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئەمەش مۆركێكی تایبەتی دەدا لەم پەروەردەكارانە تا لەناو كۆمەڵدا بەفریشتەو پاكیزە ئاسا مامەڵەیان لەگەڵدا بكەن‌و بۆیان بڕوانن، پێچەوانەی دەزگا بەعسی‌یەكان كە هەمیشە گومانی خراپیان دەبرد بەهەمو گەلی كوردستان‌و دانیشتن‌و كارە چاكسازی‌یەكانیان بەپیلانگێران دادەناو هەوڵی پاساودانی بەرزكردنەوەی پلەی خۆیان‌و شكستیان لەبەردەم ئەم ڕەوشە نوێ‌یەدا دەدا ...

قەحتان ئاوی گوێی ئەڵقە لەگوێ‌و پیاوو ئافرەتەكانی دەزگای جاسووسی ئەمنی‌دا كە هەریەكەیان بۆ گەڕەك‌و شوێنێكی بانگەواز بچن‌و لەنزیكەوە ئاگاداریان بكەن بەڕاپۆرتەكانیان...

تاكەكەسێك دوو دڵ بوو نەشمیل بوو، ویژدانی هەراسانی كردبوو، چۆن كاری سیخوڕی بكات بەسەر مەحموودەوەو جێ‌پێ‌یەك قایم بكات لەنێو قوتابی‌یەكانی‌دا...

بەدرێژایی ئەوشەوانەی دوایی خولەكەیان خەو لەچاوەكانی تۆرابوو، بەدەم ئێش‌و ئازاری ویژدانەوە تەپاو تلی دەكردو چەندین سەرەداوی بیروڕاو چارەسەر دەهاتن‌و دەچوون بەبیریداو هەڵوێستەی دەكرد لە ئاستیانداو دواتر دەبوو بەبار بەسەریانەوە...

ترسی سەرەكیشی چارەنووسی دایكی‌و خوشك‌و براكانی بوو... ئەگینا هەر زوو بڕیاری‌دابوو بێ كۆت‌و بەند هەموو شتێك لای مەحموود باس بكات‌و لای قەحتانیش بەبارێكی جیاوازدا بیگێڕێتەوە... بەلاَم دڕندەیی ئەوان وەهای لێكرد ئارام بگرێت‌و چارەنووسی بەهەوانتە نەكا بەساقەی هەنگاوێكی لەوجۆرە...! خۆ ئەگەر پێی‌بزانن ئەوا تیادەچێت‌و ئەوەی بەئەستەم پارێزگاری لێكردووە لەكیسی دەچێت‌و خوشك‌و براكانیشی سەرگەردان دەبن‌و كەسیش لایەكی خێریان لێ‌ناكاتەوە...!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لەگـەڵ دەگەیـشت بـەم دەرەنجامـە ئـیتر دنیـا لەبەرچـاوی ڕەش دەبـوو، خـۆی لـەنێو گەلـەگورگێکی بـێ ڕەحـم و بەزەیی‌ـدا دەبینیـەوەو هەرچـەند هـاواری دەکـرد کـەس بـەفریای نـەدەهات، ئنجـا سـەری کزدەکـردو بـەکوڵ دەگریاو لەنێوان ئازاری ویژدان و ترسـان لەچارەنووسدا پـەنگی دەخـواردو زیاتر نائومێدی دەیگرت...

چـەند شـەوێك لەسـەر یـەك ئەمـە حـاڵی بـوو، لەقوتابخانـەش ڕەنـگ زەردی و بێتاقەتی پێوە دیاربوو، هاوەڵـەکانی هەریـەك بـۆ خـۆیـان دەژیـان و باکیـان نـەبوو لـە کێـشەو گرفتـی یـەکتری، تـەنها مـەحموودو چـەند مامۆسـتایەك نـەبێت چـاودێری مامۆسـتایانیان دەکـرد، سـەرجەم کێـشەوگرفتی مامۆسـتاکان ئاگـاداربوون و ڕۆڵـی دڵـسۆزی‌یان بـۆ دەنوانـدن...مـەحموود بەچـاوەکانی نەشمیلـدا ئـاهو خـەم و خەفـەتێکی بێئەنـدازەی دەخوێنـدەوە...!هەرچـەندە نـەشمیل بـەئافرەتێکی بەعـسی ناسرابوو بەڵام خاوەن سروشتێکی پاك بـوو، هـەرکات مەحموود قسەی بـۆ بکردایـە گوێبیـستی قـسەکانی دەبـوو، بەپێـچەوانەی هەنـدێك لەمامۆستایانەوەبوو، حـەزی بەوباسـانەدەکردو زیـاتر متمانـەی دەبەخـشی بەبەرامبەرەکەی تا بتوانێت فیکرو بیروبۆچوونەکانی والا بکات...

بـەڵام ئەوتێکەڵاوی‌یـەی مـەحموودیش لەسـنوورێکدا قـەتیس مـابوو، ترسـان لـەوەی نـەبادا گومـانی خراپـی پێبـەرن و بەبەعـسی و تـەواوکاری ئەوان لەقەڵەمی بدەن، بۆیە هەر لەبۆنـەو کاتـە گشتی‌یەکاندا نـەبێت قسەی بـۆ نـەشمیل نـەدەکردو پـڕ بـەدڵیش حـەزی دەکـرد ئـەم ئافرەتـە لـەزەلکاوی بۆگـەنی بـەعس ڕزگـار بکـات و بتوانێـت سـەرلەنوێ کەسـایەتی بـۆ دابڕێژێتـەوە... پەیوەندی‌یەکەشـیان لـەم قاڵبـەدا مایـەوە تـا بێتاقـەتی نەشمیلی بێزارکردو زۆریان بۆ هێنا، ئەوسا ڕۆژێکیـان بێئـەوەی خـۆی بـۆ



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئامادە کردبێت هەر لە ڕارەوی نێوان ژووری مامۆستایان‌و گۆڕەپانی قوتابخانەدا مەحموودو نەشمیل بەیەك گەیشتن‌و لەهەواڵ پرسینەوە نیشانەو هێماکانی دەردەسەری ئەو ئافرەتە بۆ مەحموود ڕوون بوویەوە...!!

لەسەر قەراغی سەکۆیەکی بارێك دانیشتن‌و مەحموود وەك دڵسۆزێك پێی وت:

ـ مامۆستا واهەست دەکەم ماندو و بێتاقەت بیت ...؟!

ئەم هەواڵ پرسینە دەروازەیەك بوو بۆ نەشمیل‌و بێتوانایی لەوەڵامدانەوەی مەحموود، ناچار بەچەند فرمێسکێك بارەکەی واڵاکردو خۆش خۆش بەسەری پەنجەکانی دەیسڕی... وردە وردەش هەستی بەساف بوونی باری دەروون‌و یەکلا بوونەوەی دەروون دەکرد...

مەحموود ڕەنگی کەمێك پەشۆکاو سەرەتا ئەم گریانەی بەمەکرو فێڵ دانا، بەڵام لەسۆمای چاوەکانی نەشمیلدا ڕاستی‌و پاکێتی بەدی دەکردو بەرەنگاری هەستی هەڵچووی ناو دەروونی بوویەوەو حاڵی بێنەواو هەڵگرتنی باری گوزەرانی خێزانێکی شەش حەوت کەسی هێنایە پێش چاوو زیاتر ئەو ئافرەتەی لا بەرزبوویەوە، ویستی گەر بەقسەش بێت بتوانێت یارمەتی بداتو خەمو خەفەتی لەسەر سووك بکاتو، بۆیە بەدەنگێکی نزم‌و هێواشەوە وتی:

ـــ نەشمیل خان چیتە...؟! حەزدەکەم یارمەتیت بدەم‌و هەرچیم لەتوانادابێت درێغی نەکەم...

نەشمیل شارەزای مەحموود بوو، بەڕەفتاری ڕۆژانەو ڕاستی بانگەوازو قسەکانی قەناعەتێکی تەواوی بەدڵسۆزی هەبوو، حەزیشی نەدەکرد سیخوڕبێت بەسەریەوەو لەناکاو وتی:



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ـ مامۆستا تۆ تاچ ڕادەیەك متمانەت بەمن هەیە ؟!

مەحموود لەم پرسیارە سەری سوڕماو بیٚ زۆر لەخۆکردن وتی:

ـ من سروشتێکی پاك لە تۆدا بەدی دەکەم، هەرچەندە لێرە باش باست ناکەن...!

نەشمیل خۆی ڕاستی ئەم رایەی دەزانیو هیچ تێك نەچوو پیٚی و وتی:

ـ دەزانم خەڵکی وادەزانن من بەچەشنی ئەو مامۆستا بەعسیانە تێکەڵ بووم لەگەڵ ئەمنداو دەستبەرداری حەیاو شەرەفو بەهاکانی ژیانم بووم... بەلاٚم باوەڕم پیٚبکە وەها نىیە...!!

مەحموود بەهەستە ناسکەکەی دەرکی بەناخی ئەم ئافرەتەکردو دڵنیابوو لەڕاستگۆییو بەمتمانەیەکی زۆرەوە وتی:

ـ بەدەر لەوان من حسابێکی تایبەتیم بۆ تۆکردووە... لەگەڵ سەرجەم ئاهو خەمەکانتا ئاشنامو هەمیشە لەنەفسی خۆمدا بەهانەم بۆهێناویتەوە، لەگەڵ ئامینەی خێزانیشمدا ڕۆڵی تۆمان باسکردووە بۆ براو خوشکەکانت...

ئەم قسانە کەمێك شادی هێنا بەسەر نەشمیلداو زیاتر متمانەی بەمەحموود پەیداکردو وتی:

ـ دڵنیابە من بەعسی نیم... تا ئێستاش کارێکی وەهام نەکردووە حەیاو شەرەفم لەدەست بچێت...بۆیە...

لێرەدا زمانی لێك ئالاٚو دەستەوەستان ما لەوەی قسەکانی پێشووی تەواو بکات" لەتاوا دڵی پڕبوویەوەو جارێکیتر پەنای بردەوە بەرگریانو ئەمجارە زۆر بەکوڵ گریا... ئەم گۆڕانە کتوپڕە وای لە مەحموودکرد بۆنی شتێك بکاتو هەروا دەستبەرداری نەبێت، لەبەرئەوە بەردەوام هێوری



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دەکــردەوەو باســی ئــارام گــرتن‌و پاداشــتی خوایی‌ــو مرۆڤــی خــاوەن هەڵوێست‌و چەندین باسی ئیمانی بۆدەکرد تا گشت کۆسپێك لەبەردەم نەشمیلدا هەڵگیراو بەسروشتە پاکەکەیەوە وتی:

ـ نهێنی‌یەکی یەکجار گەورەم پێیەو ویژدانم چەند شەوە پەرێشانی کردووم... خەوو خواردنم لێ‌تاڵ بووە...!

مەحموود بەپەرۆشەوە پرسی:

ـ نهێنیی چی ...؟!

ـ نهێنی‌یەك پەیوەندی بەئێوەوەهەیە...

ـ ئێمە کێین...؟!

ـ مامۆستا خۆت هەڵەمەکەو باش گوێم بۆ ڕابگرە...

ئنجــا نــەشمیل لەنووکــەوە باســی ئــەو ڕووداوانــەی نێــو دەزگــای ئــەمنی‌کردو مــەحموودیش تــەواو حەپەســاو سەرســامی زاڵ بووبــوو بەســەریاو لەدڵیــشەوە ئاشــکرابوونی هەوڵــەکانی قــەحتانی بەدەســتی پــەروەردگار دادەنــاو ناپــاکی‌و کــارێکی خراپیــشی لــەرەوتی بانگــەوازو داڕشــتنەوەی کەســێتی‌دا بــەدی نــەدەکرد، زۆر خۆشــحاڵیش بــوو بــە ڕاســتگۆیی نــەشمیل‌و مــشوورخواردنی‌و زیــاتر گــورج‌و گــۆڵ بــوو لەســەر ئــەوەی ئــەم هەڵوێــستە لەبیرنــەکات‌و مــشوورێکی بخــوات‌و لەدەســتی ئــەو گەلــە گورگــە قوتــاری بکــات... بۆیــە زۆر سوپاســی کــردو هەڵوێــستەکەی خەملاندو وتی:

ـ ئەم کارەی تۆ هەرگیز لەیاد ناکەم... لەئەمڕۆ بەدواوە تۆش یەکێکی لەئێمەو دەست بەردارت نابین...

نــەشمیل بــەم قــسانە گەشــایەوە، بــەڵام لــەناکاو نەخــشەو پیلانەکــەی قەحتانی بیر کەوتەوەو وتی:



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ـ بەڵام ئەو قسانە تەنها من بۆتۆم کردووە... قەحتان پێم بزانێت ئەوا وەی لەحاڵم...؟!!

مەحموود بۆدڵنیاکردنی وتی:

ـ خوشکم مەترسە... من پێم وتیت دڵنیابە... ئەوەی من پێت دەڵێم هەر ئەوەیان بۆ بگوێزەرەوەو کارێکی وامەکە گومانت لیٚبکەن...

ئەو متمانەیەی مەحموود بۆ نەشمیل دەستکەوتێکی مەزن بوو لەدڵەوە شادمان بوو بەدرکاندنی نهێنیٚیەکەو بەپشت ئەستووریٚیەوە وتی:

ـ هەرگیز نەم دەتوانی ناپاکی لەگەڵ تۆدابکەم...

مەحموود دڵسۆزیی نەشمیلی بۆ بەرجەستە بوو و وتی:

ـ منیش دڵنیابووم لەوەی یەکێکی وەك تۆ کەخاوەن سروشتێکی پاكو بیٚگەردە خیانەت ناکات لەهاوڕیٚو خاكو نیشتمانەکەی بۆ گەلە گورگێکی دڕندەو لمۆز خوێناوی... سبەینیٚ چارەنووسی خیانەت بەدەردەکەوێتو لە رووڕەشی زیاتر هیچی تریان دەست ناکەوێت...!

ـ من زۆر باوەڕم پێتە، بەوخوایە پەروەردەکردنی ئێوە بۆ منداڵو لاوو چینەکانی کۆمەڵگە خاڵێکی گرنگ بوو لەوەرچەرخاندنی من بەرەو راستیٚو کلك گریٚنەدانم لەگەڵ ئەو بەعسیٚیە فاشیزمو ڕەوشت نزمانە...

ـ دڵنیابە لەوەی ئەم ڕێگەیەی ئێمە گرتوومانە راستترینو پاکترین ڕێگەیە...

ئنجا مەحموود بۆ ڕۆشن کردنەوەی ڕێبازەکەیان وتی:

ـ ئێمە حزب نین... تاقمێکی جیاواز نین لەو میللەتە... ڕۆڵەی ئەو میللەتەینو لەناوجەرگەی ئەواندا هەڵقولاوین...ناسۆریٚیەکانی ژیان وەهای لێکردین بەباربێینو ئەرکی داڕشتنەوەی کەسایەتی میللەت بگرینە ئەستۆمان...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لێرەدا نەشمیل پرسیارێکی بۆ دروست بوو سەبارەت بە مەحموودو هاوەڵەکانیو وتی:

ـ ئەی کێ پشتگیریتان دەکات...؟!

مەحموود بزەیەك گرتی و وتی:

ــ عەرزم کردیت ئێمە حزب نین... ئالیەتی حزبایەتی بەهەڵە دەزانینو کلکایەتی وڵاتانی بێگانەی دەوێت، دیسان ئەزموونێکی نوێی چەکداری دووبارە دەبێتەوەو هەمان سیناریۆ دێتەوە ئارا و گیانی شیرینی رۆڵەکانمان لەدەست دەدەین...!!

ــ حەز دەکەم زیاتر شارەزای رێبازو بیروبۆچوونتان ببم... وابزانم لەئەمڕۆ بەدواوە یەکێکم لەئێوە...

مەحموود ئەم قسەیەی بەدەرفەتێکی باش دەزانیو وتی:

ـ هەموو کوردستان بەشێکە لەئێمەو ئێمەش بەشێکین لەوان...بیری ئێمە لەسەر پەروەردەکردنی تاکی کوردی دامەزراوە ... پەروەردەیەك بەناخی تاکدا ڕۆبچێتو سەرجەم بوارەکانی ژیانی بگرێتەوەو لەئەنجامدا کەسێتییەکی داڕێژراو بەباربهێنێتو بتوانێت گۆڕانکارییەکی سپی لەسەرزەمینی کوردستان دروست بکات...

ـ مەبەستت چییە لەگۆڕانکاری سپی؟

ــ شۆڕشێکی ڕۆشنبیریو زانستی" کەمیللەت پێی هەڵبسێتو لەناوخۆو دەرەوەی وڵاتدا ڕاوبۆچوونی کۆك بکات لەسەر دروستکردنی کۆماری کوردستانو دوایی هێنان بە مەرگەساتی چەندین ساڵەی رابوردوو...

ـ بەڵام ئەم کارە هەروا ئاسان نییە...؟!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ــ دڵنیاین لەوە، بۆیە ئێمەش بەهێواشی بەرەو ئەو مەبەستە هەنگاو هەڵدەگرین‌و دیسان دیدوبۆچوونەکان دیاری دەکەین‌و لەدایك بوونێکی نویێ بۆ مرۆڤی کورد فەراهەم دێنین...

ـ هۆکارەکانتان بۆ ئەو مەبەستە تەنها پەروەردەیە ؟!!

ــ بەڵێ... بەڵام وەك وتم پەروەردەیەك سەرجەم بواری ژیانی تاکی کوردی بگرێتەوە...لەکەسێتی‌یەکی شپرزەوە بۆ کەسێتی‌یەکی داڕێژراو... لەکەسێتی‌یەکی ساویلکەوە بۆ کەسێتی‌یەکی ژیرو دووربین... ئەزموونی رابوردوو ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت بەچەك چارەسەری کێشەی ئێمە ناکرێت... بێگومان لەگەڵ رێزی بێ پایانمان بۆ هەموو چەکدارێکی کورد...

ــ ئەم بۆچوونانە زۆر مەزنن... پرۆژەیەکی پیرۆزن بۆ داهاتووی میللەتێکی خێر نەدیوو... بەڵام هەوڵی دوژمنان بۆچانەو کوردستان بەدوژمن دەورەدراوە... هەر ئەوەش وای کردووە لەو خەڵکە... نائومێد بن لەداهاتوو...!

ــ نائومێدی حاڵەتێکی نەفسی‌یەو لەدەرەنجامی شکست دا پەیدا دەبێت، بەڵام لەبەرامبەر نائومێدی‌دا گەشبینی هەیە ... ئێمە مامۆستاین...مامۆستاش دڵی زیندووی گەلەو دەبێت هەمیشە چارەسەری دەردو نەخۆشی ئەو میللەتە بکات‌و هیوایان بەبەردابهێنێت... ئێمە بەهێمنی‌و هێواشی بۆ ئەو مەبەستەی هەمانە هەنگاو دەنێین“ ئیتر نائومێدی ناتوانێت زاڵ بێت بەسەرمانداو ئەوسا لەپێناوی فەراهەمهێنانی مەبەستە باڵاکاندا قوربانی دەدەین‌و چین بەچین ژیان بەجێ‌دەهێڵێ‌و ئالای تێکۆشان لەچینی پێش خۆی وەردەگرێ... هەر بۆیە یەکێك لەشاعیرانی کورد جوانی وتووە کاتێ دەڵێ :



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

میللەت کەهاتە مەیدانی ژیان

بەرز دەکاتەوە ئالآی تێکۆشان

بۆ بنیادنـانی ژیانێـك هـەوڵ دەدات و لەوپێناوەشـدا ئـالآو بەیـداخی تێکۆشان بەرزدەکاتەوە...

ـ شانازی دەکەم بەوەی منیش یەکێك بم لەئێوە...

ـ ئێمەش بەسینەیەکی فراوانەوە قبووڵمانە...

ئنجـا مـەحموود ڕەفتارەکـانی داهـاتووی نـەشمیلی دیـاریکردو پێـشی وت:

ـ ئاگاداربـەو هـەرکات بـۆنی گومانیـان کـرد لـە هەڵسوکەوتەکانت ئـەوا زوو ئاگادارمان بکەرەوە...

نەشمیلیش بەمتمانەوە مەحموودی دڵنیاکردو وتی:

ـ پـاش دڵنیـابوونم ئـەوا بێبـاکم لـەو قـەدەرەی دێتـە ڕێـم، مـادام بـۆ پەیامێکی مەزن دەژیم و خزمەت دەکەم...

ـ سوپاس بۆ خوا لەسەر نیعمەتی ڕێنومایی و قوتـار بوونـت لەنـەفامی و نەزانین...

ـ سەدجار شوکرو سوپاس بۆ خوا ...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

مەحموود دوای ئاشکرابوونی پیلانەکانی قەحتان بەنهێنی کاغەزی ناردبۆ هەریەك لەهاوەڵەکانی و دوای نوێژی بەیانیان دیاریکرد بۆ کۆبوونەوە لەماڵێك لەوماڵانەی هیچ کەس گومانی لێنەدەکردو خەیاڵی بەلای ئەوەدا نەدەچوو ئەو دەستە مامۆستایە دوای نوێژی بەیانی بگەن بەیەك...

دانیشتنی ئەم جارەیان کتوپڕبوو، هێشتا دووربوو لەوبەروارەی جاری پێشوو دەستنیشانیان کردبوو...دڵنیابوون لەوەی شتێك لەئارادایەو ئەگینا مەحموود بەو پەلەپەلە کۆی نەدەکردنەوە...

سرووتی دانیشتنەکەش جیاوازبوو لە دانیشتنی ئاسایی‌و مەحموود راستەوخۆ باسەکەی کردەوە وتی:

ـ مامۆستایانی بەڕێزم... نەدەکرا تا بەرواری دانیشتنی ئاسایی چاوەڕێ بین‌و یەکتری نەبینین...

لەبەرئەوەی چەند هەواڵێکی گرنگمان دەست کەوتووەو دووپاتی ئەوەدەکەن قەحتان‌و دەزگاکەی پیلانێکی گەورەیان گێڕاوەو ئێستا لەبەجێگەیاندنی ئەوپیلانەدان...

ئنجا باسی پیلان‌و نەخشەی قەحتانی‌کردو بازی‌دا بەسەر سەرچاوەی هەواڵەکە، بەلاّم دڵنیایی‌کردن لەوەی گومانیان نەبێت‌و هەریەك لەئاستی خۆیەوە زیاتر چمکە پەروەردەیی‌یەکان خەست بکاتەوەو بۆ ڕەچاوکردنی گیانی قوتابییەکانیش چەند رێگەیەکیان گرتە بەرو بەتێروتەسەلی بەشێوازی کارکردنی خۆیاندا چوونەوە...

ئاڵوگۆڕیشیانکرد لەنێوان ئەوخێزانەپەروەردەیی‌یانەی هەیان بوو، کاتی وانەگشتی‌یەکانیش گۆڕانیان بەسەردا هات، لەودانیشتنەدا کەتا



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

چێشتەنگاوی خایاند کڵێشەیەکیان دیاریکرد بۆ ئەوەی لەسەری بڕۆن و قوتابییەکان بەدووربگرن لەدەستگیرکردن...

سەبارەت بەئافرەتانیش خێزانەکانیان سپارد بەئەو دەستە بالآیەی پێکیان هێنابوو لەچەند ئافرەتێك و هەریەکەیان لەسەرەتای دەست بەکاربوونی مەحموودەوە پەروەردەکرابوون و بەچەند قۆناغێکدا برابوون، ئەو خێزانەش دێرینترین خێزان بوو، پێکهاتبوو لەنازدارو شلێرو چەند قوتابییەکی دیکەو هەریەکە لەو قوتابیانە پلەوئاستێکیان هەبوو لە خوێندەواریدا، دەیانتوانی بەئیشی ماموستاکانیان هەڵبستن و ئەزموونێکی نوێش بوو بۆ تاقیکردنەوەی تواناو لێهاتنەکانیان...

بەشێوەیەکی گشتی گۆڕانکاری لەسەروبنی ئیشووکارداکرا، زیندووکردنەوەی بۆنەکانیش خرایە ئەستۆی پیاوانی بەتەمەن و حاجی و شێخەکان، ئەوەشی قەحتان و سیخورەکانی بۆ تاوداو خاڵی کونکردنی ریزەکانی بۆ نەخشاند هەمووی بەسەریەکدا تێکچوو، لەسەداسەد پێچەوانەی بیرۆکەو تێکستە ئەمنییەکانبوو، فەزڵی یەکەم لەم کارەشدا دەگەڕایەوە بۆ نەشمیل و دواتریش لێزانی مەحموود کەوتەگەڕو رۆڵی تایبەتی بینی...

بەچوونەدەرەوەی هاوەڵانی مەحموود لەدانیشتنەکە هەموو جموجووڵێکیان گۆڕانی بەسەردا هات، دەروازەی بانگەوازی کەسانی نوێ داخراو ئەو ماموستایانەی وەك هێمایەك وەهابوون قوتابی لەدەوریان مۆڵبووبوویەوە کەوتنە حاڵی مت بوون و هەریەك قوتابی و شێوازی وانەوتنەوەی دەگۆڕی و جاری واش هەبوو مەلایەکی ڕیش سپیانی رادەسپارد بەبەرچاوی خەڵکییەوە تاقم تاقم کۆدەبوونەوە لەدەوری و شێوازێکی تەقلیدییان دەکرد بەبەری پابەندبوونەکەدا...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

خودی قوتابییەکانیش پرسیارن لەسەر ئەم گۆڕانە کتوپڕە بۆ دروست بووبوو، چاریشیان نەبوو، وابەبارهێنرابوون گوێڕایەڵ بن‌و لەسۆنگەی متمانەیان بەمامۆستاکانیان هیچ نەدرکێنن‌و بەچەشن‌و شێوازێکی پەروەردەیی بزانن...

لەو ماوەیەشدا جەنگی ئێران ـ عێراق لەچڵەپۆدابوو، خەڵکێکی زۆر لە سنووری ناوچەی هەڵەبجەدا کۆبووبوونەوەو ڕۆژانە خەڵکی باریان دەکردو لەگوندو ناوچەکانی دەورەبەرەوە دەهاتنە هەڵەبجەو ئۆردوگاکان‌و تێکەڵ بە قۆناغێکی پڕلەمەینەتی نوێ دەبوون...!!

دەزگای ئەمنیش بەدەر لەو چالاکی‌یەی قەحتان دروستی‌کردبوو و سیخوڕی بۆ پێگەیاندبوو چەندین فشاری تر کەوتبووە ئەستۆی‌و دەبوایە لەئاستی پێویستدا مامەڵە بکات‌و، سەربەستی‌کردنی ئەمنی ناوچەکەو زیاتر سەرقاڵکردنی خەڵکی‌و تاودانی مەفرەزەکانی بۆ سیخوڕی بەسەر حزبەکان‌و دەیان کێشە کەبەرەنگاری دەزگای ئەمن دەبوویەوەو پەیتاپەیتا لەبەڕێوەبەرایەتی ئەمنی گشتی‌یەوە فشاریان بۆ هێنابوو، دەمێك تووشی لێپرسینەوەی توند دەهات لەسەر ڕفاندنی چەك‌و سپاردنی چەك‌وجبەخانەو خاڵەکانی بەرەنگاری ئەمن بەهێزی پاسداران‌و هاوکاری‌کردنی هەندێك لەو مەفرەزانە لەگەڵ سووپای بەدرو ئەنجومەنی بالآی شۆڕشی ئیسلامی لەعێراقدا“ کەئێران چەندین مۆڵگەی بۆکردبوونەوەو بەنهێنی‌و بەیاوەری هێزی پێشمەرگە دەهاتنە سەر ڕەبایەکان‌و هەندێك جاریش تاسەر ئاوی سیروان دەهاتن...

ڕێکخستنی حزبە کوردستانیەکانیش لەپێدەشتی شارەزوور مایەی نیگەرانی بەرپرسانی بەعس بوو، تەق‌و تۆق‌و دەستوەشاندن‌و چەندین چالاکی‌تر فشارێکیان لەسەر دەزگای ئەمن دروستکردبوو نەتوانێت تەنها



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

شوێن دۆسیەی پەروەردەکاران بکەوێتو ئەو خەونەی قەحتان لەبیریدا ڕەنگی بۆ ڕشتبوو پەل پەل ببێتو سەرەڕای پاداشتو دڵسۆزی زیاتر سەرزەنشت وەربگرێتو خزمەتەکانی بۆبەرپرسانی سەرووی نەبێتە تکاکاری لەئاست ئەو کەلێینانەی کەوتبووە ناوچەکەوەو لیژنەی باڵای سەرپەرشتی سەدان ڕەخنەو پلاری ئاڕاستەبکەن...!!

سیخوڕەکانی قەحتانیش پشت ئەستوورانە شەو و ڕۆژیان گرێدابوو بەدوای یەکداو عەودالْ بوون بەشوێن ئەو مەبەستەی قەحتان بۆی دەستنیشان کردبوون، بەڵام سەرقاڵ بوونی ئەمن بە دۆسیەی جەنجاڵی ناوچەکەوە هەموو شتێکی لەبیربردنەوەو دانایی مەحموودو هاوەڵەکانیشی هۆکارێکی گرنگ بوو لە پاراستنی قوتابیەکانیان لەدەستگیرکردن یا هەڵخەڵەتاندنیانو بەکارهێنانیان وەك سیخوڕو یەدەکی بەعس...

مانگێکی ڕەبەق تێپەڕی بەسەر ئەو دانیشتنەی دوایی قەحتانو سیخوڕەکانیو لەناکاو بڕیارێك لەئەمنی گشتییەوە دەرچوو بەگواستنەوەی قەحتانو دووهاوکاری بۆ بەرپرسیاریەتی ئەمنی دەربەندیخان، ئەم بڕیارەش پیلانەکەی لەبن هەڵتەکاندو ئەو ئەزموونەی بەگەڕی خستبوو بەچەشنی تۆزێك بەئاسماندا بڵاوبوویەوە...

خۆشی بڕوای نەبوو بەعس هەروا گوێنەدا بەهەوڵەکانیو لەداخا تفی لەخودی خۆیشی دەکردو دەیانجار شەقی دادەهێنایەوە بۆ مێزو کورسییەکەیو بەتوندی دەکێشای بەدارو دیواری بارەگاکەدا...چۆن دامەزراندی ئەو تۆڕە فرە سیخوڕەی چەند ساڵی ڕابردوو بەبەرچاوییەوە تواندەوەو ناچار لەبەرخۆیەوە دەیووت:



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ـــ صـەدام ئـاوا پاداشـتم دەداتـەوە ... ئـای ... ئـای چـەند بـەد بەختم...؟!!

لەمەراق و نائومێدبووندا خواحافیزیشی نەکرد لەکەس و بەئۆتۆمبێلێك لەدەروازەی شارەوە هەڵبجەی بەجێهێشت...!

* * *

نەشمیل لەهەموو کەس زیاتر خۆشحاڵ بوو بەنەقڵ بوونی قەحتان و لەیەك بچڕاندنی ئەو ئەڵقە گرێدراوانەی بۆ جاسووسی بەسەر تاقمی پەروەردکارانەوە دایمەزراندبوو ...نەشمیل هەستی بەلەدایك بوونێکی نوێدەکردو ئەوجلەوبەرگەشی بەپێی سیاسەتی قەحتان و دەزگاکەی کرابوو بەبەریدا مایەی شانازیبوو بۆی و هەرگیز نەدەهات بەبیریدا بگەڕێتەوە دۆخی جاران، واهەستیدەکرد لەدەروازەیەکی فراوانەوە سەرجەم دەرگاکانی بۆ والاکراوەو بۆ هەتاهەتا ژیانی پێشووی زیندە بەچاڵ کردو لەرەوتی پەروەردەو پێگەیاندندا شوێنی خۆی دۆزیوەتەوە...

تێکەڵ بوونیشی لەگەڵ مەحموودو ئامینەو ئەوخێزانە پەروەردەییە نوێیەدا بریتیبون لەمایەی شادیو خۆشحاڵیو لەبازنەی ڕەش بیذیو هەست کردن بەکۆست کەوتن هاتبوویە دەرەوە، چێژ وەرگرتن لەدانیشتنەکان و ئالوودەبوونی بەرگی ئافرەتێکی باوەڕدار بیرو هۆشیان داگیر کردبوو، لەقوتابخانەکەشی لەپێشدا ئەوگۆڕانەیان بە هەواداربوونی مۆدێل داناو، لەسنووری ڕووکەشدا پێناسەی کەسایەتی نەشمیلیان



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دەکــرد، تــەنها مــەحموودو هاوەڵــەکانی ئاگــاداری هــەنگاوەکانی بــونو بەنهێنی ڕێیان دەخستەبەریو دەست بەرداری نەدەبوون...

ئەوەنــدەش سەرســام بووبــوو بەکەســێتی مــەحموود لەبەرچــاویدا ون نــەدەبوو، وێــڕای ئــەوەی زۆرجــار لــەگۆڕەپانی قوتابخانەکــەیان بەیەکــەوە دەهــاتنو دەچــوونو چــەندین پرســیاری لێــدەکرد" کــەم ڕۆژ هەڵبکەوتایــە ســەردانی مــاڵی مــەحموودی نەکردایــەو لەنزیکــەوە تێکــەڵ بەخانەوادەکــەی نەبووایە...

ئامینەی خێزانی مەحموودیش خاوەن عـەقڵێکی داڕێـژراوبوو، هـەرگیز بــیری بــەلای گومــانی خرپــدا بــاری نــەدەکردو متمانەیــەکی تــەواوی بەمێردەکـەی هـەبوو، لەبەرئـەوە بەسـینەیەکی فـراوانو ڕوویـەکی گەشـەوە پێــشوازی لــەمیوانی نوێــدەکردو زیــاتر ڕێبــازی لاشــیرین دەکــردو ئــەو فەلـــسەفە پەروەردەییـــەی دانیـــشتنو شـــێوازەکانی هـــەڵیانگرتبوو لەبەرچاویدا بەزینـدوێتی دەبینـرا بۆیـە ڕەنگـی بـاوەڕی پتـەوتر دەبـوو... ئەو جۆرە مامەڵەیەش هاندەرێکی کاریگەربوو لـەژیانی نەشمیلداو هەریـەك لەدەســـــتە خوشـــــکەکانی بەقەڵایـــــەکی پتـــــەودەبینیو مـــــەحموودو هاوەڵەکانیشی بەوپیاوانەی خاوەن هەڵوێستو کەسایەتین دەهاتنـە پـێش چـاوی، هەسـتی بـەئارامی دەکـردو دوای ئـەوەی دایـكو خوشـكو براکـانی بەسـەردەکردەوەو دڵنیـادەبوو لەخـەوتنیان دەسـتنوێژێکی دەگـرتو لەسـەر بەرماڵەکـەی دەســتی دەکــرد بەنوێــژو قورئــان خوێنــدن، دوایــش بــەدەم پاڕانــەوە هەڵدەســتاو خــۆی دەهاویــشتە نێوجێگەکــەیو ســەری لەســەر ســەرینەکەی دادەنــاو بــەڕۆح تێکــەڵ دەبــوو لەگــەڵ کــاروانی هاوبیرانیـداو بــەردەوام دیدوبۆچــوونەکانی هەڵدەســەنگاندنو بــەنزیکترینو باشــترین چارەســەر بــەدی دەکــردن، هــەرکات ئــەو هەســتە چاکسازەی بەرجەســتە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دەکرد لەئانای دابەش بوونی خەڵك‌و هەواداربوونیان خەم دایدەگرت، بەلاّم ئیرادەو ویستی نەپساوی مامۆستاو بیرمەندەکەی لەو قەیرانە قوتاری دەکردو تەماشی کۆتای ڕێبازی نەدەکردو دڵخۆش دەبوو بەڕێکەوتنی ئەو کاروانەو پەیدابوونی بیرکردنەوەیەکی ڕۆشنبیری‌و شارستانی " کەتیایدا چەك‌و کوشتار دەخرایە بیری قوڵی ژیان‌و ، شۆڕشەکانی ڕابردووی‌دەکرد بەئەزموونێك بۆداهاتووی خۆی‌و بەمیکانیزم‌و ئالیەتێکی نویّ مامەڵەی لەگەڵ مرۆڤی کورد دەکردو بناغەیەکی دادەڕشت بۆ میللەتێکی خێرنەدیووی دەربەدەری خاك دابەشکراو...!

بەلاّم نەهامەتی کۆمەڵگەی کوردەواری‌و دابەش بوونی بەسەر چەند لایەن‌و بیرێکداو پێداکوتانی دوژمن لەخاکی کوردستان تووشی نیگەرانی‌یان دەکردەوەو دیسان پەنای دەگرت بەئیرادەی پتەوی ئەو کۆمەڵەو بەهەستێکی تازەو دیدێکی ڕۆشنەوە بۆ ژیانی دەڕوانی‌و، سەدان جار تان‌و پۆی کێشەی کوردی دەکردو لەو چەشنە بیکردنەوەیە زیاتر چارەسەری بەدی نەدەکرد، هەوڵی‌دەدا ئەوپلەوپایەی لەوانەکانی مەحمووددا باس دەکرێت بگرێتەبەرو کەلێنەکانی نائومێدی‌و ڕەش بینی بگرێت‌و ڕیشەکێشی بکات لەنەفسی‌دا...

بەردەوام لەم جۆرە بیرانە ڕوویان دەکردە مێشکی نەشمیل‌و هەستکردن بەسەرکەوتن بەسەر قەحتانداو سیخورەکانی یەکێك بوو لە پاڵنەرانەی شادی بۆ دەهێناو زیاتر گەشدەبوویەوەو خەوی لەچاوەکانی بۆماوەیەك دەتاراند...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئۆتۆمبێلێـك لەئــەمنی ســلێمانیەوە بەتایبــەت ڕەوانــەکرا بــۆ ئــەمنی هەڵەبجــە، شووشــەکانی دەرگــای ئۆتۆمبێلەکــە داخرابــوو، لەنزیکیــشەوە ڕەچــاوی ئەوەنــەدەکرا ئــاخۆ کێ‌لــەناو ئۆتۆمبێلەکــەدابێت، بەرپرســانی دەزگــای ئــەمنیش بێ‌ئاگــابوون لــەوەی چ بــاس بێــت‌و ئــاخۆ کــێ لەئــەمنی ســلێمانی‌یەوە بــەرەو هەڵەبجــە ڕەوانــەبکرێت؟ ، بەرپرســی ئــەمن یــان زیندانی، ناگونجێت زیندانی لەسلێمانی‌یەوە رەوانەی هەڵەبجە بکرێـت... بەرپرسی دەزگا ئەمنی‌یەکانیش بەتاك‌و تەرا هاتوو چۆ ناکەن...!

ئـەو نهێنیـە زۆری نەخایانـدو بەگەیـشتنی ئۆتۆمبێلەکـە پـەردە لەسـەر هەواڵەکـەلابراو یاوەرێـك لەپێـشی ئۆتۆمبێلەکـەدا دانیـشتبوو لەدوایـشەوە دو پاسەوان‌و کەسێکی قژبژو چڵکن دانیشتبوو...!!

ئەمنەکان لەگۆڕەپانی بارەگاکـەیان دەوری ئۆتۆمبێلەکەیان داو یاوەرکـە دابــەزی‌و لەگــەڵ دووچــەکدارەکەدا دەســبەجێ بردیــانن بــۆ ژووری بەڕێوەبەری ئەمن‌و هـەرزوو یاوەرەکە لاپەڕەیـەکی خستە بـەردەم بەرپرسـی ئـەمن‌و پـاش ئیمزاکردنـی ئـیتر ژوورەکـەی بەجێ‌هێـشت‌و بەتـەنها ئـەو لاوە قژبژن‌و چڵکنە مایەوە، بەرپرسی ئەمن لێی چوویە پێشەوە وتی:

- عومەر ئاگات لەخۆتە...؟!!

عومــــەریش هۆشــــی بەســــەر خۆیــــەوە نــــەمابوو، لەقــــەیرانێکی دەروونی‌ـدابوو، زوو زوو دەبوورایـەوەو کـەفێکی سـپی لەلاشـەویلگەکانی دەهاتنــــە دەرەوە... بێــــدەنگیش بڕابــــوو بەســــەریداو بــــەردەوام لەتەوشــەیەکیش لــەزاری نەدەهاتــە دەرەوە، ئــەو کارەبایــەی دابوویــان لەمێشکی ئەوحاڵـەیان بـۆ دروسـتکردبوو، دوو مـانگ لەئـەمنی سـلێمانی بەوحاڵەوە هێشتبوویانەوەو دوایی بۆیان دەرکەوتبوو شێت بووە...!!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

پزیشكەكان ئەوحاڵەی عومەریان بۆ دەستنیشان نەكرابوو، نیوەشەو پڕ بەتوانای خۆی هاواری دەكردو لەترسا دانەجیڕەی پێدەكەوت و هەموو لاشەی دەهاتنە لەرزە... !

دەزگای ئەمن لەلای خۆیەوە بڕیاری‌دابوو ئازادی بكات و بیداتەوە دەست كەس‌وكاری، پێچەوانەی زیندانیەكانی خەڵكی سلێمانی بێ‌بانگكردنی كەس‌وكاریان بەرەڵای شەقامەكانیان دەكردن...!

بەرپرسی ئەمن زۆری وت لەگەڵ عومەرو گومانی نەبوو لەوەی شێت بووەو ناتوانێت لەوجیهانەی كەتێی كەوتووە جارێكی‌تر بێتە دەرەوە...! بەدەم پێكەنینەوە لەبەرخۆیەوە وتی:

ــ شەیتان بازاڕە...! قوڕبەسەر ئەوەی پێوە دەبێت... بەعس چی بوێت دەیكات... خوای سەر زەمینە... ئێرە ولاٚت و مەملەكەتی بەعسە...!

قاقایەكی بەرزی‌لێداو ئەوسا دەستی‌نابەزەنگی ژوورەكەی‌داو پیاوێك هاتو سلاٚوێكی بۆ كرد، ئەویش چەند لاپەڕەیەكی مەلەفەكەی بەردەستی هەڵدایەوەو وتی:

ــ تازە بائەمشەو ئەم شێتە لێرە بێت ، قەحتان خانەوادەكەی ڕاگوێزكردووە بۆ سیروان ... سبەینێ بچن بەشوێن باوكی‌دا بائاوی گوێی بدەین و كوڕەشێتەكەی تەسلیم بكەینەوە...!!

ئنجا ئەمنەكە دەستی عومەری گرت و بردی بۆ ژوورێكی تاریك، ئەو شەوەشی لەشەوانی پێشووی ئەمنی سلێمانی باشتر نەبوو، تەنها سەمونێكی ڕەقیان پێداو لەژوورێكی تاریكدا بەتەنها بەندیانكرد، بەوەیش زیاتر باری دەروونی عومەر گرژبوو، ئەوسا بارەنائاسایی‌یەكە هات بەسەریداو بەچنگی دیواری زیندانەكەی دەڕنی‌و هەموونینۆكی خوێنی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

پێـدا دەچـۆڕایەوەو چـەند جـارێکیش سـەری دەکێـشا بەدیوارەکـەداو تـا لەهۆش چوو ...

کـەس نـەبوو بێـت بەدەنگیـەوەو جەسـتەی یـەك پارچـە تـەخت بـوو لەژوورەکەداو تابەرەبەیان هۆشی نەهاتەوە...!!

*　　*　　*

حاجی سەیفە لەگەڵ خەرامانو سـەرجەم منداڵەکانـدا لەژوورێکـدا بـوون لەسـیروان، بـژێویان بەزەحمـەت بـەڕێوە دەچـوو، بـەرزانی کـوڕەزای دوای ئەوەی لەقوتابخانە دەگەڕایەوە عەرەبانەیەکیان بۆ دروست کردبوو پاقلـەی لەسەر دەفرۆشـتو ، خوشکەکانیـشی لەبـەردەرگا بەسـینیەك محەلەبیـەوە دادەنیشتنو زستانانیش بەشێلمو نۆکاو فرۆشتنەوە خەریك بوون...!!

بەم دەردەسەریەوە ئەوجا گەر نانەسکەیان دەست بکەوتایـە، خـۆ ئەگـەر نەخۆشـیش بکەوتنایـە ئـەوا دەبـوو بێـدەرمان بـەدەم ئازاروئەشـکەنجەوە بناڵێنن تابەشکو شفایان بۆ بێتو چاك ببنەوە...!!

ژیان لەئۆردوگای سیروان جیاوازیەکی وەهای نەبوو لەشـاری هەڵەبجـەو ئەو نەخشەو پیلانانەی بەعس کێشابووی پڕاوپـڕ ژیـانی هـەموو کوردێکـی گرتبوویـەوەو سـەرجەم خـەڵکی لەئۆردوگایـەکی تەلبەنـدکراودامۆڵکردبوو، هەمیـشە هـەواڵی نـاخۆشو کارەسـاتی مـەرگاویی دەهـات بەسـەریانداو خۆشەویسترین کەسی دەپێچایەوەو جەرگ بڕو ماڵ وێرانی دەکردن...!

وێـڕای هـەژاریو نـەداری ئـەم خانەوادەیـە بـەڵام لەسـەر هیـوای ئـەوە دەژیـان کوڕەکـەیان ئـازادبکرێو هاوکارێـك بێـت لەبـژێوی پەیداکردنـدا بۆیـان، کەچـی دیـسان ڕەشـەبای قـەدەر ئاڕاسـتەو لەنگـەری کەشـتی ژیـانی بەلایەکدا بردن کەخۆیان بۆ ئامادەنەکردبوو، شێت بوونی ڕۆڵەکـەیان...!! ڕۆڵـەی عاقڵو ژیرودانـا...!! ئـەو کەسـەی هـەموو هـاوڕێو مامۆسـتاکانی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

داهاتوویەکی ڕۆشنیان بۆ ڕەچاوکردبوو... کەچی زوڵم و ستەم بەزەبرو زەنگەکەی ژیانی لێشێواندن و وێڵی بیابانی ژیانی کردن بەپەرێشانی و برینداری و زامێکی قووڵەوە...

حاجی سەیفە بەبینینی کوڕەکەی شادبوویەوەو هەموو فرمێسکی شادییان سڕی و باوەشیان پێداکرد، بەڵام عومەر لەودنیایە دەرچوبوو، تەنها جەستەکەی بەزیندوێتی مابوویەوەو جار بەجاریش هەڵیدەڕوانی پیایانداو فرمێسك لەچاوەکانی دەهاتنە دەرەوەو لەپڕ دەیدایە قاقای پێکەنین و دیسان دەگەڕایەوە سەر باری پێشووی و لەپڕمەی گریاندا دەتاسا...!!

جل وبەرگیان بۆ گۆڕی و سەروریشیان بۆتاشی و هەموو خزمەتێکی پێویستیانکرد، هەربۆیەکەڵك بوو، بۆلای چەندین پزیشکیان برد چاك نەبوویەوە، ناچار دەستیان بەسەراگرت و بڕیاریاندا نەیەڵن بێتە دەرەوە لەماڵەوەو گیری بدەن...!

ئەم کارەساتەی هاتبوو بەسەر عومەردا سەرجەم ئەندامانی ڕێبازی پەروەردەی نیگەرانکردو هەندێك جار مەحموود لەتاوا دەگریاو جگە لەدوعای خێر زیاتر چارەسەرێکی شك نەدەبرد ...

نازداریش لەهەمووان پەرێشانتربوو، خەوو پشوودانی نەمابوو، خواردن و خواردنەوەی بریتی بوو لەگریان و خەم و خەفەت... ئەو خۆشەویستەی خەوی بەگەڕانەوەیەوە دەبینی سەد جار خۆزگەی دەخواست هەر لەزینداندا بوایەو بەوحاڵەوە نەی بینیایە...

چەند جارێکیش کۆشاو هەوڵی دا بەتەنها هەستی بجوڵێنێت و بیهێنێتەوە سەر ری و بەزمانە شیرینەکەی بانگی کردو هەوڵی دا پردی ئەوینی نێوان چاوەکانیان ببەستێتەوەو لەوحاڵە قوتاری بکات، بەڵام ئەو



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

حاڵەی لە ئەمن بەعومەر کرابوو لەسەرو هەمووپێشبینیەکەوەبوو، بۆیە ئەویش دەستی لێشۆردو عومەر بووبە یادەوەریەکی ناسۆرو هەمیشە بیری لێدەکردەوە...!

شەوانیش ئێشێکی بێوچان باڵیان دەکێشا بەسەر عومەرداو پڕبەو ماڵە هاواری دەکردو هەموویانی بەئاگادەهێنایەوە تابەیانی بەدیارەیەوەدەبوون و خەونەدەچووە چاوەکانیان...! بەیانیانیش هەموو جلەکانی لەبەری دادەکەنی و دەستیدەکرد بەقژڕنینی خۆی و گریان و هاوار...!

هەر ڕۆژو شەوێکیش بۆ ئەوخانەوادەیە مەرگێك بوو ڕووی تێدەکردن و کۆڵی مەینەتیەکانی پتر دەکردن...!

بەرپرسی ئەمن لەلای خۆیەوە حاجی سەیفەی ئاگادار کردبوو گەرباسی دەستگیرکردنی عومەر بکات ئەوا هەموویان لەئەمنی سلێمانی توند دەکەن...!

تاکە هاناو پەناگەیەکیان تەنها بارەگای خوایی‌بوو، هەمیشە حاجی سەیفە بەدەم پاڕانەوەو گریانەوە فەرەحیەکی دەهات بەسەراو دەیووت: سوپاس بۆ تۆ خوایە گیان... بەس ئیە ڕێگەی تۆمان لێدانەخراوە...!

خێزانەکەیشی بەبەژن و بالای بەکروعوسمان و عومەردا هەڵیدەداو بەتایبەت عەسران شین و شەپۆڕ لەماڵیان هەڵدەستاو دەرودراوسێکانیان بەنهێنی گوێیان هەڵدەخست یا بەیانوویەکەوە دەچوون بۆ لایان ، ئەوانیش هەریەك لێقەوماوی لایەك بوون و زامی مەرگی کوڕو مێردی کوژراویان لەماڵی ئەوان دەکولایەوەو دەگریان بەملی خەم و کۆستی نەبڕاوەی ژیانیاندا...!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com





PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

شێت بوونی عومەر کۆستێکی گەورەبوو بۆ نازدار، هیچ بەهانەیەکی بەدەستەوە نەمابوو بۆ شوونەکردنی، داواکاریش بەردەوام لەدەرگای ماڵیانی دەداو، پیاوماقوڵو کەسایەتی ناسراویان دەهێناو تکایان دەکرد لەمیرزا نازداریان پیٚڕەوا ببینێت...!

لەپێشەنگی داواکارانی ئیسماعیلی مام رەحیم بوو، لاوێکی خوێندەواربوو، لەزووەوە جوانی نازدار کەمەندکێشیان کردبوو، پشت ئەستووریش بوو بەوەی لەگەڵ تاقمو کۆمەڵی چاکخوازاندا بەینی هەبوو تاڕادەیەك خۆی بەپەسەند دەزانی لایان...!

تاکە عەیبێك ئیسماعیل هەستی پێدەکرد لەئاستیدا هەژاری‌بوو، ئەوەش لەلای خانەوادەی میرزا گرفتێکی لاوەکی بوو ، هەرگیز بیریان لیٚنەدەکردەوە، بەڵام لەنەفسی ئیسماعیلدا کاریگەریەکی گەورەی دروست کردبوو، هەستی بەکەمو کوڕیو خۆبەکەم زانین دەکرد لەنێو هاوەڵانی‌داو هەرکاتیش باوکی دەبینی پاڵ بەعارەبانەوە دەنێت دڵی دەگیراو، سەرزەنشتی توندی نەفسی‌دەکرد لەسەر کەمتەرخەمی و هەوڵ نەدانی بۆ باشکردنی باری گوزەرانی خانەوادەکەی...

لەلایەکی‌تریشەوە ئیسماعیل هاوەڵی گیانی بەگیانی عومەربوو، دەرکی بە هەواداریی عومەرو نازدارکردبوو، بەڵام لێقەومانی عومەرو گۆشەگیربوونی هەمووشتێکی لەبیر بردبوویەوەو زیاتر هەستی جووڵاندبوو بۆنازدار...

داواکردنو ڕازی بوونی خانەوادەی میرزا زۆر کتوپڕبوو، لەماوەیەکی کورتدا هەمووشتێك ڕێکخراو فاتمی خێزانی میرزاو دایکی کوڕەکەش



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لەناو خزمەکانیاندا دەیان گووت: نسیبەکەیان قەڵەمی لێدرابوو...بۆیە ئاوا خێرا سەری گرت...

ڕووداوەکەش بەبەراوردکردنی لەگەڵ ئەو هەموو داواکارو هەوڵەدا بۆ ڕازیکردنی نازدار جێگەی سەرنج و تێڕامان بوو، چەندین داواکار لەهەڵەبجەو ئۆردوگاکانی دەوری تەنانەت لەسلێمانیشەوە هاتبوونە داخوازی نازدار بەڵام چونکە قەڵەمی چارەنووس ڕەزامەندی لێنەدرابوو هەر لەشوێنی خۆی مابویەوە، کاتێکیش ڕەزامەندی هاتە گۆڕ ئەوا بێ گرێوگۆ هەمووشتێك ڕێکخراو هاتە دی...!

مەحموودو ئامینەش پێخۆشحاڵ بوون گەرچی تەواو کەسایەتی ئیسماعیلیان نەدەناسی و لایەنە پەنهانیەکانیان بۆ ئاشکرانەبووبوو، بەڵام بەهەنگاوێکی باشیان دەزانی دەرهەق بەحاڵی پەرێشانی نازدارو ئومێدی خێریان بۆ دەردەبڕی...

ئەزموونی شووکردنیش بەوشێوازە بۆ نازدار ئەزمونێکی تایبەتی بوو، لەدیارکردن و ڕۆژانی دەزگیرانیدا هەوڵیدەدا شۆڕەسواری خەونەکانی لەئیسماعیلدا بەرجەستە بکات، سەرەڕای ڕازی بوونی بەڵام جۆرێك لەنائومێدی پاڵیان پێوەنابوو ڕازی بێت و عومەر لەبیروهۆشیدا بەشێوەیەکی کاتیش بێت وەدەربهێنێت...!

ڕۆژانی ئەوەڵی دەستنیشانکردنی لەقەیرانێکی نەفسیدا دەژیاو هەمیشە بەدەم گریانەوە سەری دەنایەوە، بەبیرکردنەوە لەعومەرو چارەنووسی مەینەتیەکانی زیاتر تاوی ئاگری نێو دەروونیان هەڵدەگیرساند...شیرین و فاتمی دایکی لەماڵەکەدا نزیکترین کەس بوون هاوخەمی بۆ بەختی کچەکەیان دەربڕن، فرمێسکەگەشەکانی گۆنای ئاڵی نازدار سەرسامی کردبوون، نائومێدی یان لەقسەو ڕەنگ و بۆیدا بەدی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دەکـرد، هەرسـاتێکی هەڵـسوکەوتی کـچەکەشیان دەیـان پرسـیاری بـۆ دروست دەکردن‌و سۆزو بەزەیی‌یان بۆ نازدار دەهاتە جۆش...!

شـیرین بـەدەر لەئەنـدامانی خانـەوادەی مـیرزا پلەوپایەیـەکی تایبـەتی هـەبوو لـەدڵی نـازداردا‌و لـەدوای ئامینـە بەحەشـارگای نهێنیـەکانی دادەنـا، گفتوگـۆو نهێنـی نێـوان شـیرین‌و نـازداریش هەمیـشە دەقێکـی تایبـەتی گرتبوو بەخۆیەوەو نازدار هەوڵی‌دەدا ڕێـزی شـیرین بپارێزێـت‌و بەخوشـکە گەورەی مـاڵی دابنێـت، شـیرینیش بـەدڵێکی بریـندارەوە نـازداری لـەئامێزی دەگرت‌و جیاوازیەکی ئـەوتۆی نـەدەکرد لـەنێوان ڕۆژگـاری جگـەر گۆشـەی‌و نـازدارداو هـەردوو کیژەکـەی بەنـەوەی خێرنـەدیوودادەناو بـەدەم گریـان‌و سـوێی نـاو دەروونیـەوە دەیگـووت: زۆردارو سـتەمکار نایـەڵن بەخۆشـی ژیـان بەرینـە سـەر...! ئـای خوایـە گیـان...کـچ‌و کـوڕی کـورد لـەچ بەدبەختی‌یەکدا ژیان دەبەنە سەر...؟!!

هـەر لاوێکـیش بەتـەنها خـاوەنی جـۆرە ئـەزمونێکی خۆی‌بـوو، کـوڕان ناچار دەکران دژی زوڵـم‌و سـتەم چەك هـەڵبگرن، یـان مـل درێژبکـەن‌و ڕازی بن بەخزمەتی سەربازی‌و لەیەکێك لەبەرەکانی شەڕدا گیان لەدەست بدەن، ئەوانەشـی خــەریکی خوێنــدن بــوون بیــانووی ئیمــزاو بەعـسی بوونیــان لێ‌ـدەگرتن، هاوینــانیش دەبــوو بــچن بــۆ بنکــەی مەشــقی ســەربازی‌و هەرکەســێکیش بەشــداری نەکردایــە ئــەوا دەکەوتــە بەرلێــشاوی تۆمـەتبارکردن‌و لەدوایـشدا لـەزانکۆو پـەیمانگاکان دەردەکـراو دەبـوو بـۆ سەربازی بچێت ،یان هەڵبێت بەرەوئێران‌و ئۆردوگاکانی...!!

خواسـتی کـچان هەمیـشە تووشـی گۆبەنـد دەهـات‌و حـەزەکانیان هەڵـدەورین‌و ئـەزموونێکی کاریگـەریان لەسـەر نەفـسە ناسـك‌و شووشـە ئاسـاکانیان بـەجێ دەهێـشت...! نـازداریش یـەکێك بـوو لەوکیژانـەی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دڵدارەکەی لەدەست دابوو، ئەستەم بوو بتوانێت بەتەنها ژیان بەرێتە سەر، ئامادەش بوو پرچی سپی بەدیار عومەرەوە بهۆنێتەوە ئەگەر دەسبەرداری بونایەو ئەوەندە بەرۆکیان پێنەگرتایە بۆ شووکردن...!!

دوای مارە بڕینیشی هەر دڵی لای عومەربوو، دەکۆشاو هەوڵێکی یەکجار گەورەی دەدا زاڵ بێت بەسەر ئەو خۆشەویستیەداو، هەمیشە بەشکستو بێدەستەڵاتیەوە دەوەستایەوە...! چاری نەبوو جگە لەقایل بوون زیاتر" تازەکار لەکارترازابوو" مارەیان کردبوو" بۆیە چەند شەوێك پێش گواستنەوەی تێرتێر گریا بەتەنهاو بیری لەوەدەکردەوە چۆن دەمو دەستی بەستراو هەروا بەئاسانی ڕازی بوو لەسەر ئەو شووکردنەی " کەلەگەڵ سروشتیدا نەدەگونجاو یەکیان نەدەگرت، شیرینیش هەرکەلەوحاڵەدا دەیبینی توند باوەشی پێدادەکردو سەری ماچ دەکرد، ئینجا هەردووکیان زیاتر بەدەم هەنسکەوە پیشیان دەخواردەوەو شیوەنو گریان باڵی دەکێشا بەسەریاندا...!

شیرین هەرچۆنێك بوو لەوحاڵە خۆی قوتارکردو هێشتا چاوەکانی ئەسرینیان لێ دەڕژا کەبەنازداری وت:

ـــ نازی گیان بۆچی ڕازی بوویت...؟! خۆکەس زۆری لێ نەکردبوویت...؟!!

ئەویش بەدەم هەنسکەوە وتی:

ـ ئاخر مێشکیان کون کردم، چارم نەبوو، هەردەبوایە ڕازی بوومایە... دووساڵە من ئێش دەنۆشم...!

ـ بەلاّم مامە میرزا قەناعەتی کردبوو دەستبەردارت بێت...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ـ ئاخر خۆت دەزانیت لەچ بارێکی دەروونیدا دەژیام ...شێت بوونی عومەر هەموو پێوانەکانی ژیانی شێواندم بەسەریەکدا... ئەوەی پێشبنیم نەکردبوو شێت بوونی عومەر بوو...! ئاخر...بۆ ...بۆ...؟!!

شیرین ئاهێکی هەڵکێشاو وتی:

ـــ لەولاتی ئێمەدا بۆ نییە...؟! گوڵی جوانی ژیانمان هەمیشە دەژاکێنرێت، ڕەگی پڕ لەئەوینی دڵداریمان لەبن دەردەهێنن و ڕۆڵەکانمان دەکوژن و منداڵەکانمان بێباوك دەکەن... نازدار گیان دەبێت ڕازی بیت بەو واقیعەو چارەنووسی کچیش هەر شووکردنە...

تاڵی چارەنووسەکەی ئاهێکی ساردی هێنا بەبەردیداو وتی:

ـ بەڵام من خۆم بۆ یەکێکیتر دانابوو...

ـ من و ئەرسەلانیش دەمانویست تاسەر بەیەکەوەبین... بەڵام لەهەرەتی ژیانی هاوسەریماندا ئەرسەلان کۆچیکردو منی بەجێهێشت...!

ـ کەواتە منیش دەبێت گشت حەزەکانم لەم ماڵەدا زیندەبەچاڵ بکەم و تاماوم لەژێر کاریگەری ئەو ڕووداوەدا بتلێمەوە...؟!

ـ کەشتی ژیان بەپێی خواستی کەشتیوان ناڕوات بەڕێوەو ڕەهێڵ و ڕەشەبا لەدەریای بێ بندا وذیدەکات و مەحاڵە بەئاسایی ڕەوتی خۆی بگرێتە بەر...!!

ـــ ئاخر ئێمە خولقێنەری ئەوچارەنووسەین نابێت هەروا ئالای خۆبەدەستەوەدان هەڵبکەین... من لەغەفڵەتێکدا ڕازی بووم بەئیسماعیل... ئێستا هەرچەند لێکی دەدەمەوە ناتوانم بژیم لەگەڵی لێم نزیك ببێتەوە ڕۆحم دەردەچێت...!

شیرین سەختی چارەسەری بۆحاڵی نازدار دەرك پێکردو بەئاهێکەوە وتی:



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ــ گیانەکەم... من هەرچیەکم لەتوانادابێت دەریغی ناکەم... بەڵام هەمووشتێك بڕاوەتەوە... تۆ مارەبڕی... مامە میرزا دنیا دەشێوێنێ بەسەرماندا بڵێن نازدار پەشیمان بوەتەوە...

ــ گیرۆدەی زامێکی قوڵو کاریگەرمو ناتوانم ماڵداریو خێزانداری یەکێك بم خۆشم نەوێت...

شیرین چاری نەبوو تووڕەیی سەری لێداو وتی:

ـ یەکەمجار بۆ ڕازی بوویت...؟ ! هەریەکەمجار بتوتایە شووناکەم... ئێستا هەمووشتێك بڕاوەتەوە...

نازداریش بەدەم گریانەوە وتی:

ــ بۆنی عومەرم کردبوو پێوەی بەلاّم هەر زوو بۆم دەرکەوت زۆر جیاوازە لە عومەرو ناتوانم بژیم لەگەڵیدا...

شیرین چەناگەی خۆی لەنێو لەپی دەستی توند کردو بەسەر سووڕمانەوە وتی:

ـ منیش سەرسامو نازام چی بکەم ... ئەو ماڵە بەتەمان پێنج شەممە بتگوازنەوەو مامەمیرزاش نکووڵی نەبووە لەسەری...!

نازدار هاواری لێبەرزبوویەوەو دەستی کرد بەگریانو باوکە ڕۆو ئەوەندەی پێنەچوو فاتمو ڕۆژگاریش دەوریانداو هەموو لەحاڵو مەسەلەکەی تێگەیشتن...

بەڕادەیەك کەوتنە ژێر کاریگەری ئەو ڕووداوەوە ماتەمینی بەڕووی هەریەکە لەوئافرەتانەدا دیاری دابوو، میرازا هەستی بەشتێك دەکردو سەرەتا بەسەر خۆی داشکاندیەوەو لەدلاّ وتی: دیارە خۆم بێتاقەتمو حاڵم تەواو نیە...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەلاّم هەر زوو پەشیمان بوویەوە لەڕایەکەیو بەپەنهانی فاتمی هێنایە لاوەو لێی پرسی:

ــ چی بووە ژنەکە...؟ هەموو دەڵێی خۆڵی مردووتان بەسەرا کراوە...؟!

فاتم لووتو چاوی سووربووبوویەوەو بەدەم هەنسکەوە وتی:

ـ کێشەی نازدار خان زیاتر... هیچی ترمان هەیە...؟!

میرزا وەك لەسەربان بەری بدەنە خوارەوە وەهابوو پەشۆکاو بەو حاڵەوە پرسی:

ـ فاتە چی بووە...؟ پێم بڵێ نازدار چییەتی ...؟!

فاتم بەترسێکەوە وتی:

ـ دەڵێ شووناکەم بەئیسماعیل...!

ئەم قسەیە میرزای ڕاچڵەکاندو بەتووڕەییەوە دەنگی هەڵبڕی و وتی:

ــ ئەی یەکەمجار بۆ ڕازی بوو...؟! ها...خۆکەس زۆری لێنەکردبوو... نۆبەی ئەوەمانە ببین بەتەحا تەحای خەڵك...!!

ـ لەبەیانییەوە لەو ژوورەدایەو دەگرییو دەڵێت گەربێتوو بمگوازنەوە ئەوا ڕۆحم دەردەچێتو دەمرم...

میرزا بەنابەدڵی دوعای لەکچەکەی کردو وتی:

ـ ئیشەڵلاّ ناگاتە جێو دەمرێت...

فاتمی خێزانی کێشای بەڕوومەتیداو وتی:

ـ ئەیەڕۆ میرزا ئەوە دوعا لەنازدار دەکەیت... کەی تۆ وابوویت...؟!

میرزاش بەپەشیمانیەکەوە دەستێکی هێناو بردو وتی:

ژنەکە حەیا چوون گرانە... پیاو دەڵێت بمرمو حەیام نەچێت... ئەمەی نازی دەیکات حەیا چوونە بۆ هەموومان، دەبێت سەر لووتمان



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ڕەش بکەین و نەوێرین سەر دەربهێنین لەناو خەڵکی دا ...! تایەکێك دەڵێت نازدار پەشیمان بوویەوە دەیان کەس تانەوتەشەر شوێنی کچەکەمان دەخەن...! ئەی هاوار... بۆ بەپەنم دەکەن...؟!

لەئاست ئەم قسانەدا هیچ کامیان زاتیان نەکرد هیچ بڵێن و تەنها ئەوەندە نەبێت فاتم بەهێواشی بەمیرزای وت:

ـ ئامان دەنگ هەڵمەبڕە باحەیامان نەچێت... شووکر هیچ نەبووە ... دڵی خۆت تەنگ مەکە...

میرزاش تادەهات پەنگی دەخواردەوەو ، لێوی دەگەزی و زمانی بۆڕانەدەگیراو قسەکانی فاتمیش کاریگەریەکی وەهایان نەبوو لەسەری و لەناکاو هەستایە سەرپێ و بانگی نازداری کرد، خانەوادەکەی شارەزای تەبیعەتی بوون" هەرگیز جنێوو لێدان لەبەرنامەی میرزادانەبوو، بەسەرسامی یەوە هەموو دەوریانداو بەحاڵێکی شپرزەوە وتی:

ـ نازدار خان... خێرت دەگات ئاوامان لێدەکەیت...ها... بۆچی سەرەتا وەهات نەگووت؟! ئێستا من چۆن ڕووبەڕووی ئەو ماڵەببەمەوەو پێیان بڵێم جەنابت پەشیمان بوویتەوە...ها ... وەڵامم بدەرەوە ...؟!

نازداریش لەپاڵ شیریندا ڕاوەستابوو ، ورتەی لێوەنەدەهات و لەگریان زیاتر، میرزا بەردەوام لێخۆش نەدەبوو هەناوجار ئەم پرسیارەی دووبارە دەکردەوەو جار لەگەڵ جاریش دەنگی دەگۆڕاو زیاتر تاوی دەسەند...! تالەدوایی دا ڕووی وەرچەرخاندو بەدەم بێدەستەلاتی و ناچاریی یەوە وتی:

ـ من خۆم پیاوێکی دڵناسك و هیچ و پووچم، ئەگینا دەبوو هەر زوو تۆم بەشوو بدایەو بەقسەم نەکردنایە... بەلام چی بکەم... چی ...؟!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئنجا بەهەردوو دەستی توندکێشای بەسەریداو بەوحاڵەوە دانیشت لەسەر جێگەکەیو دەگریاو پیشی دەخواردەوە...!!

ئەندامانی خانەوادەکەشی بەدەوریا دەهاتنو دەچوونو حاڵی ئەوانیش لەمیرزا باشتر نەبوو، بەردەوام دڵنەوایی میرزایان دەکردو هەوڵی هێورکردنەوەیان دەداو سەریان ماچ دەکردو بەقوربانی دەبوون...

نازدار بەتەنها سووچێکی ماڵەکەی گرتبوو ، لەتاو حاڵی پەرێشانی سەرباوکی نەدەپەرژاو واهەستی دەکرد هۆی ئەو گریانو ئاڵۆزییە ئۆبالی ئەوبێتو نیگای چاوی هەریەکیان نامەیەکی ئاوای لەخۆگرتبێت...!!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

گریـانو بێدەسـتەڵاتی مـیرزا جێگـەی نیگـەرانی خانەوادەکـەیبوو، نـازداریش لـەژێر کاریگـەریی‌و کارلێکـە دەروونیـەکانی باوکی‌دا حەپەسـابوو، لەناخی‌دا سەرزەنـشتی نەفـسیدەکردو هـەڵی دەنـا بـۆ چەشـتنی ناڕەحـەتی‌و ڕازی بـوون بـە چارەنووسـی تـاڵ لـەپێناوی هێورکردنـەوەی بـاوکی‌و ئاسـاییکردنی ئـەو تەنگەژەیـەی لەماڵەکەیانـدا بەرپابووبوو...

بۆیـە بڕیارەکـانی لـەژێر ڕکێفـی عەقڵـدا دەرچـوونو جۆرێـك لەبـەزەیی‌و شکاندنی نـەفس زاڵ بوون بەسـەریداو زیـاتر بـۆ هێورکردنـەوەی ئـەوبارەی ماڵەوەیان بوو...! ناچار پێی نا بەجەرگی خۆی‌داو ڕەزامەندی دەربڕی لەسـەر گواسـتنەوەو شـووکردن بەئیـسماعیل...! شـیرینو دایکیـشی چـەندجارێك لێیـان پرسـی هـەر هـەمان وەڵامـی دانـەوەو، دواتـر چـاریان نەماجگـە لـەخۆئامادەکردن نـەبێت بـۆ مەراسـیمەکانی زەماوەنـد" لەخەنەبەنـدانو ڕازاندنـەوەی بـووكو تایبەتمەندیـەکانی ئـەوجۆرە ئاهەنگانە...

ڕۆژی پێنج شـەممەش هاتـە پێشو شـەوەکەی ئامینـە لای خوشـکەکەی مایەوە، دەیویست دوو بەدوو متمانە بەخوشکەکەی ببەخشێت‌و لەئاست ژیـانی هاوسـەرداری‌و دابو نەریتەکانی‌دا لایەنـەکانی بـۆ والاّ بکـات... قـسەکانی قـاڵبێکی ئاسـایی‌و ڕۆتینـی گرتبـوو، نـازدار غـەرقی جیهانـە مـەنگو تایبەتەکـەی بـوو، تەنانـەت لەکیـژێك نەدەچـوو بـەرەو کۆشـکی هاوسـەری بگوازرێتـەوە، خەنـەو بابەتـەکانی جوانکـاریش تـەنها ڕووکـەش بـوون لـەلای‌و دڵـی گوشـراویی‌و تـەنگی هـاتبوو بەسـەریداو ڕووداوی نێوماڵەکەیانی بەخەیاڵ یا خەو گوزارشت دەکرد، حەپەساوی‌و بێدەنگی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دڵو هۆشــیان داگیرکردبـــوو، ئـــیتر قـــسەی ئامینـــەو ژنـــانی خـــزم‌و هاوەڵەکانیـشی لەپـــەردەی گـــوێی نەدەچـــوون بـــەودیوداو وەك مردویـــەك وەهابو لەبەردەستی مردوو شۆرداو کـاتێ جلوبـەرگی زاراو رێککردنـی قـژو دەموچـاویان بۆچـاکدەکرد پیـشی دەخـواردەوەو زیـاتر بێـزار دەبـوو، لەناخـەوە ڕقـی لەوانـەی دەوری دەبوویـەوەو هاتوچۆو سەرقاڵکردنیشیانی بـەکارێکی بێهـودە دادەنـا!، دەرگـانی شـادی لێ قـەپات بـوو، قوورسـی رووداوەکـە بـەنجیانکردبوو، ئیـدی فرمێـسك لەچـاوەکانی نەدەهاتنـە دەرەوەو " جگەلـە ڕەنگـی هـەڵبزڕکاو و جۆرێـك لەماتـەمینی نـەبێت کەبەچاوەکانیدا دیاریاندابوو...!

خوشـکی گـەورەی لـەم جـۆرە حاڵـە تێگەیـشت‌و لەنزیکـەوە نـازداری جوولاند تاقسەیەك بکات بەڵکو یارمەتیبدات‌و لەو قەیرانە ڕزگاری بکات، بەڵام نازدار هیچی نـەوت‌و زیـاتر ئامینەشـی نیگـەران کـرد بـەم هەڵوێستەو تـەنها ئـەوەی چەسـپاند لەشـووکردنەکەی ڕازی نیـەو کـاری مـەجبووری پاڵیـان پێوەنـاوە، گواستنەوەشـی تـەنها کـاتێکی کـەمی مـابوو، لەبەرئـەوە بەبێدەنگی مەراسیمە ئاسایییەکانیان بەڕێکردو ئەو رۆژە بۆ عەسرەکەی ئیسماعیل بەئوتومبێلێکەوە هات بەشوێن بووکدا و بردی لەگەڵ خۆی...

لەوکاتەدا نازدار چاوەگەشەکانی هەڵهێنا بەماڵەکەیانداو ئنجا فرمێسك رێگەیان بەست‌و تاوی گریان لەسینەی پەنگ خوراویدا تەقیـەوەو ڕۆژانـی تەمـــەنی ویادگاریـــەکانی لەوماڵـــەداو لەدەســـتدانی خۆشەویـــستەکەی بەبیرهاتـــەوە، تێـــر گریـــا بەســـەر ڕۆژگـــارو شـــیرین‌و ئامینـــەو دایکی‌ـــو هاوەڵەکانیدا... گریانەکەشی ئاسایی نەبوو، بۆیـە هـەموو حەپەسابوون‌و بەسەرسامییەوە ئەوساتەیان دەبڕی... نیگـای چاوەکان‌و فرمێسکەکان لەقسەو گوتـە بـەهێزتربوو، ئـەو هەڵوێـستەی نـازدار نامەیـەکی کراوەبـوو



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بۆیـان و ئـەوانیش بەغـەم و پـەژارەوە وەریـان گـرت و هـەموویان کـش و ماتبوون بەو دیمەنە دڵتەزێنە...

*　　　*　　　*

ئیسماعیل لەمێژ بوو عەوداڵی ئەو ڕۆژەبوو، لەوکاتـەوە نازداری دیبـوو ئالوودەی قەدو باڵاو ڕەنگ و بۆ سپیەکەی بوو، بەڵام وەلاکردنی نازدار بۆی و گوێ پێنەدانی بێزاریان کردبوو، لەهەمان کاتیشدا کۆڵی نەدابوو، هەمیشە لەسـەر ئـەو ئومێـدە ژیابوو ڕەزامەنـدی شـای جوانـان بەدەسـت بهێنێت و ئەوسا بتوانێت لێی نزیك بێتەوەو حەزەکانی خاڵی بکاتەوە...!

ئـەو ڕۆژەش بەیـەکێك لـەو ڕۆژانـە دەژمێـران لەتەمەنی‌دا " کەهـەرگیز پێـشبینی داهـاتنی نـەکردبوو، چـونکە ڕازی بـوونی نـازدار بەخـەون دەژمێـردراو بگـرە کەسـیش بـڕوای نـەدەکرد شـتی وا ڕووبـدات، بـەڵام چارەنووس بـۆ چوونەکانی بەیـەکجار شێواند بەسـەریەکداو ژنـان واتـەنی چاوبەستی کرد لێیان و ڕازی بوون...!

مانەوەشـیان لەژوورێکـدا بەتـەنها یـەکێکیتربوو لەوخەونانـەی ئیسماعیل و خۆشـی بـڕوای نـەدەکرد لەگـەڵ نـازداردا لەژوورێکـدا بەتـەنها بمێنێتەوە ، بۆیە هێشتا تاریکی دانەهاتبوو دەرگای ژوورەکەی قفڵداو بێ هـیچ پێـشەکیەك هەڵمـەتی بـرد بـۆ نـازدارو بەچەشـنی دڕندەیـەکی برسـی نزیـك بوویـەوە ، ئـەویش هەڵدەهات لـەم کـون بـۆ ئـەو کـون و خـۆش خـۆش قسەی ناشیرینی دەکـرد بەرامبـەری، ئیـسماعیل دەسـتبەرداری نـەدەبوو، نازداریش ئەو هەڵوێست و مامەڵەیە زیاتر سرکیان کردبوو، خۆی نەدەدا بەدەستەوەو چەند جارێکیش ویستی دەرگاکە بکاتـەوەو بگەڕێتـەوە ماڵی بـاوکی ، بـەڵام مەچـەکە گـەورەکانی ئیـسماعیل تونـد دەسـتیان گـرت و



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ڕێگـەیان نـەدا ئـەو خواسـتەی بهێنێتـەدی، ئنجـا ئیـسماعیل نـازداری بەژوورەکەدا بۆ جارێکی‌تر هێناوبردو ئەویش هـەر بـەردەوام دەیـووت: وازم لێ بێنـە... تـۆ چیت بـۆ ئـاوام لێدەکـەیت...؟! هەسـتت نیـیـە... مـن تـۆم خۆش ناوێت... ڕقم لێتە .... ڕق...!!؟

ئیـسماعیل گاڵتـەی لەوقـسانە دەهـات‌و لـەناکاو بـیری ئـەوەی کەوتـەوە چۆن پیاوانی کرێکار باسی لێدانی ژنیان کردووە لەشەوی یەکەمداو خێـرا ئـەو بـیرەی پەسـەندکردو بەدەسـتێك هـەردوو دەسـتەکانی نـازداری گـرت‌و بەدەسـتەکەی تریـشی تـا هێـزی تێـدابوو زللەیـەکی لێـدا، هـاوارێکی کـپ‌و خەفـە نـەبێت ئـیتر هـیچ جووڵەیـەك لـەنازدارەوە نـەهات‌و بێهـۆش کـەوت، ئیسماعیلیش ئاگای بەسەر خۆیەوە نەماو دڕندانە کـەوت بەسـەر جەسـتەی داو هەست‌و نەستی پێشێلکردو دیـدە خێڵـەکی‌و دواکەوتووەکـەی هێنایـە ئاراوە...!!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

(23)

هەفتەیەك نازدار لەماڵی ئیسماعیل مایەوەو هەر لەگەڵ باوە خونکرایەوە خۆی لەوتەوقە داماڵی‌و بەگریانەوە ڕەفتاری مێردەکەی بۆ فاتمی دایکی‌و ئامینەو شیرین گێڕایەوە...

ئەوانیش دڵنەواییەکی یەکجار گەرم‌و گوڕیان کردو لەدڵیشەوە جنێویان بەئیسماعیل دەدا لەسەر ڕانەگرتنی هەستی ناسکی کچەکەیان، بەڵام قسەکانیان کاریگەری نەبوو لەسەر نازدارو پشت ئەستوورانە وتی:

ـ ناچمەوە ئەوماڵەو دەبێت تەڵاقم بدات...

ئامینە بەحەپەساوی‌یەوە وتی:

ـ نازی گیان تۆ بووکی هەفتەیەکی ، ئامان قسەی وامەکە...

ئەویش قوڵپی گریانی هەستاو وتی:

ـ من ناتوانم لەگەڵ ئەو وەحشە ژیان بەرمە سەر... وەحشە...وەحش...!!

شیرین بۆڕاگرتنی باری دەروونی نازدار وتی:

ـ سبەینێ ڕادێیت... ئێستا دڵت گەرمە...!

ئەم قسەیە ڕەگی توورەیی لەملی نازدار ڕاست کردەوەو وتی:

ـ ئێوە نازانن ئیسماعیل چ مرۆڤێکە... هەست‌و نەستی نی‌یە... تەنها لەبەر ئارەزووەکانی منی هێناوە... هەرچەند بیری لێدەکەمەوە ناتوانم بژیم ...نا...

فاتمی دایکیشی وتی:

ـ کچم جارێ تۆ ئەوەڵی ژیانتە ... خۆ هەموو ڕۆژێك شووناکەیت...؟!

نازدار گڕی تێبەربوو وتی:



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ـ ئەمجارە ناتوانن بەوقسانە هەڵم بخەڵەتێنن... ئەوشەوەش کەباوکم تورەبوو ئەوەندە لۆمەتان کردمو مۆڕبوونەوە لیّم، بۆیە ڕازی بووم لەسەر ئەم شووە ... شەڵلاَ بمردمایەو نەکەوتمایەتە ناو ئەوژیانەوە... بەوخوایە ناچمەوە لای چیش دەبێت با ببێت...

لەترسا کەسیان قسەیان نەکردو ئاڵۆزی نەفسی نازدار دڵتەنگیکردبوون، لەورۆژەش بەدواوە هەرکات ئیسماعیل بهاتایە بەشوێنیدا بەتووڕەیی پیایدا هەڵدەشاخاو هەندێك جاریش دەری دەکرد، ئیتر ئەو هەڵوێستە جێگەی شاردنەوەنەبوو لای میرزاو خزمەکانیو کەسیان نەیانتوانی قەناعەت بەنازدار بکەن بچێتەوە لای ئیسماعیلی مێردی، مەحموودیش قسەی لەگەڵدا کردو نازدار هەر سووربوو لەسەر جیابوونەوە، لەبەرئەوە چاریان نەماو ئیسماعیل بڕێکی زۆر پارەی پێوەبەست هەتا دەستبەرداری ببێت...

نواندنی ڕەفتاری وەهاش عادەتێك بوو لەو حاڵەتانەداو پیاو بەشانازییەوە دەیووت: ... دەیبەستمەوە...!!

هەرچەندە مەحموود هەوڵیدا ئەو مەسرەفو خەرجییەی ئیسماعیل کردبووی قەرەبووی بکەنەوە و بەسەلامەتی نازدار تەلاَق بدات ، بەلاَم کەللە رەقی ئیسماعیلو هاندانی دەوروبەرەکەی پشت ئەستووریان کرد لەسەر هەنگاوەکانی سووربێتو داخ ببات بەدڵی نازداردا...!

چارەنووسی نازداریش بەشێك بوو لەو ژیانەی لەئەنجامی مامەڵەی دواکەوتوو بەرپادەبوو، بۆخانەوادەی میرزاش مەینەتیەکی نوێبوو ، هەرزوو کچەکەیان بێوەژن بکەوێت، دەبوو بکەونە بەر لێشاوی قسەی خەڵكو هەریەکیش بۆخۆی چیرۆكو سەرگوزشتەیەکی دانابوو لەبەردەرگاو لەسەردانیان بۆیەکیان دەگێڕایەوە...!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**بەتـــەنها نـــازدار گوێبیـــستی ئەوقـــسانە نـــەدەبوو، بـــاكی نـــەبوو لەقـــسەوباسی خـــەڵكیو هەســـتی بەســـەركەوتن دەكـــرد لەبەرامبـــەر دواكـەوتوویيو دابو نەريتـەكانی كۆمەڵگـەی بـاوك سـالاریدا، كـچانی هاودەرديـشی ئێرەيـی يـان پێـدەبردو لەسـەر پـشت ئەستووريو داكـۆكی كردنـی لەسـەر جيابوونـەوە لەئيسماعيل، هـاوەڵی وای هـەبوو لـەوەزياتری پێكرابوو، سەرباری قبووڵ كردنی توندوتيژی پياوەكەی كەچی ئامێزێكی بەسۆزو بەزەيی شك نـەدەبرد لەمێردەكەیـداو هەميشە ایـی دەداو گـوێی نەدەدا بەهەستو نەستی ژنەكەی...**

**نـــازدار لای ئەوژنانـــە بەپاڵـــەوانێك دادەنـــراو بـــۆ لـــووت شـــكاندنی مێرەكانيان دەيان وت:**

**ـ دەسـتی خـۆش بێـت...پيـاو ئاوابيـت لەگەڵیـدا باشـە...نـەك وەك ئێمە...!!**

**ئازادی لای نازدار لەهەموو شت گرنگ تربوو، گەرچی ئەزمونێكی تاڵ بـوو بۆیـو هـەركات بـيری ایـدەكردەوە گيـانی دادەهێـزراو چـاوی گەشـی دەشێواو بەكڵۆڵی دادەنيشت...!**

**بەهـــەر حـــاڵ گەڕانـــەوەی بۆمـــاڵی بـــاوكی بەلـــەنگی نـــەدەزانیو لـــەدڵا خۆشـحاڵ بـوو، بـا ئـەو باجەشـی كەداويـەتی گـرانو قـورس بێـت، مـادام ئـازادەو لـەژێر يـەك پـەردەو دەواردا نـاژی لەگـەڵ مرۆڤێكـی دواكـەوتووی خێڵەكیـدا... ئـازادیو شـادی نێـودەروونی زامـی برينـداریو ئـەزموونی تـاڵی دەرەوێنێتـەوە، سـبەينێ رۆژگـار دەروازەكـانی والأدەكـاتو سـەدان دەرگـای دی بـۆ دەخاتـە سەرپـشت هـەتا پێيـدا بـچێتە ژوورەوەو قـەرەبووی لەدەستدانی كچێنیو ئەوساتە ناسۆرانەی ژيانی بۆ دەكاتەوە...**



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## (24)

دواهـــەمین ئەڵقـــەی داگرتنـــی گونـــدەکان لەپیلانەکـــەی صـــەدام دا جێبەجێکراو، بریارێکی دەرکرد کەوا کەنابێت خەڵکی لە 300م زیاتر لەچوار دەوری هەڵەبجەوە دووربکەونەوە...

شاری هەڵەبجەش بەتەنها لەوناوچەیەدا مایەوە بەچەشنی مۆڵگەو بنکەیەکی سەربازی لێهات، ئەو گۆڕانکاریانە پێکهاتەی کەسایەتیی خەڵکی ناوچەکەیان گۆڕیو گوزەرانی خەڵکیو بژێویيان قاتو قڕی هات بەسەردا...

دیاردەی چەکداری ڕۆژانە پەرەی دەسەند، کۆمەڵگەی کوردەواریش زیاتر دابڕانو لێك هەڵوەشان ڕووی تێدەکرد... لاوان کاروکاسبیيان دەستگیرنەدەبوو، لەوحاڵەشدا چەکداری لەپێشترین پیشەبوو هەڵیان ببژاردایە، ئێرانیش هەمیشە لەهەوڵی ئەوەدابوو لەڕێگەی حزبە کوردییەکانەوە ئاشووبو پێکدادان لە ناوچەکەدا بەرپابکات، چەندین رایەڵەی بەستبوو بەنهێنیو، لەکرماشانو سنەو شارەکانی سەرسنوور چاوپێکەوتنی نهێنی پێدەکردنو نەخشەوپیلانی بۆ دادەڕشتن...!

تاقمی پەروەردەکاران ئیرادەیان جەم کردبوو لەسەر ڕێبازی خۆیانو بەردەوام لەهەوڵدابوون بۆ پەروەردەو هۆشیار کردنەوەی لاوان...

هەواڵی پیلانگێڕان دژ بەکورد جاربەجارێك دەگەیشت پێیانو مەحموود پێشبینی زیاتر ئاڵۆزبوونو شێواندنی بارودۆخەکەی دەکرد... هاوەڵەکانیشی هاوڕابوونو گومانیان نەبوو لەوەی گۆڕانکارییەکی زۆر ڕوو دەکاتە ناوچەکەو هاوکێشە سیاسییەکان ئاڵۆز دەبنو دۆزی کوردیش نەفەسو کەشێکی لەبار بەخۆیەوە نابینێت...!!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

شـــەوێك لـــەماڵی مـــەحموود كۆبوونـــەوەو تانیوەشـــەو تـــاوتوێی ئـــەو ئاڵۆزیـیــەی ناوچــەكەیان كــرد، باســەكانیان دابەشــكردبوو بەســەر چــەند تەوەرەیەكداو هاوەڵـەكانی مەحموود داكۆكیـیان لەسەر ئەوە دەكرد كـۆچ بكـــەن بـــۆ ئێـــران، بـــەڵام مـــەحموود لەڕێگـــەی قوتابیـــان‌و كوردەكـــانی نیشتەجێی ئێرانەوە هەواڵی ئەوێشی وەرگرتبوو، بۆیە بەتـەنها بەرپەرچی ئـەو ڕایــەی دەدایــەوە، سـەرباری ئــەوەی لـەئۆردوگادا فـشار دەخەنـە سـەر ئـاوارە كوردەكـان ناچاریــشیان دەكــەن لەبــەرەكانی جــەنگ‌و كەناڵــەكانی بەربەرەكانی عێراقیدا خۆیان ببیننەوە...!!

مـەحموود چـەند نموونەیـەكی زینـدووی لا گەڵاڵـە بووبـوو كـە پـشێویو نالەباری گوزەرانی ئـەو كوردانـەی دەردەبڕی، لەبەرئـەوە بەتونـدی داكـۆكی دەكـرد لەسـەر مانـەوە لەهەڵبجـەداو پارێزگـاری كـردن لـەقوتابیان‌و تێـك نەدانی ئـەو ڕەوشـە پەروەردەیی‌یـەی بەدرێـژایی سـاڵانی شكستی كێشەی كوردیو شكاندنی كەسێتی كوردیو بەرپابوونی شۆڕشێكی شپرزو پـەرت پـەرت لـەم لاولادا پێكهـاتبوو، جێگـەی خـۆی بـوو پارێزگـاری لـەو قەوارەیـە بكـەن‌و دەسـتبەرداری قوتابی‌یـەكان نـەبن‌و لەوشـەوە تاریكـەی داهـاتبوو بەسەر كوردستاندا چرا هەڵ بكەن بۆیان .

لـەكۆتایی دانیـشتنەكەشیاندا پـەیمانیان تـازەكردەوە تـا دواهەناسـەیان دەست لەكاری پەروەردە هەڵنەگرن‌و شـارەكەیان بەجێنـەهێڵن، مەراسـیمی پەیماندانەكـــەش جۆشـــیدان‌و بـــەدەم گریانـــەوە بڕگـــەكانیان دووبـــارە دەوتـــەوەو دەســـتیان لەنێودەســـتی یـــەك تونـــد دەكـــردو بـــەكوڵ‌و بـــەدڵیش دوعایان دەكرد بۆ كوردو ئەو قەیرانەی هاتبوو بەسەر كوردستاندا...

ئنجا مەحموود یەك بەیەك توند دەستی گوشین‌و بـەجیا بـەڕێیكردن‌و، بەتــەنها خــۆی مایــەوە لەبەرهەیوانەكەیانــداو لــەئاسمان ورد دەبوویــەوە،



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

مانگە شەوێك بوو دەت وت ڕۆژی ڕووناکە، شاخەکانی دەوری شاریش وەك قەلاٌو شووورایەك دەردەکەوتن‌و سروشتی جوانی شاریان والاٌدەکرد...

ئەو شەوە مەحموود هەستی بەماندووبوونێکی ئێجگار زۆر دەکرد، هێشتا کۆمەڵێ ئیش‌وکاری لەبەردەستدابوو جێگەی دواخستن نەبوو، بەماندوویی گەڕایەوە ژوورەکەی‌و کەمێك لەکاغەزەکانی بەردەستی ورد بوویەوەو ئەم دیواو دیوی کردن، دوایی هەستا خۆشی کێشایەوەو ملی باداو ویستی ئەوماندووبوونە بڕەوێنێتەوە، چەند مەشقێکی وەرزشییکردو لەناوەڕاستی ژوورەکەدا سەری گێژیخواردو خێرا خۆی گەیاندە سەرکورسییەکەی‌و هەناسە بڕکەی پێکەوتبوو، ماوەیەك لەسەر کورسییەکەی مایەوەو چاوی لێك ناو وەنەوز بردییەوە ...

لەم حاڵەدابوو ئامینە دەرگای ژوورەکەی کردەوەو بەهێواشی دەستی لەسەر شانەکانی توندکردو لەدواوەو بەنەرمونیانی وتی:

ـ گیانی من بۆ وابەتەنها دانیشتووە..؟! خۆ هاوەڵەکانی ڕۆیشتوون‌و بەجێیان هێشتووە..؟!

مەحموود تازە خەریك بوو دێوەزمەی ماندوێتی دەبەزاند، توند دەستی ژنەکەی گرت‌و وتی:

ـ کۆڵێ ئیش‌وکاری ترم ماوەو دەبێت بیکەم...

ئامینە بەنازێکەوە دەستی لەملی مێردەکەی گیرکردو وتی:

ـ کات درەنگە... ئێستاش کاتی ڕەنگاو ڕەنگ کردنی شەوە بە ئەوین‌و دڵداری... دنیا کش‌و ماتە... شەوێکە لەشەوانی ڕازە جوانەکان...

مەحموود بۆ هاوبەشیی ژنەکەی شیعرێکی گۆرانی بیرکەوتەوەو بەدەستکارییەوە وتی:



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ـ کام ڕەشی ئەگا بەڕەشی چاوت؟
برژانگ ؟ برۆ ؟ ئەگریجەی خاوت ؟
کام بەرزی جوانە وەك بەرزی بالآت؟
کام تیشك ئەگاتە تیشکی نێو نیگات؟
کام تاسە ، کام مەیل ، کام چاوەڕوانی
تەلیسماوییە وەك هیی دڵداری ؟...

ئامینەش ئەوەندەیتر هۆگری مێردەکەی بوو خۆی هاویشتە ئامێزیو وتی:

ـ دڵ تەنها بۆ تۆ مەیلی جۆشاوە
ئەگریجەی خاوو زوڵفی باداوە
لەگەڵ تریفەی ئەم مانگە شەوە
بۆنی هەیاسەو مێخەك بلآوە

هەردووکیان دایانە قاقای پێکەنینو ئنجا مەحموود بەئامینەی وت:

ـ هەمیشە دڵم لاتانە، بەلآم خۆت دەزانیت ئەرکەکانی ئەستۆم ئەوەندە زۆرن سەرم ناپەرژێتو هەمیشە مافتان دەخۆم ... بم بوورن...

ئامینە هاوکاری مێردەکەی بوو لەناڕەحەتیو بەڕێوەبردنی ئەرکەکانیداو بیڕامان وتی:

ـ ئێمەش لەسەر ئەو هیوا بەرزانە دەژینو خەونی پێوە دەبینین... دوێنێ شەو تۆ درەنگ گەڕایتەوە کرمانجو ناسك بیتاقەت بوون، تاوناتاوێك هەواڵیان دەپرسی، منیش دەستم کرد بەباسکردنی ئیشوکارەکانی تۆو لەدواییدا وتیان: ئێمەش حەزدەکەین وەك باوکمان بینو خزمەت بە میللەتو پەیامی پیرۆزی پەروەردگار بکەین...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ـــ بـۆ مـن قەلآيــەكی پتــەوی، تــەواوكاری ئەركــەكانميت... بەراســتی گەرچـی هەميــشە مانـدوومو كاتــەكانم بەشـم ناكـاتو خەفـەت دەمگرێـت، بـەڵام شـادی بـەدی دەكـەم لەناخمـداو سەرچاوەكەشـی دەگەڕێنمـەوە بـۆ تۆ...

- ئاخر ئێمە بەدەر لەو خەڵكە دەژيـن... بۆ مەبەستێكی مـەزن... لـەپاڵ ئەوەشدا هەر ماندوو بوونێك بێت بەسەرماندا پێشوازی لێدەكەين...

مـەحموود خـەريك بـوو گەشـكە بيگرێـت لەخۆشـی بێـداری ژنەكـەیو بەسۆزو ميهرەوە باوەشی پێداكردو وتی:

- ئێستا گەر بمرم ئەوا باكم نیيە هەر لەماڵەوە تا ئەو كۆمەڵگەيـە تـۆوی چاكسازیو پێداچـوونەوەم وەشـاندووەو، ڕۆژانـە ئـاوا نـەشونمای بـەدی دەكــــەم... لــــەتۆو خــــەڵكی شــــارەجوانەكەمدا... قوتابیيەكانيــــشمان لەسلێمانیو هەولێرو بەغدادو گشت لايەك نموونەنو ئـەو فيكـرو بۆچـوونە بڵاودەكەنەوە...

لەم قسانەدا بوون ئامينە ڕۆژگای برازای بير كەوتەوەو وتی:

- شيرينی داماويش زۆر پەرێشانە بۆ ڕۆژگـارو زوو زوو بـيری دەكـات... لــەدارای دنيــا تــەنها ئــەو تولْفــەی هــەبوو ئــەويش ماوەيەكــە لێــی دوور كەوتووەتەوە لەسلێمانی دەخوێنێت...

ـ ڕۆژگـارو دەسـتە خوشـكەكانی لـەنێو قوتابیيانـدا نموونـەی ڕەوشـت بەرزیو زيرەكیو دڵسۆزیو نيشتمان پـەروەرين... ڕۆژگـار داهاتوويـەكی باشی دەبێت...

ئامينە هەناسەيەكیهەڵمژیو وتی:

- باوكی داماوی بوو بەساقەی شەڕی براكوژی ئەو ناپاكانە، خوشـكی بمرێ بۆ وڵاتو كورد زۆر دڵسۆزبوو، ئەوكاتـەش خـەڵكی شۆڕشـی كـوردی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەهەمووشتێك دەزانی‌و كاتێكیش بەئاگاهات لەڕاستی جەرگی سووتاو ماڵی وێران بوو...! منداڵی هەتیو كەوت...!

- گرنگ ئەوەیە میللەت ڕاستیی بۆ دەركەوت... لەپێناوی دەركەوتنی ڕاستیشدا دەبێت ئەو باجە بدرێت... ژیان پێكهاتووە لە تێكەوتن‌و ڕاستكردنەوەی هەنگاوەكان...ئەرسەلان شەهیدكرا بەلاّم مێژوویەكی سەروەری بەجێهێشت‌و هیچ كەس لەوانەی لەگەڵی‌دابوون گومانیان نەبوو لەوپەیامەی گەیاندی‌و هەڵی گرتبوو... سەردەمەكەشی سەردەمێك بوو خەڵك سادە بوون‌و لەپێناوی مەسەلەی ڕەوای گەلدا گیانیان بەخت دەكرد...

لەسەربوردكردنی ئەم بەشەی مێژووی مەینەتی‌یەكانیاندا واقیان وڕمابوو لەپڕ شێوەی خوارەحم هاتە پێش چاوی ئامینەو تەزوویەكی پێدا هات‌و وتی:

ـــ خاڵە خوارەحم دەنگ‌و باسی هەر نەبوو... دوانزەساڵە هیچ لەبارەیەوە نازانین...!

مەحموود دڵی گیرا بەباسی مامە شۆڕشگێڕەكەی‌و وتی:

- لەداخا سەری هەڵگرت... خوا دەزانێت ڕووی لەكوێ‌ناوە...؟!

- بەلاّم دەبوو بەكاغەزێكیش بێت هەر دڵنیامان بكات... دایكم سەرەتا چاوی وشك نەدەكردەوە... ئێستاش كەباسی خاڵە خواڕەحم دەكرێت دەست دەكات بەگریان... خۆزگە لەلایەكەوە هەواڵێكمان بزانیایە...

مەحموود چاوی بڕی‌یە پەنجەرەی ژوورەكەی‌و خەیاڵی ڕۆیشت بۆ لای مامی‌و، وتی:

ـــ بەشێك لەوپێشمەرگە دێرینانەی وەك مامە خواڕەحم دڵسۆزو ڕاستگۆبوون هەمان چارەنووسی ئەویان هەبوو، لەداخا سەریان هەڵگرت‌و



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لەئــەوروپا گیرســانەوە ... لــەم زرووفەشــدا ئــەم وڵاتــە ئۆردوگایــەکی داخراوەو پەیوەندییەکان بەدەرەوە بچڕاون‌و، ڕژێم بزانێت خانەوادەیەك کوڕ یا کەسێکیان لەهەندەرانە ئەوا دەستگیریان دەکات...!

بەخەمێکی پڕەوە ئامینە وتی:

ـ دەستی شکاوم بۆ ڕۆڵەی ئەم میللەتە ، بۆ ئەوپیاوانەی لەدڵسۆزی‌و ئەمەکداریدا ئاوا وێڵ‌و سەرگەردانی وڵاتان دەبن...!

مەحموود غەمی بەدیکرد لەچاوی ژنەکەی‌داو وتی:

ــ بــەڵام لــەداهاتوودا هــەر دەبێــت ڕاســتی ســەر بکــەوێت‌و ئــەم دەردەسەرییە بڕەوێتەوە...

ـ ئێمەش لەسەر ئەو هیوایە دەژین‌و چاوەڕوانی ڕۆژێکی ئاواین...

ئنجا مەحموود تەماشایەکی سەعاتەکەی کرد بینی لەسەر دوو ونیوی شــەوەو بەپەرۆشــەوە هەســتاو چــەند هــەنگاوێك لەئامینــە دوور کەوتــەوەو ڕووەو مەکتەبەکەی چوو ، دوو دۆسیەی دەرهێناو وتی:

ــ دەبێــت ئەمــشەو ئــەم بەرنامەیــە ڕێــك بخــەم ... ئــەرکێکی زۆرم لەئەستۆدایەو سبەینێش مۆڵەتم لەقوتابخانە خواستووەو ئەگەر درەنگیش بخەوم قەیناکا...

ژنەکەشی بەزەردەخەنەیەکەوە وتی:

ـ کەواتە من بنووم باشە...؟!

دڵی ژنەکەی نەشکاندو وتی:

ـ با لەم سەرقاڵییە ببمەوە بەدیدارت شاد دەبم...

ئــەوجا هەریــەك بەســۆزو هەســتێکی پاکــەوە باوەشــیان کــرد بەیەکــداو چــەند ســاتێکی کــەموخێرا بەیەکــەوە مانــەوە، ئــیتر ئامینــە بەزمانــە شیرینەکەی بەمێردەکەی وت: ـ شەوێکی شاد ...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

داگرتنی گوندە نزیکەکانو کۆکردنەوەی خەڵکەکەی لە ئۆردوگاکانی دەوری هەڵەبجەدا خەشمو قینی خەڵکی کوردستانیان هەڵساند، حزبەکانیش ئەوهەلەیان قۆستەوەو ، بەنهێنی خۆپیشاندانێکی سەرتاسەرییان بڕیارداو کاتێکی دیاریکراویشیان بۆ دەستنیشانکرد...

مەحموودو هاوەڵەکانی ئەو جۆرە چالاکییانەیان پێ باش نەبوو، پیاوەکانی ڕژێم دڵڕەقانە بەڕەنگاری دەبوونەوە، لەئەنجامیشدا بەسەر خەڵکی داماوو بێبەرگری‌دا دەشکایەوە... ! وێڕای دەستێوەردانی ئێرانو مەلاّسدانی پیاوانی ڕژێمیش لەناوخۆپیشاندەراندا" کەوا ئەمەش بەیەکێك لەبۆسەکانی دەزگای موخابەراتو ئەمن دەژمێردرا، بەهانەیەکیش بوو بۆ لێدانی شاری هەڵەبجەو شێواندنی ڕەوتی ئاسایی ژیان...

مەلا عیززەدینو ئەوانەی هەمیشە لەدووی ئاشووبوو فیتنە دەگەڕان شەو لەبڵندگۆی مزگەوتەکانەوە خەڵکیان هاندا...بۆبەیانییەکەشی لەسانەوی هەڵەبجەوە بەیاوەریی چەکدار بەهوتاف دژ بەڕژێمی بەعس خۆپێشاندانەکە دەستی پێکردو لەکانی عاشقانیش ئەو پێشمەرگانەی خۆیان شاردبوویەوەو بەشەو هاتبوون بەچەکەوە دابەزینە ناو خۆپیشاندەران... پیاوانی ئەمنو موخابەرات لەشێوەی مەفرەزەدا ئەمپەڕاوپەڕی خۆپیشاندانەکەیان گرت، خەڵکی ستەملێکراو بەش خوراویش بەشدارییانکرد، ئەوسا شار شڵەقاو تەقو تۆق بەرپابوو، ڕژێم بەدۆشکەو کلاّشنکۆف تەقەیکرد، پاشان کۆپتەری هەڵساندو زیاتر پێکدادان تاوی سەند، ئەوخەڵکەشی لەتاو بێگاری سەربازی هەڵهاتبوون



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لەژێر زەبری تەقەو کوشتاردا هەڵهاتن‌و شاریان بەجێهێشت‌و ڕوویانکردە عەبابەیلیٚ‌و عەنەب‌و باوەکۆچەك‌و...

بەدرێـژایی ئـەو ڕۆژە شـاری هەڵەبجـە بارێکی نائاسـایی بـەخۆوە بینـی، خــەڵکی بــەزمانی بــەرۆژووەوە تــرس‌وبیم دەکــرا بەبەریانــداو ، منــداڵ‌و پیروپەککەوتــەو ئافرەتــانیش لەترســا ڕەنگیــان زەرد هەڵگــەڕابوو، کــەس نەیدەزانی سبەینیٚ ئاخۆ چ دەرەنجامێك لەوخۆپیشاندانە دەکەوێتەوە...!

شـەوەکەی تـەراویح لەمزگەوتەکانـدا کـراو مـەحموودیش بەبێزاری‌یـەوە لەماڵەکــەی دانیــشتبوو، ئاڕاســتەکردنی خــەڵکی بیٚ‌بەرنامــەو کردنیــان بەقۆچـــی قوربـــانی‌و مـــەرامی سیاســـی دیاردەیـــەکی بەرچـــاو بـــوو لەخۆپیــشاندانەکەدا... خــەڵکێکی زۆر لەبرینــدارانی خۆپیــشاندانەکەو ئەوانــەی گوللــەی وێڵیــان بەرکــەوتبوو لەنەخۆشــخانە دەســتگیرکران، هێزەکـــانی ڕژێـــم تـــەوقی شـــاریان دا، خـــەڵکی لەمەترســـی‌یەکی چـاوەڕوانکراودا سـاتەکانیان بەسـەردەبرد، ئـەو ڕووداوەش یـەکێك بـوو لەڕێگەو شوێنە بیٚ بەرنامەکانی شۆڕش‌و حزبە کوردستانیەکان، ئێرانیش لەمێــژ بــوو دەگــەڕا بــۆ هــەلێکی لــەو جــۆرەو بواریــان دەســازاند بــۆ دەستێوەردان‌و پێگەداکوتان لەناوچەکەدا...

مـەلاعیززەدین‌و ئەوانـەی گومانیـان لـەخۆبوو بـەیاوەری ئێرانیـەکان هـەر ئەو شەوە شاریان بەجێهێشت...!

بەرەبـەیانی ئـەو شـەوە ڕژێـم هێـزە پیـادەو ئاسمـانی‌و زریٚ پۆشـەکانی جوولاٚنـدو تـەوقی گـەڕەکی کـانی عاشـقانیان دا... ئـەو گەڕەکـە بـەخاڵی دەســتپێکردنی خۆپیــشاندان‌و بەربــەرەکانی دانرابــوو، بۆیــە بڕیــارێکی ســتەمکارانە لەلایــەن صــەدامەوە دەرهــەق بەگــەڕەکی کــانی عاشــقان دەرچـوو... خەڵکەکـەی بـەرگی ترسـیان پۆشـیبوو، دەترسـان هـەموویان



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بێسەروشوێن بکرێن، بەترسەوەو لەدرزی دەرگاکانیانەوە تەماشای سەری کۆڵانەکانیان دەکردو سەربازو ئەمنێکی بێشومار تەوقی گەڕەکەکەیاندابوو... !

بەرپرسی ئەمن لەپێش هێزە سەربازییەکەوە بەموکەبەرە خەڵکەکەی کۆکردەوەو پێش ئەوەی بڕیاری ڕووخاندنی گەڕەکەکەیان پێڕابگەیەنێت سەدپیاوی هەڵبژارد وەك بارمتەیەك دەستگیری کردن، یەکێك لەوانەش سۆفی ساڵح بوو، بەچاوێکی فرمێسکاوییەوە ئاوڕێکی دایەوە بۆ ماڵەکەی‌و ئیتر ئەوەندەی نەبرد بۆ خەڵکی ڕۆشن بوویەوە ڕژێم نیازی ڕووخاندنی خانووەکانیانی هەیە...!!

دوو دوو، سێ سێ خانوو دەبەستران بەیەکەوە بە T.N.T و دواتر خاپووردەکران...!! ڕەنجی چەند ساڵەی خەڵکیان بەبادەبرد...! کەسیش نەیدەوێرا ورتە لەدەمی بێتە دەرەوە... ماڵی مەحموودیش یەکێك بوو لەوماڵانەی بەر ئەو لێشاوە ستەمکارەکەوت‌و بەئەستەم توانییان کەلوپەل‌و شت‌ومەکەکانیان دەربهێنن، بەڵام کتێبەکانی مەحموود یەکێك بوو لەوشت‌ومەکە بەنرخانەی کەوتە ژێر بەردو سەقفی خانوەکەوەو نەیانتوانی بەبەرچاوی ئەمن‌و هێزە سەربازیەکەوە بیبەن...! بۆیەکەمجار بوو مەحموود لەنزیکەوە هەستی بەستەم‌و زۆر دەکرد، بەهێواشی فرمێسکەکانی دەسڕی‌و بێدەنگ بوو لەئاستی دیمەنەکانی ستەمدا...!! گەڕەك ماڵ بەماڵ... یەك لەدوای یەك دەڕوخێنراو بەدیارچاوی خاوەنەکەیەوە، خاوەنی بەسەزمانیش چاری نەبوو جگە لە دوعاو نزابەرزکردنەوە لەبارەگای پەروەردگار...

دیمەنی وێرانکاری‌و تێکدان دیمەنێکی قێزەون بوو، خەڵکەکە واقیان وڕمابوو لەوڕەفتارەو دەستوپێشیان بەسترابوو لەوەی بتوانن هیچ



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەرەنگاری‌یەك بكەن... ناچار تەسلیم بەو واقیعە تاڵەبوو بوون‌و بەتەنها حەپەساوی‌و گریان گۆڕەپانی داپۆشی‌بوو...!

رۆژێكی سەخت‌و پڕناسۆری بوو لەژیانی خەڵكی هەڵەبجەو بەئاشكرا هەڵفریوانی خەڵك‌و قات‌وقڕكردنیان لەو مامەڵە نامرۆییانەی بەعسدا دەخوێنرایەوە، ئەو خەڵكەی ئاوارە بووبوون‌و هیچ پەناگایەكیان نەبوو، بۆیە بڕیاری كۆچ كردنیان دا بەرەو ئێران، هەر بۆئەو شەوە بەنهێنی لەكاروانێكی بەرودووادا لەشنرویەوە شاریان بەجێهێشت...!!

خانەوادەی مەحموودیش ڕوویانكردە ماڵە خەزوورانی لەگەڕەكی پاشاو ژوورێكیان بۆچۆڵكردن، ئەو ئێوارەیەش بەیەكێك لەئێوارە هەرە سەختەكانی ژیانی مەحموودو خانەوادەكەی دادەنرا، هێشتا سۆفی ساڵح نەگەڕابوویەوەناویان‌و ئەندامانی خانەوادەكەی قوڕگیان پڕ لەگریانبوو...!دوای ژیانێكی پڕچەرمەسەری‌و مەینەتی ماڵ‌و حاڵیشیان لەدەست چوو، بۆیە بەبێدەنگ هەریەك لەسووچێكی ئەو ماڵەدا دەگریان‌و میرزا سلێمان‌و خانەوادەكەشی دڵنەواییان دەكردن... بەلام ئەندازەی مەینەتیەكە ئەوەندە گەورەبوو ئاگری بەردابوو لەهەناویان" تەنانەت منداڵەكانیان كەتازە پێدەگەیشتن خەمباری‌و هەست كردن بەستەم زاڵ بوو بەسەریانداو لەژێر كاریگەری دیمەنەكانی ستەمدا تاسابوون ...!

هەركاتیش ماڵی خۆیان بیر دەكەوتەوە غەم‌و خەفەت دایدەگرتن‌و، جگە لەئاو هیچ شتێك نەدەچوو بەگەروویاندا...!!

مەحموود ئەو شەوە تانیوەشەو لەسەر كورسی‌یەك بەبێدەنگی دانیشت‌و لەبیركردنەوەیەكی قووڵدا دەژیاو ماڵە خەزوورانیشی دەوریان دابوون‌و ئاویان دەكرد بەدەروونی گڕتێبەربوویانداو پەیتا پەیتا دڵخۆشی‌یان دەدانەوە...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

میرزا ئەو پەردەیەی بەزاندو بەهێمنی وتی:

ـ کوڕی خۆم... ژیان لەم جۆرە کارەساتانەی زۆر تێدایە... ماشەڵڵا تۆش مامۆستای هەمووانیت...

مەحموود لایەکیکردەوە بەلای خەزووریداو وتی:

ـ من هەمیشە نەفسی خۆم وابەبارهێناوە لەئاست هیچ گرفتێك شکست نەخۆم... بەلاَم هێشتا کاریگەری ئەوستەمو زوڵمە لەبیروهۆشمدا دەزرنگێتەوەو بیر لەداهاتووی ئەوخەڵکانەدەکەمەوە کە ماڵو حاڵیان لێشێواو دەربەدەری ئێران بوون...

ـ دەربەدەری لەژیانی کورد نابڕێت... لەوەتەی من لەم هەڵەبجەیەدام ساڵی بیَ مەلاَمەتمان نەبووە...!

مەحموود لەسەر کورسییەکە ئاڕاستەی دانیشتنەکەی گۆڕیو وتی:

ـ کاکە میرزا... ئەمە دەرەنجامی کارێکی کوێرو کورت بینانەیە...! چما ئەو هێزانە ڕژێمی بەعس ناناسن چ زاڵمێکە...؟! ئەو خۆپیشاندانە تەنها کەفو کوڵێك بوو وانیشتەوە...وەك هەموو کارێك باجەکەی کەوتە ئەستۆی خەڵكو ئەوەتا سەدان ماڵ بیَلانەو مەنزڵ مانەوەو دەربەدەربوون... بەڕاستی ئەمە جۆرێکە لەچەواشە...هەڵخەڵەتاندن... قۆستنەوەی سۆزو هەستی کوردایەتیو ئاڕاستەکردنی کوێرانەو تیابردنی...!

میرزا ئاخێکی هێناوبردو وتی:

ـ هەر جاریَ قوربانی بێتە پێشەوە دەبێت میللەت بیدات...! جەرگیان بڕین... ماڵیان وێران کردین...خۆشیان وەك بەرزەکی بانان بۆی دەرچوون...! هەر میللەتە گیری خواردووە بەدەست سەرانو پێشەوای



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بێویژدانەوە، ئەوانەی لەتاران و بەغدادو ولاٌتان سەوداگەری دەکەن بەسەر میللەتی خۆیانەوە...

مەحموود ئەم هۆشیاری‌یەی خەزووری‌لەوتەوقی ماتەمینی‌یە دەری هێناو وتی:

ـ خۆزگە ڕۆژێك دادەهات ئەو خەڵکە ئاوابیریان دەکردەوەو لەبازنەی تەسکی حزبایەتی خۆیان دادەماڵی‌و سەریان دەکردە ڕۆشنبیری‌و جۆرێکی نوێ لەژیان...هەریەك لەڕژێم‌و ئەو هێزانەی بەناو بەرگری دەکەن لەماڵی کورد کەچی مەینەتیی میللەت‌و نەهامەتی‌یەکانی زیاتردەکەن...!!

ڕژێم هێزێکی تاکڕەوی خوێن ڕێژی شۆفێنیزمە... حزبەکانیش هەستێکی نەتەوایەتی‌یان هەیەو لەلایەن ولاٌتانی دژ بە کوردەوە بەگەڕخراون‌و گوێنادەن چی دێت بەسەر خێزانی کوردو ڕۆڵەی کورددا...ئەفسووس بەڕاستی میللەتێکی داماو و بێدڵسۆزین...! هەوڵەکانمان لەکوشتارو تەق‌و تۆقدا بەندکراوە، ئیتر لایەك ناکەینەوە بەلای ڕەوتی گشتیی ژیان‌و ئەو تێکۆشانەی بەرپابووە لەگێتی‌داو میللەتان گرتوویانەتەبەر... حەفتا ساڵە ئێمە لەسەر ڕەوتێکی هەڵەین ، بۆیە مەینەتی‌یەکان جار لەدوای‌جار لە بەرگێکی نوێدا دووبارە دەبنەوە...!

ئنجا میرزا بایدایەوە سەر ڕەوتی پێشوو بەهێواشی دەستێکی دابە شانی مەحموودداو وتی:

ـ بۆیە هەرگیز خەفەت مەخۆ... ئەمە ماڵی باوکی خۆتەو ئێمە کەی ماڵمان بەشکردووە...؟! هەمیشە یەك ماڵ بووین ...

مەحموود ئەم قسانە هانیانداو بۆ سۆز پرژێن کردنی میرزاو وتی:

ـ ئێمەش هەمیشە حسابی باوك‌و گەورەی خۆمان بۆ تۆ کردووە... خاوەنی جوامێری‌و پیاوەتیت ، واهەست ناکەین ئاوارەبووبین...!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**فاتمی پووری هەڵیدایەو وتی:**

**ـ لەدەوری سەرت گەڕێم...! تۆ مامۆستاو مشوورخۆری هەمووانی... خەڵاتێکی گەورەیە لەگەڵ تۆدابین لەنزیکەوە... ئەم کچانە کێ شك دەبەن لەتۆ زیاتر...!؟**

**ئنجا قسەوباسەکان زیاتر قاڵبێکی خۆشەویستیو دڵنەوایی بەخۆوەگرتو دانیشتنەکەشیان بێبەش نەبوو لە باسی سۆفی ساڵحو شێوازی دەست بەسەرکردنی پیاوماقووڵانی شارو، بەدەم خەمو خەفەتەوە ئەو شەوەشیان بەڕێکرد...!!**



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

پاش ئەوەی بارودۆخی شاری هەڵەبجە هێور بوویەوەو ڕژێمی بەعس دڵنیابوو لەچوونە سەری تاوانەکەی، ئەوسەد پیاوەی ئازادکرد " کەوەك بارمتەیەك دەستگیری کردبوون‌و بەقەڵغانێکی دانابوون لەبەرامبەر هەڵوێستی جەماوەری شاری هەڵەبجەدا...!!

گەڕانەوەی سۆفی ساڵح ئەندامانی خانەوادەو خزم‌و دۆستەکانی وەك گوڵ گەشاندەوەو کۆستی ماڵ وێرانکردن‌و سەرباری ماڵانی لائاسان کردن، بەڵام سۆفی بۆ خۆی ماتەمینی‌یەك دایگرت‌و لەژێر ئەڵقەکانی زوڵم‌و ستەمدا پساو، لەتاوا پشتی لەهەموو شتێك هەڵکردو تەواو تەسلیم بە ڕێبازەکەی بوو، هەرچەندە میرزاو خزمەکانی پیاوانە هاتنە پێش‌و خزمەتێکی زۆریان نواند، بەڵام سۆفی لەجۆرێك لەپلەوپایەکانی سۆفیگەرایی‌دا مۆڵی بەست‌و لەخانەقای شێخ مایەوەو خزمەتی خانەقاو مزگەوتەکەی دەکرد، وازیشی لەوەزیفەکەی هێناو بەجارێك دەستی لەدنیا هەڵگرت...! هەرکاتیش مەحموودو دایکی قسەیان لەگەڵدا بکردایە ئەوا بەزمانێکی جیاواز وەڵامی دەدانەوەو گەرشارەزای نەفسی نەبوونایە ئەوا بەشێتیان دادەنا، مەحموود ئەو حاڵەی باوکی واپێناسەدەکرد پلەیەکە لەپلەکانی تەسەوف‌و" سۆفی دەستبەرداری دنیابووەو ئەو تەمەنەی ماویەتی لەکونجی خانەقادا بەسەری دەبات...

سۆفیش هەمیشە دەم بەزیکرو دوعابوو، قسەی دونیایی ل‌ێنەدەبیستراو دەتگووت لەڕاستی‌یەکی گەورە بەئاگاهاتووە، بەردەوام بەدەم هەنسك‌و گریانیشەوە دەیووت:

بەضایع چوو لەمالا یەعنیا وەقتم هەموو یەعنی

دەبێ وەقتێ لەبول وەقتێ بخوازم دا تیایا بمرم ...!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

یاخود هەرکات لاویی خۆی بیر دەکەوتەوە بەخەوێك دەهاتە پێش چاوی، ڕۆژانی جەحێڵیو جوانی بیر دەکەوتەوەو جۆرێك لە قێزەوزی‌و گاڵتەپێکردنی بۆ دروست دەبوو پێ‌یو دەیووت:

شەوی بەهاری جوانی خەوێ بوو پڕ تەشویر

لەفەجری پایزی پیری بەیاذی‌دا تەعبیر

بەدەگمەنیش دەبینرا بگەڕێتەوە مالی میرزاو تێکەڵیش بەدەستە هاوەڵەکانی ببێت. خانەوادەکەشی سەرەتا بەلایانەوە گران بوو سۆفی وا ژیان بەرێتە سەر، بەلام یەك دوو مانگ بەسەر حاڵی نوی‌یدا تێپەڕی‌و ئولفەتیان پێوەگرت ، ئەوجا هەرکەس باسی سۆفی بکردایە ئەوا دەیانگووت:

ـ لەگۆشەی خانەقاو مزگەوتدایەو دەست بەرداری ژیانی دنیا بووە...!

خەڵکی ناسیاوو دۆستانی شارەزای ژیانی بوون‌و بەوەلی‌یان دادەناو ئەم ڕەفتارەشیان ئۆباڵی زوڵمی بەعس‌و تێکچوونی دنیاو نزیك بوونەوەی قیامەت دەکرد، سۆفی بۆ خۆیشی هیچ کات لەتەمەنی‌دا ئەوەندە هەستی بەپاکی‌و پوختی‌و نزیك بوونەوە لەپەروەردگارەکەی نەکردبوو، پەتی دنیای بڕی بوو ، سێ ژەمەی بەشۆرباو نانە ڕەقە بەسەر دەبردو لەئەڵقەی زیکریشدا بڕی هاوەڵەکانی دابوویەوە، ئەمەش وەهای لەشێخ کردبوو سۆفی بە هەرە نزیکەکانی دابنێ‌و جار جارەش بەشێخە بچکۆل بانگی بکات‌و بەرپرسایەتی ئەڵقەی زیکرو خانەقای بداتێ، گەرچی سۆفی بێ باك بوو لەوپلەوپایانەو بەتەنها دڵی بەحاڵەکەی شاد دەبوو، هەوڵی نزیکبوونەوەی دەدا لەخواو ڕۆژی قیامەت...

شەوێك مەحموود بە زۆر چوو بەدوای باوکی‌داو هێنایەوە بۆ مالی میرزاو بەیادی جاران دانیشتنێکیان ڕێکخست‌و خزمان‌و دۆستانی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

سـۆفیان بـۆ بـانگ کـرد، بـەلام سـۆفی نـوتقی لێوەنـەهات هاوبەشـی قسەوباسە دنیاییەکان بکات، مەحموودو میوانەکان ئەوەیان لا چەسپا ئـیتر سـۆفی بـۆ هەتاهـەتا بـڕاوە لەمەجلیـسی دنیـاییو جـارێکیتر ڕووناکاتەوە ناویان...

بـۆ بەیادییەکەشـی سـۆفی پـێش خۆرهـەلاتن جێگەکـەی بەجێهێشتو بـەرەو حانـەقا گەڕایـەوە، پـێش ئـەوەی بگاتـە خانـەقا هەناسـە بڕکـەی پێکـەوتو لەبـەردەم ماڵێکـدا دانیـشت بحەوێتـەوە، گیـانی هێـزی لەبـەر بڕابوو، جەستەی خـاو بووبوویـەوەو دڵـی تێکـەڵو پێکـەڵ دەبوو، سـەری گێژی دەخواردو تەزوویەکی سارد بـە لاشـەیدا دەهاتو دەچوو، هەرچەند کۆشا خۆی بۆ ڕانەگیراو ناچار ئاراستەی بیروهۆشی خستە سەر زیکری خـواو بـەردەوامیش فشاری جەسـتەی پـاڵ پێوەدەنـا تاچـاری نـەما!، زۆر هەوڵیـدا بیٚـسوود بوو"ئنجـا لـەناکاو لەبەرئـەو ماڵـەدا جەسـتەی ساردبوویەوەو کەوت...!

*   *   *

خەڵکی لەسەر مـەرگی کتـوپڕی سۆفی ڕاوبۆچـوونی جیاوازیـان هـەبوو، هـەیان بـوو دەیگـووت: دوعـای کـردووە خوابیباتـەوەو لـەم زوڵـمو ستەمەی بـەعس ڕزگـاری بکـات... هـەیش بـوو بەخواناسـیو ئـالوودەبوونی خـوایی دادەنـاو دەیـان گـووت: کوشـتەی دەسـتی حاڵـە ئیمانییەکەیـەتیو هـەبیٚو نەبیٚ گەیشتووە بەمەنزڵی ڕاستگۆیانو ڕەزامەندی پـەروەردگاری بەدەست هێناوە ، ئەوسا مردن وەك خەڵاتێك پێی بەخشراوە...!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

خانەوادەی سۆفیش مەرگی سۆفی ناڕەحەتی و مەینەتی خەست کردبوونەوەو واهەستیان دەکرد بەمەرگی سۆفی موسیبەتێکی گەورە هاتووە بەسەریانداو نەفسی پاكو دینداریماڵەکەیان لەدەست داوە...

مەحموودو خەرامان بەدەر لەوانیتر زۆر گریان ، یادەوەرییەکانی منداڵیو ژیانی دوورودرێژی سالآنی رابوردوویان دەهاتەوە بیرو ماتەمینیان پتر دەبوو هاوەڵەکانیشی وەك وەفایەك بۆ سۆفی پێش ناشتنی ئەڵقەی زیکریان بەست بەدەوریداو شێخ هاتەپێشو گوڵاوی پرژاند بەسەر جەستەکەیداو بەکوڵ هەموو گریان بۆی...

دوای بەخاك سپاردنیشی تەعزیەیەکی گەرمی بۆ گێراو چەند جارێك بەکۆمەڵ دوعایان بۆ سۆفیکردو شێخ لەمەجلیسەکەدا باسی ژیاننامەکەی بە کاریگەرییەکی زۆرەوە گێڕایەوە... دەست هەڵگرتنی سۆفیش لەدنیا بەیەکێك لەنیشانەکانی عاقیبەت خێری دەژمێردراو لەگەڵ ئەو باسە دەهاتە پێش سۆفییەکانی هاوەڵی حاڵیان لێدەهاتو کۆڕی زیکرو جیهانی رۆح تاوی دەسەند...

لەماڵیشەوە ژنە سۆفییەکان بەدەف تەعزیەکەیان گەرم دەکردو سلاوآتیان دەدا لەگیانی پاکی پێغەمبەر(د.خ)...سەکینی خێزانیشی لەژێر چەتری ڕەشی مەرگی سۆفیدا هەربەساقەی دەبوو ، بەدەم گریانیشەوە دەلالآیەوەو دەیگووت: لەمن ڕۆیی...! توخوا خەڵکینە سەبووریم بۆنایەت... ! سۆفی لەمن ڕۆیی...

فاتمی خوشکیشی دەبوورایەوەو قژی دەڕنیو دەیووت: کاکە گیان مەرگێکی کتوپڕت کرد... ئەو زاڵمانە ماڵەکەیان رووخاندیت ... جەرگیان بڕیت... لانەی چەند ساڵەت بوو بە وێرانەو ماڵت دابەشی سەر مالآنکرا... برا ڕۆ... برا ڕۆ...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ژنــانی خـــزم‌و دانیـــشتووی گـــەڕەکیش بـــە پەرۆشـــەوە هـــاتبوون بەدەمیانەوەو دەیان وت: سۆفی پیاوی خوابوو... دنیـای پـیس‌و گەنـدەڵی نەویـست ، پـەروەردگاریش بردی‌یـەوە بـۆ لای خـۆی ... دوعـای خێـری بـۆ بکەن...

لەناکاویش دەنگێك دەهات: سەیدی عالەم محمد سەلاٌوات...

ژنان بەیەك دەنگ دەیانگووت:

ــ صلی اللّٰه علیه وسلم ...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com





PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

عادلی حەمە شارەزووری هەستی تۆڵەسەندن لەدڵیدا دەگەڕاو ئالوودەی ئەو ڕۆژەبوو بتوانێت تۆڵە لە مەحموود بکاتەوە، گەرچی حەزو ئارەزووە نەفسیو نزمەکانی هەمیشە لەبەغداو ماڵەسۆزانییەکان تێردەکرد، بەلاّم دیمەنی ئامینەو جوانییەکەی هەرگیز لەیاد نەدەچوو" پیلانەکەی قەحتانیش ئەو هەلەبو کەعادل لەدووی دەگەڕاو بەدرێژایی ساڵانی پێشووی خەوی پێوە دەبینی، بەلاّم لەناکاو قەحتانو پیلانەکەی لەگۆڕنرانو گۆڕانکاری بەردەوام لەناوچەکەدا ونی کرد لەبەرچاوان...

زۆریش هەوڵیدا بەرپرسی نویێ ئەمن هان بدات بۆ ڕۆیشتن لەسەر ڕێگەی قەحتانو بەلایەنی کەمەوە دەستگیرکردنی مەحموودو دەستەیەك لەهاوەڵەکانی، بەلاّم بەرپرسی ئەمن گویێ نەدا بەپێشنیارەکانیو دۆسیەی جەنجاڵی ناوچەکە سەرقاڵیانکردو پێکدادانو یاخی بوونی خەڵك زیاتر سەرنجی ڕاکێشا، جێگەی گرنگیو بەدواداچوون بوو...

وێران بوونی ماڵی مەحموودو سەرباربوونی ماڵان مایەی خۆشحاڵی عادل بوو، لەدڵیشدا پاساوی نواندنی ڕەفتاری دڕندانەی دەدایەوەو دەیگووت:

ـ هەمووشتیێ لەپێناوی لەشولاری سپیو سنگی قوتو نێونیگای کەوانیدایە...!! دەروونم دانامرکیێ تانەگەم پیێ...!!

ئنجا شەیتان چووە بن کلێشەیو بیری تاوانو خراپە بەلێشاو هاتنە نێو دڵیو لەگەڵ هەریەك لەو تاوانانەدا گەش دەبوویەوە، پێش ئەوەی بڕیار لەسەر هیچ کام لەپیلانە شەیتانییەکانی بدات بڕیاریدا چاودێریی ماڵی میرزا بکاتو لەنزیکەوە ئاگاداری جموجووڵی خانەوادەکەی بێت...!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەیانیان زوو چەند سەعاتێك دەوەستاو ئێوارانیش چەند سەعاتێكو بەم پیشەیەش ژنانی گەڕەکی هەراسان کردبوو...ژنان بەئازادی نەیان دەتوانی هەڵسوكەوت بكەنو هەمیشە دەرگای حەوشەیان پێوەدەدا...!

لەیەكێك لەو ڕۆژانەدابوو نازدار لەماڵ هاتە دەرەوەو عادلیش وایدەزانی ئامینەیە شوێنی كەوت... لەپێچی كۆڵانێكدا لووتی تەقی پێوەیو تەماشایكرد ئامینە نییە، بەڵام كتومت هەر لەو دەچوو، نازداریش تازە پێدەگەیشتو ئەزموونی شووكردنی كاریگەرییەكی وەهایان لێنەكردبوو، عادل بێشەرمانە وتی:

ــ ئەو هەموو جوانییە... ماڵت ئاوا میرزا دەڵێی كارگەی جوانان لەماڵی تۆدایە...!!

نازدار عادلی نەدەناسیو شەرمیكرد وەڵامی بداتەوە، بەخێرایی كۆڵانەكەی بڕیو سەری دانەواندو ئاوڕی نەدایەوە... كاتێ گەڕایەوە ماڵەوە ئەو ڕووداوەی گێڕایەوە بۆ ئامینەو بێپێچوو پەنا وتی:

ـ ئەوە عادلە بەدڕەوشتە دیسان سەری كۆڵان دەگرێت لێمان... !

نازدار پێشتر تاڕادەیەك ئاگاداری كێشەی عادل بوو و ، وەیس چۆن هەڕەشەی لێكردووەو دووری خستووەتەوە لەمەحموودو ئامینە، بەڵام دوای تێپەڕبوونی ئەو ساڵانە جارێكیتر چۆن ئەم پیاوە بایداوەتەوە سەریانو ئاوا یەخەیان پێدەگرێت...؟! هیچ كام لەو ئافرەتانەش نەیان ویست ئەو باسو خواسە بگەیەننە دەمی میرزاو مەحموودو هەرلەوێدا كوژاندیانەوەو پەردەیەكیان دا بەسەریدا...

لەو ڕۆژەش بەدوواوە عادل زیاتر تامەزرۆی بەد ڕەفتاری بوو، بەئاشكرا چوو بۆلای میرزاو لەچایخانەكەی داخوازی دەستی نازداری لێكرد، پاش ئەوەی هەواڵو باسی دەربارەی نازدار كۆكردبوویەوەو



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

سەریشی دەسووڕما چۆن نەیزانیوە میرزا جگە لەئامینە کچێکی ئاوەها جوانی هەیە؟!

عادل لەگەڵ میرزادا بەفیزێکەوە دانیشتو وتی:

ـ ئەوپارەیە دەدەمەوە بەئیسماعیلو مارەی بڕەلێم...

میرزا حەپەسابوو لەوقسانەو هیچ کاتێك چارەو دیاری عادلی نەدەویستو بەتووڕەییەوە وتی:

ـ تۆزێ شەرم بکە لەخۆت... تۆکەی لەڕێزەی کچی مندایت ...هەی ناپیاو ...؟!

عادل بەم وەڵامە قارس بوو لە خەشمو قینا وتی:

ـ خۆ کچ ذییە ... بێوەژنە قۆڵ تڕێکە ...بێوەژن ...؟!! چارەسەری کێشەکەی دەکەم بۆتان ئیتر چیتان دەوێت ...؟!

میرزاش گەیی بەتیذیو وتی:

ـ تۆ ناپیاویت... پیاونیت... حەیاو شەرەفت هەبوایە ئاوات نەدەگووت...!

بەهەڵەداوان عادل لەسەر کورسی چایخانەکە هەستایە سەرپێو توندکێشای بە مێزەکەی بەردەمیداو وتی:

ـ ئەمەش مەکە بەئامینە... ئەمجارە بەزەبری شەق زەوتی دەکەم... ریش چەرمووی گـ...! ئێوە بەشەق نەبێت نایەنە سەربار...! ئێوە لەحکومەت قاچاخنو داڵدەی ماڵی خولە تان داوە...!! خولە یاخییە لەحکومەت...!

میرزا هۆشی بەسەر خۆوە نەماو هەر هەستاو جامێك لەبەردەستیدابوو هەڵیگرتو دای بەسەری عادل داو، خوێن بەڵێشاو فیچقەیکردو بەنێوچاویدا هاتە خوارەوە...!!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

خەڵکی دانیشتووی چایخانەکە کەوتنە نێوانیانو عادل دەمانچەکەی هەڵکێشاو وتی:

ـ هەر دەیکوژم ئەو ... گـ... گـ ... !!

لەویا هەرچۆنێك بوو خەڵکەکە کەوتنە نێوانیانو عادلیان دوورخستەوەو میرزاشیان ڕەوانەی ماڵەوەکردو شەڕەکەیان لەو ئاستەدا ڕاگرت...!!

* * *

دەستەویەخەبوونی میرزاو عادل خزمو خوێشی کۆکردەوەو بۆ جارێکیتر بەرگری بکەن لە حەیاو شەرەفی میرزای زاوایان... هەریەکەیان خاوەن ڕاو بۆچوونێك بوون، هەندێك دەیان گووت: لای حکومەت شکات لەعادل بکرێ، هەیش بوو دەیگووت: با بیکوژینو ئەوسا یەکێکمان بچێتە ژێربارو تەسلیم بەحکوومەت ببێتو چەند ساڵێك لەزیندان بەرێتە سەر، یا رابکات بۆ ئێران...!

مەحموود لەگەڵ ئەم ڕاوبۆچوونانەدا نەبوو، خزمانیش هەمیشە ڕێزی راو بۆچوونەکانیان دەگرتو بەگرنگییەوە گوێبیستی قسەکانی دەبوون، بەهۆی بوونی دڵسۆزیو ئەمەکدارییەوە خزمان پایەیەکی بەرزیان پێ بەخشیبوو، مردنی باوکیشی یەکێك بوو لەو هۆکارانەی زیاتر دەیان بردە پێشەوە لای خزمەکانیو کەسێتییەکی باڵاو بەهێزیان بۆ دادەتاشیو لەڕیزی ڕیش سپیاندا دەیانبژاردو گوتەکانی بەهەند دەگیران...

مەحموود دەمێك بوو لەدوای هەلێك دەگەڕا هەتا نازدار بتوانێت خوێندنەکەی تەواو بکاتو هاوشانی ڕۆژگار بخوێنێت لەسلێمانی،



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بـــەرپابوونی شـــەڕیش لەســـەر نـــازدار بارەكـــەی بـــەلای بۆچـــوونەكەی مەحموودا خستوو بزەیەك گرتیو وتی:

ـ كاكە میرزا كەرامەتی عادلی شكاندووەو پێویست ناكات زیاد لەوەبیر لەتۆڵەسەندنەوە بكەین...! بۆئەوەی نازداریش بەدووربێت لە چەكمەی چەپەڵی ئەو داوێن پیسە من بەباشی دەزانم نازدار لەگەڵ ڕۆژگاردا بچێتە سلێمانیو بەخوێندنەوە خەریك ببێت...

هەندێك لەخزمەكانی ئەم ڕایەیان بەدڵ نەبوو، شەرمیان كرد لەوەی نارەزایی دەرببڕنو بەپەنهانی وتیان:

ـ بابە كچ خوێندنی بۆچییە ...؟!!

كۆمەڵێكیتریش هاوڕای مەحموود بوونو بەگەرمی پێشوازییان لەڕاكەی كردو وتیان:

ـ رایەكی پەسەندەو ئەم كێشەیە كاڵ دەكاتەوەو لەدڵەڕاوكەو گرژی دەكەوین...

میرزاش بۆخۆی مەحموودی لەجێی ئەرسەلان دادەناو نكووڵی نەبوو لـەڕاكانی هەرچـەندە لەگـەڵ دووركەوتنـەوەی كـچدا نـەبوو، چـوونی ڕۆژگاریش بۆ سلێمانی لەژێر گاریگەری شیرینو مەحموودا بڕیاری لەسەردابوو، ئەمجارەش ڕووگیربوو بەساردییەكەوە وتی:

ـ ئێوە خزمو كەسی منو بڕیار لەسەر هەرچییەك بدەن ئەوا من دەست ناهێنمە ڕێتان... مامۆستا مەحموود براگەورەی هەمووڵایەكەو بڕواناكەم لەدڵسۆزیو مشوورخواردندا كەمو كوڕی نواندبێت...

ئنجا یەكێك لەخزمەكان سەبارەت بەعادل وتی:



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ـ ئێمـەش دەستەوەسـتان ناوەسـتین لەبـەردەم ئـەو خوێڕی‌یـەداو گـەر پیاوە بابتوانێت بـەتۆ بڵێـت بـەری چاوت کلـی پێوەیـە...ئەوسـا یـەکێکمان دەستبەرداری ژیان دەبین‌و لەخوێنی خۆیدا دەیگەوزێنین...!

مـەحموود لەبـەردەم ئـەم ڕایـەدا هەڵوێستەیەکی‌کرد، بـەڵام بەئاشـکراش نەیویست ڕووشکێنیان بکات" چونکە سروشتی ئەوناوچەیە واپێکهاتبوو" هـۆزو عەشـیرەت‌و هاوگونـدی ڕۆڵێکـی کاریگـەریان دەبینی‌ـو هەنـدێك جـاریش دەبـوو بـە قـەڵغانێك بـۆ خۆپاراسـتن لەدەسـتی زوڵـم‌و مەترسـی بەرامبـەرو لـەو جـۆرە کارەسـاتانەدا پارێزگـاری دەکـرد لـەو خەڵکـەی پەیوەندی‌یان نەبوو بەڕژێم‌و دەزگاکانیەوە...!

دانیـشتنی خزمـان لـەماڵی مـیرزا دوایـی هـات‌و ئـەو ڕووداوەش بووبـە هەلێکی بـاش بۆ نـازدار تابتوانێـت خوێنـدن تـەواوبکات‌و لەگـەڵ ڕۆژگـاردا ئەزموونی قوتابیەتی بگرنە بەر ، دوور لە ماڵ، لەهـەمان کاتیـشدا هۆکارێك بێـت بـۆ بیرکردنـەوە بـەهێمنی‌و سـاڕێژکردنەوەی برینـەکانی ئـەزموونی پێشووی...

عـادلیش هەسـتی بەسـووکایەتی‌و شـکاندن دەکـردو کـەم ڕۆژ هـەبوو سەری کۆڵانەکەی ماڵی میرزا نەگرێت، خزمەکانی میرزا بەم ڕەفتـارە پەسـت بـوون‌و بـەجۆرێك لەئیهانـەو دەسـت درێـژی‌یان دادەنـا بـۆ سـەر نامووسـی مـیرزاو دەسـتەیەك لەچـەکدارەکانیان چـوونە سـەرماڵەکەی‌و هەڕەشـەیان لێکـرد... ئیتر عـادل لەشـوێنی خـۆی توایـەوەو دیـسان دەسـت‌و پێوەنـدی بەسترا" چونکە ئەوانەی هاتبوونە سەرماڵەکەی هـەمان دەستەڵات‌و توانـای ئـەویان هـەبوو، لەتووڕەییـدا بەناخی‌دا دەچـوویەوەو جـاری واش هـەبوو دەهـات بەسـەریدا گوی‌نـەدا بـەهیچ بەربەسـتێك‌و بەئاشـکرا دەرگـای مـاڵی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**مـیرزا بقڵیـشێنێتەوەو کـچەکەیان بفڕێنێـت، ئـەوجا چـی دەقـەومێو ڕوودەدات باکی نەبێت بەسەرییەوە...!!**

**بـەڵام هـەر زوو مەترسـیو دەرەنجـامی ئـەو کـردارەی بـۆ ڕۆشـن دەبوویـەوەو پەشـیمان دەبوەوەولێیـو لەبێدەسـتەڵاتیدا پیـشی دەخواردەوەو لەناخا وەختەبوو دەتەقی... ناچار دەیووت:**

**ـ بـۆ کـوێ دەچـن کـچەکانی مـیرزا...!؟ ڕۆژێـك دێـت مـاران گـازبنو بەزەلیلی هـەڵتان بسووڕێنمو یاریتـان پـێ بکـەم...!! تاسـەر ئـاوا زاڵ نـابن بەسەر مندا...ئەی... قـ ... !!!**



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لەسەرەتای ساڵی خوێندندا مەحموود لەگەڵ ئەو قوتابیانەدا چوو بۆ سلێمانیو ڕێو جێی بۆ دەست نیشانکردنو، بەچەند مامۆستایەکی هاوڕێی ناساندنو وانە پەروەردەیی‌یەکانی بەنهێنی بۆ دیاریکردن...

ئەو ئەڵقە پەروەردەیی‌یانە هاوشێوازی ئەڵقەکانی هەڵەبجە بوونو مامۆستا هاوبیرەکانی مەحموود بەڕێوەیان دەبردو جارجاریش مەحموود سەردانی دەکردنو سوودی پێدەگەیاندن، ئەوانیش کێشەو گرفتەکانیان بۆباس دەکردو بەبرایەکی گەورەیان دەزانیو ڕاکانیان پەسەند دەکردو ئەو پرۆگرامەشی داینابوو بەوردی لەسەری دەڕۆیشتن...

هاوەڵەکانیشی چەند جارێك پێشنیاری ئەوەیان کردبوو بەماڵەوە بێتە سلێمانیو لەناویاندا بژیو لەسنوورێکی فراوانتردا چالاکی‌یە پەروەردەیی‌یەکانی ئەنجام بدات...

مەحموود پێشنیاری هاوەڵەکانی بەدڵ بوو، بەڵام خۆشەویستیی شارەکەیو چاودێری ئەو قوتابیانەی پەروەردەی کردبوون وایان لێدەکرد جار لەدوای جار پێشنیاری هاوەڵەکانی دوابخاتو ئەم ساڵ بۆئەو ساڵ هەر لەهەڵەبجەدا بمێنێتەوە...

لەدوای تێکدانی گەڕەکی کانی عاشقان ئەو پێشنیارە هاتەوە سەرو هاوەڵەکانی لەگەڕەکەکانی سابوونکەرانو گۆیژەو مەڵکەندی ماڵیان بۆگرتو چەند جارێکیش هاتن بەدوایداو بەگەرمی پێشوازی‌یان دەربڕیو چاوەڕێ بوون لەژێر کاریگەریی ئەوبارەدا هەڵەبجە بەجێ بهێڵێت بەڵام مەحموود هەر لەهەڵەبجە مایەوەو دەستبەرداری نەبوو ...

ئامینەو پوورە فاتمو دایکیو خزمەکانی ڕایان نەبوو لەوبارودۆخەدا هەڵەبجە بەجێبهێڵێت بۆیە ناچار سووربوو لەسەر ژیان لەنێو هەڵەبجەو



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دڵخۆشـیو سـوكنایی بـەقوتابیو چـالاكیـیەكان بۆدەهـات، هاوەڵانیـشی نائومێد نـەدەكردو بـەڵێنی دەدانـیٚ زوو زوو سـەردانیان بكـاتو لەنزیكـەوە ئاگاداریان ببێت...

لەوسەردانەدا بەتایبەت نازداری لەماڵی یـەكێك لەماموٚستاكانی هـاوەڵی دانیـشاندو حـەزیكرد چـەند ئاموٚژگاریـیـەكی بكـات، مـەحموود خۆشـی نەیـدەزانی بۆچـی دڵـی ئـاوا گەرمـە لەسـەر ئاموٚژگـاریكردنی نـازدارو ئـاخۆ دەستی قەدەر بۆچی هەڵگرتنو ئاڕاستەی ژیانیان بەرەو كویٚ بەرێت...؟!

نازدار هەستی بـەئازادی دەكـردو، ئـەو ڕۆژەبـوو كـە دەمێك بـوو لـەدوای وێڵ بوو و خـەونی پێـوەدەبینی... هێـشتا شـادی سـەفەر لەسـەر لێوەكـانی بوو مەحموود پیٚی وت:

ـ نـازدار دەمـەوێت بـۆ چـەند سـاتێك بەیەكـەوە بـدوێین... پـێش ئـەوەی بگەڕێمەوە بۆ هەڵەبجە...

نازدار بەڕەوشتێكی بەرزەوە دانیشتو وتی:

ـ ماموٚستا فەرموو...

مەحموود بزەیەك گرتی ئەوجا وتی:

ــ نـازی گیـان تـۆ نـزیكترین كەسـی لەئێمـەوەو دەمێكـە قۆنـاغ بـەقۆناغ لەپـەروەردەی دەروونـەوە خـەریكینو ڕەوشـی ڕۆژانـە دادەڕێـژین... ئـەمڕۆ مـن وا هەسـت دەكـەم كەیـەكێك لەقوتابیـیـە گـەورەكانم لیٚ دەبڕێـتو زۆر نیگـەرانم، بـەلاٚم دڵخۆشـی خـۆم بەوەدەكـەم لێـرەدا بتوانیـت خوشـكێكی گـەورەبیت بـۆ ڕۆژگـارو هاوەڵـەكانیو چـاودێرییان بكـەیت...سـاڵی پـار خـەمی رۆژگارمـان بـوو ، بەتەنهایـە لەسـلێمانی ... ئەمـساڵیش لەگـەڵ ئـەم ماموٚستایانەدا قسەم كـردووەو تـۆ هەفتانـە لـەو ماڵانـەدا دەرسیان پیٚبڵـیٚ



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

کەدیاریمان کردووەو خۆشت لەگەڵ مامۆستایانی ئێرەدا پرس و رابکەو ئەو قۆناغ بەندی‌یە پیادە بکە لەگەڵیان...

نازدار هەستی بە بەرپرسیاریەتی کردو بەشانازی‌یەوە وتی:

ـ مامۆستا غەمی هیچ کام لەوکچانەت نەبێت... پشت بەخوا لەرەوتی چاکسازی لانادەین و ئەو پەروەردەیەی دەستماندراوەتیّ بەردەوام دەبین لەسەری ...

پاشان مەحموود لایەنێکی گرنگی ژیانی شاری سلێمانی خستە ڕوو و وتی:

ـ ئێرە وەك هەڵەبجە نی‌یە... دەبێت لەهەموو ڕوویەکەوە ئاگاداربن و تێنەکەون...! خەڵکی جیاواز لەملاولاوە لەسلێمانی دەژین... پیاوەکانی ئەمنیش لێرە زاڵ و بالأدەستن... متمانە مەدەن بەهەموو کەسیّ و فیکرو بۆچوونتان هەروا ڕەهامەکەن، پێش ناسینی خەڵك تێکەڵیان مەبن... سوود لەڕۆژانی پشوو وەربگرن بۆ خوێندنەوەو دانیشتنی پەروەردەیی...

بۆ دڵنیاکردنی مامۆستاکەی وتی:

ـ دڵنیابە وەك چاوم پارێزگاری دەکەم لەڕۆژگارو دەستە خوشکەکانم... ئەو دانیشتنانەش یەك لەدوای یەك لەڕێگەی نامەوە ئاگادارت دەکەمەوە...

ئنجا مەحموود چەند کتێبێکی بۆ دەستنیشانکردو وتی:

ـ تامانگێك بیانخوێنەرەوەو کورتەیەك لەسەر هەریەکەیان بنووسە بۆم...

بەپەرۆشەوە کتێبەکانی وەرگرت و سەیری ناونیشانەکانی کردن بەبچووکی لەسووچێکەوە ناونیشانەکەی نووسرابوو سەری سووڕماو، مەحموود بۆ ئاگادارکردنی وتی:



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ـ ئەو بەرگانەی لەگۆڤارو ڕۆژنامە عێراقی‌یەکان دروست کراون باوەك خۆیان بمێننەوە دەستکاری نەکەیت...

بەترسیکەوە پرسی:

ـ بۆچی یاساغن ؟!

ـ هەمووشتێ لەم ولآتەدا جێگەی یاساغی‌یەو ڕژێم لێی ڕازی‌نی‌یە... ئەو هاوەلآنەی ئێرە دەڵێن: ئێمە قورئانیش دەشارینەوە چ جای کتێب...؟!

ـ کەواتە هەڵەبجە جۆرێك لەئازادی هەڵس‌وکەوتی تێدایە کەسلێمانی لەدەستی‌داوە...؟!

ـ بەڵێ... لێرە ئەمن بالآدەستەو پێش مانگێك ژمارەیەك لە مزگەوتدا گیراون‌و تۆمەتیان بۆهەڵبەستراوەو هەر لەئەمنە سوورەکە گوللەباران کراون...!!

سامێك داباری بەسەر نازدارداو کەوتە جیهانی ترسەوەو مەحموود بەدەنگە ناسکەکەی لەسەر خۆ بانگی کردو وتی:

ـ نیگەران مەبە...ئێوە لێرە قوتابین... هات‌وچۆشتان بۆ ئەو مالآنەی لای بەرپرسانی بەشی ناوخۆیی بەئاسایی دەربخەن، هەرگیز وەك هەڵەبجە چالاکی‌نەنوێنن‌و تابۆتان دەکرێت وریابن...

دوای ئەوقسانە مەحموود خواحافیزی لەنازدار کردو لەکاغەزێکدا بڕێك پارەی پێداو وتی:

ـ ئەم پارەیەت با پێبێت... ئەگەر ئەوخوشکانە پێویستیان بەیارمەتی هەبوو یارمەتی‌یان بدەو لەنەخۆشی‌و مەسرووفی ڕۆژانەتاندا خەرجی بکەن...

بەتەریقی‌یەکەوە دەستی‌برد پارەکەی وەرگرت‌و وتی:



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ـ سوپاست دەکەین لەسەر گرنگی پێدان و کۆمەکیت ...

بەدەم ڕۆیشتنەوە مەحموود وتی:

ــ سوپاسی ناویٚ ئێمە دەبێت هەمیشە دەستمان بەیەکەوەبێت... ئێوەش بەشێکن لەئێمەو ڕۆڵەو کچ و خوشك و کەسمانن...

لەوهەڵوێستەدا نازدار کەسێتی تەواو کاملی مەحموودی بۆ دەرکەوت و لەدیدوبۆچوونی‌دا دەت وت کێویێکەو هەرگیز داڕمان و ڕووخان بەخۆوە نابینێت... لای قوتابی‌یەکانی هاوەڵیشی ئەو کەسایەتی‌یە پاکە بوو بەنموونە دەیان هێنایەوە لەبەرچاویاندا ڕاستی‌و چەمکەکانی بەرجەستە دەبوون، مەحموود مشوورخواردنی بۆ قوتابیان و بەدەمەوە چوونیان بەیەکێك لەئەرکەکانی سەرشانی دادەناو سالاّنە لەسەرەتای ساڵەوە لەگەڵیان دەهات بۆ سلێمانی‌و ئەوانەشی لەمووسڵ و هەولێر و بەغدا وەردەگیران تا داینەمەزراندنایە دەست بەرداریان نەدەبوو... بۆیە قوتابییەکانی هەستیان بەهەیبەت و ویقارێکی زۆردەکردو بەبینینی گەش دەبوونەوەو هەرگرفتێکیان هەبوایە لای ئەو هەڵیان دەڕشت، ئەمەش کارێکی وەهای کردبوو هەندێك لەکەس‌وکاری ئەو کوڕوکچانە بەباوك و براو دایکەوە لەکۆڕو کۆبوونەوەکانیاندا باسی بکەن و چاکێتی‌یەکەی بگەڕێننەوە بۆ ئەسلٚ زادەیی‌و پەروەردەی بەرزی ...

مەحموود گوێی نەدەدا بەپیاهەڵدان و باسکردنی خەڵك و ئەو ئەرکانەشی بەبەشێك لەپیشەی مامۆستایی دادەنا، مامۆستا لەدیدی مەحمووددا بنیادنەرەوەی کۆمەڵگەی کوردەواری‌بوو، ئەو دیاردە دزێوانەشی لەمامۆستایان دەگێڕدرایەوە" بەدەرەنجامێکی ئاسایی دادەنا بۆ حاڵی مامۆستاو ئەو فشارو پیلانەی دەگێڕدرا لەودیو پەردەوە بۆ بنەبڕکردنی ڕەوشی بەرزو مایە پووچ کردنی مامۆستا بەچەندین شێوازو



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

جۆر، وێـڕای داتاشـینی قـاڵبێکی سـووكو بـەباڵابڕینی مامۆسـتاو دەیـان پیلانی هاوچەشنی ئەو پیلانە پیسو گەندەڵانەی ڕژێمی بەعس...!

مــەحموود بەپێــچەوانەی ئــەو دیــدو بۆچــوونانەوە دەجووڵایــەوەو هـەوڵێکی بێوچانیـشی دەدا بـۆ ڕاسـتکردنەوەی بۆچـوونی خـەڵك بەرامبـەر مامۆستاو سروشتی پیشەکەی لەڕێنماییو بنیادنانی نەوەی داهاتوو...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com





PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

شـاری هەڵەبجـە  ئاسایـشی لەبـەر هـەڵگیرابوو خـەڵکی بـەزۆر خۆیـان‌و ماڵ‌و منـداڵیان بـەکێش دەکـرد... ژیـان ڕەنـگ‌و بـۆی لەدەسـت دابـوو... سروشـتی جـوانی ئـەو ناوچـەیە ڕەنگـی پـایزی بەسـەردابڕابوو، خەڵکەکـە لەدڵەڕاوکەو مەرگێکی ڕۆژانەدا دەژیان‌و هـەڵکردنیش لـەژێر فشارو پـەنگی مەرگدا ئەستەمە مەگەر ئەو مرۆڤانە خـاوەن ئیرادەیـەکی بەهێزبن دەنـا کـەم ڕۆژ هەبوو نەچن بەگژی مردنداو زۆران نەگرن...!!

تۆپبارانی شارو ستەمی دەزگاکانی بەعس‌و هـەوڵ‌و تەقـەلای بێ‌شومار بـۆ بـژێوی کـۆڵ‌و باری ئەوخەڵکـەیان چـەند قـات قـورس کردبـوو، ژیـانیش جۆرێك بوو لەمردن‌و زیندووی ڕۆح  سپێردراو...!!

لەومانگانەی کۆتایی ساڵی 1987دا کۆماری ئیسلامی ئێران بەدیققـەت ئـاوڕی دایــەوە بـەلای کوردســتاندا" پـاش ئـەوەی هێزەکـانی لەبـەرەکانی جەنگی (فاو ـ بەسرە) فشارێکی تونـدیان خرایە سەر، ئەوسا دەرگاکـانی کوردستان چارە سەرێك بوون بۆ سووك کـردن‌و کەمەرشـکاندنی هێزەکـانی بــەعس، هۆکارەکــانی دەســت تێــوەردان لەناوچــەکەو بەدەســتهێنانی پلەومــەقامی ســەروەری‌و پێــشەنگی پــارێزرابوو بــۆ کۆمــاری ئیــسلامی ئێـران... ! حزبـەکانی کوردسـتانی باشـوور هـەموو لەباوەشـی ئێرانـدا بوون... یارمەتی‌و کۆمەك هەمیشە بەڕێوەبوو، لەئێرانیشدا بەبەڵگەنامـەی تایبـەت دەسـووڕانەوەو تـا ئەوپـەڕی سـنوورەکان دەچـوون‌و دەگەڕانـەوە، هاوتای ئەو پشتگیری‌یەش دەزگا تایبەتی‌یەکان ئەرك‌و چالاکی تایبـەتی بۆ دەستنیشان کردبوون...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

هـەر حزبێـك لەلایەكـەوە دەجـەنگان دژ بـە ڕژێمـی بـەعس و هـەمووش دانیشتنی تایبـەتیان هـەبوو لەگـەڵ قـەرارگای ڕەمـەزان و هێزەكـانی سـوپای پاسداران و ئیتلاعاتی ئێراندا...!!

دەزگـــا نەخـــشە ســـازەكانی ئێـــران هەڵەبجـــەی لەچوارچـــێوەی نەخـشەكانی‌دا بەشـارێكی ستراتیژی و گـرنگ دانـابوو، لـەزووەوە خـەریكی لێكۆڵینـەوەبوون سـەبارەت بـە پـەلاماردان و دەسـت گـرتن بەسـەر شـاری هەڵەبجـەدا...! ڕۆچوونی سوپای عێـراق بەگشت تواناكانی‌یـەوە لەبـەرەی (فـاو . بەسـرە) هـەلێكی ڕەخـساندبوو بـۆ نەخـشازو كارمەنـدانی جـەنگ لەئێران پشت ئەستوورانە خـەونی سـاڵانی ڕابـردوو بهێننـەوە ئـاراو هـەوڵی پراكتیزەكردنی هەنگاوەكانیان بدەن لەمەڕ داگیركردنی هەڵەبجە...

كۆچـكردنی مـەلا عیـززەدین و ژمارەیـەك لەخـەڵكی شـار بـۆ ئێـران فاكتـەرێكی یاریـدەدەربوو بـۆ قـەرارگای ڕەمـەزان تـا فشار بخاتـە سـەریان و زۆربـەیان لـەڕیزی ئـەو حزبـەدا كۆبكاتـەوە كـە لەسـەر دەسـتی مـەلا عیـززەدین و هاوپیـشەو بیرەكانی‌ـدا بـەناوی ئیـسلامەوە دامـەزرێنرابوو، هەریـەك لەحزبـەكانیش لەسـەر خـەت بـوون و چوسـت و چـالاكانە بەدیـدە تەسكەكەی خۆیانەوە بۆ میللەت و خاكی خۆیان دەڕوانی...!!

ئاغـای تـەهرانی لەبـەرزترین ناوەنـدی جەنگی‌یـەوە راسـپێردرابوو بـۆ سەرپەرشتی دۆسیەی هەڵەبجەو دەستگرتن بەسەر بەشێك لـەزەوی و زاری كوردستانی باشووردا...! بەسواری فڕۆكەیەك گەیشتە كرماشـان و پـاش چەند كاتژمێرێك جەردی حزب و نوێنـەرەكانیانكراو لـەهۆڵێكی تایبەتی‌دا دانیشت لەگەڵیانداو نیازی كۆماری ئیسلامی بۆ دەرخستن...

نوێنـەرانی حزبـەكان بـێ قەیـدو شـەرت ڕازی بـوون و هـەر دوابـەدوای دانیـشتنەكە كەوتنـە خـۆ بـۆ جێبـەجێكردنی داخوازی‌یـەكانی ئاغـای



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

تــەهرانی‌و داخوازی‌یــەکان وابەســتەی چــمکەکانی ئــەو نەخــشەیە بــوو کەناوەنـدێکی ئەنـدازەیی سـەربازی کێـشابووی بـۆ داگیرکردنـی هەڵەبجـەو گواستنەوەی جەنگ‌و پێکدادانی عێراق - ئێران بۆ کوردستانی باشوور...

دەبــوو ئــەو حزبانــە هەڵبــستن بــەگرتنی ڕەبایــەو ســەربازگەکانی دەوروپشتی هەڵەبجەو دابڕانی هەڵەبجە لەناوچەی شارەزوورو تێکشکانی سوپای عێراق لەناوچەکەدا... پێش دەست پێکردنیش دەبوو بەقۆناغی یەکەم هەڵسن بەوکارە ئەویش بریتی بوو لەگواستنەوەی پسپۆڕو سەربازە ئێرانیــەکان بــۆ ناوچــەکەو ڕێنیــشاندانیان بــۆ ئــەوەی بتــوانن کۆمــەك‌و یارمەتی‌یــەکان بەڕێگــەو بــانێکی گونجــاودا بنێــرن‌و خــاڵی ئامــادەگی لەنەخشەی داگیرکردنی هەڵەبجەدا دەستەبەربکەن...!!

ڕۆژانــە ســەدان پاســدار لــە بــاڵانبۆوە دەگەیــشتنە دێکــانی (کەوتــە) و (ســازان)و(بــوێن)و(گریانــە)و(قلاگــا)،ئــەو ڕێگایــەش تــابڵێی ڕێگەیــەکی شاخاوی‌و سەخت بوو، ڕێگەیەکی وەها ئاسان نەبوو بگاتە سەر ڕووباری سـیروان، ئێرانیــەکان زۆریــان بــۆ حزبــەکان هێنــا تاڕێگەیــەکی وایــان بــۆ بدۆزنەوە جبەخانەکانیان بەنهێنی بگوێزنەوە ڕووی کوردستانی باشوور، ئەمــەش زۆری نەخایانــدو لــەدێی بــوێن‌و مۆردینــەوە قــەراخ‌و ڕێگــەی تــەنکایی‌یان بــۆ هێــزە ئێرانیــەکان دۆزی‌یــەوەو شــەوانە بــەنهێنی تــۆپ‌و کۆمەکی‌یان دەگواستەوەو لەو ئەشکەوتانەدا جێگیریـان دەکـرد، لـەدیوی ئێرانیشدا پێشمەرگەی حزبەکان هاوشانی پاسدارە ئێرانیەکان دەجووڵان بـۆ گواسـتنەوەی پێداویـستیەکانی جـەنگ‌و بـەدیهێنانی بەنـدی یەکـەمی نەخشەکە...!!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

سەردارو پێشەنگی حزبەکانیش بەردەوام لەکرماشان چاویان دەکەوت بەئاغای تەهرانیو ئاگاداری دەکردن لەبڕیاری سەروو و نزیك بوونەوەی وادەی هێرشەکە...

حزبەکان وایان دەزانی دەست گرتن بەسەر هەڵەبجەدا دەبێتە مایەی حەوانەوەی هێزەکانیانو دابینکردنی ناوچەیەکی ئەمین لەکوردستانداو شکاندنی هێزەکانی ڕژێمی بەعسو دەست گرتن بەسەر شارو ناوچەکانی نزیك هەڵەبجەداو، بێئاگابوون لەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران نەخشەو پیلانێکی بالآی کێشاوەو گشت توانایەکی لۆجستیو سەربازی بۆ فەراهەم هێناوە لەپێناوی دەستکەوتو مەبەستەکانی جەنگەکەی لەگەڵ ڕژێمی بەغداو، فروانکردنی پانتایی جەنگو گواستنەوەی بەشێك لەو شەڕە بۆ کوردستانی باشوور...!

ساویلکەیی بەدرێژایی مێژوو ڕەوشی کوردو سەرکردەکانی بوو ...!! هەردەم بۆ مەرامێکی کورتو تاکەکەسی کەوتبوونە بۆسەی دوژمنو رۆڵی کاریگەریان بینیبوو لەبەجێهێنانی خواستەکانی دوژمنی کورددا، لەئەنجامیشدا بەدەستی بەتاڵ گەڕابوونەوە دواوە...!!

هاوکاری حزبەکان بۆداگیرکردنی هەڵەبجە ڕێگەیەکی دووری بۆ ئێرانیەکان نزیك کردەوەو ئاسانکارییەکیش بوو بۆ پڕکردنەوەی کەمو کورتییەکانی سوپای ئێران لەنەناسینی سروشتی ناوچەکەو دیاریکردنی خاڵە گرنگو ستراتیژیەکانی...!

بەدرێژایی ئەومانگانە دەزگای زانیاری سەربازی لایەنی لۆجستیو تەواوکاری هێرشەکەی هەڵدەسەنگاندنو چەند مەشقێکیشی بەسوپای بەشداربووکردو ئەگەرەکانی بەرپەرچ دانەوەی سوپای عێراق بەدوورودرێژی تاوتوێکران، پسپۆڕە ئێرانیەکان پێشبینیی بەکارهێنانی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

چەکی کیمیاویان دەکرد لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە" چونکە لەبەرەکانی فاوو کـووت و عـەممارەدا هـەمان چـەك بـەکارهێنرابوو، ئێرانیـەکانیش بـۆ پاراسـتنی گیـانی پاسـدارو سـوپاکەیان و هاوپەیمانـەکانیان لەحزبـە کوردسـتانیەکان ماسـکیان بەسـەردا دابەشـکردن و دەرزی ـو دەرمـانی دژە کیمیاوی یان پێدان...!

بەدوایی هاتنی ئەو هەنگاوانە حزبەکان گومانیـان نـەبوو لـەوەی شـەڕی دەست گرتن بەسەر هەڵەبجەدا نزیکەو بەتـەنها پەیوەنـدی بەکاتـەوە هەیـە ، بۆیە لـەجۆرێك دوودڵی دا دەژیـان و لەهـەوڵی ئـەوەدابوون بـزانن ئـاخۆ کـەی کۆماری ئیسلامی فەرمانی دەست پێکردنی هێرش دەردەکات...!!

ئێرانیـەکان" کـەخاوەن سروشـتێکی سـاردبوون لەئیش وکارەکانیانـداو پەلەیان نەبوو لەبەگەڕخستنی هەنگاوی هێرش بۆ سەر هەڵەبجە، نەفسیان بەهێمنی دەخستەکارو بیروباوەڕیشیان زادەی پیلان و نەخشەی تایبـەتیی خۆیـان بـوو... ! لەبەرئـەوە کـاتی دەسـتپێکردنی هێـرش بـۆ هەڵەبجـە لەدەستی خۆیاندا مایەوەو هیچ یەك لەو حزبانـە نـەیانتوانی وادەی هێـرش بردنە سەر هەڵەبجە وەربگرن...!!

هەرچـەندە بڕوبیانوویـان دەهێنایـەوەو مەترسـی داری دواخـستنی هێرشەکەیان بەهەند دەگرت بەڵام ئاغای تەهرانی دەیگووت:

ـ هـیچ گـرنگ نی یـە... ئێمـە زیانمـان لێناکـەوێت... ئـەزموونێکمان بڕیـوە لـەهاوکاری و" چـۆن جبەخانـەمان گواسـتەوە بـۆ بنکـەکان لـەدیوی عێـراق ئـاواش دەیگێڕینـەوە... ئێـوە خـۆش بـن هـیچ ئەسـتەنگ و گرفتێـك شك نابەین...!!

نوێنەری حزبەکانیش بەحرسەوە دەیانگووت:



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ــ ئەگــەر بــەعس بزانێــت ئــەوا ســوپاو پــشتگیری زۆر دەنێرێــت بــۆ ناوچــەکەو ئــەو هەلــە لەدەســت کۆمــاری ئیــسلامی دەچــێت بــۆ گرتنــی هەڵەبجە...!

ئاغای تەهرانی بەساردیەوە دەیگووت:

ـ ئێـوە لەدیـدی خۆتانـەوە وادەبیـنن... سـەرکردایەتی سـوپای ئێـران وانابینێـــت ... ڕژێمـــی صـــەدام لـــەم قۆناغـــەدا هەوڵـــەکانی بـــۆ دەســـتگیرکردنەوەی فـــاو خـــستۆتە گـــەڕ...نایـــەوێت بەرەیـــەکی نـــوێ بکاتەوە...

لـەدوای گفتوگۆیـەکی بـێ ئـەنجام ئـەوجا سـەریان کـز دەکـردو ناچـار ڕەشمەی نەفسیان دەسپارد بەئاغای تەهرانیو دەیانگووت:

ـ ئێمە لەبەرژەوەندی کۆماری ئیسلامی ئێران قسە دەکـەین...!! مـادام ئێوە وابەباش دەزانن ئەوا ئیدی هیچ ناڵێین...!


ئاغای تەهرانیش دڵنەوایی دەکردنو دەیگووت:

ــ بافـەرمان دەربـچێت ئەوسـا دڵـشاد دەبـن بەشکـستی ڕژێمـی کـافری بەغداو دەست گرتن بەسەر هەڵەبجەدا...!

هــەرکات گفتوگۆکــان بــەم دەرەنجامــە دەگەیــشتن دوایــی پێــدەهاتو نوێنـەری حزبـەکان سارد دەبوونـەوەو نائومێـد دەبوون لەدەست پێکردنـی هێرش بۆ سەر هەڵەبجەو لەدڵا نەفرەتیان لـەخۆیان دەکـرد بـۆ ئـەو ئاسـتەی پێـــی گەیـــشتوونو لـــەداخا لێویـــان دەکرۆژیـــو هەناســـەی ســـاردیان هەڵدەکێشا...!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com





PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

سەرکردایەتی گشتی سوپای ئێران دوای داواو زۆرلێکردنی حزبەکان جەنگی هەڵەبجەی هەڵگیرساندو لەشەوێکدا بەخەستی هەر شەش سەربازگەکەی ڕژێمی عێراقیان تەفروتووناکرد...!

سەربازگەی پشتی هەڵەبجەو تۆپخانەکەی دەڵەمەڕ بەیەدەكو پشتیوانی ڕەبایەکان دادەنران‌و بەدیققەت‌و هاوکاری حزبەکانی کوردستانی باشوور کۆماری ئیسلامی توانی لەکاریان بخات‌و ، شاری هەڵەبجە دابڕێت لەشارەزوور...! ئێران شوێن‌و ڕەبایەکانی بۆ حزبەکان دیاری کردبوو، سەرباری ئەوەش خۆی لەگەڵ هێزەکانی مەلاعیززەدین دا بەڕۆژی نیوەڕۆ خۆیانکرد بەشاری هەڵەبجەدا...

شەوی /1988/3 یەکێك بوو لەشەوە مەینەتاوی‌یەکانی خەڵکی هەڵەبجەو تابەیانی کەس خەو نەچووە چاوی، لە خولەکێکدا سەدان تۆپ دەیدا بەزەوی‌داو مێشکی خەڵکیان دەشڵەقاندو تووشی ترس‌و راچڵەکانیان دەکردن...!!

مەحموودو هاوەڵەکانی بەنهێنی‌و لەنزیکەوە چاویان دەکەوت بەیەكو ئەوهێرشەش جێگەی نیگەرانی‌یان بوو، مەحموود دواهەمین قسەی بۆ هاوەڵەکانی ئەوەبوو: لەسەربڕینی هەڵەبجەدا هەموو لایەن‌و حزبەکان بەشداربوون‌و دەستیان سوورە بەخوێن ، با ئێمە دووربین لەو تاوانەوە...!

لەبەرەبەیانی ئەو ڕۆژەدا مەلاعیززەدین بەئەڵڵاهو ئەکبەر لەگەڵ تاقمێك لەپاسداران گەیشتنە ناوشارو لەڕێگەوبانەکانی شاریشەوە حزبە کوردستانی‌یەکان بەیاوەری پاسداران تەوقی شاریان داو ،بەگەرمی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لەسـەرا هوتافیـان کێشاو، پـەیتا پـەیتا خـەڵکیش بـەهاوکاری پێـشمەرگە دامودەزگاکانی شاریان تالأنکرد...!!

دیمـەنی شـار لـەورۆژەدا تێـكو پێـك شـێوابوو بەسـەر یەکـداو ڕەفتـارو کـردەی خـەڵکی لـەژێر کـۆنترۆڵی عەقڵـدا نـەمابوو...! خەڵکەکـە دەیـانزانی ڕژێمـی بـەعس هـەروا بەئاسـانی دانانیـشێتو شـاری هەڵەبجـە خـاپوور دەکرێتو واباشە تازووە هەڵبێنو شار بەجێبهێڵن... لەشنرویۆ باڵانبۆوە خـەڵکی ڕێـچکەیان بەسـت بـڕۆنو شـاربەجێ بهـێڵن، بـەلأم هێزەکـانی پێـشمەرگە ڕێگـەوبانی دەربازبوونیـان لێگـرتنو هەربەوشـەوە ڕەوانـەی شـاریان کردنـەوە، بـەبیانووی ڕزگـارکردنی کوردسـتانو ئـازادکردنی شـار، بۆ دڵخۆشی خەڵکیش دەیانگووت:

ــ کۆمـاری ئیـسلامی ئێـران( ارض جـو) مووشـەکی هـۆك دەهێنێـت... فڕۆکەی صەدام ناتوانێت لەئاسمانی هەڵەبجە نزیك ببێتەوە...!!

ئەوبەڵێنانە نەبوون بەمایەی خۆشحاڵی خەڵکیو تازە ژیان لەهەڵەبجەدا مـەحاڵ بـوو... تووانـەوەی هێزەکـانی ڕژێمـیش بـەو خێراییـیە سـەرنجی خـەڵکی ڕاکێـشابوو...! بەرپرسـی ئـەمنو منظمـە لـەڕێی جاشـەکانەوە هـەڵهاتبوون... پیـاوانی ڕژێـمو ئەوانـەی گومانیـان لـەخۆیان هـەبوو ناوچـەکەیان بەجێهێشتبوو پـێش تەقاندنـەوەی پردەکـەی زەڵـمو دابڕانـی هەڵەبجە لەشارەزوور...!

بەشـێکیش لەمووچـەخۆران چـووبوونە ژێـر پارێزگـاری خزمـەکانیانو ڕابوردوویـان داپۆشـیبوو بـەو دۆسـتایەتییەی هـەیان بـوو لەگـەڵ پێشمەرگەدا...!

لەکاتێکـدا خـەڵکی بەشـپرزەییو پـشێوی سـاتەکانیان بەسـەر دەبـردو لەناکاو فڕۆکەکانی ڕژێم هاتنـە ئاسمانی شارو، ئیتر مـەحموودو هـاوەڵانی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

گومانیان نەما لەوەی ڕژێم بۆ شێوازی تۆڵەسەندن دەگەڕێت و ئەوفڕۆکانە فڕۆکەی پشکنینن...!

لە چێشتەنگاودا بۆردومانی شار دەستی پێکردو تاقم لەدوای تاقم فڕۆکە هێرش بەرەکانی صەدام هێرشیان بردە سەرشاری هەڵەبجە...! لەسەنتەری شاریان داو مووشەکێك لەنزیك ماڵی میرزا دای بەزەوی‌دا" هێشتا میرزا لەبەردەرگابوو پارچەیەك دای لەملی‌و بێ‌هۆش کەوت!، مەحموود میرزای کردە کوڵ‌و ویستی بیگەیەنێتە نەخۆشخانە، بەلاّم لەڕێگە گیانی قورس بوو شل بووبەکوڵیەوەو لەبن دیوارێکدا دایناو خەڵکەکەش بەردەوام بەکوڵ‌و بارەوە هەڵدەهاتن‌و شاریان بەجێ دەهێشت...

مەحموود دەستی‌دا لەدڵی میرزا جووڵەی تێدانەبوو بۆی دەرکەوت گیانی لەدەستداوەو بردنی بۆنەخۆشخانە بێ‌کەڵکە...!

خەڵکی شار بەکۆمەڵ ڕەویان دەکردو شاریان بەجێدەهێشت... مەحموود دامابوو لەوەی چی لە جەستەی میرزا بکات، ئیرادەی کۆکردەوەو جارێکی‌تر میرزای خستە کوڵ‌و لەژێر بۆردومان‌و ناڵەی تەقینەوەی مووشەکەکاندا میرزای گەیاندەوە ماڵەوە، ئامینەو خانەوادەکەی میرزاش لەژێر زەمین هاتبوونە دەرەوەو بەهەڵەداوان هاتن بەرەو پیری‌و کەوتن بەسەر جەستەی میرزادا بەشیوەن‌و گریان...

مەحموود دامابوو لەنێوان ئەوحاڵەو قوتارکردنی خێزانەکەی‌داو بەپەلە هەر لەحەوشەی ماڵی میرزادا چاڵێکی هەڵکەندو میرزای بەجل‌و بەرگەوە تێکردو داپیۆشی، ماڵ‌ومندالی خۆشی‌و میرزاش لەترسا ڕەنگیان سپاردبوو، سوێی مەرگی میرزا بیروهۆشی داگرتبوون...!!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لەژێر ئەو بۆردومانەدا ڕێگەی عەنەبیان گرتە بەرو لەڕێ کۆمەڵ کۆمەڵ خەڵك شاریان بەجێ دەهێشت... ماڵی خەرامانیش لەسیروانەوە بەڕێکەوتبوون و لەوکاتەدا گەیشتنەوە بە مەحموودو ئەوان و ڕێگەیەکی نادیاریان گرتە بەر...! دیمەنی خەڵکی تراژیدیایەکی خەماویی نمایش دەکرد ، پیاوی وا هەبوو دایکی بەجێ دەهێشت... یامنداڵ دەگریاو خاوەنی نەبوو... یاخود ژن وپیاو بەبرینداری لەوناوە کەوتبوون کەس ئاوڕیشی نەدەدایەوە بەلایاندا...!

هەرچۆنێك بوو مەکینەیەکیان دەست کەوت و بەترس و لەرزەوە سواربوون لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لەخەڵکی ئاوارە، بەردەوامیش فڕۆکەکان مووشەکیان دەتەقاندو ئاسمانی شار لێڵ و تاریك دەبوو...!!

فڕۆکەکان بواریان نەدەدا بەخەڵکەکەو کۆمەڵێك دەهاتن و بارەکەیان خاڵی دەکردەوەو ڕاستەوخۆ دوای ئەوان کۆمەڵێکیتر دەهاتن، هەندێك لەو بۆمبانەش دەنگی نەدەهات جگە لەویزەیەك نەبێت!، حزبە کوردستانی‌یەکان لەگەڵ ئێرانیەکان ئاگاداری ئەوەبوون ئەو جۆرە بۆمبانە کیمیاوی‌یەو ماسکیان لەسەرکردبوو ، بەتەنها خەڵکی بێ‌نەوا بە بۆمبارانیان دەزانی‌و ئاگایان نەبوو بەسەر چەکی ڕەشبکوژی کیمیاوی‌یەوە...

لەمەراسمی ڕەوی مەرگدا مەحموودو هاوەڵانی بەردەوام بوون بەسواری مەکینەکەوەو لەناکاو مەکینەکە وەستاو بۆنی سێو هات بەسەر خەڵکەکەداو دوای چەند ساتێك قوڕگیان گیراو مەحموود هێزوتوانای جەم کردو باوەشی‌کرد بە ناسکداو بازێکی‌دایە خوارەوە لەمەکینەکەو لەوکاتەشدا یەکێك لەخەڵکەکە هاواری‌کرد :

ـ کیمیاوی‌یە... ! کیمیاوی ڕشت...!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئیتر دەنگیان کپ بوو ، چاویان زەق دەرپەڕیو هەناسەیان سواربوو، کەس نەیتوانی هەنگاوهەڵبگرێو لەباوەشی یەکتری‌دا گیانیان سپاردو رۆحیان دەرچوو...!!

مەحموودو خانەوادەکەی بوون بەجەستەیەك لەنێوان هەزاران جەستەی بێ‌رۆح دا. هەر تۆپەڵ تۆپەڵ لاشە لەملاولا بەمل‌و سەری یەکدا کەوتبوون... هیچ کەس جگە لەئێران‌و هاوپەیمانەکانی رەچاوی ئەوەیان نەکردبوو ڕژێمی بەعس دڕندەیی‌یەکەی بگاتە ئاستێك ئاوا گوێ‌نەدا بەمندالّو پیرو پەککەوتەو ئافرەت‌و گازی کوشندە بڕێژێت بەسەریاندا...!!

لەسەراوە تا دەری هەڵەبجەو ناوچەی کانی‌عاشقان‌و دەوروبەری شار کیمیاویی بەرکەوتبوو... شاری هەڵەبجە لەمێژووی پڕ مەینەتی پێشوودا هەرگیز بەلاّو نەهامەتی وانەهاتبوو بەسەریدا...ژێر زەمینی مالاّن پڕ لەجەستەی خەڵك بوو، لەدەروازەی شار تاسنوورەکانی دەوروبەرو چوارچێوەی بەلاشەی مردوو گیرابوو، کۆلاّنەکانی پیرمحەمەد بەڕیز خەڵکی لەملاولا کەوتبوون‌و ژیان لەشاردا ڕێچکەی بەستبوو ماڵئاوایی دەکرد، مەرگیش بالاّدەست بوو بەسەریانداو سۆزو بەزەیی بۆ خەڵکی بێ‌نەوا نەدەهاتە جۆش...!

دارودرەختەکان بەهێواشی دەلەرینەوەو مەلی ئاسمانیش بەرشالاّوی کیمیاوی دەکەوت‌و دەست لەملانی مەرگی ئاژەلّو گیانداراني هاوەڵی دەبوو...!

پیلانی صەدامو عەلی ئامۆزای بۆ تۆڵە سەندن لەشاری هەڵەبجە مەرگەساتێکی بێ‌وێنەی بەرپاکردبوو...! بەهەزاران جەستە وەك گەلاّی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دار هەڵوەرین و لەدیمەنی دڵتەزێنـدا بەسـەر زەویـدا بـەکۆڵیٚ تـرس و بیمـەوە چاویان لێك ناو شەکوای حاڵیان برد بۆ بارەگای پەروەردگاریان...!

ژیـان و بـوون لەهەڵەبجـە هـەڵگیراو مـردن و فـەوتان جێگـەیان گرتـەوە، ڕۆحـە پاکـەکان بـەرەو ئاسمـان ڕێگـەیان بەسـت...!شـاری دێـرین و نەشمیلەیان بۆ دواهەمین جار بەجێهێشت...! بزەی سەر لێو لەدەم وچاوی مردووانـدا بەدیـدەکراو حـاڵی پەرێـشانیان بـاس دەکـردو بـەدەم دواهەناسەوە لەباوەشی خاکی گەرمدا بێناز کەوتبوون...!!

پیلانگێـڕان لـەئاسمان و زەوی بەئاسـوودەیی دەسـووڕانەوەو باکیـان نـەبوو لـەو ڕۆحەپاکانـەی بـوون بـەقوربانی پیلانـی گلاٚویـان و خواسـتە نامرۆییەکانیان...!

بەدرێـژایی شـەوو ڕۆژێـك خـەڵکی لـەژێر بۆردومـانی چـەکی کیمیاویـدابوون و بەیـەکجار گۆڕەپـانی شـار بەدرێـژی و پـانی جەسـتەی منداڵ و ئافرەت و پیاوی ڕیش سپی و لاوو گشت گیاندارێکی تێدا پەرش و بلاٚوبووبوویەوە...!!

*     *     *

پـاش تێپـەڕ بـوونی دوو ڕۆژ بەسـەر تـاوانی بەعـسداو، ڕەواندنـەوەی کاریگـەری چـەکی کیمیـاوی ، نوێنـەری حزبـە کوردسـتانیەکان بـەئاگاهاتن و ماسکەکانیان داکەنـد... بـەنێو شـاردا تێـر تێـر سـووڕانەوە بـەیاوەری پاسـداران!، هێـشتا ئومێـدێکیان مـابوو بتـوانن حـوکمڕانی هەڵەبجەو ئەوناوچانە بگرنە دەست...بەلاٚم مەخابن سوپای پاسداران هـەر زوو هەڵس وکەوتـەکانی پـاوان کـردن و مۆڵـەتی هاتووچـۆی ئـازادی لیٚ زەوتکردن...! هەرچەندە کۆشان و بەندەکانی ڕێکەوتننامەی کرماشانیان



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بیرخستەوە بەلاّم بێسوود بوو... ئیتر ڕژێمی کۆماری ئیسلامی دەستی بەسەر شاری چۆلّو پڕ مردوودا گرتو بەشۆفلّ جەستەکانی کرد بە ژێر گلّەوە...! کارەساتەکە ئەوەندە گەورەبوو مرۆڤ لەخەویشدا شتی وەهای ببینیایە ئەواشێتو سەرگەردان دەبوو... کۆتایی هاتنی ڕۆلّی حزبە کوردی‌یەکانیش کۆستێکی گەورەبوو بۆ خاوەن ویژدانو کورد پەروەرانو هەیان بوو چەکیان فڕێدەداو نەفرەتیان دەکرد لەحزبایەتیو کلکایەتی بۆ ئێران...!

ئنجا کۆماری ئیسلامی ئێران شتومەکی ئەو خەلّکەی گواستەوە بەرەو ئێرانو وەك غەنیمەو دەستکەوتی جەنگ مامەلّەی لەگەلّدا کرد...!

ئەوانەشی ئاوارەی ئێران بوون بێکوژراوو قوربانی نەبوونو چەندین رووداوو چیرۆکی دلّتەزێن هات بەسەریانداو سەرلەنوێ بەرەو ئەلّقەیەکی نوێی مەرگێکی بێکۆتا هەنگاویان هەلّگرت...!!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com